بنچینەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:

خودناسی وبونەوەرناسی دەرگای جیهانبینی گەڕانەوەن بۆبەهەشتی هەمیشەیی .



نوسینی :موحەممەد عەزیز لۆتەری

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەم کتێبە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ناخی مرۆڤایەتی:

پەروەردە پەیوەندی بەگەوهەروکرۆکی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ بەپەروەردە لە ئاژەڵان جیابۆتەوە، پەروەردە لەتایبەتمەندیەکانی زانست و عەقڵ وهۆشە کە زانست وعەقڵ وهۆشێش تاجی ئادەمیزادەوبەوهۆیەوە فریشتەکان کڕنوشیان بۆ باوکمان ئادەم برد چونکە لەوان زاناو عاقڵ تربوو،جاکە ئەو زانینە باوکمانی لە مەلەکوتی باڵاکردە بونەوەرێکی ناوازەو هەڵبژاردە، وەهەرهەمان عەقڵ وز انایی بوو کەلەسەرزەویش بەدرێژ ایی هەزاران ساڵ بەرگی شەرم وشکۆو سەرداری وڕەوشت بەرزی لەسەرزەوی بەبەر مرۆڤدا کرد، ئالێرەدا پەروەردە هەمیشە ئادەمیزادێتی مرۆڤ نوێ دەکاتەوەو هەڵبژاردەیەکەی دەمزەرد دەکاتەوەومەبەست وبنەماکانی مرۆڤ بوونی بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە، چونکە یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئادەمیزادی زاناوعاقڵ پەروەردەیە کەمرۆڤ لەبونەوەرانی ترجیادەکاتەوە.

پەروەردە دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ ویستی گۆڕانکاری وشیانی بەرەوپێش چونی هەیە، کەو اتە مرۆڤی پەروەردە نەکراو بێ ویست ودەستەوستانە، چونکەنەزانە،نەزانیش بێ دەسەلاتە،نەزانی لایەنی ئاژەڵی لەمرۆڤدا پێشدەخا وبەرەوبەدکاری دەبا،بەڵام زانست لایەنی پەروەردەی کامڵ بوون دەردەخا، یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ،ئەوەیە کە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵ بوەکانیش پێویستیان بە لەگەڵ یەک هەڵکردنە، ئەمەش پێویستی بەپەروەردەیە، کەو اتە هەم زانست وهەم کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ خوازیاری ئەوەن کەمرۆڤ پەروەردەکراوبێ، بونەوەرە کۆمەڵایەتیەکە هەمیشە نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری لە ژیانیداهەیە، لەبیروهۆشیدا، لە تێڕو انین و هەڵس وکەوتیدا، لەهۆکاروشێوەی ژیانیدا بەهۆی پەروەردەوە، بەهۆی ڕۆشنبیری وفێربوونەوە نوێ دەبێتەوە ، کەو اتە مرۆڤ بونەوەرێکی پەروەردەکراوی کاراوکۆمەڵایەتیە ، گونجاوەلەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی .

{ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ

أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ }

[سُورَةُ فُصِّلَتۡ: ٥٣]

واتە:

ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێننەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەرداو لە خودی خۆیشیاندا ، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە تەنها ئەو پەروەردگارە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیە کە بێگومان هەرتەنها ئەو ئاگادار و زانایە بهسەر هەموو شتێکدا ؟!

پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- **بەو پێشەنگ و پەروەردەکارە ماندووانەی کە لە هێلانەی خانەوادە و خێزاندا، تۆوی خۆشەویستی و ئیمان و متمانەیان لە ناو دڵماندا چاند و بە ئاوی میهرەبانی ئاویان دا؛ ئەوانەی فێریان کردم کە مرۆڤ بە ڕەوشتەکانی دەژی، نەک بە ساڵەکانی تەمەنی.**
- **بە هەموو ئەو مامۆستا و ڕابەرانەی پێنووسەکەیان چرای ڕێگای تاریکمان بوو؛ نوسین و گوفتار و کردارەکانیان ناخی وروژاندین، فرمێسکی لە چاو هێناین، هزر و بیری هۆشیار کردینەوە و دڵ و دەروونی ڕاچڵەکاندین.**
- **بە هەموو ئەو کەسانەی وەک "سەربازی ون" لە پشت پەردەی پەروەردەوە وەستاون، تا مرۆڤێکی "خۆناس" و "ڕۆشنبیر" پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن؛ ئەو تێکۆشەرانەی دەزانن کەسایەتیی مرۆڤ لە زێڕ و دراو گرانبەهاترە و پاراستنی لە هەموو قەڵایەک پێویستترە.**
- **بەو ڕۆحە تینووانەی تێگەیشتوون کە "گۆڕینی جیهان" لە "خۆناسی"یەوە دەست پێ دەکات؛ بەو دایک و باوکانەی لە ناو ماڵەکانیاندا، خەریکی نەخشاندنی دواڕۆژی نەتەوەیەکن.**

- بەو گەنجانەی لە ناو تەمومژی گوماندا، بە دوای تیشکی ڕاستیدا دەگەڕێن؛ بەو بونەوەرە بێدەنگانەی لە ناو دەروونی هەر یەکێکماندا دەژین و چاوەڕێی دەرفەتێکن تا بگەشێنەوە؛ ئەوانەی بڕیاریان داوە چیتر "پاشکۆ" نەبن و ببنە پێشەنگ.

ئەم لاپەڕانە بنچینەن بۆ هەمووتان، تا لە لوتکەی ڕۆشنبیریدا خۆتان بدۆزنەوە، ببنە بنچینەیەک بۆ شکۆ و منارەیەک بۆ ڕاستی.

پێڕستی بابەتەکان:

ناوی بابەت	ژمارەی لاپەڕە
_____	

ئایەت	
پێشکەشکردن	
پێڕستی بابەتەکان:	
پێشەکی:	
چەند ناسنامەو پێناسەیەک بۆ پەروەردەو فێرکردن وڕۆشنبیری.یەکەی یەکەم:	
چەمکی پەروەردە لەڕووی زمانەو انی: **یەکەم: پێناسەی چەمکەکان لەڕووی زمانەو انیەوە:** **ا-پەروەردە لە ڕووی زمانەو انیەوە:** **لێکدانەوەی ووشەی پەروەردە لە زمانەو انی عەرەبیدا:** **لێکدانەوەی ووشەی پەروەردە لە زمانەو انی کوردیدا:** **لیکدانەوەی وشەی پەروە ردە لە زمانی ئینگلیزیدا :** **پێناسەی زاراوەیی پەروەردە:** **پێناسەی پەروەردە لای ئەفلاتون** **- پێناسەی پەروەردە لای ئەرستۆ** **- پەروەردە لای ئیبن سینا** **- پێناسەی پەروەردە لای غەزالی** **پەروەردە لای ژان ژاک ڕۆسۆ** **پێناسەی پەروەردە لای هیگڵ** **پەروەردە لای رفاعە تەهتاوی** **پەروەردە لای هربرت سبنسەر** **پەروەردە لای ساتع حوسەری** **-پێناسەی پەروەردە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەی نێودەوڵەتی(یونیسێف) ساڵی 1998:** **چەند پێناسەیەک بۆ فێرکردن:** **و اتای زمانەو انی ڕۆشنبیری:** **و اتای زاراوەیی ڕۆشنبیری:**	

ڕۆشنبیری لای تایلۆر - پێناسەکانی ڕۆشنبیری لای سایپر: چەمکی ڕۆشنبیری ئیسلامی پێناسەی فەلسەفەی پەروەردە : فەلسەفەی پەروەردە لە یۆنانی کۆن : هەندێک لە پێناسەکانی فەلسەفەی پەروەردە : ڕو انگەیەکی مێژوویی بۆ پەروەردە: یەکەم :پەروەردەوفێرکردن لای شارستانیە دێرینەکان. ا-هزری پەروەردە لە عیراق و میسری کۆن. - ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە عیراق کۆن : ڕەوشی پەروەردەوفێرکردن لەمیسری کۆن : ب-هزری پەروەردە لای شارستانی هند وچین: -ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی کۆنی هندستان: ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە چینی کون : لیستی ژێدەرو سەرچاوەکانی یەکەی یەکەم :	
یەکەی دووەم : جیاکەرەوەو تایبەتمەندیەکان وچەشنەکانی پەروەردەوفێرکردن وڕۆشنبیری.	
جیاکەرەوەو تایبەتمەندیەکانی زانستی پەروەردە: تایبەتمەندیەکانی پەروەردەی ئیسلامی: جۆرەکانی پەروەردەلەئیسلامدا: تایبەتمەندیەکانی فێرکردن: جۆرەکانی فێرکردن: تایبەتمەندیەکانی ڕۆشنبیری: چەشنەکانی ڕۆشنبیری:	

Digital & Online پەروەردەی دیجیتاڵ و ئۆنلاین (Education) ١. پێناسە: ٢. تایبەتمەندییەکانی: ٣-ئەو بارودۆخانەی کۆمەڵگا ناچاردەکەن پەنای بۆ بەرن: ٤. مەترسییەکان سەرچاوەو ژێدەرەکانی یەکەی دووەم:	
یەکەی سێیەم : فەلسەفەی خۆدۆزینەوەی تایبەتمەندیەکانی منالّ لەهاوکێشەکانی ئاوێنەی دیاردە سروشتیەکاندا .	
پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منالّی تاقۆناغی نەوجەوانان. لە بێشکەوە بۆ بورکان: گەشتێک بەناو ئەرشیفی دەروونی و وێستگەکانی متمانەدا. قۆناغی یەکەم: ئەرشیفی ساوا؛ خوێندنەوەی زمانی بێدەنگی ڕەنگ و دەنگەکان. قۆناغی یەکەی پێنجەم: دۆزینەوەی گەوهەری ناوەکی ستراتیژییەکانی ناسینەوە و گەشەپێدانی منداڵ و نەوجەوانی بەهرەمەند سەرەتاکانی پەروەردەوفێرکردن: پیتەکان پردی گەڕانەوەن بۆ جاویدانی کە سایەتی ڕۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەکەیان: سەرچاوەو ژێدەرەکانی یەکەیسێیەم	
یەکەی چوارەم :	

چۆن "ئەرشیفکردنی ئامێری دیجیتاڵی بکەینە کەشتی نوح بۆ ڕوحی هەرزەکاران ولەمەترسی گێژاوی دیجیتاڵ ڕزگاریان کەین ؟	
قۆناغی ناوەندی و هەرزەکاری: مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ڕۆح ولاشە ودەروونی هەرزەکار:چۆن بە بەپەروەردە کەناری ئارامی ڕۆح بۆهەرزەکاردابین بکرێ؟ هەرزەکاری لە نێوان زریانی دیجیتاڵ وگەڕان بەدوای - کەسایەتییەکی سەربەخۆدا." - یاریە ئەلیکترۆنییەکان: ئاگرێک لە پشت دووکەڵی تێرۆرەوە." سەفەری پێچەوانە: مرۆڤ وەک بەردەبازێک لە داهاتووەوە - بۆڕابردوو." خواهیشت وحەزو خولیاکان لە نیوان پالنەرو پالنراودا: دەوڵەتی ئیسلامی لەپەرستگاوەدەستی پێکرد بۆیە گشت جیهانی کردە پەرستگا : گۆڕانکاری بەردەوام:نهێنی بەردەوام بوونی بونەوەروپێک هاتەکانە. نەخشەی دەرونی کۆمەڵگاکان: - نەخشەی دەرونی کۆمەڵگاکان: لە نێوان چەقبەستوویی - ڕۆتین و داینەمۆی گۆڕاندا." پۆلێن کردنی کۆمەڵگالەڕێ ی هەستەکانەوە: هەلویستەیەکی بە خۆداچونەوەی پیرە مێردێك: ئەم خشتەیە دەبێتە کورتەیەک بۆ مامۆستایان تا بە چاوخشاندنێک ئاستی قوتابی بناسن:	
یەکەی پێنجەم: دۆزینەوەی گەوهەری ناوەکی ستراتیژییەکانی ناسینەوە و گەشەپێدانی منداڵ و نەوجەوانی بەهرەمەند	

پێشەکی: مرۆڤ لە نێوان "مەتن" و "پەراوێز"دا پێناسەی بەهرەمەندی و داهێنان جۆرەکانی بەهرە: ستراتیژییەکانی پەرەدان بە بەهرەکان: هاوکێشەی زانستیی بەهرەمەندی ئامانجی بەڕێوەبردنی بەهرەکان: پردی نێوان تاک و کۆمەڵگا :(Expressionهونەری گوزارشت (ئیستبیانی سااڵنەی خوێندکار: پرۆژەی ئەرشیفی نیشتمانیی بەهرەکانی خوێندکار ڕێبەری ئیستیبیانی سااڵنە و دیاریکردنی چارەنووسی پیشەیی (قۆناغی باخچە تا پۆلی نۆ) کێڵگەکانی پرسیار و هەڵسەنگاندن (نموونەیەک لە باخچەی ساو ایان) تێپەڕین بەرەو قۆناغی سەرەتایی و گەورەبوون شیکردنەوەی ئەنجامەکان و بڕیاردا ڕێبەری دۆزینەوەی ئارەزووەکان و دیاریکردنی چارەنووسی خوێندکار پۆلێنکردنی ئارەزووەکان بۆ ٨ تەوەری سەرەکی چۆن بەهرەکان بناسینەوە؟ (ڕێگاکانی تاقیکردنەوە) نەخشەی ئاراستەکردنی ئەکادیمی (لە قوتابخانەوە بۆ زانکۆ) بڕیارە چارەنووسسازەکە دەرچاوەکانی ئەم یەکە :	
یەکەی شەشەم: ئیسلام وەک پەیامی ڕەوشت و ئاشتی گەردونی	

تەوەرەی یەکەم: فەلسەفەی بانگەواز لە قورئاندا تەوەرەی دووەم: مەبەستە باڵاکانی شەریعەت (مقاصد الشریعة) تەوەرەی سێیەم: پێگەی ڕەوشت لە ئیسلامدا تەوەرەی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی بیرمەندی ئیسلامی تەوەرەی پێنجەم: ڕەوشت و ئاداب لە ١٠٠ پرسیار و وەڵامدا (کورتە) ١. ئاداب لەگەڵ خودا و پیرۆزییەکان: ٢. ئادابە کۆمەڵایەتییەکان: ٣. ئادابی ڕۆژانە (خواردن، خەوتن، پاکوخاوێنی): تەوەرەی شەشەم: ئیسلام و مافی کەمینەکان و لاوازەکان ڕەوشت وئاکاری منداڵی مسوڵما ن لە سەد پرسیارو وڵامدا. گشتگیری ئیسلام خۆی لەناوەندگیری ومیانڕەوی پێناسەی ڕەوشت وئەخلاق لە ئیسلامدا: بیروباوەڕی ئیسلامی : -پەرستشەکان: ئادابە گشتییەکان و ڕەوشتی مامەڵەکردن : خشتەی پوختەی ئامانجەکانی ئەم یەکەیە: تەوەری سەرەکی ئامانجی پەروەردەیی سەلامکردن بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و دڵپاکی لە ناو خەڵکدا. ڕێزگرتن پاراستنی شکۆی گەورەکان و مامۆستایان وەک نموونەی باڵا. هاوڕێیەتی هەڵبژاردنی هاوڕێی باش بۆ پاراستنی دین و ڕەوشت. بەرپرسیارێتی پابەندبوون بە یاساکانی هاتووچۆ و پاراستنی ژینگەی گشتی. ئادابی میوانداری	

بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جێبەجێکردنی سونەت.	
یەکەی حەوتەم : فەرهەنگی ڕەوشت و بنیاتنانی کەسایەتی : بنیاتنانی کەسایەتی و متمانە بەخۆبوون	
فەلسەفەی ئەخلاق: ناسینی خەسڵەتە بەرزەکان (ڕاستگۆیی، دەستپاکی، داوێنپاکی، ئازایەتی) و دوورکەوتنەوە لە دژەکانیان. پەروەردەی هزری و دەروونی: تێگەیشتن لە چەمکی جێنشینی مرۆڤ، خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ، و گەشبینی وەک کلیلی سەرکەوتن. قۆناغی هەرزەکاری و گەشەی مرۆیی: ڕێگاکانی دروستکردنی متمانە بەخۆبوون و ڕۆڵی خێزان لە گۆڕینی ترس بۆ بوێری. پۆلێنکردنی خەسڵەتەکان وەک نەخشەی ڕێگا: خەسڵەتە ئەرێنییەکان (پێویستە هەبن) خەسڵەتە نەرێنییەکان (پێویستە لێیان دووربین) ڕاستگۆیی و دەستپاکی درۆزنی و خیانەت شەرم بەخۆبوون و داوێنپاکی بێ شەرمی و زمانپیسی دادوەری و مەردایەتی ستەمکاری و نامەردی نەرمونیانی و لێبوردەیی توندوتیژی و ڕقنەبوون گەشبینی و متمانە بەخۆبوون ڕەشبینی و پاشکۆیی ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ منداڵ و هەرزەکار:	

عەقڵ وبیرێکی ساغ لاشەو جەستەیەکی تەندروست بەرهەم دێنێ. ڕوحێکی پڕ لە ئیمان کۆمەڵگایەکی میهرەبان بنیات دەنێ هەرچاوەکانی یەکەی حەوتەم :	
یەکەی هەشتەم : چۆنێتی پەروەردەوفێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.	
گرنگترین جۆرەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت: 1- ئۆتیزم- التوحّد: 2- نەخۆشی متلازمة داون: 3- نەخۆشی پەککەوتەی لاشەیی و جۆرەکانی: شێوازەکانی پەروەردەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەگشتی: زاراوەهاوماناکانی پێداویستی تایبەت: پاشکەوتنی عەقڵی التخلف العقلي،نەخۆشی عەقڵی- والمرض العقلي: سەرچاوەکانی یەکەی هەشتەم :	
یەکەی نۆیەم : هێڵە گشتیەکانی خودناسی:	
ڕێخۆشکردن: ناسینی لاشەو دەروونی باوک ودایکی ئادەمیزاد. ئاسمان و بارگرانیی مەعریفە: ئێمە بۆچی لە ژیانی ئەبدی بەهەشت دەرکراین؟ کەفارەتی گەرانەوە بۆ ئەبەدیەت لەناوهەموو ئاین و ژیارو ڕۆشنبیریەکانی مرۆڤایەتیدا: گەشتی ئیبراهیمی؛ لەئوری ئەستێرەوە بۆ فاطری مەککە - ئەفسانەی "کەوتنەناوئاودەستی زەوی " لای ئێزدییەکان و زیندانی جەستە.	

بازدانێک لەداهاتووەوە بۆ ڕابردوو گەشتێک بە کاتدا : پێگەی مرۆڤ لە کرداری خود ناسیندا: ١. بەردەبازی ژیان: سەمای فریودەر: ٢. جیاوازیی وابەستەیی: ئەزموونی دەربازبوونی ڕوح ٣. ستەمی گەورە: سەرکوتکردنی ڕوح نکۆڵیکردن لە ڕوح - زانایی ئادەم و ئەمانەتی ستەمکارانە: -دین وپەیام وشەرعەکان ڕوحی یاساو ڕێساونەریتەکانن: ٤. سزای خۆزگە و خەون: دۆزەخی بێ ڕوحی: مرۆڤ وەک کاڵایەکی "دەواجن: ئەمە هاوکێشەیەکە بۆ هەموو گەردوون: ئەگەر دەفرەکە بە "گوڵاو" (مەعریفە و ڕوحناسی) پڕ نەکەین، خۆی بە "غازی ژەهراوی" (پشێوی، ڕق، تیرۆر و بێکاری) پڕ دەبێت. لە "دەواجن"ی مادییەوە بەرەو "ئیشراقی" ڕوحی: نەخشەی ڕزگاریە: :ئەرشیفکردنی مەعریفە: وەک ئەرکێکی گەردوونی مێژووی ماددیی مرۆڤ (٢٠ جۆگەی گۆڕان) نهێنی زەبەلاحی لاشە لە قیامەتداکەڵەکەبوونی خانەوەریوەکانی ئەم جیهانەیە لەلاشە: ئەم ژیانە مەشقێکە بۆ بەیەکگەیشتنی ئەبەدیی ماددە و ڕوح. -ڕوح ناسی و عیبادەت ناسی وابەستەن بە ناسینی پەیامبەری خاتەم علیه الصلاة والسلام. کەی محمدصلی الله علیه وسلم بۆتە پەیام بەر?!: حەقیقەتی محەمەدی: یەکەمین عابید و نەخشەی قورئانی:	
یەکەی دەیەم : خۆناسی ڕاستەقینە توانەوەیە لەئاوێنەی سەرمەشقناسیدا:	
کاتێ دەڵێ اشهد ان محمد رسول الله واته محمد تاکەڕابەرمانە بۆ گەڕانەوە ناو ژیانی ئەبەدی .	

وێنەوقۆناغەکانی دارالاسلام لەژیانی سەرمەشقەکەیدا علیه السلام بەم قۆناغانەداتێپەڕیووە: هۆگشتیەکانی ژیانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم: بنەماشەرعی وياساييەکانی جيهانبينی پەيامبەر ﷺ بۆبنیاتنانی کۆمەڵگاوسەروەری دەوڵەتی داد "لە ئەشکەوتی حراوە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان: ستراتیژی قۆناغی پەیامبەر ﷺ بۆ بنیاتنانی ئوممەت" دارالإسلام لەنێوان وەحی و واقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی" چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕ بۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەر ﷺ" "لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەر ﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا" قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەر ﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا موحممەد ﷺ هەم بە ڕووح وهەم بە ٢٣ساڵی پێغەمبەرایەتی نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە بەهەموو ژیاروشارستانی وپێک هاتەکانی.. ⚖ کەلام وکەلیمە ی خوا لە نێوان حەقیقەتی ئەزەلی و دەربڕینی مرۆیی نەخشەی ململانێ فیکرییەکان : -چیرۆک وڕوداوە مێژوویەکانی قورئان: داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەوڕات وقورئان وفەرمودەدا: - ئایاقورئان بەپێی عەقڵ وزانستی عەرەب ڕاستیەکانی بۆباس کردوون؟.: خزمایەتی جنۆکە ومیکرۆب وڤایرۆسەکان: - قورئان وسفری تەکوین وچاخە جیۆلۆجیەکان: ١-هەڵێنجانی هێڵە گشتیەکانی ڕێنیسانس بۆچی دەیانەوێ قودسیەت لە دەقەکان داڕنن؟؟: وەرنەگێڕانی هێشتنەوەی کەلیمەی الله وەک خۆی لەناوهەموو میللەتان گرێنتی تەوحید و یەکیەتی ڕوحانیەتی مرۆڤایەتیە:	

خولیای محمد ئارگۆن لەنێوان وێڵی بۆحەق و تۆمەتی زندیق بووندا: شک وگومان دینەمۆی جوڵێنەرن: دینەکان قۆناغەکانی پەروەردەکردننی مرۆڤایەتین بۆ خوێندنی باڵا: هەردوو خەلیل ئیبراهیم ومحمد کێ بەرکێ یانە لەسەر شەک (نحن احق بالشک من ابراهیم) لەسەرباڵی تاریکەشەوی گومانەکان گەشتی دۆزینەوەی حەق دەستی پێ کرد. ژیارودین وفەلسەفەکان بە قوڵنگی گومانەکان ئاسۆی مەعروف وناسراوەکانیان فراوان کردو زۆر مەعروفی نوێ یان لە ناخی مونکرو نەناسراو دەرهێناو کردیانە معروف وناسراو. کەی ژیاری نوێ بناغەی لەسەر ژیاری بەئەفسانەکراوی پێش خۆی دادەنێ ؟؟ کەی قورئان بووە تێکست؟: ئایا زمانی دینی و زمانی دوورلەدین بونیان هەیە؟ بونەوەرە ئەزەلیەکە بریتیەلە سێ کوچکەی: ڕوح ،قسەکردن، عەقڵ وئاوەز کەئاگری گۆڕانکاریە لەمرۆڤدا: سەرچاوەکانی یەکەی دەیەم	

—

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پێشەکی:

ئەم کتێبە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ناخی مرۆڤایەتی:

ئەم توێژینەوە گەشتێک بۆ ناوەوە.. بەرەو لووتکەی مرۆڤبوون

ئایا تا ئێستا لە خۆتت پرسیوە: من کێم؟

ئەم پرسیارە سادەیە، تەنها سەرەتایەک نییە بۆ ناسینی ناو و ناسنامە، بەڵکو کلیلێکی زێڕینە بۆ کردنەوەی ئەو دەرگا داخراو انەی کە مرۆڤ لە "بوونەوەرێکی ئاسایی"یەوە دەگۆڕن بۆ "مرۆڤێکی بونیاتنەر".

کتێبی (بنچینەی پێگەیاندنی خۆناس و ڕۆشنبیر) تەنها کۆمەڵە زانیاریەک نییە کە لەسەر کاغەز ڕیز کرابن، بەڵکو نەخشەی ڕێگایەکە بۆ هەرکەسێک کە دەیەوێت لە ژاوەژاوی جیهانی مۆدێرندا، دەنگی ڕاستەقینەی ویژدانی خۆی ببیستێتەوە. ئەم بەرهەمە پردێکە لە نێوان ڕەسەنایەتی ڕابردوو و پێویستییەکانی داهاتوو؛ نێوان فەلسەفەی ئیمان و زانستی دەروونناسی.

بۆچی ئەم کتێبە؟

چونکە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە "پاشکۆیی" و "ونبوون" بووەتە دیاردە. ئەم کتێبە لێرەیە تا پێت بڵێت:

خۆناسی، یەکەم هەنگاوی خوداناسییە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ڕۆشنبیری، تەنها خوێندنەوەی کتێب نییە، بەڵکو گۆڕینی ڕەوشت و کردەوەیە.

متمانە بەخۆبوون، ئەو چەکەیە کە هیچ گەردەلوولێکی ژیان ناتو انێت تێکی بشکێنێت.

لەم گەشتە فرە وێستگەیەدا چەندین پرسیاردەوروژێن و زۆروەڵامی مرواری ئاسا پێکەوە فێردەبین چۆن:

زمانمان لە جنێو و ناپاکی پاک بکەینەوە و بیکەینە گوڵزاری ڕاستگۆیی.

دەروونمان لە ترسی هەڵە کردن ڕزگاربکەین و فێری "دووبارە هەستانەوە" ببین.

هزرمان تەیاربکەین بەو بنەمانەی کە خودا و پێغەمبەر ﷺ بۆ مرۆڤێکی جێنشین و سەرکەوتوو دیاریبیان کردووە.

ئەم کتێبە بۆ ئەو گەنجانەیە کە نایانەوێت تەنها "ژمارە" بن، بۆ ئەو دایک و باوکانەیە کە دەیانەوێت "دارستانی بەهرە" لە ناو منداڵەکانیاندا بچێنن، و بۆ هەر مرۆڤێکە کە تێگەیشتووە گەورەترین شۆڕش، شۆڕشی چاکسازیی دەروونە.

فەرموون.. دەرگای خۆناسی واڵایە، با پێکەوە بەرەو ڕووناکی هەنگاو بنێین.

ئەم توێژینەوە هەڵسەنگاندنێک بۆ ناخی مرۆڤایەتی:

پەروەردە پەیوەندی بەگەوهەروکرۆکی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ بەپەروەردەوەوڵە ئاژەڵان جیابۆتەوە، پەروەردە لەتایبەتمەندیەکانی زانست و عەقڵ وهۆشە کە زانست وعەقڵ وهۆشێش تاجی ئادەمیزادەوبەوهۆیەوە فریشتەکان کڕنوشیان بۆ باوکمان ئادەم برد چونکە لەوان زاناو عاقڵ تربوو،جاکە ئەوز انینە باوکمانی لە مەلەکوتی باڵاکردە بونەوەرێکی ناوازەو هەڵبژاردە، وەهەرهەمان عەقڵ وز انایی بوو کەلەسەرزەویش بەدرێژ ایی هەزاران ساڵ بەرگی شەرم وشکۆو سەرداری وڕەوشت بەرزی لەسەرزەوی لەبەرکرد، ئالێرەدا پەروەردە هەمیشە ئادەمیزادێتی مرۆڤ نوێ دەکاتەوەو هەڵبژاردەیەکەی دەمزەرد

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دەکاتەوەومەبەست وبنەماکانی مرۆڤ بوونی بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە، چونکە یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئادەمیزادی زاناوعاقڵ پەروەردەیە کەمرۆڤ لەبونەوەرانی ترجیادەکاتەوە.

پەروەردە دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ ویستی گۆڕانکاری وشیانی بەرەوپێش چونی هەیە، کەواتە مرۆڤی پەروەردە نەکراوبێ ویست ودەستەوستانە،چونکەنەزانە،نەزانیش بێ دەسەڵاتە،نەزانی لایەنی ئاژەڵی لەمرۆڤدا پێشدەخا وبەرەوبەدکاری دەبا،بەڵام زانست لایەنی پەروەردەی کامڵ بوون دەردەخا.

یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ،ئەوەیە کە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵ بوەکانیش پێویستیان بە لەگەڵ یەک هەڵکردنە،ئەمەش پێویستی بەپەروەردەیە، کەواتە هەم زانست وهەم کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ خوازیاری ئەوەن کەمرۆڤ پەروەردەکراوبێ.

بونەوەرە کۆمەڵایەتیەکە هەمیشە نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری لە ژیانیداهەیە، لەبیروهۆشیدا، لە تێڕو انین و هەڵس وکەوتیدا، لەهۆکاروشێوەی ژیانیدا بەهۆی پەروەردەوە، بەهۆی ڕۆشنبیری وفێربوونەوە نوێ دەبێتەوە .

کەواتە مرۆڤ بونەوەرێکی پەروەردەکراوی کاراوکۆمەڵایەتیە ، گونجاوەلەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی .

لە جیهانێکدا کە مرۆڤ تێیدا بووەتە ئامرازو پەروەردە تەنها کورتکراوەتەوە لە کۆنمرە و بڕو انامەدا، ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکی جیاوازبۆگەڕانەوە بۆ "فیترەت" و "ئەسڵ" دێتە کایەوە. "خودناسی و بونەوەرناسی" تەنها ناونیشانی کتێبێک نین، بەڵکو دوو کلیلن بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایانەی کە مرۆڤ بە مەلەکوتی جاویدانی دەبەستنەوە.

بایەخ و گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم کارە لەوەدایە کە "پەروەردە" لە قاڵبە تەقلیدییەکەی دەردێنێت. ئێمە لێرەدا باس لە تەنها فێربوونی پیت و وشە ناکەین، بەڵکو باس لە "زمان وەک ئەرشیفێکی لاهووتی" و "بونەوەروەک پەرستگایەکی گەورە" دەکەین. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بسەلمێنێت کە پەروەردەکارتا "خۆناس" نەبێت، ناتوانێت نەوەیەکی "ڕۆشنبیر" و "عەبدێکی پڕئیمان" پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات.

میتۆدی کارکردن (پەیژەی حەقیقەت)

کاردەکات؛ لە بنەما سەرەتاییەکانی پەروەردەی منداڵ (Ascendingئەم پڕۆژەیە بە میتۆدێکی هەڵکشاو(و نەوجەو انانەوە دەست پێ دەکات (وەک لە پێنج یەکەی یەکەمدا هاتووە)، تا دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە کە "یەکەی شەشەم: هێڵە گشتییەکانی خودناسی"یە. لێرەدا فیزیا و میتافیزیا، ژیری و وەحی، و زانست و لاهووت ئاوێتە دەبن بۆ دروستکردنی "ڤاکسینێکی فیکری" کە مرۆڤ لە تووندڕەوی و چەقبەستوویی دەپارێزێت.

پەیامی توێژەر

ئەم نووسراوە بانگهێشتنامەیەکە بۆ هەموو پەروەردەکارێک، دایک و باوکێک، و هەرگەڕیدەیەکی حەقیقەت، تا سەیری ئیجتهادە بەهەڵەچوەکانیش وەک عیبادەت و سەیری "پێغەمبەران" وەک مامۆستایانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی مرۆڤایەتی بکات. ئامانجی کۆتایی ئێمە ئەوەیە کە بسەلمێنین: مرۆڤبوونمان بەستراوەتەوە بە ڕادەی پەروەردەبوونی ڕوحمان، چونکە پەروەردە تاکە میعراجە کە مرۆڤ لە ئاستی "بەهیمەیی" بەرەو "کاملبوون" بەرز دەکاتەوە.

پرسە هەرە گرنگەکانی توێژینەوەکە :

ئەم نوسراوە دەیەوێ ئەم بنەمایانە بسەلمێنێ:

١-مرۆڤ بەوەلە بونەوەری ترجیادەبێتەوە کە تو انای وەرگرتنی پەروەردەوگۆڕانی تێداهەیە.

٢-مرۆڤ کەسێکە عەقڵی هەیە و زانست کەڵەکەدەکاو بەزگماک دینداڕەوبۆ عبادەتکردن دروستکراوە،عبادەت=دینداری=ئیمانداری=هۆشمەندی وعەقڵداری=پەروەردەکراوی و میعراجی ڕوحی .

٣-بەستنەوەی بواری پسپۆڕی بەخولیاوئارەزووی مرۆڤ بنەمایەکی زگماکی وفتریەو بەستنەوەی ئەو بوارەبەکۆنمرە دژایەتیکردنە لەگەڵ فیترەت.

٤-پەروەردەو ڕۆشنبیری ودەرونزانی وخۆناسی چەند چەمکێکی تەواوکاری یەکترن لە پێناسەو پێک هاتەوبەرهەم ودەرەنجامیاندا.

٥-هەرچەمک وبواڕێکت پێناسەکرد دەبێ چەند جیاکەرەوەی ئەوبواڕە لەگەڵ بواڕە جیرانەکانی وچەندخاڵێکی هاوبەشیش لەنێوان ئەوبوارانەت لاگەڵاڵە بێ.

٦-مرۆڤ تاکە بونەوەرە کە تو انای بەئەرشیف کردنی پێز انین ویادەوەریەکانی لەناومێشک وکتێب ومۆزەخانەداهەیەچونکە ئەوئەرشیفە سەکۆی دین وعەقڵ وپەروەردەیە وسەرمایەو قەڵای پاراستنی شکۆی مرۆڤ بونیەتی .

٧-پەیمان وەرگیران لە مرۆڤەکان لەقۆناغی ڕوحیانەت وپێش ئاوێتەبوونی جەستە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەزگماک وفیترەت ئیماندارێ، کەو اتە پێش ئەرشیفی مێشک ئەرشیفێکی ڕوحی لە لەوحی مەحفوزو لەمەلەکوتی ڕوح داهەبووە.

٨-زۆرێک لەدیاردەکانی کەسایەتی لەترسنۆکی، شەرمنی،ئازایی،بوێری، زیرەکی،تەمبەڵی وزۆردیاردەی دیکەش... کۆمەڵگاودایک وباوک لە قۆناغی یەک تاسێ ساڵان لەناوەرونی منداڵدا دەیچێنن وهەموو پەروەردەی دنیاهەڵەی ئەوقۆناغەی بۆڕاست نابێتەوە.

٩-بەستنەوەی هێماکانی فێربوون وپەروەردە وپیت و وشە بە بابەتەڕوحانیەکان ودینیەکان تەمەنی فێربوون درێژدەکاتەوەبۆ هەزاران ساڵ و لەم جیهانەی دابەند ناکا وئەرشیفی ڕوحی لەوح لەگەڵ ئەرشیفی مێشک وکرۆمۆسۆم وئەرشیفی مۆزەخانەو مێژوو لەگەڵ جیهانی مەلەکوت لێکدەدا.

١٠-پۆلێنکردنە کۆمەڵایەتیەکان ومێژوویەکان ودینیەکان والە پەروەردەکاردەکەن چاکترتاکەکانی ناوکۆمەڵگا بناسێ وئەوناسینەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست ئاڕاستەیان بکا.

١١-ئاڕاستەکردنی دروست=پەروەردەی کارا=زوو دۆزینەوەی بەهرەکان وبەهرەمەندان وپەرەپێدانیان و هەڵکشان بەرەو پلەیەکی باڵای ڕوحی وحەو انەوەی دەروونی.

١٢-ئەزمون وتاقیکردنەوەو ڕاهێنان ومەشق بۆناسین ودۆزینەوەی ئاڕاستەو خولیای قوتابیان لەدوای پۆلی نۆو دانانیان لەوبوارەی ئارەزویانە کرداری پەروەردەزۆر خێر اترەدەکا.

خۆناسی،خولیاناسی یەکی دروست ،دەرونێکی ساغ و تاک وخێزان وهاوڵاتیەکی دەرون ولاشە دروست وڕۆشنبیرێکی بەرچاوڕوون وعابدێکی ڕێئیمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکاوڕوحێکی بەئیمان دەنێرێ بۆبەرزەخ دوای مردن .

١٣. زمان وەک ئەرشیفێکی لاهوتی: سەلماندنی ئەوەی کە زمان تەنها کەرەستەی ئاخاوتن نییە،بەڵکو موعجیزەیەکی ئەزەلییە و پیتەکان ڕوحی زمانەکانن؛ وە فێربوون چیترتەنها کۆکردنەوەی زانیاری نییە،

بەڵکو گەڕانە بەناو موعجیزەیەکی ئەزەلیدا کە کتێبەکان بەرماڵی نوێژی فکرو ڕوحن ، ئەمەش خوێندن لە "ئەرکێکی بێزارکەر"ەوە دەگۆڕێت بۆ "عیبادەتێکی پیرۆزو فێربوون ببێتە عیبادەتێکی بەردەوام و وەک ژو انی ئەوینی خو ایی بەتامەزرۆیی پێشکەش وپێشوازی بکرێ .

١٤. پەروەردەکار هەرلەسەرەتاوە بە ڤاکسینێکی هاوسەنگ هۆش وتێڕو انینەکانی هەموار بکا لەمەڕ بابەتی کەلام کەهۆکاری هەڵخلیسان وگومڕابوونی زۆربەی ئاین وفەلسەفە و شارستانیەکانە ئەویش بە تێگەیشتنی جیاوازی نێوان "کەلامی نەفسی ئەزەلی لاهوتی " و "کەلامی لەفزی دەرفرتێنراوی مرۆڤ ": پێگەیاندنی ڕۆشنبیرێک کە بتو انێت لە یەک کاتدا لە حەقیقەتی ناوەوە (زانستی ئەزەلی) و حەقیقەتی دەرەوە (زانستی بەرجەستە) تێبگات، ئەمەش بنەمای دادپەروەری فیکریە.

١٥. بونەوەر پەرستگایەکی گەورەیە، هەموو بونیاد ودیاردەکانی موعجیزەو سەرسامکارن ، هەموو گۆشەکانی کتێب وداتاوڕێساو هاوکێشەن ، یەکگرتنی توخمە گەردوونییەکان لە عیبادەتدا: پەروەردەکردنی مرۆڤ لەسەربنەمای هاوئاهەنگی لەگەڵ گەردوون (ئاو، گڵ، ئاگر، با)، کە وا دەکات کرداری پەرستن ببێتە میعراجێکی ڕوحی بۆ گەیشتن بە بەهەشتی جاویدانی.

١٦-پەروەردە تاکە نەخشە ڕێگایە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی کامڵ و هەڵکشان بەرەوجیهانی باڵا، یان وەکو غەزالی دەڵێ چەند پەروەردەکراوبی ئەوەندە زیاتر مرۆڤ ، وەچەندە لەپەروەردە دوور بی ئەوەندەش لەمرۆڤ بوون دووری ولە بەهیمە بوون نزیکی .

١٧-وەک گڵاڵە کردنی گۆشەنیگایەکی نوێ و گشتگیرو فرەڕەهەند بۆ کرداری پڕبایەخی پەروەردە کەگەورەترین وپیرۆزترین کرداڕە کە مرۆڤ پێی هەڵسێ ، بۆیەدەبێ سەیری هەموو هەنگاوەکان وقۆناغە تیۆری وکرداریەکانی بە پیرۆزسەیربکرێ ، هەڵەکانی بەڕادەیەک پیرۆزن کە خوا لەقورئانەکەی باسیکردون وەک عبادەت دەخوێنرێنەوە ، بۆیە هەموو ئامڕازو توخم وڕەگەزوبەش وڕەهەند وقۆناغە پەروەردەییەکان دەبێ مافی تەواوی خۆیان پێبدرێ کەئەم فرەڕەهەندیە مرۆڤ لەتاکڕەوی وتوندڕەوی وئاسۆتەنگی وخۆسەپێنی وچڕکردنەوەی حەق لەیەک دید وبۆچوون ڕزگاردەکاوفێری قبوڵکردنی ڕاکانی تر وهەڵکردن لەگەڵ جیاوازی وپێکەوەژیانی دەکا .

١٨-پەروەردگاری باڵا دوای گەشتە فکریەکەی ئیبراهیم لە میحرابی ئەستێرەو مانگ وڕۆژ پەرستی و ئەو شک و گومانەی کە دینەمۆی ئیبراهیم بوو بۆ ئەم گۆڕانکاریانە چونکە ئەگەر مرۆڤایەتی گومانی نەبوایە، لە پۆلی یەک دەمایەوە ، جاکە ئایینەکان وەک قۆناغەکانی خوێندن سەیربکەین

باخچەی ساوایان: دینی سابئەی ئادەم.

سەرەتایی: مەجوسییەتی حەزرەتی نووح.

ناوەندی: حەنیفییەتی ئیبراهیم.

ئامادەیی: یەهوودییەتی موسا .

زانکۆ: ئیسلامەتی محمد .

خوێندنی باڵا: گەڕانەوەی مەسیح علیهم السلام . بۆیە قورئان دوای ئەم چیرۆکانە لەسوڕەتی ئەنعام باسی ١٨ پێغەمبەردەکاو فەرمانیش بە پێغەمبەرەکەی دەکا کە شوێن ڕێنمایی ئەوان بکەوێ لەدۆزینەوەی ڕاستیەکاندا .

ئەوە ئەوهاوکێشانەن کەویستومە بیانسەلمێنم..

لەچوارچێوەی ئەم پلانە دە یەکەیەدا کەلە پێڕستەکەدا بەدرێژی بابەتەکان خراوەتە ڕوو :

محەمەد عەزیز لۆتەری

بەهاری ٢٠٢٦

—

یەکەی یەکەم:

چەند ناسنامەو پێناسەیەک بۆ پەروەردەو فێرکردن وڕۆشنبیری.

چەمکی پەروەردە لەڕووی زمانەو انی:

-ربا-ربی- بەمانای نەش ونماوتەشەنەکردن وزیادبوون، داڕشتن وپەرەسەندن وپێگەیشتن وگەشە کردنی وردەوردە.

-رب=پەروەردگارداتاشراوە بەو اتای ڕاپەڕاندن ودروست کردن وڕام کردن،سەروەر،خاوەن،

سەرپەرشتی وچاودێری وشو انی کردن،،دامەزر اندن وداڕشتن وبەرنامەڕێژی،پوختەکردن وهەڵوێژاردن وپێگەیاندن،چاکسازی و چاککردن،

بەخێو کردن وخودان کردن وگۆش کردن

کەو اتە پەروەردە و اتای زۆردەگەیەنێ، بۆیە زانایانی ئیسلام وشەی سیاسەت وپەروەردەیان بەیەک و اتا بەکارهێناوە، ئیبن سینا کتێبێکی بەناوی سیاسەتی پیاو لەگەڵ خانەوادەو ڕۆڵەکانی داناوە،.تێرکردنی هەموو لایەنە لەشەیی وڕوحی وفکریەکان تاڕادەی تێربوون.(١)

یەکەم: پێناسەی چەمکەکان لەڕووی زمانەو انیەوە:

ا-پەروەردە لە ڕووی زمانەو انیەوە:

لێکدانەوەی ووشەی پەروەردە لە زمانەو انی عەرەبیدا:

(ربا- یربو)بەمانای نەش ونماوتەشەنەکردن وزیادبوون، داڕشتن وپەرەسەندن وپێگەیشتن وگەشە کردنی وردەوردە.(الوسیط:١٩٧٢ ل٣٢١)،لەعەرەبیدا بە خاوەن وسەروەرو پەروەردەکارو هەڵسوڕێنەرو سەرپەرشتیارو بەخێوکەر دەگوترێ "الربّ"(ابن الأثیر:1979زل450)."رب " پەروەردگار،داتاشراوە بەو اتای ڕاپەڕاندن ودروست کردن وڕام کردن،سەروەر ایەتیکردن ،خاوەنداریکردن، سەرپەرشتی وچاودێری وشو انی کردن،،دامەزر اندن وداڕشتن وبەرنامەڕێژی.(إبن منظور1987:ص1101).هەروەها بەو اتای پوختەکردن وهەڵوێژاردن وپێگەیاندن،چاکسازی وئیسلاح و چاککردن، بەخێو کردن وخودان کردن وگۆش کردن وڕەنێوهێنان .بەرزکردنەوە .شکۆدارکردن..(مختار:٢٠٠٨ ل٨٤١-٨٤٢)،ڕاغیبی ئەسفەهانی (954 - 1108ز)دەڵێ: " الرب"لە بنچینەدا و اتە داڕشتن وپێکهێنانی شتێک چین بەچین تا تەواو دەبێ (الأصفهاني ، 1412هـ ص 336)،کەو اتە پەروەردە و اتای زۆردەگەیەنێ، بۆیە زانایانی ئیسلام وشەی سیاسەت وپەروەردەیان بەیەک و اتا بەکارهێناوە.

لێکدانەوەی ووشەی پەروەردە لە زمانەو انی کوردیدا:

دەستەواژەی پەروەردەو پەرەسەندن وبەرهەم هێنان وگەشەکردن و تەنینەوەوتەشەنە کردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، دیارە ویستویەتی کە زاراوەکوردیەکە نزیک بکاتەوە لە دەستەواژەی (النمو)ی عەرەبی (خاڵ :٢٠٠٥ ل٧٨)مامۆستا هەژارلە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە پروا بەو اتای سڵکردنەوە و پەروەردە بەهاومانای بەخێوکردن وخاوەنداری کردن دەناسێنێ (هەژار:١٣٦٤ ل١٢٠) گیوی موکریانی لەفەرهەنگی کوردستان پەروە ردە بەخەڵات وبەخشش وشاباش و اتادەکا و پەروەریش بە خۆش ویستەروخولیا وحەزلێکەری پێشخۆی لێک دەداتەوە وەک وڵات پەروەر ، نیشتمان پەروەربۆئە وکەسانەی زۆرحە زیان لەوڵات ونیشتمانە،هەروەها بەو اتای بەخێوکراوو ڕەنێو هێنراویش لێکی دەداتەوە(گیو:١٩٩٩:ل١٥٧).

لە و اتای زمانەو انی پەروەردە لەکوردیدا زۆرو اتای وردی دەرک کردون.ئەو پێی و ایە پەروەردە هەمیشە یان پاشکۆیان پێشگرە و بەتەنیا هیچ و اتای نیە ، وەکاتێ دەبێتەپاشکۆیان پێشگرو اتایەکی نوێ دروست دەکا،ئەو پێی و ایە(پە) بەو اتای شوێنەکەی هەمیشە لە دەرەوەی شتەکە دایە کە راستە و خو پەیوەندی بە پە رە وە هە یە بو نموونە:پە رو انە لیرە دا مە بە ست لەو باڵەیە کە بە دە وری بونەوەرەکەوەیە وە یە وە

ك په رو انه ی فڕۆ که که به ده وری فڕوکه که وه یه وکاری سه ره کی فروکه که تەواوەکا....هه روه ها وشه ی (په) له سه ڕپه رشتیاری دا به مانای کاری چاودیری و وریا داری و ئاراسته کردن و ئاگا لیبون دراوه ته پال سەرپەرشتیار،دیسانه وه وشه ی (په رستیار) چاودیری نه خوشی ده کات و ها و کاری ده کات،په روه ردگارکه به مانای (رب) ی عه ره بی به هه مان جور کاری ئه دگاری و چاودیری و ڕینومایی مرۆڤ وجیهان وگەردون ده کات(ئالانی :۲۰۱۵ ل۲۵).

لیکدانەوەی وشەی پەروە ردە لە زمانی ئینگلیزیدا :

لەزمانی ئینگلیزیدا بو چه ند مانایه ک به کار دە هێنرێت لە (educationوشەی (

ڕووی زاراوە وە کە ئەمانەن:

١- پەروەردە و پە روە ردە کردن

٢- فێرکردن

٣-خویندن

٤- روشنبیری روشنبیرکردن

هـ- زانست

٦- زانیاری

٧- فە رهە نگ

بەو کەرەستەو مادانە ش کە لە پروسە ی پە روە ردە یی دا بە کاردەهیترین لە ڕووی مە عنە ویەوە ئەوترێ بەڵام ، ئەو کە سەی کاری پەروەردەکردنی ئە کاتە پیشە و بواری پسپوری خوی بە لاتینی (educational(کە دە کرێت بەمانای ماموستا و پە روە ردە کارو بە خێوکارو ڕێنوێن و بە رچاو (educatorپیی ئەوترێ (بە مانای ڕینومایی (educationڕوون بە کاربهێنریت (قەرەداغی،٢٠٠٤،ل ٣١٣)،هەروەها وتە ی ((الأرشاد) جگە لە مانا سە رە کیە کە ی کە پە روە ردە یە بەکادێ(شفیق ،٢٠٠٣ ،ل١٣٧)،هەروەها لە بە چەند و اتایەکی تریش هاتووە وەک : (educationر انبەرووشەی(

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

١- ڕوشنبیریی

٢ - زانستی پە ڕو ەردە وفیرکردن(علی،٢٠٠٠ل، ٤٧)

و اتای پە ڕوە ردە یی هاتووە (educatedوە بە و اتای (البراعه) و اتە تو اتای داهینان و(ڕوشنبیریتی)و(بەو اتای پە ڕوەردە، فیرکردن هاتوە وە بۆ ماموستا یان پە ڕو (education(البعلبكي:ل٣٠٥/ ٢٠٠٠ز)،(سەبارەت بە (فێرکردن) یش کە بە مانای ،(educatoyەردە کاروشە لاتینییە دێرینەکەی بریتیە لە(شیاو ترین وشەی گونجاوە .(هوگنز: ٢٠٠٠،ل،١٩٤) (learningوەرگرتنی ڕفتاری نوێ دێت و(

پێناسەی زاراوەیی پەروەردە:

،بەهۆی جیاوازی لە باگراوندی دینی وڕۆشنبیری و پسپۆڕی زانایان جیاوازیەکی زۆرلەنێوان زانایانی کۆن بۆچەمکی پەروەردە هەیە:

پێناسەی زاراوەیی پەروەردە:

،بەهۆی جیاوازی لە باگراوندی دینی وڕۆشنبیری و پسپۆڕی زانایان وبیرمەندان جیاوازیەکی زۆرلەنێوان زانایانی کۆن بۆچەمکی پەروەردە هەیە:

- پێناسەی پەروەردە لای ئەفلاتون(427-347 پ ز)

ئەفلاتون دەڵێ:مەبەست لە پەروەردە ئەوەیە کە تاک ببێتە بەشێکی چاکسازلەناو بازنەی کۆمەڵگادا، پەروەردە ئەوپەڕی جو انکاری وکاملّی بەخشینە بە هەردوو لایەنی ڕوح ولاشە ئەفلاتون دەڵێت: «پەروەردە ڕاهێنانی سروشتی خۆڕسکی مرۆڤە، لەسەربەها باڵاکان و شکۆمەندی (همشري :2001زص١٨).

- پێناسەی پەروەردە لای ئەرستۆ384 پ ز- 322 پ ز)

ئەرستۆ دەڵێت: « پەروەردە ئامادەکردنی ئاوەزی مرۆڤە بۆوەرگرتنی زانست و زانیاری، هەروەک چۆن زەوی ڕووەک و گژوگیا پەروەردە دەکات ئەرستۆ پێی و ایەکە پەروەردە لەدووخاڵ کورت دەبێتەوە:تاک هەموو ئەوکارانە بکا کە سودبەخش وگرنگ وپێویستن لەشەڕو لە ئاشتیدا،عەقڵی ئامادەبکا بۆوەرگرتنی

زانست، وەک ئامادەکردنی زەوی بۆ چاندنی ڕوەکەکان،تاک هەموو کردارێکی جوامێرانە وخێرخوازانە ئەنجام بدا.

- پەروەردە لای ئیبن سینا (980-1037ز):

ئیبن سینا دەڵێ :"پەروەردە نەریتە ، چونکە وەک نەریت کردنی ئەوکرداڕە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە ، بەدرێژایی چەندین سەدەو چاخ زووزوو دووبارەی دەکەنەوە،هەروەها دەڵێ پەروەردە ئامادەکردن وڕێکخستن و خۆئامادە کردن وگەیاندنی خودە بەو تەواویەی کە مرۆڤی لەپێناودروست کراوە لە هەردوو ژیانی دنیاودواڕۆژ"(مقداد یالجن ، 1406هـ ، ص 22).

- پێناسەی پەروەردە لای غەزالی (١٠٥٧-١١١١ز)

غەزالی پێی وایە کە پەروەردە ئەوسنورە جیاکەرەوەیە کە مرۆڤایەتی لە ئاژەڵان جیادەکاتەوە،، وەپەروەردە ئەو وێستگەوسەکۆو دەرچونە گرنگەیەکە تاک وکۆمەڵ بەرەوچاکسازی دەبا وزۆرێک لە ئەرێنی و بەختیاری بۆ مرۆڤایەتی دێنێ،تا مرۆڤایەتی لە پەروەردەدا بەرەوپێش بچێ لەئاژەڵێتی
دوورترەدەکەوێتەوەومرۆڤایەتیەکەی کاملّترەدەبێ،پەروەردەکاروەک جوتیاردەبێ هەموو ڕۆژێ بچێ بۆ ناوکێڵگەکەی، درک وداڵ وگیاکەڵەوگورگە زیان بەخشەکان لەناو دەباوهەڵی دەکێشێ تاهەرچی بەسودە بەبەردەوام گەشە بکا (الاهواني:1968 ل22).

پەروەردە لای ژان ژاک ڕۆسۆ (1712- 1778) :

ڕۆسۆ دەڵێ "پەروەردە بە کەشتییەک دەشوبهێنێت کە دەتوانێت مرۆڤ لە زریان ڕزگاربکات. ئەو پێی وایە پەروەردە، بنەڕەت وژێرخانێکە کە دەکرێت سەرخانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستی لەسەردروست بکەیت"(کاکە وەیس2008زل٥٦).

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پێناسەی پەروەردە لای هیگڵ(1770_1831) هیگڵ دەڵێت: « ئامانجی پەروەردە، فێربوونی ئیشکردن و هاندانی کاری هەرەوەزیە».«پەروەردە بونیادێکە زۆر لایەن دەگرێتەوەو لەگشتێتی خۆیدا سیستمێک پێکدەهێنێت. سەرچاوەی بنیادەکە فەلسەفەی پەروەردەییە، کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵگە یان فەلسەفەی دەوڵەت دادەڕێژرێت. و اتە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە تەلاری پەروەردە بنیاد دەنرێت.» (قەرەداغی /2002)

پەروەردە لای رفاعە تەهتاوی (1801-1873 ز) ناوبراو لەپێناسەی پەروەردە دەڵێ :پەروەردە ڕەوشتی منداڵ بنیات دەنێ بەوشێوەی کەشایانی کۆمەڵگای نمونەییە ، هەموو ڕەوشت وبەها باڵاکان کەدەبنە پەرژینی ئەوکۆمەڵگایە ودەیپارێزن لە ئاکارە بەدەکان ، وە واڵە تاک دەکەن کە بەسەر خۆیەرستیدا بازداو خۆنەویستانەوبوێر انە بەشداری هاوڕێیانی بکا بۆ کردنی کاری خێر(همشري :2001زص١٨).

پەروەردە لای هربرت سبنسەر(1820-1903 ز): و اپێناسەی پەروەردە دەکا :پەروەردە ئامادە کردنی تاکە تاوەکو ژیانێکی کامڵ وتەواو بژی .

پەروەردە لای جود دیوي (1845-1905 ز) لە پێناسەی پەروەردە دەڵێ:پەروەردە ژیانە ، کرداری ئامادەکردنی تاک وژینگەکەیەتی تابۆیەک گونجاوبن .

پەروەردە لای ساتع حوسەری (1881-1968 ز)لە پێناسەی پەروەردە دا دەڵێ:پەروەردە پێگەیاندنی تاکێکی لاشە بەهێزو وبیروهزر دروست وونیشتمان پەروەرو نەتەوە پەروەرە کە ئەرکەکانی خۆی دەرک بکا و پێز انینی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی بداتێ (همشري :2001زص١٨).

-پێناسەی پەروەردە لە ڕاپۆرتی لیژنەی

پەروەردەی نێودەوڵەتی(یونیسێف) ساڵی 1998

پێی و ایە پەروەردە بریتیە لە ڕێکخەروئامادەکەربۆ گواستنەوەی زانست و پێک هێنانی بەرگریەکان و دروستکردنی مرۆڤ،وەڕێنمایی کردنی مرۆڤ بەرەوکامڵ بوون لەهەموو ڕوویەکەوە بەدرێژ ایی ژیان (العمایرة:1999ص43).

لەو پێناسە هاوچەرخانەی بۆ پەروەردەکراون کە پەروەردە بە کۆکەرەوەی کردارو گوفتاروکاریگەریەکان دەزانن کەبەمەبەستی گەشەی تاک دەکرێ لەهەموو لایەنێکی کەسایەتی ،تاکو دەیگەیەنێ بە کەسایەتیەکی کامڵ لەهەموو هەڵس وکەوت وتو اناکان و ئەرکەکانیدا لەگەڵ دەوروبەرەکەی ، وەبەکردارێکی هەماهەنگ وئامانجداربۆ گواستنەوەی زانیاری وبنیاتنانی شایستەیی و پێکهێنانی مرۆڤێکی لێوەشاوەلەهەموو بوارەکان خۆی دەبینێتەوە (ناصر1999:ل٢٠٦).

بێگومان هۆکاری جیاوازی پێناسە وناسنامەکان بۆزانستی پەروەردە لەچاخ وسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو لە شوێن وکیشوەرێکەوە بۆشوێنێکی ترپاساوی خۆی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە پرۆسەی پەروردە زۆرجاران دەکەوێتە ژێرکاریگەری هۆکاروگۆڕانکاریە کاتی وشوێنی وکۆمەڵایەتیەکان ، کە ئەم گۆڕانانەش ڕاستەوخۆ لەسەرکەسایەتی مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکاندا ، چونکە هەرچالاکی وکارێک کە مرۆڤ پێی هەڵدەستێ کاریگەری هەیەلەگەڵ سروشت و پێک هاتەو چۆنێتی گونجانی لەگەڵ ژینگەکەی و تاکەکانی کۆمەڵگاکەی جایان بەئەرێنی بێ یان بەنەرێنی ، بۆیە زۆرێک لەبرمەندانی ئەوبوارە دەڵێن بۆیە چەمکی پەروەردە ناتو انێ مل کەچی تەنیا یەک پێناسە ی دیاریکراو بێ چونکە لەلایەک پرۆسەی پەروەردە زۆرئاڵۆزە و لەگەڵ ئاڵۆزیەکی هەمیشە لەکارلێکدایە لەگەڵ باوونەریت بەهاو ئاینەکاندا، هەربۆیەش کرداری پەروەردە بە هەمیشە زیندووودادەنرێ ونکە هەمیشە لەگەشەوگۆڕان ونوێ بوونەوەدایە .(الغامدي1418هـ ص 3).

چەند پێناسەیەک بۆ فێرکردن:

١- فێرکردن بریتیە لەکرداری بیرهێنانەوەومانۆڕی عەقڵ وهۆش وهەموارکردنی هەڵسوکەوت.

٢-فێربوون کرداری وەرگرتنی زانست وبەهاکان وبەهرەکانە لەچوارچێوەی توێژینەوەوشارەزابوون وفێکردن کە ئەمانە زۆرجاردەبنەهۆی بەڕیابوونی گۆڕانکاری بەردەوام لەهەڵس وکەوت،ئەم ئاڵوگۆڕە قابیلی پێو انەکردنەوهەڵوێژاردنەبەشێوەیەک کە ئاڕاستەی تاکی مرۆڤایەتی دووبارە دادەڕێژێتەوە.

٣-ڕێگاکانی و انەگوتنەوە ،هەموو ئەو میتۆدو پەیڕەو انەن کە مامۆستای و انە پێشکەش کار=مدرس لەناو پۆل بەکاری دێنێ لەکرداڕەکان وچالاکیەکان وئەوهۆکاروئامڕازانەی بەکاریان دێنێ وئەوهەڵوێستە بنیاتنراو انە ی لەسەرپلان ونەخشە یەکی پتەو بنیاتی ناوە، کەدەبێ ڕەچاوی ئاستی فێرخوازان وتو اناکانیان بکا،تاکوبتو انێ و ایان لێ بکا کە زانستەکان وبەهرەکانیان وهەڵوێستەکانیان دەرخەن کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە مەبەستەکان وئامانجەکان وئەو مەرامانەی کە و انەکەی لە پێناودا دانراو.

و اتای زمانەو انی ڕۆشنبیری:

لەزمانی عەرەبی دا ثقافة و اتا وریایی وهۆشیاری وتێگەیشتن و ڕێک کار خێڕادەرک کاروهەڵسەنگێنەر وبەراوردکار.

دووربینی و وردبینی، زیرەکی، فێربوونی خێرا،ڕێکخستنی شتەکە،ڕاستکردنەوەی خوارو خێچی،هەڵوێژاردن و پوخت کردن،فێربوون وفێرکردن،زانین وناسینەکان،

هونەرەکان،بەهرەمەندی، شمشێربازی .

لێرەدا پەیوەندی نێوان و اتای زمانەو انی و زاراوەیی دەردەکەوێ،چونکە و اتای سەرەتایی وگشتی ڕۆشنبیری کۆمەڵە ئاوەڵناوێکە کەئەوکەسەی پێ جیادەکرێتەوە لە تێگەیشتن لە دەوروبەروژینگەو بونەوەرو تو انای دەداتێ تابەلێز انی لەگەڵیان بجوڵێتەوە ،کەو اتای گشتی ڕۆشنبیریش هەرئەوەیە.

و اتای زمانەو انی کوردیش بیری ڕۆشن وکراوەو بیروهۆش دانەخراودەگرێتەوە.

و اتای زاراوەیی ڕۆشنبیری:

١-ڕۆشنبیری کۆی زانست وز انیاریەکان و هونەرەکانە کە پێویستیان بە لێهاتوویی و وریایی هەیە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ڕۆشنبیری لای تایلۆر(١٨٣٢ – ١٩١٧) پێناسەی دەکاکە ڕۆشنبیری سیستەمێکی تەواوکارە وهەموو جۆرەکانی زانیاری وهونەرو یاساوخوو ڕەوشت و جگە لەو انیش لەخۆدەگرێ، کە مرۆڤ وەک تاکێکی ناوکۆمەڵگا ئەم لایەنانەی دەست دەکەون.

- پێناسەکانی ڕۆشنبیری لای سایپر:

ڕۆشنبیری بریتیەلە:

ا-هەرسیفەتێکی مرۆڤ کەلە کەلەپوری کۆمەڵایەتی بۆی مابێتەوە.

ب- هەرشارەزاییەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگارەواجی پێدەدا و کەلەپوری باپیرانە.

ج-هەردیاردەیەکی جیاکەرەوەی نەتەوەیەک وەک جل وبەرگ.

چەمکی ڕۆشنبیری ئیسلامی:

وشەی "الثقافة" لەزمانی عەربیدا زۆرفراوان وقوڵە،بۆیە چەندین پێناسەی هەمە چەشنی کراوە، ،چونکە ڕۆشنبیری زۆرلەبوارەکانی ژیان دەگرێتەوە وەک:مێژوو وئەدەب وپزیشکی و ئەندازیاری ووبیرکاری،،.و اتەکۆکردنەوەی هەموو پێز انینەکان، شارەزایانی شارستانی ئیسلامی لەکۆندا زانستێکیان بەناوی "الثقافة"،ناونەناوە، کاتێ ئەم ئاڕاستانە لە ڕۆژئاوادەرکەوتن، زاراوەیان بۆ هەڵبژاردن.

١-ڕۆشنبیری ئیسلامی ئەو بیروباوەڕوبنەمایانەیە کە ئوممەتی ئیسلامی باوەڕیان پێیەتی و سورن لەسەرچەسپاندنی،ئەو سیستەمەیە کە پابەندن پێیەوە،ئەوکەلەپورو شوێنەوارەماوەیە کە ئوممەت دەترسێ لەدەست بچێ ولەخەمی مانەوەیاندایە،ئەوهزروبیرۆکانەیە کە ئوممەت خۆزگەی هەمیشەیەتی کە بڵاویان بکاتەوە.

٢--شارەزابوون لە پەیڕەوی گشتگیری ئیسلامە لەبەهاکاندا ولە ڕێکخستنەکانداو لە هزروو ڕەخنەو ئاڕاستەکردنی کەلەپوری مرۆڤایەتی دا..

پێناسەکانی فەلسەفەی پەروەردە :

وەك دە زانین فە لسە فە ی پە روە ردە، ئە و بواڕە یە کە تۆێژینە وە لە و دوز انە ی ژیانی مرو ڤایە تی دە کات کە کاری پە روە ردە یی دە کە وێتە ژێر کاریگە ریيانە وە، بۆیە سە رجە م گۆڕانکاریەکانی کۆمە ڵگا لەخۆدەگرێ .

دیارە کە یسە کانی ژیانی مروڤ ڕە نگدانە وە ی ئە و فە لسە کومە ڵایە تیە یە کە لە و کومە ڵگە یە دا پە یڕە و دە کرێت و سیاسەتی پە روە ردە یی وڵاتەکە دایڕشتوە و سە ڕپە ڕشتی گشتی دە کات، کە و اتە فە لسە فەی پە روە ردە ئامرازی پیکە وە بە ستنە وە یە لە نیوان پە روە ردە و دۆزە کانی ژیانی گشتی خە لکی داو وێنە ی تە واوە تی سە رجەم پێکهاتە کانی کومە لگە یە.

هە روە کو فە لسە فە و پە روە ردە جورە ها پێناسە یان هە بوو بە هە مان شیوە فە لسە فە ی پە روە ردە ش کە لە و دو انە پێك هاتوە چە ندین جۆر پێناسە ی هە یە جۆری پێناسە کانیش بە ندە بە و ئاراستە هزریە فە لسە فی و پە روە ردە ییانە ی کە لە ئارادان لە گە ل قوتابخانە فە لسە فی و هزریە جیاوازە کان (ئالانی، ٢٠١٥،ل٢٧٦)

پێش ئەوەی باسی چەمکی فەلسەفەی پەروەردە وبایەخی ئەوچەمکە بکەم دەبێ سەرەتا پەیوەندی پتەوو بازنەی هاوبەشی ئەم دوو چەمکە لە تایبەتمەندی و جیاکەرەوەو ئامانجیان ئاماژە پێبکەم.

هەردوو چەمکی فەلسەفەو پەروەردە لەوەدا کۆدەبنەوە کەلەگەڵ نوێبوونەوەی چاخ و سەردەمەکان ئەو انیش نوێ دەبنەوەو قاڵبی تازە وەردەگرن و لەگەڵ گۆڕانی ژینگەو باوو نەریتەکان ئەو انیش پۆست وپێگەی نوێ لەناو کۆمەڵگادا پڕدەکەنەوە ، بۆیە هەردووکیان فرە ئەرک وفرە پێناسەو فرە ڕووخسارو فرە ڕۆڵن هەمیشە هەردوکیان وەک دوو ڕێنما پێشەنگی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و دەستیان دەکێشن بەرەوهەموو ڕاستیەکان و مافەکان و باشیەکان وجو انیەکان وبەها باڵاونمونەیی وبەهەروتو انا شاراوەکان،هەردوو چەمکی فەلسەفەوپەروەردە هەرلەگەڵ بوونی مرۆڤ ئەو انیش بوونیان هەبووەو هەرگیزلە مرۆڤ دانەبڕاون و لەهەرسەردەم وچاخ وژینەگەیەکیشدا هاوەدەم و پەیامی مرۆڤایەتی بوون و بۆ هەموو یان گونجاوو هەموارببوون (النجيحي1967 ،ل٢٠). هەریەک لە پەروەردەو فەلسەفە هەوڵ دەدەن لەگەشە ونەش ونما و کاری چاودێری وئاڕاستەکردن وچاکسازی وهەڵکێشانی مرۆڤ بەرەوکامڵ

بوون بەردەوام بن ،هیچ ڕەوت و قوتابخانەوجیهانبینیەک نیە کە پلان و میتۆدی خۆی نەبێ بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ ، جا ئەم کاریگەریە پێویستی بە بوونی پەروەردەهەیە ، بۆیە پەروەردەی ئەرێنی ونەرێنیش هەیە ،چونکە بێ بوونی پەروەردە بواری کۆمەڵایەتی ژیان بەردەوام نابێ .(البزازو الشبلي،2002،ص7).

پەروەردەم بەم تێگەیشتنە لە فەلسەفە بەرفراوانترو بەربڵاوترە ، چونکە هەموو پەروەردەیەک مەرج نیە فەلسەفەیەکی تایبەتی لە پشت بێ،بەڵام پەروەردە بە پلانی گۆڕانکاریەوە بەمەبەستەوە بەئاڕاستەی فەلسەفەیەکی ڕۆشن هەنگاو دەنێت ،ئەوە کرداری فەلسەفەی پەروەردەیە هەرلەوەتی فەلسەفە وەک چەمکێک لەیۆنان سەری هەڵداوە، زۆربەی بەش ولق و پۆپەکانی فەلسەفە بوونە ڕایەڵە وتان وپۆی کرداری پەروەردەی مرۆڤایەتی،فەلسەفە گرنگی بە زانستە سروشتیەکان داوە ، بەڵام ئامانج وگۆڕەپانی هەرەگرنگی فەلسەفە زانستە مرۆڤایەتیەکان بوون (یاسین:،1979ص،36-37).

فەلسەفەی پەروەردە لە یۆنانی کۆن :

ئەوڕەوتەی سوکرات وئەفلاتون و وئەرستۆ لەفەلسەفە دەستیان پێکرد کە فەلسەفەیان لەدەستی فەیلەسوفە سروشتیەکانی وەک طالیس وئەنکسمندریس و هیرقلیدس دەرهێنا وکردیانە پەرو انەی دەوری مرۆڤ ، دوای ئەوە سۆفستائیەکان هاتن وئەم پێکەوە گرێدانەی فەلسەفەو پەروەردەیان پتەوتر کرد و تەواو ئاوێتەی هزروبیری خودی مرۆڤ بوون و لە پانتایی بابەتی بوون وڕەهاوبێ سنوری ئایدیاوگەڕان لە ڕاستی بێ سنوری گەردوونی شۆڕبوونەوە بەرەو گەڕان لە ڕاستی گەوهەری مرۆڤ و سنورداری ویژدان و خود وجیهانبینیە ڕێژەییەکەی مرۆڤ (ابوریان1969ص41) .

هەردوو باڵی فەلسەفەوپەروەردەی گریکی زادەی بیروهۆش وعەقڵ بوون ،دەرەنجامی لێشاوی ئەو ڕەخنانەبوون کەئاڕاستەی ئەوسەکۆچەقبەستوەی ئەفسانەو جیهانۆکەزۆروزەبەندانە کران کە خۆیان خز اندبووە ناوئایینی یۆنانیەکان ، ئاینی گریکەکانیش وەک ئاینی زۆربەی گەلە دێرینەکان ڕێسراوی ئەندێشەو خەیاڵ بوو ، بۆیە لەسەرەتادا فەلسەفەی یۆنان ئەوڕیسە خەیاڵیەی کردەوەخوری،دو اتر هەربەوەنەوەستان ،هاتن داب ونەریت وڕەوشت وسیستەمەسیاسی وکۆمەڵایەتیەکەی ئەو کۆمەڵگا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئاینیە خەیاڵیەشیان دایە بەرنەشتەری عەقڵ وئاوەزوبەتەرازوی عەقڵ ولۆژیک هەڵیان وێژارد وئەوەی لەگەڵ عەقڵ ولۆژیک نەدەگونجا لێیان فڕێدا،پەروەردەوفەلسەفە لای ئەوان یەکسان بوو بەگەڕان لەدوای خێروچاکەوجوانی ودژایەتی شەڕو نەڕێنی بوون ودەستەوستانی ، خێریش لە لە پەیڕەوی کردنی عەقڵ ولۆژیک داخۆی دەنواند ودیارە شەڕیش لە دژایەتی لۆژیک و خۆدانەدەست خەیاڵ وئەندێشەی ئاینی ئەفسانەیی خۆی دەنواند (ابوریان،1969ص11).هەربۆیە پێناسەی پەروەردە لای سۆکرات بریتی بوو لە ڕەنگکردنەوەی سروشت و دەروون وناخی مرۆڤایەتی وڕاهێنانی لەسەرڕاستی ومافپەروەری و وخێروچاکەوجوانی لەپێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی باشتر،وەلای ئەفلاتون مەبەست لە پەروەردە ناسینی خێروچاکەیە ونەش ونماکردنە بەوناسینە وڕاهێنانی سروشتی مرۆڤایەتیە لەسەر ڕاستی وچاکەوجوانی (زیادة،1986ص،249).

هەرئەم کاریگەریەی تڕو انینی فەلسەفە بۆپەروەردە لە پێناسەی مەسیحیەکان بۆپەروەردە ڕەنگی داوەتەوە کە پێیان وایە پەروەردە بریتیە لە سەقامگیربوونی عەقڵی مرۆڤایەتی بەوە پێوانەدەکرێ کەتاچەند لەگەڵ بینین وخوێندنەوەی عاقڵانە ولۆژیکیانەی مرۆڤ بۆویستی خودا ڕێکە ،چونکە کاتێ مرۆڤ خێرو چاکەوڕاستی وماف دەناسێ کەو اتە ڕێساوبنەماکانی خوادەناسێ کە داینناوە بۆپایەداربوونی هاوسەنگی، بەڵام کاتێ ڕوولە پێچەوانەی ئەوهاوسەنگیە دەکا ،ئەوە ڕووی لەشەڕوبەدکاری کردووەو بەسەرپێچی یاسای عەقڵ کەو اتە سەرپێچی خوای کردوە ,کەو اتە بۆگەیشتن بەخوا دەبێ هۆش وعەقڵ ولۆژیک بەکاربهێرێ ، چونکە تەنیا ئەو هۆش وعەقڵ ولۆژیکە مرۆیەیە کە یاسادانەرە بۆبنەماکانی پەروەردەیی وڕەوشتی ، جائەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە هەتا زیاترسود لەویاسالۆژیکیە وەرگرێ ئەوە زیاترلە سروشت وزگماک وخۆڕسک و دینداریەکی میانڕەوی لۆژی.یانە نزیکە ،چونکە لێرەدا عەقڵ ولۆژیکی مرۆڤایەتی ولۆژیک وزانستی خوا وەها ئاوێتەی یەک بوون کەلێک جیاناکرێنەوە . (اڤین1974ص413-415).

کەو اتە لێرە هەرکەسێ سەرپێچی عەقڵ ولۆژیک بکا کەو اتە سەرپێچی خوای کردووە ، پەروەردە لەدیدی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست پێی وابوو کە یاخی بوون لە لۆژیک وپەروەردە و اتا یاخی بوونە لەسروشت ودادگەری ، چونکە وەک قەشە ئۆگەستین دەڵێ :"یاسای هەمیشەیی ئەولۆژیکە خودایەیە کە پێی دەگوترێ ویست وقەدەری خوا ،کەهەمیشە داوامان لێ دەکا سیستەمی سروشت بپارێزین و ناهێڵێ

وئەوسروشتە هاوسەنگی تێک بچێ بۆیە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست پێی و ابوو کە ئاین وپەروەردە و چارەنوسی مرۆڤ هەموو یەک پێکهاتەی ئاوێتە بوون)اثین1974ص421)

دو انەی فەلسەفەوپەروەردە لەم سەردەمەدا زیاترئاوێتەی یەکتربوون ، تەنانەت جون دیوی لە پێناسەی فەلسەفەدا دەڵێ:فەلسەفە تێڕو انینێکی گشتگیر انەیەبۆ پەروەردە(دیوي 1952ص340) پەروەردە لای دیوی "هەموو ژیانە ، فەلسەفە ئامانجەکانی پەروەردە وێنادەکا ومیتۆدەکانی جێبەجێ دەکاوڕێگاکانی و انەگوتنەوەی پەروەردە بەرنامەڕێژدەکا(رحیم،1977ص،5). کەو اتە گرنگی فەلسەفەی پەروەردە لەئەرکەکەی دایە کە ، ئەرکەکەی چەسپاندنی تێڕو انینی فەلسەفە وڕێکاری فەلسەفیە لەوگۆڕەپانەی کە شارەزایی مرۆڤایەتی لێی کۆبۆتەوەوناوی فەلسەفەی پەروەردەیە ،تیایدا فەلسەفە هەڵدەستێ بە ڕەخنەگرتن لەپرۆسەی پەروەردەو چاکسازی تێدادەکا وڕێکی دەخا و تیشک دەخاتە سەرگۆشە شاراوەکانی بۆئەوەی پز انینەکانی مرۆڤایەتی لەگەڵ ژیانی سەردەم هەماهەنگ بن بۆیە فەلسەفەی پەروەردە: گەڕان لەچەمکەکانی هەماهەنگکردنی نێوان دیاردە هەمەچەشنەکانی پرۆسەی پەروەردەیی لەپلانێکی تەواوکاروگشتگیردا لەخۆدەگرێ ، وە ڕوونکردنەوەی ئەو و اتایانەی کە گوزارشتە پەروەردەییەکان لەسەری وەستاون لەخۆدەگرێ ، وەئەوگریمانە بنەڕەتیانە نمایش دەکا کە چەمکە پەروەردەییەکان لەسەری وەستاون ونەش ونما بە پەیوەندیەکانی پەروەردەو بوارەکانی تری زانستە مرۆییەکان گەشە پێدەدا(النجيحي1967، ص،31)

هەندێک لە پێناسەکانی فەلسەفەی پەروەردە :

فەلسەفەی پەروە ردە یی ئەو چالاکیەیەکە دەستەیەک لە پەروەردەکاران وفە یلە سوفان و کە سانی دیگە نە نجامی دە دە ن بو دە رخستنی پە یوە ندی نیوان فە لسە فە و پە روەردە بە مە بە ستی رونکردنە وە ی کاری پە روە ردە یی و ریکخستنی ورە خنە لنگرتن و راستکردنە وە ی لە بە روشنایی کیشە روشنبیریە کان وئەو ململا نێ یانە ی کە فە لسە فە ریزبە ندی کردون (ئالانی ٢٠١٥،ل،٢٧٧).

٢-میلە ری شارە زا و پە روە ردە ناس دە رباڕە ی پیناسە ی فە لسە فە ی پە روە ردە دە ڵێت : پراکتیزە کردنی فە لسە فە ی تیۆریە بە سە ربواری پە روە ردە دا.(میلر2008،)

٣- پوشامپ: دە لێت فە لسە فە ی پە روە ردە بریتیە لە کومە لیك لە ئەگەروگریمان و پێشنیار لە تێڕو انینێکی فە لسە فیانە وە پێك دێت و بە رە و سروشتی مرۆڤ و زانیاری و ئامانج و سروشتی کومە ڵگە دە چێت (ديوي 1952ص340).

٤-فینکس:پراکتیزە کردنی ڕێگە ی یان تیرو انینی هەردووفە لسە فە کە یە لە مە یدانی شارە زایی پە روە ردە دا وە ئە و گە ڕانە ش دە گریتە وە کە تویژینە وە یە لە و چە مکانە ی هاویە ك دێنە وە لە نێوان دوکارە جیاوازە کانی پە روە ردە دا لە نە خشە ی گشتی و ڕونکردنە وە ی زاراوە پە روە ردە یی یە کان و خستنە ڕووی ئە و بنە ما و گریمانە بنە ڕە تیانە ی گور انکاریە تایبە تیە کانی پە روە ردە یان لە سە ردا دە مە زرێ(النجيحي1967،ص31).

ڕو انگەیەکی مێژوویی بۆ پەروەردە:

لە گە ل پە یدابوونی مرۆڤ لە سە ر هە سارە ی زە وی پە روە ردە بە شێوە سادە و سا کارە کە ی پدیدابووە، چونکە مروق پێویستی بە ئاوێتە بوونی ژینگە کە ی هە بووە بو ئە وە ی لێوە ی ئە زموون و شارە زایی وە ربگرێت و بتو انێت خۆی لە گە ڵیدا بگونجێنێت، هە ربۆیە لە گە ڵ پێشکە وتنە کان و زالبوونی مروڤ بە سە ر سروشت و دە رکە وتنی سیمای شارستانیە تە کان، پێویست بوو پە روە ردە ئامادە باشی هە بێ و لەورێگە یە وە بۆچوون و ئارە زوو و ئاکارو ئامرازە کانی ژیان و راوشکارو کشتوکال و نە ریتی هاوسە رگیری و چاودێرکردنی منداڵ و فێرکردنی زمان ... بگە یە نێت بە نە وە ی نوێ (مرسی، ١٩٩٢ل، ٢٢). مرۆڤ وەك بونە وە رێکی بایولوژی نیمچە پە تی لە دایك دە بێت و ئە و ئامادە بیانە ی تێدایە کە دە شێت بیکاتە بونە وە رێکی کۆمە ڵایە تی بە هۆی گە وە ربوونی لە ناوکۆمە ڵگە ی مرۆیی دا بە تێپە ربوونی کات ژیری کامڵ ئە بێت و ئە گاتە ئاستی کارلێکردن لە گە ل ژینگە و دە وروبە رو کە سانی نزیکی دا ، دواترنە ریت و ڕێساویاسای باوی ناوکۆمە ڵگە یاسا بە ندی دە کات و دە یبە ستێتە وە بە کۆمە ڵێ کۆتە وە بە ڵام لە بە رئە وە ی کۆمە ڵگە خاوە نی دە سە ڵاتی باڵایە بە سە رتا کە کاندا دە بێت ئە م کە سە ئە و یاسایانە پە سە ندبکات و پە یڕە ویان بکات یا خود لابدات و یاخی بێت ئە مە شیان کارێکی هە روا ئاسان نیە ، چونکە مرۆڤ بە ڕێگە ی کۆمە ڵایە تی دە بێتە بونە وە رێکی کومە ڵایە تیانە ی خواست تواوە ، کومە ڵگە بە رژە وە ندیە گشتی یە کان دە خاتە پێش تایبە تیە کانە وە لە بە رئە وە کە مترئە وکە سانە بە

دی دە کرین کە پێچە و انە ی داب و نە ریت و یاسا و ریسا گشتی یە کانی کومە لگە ی خویان بن (ئالانی ٢٠١٥:ل٢٧).

بیگومان کومە ڵگە هە رگیزلە پە روە ردە دابڕاو نە بووە ، جا ئا یا ئە و پە روەردە ڕاست بوبێت یان هە ڵە ، گرنگ ئە وەیە چە مک و مە بە ست و ئامانج لە پەروەردەدا هە بووە کە م و کووڕی و هە ڵە ش هە بووە پر اکتیزە ش کراوە و ئامانجەکانیشی دە رکە وتوون ،کە و اتە پە روە ردە ی ئە مرۆمان لە بۆشایی هە وادا نیە ، بەڵکوڕیشە یە کی مێژویی هە یە ودە تو انین گە لێك سودی لێ وە ربگرین چونکە میژووی پە روە ردە دە کە وێتە پێش مێژووی فە لسە فە وە، توێژینەوەی پە روە ردە یی لە رووی رە هەندە مێژوویەکەیەوە زور گرنگە چونکە تە نہا لەم ڕێگە یە وە دە تو انین بنە ما پە روە ردە ییە کانی هە رسە ردە مێك بدۆزینەوەو بز انین ئاخۆ تاچ ڕادە یە ك پە یوە ست بون بە بواری هزری پە روە ردە یی کومە لگە ؟ کە هێزێکی پە روە ردە یی باوبووە لە هە ریە کە لە و چاخ و سە ردە مانە دا(عبدالجبار٢٠٠٧:ص).

دە تو انین روانڵە تە کانی پە روە ردە لە کۆمە لە سە رە تاییە کاندا لەم خالانە دا بخەینە ڕوو:

١-ئامادە کردنی مرۆڤ بۆ بە دە ستهێنانی پیویستیە کانی ژیانی بە شێوە ی راستە خۆ و لە لایەن خۆیەوە .

٢-راهێنان لە سە ررێگا و شێوازە کانی ژیان.

٣-وە رگرتنی بە ها باوە کان و سروت و سە ریمونیا ئاینییە کانی کومە ڵگە ی سە رە تایی.

٤-پلە بە ندی و هە مە چە شنی ئە زموونە کان ووە رگرتنیان بە بێ گوێدانە باش و خراپیان لە ڕێگە ی لاساییکردنەوە .

٥-بە تێپەڕبوونی کات و کە ڵە کە بوونی زانیاری و ئە زموونە کان، دواجارنە تو انینی مروڤەکان لە پاراستنی ئە و زانیاری و ئە زمونانە بیرۆ کە ی دامە زر اندنی دامە زراوە ی پە روە ردە یی هاتە ئاراوە کە لە وڕێگە یە وە ئە م ئامانجانە ی تێدا بە دیهات .

٦-پیویست بوونی دامە زر اندنی دامە زراوە یە ك کە دو اترناونرا (قوتابخانە) و دانانی ئامرازێك پروگرامێك لە ئە زموون و زانست و زانیاری بۆ گە یاندنی بە نەوە کان (عزیز، ٢٠١٧، ل،٤٩-٥٠).

یەکەم :پەروەردەوفێرکردن لای شارستانیە دێرینەکان.

ا-هزری پەروەردە لە عیراق و میسری کۆن.

- ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە عیراق کۆن :

ڕەسەنایەتی شارستانی عیراقی دێرین:

"ئارنۆلد توێنبی" پێی وایە شارستانی عیراق یەکێکە لەوشارستانیە ڕەسەنانەی کە لەهیچ شارستانیەکی تر وەرنەگیراوە (باقر1980ص 9).هەموو ڕۆشنبیری و فەلسەفەو ئەفسانە وئاین وياساكان هەربەشێوەیەک لەشێوەکان هەستاون بە دووبارەکردنەوەی ئەوبنەمایانە سۆمەریەکان گوتویانە وباوەڕیان پێی بووە بەڵام بەداڕشتنوەو دەربڕینی خۆیان ،بەنمونە چیرۆک و گێڕدراوەکانی بەدیهاتن ودروستکر انی جیهان وبونەوەرو ،باسی مردن وجیهانی ژێرەوەوباڵا و چیرۆکی بەپیرۆزڕاگرتنی کەسانی ئازاو پاڵەوان لە داستانی گلگامێش و چیرۆکی خۆشەویستی ودڵداری لە تەموز وعەشتارو چیرۆکی تۆفان و دروستکر انی مرۆڤ وئادەم وحەوا و دەرکر انی مرۆڤ لەداستانی ئادابا ووباسی بەهەشت ودۆزەخ و اداشت وسزا وباسی دێوو عفریت و فریشتە وتارماییەکان و باسی حەڵاڵ وحەرام وباسی ترساندن وتامەزرۆکردن وباسی یەکتاپەرستی و فرەواوەندی و هەموو بابەتە ئاینی وکۆمەڵایەتی وڕەوشتیەکان .

پرۆفیسۆر لەبواری سۆمەریەکان جان بوتیرو لەهەڵسەنگاندنێک دادەڵێ :" لە ئێستادا کەس ناتو انێ نکولی لەوەبکا کە گریکەکان چەندە زانست وشارەزاییان لە هەموو بوارەکان لەسۆمەریەکان وەرگرتووە، کەو اتە شارستانی یەکەم جارلە وڵاتی دووڕوباری مەزنەوە وەرگیراوە (بوتیرو،1990 ،ص٣٦-٣٧).

نیکۆلاس شنایدەرلەساڵی(١٩٤٦ز) دا کە ناوی باوک وپیشەی پێنج سەد قوتابی دۆزیوەتەوە کە لە ساڵی)٢٠٠٠(پ ز, ناویان نوسیوە بۆ فێربوونی خوێندن ونوسین کە هەرهەموویان باوکیان لە چینی فەرمانڕەوەکانن وکەسی هەژاریان تێدانیە ،کەو اتە خوێندن نە بە خۆڕایی بووەو نە بە زۆریش بووە بەڵکو بە ئارەزوو بووەو بە پارە بووە.

- قۆناغی سەرەتایی لای سۆمەریەکان پێی دەگوترا ئەدەبا ولای ئەکەدیەکان بیت نوب و اتە ماڵی تابلۆکان ،خوێندن ونوسین وزمان دەخوێنرا،قۆناغەکەی تر ماڵی حیکمە یان ئومیا ی پێ دەگوترا وز انستەکانی بیرکاری وسیحر و پزیشکی و..دەخوێنرا ..

-قوتابخانە لەسەردەمی سۆمەری پاشکۆی پەرستگا بوو ،بەڵام سەردەمی بابلی وئاشوری پاشکۆی کۆشکی پاشا و میرەکان بوو، وە قوتابخانەی کەرتی تایبەتیش بە پارە هەبوو.

-سەردەمی داگیرکاری کاشیەکان ١٥٩٢-١١٦٠ پ ز هەرچەندە دەوڵەت ومیرنەمابوون ،بەڵام لەو سەردەمەدا بە هۆی گەڕانەوەی بابلیەکان بۆ کەلەپوری دینی وئەفسانەکانیان زۆرڕوویان لەکۆپی کردنی دەقە شیعری وداستانی ودینیەکان کردوە.

-بە ناوبانگترین قوتابخانەکان:

١-قوتابخانەی ئۆرۆک لەوەرەکا کۆنترین قوتابخانەیە لە ٤٠٠٠ پ زتا ٣٠٠٠ پ ززۆر چالاک بووە چەندین تابلۆی لێ دۆزراوەتەوە کە ٢٥٠٠ ووشەیان لە خۆ گرتووە ،گرنگترینیان داستانی گلگامیش بوو ، باسی سەردەمی سەرجونی ئاشوری ٧٣٠-٧٠٥ پ زو بلانسری بابلی ٦٣٠-٦٠٦ پ زکراوە،کەو اتە ئەم قوتابخانە هەزارسالّ پێش دەرکەوتنی سۆمەریەکان دامەزراوەوسامیەکان دایان مەزر اندوە وەدوای هاتنی سۆمەریەکان وبگرە دوای هاتنی شەپۆلی عیلامی و گۆتی وکاشیەکانیش ئەم قوتابخانە تو انیویەتی هەربەردەوام بێ تاهاتنەوەی بابلیە سامیەکان لەدەوڵەتی بابلی نوێدا لە سالّی ٧٣٠ پ زبۆ سالّی ٦٠٦ پ ز..

٢-قوتابخانەی لەگەش لە٣٢٠٠-٢٧٠٠ پ زچالاک بووە ،سازاراکی فەرەنسی لە گەڕانە کانی لە ١٨٧٧-١٨٩٠ زدۆزیەوە لە ناو پەرستگای لەگش بەڵام کتێبخانەکەی نەدۆزیەوە، دو اتر خەڵکی دەڤەرەکە بە ڕێکەوت کتێبخانەکەیان دۆزیەوە کە زۆرباسی نێوان ٣٠٠٠-٢٠٠٠ پ زبووئەم قوتابخانەش کەسۆمەریەکان هاتن دامەزر ابوو لەسەردەمی حوکمڕانی ئەو انیش هەربەردەوام بوو .

٣-قوتابخانەی نیبوور؛نفر:ئەم قوتابخانە هی پەرستگای نیبوور بوو کە تایبەت بوو بە ئینلیلی تاکە پەرستراوی سۆمەریەکان ئەم قوتابخانە لە٢٧٠٠-٢١٠٠ پ ز چالاک بووە ، نێردەیەکی ئەمریکی لە سالّی١٨٨٨-١٨٩٠ زدۆزیەوە ،چل هەزارتابلۆی تێدا بووە ،ناوی لیستی پاشاکان و زۆرێک لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکان وخشتەی لێکدان ونەخشەی شارەو انی نیبۆر وزۆر یاسا و دوو بیلۆگر افیای نوسینە فکریەکان و یاساییەکانی تێدا بووە،ئەم قوتابخانە قوتابخانەی یەکەمی سۆمەریەکان بوو ودو اتر بۆتە ئەرشیفێکی باش بۆوسەردەمە.

٤-قوتابخانەی پەرستگای سیبار:ئەم شارە لەباشووری بەغدا بووە لەنێوان سالّانی ٢٤٠٠ پ ز-٦٨٩ پ ز داو اتە ئەم قوتابخانە لەسەردەمی هاتنی عیلامی وکاشی وگۆتیەکانیش تو انیویەتی بمێنێتەوەولەچالاکی بەردەوام بێ،چل هەزارتابلۆی تێدا دۆزراوەتەوە ،تیایدا باسی چۆنێتی دروست کردن وپەیدا بوونی گەردوون کراوە (عبد الله2020 ص:42-53).

ڕەوشی پەروەردەوفێرکردن لەمیسری کۆن :

مێژووی میسروشارستانیەکی کەڵەکەبوو:

میسریەکان، یەکێك بوون لە شارستانیترین گەلەکانی مێژوو،کۆمەڵێك زنجیرەی پاشایەتی لە میسردا حکومڕانییان کردوە. لە نێوان چوارهەزارساڵ پێش زاین، تا داگیرکردنی میسرلەلایەن ڕۆمەکانەوە. لە سەدەی چوارەمی پێش زاین، ژمارەی دانیشتوانی میسر، بە نزیکەی حەوت ملیۆن کەس مەزەندەکراوە.

گرنگترین دیاردە شارستانیەکانی میسربریتی بوون لە:

١-کشتوکاڵ وئاژەڵ داری دوو کۆڵەکەی شارستانی سەرەتایی :

نیل، ئەو خێرو بەرەکەتە بوە کە هەمیشە کارئاسانییەکی زۆری بۆ کشتوکاڵ کردوە. جوتیارەکان دەیانتوانی بەئاسانی و بەپشتیوانی نیل، بەرهەمێکی زۆرو زەوەندیان چنگ بکەوێت، بەڵام زۆربەی کات لە لایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دەست دەگیرا بەسەرنیلدا و خەڵکەکەیان پێ دەچەوساندەوە. زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارەکان هێندە زۆربو هەنێك جاربانگەشەی خوایەتییان دەکرد،بەڵگەی زۆرهەیە لەدەقە دینیەکان کە کشتوکاڵ و وەرزێڕی پیرۆزیەکی تایبەتی هەبووە ، میسریە کۆنەکان لەسەردیواری پەرستگاکان چۆنێتی ئاودێری و ئامێرەکانی داربڕین و کێڵان وبەرهەم ودانەوێڵە کان و زۆربابەتی تری تایبەت بە کشتوکاڵیان بە ئەرشیف کردوە و وێنەیان کێشاون ،هەروەها ئاژەڵ وگیانەوەروباڵندە کان کە ئەوەندە گرنگ بوون کە هەریەکێ لە خواوەندە بەناوبانگەکان لە سەرشێوەی یەکێک لەو پەلەوەروگیانە وەرانە وێنا کراون .

٢- پیشەسازی لەکەڵەکە بوونی بەرهەمە کشتوکاڵی وئاژەڵیەکان لەدایک بوو:

کاتێ میسریە کۆنەکان بەرهەمی کشتوکاڵ وئاژەڵیان لە پێویستی خۆیان زیادی کرد ، پەنایان بۆبەر وەبەرهێنانی پیشەسازی برد ، پێستە خۆشکردن و جل وبەرگ وڕستن وچنین لە لۆکەو خوری وپێستی ئاژەڵان و چۆنێتی ڕەنگاوڕەنگ کردنی ئەو جل وبەرگ وکاڵایانە و وچۆنێتی عەبارکردن وسازکردنی خۆراک وکەرەستەکانیان لەهۆکارە سەرەکیەکانی دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی بوون،پاشان چۆنێتی

خۆپاراستن لە درندەو دوژمنی دەرەکی و چۆنێتی پاراستنی قافڵەی بازرگانی وخێڵە کۆچەرەکان وئاژەڵەکانیان لە چەتە وڕێگرە کان وای کرد پەنا بۆ داهێنانی چەک و شوڕاو پەناگە ببەن،پێویستیان بە هاتوو چۆو گواستنەوەی کاڵاو پێویستیەکانیان وای کرد بیرلە کەرەستەکانی پێڵاو وگالیسکە وڕامکردنی بارەبەربکەنەوە (حسن2017ص۷-۲۵).

میسرییەکان، لە دێرزەمانەوە ئاشنابون لەگەڵ پیشەسازی، چەکیان دروستکردوە وەك: (قەڵغان، خەنجەر، زرێ .....هتد). مس و قەڵایی و قورقوشمیان تێکەڵ دەکرد و تایەی عەرەبانەیان لێ دروستدەکرد. کرێکارە میسرییەکان، گەچ و چیمەنتۆو خشتیان بەرهەم دەهێنا. شارەزاییەکی باشیان لە مومیا کردن هەبو.

سیستەم و تابوت و کەشتی جو انیان دروست دەکرد. دراوی ئاسن لە ئاڵوگۆڕەکاندا باو نەبو. هەمیشە موچەی فەرمانبەرەکانیشیان، بە دانەوێڵە و نان و هەویرو بیرە دەدا. لە ڕو انگەی دەسەڵاتیشەوە، فیرعەون لە لوتکەی دەسەڵات و حکومڕانیدا بو. ئەگەرخەڵکیش ترسیان لە خەرجی زۆرنەبو ایە، دەیانتو انی سکاڵاکانیان بگەیەننە فیرعەون. یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی پاشاکانی میسر، کە بوبوە هۆکاری لاوازی سێکسیی و نەمانی جێنشینی پاشایەتی هاوسەرگیریی لەگەڵ مەحرەمەکاندابو. تاکە بیانوشیان بۆ ئەم کارە، پاکڕاگرتنی خوێنی بنەماڵەی پاشایەتیی بو، بەڵام ئەم بارە وردە وردە تەشەنەی کردە ناو چینی ئەشراف و بە دەگمەن خەڵکی ئاسایش. فرەژنی تاڕادەیەکی زۆرلەناو میسرییەکاندا ڕێگە پێدراو بو.

بەگشتی خوڕەوشتی میسرییەکان، خوڕوشتێکی باش بوە، گیانی یارمەتیدان و هاوکاریی تێیاندا بەهێزبوە، بەڵام ئەمە نەبوەتە لەمپەرلە ڕێگەی تەماحبازیی و چاوچنۆکییاندا لە بواری خوێندندا پەرستگەکان ڕۆڵێکی باڵایان دەبینی لە فێرکردنی نەوەکانی ئەشرافی کۆمەڵگا،خوێند و فیربونی زانست، لە لای میسرییەکان زۆرگرنگ و پڕبایەخ بوە. کاتێك فێرخوازدەگەیشتە قۆناغی کۆتایی مافی ئەوەی هەبو، بۆ نوسین کاغەزبەکاربهێنێت،لەبەرئەوکاریگەریە زۆرەی ئاین و دەسەڵاتی پیاو انی ئاینی زۆربەی دەقە شیعریەکانی میسر، دەقی ئاینی بوون،کۆنترین قەسیدەی میسری، هەمان دەقی ئاینییە کە بە دەقە ئەهرامییەکان ناودەبرێت. شێوەی ئەم شیعر انە کۆنترین شێوەیە، کە تائێستا ناسراوە.

کاتێك سەیری سەرچاوەکانی مێژوی میسر دەکەین، ناتوانین تووشی سەرسوڕمان نەبین، چونکە میسرییەکان لە هەموکایەکاندا نوسینیان لەپاش بەجێماوە. وەك: (شیعر، فەلسەفە، چیرۆك، ڕامیاری، ئیداری)، هەموشتێکیان نوسیوە .

نوسینەوەی ڕووداو بە ڕادەی خودی مێژو لە میسر پێشینەی هەیە. تەنانەت پاشاکانی پێش زنجیرەکان، بە شانازییەوە بەڵگە و ڕاپۆرتی مێژویان تۆمارکردوە. مێژونوسە فەرمییەکان، لە هێرشی پاشاکاندا هاوڕێیان بون(جیمیز١٩٩٧م ص ١٩-٤٠).

بەهۆی سەختی ژیانەوە وکەمی دەرفەتی فێربون و زۆری داهاتی پەرستگاکان، خەڵکی ئاسای میسر نەیاندەتوانی بە زاستەکانی (ئەستێرەناسیی و ڕۆژژمێری، بیرکاری، پزیشکی، نەشتەرگەریی، تەندروستی)، ئەم زانستانە بە تەواوی قۆرخکر ابوو لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە، بەهۆی ئەوەی لە ژیانێکی ئاسودە و ئارام و پڕلە خۆشگوزەرانیدا دەژیان، بێگومان هەموان باش دەزانن یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکان، بۆ فێربونی زانست تاڕادەیەکی زۆر هەبونی خۆشگوزەرانییە، بە درێژای مێژویش هەرسەردەمێك ژیانی مرۆڤەکان ڕوی لە خۆشگوزەرانی کردبێت، هەل و دەرفەتەکە لەبارتر بوە بۆ فێربون و پێشکەوتنی زانست، تەواوی زانستەکانی میسر، پیاوانی ئاینی بناغەیان داڕشتوە زانست ئەوەندە پیرۆزبوو لای میسرییەکان کە یەکێک لە خواوندە گەورەکان تایبەت کرابووە بە خوای زانستەکان ، نوسین و پێنوس و پێداویستی وهۆکارەکانی نوسین خواوەند و پەرستراوی تایبەتیان هەبوون (دیاکوف، ٢٠٠٠ ص١٤٧-١٥٤).

بێگومان لەوسەردەمەدا، زانستی بیرکاری لە ئاستێکی باڵادابوو، چونکە بەبێ ئەوزانستە نەدەتوانرا هەڕەمەکان هێندە جوان و ئەندازەیی دروست بکرێن. لە بارەی فیزیا و کیمیای میسر، هیچ شتێکی وا نازانین بەڵام شارەزایی میسرییەکۆنەکان لە مۆمیاکردن وبیناسازی وپزیشکی هەموو ئەوەدەردەخەن کە ئەوان لەوزانستانە زۆرشارەزا بوون ،شوێنەوارەکان دەیسە لمێنن کە میسریە کۆنەکان شوشە و قسڵ و مس و زۆرتوخم و مادەی تریان ناسیوەولەشەڕوئاشتیدا بە کاریان هێناون،وئەوشتەی کە لە زانستی ئەستێرەناسی لە میسری کۆن بۆئێمە ڕون بوەتەوە زۆرکەمن. وا هەستدەکرێ کە ئەستێرەناسان، لە پەرستگەکان زەویان وەك زەوییەکی لاکێشی وێنا دەکرد، بۆئەوەی ئاسمان لە بان سەری خۆیان ڕابگرن، لە گۆشەکانیدا کێوبونی هەبو. لە نوسراوەکانی ئەواندا، هیچ ئاماژەیەك بە خۆرگیران و مانگگیران نەدراوە ولەم بارەیەوە بەگشتی لە هاوچەرخەکانی خۆیان لە میزۆپۆتامیا دواکەوتوتربون.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دو اتر پزیشکی میسری، لە ڕادەبەدەر پێشکەوت و تێیدا پیزیشك و نەشتەرگەرو پسپۆڕ و شارەزا پەیدا بون، کە پەیڕەویان لە هەمان یاسای ئاکاری دەکرد، کە نەوە بە نەوە دەگوێزر ایەوە و لە ئەنجامدا سوێندی (بوقر اتی)، لێبەرهەمهات،هەندێ لە پزیشکەکان پسپۆڕی نەخۆشی ژنان و مامانی بون،(جیمیز١٩٩٧، ص٩٠-١٢٥).

ڕەوشی پەروەردەوفێرکردن لەمیسری کۆن :

ب-هزری پەروەردە لای شارستانی هند وچین:

-ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی کۆنی هندستان:

پروسە ی پە روە ردە لە ووڵاتی هندستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، دەتو انین بڵێین ئاین و

پە روە ردە بەیەکەوە دەرکەوتوون ،سەرەتا خوێندن هەربۆ چینی بەرهەمەکان بوو ، بەڵام دو اتر هەموو چینەکانی تری گرتەوە .

قۆناغەکانی خوێندن لە هیندستان :

١-لە پێنج ساڵی تاهەشت ساڵی منا ڵ فێری خوێندن ونوسین دەکرا

٢-لەهەشت ساڵی تا٢٤ ساڵی قوتابی پیرێکی هەڵدەبژاردو لەو١٦ ساڵە قوتابی دەبوە خزمەتکاری مامۆستاکەی و بەرامبەر بەمەش مامۆستا هەر پێنج ز انستی :ڕێزمان، پیشەسازی ،هونەرەجو انەکان، پزیشکی، لۆژیک ی فێردەکرد

پەندێکی هیندی فێربوون دەکاتە چوار بەش ودەڵێ:

-چوار یەکی فێربوون لەمامۆستاوەیە.

-چوار یەکی دووەم هەوڵی خودی مرۆڤەوەیە.

-چوار یەکی سێیەم هەوڵی قوتابیە .

-چوار یەکی چوارەم لەڕێگەی ئەزمونی برادەرانەوەیە (عزیز٢٠١٧ل٥٩).

شیوە ی خویندن وو انە و وتنەوە، لە قوتابخانە و ناوە ندە بالاکانی خویندن لە هندستاندا لە شیوە ی بازنە یی بووە و اتە ماموستا لە سە ر بە کویدك دانیشتووە و قوتابیە کان بە شیوە ی بازنە بە دە وریدا دانیشتوون، بە شیوە ی گوی بگرە و ببینە و بەتلقین و انەکانیان لەبەرکردوە، بەڵام خوێندن تەنها بۆ نێرینەکان بوو و مێینە یاساغ بووە کەبخوێنن ، پیاوەخوێندەوارەکان بۆیان نەبوو قسەلەگەڵ ژنان بکەن ونەدەبوو هاوسەرگیری بکەن ، ئەوقوتابیانەی کاری سێکسیان لەگەڵ ژن بکردایە بۆسنڵێک پێستی گوێدرێژیان لەبەردەکراو لەکۆڵانەکان ڕادەنوێنران، ئەم ڕێکار انەی خوێندن وەک ئاین پەیڕەودەکرا(هەورامی ٢٠٠٨:ل١٢٠).

ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە چینی کون :

پە روە ردە لە چینی کوندا نامانجی سەرە کی پیگە یاندنی منداڵان بوو لە سدربیروباوەری کۆن کە جیگیربوو نە دە بوو بگۆڕدرێ ، پیویست بوو هە موان شارە زای بن بێگومان کە باسمان لە چینی کون کرد پیویستە ئاماژە بە کە سایە تیە ك بکە ین، کە سە رتاپای بوارە کانی ژیانی چینیە کانی گۆڕی و تاوە کو ئیستاش کاریگە ری ی لە سە ریان ماوە لە بوارە کانی ئاینی ،سیاسی ،کومە لایە تی پە روە ردە یی... ئە ویش کونفوشیوس(٥٥١-٤٨٧ پ. ز). ناوبراولە تە مە نی بیست و دوو سالیە وە لە ماڵە کە ی خۆی دە ستی کردوە بە و انە وتنە وە لە بابە تە کانی میژوو- ئە دە ب - فە لسە فە - ئاین....سە رە تا قوتابیە کانی کە م بوون بە لام هە رکە بلیمە تی و زانایە تی بلاوبویە وە ژمارە ی قوتابیە کانی گە یشتە هە زاران و پلە و پایە یی بە رزی دە وڵە تیان وە رگرت، خودی کونفوشیوس یش چە ندین پۆستی حکومە تی وە رگرت تاوە کوگە یشتە پلە ی سە رۆك وەزیر انی وڵات لە ئە نجامی شارە زایی و گرنگی پیدانی بە کشتوکاڵ وباری ئابووری وڵاتی باش کرد و خە لکی لە نە هامە تی قاتوقری و گر انی رزگارکرد کە تێی کە وتبوون،پلە و پیشە ی ماموستایە تی لە هە موو شت لا پیروزتربوو، لەم ڕوە وە چەندین پەندی بە ناوبانگی هە یە لە و انە:

- فێرکردن تا کە ڕێگە یە کە شارستانی بو مروڤ دابین بکات هویە کی نمونە یشە بو چە سپاندنی ڕە وشت و نە ریتە کان وسیستمە لە بارە کانی ناوکۆمەڵگا .

- ئەوەی بیەوێ پایەداربێ و خۆی ڕۆشنبیربکات، دەبێ پەنا بەرێتە بەرفێرکردن.

- پارچە تابلویەك نابێتە تابلویەکی جوان ئەگەر بەڕنین جو انی نەکەیت ، هەر بەشێوەیەش خە لك ناتو انن هەست بەگرنگی یاسا و ڕەوشتی باش بکەن ئەگەر فێرنەکرین .

- پادشا کۆنەکانی چین بۆ سەقامگیری کومەڵایەتی هاولاتیانیان پەنایان بردوەتەبەر پەروەردە و فێرکردن ، بەردەوام داو ایان کردوە لە هاولاتیانیان بێزاری نەنوێنن لەفێرکردن، چونکەکەسی خوێندەوار چێژ لەکرداری باش وە ردە گرێت هەروە ك چۆن مرۆڤ چێژلە خواردنی بەچێژوەردەگرێت .

-فێرکردن نیوە ی فێربوونە.

-کرداری فێرکردن و فێربوون هەریەکەیان ئەوی تریان پاکژدەکاتەوە.

کۆنفوشیوس پێی و ابووە پیشە ی فێرکاری تەنها بۆ قوتابی سوودی نیە بەڵکو مامۆستاش وا لێ دەکات کەم و کورتیەکانی خۆی بز انێت (عزیز،٢٠١٧ل،٥٣-٥٤).

لە چینی کۆندا یاساکانی پە روەردە وەك یاسا ئاینیەکان و ابوون نەدەبوو کەس لێیان لابدات بەلای ئەو انەوە شارستانیەت بەرهە می پەروەردەیە و بەردەوامیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کردار و گوفتاری چاکەیە بۆیە وەك یاسایەك لەهەرگوندێك بیست وپێنج ێیزان ژیابن دە بوو قوتابخانە ی سە رە تاییان بۆ بکرێتە وە و لە هە رشاروچکە یە ك ژمارە یان بگاتە پێنج سەد خێزان قوتابخانە ی دو اناوە ندی دە کر ایە وە هە رهەرێم و دەڤەرێکی کە دووهە زار و پینج سەد خێز انی تێدا ژیابا ز انکۆی تێدا دەکر ایەوە ، هە موو قوتابیەك دەیتو انی بچێتە قۆناغی سەرە تایی و دو اناوەندی بەڵام تەنها بەهرەمەند و زۆرزیرەکەکان دەچوونە ز انکۆ(ئالانی ٢٠١٥:ل٤٦-٤٧).

قۆناغەکانی خوێندن لەچینی کون :

١- قۆناغی سەرەتایی بەقوتابخانەی گوندەکان ناودەبرا ، لە١٠ساڵی بۆ١٣ساڵی بوو

قوتابی فێری خوێندنە وە و نووسین وژماردن دە بوو، بۆ هە لسە نگاندنی قوتابیە کان ماموستایان تاقیکردنە وە ی مانگانە یان ئە نجام دەدا و لەکۆتایی سێ ساڵەکەشدا بەسە رپەرشتی حکومەت تاقیکردنەوەی گشتی بۆ قوتابیەکان ئەنجام دەدرا .

دووەم قۆناغی دو اناوەندی خوێندن حەوت ساڵ بوو، بۆ دوو کۆرس دابەشکر ابوو.

ا-قۆناغییەکەم چوارساڵ بوو لەتەمەنی١٣ساڵ هەتاکو١٧ساڵ لە کۆتایی ساڵی چوارەم تاقیکردنەوەی ئەنجامدەدا و قوتابی سەرکەوتوو بڕو انامە ی (دبلومی بچووکی پێ دەبەخشرا.

ب-قۆناغی دووەم سێ ساڵ بوو لەتەمەنی ١٧ ساڵی بۆتەمەنی ٢٠ ساڵ بابەتەکانی فەلسەفەو ئاین و یاسا و کشتوکاڵ و و هۆنراوە خوێندراوە و برو انامەی (دبلۆمی گەورەی پێدەخشرا.

سێیەم خوێندنی باڵا:

یا خود خوێندنی زانکۆیی لێرە دا خوێندکارە زورزیرەك و بەهرەدارەکان لەتەمەنی بیست سالی پەیوەندیان پێوە دەکرد تێردا زانستە سروشتیەکان و لێخورینی گالیسکە و سروتەئاینیە کانی کۆنفوشیوس کە بریتی بوو لە هەرنۆکتێبەکەی دەخوێندرا بۆئاساني کرابوون بەهۆنراوە.

دوای زانکۆ سێ تاقیکردنەوە هەبوو :

١-تاقیکردنەوەی یەکەمی بوون بەفەرمانبەر: خوێندکاربۆ ماوەی ڕۆژێك دەبر ایە ژووڕێکی تایبەتەوە داوای لێدە کرا سێ نامە لە سە رکتێبەکانی کۆنفوشیوس بنوسێ

٢- تاقیکردنەوەی دووەمی بوون بە فەرمانبە رچوار مانگ پاش تاقیکردنە وەی یەکەم

ئەنجامدەدرا ڕێژەی دەرچوون لەم تاقیکردنەوە یەدا کەم بو.(هەورامی ، ٢٠٠٨ ل ١٢٢)، تاقیکردنەوەی سێیە می بوون بە فەرمانبەر:

ئەم تاقیکردنەوە لە پایتەخت دەکرا سێزدە ڕۆژی دەخایاند، بۆزانینی ڕێژەی دەستپاکی وخاکی بوون وخۆنەویستی وسپاردە پارێزی بوو ، هە ریە کێك لەو تاقیکردنەو انە بۆبەدەستهێنانی پلەیەکی فەرمانبەری بوو.(عبد الخالق، ٢٠٠١ ل ،٦٣).

لەولاتی چیندا کومەڵگا بەخێزانێك دەچوێنرا و مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێکانیدا هاودەرد و هاوبەش

وێنادەکرا، هەربۆیە (چینیە کان) مرۆڤیان بەگرنگترین ڕەگەزوتوخم دەزانی ،وە پە ڕوەردە شیان بەپروسەیەکی گرنگی بەکۆمەڵایەتیبون دادەنا و پێیان وابوو پێویستە گرنگی بە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی کۆمەڵگەبدرێ و هاوکاری و هەماهەنگی و هەڕەوەزی بەردەوام بێ ،کلتوری نووسراوی چین بە پێچە وانە ی هیندستانی کۆن جە ختی لە سە رژیانی کۆمەڵایە تی مرۆڤ دەکردەوە، هە وڵی دە دا پەیوەندیەک لە نێوان سروشت وکومە ڵگە دا دابمە زرێنێت (موحسنی، ٢٠٠٢، ٣٨٣).

—

لیستی ژێدەرو سەرچاوەکانی یەکەی یەکەم :

ژێدەرو سەرچاوەعەرەبیەکان :

١-الغامدي، عبد الرحمن عبد الخالق بن حجر،مدخل إلى التربية الإسلامية/ عبد الرحمن عبد الخالق بن حجر الغامدي،ناشر: دار الخريجي - الرياض 1418.

٢-أ ب د.عمر أحمد الهمشري ، مدخل إلى التربية (الطبعة الأولى)، الأردن: دار صفاء للنشر والتوزيع، (2001).

٣-محمد حسن العمايرة ،التربية والتعليم في الأردن منذ العهد العثماني حتى عام الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الأولى١٩٩٧-١٩٩٩.

٤-ابراهيم ناصر، مقدمة في التربية (الطبعة الأولى)، الأردن: دار عمار للنشر و١٩٩٩.

٥-رجب بو دبوس تبسيط الفلسفة (الطبعة الأولى)، ليبيا- بنغازي: الدّار الجماهيريّة للنشر والتوزيع والإعلان(1425هـ).

٦-منير البعلبكي ود.روحي البعلبكي . قاموس المورد دار العلم للملاين ط١٢ 2007م

٧-التربيَّة في الإسلام للدكتور احمد فؤاد الاهو اني 22-ط-2.دار المعارف القاهرة1968.

(الاهو اني:1968 ل22)

٨-الراغب الأصفهاني ، (1412هـ / 1992م) . مفردات ألفاظ القرآن . تحقيق : صفوان عدنان داوودي ، دمشق : دار القلم .

٩-مقداد يالجن ، (1406هـ) ، جو انب التربية الإسلامية الأساسية عالم الكتب للنشر١٩٨٦ الرياض ط١،

١٠- مقداد يالجن ، (1409هـ) ، أهداف التربية الإسلامية وغاياتها ، ط (2) ، الرياض : دار الهدى للنشر والتوزيع .

١١-ابن الأثير، أبو السعادات المبارك بن محمد الجزري (ت 606 هـ/ 1189م (النهاية في غريب الأثر، تحقيق طاهر أحمد الزاوي ومحمود محمد الطناحي، بيروت، المكتبة العلمية، 1399هـ /1979م، [1-5]، 2، باب الراء مع الباء، 450.

١٢-خالد حامد الحازمي /أصول التربية الإسلامية. ،. دار عالم. الكتب، الطبعة الأولى، المدينة المنورة،. 1420. هـ،. صص 23

(١٣) موسوعة الفلسفة والفلاسفة للدكتور عبد المنعم الحفني ب ٢ ، ل ٩٨٣. والمعجم الفلسفي المصطلح الفلسفي عند العرب، للدكتور عبد الأمير الأعسم، ٢٠٦.

(١٤) المعجم الفلسفي، جميل صلبيا، ل ١٥ ومبادئ الفلسفة، أ.س. رابوت، ل ١٨.

١٥--علي إدريس : مدخل إلى علوم التربية /

مكتبة العبيكان الرياض 1405هـ)

١٦-- الراغب الأصفهاني ، (1412هـ/ 1992م) . مفردات ألفاظ القرآن . تحقيق : صفوان عدنان داوودي ، دمشق : دار القلم .

١٧-- محمد بن إسماعيل البخاري ، (1407هـ) ، صحيح البخاري ، تحقيق : مصطفى البغا ، ط (3) ، بيروت : دار ابن كثير.الرقم:2547

١٨- أبو عيسى الترمذي ، (د . ت) ، سُنن الترمذي ، تحقيق : أحمد محمد شاكروآخرون ، بيروت : دار إحياء التراث .

١٩-فيض القدير المناوي - محمد عبد الرؤوف المناوي

٢٠--كتاب روض الأخيار المنتخب من ربيع الأبرار/[الأماسي]

٢١-أحمد شلبي ، (1978م) ، التربية الإسلامية نظمها - فلسفتها - تاريخها ، ط (6) ، القاهرة : مكتبة النهضة المصرية .

٢٢-محمد الغزالي ، (1400هـ) ، نظرية التربية الإسلامية للفرد والمجتمع ، ضمن بحوث ندوة خبراء أُسس التربية الإسلامية المنعقدة بجامعة أم القرى في مكة المكرمة خلال الفترة من 11 – 16 جمادى الثاني 1400هـ. مكة المكرمة : جامعة أم القرى ، مركز البحوث التربوية والنفسية .

٢٣-أبو الفداء إسماعيل بن كثير، (1414هـ) ، تفسير القرآن العظيم ، ج (4) ، ط (2) ، بيروت : دار الخير للطباعة والنشر والتوزيع .

٢٤-محمد خير عرقسوسي ، (1419هـ) ، محاضرات في الأصول الإسلامية للتربية - المبادئ العليا ، بيروت : المكتب الإسلامي .

٢٥-- محمد منير مرسي ، (1421هـ) ، التربية الإسلامية أصولها وتطورها في البلاد العربية ، القاهرة : عالم الكتب

٢٦- فتحي علي يونس وآخرون ، (1999م) ، التربية الدينية الإسلامية بين الأصالة والمعاصرة ، القاهرة : عالم الكتب .

٢٧-كريم متي/الفلسفة اليونانية .دار النهضة العربية لبنان 1993

٢٨-يحيى هويدي.مقدمة في الفلسفة العامة ، ط٣ دار الثقافة مصر عام ١٩٨٩

٢٩-ألاهواني، أحمد فؤاد.الكندي إلى المعتصم بالله في الفلسفة"مكان النشر: القاهرة1970

٣٠-ديكارت-ترجمه د عثمان امين (1960)، مبادئ الفلسفة (الطبعة الاولى)، مصر: مكتبة النهضة المصرية، صفحة: 12، جزء: 1.

٣١-ابن سينا: "الشفاء" - تأليف ابن سينا.

دار التراث. 1972المحقق: عبد الرحمن بدوي.

ص. 155 - 160.

٣٢-ابن رشد: "فصل المقال" - تأليف ابن رشد.

دار الفكر. 1996.المحقق: محمد عابد الجابري.

ص. 60 - 65.

٣٣-الثقافة البدائية تر:د. محمد عارف

دار الشؤون الثقافية العامة (بەغدا)، دار التنوير (بەیروت)ل١

٣٤- دراسات في الثقافة الإسلامية ، د. رجب سعيد شهوان١٩٩٠ دار السلام (قاهره) ل: ٢١-٢٣

٣٥-أصول التدريس . د. محمد عطية خميس،

٣٦-طرق التدريس العامة.د. سعيد حسام الدين

٣٧-علم النفس التربوى. د. على مدكور

ژێدەرو سەرچاوەکوردیەکان :-

١-صلاح الدين أحمد. فەلسەفە لەنێوان ئیسلام وخۆرئاوادا .ریکخراوی ئاستانە چاپی یە کە م ٢٠٢٣

٢-مەجید کاکە وەیس، باسێک لە بنەمای پەروەردە و فێرکردن و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم 2008، دهۆک.

٣-زانەر محمد .ئۆکسفۆردی نوێ دەزگای چوارچرا 2011ز

٤-عزیز ئالانی .فەلسەفەی پەروەردە ، چاپخانەی چوارچرا چاپی دووەم ٢٠١٥

٥-شێخ محمدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ دەزگای ئاراس هەولێر٢٠٠٥ز

٦-شرفکەندی عبدالرحمن (هەژاری موکریانی). هەمبانە بۆرینە دەزگای سروش تاران ١٣٦٩ چاپی دووەم .

٧-گیوی موکریانی . فەرهەنگی کوردستان .دەزگای ئاراس ،هەولێر چاپی یەکەم ١٩٩٩ز

٨-فەرهەنگی ئازادی. (باشترین فەرهەنگی ئینگلیزی بۆ کوردیی.) دانانی: د. ڕەشید قەرەداغی.

٩-فوئاد قەرەداغی/بەرەوگوتاری پەروەردەیی نوێ/سلێمانی/2002)

١٠-عزیز ئالانی: پە رو ەردە ی منداڵە کانمان

چاپخانە چوارچرا: ٢٠١٤ ز

١١-کریم ئەحمد عزیز.بنەماکانی پەروەردە .

دەزگای نارین چ١ ٢٠١٧ز

یەکەی دووەم :

جیاکەرەوەو تایبەتمەندیەکان وچەشنەکانی پەروەردەوفێرکردن وڕۆشنبیری.

جیاکەرەوەو تایبەتمەندیەکانی زانستی پەروەردە:

پەروەردە پەیوەندی بەگەوهەروکرۆکی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ بەپەروەردەوەولە ئاژەڵان جیابۆتەوە، پەروەردە لەتایبەتمەندیەکانی زانست وعەقڵ وهۆشە کە زانست وعەقڵ وهۆشێش تاجی ئادەمیزادەوبەوهۆیەوە فریشتەکان کرنوشیان بۆ باوکمان ئادەم برد چونکە لەوان زاناو عاقڵ تربوو،جاکە ئەوز انینە باوکمانی لە مەلەکوتی باڵاکردە بونەوەرێکی ناوازەو هەڵبژاردە، وەهەرهەمان عەقڵ وز انایی بوو کەلەسەرزەویش بەدرێژ ایی هەزاران ساڵ بەرگی شەرم وشکۆو سەرداری وڕەوشت بەرزی لەسەرزەوی لەبەرکرد، ئالێرەدا پەروەردە هەمیشە ئادەمیزادێتی مرۆڤ نوێ دەکاتەوەو هەڵبژاردەیەکەی دەمزەرد دەکاتەوەومەبەست وبنەماکانی مرۆڤ بوونی بە بیر مرۆڤ دێنێتەوە، چونکە یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئادەمیزادی زاناوعاقڵ پەروەردەیە کەمرۆڤ لەبونەوەرانی ترجیادەکاتەوە.

پەروەردە دەیسەلمێنێ کە مرۆڤ ویستی گۆڕانکاری وشیانی بەرەوپێش چونی هەیە، کەو اتە مرۆڤی پەروەردە نەکراو بێ ویست ودەستەوستانە،چونکەنەزانە،نەزانیش بێ دەسەڵاتە،نەزانی لایەنی ئاژەڵی لەمرۆڤدا پێشدەخا وبەرەوبەدکاری دەبا،بەڵام زانست لایەنی پەروەردەی کامڵ بوون دەردەخا.

یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ،ئەوەیە کە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، کۆمەڵ بوەکانیش پێویستیان بە لەگەڵ یەک هەڵکردنە،ئەمەش پێویستی بەپەروەردەیە، کەو اتە هەم زانست وهەم کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ خوازیاری ئەوەن کەمرۆڤ پەروەردەکراوبێ.

بونەوەرە کۆمەڵایەتیەکە هەمیشە نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری لە ژیانیداهەیە، لەبیروهۆشیدا، لە تێڕو انین و هەڵس وکەوتیدا، لەهۆکاروشێوەی ژیانیدا بەهۆی پەروەردەوە، بەهۆی ڕۆشنبیری وفێربوونەوە نوێ دەبێتەوە .

کەو اتە مرۆڤ بونەوەرێکی پەروەردەکراوی کاراوکۆمەڵایەتیە ، گونجاوەلەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەی .

چونکە پەروەردە گرنگترین هۆکارە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگاکان ، بۆیە پسپۆڕان هەوڵیان داوە گرنگترین تایبەتمەندی وجیاکەرەوەکانی دیاری بکەن کە ئەمانەن:

١- ئاوێتە بوونی هەنگاوەکانی پەروەردە بە هێماو بەهاوپیرۆزە دینی و ڕوحیەکان، دین وبەهاکان وپیرۆزیەکان وپەروەردە هاوبەشن وکۆمەڵگای دوور لەدین هەرگیز پەروەردەکراووخاوەن بەهاو پیرۆزی نیە.

٢-دووركەوتنەوە لە پاڵەپەستۆو فشار: پەروەردە وڕامکردن و اتە نەبوونی فشاروپاڵەپەستۆ، چونکە فشاردەبێتە هۆی زەوت کردنی ویست وئیرادە و بەزۆرپێ کردن، کەئەمەش نابێتەهۆی پابەندی کەسەکە بەو شتانەی بەزۆردەسەپێنرێن وبگرە هەمیشە هەڵوێستی نەرێنی دەبێ بەرامبەری و دەبێتە گرێیەکی دەروونی لەناخیدا..

٣-یەکێک لە سیما جیاکەرەوەکانی پەروەردە ئەوەیە کە پەیڕەوو ڕێوشوێنێکی و اقعی و قابیل بە جێبەجێ کردنی هەبێ وبنەماکانی خەیاڵی و ووهمی و تۆباوی نەبن وهەرخۆزگەوبریا نەبێ، بەڵکو دەبێ میکانیزمێکی ڕۆشن وئاشکرای هەبێ ولە گەڵ تو اناوتەمەن ولێوەشاوەیی زۆربەی مرۆڤەکان بگونجێ وئاسان بێ ولەسەدا هەشتای کۆمەڵگاکە بتو انن بیچەسپێنن وپێوەی پابەندبن، تەنیا پەیڕەوی کەمینەیەکی هەڵکەوتوو ڕیزپەڕی ناوازە نەبێ..

٤-بوونی سیفەتی بەردەوامی کەبەکەڵکی هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ بێ ، تەنیا پەیڕەوی چەندسااڵێکی تەمەن نەبێ و سااڵانێکیی دوورودرێژیش پشتگوێ بخا. وە بۆ هەموو چین وتوێژوو چینێکی کۆمەڵایەتی لەباربێ وبۆچەندەهاجارولەچەندین چاخ وشوێندا قابیلی دووبارەبوونەوەبێ .

٥-گشتگیربێ و تەنیابۆ لایەنێک نەبێ ولایەنەکانی ترپشتگوێ بخاتاکو هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا ببوژێنێتەوەو پێشیان بخا.

٦-کۆگیربێ و اتە بۆهەموو چین وتوێژو نەتەوەوڕەگەزەکانی سەرزەوی گونجاوبێ .

جۆرەکانی پەروەردە:

پەروەردە چەندین جۆری دابەش کردنی هەیە:

ا-دابەشکر انی دامودەزگایی ،دابەش دەبێ بۆ:

١-پەروەردەی نیزامی وفەرمی ومیری وخوێندنگایی:

ئەو خوێندنە کە میری لە قۆناغی بنەڕەتیەوە تاکو زانکۆو پاشان خوێندنی باڵالەهەموو بوارەکانی زانستە سروشتی ومرۆڤایەتی وپیشەیی و دینی و وەرزشی یەکان پسپۆڕی تایبەت لەهەموو بوارەکان بەکۆمەڵگا دەبەخشێ وەک مامۆستای هەموو مادەوقۆناغەکان وپزیشک وکارمەندانی تەندروستی مرۆڤی و ئاژەڵی وکشتوکاڵی وئەندازیاروکارگێڕوسەربازو ومامۆستای ئاینی وفەرمانبەران،،،هتد

٢-پەروەردەی ناحکومی و نانیزامی:ئەم پەروەردە کە یانە وەرزشی ویانەکانی لاوان بۆڕۆشنبیری و وەرزشی و دامەزراوەدینی وبانگخوازی ولاهوتی وڕەوشتیەکان بۆبەهێزکردنی چەند لایەنێکی تایبەت بەکاری دێنن ،بۆنمونە یانە وەرزشیەکان پەروەردەی لاشەیی دەکەن وچەندین جۆریاری وپێشبڕکێیان هەیەویاریزان وپاڵەو انی بەناوبانگ پێشکەش بەکۆمەڵگادەکەن .

یانە ڕۆشنبیریە دینیەکان بانگخوازو وشارەزای بواری دین وبانگەوازوگوتاربێژووزانایانی قورئان وفەرمودە پەروەردەدەکەن،،،،هتد

٣-پەروەردەی بەردەوام :ئەم پەروەردەش هەروەک پەروەردەی سەرەوە یە بەڵام ئەمە تایبەت نیە بەهیچ تەمەن وڕەگەزومەرچی بڕو انامە ی تێدانیە وتامردن ماف دەدرێ بەهەموو کەس کە خەریکی فێربوون بێ.

ئەم جۆرە پەروەردە هی و ایەبە مەبەستی گەیشتن بەتایبەتمەندیەک دەخوێنێ وهی واشە خوێندن لای ئەوخولیاو پەرستشەوهیچ مەبەستی نیە.

تایبەتمەندیەکانی پەروەردەی ئیسلامی:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

١-ڕەبانی بوون:پاڵدرانی پەروەردەی ئیسلامی بۆلای پەروەردگار،تا هەموو مرۆڤەکان کە یەکسانن لەبەرامبەرپەروەردگاربەهەموو دین وتوێژونەتەوەکان وەک چۆن ئیسلام مافی دادگەری دەدابەهەموویان بەیەکسانی مافی پەروەردەش مافی هەموو مرۆڤێکە، وەتاوەکوکرداری پەروەردە بە پیرۆزسەیربکرێ.

٢-گشتگیری وجیهانی بوون:دەبێ هەموو لایەنێکی ژیان بگرێتەوەو بۆهەموو مرۆڤایەتیش بێ.

٣-میانڕەوەی:شلڕەوی وتوندڕەوی هەردووک مرۆڤ وپەروەردەو ڕەوشت لە گرێژەنەدەترازێنن و مامناوەندی ومیانڕەوی خواستێکی سەرەکی ئیسلامە.

٤-و اقیعی بوون وخەیاڵی نەبوون،دەبێ پەروەردە تەنیابۆکەسانێکی کەمی ڕیزپەڕوناوازەنەبێ ،بەڵکودەبێ بۆزۆربەی تاکەکان بەکەڵک بێ .

جۆرەکانی پەروەردەلەئیسلامدا:

١-پەروەردە بەتێبینی وچاودێری وبەدواداچوون ولێپێچینەوە.

ئەم پەروەردە لەفەرمودەوهەڵس وکەوتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەڵ یاوەرانی ڕەنگیداوەتەوە، ئەو خشت بەخشت دیواری بیروباوەڕوڕەوشت و پەرستشی یەکەکەی هاوەڵانی داناو چاودێری وردی دەکردن و بەنەرمی هەڵەکانی بۆڕاست دەکردنەوە،بەڵام ئەو بەدواداچوونە سیخوڕی لەسەرکردن وبێ متمانەیی نیە ونابێ پەروەردەکارو ابۆ خوێندکارەکەی دەرخا ،بەڵکو دەبێ وای بۆ دەرخا کە ئەو لەبەرخەم خۆری بۆئەو هەمیشە بەتەنگیەوەیەتی.

٢-پەروەردەکردن بە دووبارە کردنەوە:پێنج نوێژی ڕۆژدەمانشو اتەوەو وەک ئەوەیە کە پێنج جارلەڕووبارخۆبشۆین، دووبارەکرددنەوەی ورد وزکرەکان ، ئەمەنەک بۆپەرستن بەتەنیا،بۆهەڵس وکەوتیش دوبارە کردنەوە زیاترەدچەسپێ،

تالە منالْ دەبێتە خۆرسک وئاسان دەبێ لای..

٣-پەروەردە بە ئاماژە پێ کردن:لەکاتی هەڵە کردن دا ڕووسووربوونەوەیەکی پێغەمبەرعلیه السلام یان پشت تێکردنێک ،یان گوتەیەکی ناڕاستەوخۆبەس بوو بۆوازلێ هێنانی

٤-پەروەردە بەئامۆژگاری:ڕۆشنکردنەوەی ڕاستیەکەو بێدارکردنەوەی ویژدان بەسە بۆڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەشێوەکانی ئامۆژگاری .

٥-پەروەردە بەچیرۆک،چونکە شێوازێکی سەرنجڕاکێشە.

٦-ئامۆژگاری بە گفتوگۆودایەلۆک ،ئاگاداری دەکاتەوەوبێزاری دەڕەوێنێتەوە.

٧-ئامۆژگاری بە پەندی پێشینان وقسەی نەستەق.

و اتاکان نزیک دەکاتەوەو درێژدادڕی تێدانیە.

٨-ئامۆژگاری بەباسی ڕێ وشوێنی پێشینەکان وهەڵس وکەوتو شێوەژیانی سەرمشقەکان، وەدەبێ پەروەردەکار هەرکەسێ بەئەندازەی هۆشی خۆی بدوێنێ وتوشی بێزاری نەکا.

٩-ئامۆژگاری لەکاتی کە کەسەکە بەتەنیایەولەناوخەڵک نیە، وەئامۆژگاری لەکاتی نەخۆشی ولاوازی و مەینەت بەسەرهاتن دڵ ناسک دەبێ و ئامۆژگاری لەگەڵ دڵدانەوە ئاوێتەبکرێ باش جێی خۆی دەگرێ.

١٠-پەروەردە بە ترساندن و تامەزرۆکردن:

دەبێ تامەزرۆکردن پێش بخرێ،باشترین تامەزرۆکردنیش بە پاداشتی نەبڕاوەی دواڕۆژە

وەلەکاتی هەڵەی گەورە کەبەنەزانی کرابوو ،کەسەکە حەرامی ئەوکارەی نەزانیبوو بەهێمنی بۆی ڕاست کەوەوتێ بگەیەنە وسەری دنیای لێ مەهێنەوە یەک، نمونەی ڕاستکردنەوەی هێمنانەی پێغەمبەرعلیە السلام بۆقەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عبادە،کەسوجدەی بۆپێغەمبەربرد، وەئەو انەی داوای زات ئەنو اتیان کرد،،وەزۆری تریش لەوبابەتە کە پێغەمبەربێ کافرکردن وداوای شهادەهێنانەوە ئامۆژگاری کردن وهەڵەکەی ڕاست کردنەوە.

وەلەو هەڵانی حەدیان تێدایە دەبێ کەسەکە پێشدا پێی گوتر ابێ وئاگادارکر ابێ ،چونکە نەزان عوزری خۆی لەگەڵ خۆیەتی،وەلەڵێدانیش نابێ لەدەم وچاوو زگ و شوێنی زیان گەیەنەربدرێ.

تایبەتمەندیەکانی فێرکردن:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

١-فێرکردن والەتاک دەکاهەڵوێستی پێشووی کەلەسەرفێربوونی هەڵەبنیات نابووبگۆڕێ.

٢-فێربوون وادەکاکارلێک لەنێوان تاک وژینگەکەی دروست بێ،بۆیە تاکەکان ومیللەتان بەپێی ئاستی فێربوونیان کارلێکیان لەگەڵ سروشت جیاوازە.

٣-فێربوونی ڕاستەقینە لە منالێ تامردنەوتایبەت نیە بەقۆناغێکی تەمەنەوە.

٤-فێربوون بە پلەبەپلەو کەڵەکەبوون دەبێ ومرۆڤ لەمنالیەوەتاگەورەبوون لەوقۆناغانەتێدەپەڕێ ولەهەرتەمەنێک بەهرەی تازەفێردەبێ.

٥-فێربوونی بە مەبەست هەیە کە مرۆڤ هەوڵی بۆدەداو فێربوونی نامەبەست کەلە هەڵوێستێکدا مرۆڤ ڕێی تێدەکەوێ وپێیەوەکاریگەردەبێ.

٦-فێربوون هەمیشە لەپەرەسەندن وگۆڕانکاریدایە.

جۆرەکانی فێرکردن:

فێربوون دەکرێتەدووبەشی سەرەکی:

١-خوێندنی ئاسایی:خوێندنی ناوپۆل

٢-خوێندنی ئۆنلاین.

خوێندنی ئاسایی دابەش دەبێ بۆ:

١- خوێندنی ئامادەیی.ئەکادیمی

٢-خوێندنی پیشەیی ،پیشەسازی وبازرگانی وکشتوکاڵی و،،هتد

٣-خوێندنی کاری دەستی وەک ڕستن وچنین و چاکردنەوەی ئامێری ئاڵۆز.

جۆری دووەم خوێندنی ئۆنلاین، کە خوێندنی ئینتسابیش هەرجۆرێکە لەوخوێندنە،

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

کەبەهۆی ئەنتەرنێت وتەلەفزیۆنی پەروەردەیی ولاپتۆپ وخوێندنی ئاوێتە..

تایبەتمەندیەکانی ڕۆشنبیری:

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ئەوەیە کەدەتوانێ ڕۆشنبیری دوست بکاوبیپارێزێ،گرنگترین تایبەتمەندەکانی ڕۆشنبیری:

١-ڕۆشنبیری مرۆڤایەتیە:کەواتە ڕۆشنبیری تایبەتە بە مرۆڤ ،چونکە تەنیامرۆڤ تو انای داهێنانی هەیە.

٢-ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیە:ڕۆشنبیری بەهۆی کارلێک وپەیوەندی دروست دەبێ لەنێوان ژینگەی کۆمەڵگا،ڕۆشنبیری کۆڕی کۆمەڵگایەوڕۆشنبیریەکان لەکۆمەڵگاونەتەوەودینیک بۆیەکێکی ترجیان،

٣-ڕۆشنبیری گەڕۆک وگوازراوەیە.:لەنەوەیەک بۆنەوەیەکی تردەگوێزرێتەوە بەهۆی فێرکردن، هەروالەژیارێک ونەتەوەیەک بۆنەتەوەیەکی تریش دەگوێزرێتەوەبەفێرکردن.بۆیە هیچ کات شارستانی وژیارەکانی مرۆڤ لەسفرەوە دەستیان پێ نەکردوە.

٤-ڕۆشنبیری هزروکارە:وابەستەیە بە مادەوهزروکۆمەڵگاوهێماکان،کاریگەرەلەسەرژینگەودیاردەکان وبوارەکان وئامرازودامزراوەکان،مرۆڤ زمان وهونەروفێربوونی پەرەپێدا.

ڕۆشنبیری گۆڕاوو پێکەوەلکاوە ولە پەرەسەندنی بەردەوامدایە.

٥-ڕۆشنبیری ناوەرۆکی هەمەچەشنە:جیاوازی ناوەرۆکی ڕۆشنبیری جاری و ایە تاپلەی بەریەک کەوتنە.

٦-شێوازی ڕۆشنبیرەکانی نێوان ژیارودینەکان ڕوکەشی جیاو ناوەرۆکی وێک چوە،بۆیە کارلێک دەکەنێ.

تەکنەلۆژیا کاریگەرە لەسەرڕۆشنبیریەکان و وێکداچوون وگۆڕانیان ،وەدیاردەی جیهانگیری ودنیاگوندێکی بچوکە دێنێ.

چەمکەکانی ژیاروشارستانی وڕۆشنبیری هەرچەند لەپێناسەو تیۆردەگوترێ جیان بەڵام نزیکە کەهاومانابن.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

چەشنەکانی ڕۆشنبیری:

هەریەکێک لە ئێمە ی مرۆڤ هەرلەهاوسەرگیری دایک وباوکمان تا ڕۆژانی لەدایک بوون ومەلۆتکەیی ومناڵی وهەرزەکاری وگەنجی وپیریمان تاگۆڕستان وچۆنێتی ناشتنمان هەریەکەو ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەسەرچاوەی دین وتێگەیشتن وەرگیراوە هەمووی بەرنامەڕێژکراوە، جل وبەرگ وزمان وبیرکردنەوەوکەلەپورو بیروهزروهێماوخوونەریت وخۆراک وشادی وشیوەنمان هەمووی دیاری کراوە.

ڕۆشنبیری وهونەرودین وکەلەپور وهزر هەموو نزیکن لەهاومانا.

کۆمەڵناسەکان ڕۆشنبیری دەکەنە دووجۆری :

-ڕۆشنبیری هێمایی.کەزمان ونەریت وبەهاو دین و ئەدەب و سەماو فۆلکلۆرو ئەفسانە دەگرێتەوە

-ڕۆشنبیری مادی.کە وەرزشە لاشەییەکان وهونەرە جوانەکان وخۆراک وجل وبەرگەکان وچەک وئامرازودەزگاکان وبیناسازی دەگرێتەوە.

هەمیشە جیهانگیرەکان لەسەردەمی بابلی وئاشوروهیلینی وپارسی وڕۆمانی وساسانی تا جیهانگیری ئیسلامی ڕۆشنبیری وبیرکردنەوەکانیان گۆڕیوەو ئێستاش کەسەردەمی جیهانگیری ئەوروپیە کە دەیسەلمێنێ ڕۆشنبیری باڵادەستان هەمیشە بڵاوبۆتەوەو ڕۆشنبیری ڕەهاوهەمیشەیی بوونی نیە وهەمیشە ڕۆشنبیریەکان لەگۆڕاندان..

پەروەردەی دیجیتاڵ و ئۆنلاین (Digital & Online Education)

ئێمە ئێستا لە سەردەمێکداین کە ژینگەی دیجیتاڵ بووەتە "ماڵی دووەم"ی مرۆڤ، بۆیە ناکرێت باس لە گۆڕانکارییەکانی مرۆڤ بکەین و ئاماژە بەم وەرچەرخانە گەورەیە نەدەین.

١. پێناسە:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و پژوهشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پڕۆسەیەکی فێربوونی مەبەستدارە کە تێیدا تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت وەک پردی گەیاندنی زانست لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا بەکاردێن، بەبێ گوێدانە دووریی شوێن و کات.

دەرفەت و ئاستەنگەکان :(Online Learningپەروەردەی دووردەست)

ئەزموونی مرۆڤایەتی لە کاتی قەیرانەگەورەکاندا (وەک پەتای کۆرۆنا و جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی وەک جەنگی کەنداو و ململانێی ئێران-ئیسرائیل) سەلماندی کە پەروەردەی ئۆنلاین چیترتەنها "خولیایەک" نییە، بەڵکو زەرورەتێکی مێژوویە.

یەکەم: خاڵە ئەرێنییەکان (ئیجابیات):

فێرخواز ئازادە لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی گونجاو، ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی :(Flexibilityنەرمونیانی (لە ناوچە ناسەقامگیرەکان دەژین یان خاوەن وەزیفەن، زۆر گرنگە.

دەستکەوتی دارایی و کات: کەمکردنەوەی خەرجیی هاتوچۆ، سووتەمەنی، و کرێنی کتێبی چاپکراو. (بۆ نموونە خەرجیی خوێندنی ئۆنلاین لە ئەمریکا زۆر کەمترە لە خوێندنی ناو کەمپەکان).

پەرینەوە بەرەو جیهانیبوون: دەرفەت دەدات بە قوتابی کە لە زانکۆ ناوارەکانی جیهان بخوێنێت بەبێ ئەوەی پێویستی بە سەفەر و تێچووی نیشتەجێبوون بێت.

(Word, PowerPointگەشەپێدانی کارامەیی تەکنیکی: فێرخواز فێری بەکارهێنانی ئیمەیڵ، پڕۆگرامەکانی (و گەڕانی زانستی دەبێت، کە ئەمانە بۆ بازاڕی کاری داهاتوو بنەڕەتین.

دووەم: خاڵە نەرێنییەکان (سلبیات):

کەمیی کارلێکی کۆمەڵایەتی: دابڕانی فێرخواز لە هاوڕێ و مامۆستاکانی، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی لایەنی .(Isolationدەروونی و متمانەبەخۆبوون (

کێشە تەکنیکییەکان: پشتبەستنی تەواو بە ئینتەرنێت و کارەبا؛ هەر بڕانێک یان عەتاڵبوونی ئامێرەکان دەبێتە هۆی پەککەوتنی تەواوی پڕۆسەی فێربوون.

گومان لە ئەنجامەکان: هەندێک لە خاوەنکارەکان گومانیان لە کوالێتی وڕەسەنایەتی ئەو بڕوانامانە هەیە کە لە دووڕەوە بەدەست هاتوون بەهۆی نەبوونی چاودێریی توند.

پێویستی بە ئیرادەی بەهێز: لەم جۆرە خوێندنەدا کەس نییە قوتابی ناچاربکات، بۆیە ئەو انەی ئیرادە و "دینەمۆی ناوەکییان" لاوازە، زوو دوادەکەون.

٢. تایبەتمەندییەکانی:

فێرخوازدەتوانێت لە هەرکات و شوێنێکدا بێت بگاتە سەرچاوەکانی زانست. :(Flexibilityنەرمونیانی (

کەمکردنەوەی تێچوو: پێویستی بە تەلاری گەورە و خەرجی هاتوچۆ نییە.

هەمەجۆریی سەرچاوە: تەنها پشت بە کتێبی چاپکراو نابەستێت، بەڵکو ڤیدیۆ، دەنگ، و تاقیکردنەوەی بەکاردێنێت. (Interactiveکارلێکەر(

٣. ئەو بارودۆخانەی کۆمەڵگا ناچاردەکەن پەنای بۆ بەرن:

قەیران و بارودۆخی نائاسایی: وەک بڵاوبوونەوەی پەتای جیانی (وەک کۆرۆنا)، یان کاتی شەڕو ناسەقامگیریی ئەمنی کە ڕێگای قوتابخانەکان دادەخرێن.

دووریی جوگرافی: بۆ ئەوگوند و ناوچە دوورەدەستانەی کە قوتابخانە و زانکۆی لێ نییە.

بۆ ئەوکەسانەی سەرقاڵی کارن و ناتوانن لە کاتی دەوامی :(Adult Educationپەروەردەی بەردەوام (فەرمیدا بچنە ناو پۆلەکانەوە.

ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم جۆرە پەروەردەیە:

گرێی دەروونی و دابڕان: ، فشاردەبێتە گرێ. لە ئۆنلایندا، دابڕانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی کارلێکی بەرامبەرلایەنی "فێربوون". (Pedagogyڕاستەوخۆدەبێتە هۆی لاوازبوونی لایەنی "پەروەردەیی" (

بنیاتی تەکنیکی: نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت و کارەبای بەردەوام (بەتایبەت لە ناوچە جەنگ لێدراوەکان).

نەبوونی دادپەروەری: جیاوازیی نێوان ئەو فێرخوازەی ئامێری پێشکەوتووی هەیە و ئەوەی نییەتی.

٣. میکانیزمی سەرکەوتن و هۆکارەکانی شکستهێنان:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

لای فێرخواز، و گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا لە (Self-disciplineهۆکاری سەرکەوتن: بوونی "خۆبەڕێوەبەری" ("سەرچاوەی زانیاری" بۆ "ڕێ نیشاندەر و چاودێر".

هۆکاری شکستهێنان: کورتکردنەوەی پەروەردە تەنها لە ناردنی داتادا بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی ڕوحی و عەقڵیی فێرخواز کەلەیەکەی شەشەم باسی دەکەین .

٤. مەترسییەکان (کە پێویستیان بە "ڤاکسینی فیکری" هەیە):

پەروەردەی ئۆنلاین ئەگەرچی زانست دەگوازێتەوە، بەڵام "ڕۆحی پەروەردە" و کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان مامۆستا و قوتابی تێدا لاوازە. بۆیە دەبێت پەروەردەکار ئاگادار بێت کە "ئامێرەکە" نەبێتە جێگرەوەی "مرۆڤەکە".

"پەروەردەی ئۆنلاین یەکێکە لەو ئامرازانەی کە جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووک، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ناسینی 'ئەوی تر' و کەمکردنەوەی تووندڕەوی، بەو مەرجەی وەک ئامرازێک بۆ ناسینی بونەوەر بەکاربێت نەک بۆ ونبوونی ناسنامە..

یەکەی دووەم تەواوبوو.

—

سەرچاوەو ژێدەرەکانی یەکەی دووەم:

١. أصول التربية. د. محمد منير مرسي ١٩٩٩ ، عالم الكتب، قاهيره.

٢- التربية والتعليم: نظريات و اتجاهات. د. حسن شحاتة. ٢٠٠٣ ، مكتبة الدار العربية للكتاب، قاهيره.

٣- منهج التربية الإسلامية . محمد قطب

١٩٨١ ، دار الشروق، بەيروت/قاهيره.

٤- تربية الأولاد في الإسلام .عبد الله ناصح علوان /١٩٨١ زدار السلام، قاهيره.

٥- الأنثربولوجيا الثقافية /كونراد كوتاك (وەرگێڕانی: د. أحمد أبوزيد) ٢٠٠٠ ، الدار الدولية للنشر والتوزيع، قاهيره.

٦- الثقافة والمثقف/ مالك بن نبي . ١٩٨٦ ، دار الفكر، ديمەشق.

٧- سلبيات و إيجابيات التعلم عن بعد.

.دانا فريح (وردبينی: هدى الخطيب).

.(mawdoo3.com ماڵپەڕی (موضوع -

بەرواری نوێکردنەوە: ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢.

یەکەی سێیەم:

فەلسەفەی خۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ لەهاوکێشەکانی ئاوێنەی دیاردە سروشتیەکاندا .

پەروەردەو فێرکردن و ڕۆشنبیرکردنی منالّی تاقۆناغی نەوجەو انان.

سەرەتاکانی پەروەردەوفێرکردن:

دەستپێکی ناسینی مرۆڤ لە مەلۆتکە ی یەوە دەست پی دەکا، یەکەم جارکە دایك لای لایە بۆ منداڵەکەی دەکا ، یان هەر مۆسیقاو سرودو لاو اندنەوەیەك کە لە لای ئەو منالی بیشکەیە دەگوترێ،ئایا چ کار دانەوەیەك لە سەرئەو منداڵە دروست دەکا؟ ئایا هەموو منداڵیك بە لای لایەو دەنگی مۆسیقا هیور دەبیتەوە؟ئایا چۆن وبەچی بز انرێ کە ئەو منداڵە ئەو دەنگانەی پی خۆشە ؟ ئایا نیشانەی پەسندی دیاردە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

و کردەوەیەك یان ناپەسندی وپیناخۆشبونی مندال بۆ دیاردەوکردەوەیەك چیە؟ئایا شاگەشکە بوونە ؟یان شاکە شاك و پیکەنین و بال قژکردن و خۆهەلاویشتنە؟ یان بیدەنگ بوون و سەرنج دانە؟

ئایا هەموو جارگریانی منال و اتای ڕەت کردنەوەو بیزاری و ناپەسندی بۆ دیاردەو کردەوەیەك دەگەیەنی؟ چونکە لە و انەیە ئەو منداللە لە بەرئەوشتە نەگری کە گەورەکان ,پی یان و ایە منالەکە لەو کردەوە تورە بوە بۆیە دەگری, بەلکو هۆکاری ترهەیە کە دەبی بز انرێ.

ئەو پیز انینانەی کە دایك وباوك و نزیکەکانی ئەو منالە دەیکەن بە ئەرشیفی ئەو منداللە دەبی زۆر بە ئەمانەت و وردی و راستگۆیی بنوسرێ و وینە بگیرێ و تۆمار بکرێ .

پاشان ئەو ئەرشیفە لەگەل ئەو ئەرشیفەی کە باخچەی ساو ایان و قوتابخانە بنەرەتیەکان و ناوەندی ودو اناوەندیەکان دەینوسن و تۆماری دەکەن کۆ دەکرێنەوە .لە لایەن پسپۆر انی هەموو بوارەکانی پەروەردەیی و دەروننناسی وهەموو زانست و بوارە پەیوەندی دارەکان دەبێ بابە تیانە ئەم ئەرشیفە بخویندریتەوەو تاوو توێ بکری بۆ دۆزینەوەو دیاری کردنی ئاراستەی ئایندەو دوارۆژی خویندن وپسپۆری و تەنانەت هاوسەرگیری ئەم لاوە تازە پیگەیشتوە ,بۆیە دەبێ ئەو لیژنەش لە خۆ بوردو انە زۆر بە وردی ئەم ئەرشیفە تاوو توێ بکەن و شارەزای خویندنەوەو تیگەیشتنی ڕەمزو هیما و زمانی ڕەنگەکان وئاماژەکان و دەنگو نەمەتەکانی بیستن وبینین .

دەرەنجامی خویندنەوەی ئەم ئەرشیفە دەبی ئەم لیژنە ئاراستەی زانکۆو ماستە رو دکتۆرا و هاوسەرگیری و پیشەو کاروهونەری وخولیاکانی ئەو لاوە بدۆزنەوە.

هەروەك چۆن پزیشکیك نە ساغی و دەردو بەلاکانی نەخۆشیك دیاری دەکا و بۆ ئەم مەبەستە دەیان ڕاپۆرتی تاقیگەو سەرجێ یی و چاودیری چەند مانگەو خەو اندن و هتد ئەنجام دەدا،،،تاکو نەخۆشیەکەی دیاری دەکا,وە لەژیر ڕۆشنایی ئەو دیاری کردنی نەخۆشیەچارە سەری بۆ بریار دەدا, کە دیارە ئاراستەکردنی وەچەیەك کە داهاتوی مرۆڤایەتی چاوەڕی هەول و کۆششی ئەو انە ،لەچارەو دیاری کردنی نەخۆش زۆر گرنگترە,بگرە هۆی زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشیەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە کە ئەوان کە سێك نەبوە ئاراستەی خولیاو ئارەزوو و پسپۆریەکانیان بۆ بدۆزیتەوەو لە ئەنجامی هەلبژاردەی هەلەدا تووشی نەخۆشیە دەروونی و کۆمەلایەتی و جەستەی یەکان بوون ,

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

هەتاکو کرداری به ئەرشیف کردنەکە وردترو هەمەڕەنگترو قول ترو هاوسەنگ ترو راستگۆتربێ ,ئەوە کرداری لێژنەکە بۆ ئاراستە کردن ئاسانتردەکا , جا خاوەنی ئەرشیفەکە مەرج نیە بە بڕیارو ئاراستەی لێژنەیەك وازبێنێ,بە لکووەك چۆن بۆ کرینی کاڵایەك چەند دوکان و بازارو شاردەگەڕێ و بۆ نەخۆشیەك چەند پزیشك ونەخۆشخانە دەگەڕێ , با بۆ ئەم کارە زۆرگرنگەش تۆزیك خۆی ماندو بکا و ڕاپۆرتی چەندین لێژنە وپسپۆر بە دەست بێنێ و بەراوردیان بکا ,چونکە ئەم خۆناسینە لەدایك بوونی ڕاستە قینەیەو لە دوای ئیمان بە اللە لە هەموو کاریکی جیهان گرنگترە و بگرە هەندێ جاران ئەم خۆناسینە دەبێتە هۆی ئیمان بە اللە و خۆدۆزینەوەی حەقیقی,و بەختەوەرکردنی مرۆڤایەتیە لە سەرئاستی تاك و خیزان و کۆمەڵگا.

قۆناغی یەکەم: ئەرشیفی ساوا؛ خوێندنەوەی زمانی بێدەنگی ڕەنگ و دەنگەکان.

خاڵە بنچینە ی یەکانی ئەرشیف کردن:

١- لە لە دایك بونەوە تاکو دوو ساڵی کە بەزۆری دایك وباوك و خوشك وبرا لە گەڵ ئەو منالەن ,کاردانەوەی ئەم منداڵە بۆ جۆرەها دەنگی مرۆڤ و مۆسیقا و دەنگی سروشت و گیانەوەرەکان دەنوسن و تۆماردەکەن ,وەدەبی دەنگەکان پیوەری تەندروستیان تیدابێ و نەبنە هۆی زیان گەیاندن بە گوێ و عەقل وهۆشی منداڵ لەو تەمەنەدا, کاردانەوەکان چ بەتۆماری وینەو دەنگو نوسین لەگەڵ میژووی ڕۆژەکە دەنوسرین .

٢- هەروەها بۆ ڕەنگەکان ئەو یاری و دیمەنە ڕەنگاوڕەنگانەی کە بە بێشکەی منداڵەکەوە دەکرێن ,یان بە عەرەبانەکەیەوە ,یان لەکاتی ئاسایی دەخرێنە بەردەمی تا یاریان پێ بکا با لەهەموو جۆرە ڕەنگە کان بن ,وە لە گەورەو بچوك ,بەلام و انەبن کە منالەکە قوتیان بدا ,وە بالە ڕووی پیك هاتەش هەمە ڕەنگ بن ,و اتە کانز ایی و پلاستیکی و پەڕۆیی ,بەمەرجیك پێوەری تەندروستیان تیدابی ونەبنە هۆی ژەهراوی بوون ,چونکە منال لەو تەمەنە هەرچی بەردەستی بکەوێ دەی خاتە دەمیەوە,

٣- لە هەموو ئەم جولانەو انە چاودیری ئەم میو انە ئازیزەو ئەم مەخلوقە ساواو سادەیە بکە ,بز انە بەچی شاگەشکە دەبی و بەچی خۆدەکوتێ و چنگ و قاچەکانی لە زەوی دەدا و غلە غل دەکا و پیدەکەنێ؟ , وەبە چ

دیاردەو رەنگ و دەنگێك تەنیا سەرنج دەگرێ وراددەمێنێ و بەچیش پەست و توڕە دەبێ ,ئەمانە بە وردی تۆماربكە ,ئاگادار بە كە هانی بدە و خۆشی دەربرە لەگەل ئارەزوەكانی بەلام زۆر جاریش باواهەست نەكا تۆ چاودیری دەكەی , دلنیابە كە رۆژبەرۆژكاردانەوەی نوێ لە منداڵەكەت دەبینی ,گۆر انكاری لە كاردانەوەكانی دەبینی ,زۆر كلیلی گرنگت بۆچونەناو جیهانی منداڵەكەت دەست دەكەون ,دەزانی چ رەنگ و دەنگیك هیمنی دەكاو دەی خەوێنێ و چ رەنگو دەنگێك وادەكا خۆ بخشێنێ , گرنگ ئەوەیە تۆ بێزار نەبی لەچاودیری و بە ئەرشیف كردن ,

٤- بزانە كە ئەو رەنگەی لە میكانۆكان هەلیبژاردوە,هەمان رەنگیشە كە لە یاریەكانز ایی یەكان و دەسرازەكانی و جلەكانی و یاریەكانی تریشی هەلیبژاردوە؟ ,بزانە كە هەموو مانگێك یان وەرزێك یان ساڵی دوو جاریان جارێك مەیلی منداڵەكەت لە گەل رەنگەكان و دەنگەكان وشێوەكان دەگۆڕێ؟ ,یان كەمترە ,یان بە دریژ ایی ئەو ماوە نەگۆڕاوە؟, بێ گومان ئەم كاردانەوەو گۆڕانانە لە منداڵیك بۆ منداڵێكی ترو لە وەرزیك بۆ وەرزیكی تر دەگۆڕێن ,نەچی دنیا تەسكەكەی خۆت بەسەر منداڵەكەت دا بسەپێنی و ئەو رەنگەی خۆت حەزت لێ یە بچی بۆی بە هەنگوین بكەی وئەو رەنگەی خۆت رقت لێ یە ،بچی تفت وتالی پیوەركەی,؟ئەویش دیل مەكە لەو بازنەی كە خۆت تیدا دیل كردوە,

٥- لێرەدا باسی شیوەكان دەكەم,پەپكەیی وبازنەیی و سێ گۆشە و چوارگۆشەو خشتەك وشەش پاڵو لە جۆرەها رەنگ ,هەروەها شیوەی ئاژەل و سەیارەو مرۆڤ لە هەردو رەگەزبە جۆرەها ڕەنگ ,ئەمانە ,هەر رۆژەی كۆمەلیك لە پیش منداڵەكەت دانی و خۆت لە گۆشەیەك تیبینیەكانت تۆماربكە ,بزانە منداڵەكەت لەگەل چ شێوەیەك و چ ڕوەك وچ ئاژەلیك وچ رەنگێكی مرۆڤ زیاتریاری دەكا و كامانەش پشت گوێ دەخاو وازیان لێ دینێ؟ , ئاگادار بە كە هەندیك جاران منالەكە لە بەرخەو هاتن یان بیزاربوون لە یاری كردن ئەمە دەكا ,بۆیە ئەم یاریانە چەندین جار بینەوە بەردەمی ,بەلام كاتەكان بگۆرە ,ئەوەی كە دانی بەیانی لە پیشت دانا جاریكی تربا دانی ئیوارە یان شەو بێ , هەروەها هەندیك جار بەهۆی مادەی بەكار هاتوو منداڵەكە یاریەك بەسەریاریەكدا هەل دەبژیری نەك لەبەر رەنگەكەی ,و اتە ئەو منالە حەزی لە یاری نایلۆنە و حەزی لە یاری پەڕۆ نیە, بۆیە زۆرزەحمەتە تۆرەنگی هەلبژاردە لای منداڵەكەت بە تەواوی بزانی ,جاری و ایە یاریەكی سەیارەی بەسەریاریەكی ئاژەلی دا هەلبژاردوە تۆوادەزانی لە بەر ڕەنگەكەیە,بەلام ئەو لەبەر ئەوەی حەزی لە سەیارەیە بۆیە هەلی بژاردوە.

بەئارامی و بیزار نەبوون و بێ ئومێد نەبونت لەم کارە لە داهاتوو زۆر کلیلی بەنرخ دەداتە دەست پسپۆران و ئاراستەی منالەکەت دەدۆزنەوە,بۆیە هەرگیز مەڵێ ئەو شتانەکەلکی نیەو بۆ سەیری زنجیرەیەك و قسەکردنی کۆلان وو خۆمەشغول کردن بە کاری لاوەکی ترلەم کارە بە باشتر بزانی .

٦- هەروەها تۆلەم سەرەتایە دەتوانی بزانی کە منداڵەکەت زیاتر حەزی لە یاریە ئەندازەیی یەکانە ,یان شیوە ئاژەلیەکانە یان سەیارەو وئامیریەکانە ,یان شیوە مرۆڤەکانە , من نالیم هەرلەم سەرەتایەوە حەزو ئارەزوی منالەکەت ناگۆڕێ ,بەڵام گرنگ ئەوەیە کە گۆڕانی لە ئارەزوەکان بە هۆی کرداریکی دەرەکی نەبێ ,بەوەی کە کەسیك کاریکی کردبێ کە ئەو منداڵە ی ڕەو اندبێتەوەو ترسی لادروست کردبێ لەو شێوەو ڕەنگو دەنگە, چونکە منداڵ زۆر هەستیارە ,دەنگ بەرز کردنەوەو قیژەو توڕەبونیك لەو انەی لەگەڵی دەژین ,ئەو وادەزانێ کە لەبەر هەڵبژاردەکەی ئەو تورە بوون , ئەم جۆرە تۆران وترسانە بە هەڵویست وهاندانی دلنیاکەرانەی دایك وباوك بۆ منداڵەکەیان دەڕەونەوە , جا دوای لاچونی ترسەکە کە منالەکە نەشچۆوە سەر هەڵبژاردەکۆنەکەی ئاسای یە ,ئەگەر منداڵەکەت هەموو شێوە زیندەوەریەکانی وەك مرۆڤ و ئاژەل وپەڵەوەرو دارودرەخت وەلاناو هەرچەندە تۆ بۆت گۆڕی لە ڕەنگو شێوەو هەر بەلای یاریە شێوە ئەندازەیی و ئامیریەکان دا چوو وە ئەم ئارەزوەشی نەگۆڕی ,ئەوە لەداهاتوو دەبیتە ئەندازیارو میکانیکێکی کارامە ,بەمەرجێك کە یاریەکانی تریش هەمان سەرنج ڕاکیشی ڕەنگو دەنگ و شیوەی ئەندازەیی و ئامیریەکانیان هەبێ,وە ئەو منداڵانەی زیاتر هۆگری یاری ڕوەکی و بە دیمەنی سەوز ایی و هیمن ودور لە جەنجاڵی ئارام دەگرن ,ئەگەرئەم حەزەیان نەگۆڕی پیدەچێ کە ئەمانە کەسانی ڕۆمانسی بن و حەزلە بیدەنگی بکەن.

من لیرە هیمای ئەو دەنگ ورەنگ و شیو انەم بۆلیژنە پسپۆرەکان و پەروەردەکەران و سەرپەرشتیاران بەجی هیشتوە, بیگومان چەندین لیکدانەوەی جیا جیا هەن بۆئەم دیاردانە ,وەك لیکدانەوەی هونەری و دینی وکۆمەلایەتی و سیاسی وەرزی و ئەدەبی و پزیشکی و سروشتی و ,,هتد

٧- زۆرگرنگە کە منداڵەکەت هەرلە سەرە تاوە والێ بکەی کە لە هەمو هەلسوکەوتیك بەرامبەر هەردیاردەیەك ئاسایی بێ وتکلف نەکا بۆرازی کردنی تۆ , نەکەی لە کاتی هەرکردەوەیەك کە بەدلت نەبوو, بشێڕێنی بەسەریدا وخواردنی ناخۆشی بدەیە,یان برسی وتینوی بکەی؟,دەبێ وای لێ بکەی کە متمانەت پێ بکاو وادەرخەی کەتۆبەهەموو کردەوەکانی ئەو دلخۆشی ,وبەوپەری دلخۆشی پیشوازی لە هەڵبژاردنەکانی دەکەی,تۆدەبێ بچیە قۆناغی ئەوو لەگەڵی هاوڕێ وهاوتەمەن بی,نەك بڵێ ی دەبێ منداڵەکەم والێ بکەم لەم تەمەنە هەلسوکەوتی پیاوو ژنی گەورە بکا, وەبڵێ ی نابێ منداڵەکەم خۆی پیس بکاو لەناو خۆڵە پەتە

نابێ یاری بکا و نابێ لە مەجلیسی پیاوو ژنان دەرچێ ,بەم شیوەیە تۆ منداڵیەکەی ئەوزەوت دەکەی ,و بەزۆری زۆردار تۆلە جیهانەکەی خۆیت بێ بەش کردوە و ناشتوانی لە جیهانی پیاوو ژنان جگە لە دووڕویی هیچی تری بدەیێ, جیهانی منداڵ زۆر لە جیهانی گەورەکان فراوانترو جوانترو بێ وەی ترو بەبەزەیی تر,لەو جیهانە پرە لە وەفاو خۆشەویستی و ڕاستگۆیی ,هەموو شتیك هەتا بی گیانەکانیش هەستیان هەیەو قسە دەکەن .

گرنگەکە لەوتەمەنە ساواییەدا جارجارە منداڵە کەت لە جیهانی یاریەکان بگوازیەوە بۆ جیهانی نزیك لە ڕاستە قینە ی شتەکان ,تا بزانی ئەوگیاندارانەی کە ئەویاری بە شیوەکانیان دەکا و ئەوروەك گول و مرۆڤ وبالندەو دارو درەخت و ئامیرانە لە دەرەوەی یاریە کان بونیکی ڕاستە قینەیان هەیە,بۆ ئەمەش هەفتانە ,یان مانگانە ,کاتیکی لەباردانێ تاڵە سەرشاشە یەکی گەورە ئەم بونەوەرانەی باسم کردن بە جولەو دەنگ ورەنگ پیشانی منالەکەت بدە ,بەڵام وریا بە کە توشی ترس ورەوینەوەیەکی نەکەی کە هەرگیز بەڵایاندا نەچیتەوە, یان توشی نەخۆشی دەرونی بێ, وە جارجارەش بیبە بۆ باخچەی ئاژەڵان و باخچە گشتی یەکان با ئەم شتانە ببینێ ,پاش ئەم بینینە هەوڵ بدە هەموو ئەوانەی لە سەرشاشەکە یان باخچەکە بینیونی ,لە یاریەکان بیخەیەوە بەردەستی ,بزانە ئاخۆ هەڵویست وکاردانەوەی هیچ گۆڕ انکاریەکی بەسەردا هاتوە؟ یان هەروەکو خۆیەتی....

قۆناغی دووەم : یاسای پەستان و تەقینەوە؛ کاتێک باوەشی متمانە دەبێتە قەڵغانی ساردکەرەوەی بورکانە دەروونییەکان.

قۆناغی دووەم :قۆناغی دوای شیرە خۆرەیی تاچوارسالی:

منال لەگەڵ ئەو دەستەی شیری دەداتێ ,متمانەو سۆز و بەزەییش وەردەگرێ ,بۆیە دلنیایی و پشتگیری ئەو هەموو شتیکە لای منداڵ, لەدوای ئەوەی منداڵ فیری قسەکردن دەبی هەرلەگەڵ دەربڕینی یەکەم دەنگ و وشە ورستە ,حەزلە زۆرگوتن و یاری کردن بە وشە ورستە دەکا بۆیە لەم قۆناغە زۆرپرسیار دەکەن و حەزیان لێ یە وشەی نوێ ببیستن و بیڵێنەوە, سەرکوت کردن و بێ دەنگ کردنی منداڵ لەم قۆناغە دا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

سەرەتای قۆناغی ترس و شەرمنی و سلەمینەوەو لە دەست دانی متمانەو چونەوە ناو قاوغی خۆیە ,دیاردەکانی شەرمنی وترسان لە تیکەڵی لەم قۆناغەدا دەست پێ دەکا, لە پیش ئەمەدا کەمندالەکە هەر بەهرەیەکی دەپشکوت چیژی لێ وەر دەگرت ,بەبێ سڵ وشەرم بەکاری دەهینا ,کاتێ گوێی لە دەنگەکان بوو,بێ شەرم کردن خۆی لەگەل هەژاندن,وەدەنگەکانی بێ شەرم کردن دەردەبری کاتێ دەستی جولا دەستی لە هەموو نەرم وشل و ڕەقیەك کوتا ,تەنانەت دەستی چەند جاربە پۆلوش سوتا ,بەلام کاتی بینی پشتیوان و باوەشی متمانەکەی هانی دەدەن و پشتگیری دەکەن ودەست خۆشی لێ دەکەن ,سەدان جار هەستاوکەوت و دەم ولیوی شکاو قاچ و سمتەکانی روشان وبەری دەستی بریندار بوون,کە چی نە شەرمی کرد و نە ترساو نەسلەمیەوە لەو شتانەی بەسەریاندا کەوت,چونکە دەستی متمانەی دایکی وباوکی کێشایان بەو زەوی و داروبەردەی کە ئەو بە سەربدا کەوتو سزایان دا, لە پشتی مندالەکەیان بوون و هانیان دا سەدان جار هەستایەوەو فیری ڕۆیشتن و ئاخاوتن بوو,ئایا لەخۆتان نەپرسیوە کە بۆچی نەپۆلوی ئاگرو نە دەم ودان شکان و ایان لی نەکرد کە وازلە ڕۆیشتن بینێ؟ ,کە چی بە خۆلی گرژ کردنەوەیەکی باوك و دایك توشی سلەمینەوەو گۆشەگیری و نەخۆشی دەرونی دەکا؟ولامەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسەی مندالەکە متمانەی پێ یەتی دەست خۆشی لێ دەکاوهاندەریەتی ,بۆیە هەموو ئازارەکانی لە بیردەچیتەوە ,بەلام کاتێ ئەو سەرچاوەی دلنیای یە بەرگەی چەند وشەیەکی ئەم منالە ناگرێ و بەسەریدا دەشیرێنێ ,لە کاتیکدا ئەو وەك جاران چاوەڕێی دەست خۆشی وهاندان بوو ,بەلام کاتێ بە پیچەوانەی پیشبینیەکەی ، بێ دەنگ کرا, بەڵێ بێ گومان لە سەدا نەوەد و پینجی شەرمنی وترس و دلەڕاوکێ ئیوە بۆو منالەی دروست دەکەن لەو سالی سێیەم وچوارەمەدا,

لە و انەیە بلین تۆزیادەڕەوی دەکەی لەم بابەتە ,بەلام بەلگەی پۆلوە ئاگرو دەم ودان شکانەکەو بەردەوامی گەورەترین بەلگەی بۆچوونی منن .

لە بێشکەوە بۆبورکان: گەشتێک بەناو ئەرشیفی دەروونی و وێستگەکانی متمانەدا.

ئەگەرلیتان پرسم هۆکاری دروست بوونی بورکان چیە؟هەموتان دەلین بوونی مادەی تواوەو کانزای تواوەی قابیلی گڕگرتنە لە ناخی زەوی ,بەلام خۆئەو مادە تواوە هەلچوە لە دەشتەکان و بیابانەکان و گردو زۆنگ و کەناردەریاکان و هەموو بستیکی ئەم زەویە هەیە,ئەی بۆچی بورکان لە ناوچەی شاخاوی دروست دەبێ و لە شوینەکانی تردروست نابی؟ ولامی ئەمەش پەستانی شاخەکان وای کردوە کە مادە و کانزا قابیلی

گرگرتنەکە گربگرێ و هەلچێ و ببیتە بورکان,بەلام ئەم هۆکارە لە ناوچەکانی تردا نیە,ئەم هاوکیشە لە دنیای مرۆڤیش هەرو ایە,هەموو گۆڕانیك لە تاکیکەوە تا کۆمەلگایەك ,چ بۆلایەنی چاك یان خراپ بورکانە ,ئەم بورکانەش دەرەنجامی سەرکوت کردنی ئەم تاك و کۆمەلگایە بوە لەو انەی کە هەرلە منداڵی تا گەنجی بە سەریدا زال بوون ,گۆڕەرو شاگردەکانیان,پەیام بەران و حەکیم و فەیلە سوف و چاکسازی کەرەکان، ئەوان مادەی قابیلی گرگرتن بوون ,ئەمانە لە هەموو شوینیك هەبون وهەن ,بەلام وەك چۆن بورکان لە بیابان نایە، ئەو انیش تەنیا لەوکۆمەلگایانە دەردەکەون کە سەرکوت کردن لە ترۆپکە دایە,تاکو ناحەزو دایك وباوەشەکانیان زیاترئەمانە بگوشن ,ئەمانە لە داهاتودا تەقینەوەکەیان گەورەتر دەبێ,ئەمە یاسای فیزیایی یە کە دەڵێ:بۆ هەموو کاریك کاردانەوەیەك هەیە کە پێچەو انەیەتی لە ئاراستەداو یەکسانە بە هیزی کارەکە لە هیزدا,هەم لەماددەو هەم لە کۆمەلگاش هەرو ایە,یان هاوکیشەکەی هیگل کە دەڵێ هەمو فکرە وبیرو بۆچونیك لەناو کرۆکی دا نەقیزودژەکەی خۆی هەلگرتوە ,جا ئەم نەقیزەی هیگل کە رۆلەی ئەو باوەشە یە کەچی بە پەستانی ئەو باوەشە ماوەیەك سەرکوت و نەخۆش و دابراوو شەرمن دەبێ ,بەلام کە جام پربوو لیی دەرژێ وکە زۆرهات قەوالە بەتاڵە,ئەمە لە سەر ئاستی تاك وکۆمەلگا دروستە,وە کەسیك بە وردی میژوی مرۆڤایەتی بخوینیتەوە ئەم راستیانەی بە روونی بۆ دەردەکەوێ .

دایك وباوکی بەریز,ئەم منداڵەی ناو باوەشی تۆیە کەماددەی قابیلی گرگرتنە و هەلچونە,تۆ بە حکمەت وئەزمون و شارەزایی خۆت دەزانی چۆن ئەم هەویرە بکەیە بونەوەریکی بەسود وباش وهاوسەنگ و تاکیکی بە تو انا,کاتێ پەستانت لی کرد ،باپەستانەکەت بۆ ئەوە بێ ماسولکەکانی بە هیزبکەی و کۆئەندامەکانی ساغ وپتەوو دروست بکەی ,دەرونی ساغ و راشکاوو راستگۆ بکەی ,لە ڕووی کۆمەلایەتی مرۆڤیکی کراوەو کۆمەلایەتی پەروەردەبکەی,بۆ موساکەی خۆت رۆڵی ئاسیای خیزانی فیرعەون ببینی کە موسا بوە گلینەی چاوەکانی و هۆی بەختەوەری هەردوو جیهانی,خۆ دەشتوانی ببیە فیرعەون بۆی وپشتی بشکینی,دەرونی نەخۆش بکەی وبیکەیە پەککەوتەو ئیفلیج, بیکەیە باربە سەرکۆمەلگاو هیچ لە باردا نەبوو, دەتوانی ببیە فیرعەون و منداڵەکەت توشی ئاوارەیی و دورە ولاتی و شوانی وغەریبی هەندەران بکەی و دوای دەیان سالیش بگەریتەوەو سەرت بخوا, دەتوانی منداڵەکانت وەک نەوەکانی ئیسرائیل لەسەرسەرکوت کردن وچەوساندنەوە ڕابێنی وهەرچاوەڕو انی هەل بکەن تالێت یاخی بن وئاو اتیان بێ تەرمەکەت بەسەردەریاوەببینن.

بۆچی موسای هێمای ڕوبەڕووبونەوەی ستەم،موسای ئۆپۆزسیۆن،موسای بەرەنگاری و ڕاپەڕینی ڕزگاری لەناوپەیام بەر اندا لەوحەکە دەشکێنێ وکێوەکە بۆئەولەت وپەت دەبێ و گۆلکە زێڕینە کانز اییەکە دەکاتە تۆزو کەفی ناودەریا؟ هەروەک چۆن شاخەکان کەچارەنوسیان وەک خوری شی کراوەیان لێ دێ،لە کۆتایی دا؟ ئەمانە هەمووهێمان بۆ نەهێشتنی دیاردە سەرکوتکەروبورکان دروست کەرەکان!!!

ئە م بونەوەرە هەمووی ئەم یاسایە تیای دا بەریوەدەچێ وئەم ریسایەیە کە بە فەرمانی اللە ئەم بونەوەرە دەگۆڕێ ,کارو کاردانەوە ئەو دوو پێ یەن کە گەردون پێ یان بەڕێوە دەچێ ,

کاتێ ئیجتهاد و هەلینجان لە ولاتی ئیسلامی داهەیە، بە بارتەقای ئەو ئیجتهادە فراوان بوون و پەل هاویشتنیش لە سەرزەوی لەگەل فراوان بوونی ئاسۆی بصیرەت و بۆچونە لە عەقل وفکردا سەرزەمینی دەوڵەتەکەش بەرفراوان دەبێ،کەسایەتی پەیڕەوو دینەکە کەلەبەغدا ومیسر لەبیروهۆشی شافیعی وغەزالی دا فراوان دەبێ،بەقەدەرئەوفراو انبوونە فکریە ئیمپر اتۆری ئیسلامیش لە ئەندەلوس وچین وهندستان زەوی و وڵاتی نوێ فەتح دەکا،,وەکاتێك دەرگای ئیجتهاد دادەخرێ,دەولەتی ئیسلامیش توشی ئینکماش و داخوران و وێك هاتنەوەو هەرەس هینان دەبێ..

هەریەکیك لە ئیمە لە و انەیە هەردوو ڕۆڵەکە ببینین,هەندی جارباوەش و هەندی جارگۆشراوەکە بین ,بۆیە دەبێ لە سەرئاستی هەموو تەمەنەکان بە وردی وجو انی و ڕوونی ئەم بابەتە بخوینین ,وەبەنمونەی میژوویی و ئەزمونی پالپشتی بیرو بۆچون و تیۆریەکان بکەین.

لیرە بۆی هەیە خوینەر بپرسێ :

تۆ دەتەوی هیچ پەستانیك لە سەر منالەکان نەکەین تا نەبن بە بورکان؟ بۆ ولامی ئەم پرسیارە دەڵێم :کە س ناتو انێ بە رلە دروست بوونی بورکان بگرێ ,بەلام هەموو شت بە خوێ وخوێش بە مەعنا, پەروەردەکاران بە پێی تو انا هەول بدەن کە بڕی بورکانەکان تا بکرێ کەم بکەنەوە ,وەك چۆن لە ناو شاخەکانیش ڕێژەی بورکان کەمە و ئیستا خەریکە بەهۆی دەستیوەردانی مرۆڤ ئەویش تیك دەچێ,جاوەك چۆن ئەو ریژە لە شاخەکان کەمەو بە پەنجەی دەست دەژمیرێ,دەبێ لە ناو کۆمەلگای مرۆڤایەتیش کەم بێ و تادەکرێ هۆکارو ئاکاری سەرکوت کردن و داپەلۆسین کەم بکرێتەوە,خۆ هۆکاری پەروەردەی نەرم و هەموار دەتو انێ بومەلەرزەو بورکانی ئاراستە کراوو بنیات نەرلە لوتکەو زۆرگەکانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی کە منداڵەکانن دروست بکرێ , وەکە پیویست نەبی ’منالەکە لە ناخەوە دەهەژێنرێ

و لە باتی سەرکوت کردن،وروژان بە کاردەهینرێ, وەلەهەموو ئەمانەش باشترکە منداڵەکان بکرینە زەمینەی لەبارو پتەو بۆروداوەکانی داهاتوی مرۆڤایەتی.

کۆچی متمانە ی ئیبراهیمی ؛ لە باوەشی دایک و باوکەوە بۆ باوەشی پەروەردگار.

چۆن ڕێگری لە 'ئیفلیجیی ئیرادە' بکەین؟

لە سەرەتای ئەم هیلانە باسی ئەوەم کرد کەمندال کاتێ بینی باوەشی متمانەی هەڵبژاردەکانی گۆڕاو بوە سەرکوتکار,دەبیتە هۆی نەخۆش بوونی,بەڵام ڕاستیەکەی کە باوکی پیش ئەو منااڵە نەخۆشە، منالەکە لە باوکیەوە نەخۆشی گرتۆتەوە,بۆیە منداڵەکە لەمەو دوا لە چاوگیکی تری متمانە دەگەڕێ کە جێی ئەو هاندەرەی جارانی بۆ بگرێتەوە کە پێی بەپۆڵو دەسوتا ،هاندانی ئەو پاڵنەرە، متمانەی بۆ دەگێڕایەوە ئەو سەرچاوە متمانە نوێ یەش یان کەسانی تری ماڵەوەن ، بۆیە دەبینی کەسانی هۆگر بەیەکێک لە خێزان ،دایک یان خوشک ،یان برا ،یان مام وخاڵ ،یان نەنک وباپیرلەناو کۆمەڵگا دا زۆرن. یان هاوڕێی قوتابخانەن،بۆیە زۆرجاردایک وباوکەکان نەێنی منداڵەکانیان لە هاوڕێکانیان دەزانن،چونکە متمانەیان بەدایک وباوکیان نەبووەوهاوڕێکانیان کردۆتە جێ متمانە بۆنەێنیەکانیان، ,ئیدی تا مرۆڤ گەورە دەبێ، زۆرجاربێ متمانەیی ئەم ناوەندانەشی بۆدەردەکەوێ ,بۆیە پەنا دەباتە بەرناوەندی فکری سیاسی و عەقەدی و فەلسەفی ,ئەمە هەمووی لەو نەخۆشیەوە هات کە سەرەتاو هۆکەی باوك ودایکی بوون.

بەم شێوەبر ایەتی فکروبۆچون وحزب وبیروباوەڕو برای دینی وئەندامێتی دەستەو پێڕ، جێی متمانەبە ئەندامی وبر ایەتی خێزانی وتیرەیی دەگرێتەوە،دەمارگیربۆبۆچونەکان جێی دەمارگیری خوێن وخزمایەتی دەگرێتەوە،هەرئەم باوەش گۆڕینەی متمانە مرۆڤی سەرڕاست دەگێڕێتەوە بۆ چاوگی دڵنیایی هەمیشەیی و وای لێ دەکا بگاتەئەوەی کە ئەوکەسەی شایانی متمانە پێ کردنە تەنیا بەدیهێنەرەکەیەتی کە هەمیشەیی وهەرگیزبێ تو انا نابێ ،وە ئەوەش ڕێ خۆشکەرە بۆئەوەی باوەڕبەوەش بێنێ کە گەیشتن بەو تاکە سەرچاوەی متمانەیە لەم ژیانە سێبەری وساختەیەی ئەم جیهانە مومکین نیە ونایەتە دی ،هەربۆیە ئەم هاوکێشە بەباوەڕهێنان بەژیانی دوای مردن وجاویدانی تەواودەبێ..

ئەمەیە هۆی ڕاکردن وهیجرەتی ئیبراهیم لە دیاردەجۆربەجۆرەکانی زەمین وئاسمان ،وەلە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، هەرئەمەیە ،کە لەژیانی خاتەم وکۆتایی پەیامبەران و مامۆستایانی ئاسمانی محمد علیه السلام ڕەنگ دەداتەوە،

باوکی پێش لە دایک بوونی ئەودەمرێ، ،هێمایە بۆ مردن وبەسەرچوونی متمانەی نەوەکان بەباوکیان پێش دەرکەوتنی پەیامی ئیسلام، سەرەتای ژیانی ئەولەنێوان دایەن ودایک ،هێمایە بۆ متمانەی فیتری وسروشتی و خۆرسک، نەمانی ئەوباوەشە وچونی بۆ باوەشی باپیرومامەکانی هێمایە بۆ گۆڕانی متمانە بۆ دەمارگیری خزمی پشت وخوێنی،بێ هێزی ئەو باوەشە وای کردخۆی باوێتە باوەشی خەدیجە و متمانەی خێزانی وڕەگەزی بەرامبەر دروست بێ ،کەلەوباوەشەدا پەیامی ئیسلام لە دایک بوو، هەرلەم سەروبەندەدا باوەشی سێیەم هەبوو کەباوەشی هاوڕێ یانی وبرادەرانی بوو پێش هاتنی ئیسلام، ئەوسێ باوەشی متمانەیە لەمەودوا مانەوەیان لەژیانی ئەو سەروەرەدا بۆئەوە نەبوو کەئەوان متمانەی پێ ببەخشن ،بەڵکو بەختەوەرو کامەران لەم سێ باوەشەی خێزان وخزمانی پشت وهاوڕێیانی شو انی وبازرگانی ئەو انە بوون کە متمانەیان لە ڕێ وشوێن وپەیڕەوو ڕۆشناییەکانی گوتەو کردارونیگای ڕەبانی وڕێنمایی قورئانی دابەدی کرد، بەمەش متمانەی کەسەکان گۆڕاوبوە متمانە بە شەریعەت وڕێوشوێن وپەیڕەوو ڕێنماییەکانی بەدیهێنەروئافرێنەروپەروەردەکەری هەمیشە زیندووی هەردەم بەتو انای حەکیم و عەلیم ومیهرەبانی بێ پایان.

کەئەم تێڕو انینە مان هەبێ بۆهەریەک لەژیانی کەلیم اللە موسی و هەردوو خەلیل اللە ئیبراهیم ومحمد علیهم السلام ، دەبێتە هۆی ئەوە کەئەو مامۆستا ڕەبانیانە هەمیشە بەقۆناغەکانی ژیانیان دا هەمیشە وبەردەوام زیندوو وبەردەوام بن و وڵەژیانی هەرتاکێکماندا ولە هەموو کاتێکماندا وەک ئاڵاوبەیداخ لە بەرچاوو لە ژیانماندا بن وبەمەش هەرگیز ئەمانە نامرن وبەکردارو ڕەفتاروژیان وسەربردەکانیان هەمیشە بە زیندویی لە ژیانی گەلاندا دەمێننەوە..

سەرەتاکانی پەروەردەوفێرکردن:

پیتەکان پردی

١-فێرکردنی زنجیرەی پیتەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ گواستنەوەی منآل لە نەخوێندەوارەوە بۆ خوێندەواری، دەکرێ جۆرەها سرود وگۆر انی ئەبجەدی بۆ فێرکردنی منآل بەکاربهێنرێ،ڕیزبەندی پیتەکان ونەگۆڕینیان لەم قۆناغە بۆ منداآل گرنگە،منآلانی میللەتانی وەک ئینگلیزوعەرەب وئەوروپا بۆیە لە منآلی کورد زووترفێردەبن چونکە ئەم ڕیزبەندیە لایان زۆرنەشێواوهەمەجۆرنین، پاش ناسین وفێربوونی شێوەو وێنەی

پیت و شوێن ودەنگی دەربڕینەکەی ،ئەوجار پێکەوەلکانی ئەو پیتانە بۆ دروستکردنی وشە ،و اتە زانستی سەرف =وشەسازی، پاشان چۆنێتی ناسینی جۆرەکانی وشە لە ناووڕاناوئامڕازو ئاوەڵناوو فرمان ودابەش کردنی فرمان بۆڕابردوو وڕانەبردوو وداخوازی وناسینی نیادو گوزارە وڕەگ وچاوگەکان ئەمانە زانستی نەحو=ڕێزمان=گرامەر پێک دێنن.

پاشان چۆنێتی لێکدانی ئەم وشانە لە ڕستەدا بۆ پێک هێنانی شیعروپەخشان وچیرۆک وگوتارو شانۆو وهەموو جۆرەکانی دەربڕینی بەنوسین ودەربڕینی بە گوتارو دەربڕینی بە ئاماژە ئەمانە زانستی ڕەو انبێژی وبلاغە وبدیع وبیان دروست دەکەن.

سەرەتا منداڵ فێری وشە کورتەکان دەبێ دوای دەنگ ونوسینی پیت ،چونکە هەموو وشە سەرەتاییەکانی زمانەکۆنەکان وشەسەرەکیەکانیان کورتن، اب=باب،ام=داك،ماء=ئاو،،،هتد

باشترین ڕێگە بۆ فێربوونی جوان خوێندنەوە ئەوەیە منداڵەکان هەموو ئەو پەرەگر افە دوبارە بکەنەوەولەدۆای یەک بیڵێنەوە پاش ئەوەی لەدوای مامۆستاچەند جار دەیڵێنەوە.

بۆ تێگەیشتنی پەرەگر افەکە مامۆستا وشە بە وشە ی ناوڕستەکانی پەرەگر افەکە شی دەکاتەوەو و اتاکانیان ڕوون دەکاتەوەو ئەو وشانە لەچیەوە هاتوون وبەستی گشتی پەڕەگر افەکەو و اتا هێمایی وپەروەردەیەکانی چین ؟بۆ خوێندکاران باس دەکا لەگەڵ هۆکارەکانی ڕوون کردنەوەی مادی ،لە پارچە یاری وشت ولە نەخشە ودایۆگرام وتابلۆولە گرتەی ڤیدیۆو لە وێنەونوسینی سەرتەختە ولە گەڕانی مەیدانی بۆ قوتابیان تا و اقعەکانیش ببینن وپێز انینەکان هەربە پەرەگراف و وێنە نەخوێنن.

بەتامەزرۆیی منداڵ فێری نوسین بکەن، بڵێن نوسین و اتە دەرهێنانی مرواری ونگین ولیرەکانە لە کوپەو سندوقە داخراوەکە، هەموو مرۆڤێک کوپەوسندوقی مرواریں بەنوسین نەبێ ئەولیرەومرواریانە نایەنە دەر، فێری چۆنێتی نوسینی پیتەکانیان بکە بە تەنیاو بە پێکەوە نوساوی ،دوو ڕێزبەندی پیتی عەرەبی، یەکەم ڕیزبەندی تەجویدە کە نەخشەی دروست بوونی پیتەکەیە لەناودەم وبەم شێوەیە:

ئایی وو ئەهاعین حاغین

خا،قاف ،کاف،جیم یا،شین

ضادلام نون ڕاء طاء، تا

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دال سین صاد،زای ظائ

ثاء ذال فاء واومیم بائ

*****

ڕێزبەندیەکەی دیکە لەسەر بنچینەی وێک چونی پیتەکان بەنوسین ڕیز کراوە.

ا، ب، ت، ث،پ/ چ،ج، ح، خ،/ د، ذ، ر، ز،ژ/ س، ش، ص، ض/، ط، ظ/، ع، غ/ڤ، ف، ق،/گ، ك، ل،ڵ/، م، ن، هـ، ۆ،و، ي،ێ/

مامۆستا کوڕاس و هەنگاوەکانی نوسینی پیتەکان بە جو انکاری دەنەخشێنێ وتابلۆی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئامادەدەکاو چەند ناووشتێک ئامادەدەکا کەناویان بەوپیتە دەست پێ دەکا یان کۆتایی دێ.

هەموو هۆکارەکانی کاڵایی ودەنگی وڕەنگی ونەخشەو جۆرەکانی و انە ێشکەش کردن لە گوتارو چیرۆک وپەندو خوێندنەوە بەدەنگ بۆ فێربوون بەکاردەهێنرێ..

هەروەها پیتەکان وژمارەکان بە پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ بەرجەستەبن ،پیتە کان پۆلێن دەکابۆوشێوەی لە بیری منالّدا دەمێنێتەوە بۆنمونە بە پیتەکانی ت ب پ بڵێ پیتەتەشتەکان ،پیتی ن پیتی جام ودەفری قوڵە،م ل ڵ گۆچانن، ی ێ ح خ چ ج گ ک مراوی وقازن،

منالّ زۆرحەزی لەیاریە ،کە کرداری فێربوون بکرێتە یاری باشترڕووی تێ دەکا ،نەک ئەرکێکی جدی بێ،بۆیە لەباخچەی ساو ایان هەوڵ دەدەن زیاتربەهۆی یاری منالّان فێربکەن.

هاندان لەلایەن متمانە پێکراو انی منداڵ پێش فێربوونی قسە تا شازدە ساڵیش وهەتادو اتریش کاریگەری قوڵی لەسەربەردەوام بوونی کردارەباشەکان ووازهێنان لە کردەوە بەدەکان هەیە.

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە شاشەو گرتی تۆمارکراو ودەنگی کرداری فێرکردنی خێراکردووە.

بەکارهێنانی نو اندن وشانۆودراما ولاسایی کردنەوەو چیرۆکی خەیاڵی بەنو اندن زۆرکاریگەرن لەسەرمنالّ.

سەردان وگەشت بۆ باخچە ولای ئاژەڵان وشوێنە گەشتیاریەکان بەسودن بۆ فێرکردن..

منداليك ڕقی زۆرلە و انەیەک دەبیتەوە, لەو لاوەش مامۆستایەکی زۆرخۆش دەوێ ,با بەریوەبەر ایەتی باخچەکە ئەو مامۆستایە بکاتە مامۆستای و انە بیزراوەکە ,یا ن بە پیچەو انە ,منداڵەکە و انەیەکی زۆر

خۆش دەوێ و ڕقی لە مامۆستایەکە ,با ئەو مامۆستایە ماوەیەك ئەو و انە بلیتەوە,کە دەرەنجامەکە ئیجابی و ئەرێنی بوو ئەوە هەنگاوێکی باشە ,کە سودی نەبو یان وای کرد منداڵەکە هەردوکیان ببێزێنێ ,ئەوە با وەك پیشوی لێ بکرێتەوە,

هەڵبژاردەکانی قوتابی لە هەموو سالێکدا و لەگەڵ ئەرشیفی ماڵەوەی ,هەرلە مەڵۆتکەیی تا ئەو کاتە هەمو ساڵیك هەڵبژاردەکانی لە دەنگ وڕەنگ وشیوە کۆ بکرێتەوەو بەراورد بکرێ ,وە بز انرێ چەند جار هەڵبژاردنەکانی گۆڕیوە ,ئایا گۆڕینەکان تەواو پێچەو انەن ؟ڕەش بوو بۆتە سپی ,یان سور بوو بۆتە پەمەیی و پیچەو انە نیە؟ ئایا هەڵبژاردەی سالی چوارەمی بالندەبوو ئیستا سەیارەیە ؟یان ئەو سا کۆتر بوو ئیستا بولبولە؟,

ئەو منداڵانەی کە لە گۆڕان کاری تەواو پێچەو انەن ,ئایا لە هەموو گۆڕانەکان پێچەو انەن ؟یان لە هەندیکیان ؟ ئەی ئەو انەی لە هیچیان تەواو پێچەو انە نین ?, هەموو ئەمانە پۆلێنی هزری و فکری و دەرونی هەیە کە دەبێ تویژینەوەی لەسەر بکرێ,

کاتێ زانیمان منالەکە و انەیەکی تایبەتی خۆش دەوێ,بۆچی ?ئەو بۆچیە زەمانێکی دەوی تا دەزانرێ, ئایا وشەکانی جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتیان تیدایە,یان وینەی ناوبابەتەکە سەرنج راکیشە؟ یان شیوەی دارشتنەکە چیرۆکە ,یان نوسەرو شاعیرەکە ناوەکەی پەیوەندیەکی بەو منداڵەوە هەیە؟

لیرەش مامۆستا دەتوانێ گۆڕ انکاری بکا تا بز انێ هۆیەکە کامەیە ,وینەی و انەکانی تریش وەك ئەو و انە لێ بکە ,شیوازی سەجع وسەرواوو چیرۆکی و انەکانی تریش بەو شیوە بگۆڕە ,بز انە هەمان دەرەنجام یان نزیك لەو دەرەنجامەی دەبێ؟ یان وادەکا منداڵەکە لە هەڵبژاردە پیشوەکەشی سارد بیتەوە,

هەرهەمان شیوازلە گەڵ بژاردەی مندال لە زنجیریکی کارتۆنی,یان لە کتیبیك و دیو انیك . ئەمانە کە بۆچیەکەمان زانی ,و اتە کلیلیکمان لە کلیلەکانی ئارەزوی منداڵەکە زانی ,جا بۆئەوەی کە بز انین کە ئەو کلیلە تا چ رادەیەك بەهیزەو بژاردەیەکی رەسەنە ,ئەوەیە کەو انەو شیوازی نمونەکانی تریش کە وەك ئەومان لی کردن ببنە بژاردەی منداڵەکە ,کە و انەبوو ،دیارە ئەو بژاردە زۆر بەهیزنیە ,یان هیشتا کلیلی راستە قینەی هەڵ بژاردەی منداڵەکەمان نەدۆزیوەتەوە,

وە دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە ئەم منداڵە لە پۆلینی ئەرشیفەکەی و شیوازی گۆڕینەکانی لە نەمەتی هەڵبژاردنەکانی ,زوو دەگۆڕێ یان درەنگ؟گۆڕانەکان پێچەو انەیە یا پلە بە پلە یان هەردوو ك تیکەلاوە ؟

بیگومان ئەمە کاریکی ئالۆزە ,بەلام ئەوەت لە بیربێ کە تۆ خەریکی دروست کردن و بنیات نانی ئالۆزترین بونەوەری اللە ی لە گەردووندا.

لە قۆناغی سەرەتایشدا دەبێ مامۆستا هەول بدا کە بزانێ قوتابیەکە نەمەتی وینەیی یە یان دەنگی یان فکری یان هەستەوەری یە؟

ناساندنی ئەم چەمکانە بەخیرایی:

ئەو کەسەی کە چەندین جلی وجوان یاری گرانبەهای بۆبکری و پیشکەشی بکەی هیچ هەست بە رازی بوونی ناکەی تا کۆمەلیك وشەو دەستەواژەو رستەی پڕلە خۆشەویستی نەبیستێ لێت هەست بە رازی بوون ناکا,ئەمە نەمەتی بیستنە ,

ئەو کەسەش کە شیعرو پەخشانی جیهانی هەموو لە ژیرپێکانی سەربڕی و شەوو رۆژبۆی بڕێسی وپێی هەڵبڵێی هەرڕازی نەبێ,تا دیاریەکی بریقداری بۆنەکڕی ڕازی نابێ,ئەوە نەمەتی بینینە,

کە سی سێ یەم نە دیاری و نە وشە ڕازی ناکاو بە بۆنێکی خۆش و خواردنیکی بەتام ڕازی دەبێ ,ئەوەش هەستیارە ,

کەسی چوارەم ئەم سێ بوارە کاری لێ ناکەن ,بەلام کە تۆلایەنی بیری و فکری تێردەکەی ,هەست بە ئۆقرە گرتن دەکا ,ئەوە ش کەسێکی فکریە,

ئەوەی کە هەمیشە باسی رابردوو دەکا لە قسەکانی دا :وامان کرد واچوین وو ابوین ,وەهەموو نمونەکانی ڕابردوون ,ئەوە کەسیکە لە رابردودا ماوەتەوە,کەسیکیش باسی داهاتو هەموو بیری داگرتوە:وادەکەین وادەچین وادەبی,ئەوە کەسیکە نە رابردوی لاگرنگەو نەئیستا و هەرداهاتو دەبینێ,کەسیك هەیە نە ئەمە ونە ئەوە ,بەلکو تەنها بن پێ یەکانی خۆی دەبینێ,ئەو کوری ئیستایە و ئەمڕۆیە,و ئاخاوتنەکانیشی نە رابردون ونەداهاتون ,بەلکو هەموو ئەمرو فرمانن,

زانینی ئەم کلیلانە لای مامۆستا گرنگەو ئەمانەش لە گەل کلیلەکانی ترلە ئەرشیفی قوتابی دا کۆ دەکرینەوە ,

هەلبەت نالیم کە پەنا بۆزانستی خویندنەوەی هیمایی واژۆکان وپیت و وینەو نەخشەکان ببرێ چونکە ناسینی کەسایەتی لە چوارچیوە ی واژۆو نوسین قەبلاندنی ناڕاستی زۆرتیدەکەوێ ,بەلام خالیش نیە لە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

سود وپێ زانینی ڕاست ,وە کە پەناشی بۆبرا نابێ بۆ لایەنی تۆمەت بارکردن بەکاربهینرێ، و اتە بەس بۆدۆزینەوەی دیاردە نەرێنیەکان لەو منداڵەدا ئەم هۆکارە بەکاربهێنرێ.

زانستی پلان جوڵەوئاڕاستەو سەیرکردنی گلێنە وبیلبیلەی چاویش بەکاردێنن بۆ دۆزینەوەو دیاری کردنی نەمەتی کەسەکان و و ابەستەی زەمانی ئەو کەسانە کە ئایا لەڕابردوو دەژین ،یان لە ئێستا ،یان لە داهاتوو؟ وەئایا کەانی نەمەت بیستنن،یان بینینن، یان هەستیارن؟

ئەمانەش لە افاق بلاحدودی دکتۆر محمدتکریتی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام من ئێستا کەکتێبەکەم لانیە وهەرئەوەندەشم لە بیرماوە،ناتو انم وردە کاری چۆنێتی خوێندنەوەی ئە م بابەتانە بنوسم.

–

کە سایەتی ڕۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەکەیان:

هەرزمان وگەل ونەتەوەیەك کە سەیری زنجیرەی ئەلفبیتیکاڵەکەی بکەی،کەسایەتی ئەوگەل ونەتەوەی تێدادەبینی.سەیری (ابجد هوز)بکە کە تەمەنی بۆ هەزاران سال دەگەڕیتەوە,هەروەها زنجیرە ی ئەلفا بیت گاما ی یۆنانی گریکی و ئەی بی سی دی ئینگلیزی ,و الف با تای عەرەبی کەپێ ی دەڵێن سلسلە ی نور,هەموو یان تەمەنیان بەهەزاران سالە,ئەمانە لە ریزبەندی نەتەوەیی دەرچوون وبونە ریزبەندی دینی وجیهانی ,بەلام بێ گومان هەموو گەل ونەتەوەی دنیاش ریزبەندی خەیان هەیە, زمانەکان وەك کەسەکان ئەو انیش روحیان هەیە,روحەکەیان لە ریزبەندیەکەیان دایە,هەرچەندە من پیم باشە کە ریزبەندی لە دەقی پیرۆزو دینی ولاهوتیەکان وەربگیرێ تا سروشتیکی پیرۆزو بەردەوامی پێ بدرێ,چونکە وەك چۆن لای فیسگۆرس پیش ئەوەی جیهانی تەن وماده دروست بێ ژمارەکان بوونی داڕنراوو تایبەتیان هەبوەلە جیهانی روحەکان,هەروەها معناو و اتای وشەکان لای ئەفلاتون بەهەمان شیوە پێش دروست بونی ماددە بونی روحانی و ئایدیایان هەبوە,هەروەها پیتەکانی لای زۆریك لە عارفان و زانیان وەك احمدی کوری حەنبەل و عەبدالقادری گەیلانی وئیبن تەیمیەو زۆریکی ترکە پیتەکانی ئەبجەد هوز ئەبەدین و لە پێش بوونی جیهان وماددەو بەشەرهەرهەبوون و ئەو انیش وەك روحەکانن لای ئەو کەسانە روح بە ئەبەدی دەزانن,قورئان کە کەلام اللە یە وڕوحە پێک هاتوە لەکۆمەڵێک ڕستەودێرو ووشە وبە ٣٤دەنگ دەردەبڕدرێ وبە ٢٩ پیت دەنوسرێ.

هەربۆیە کە اللە شەرەفی دابە ئیبراهیم کە یەکەم پیت لە سەرقورگ دروست بکا,ئەوەی لە قورئاندایە پیتە و شوینی دەنگەژێکانە ودەنگە کە ئیبراهیم دروستی کرد,بۆیە ئیمە نابێ صنم بکەینە بت ,چونکە ئیبراهیم کە صنمی شکاند پیتی بنیات نا وەبیت بەمانای پەیکەرنیە,بەلکو بە مانای هیمای بچوك کراوەی دەنگە بۆ نوسین,هەربۆیە زمانە گریدراوەکانی جیهانی لاهوتی تەمەنیان زۆر دریژترەو لە ئەو جیهانەوە چاودیری دەکرێن,بەلگە نەویستە کە هەموو کتیبەکان کەلیماتن و کەلیمەش پیتن ,تەمەنی پیتەکان لەهی کەلیمەکان زۆر دریژترە,چونکە وشەکان لەگەل زمانەکان دەبنە زمان وشەی مردو ,تەنیا چەند وشەیەك نەبێ کە دزە دەکەنە ناو زمانە نویکەوەو دەمیننەوە ,بەلام پیتەکان جاری و ایە بۆ چوار چینی زمان بەکاردین ,بەلام دەنگەکان کە دایکی پیتەکانن تەمەنیان لەهیما نوسراوەکانیش دریژترە.

ئەو گەلانەی هەر سالە و دەسالەی ریزبەندیەك بە کاردینن وەك ئەندازیارە بچکۆلانەکە زووزوو بیناکەی خۆیان دەروخینن,ئەو انە بیانەوێ ونەیانەوێ ,تاکەکانیان هەرلە منداليەوە کە لەسەرئەو ئەلف وبا ریزبەندە زوو گۆراو انە پەروەردە دەبن ,ئەو انیش چەشنی ئەلف وباکان کەسانی میزاجی دەردەچن ولەسەر ئارەزوو و هەلبژاردنەکانیان ئۆقرە ناگرن و زووزوو دەی گۆرن,بەمەش ناتو انرێ ئاراستەی ئارەزویا ن بدۆزریتەوەو دەست نیشان بکرێ,چونکە ئەمانە نەخۆش و پێش دۆزینەوەی ئارەزوو پیویستە چارەسەر بکرین, هەروەها ئەم حاڵە بە منداڵەکانەوە ناوەستێ کە بێ ئایندەن,بەلکو پیاوو ژنەکانی ئەومیللەتانەی ئیرادەی پابەندیان بە ریزبەندی ئەلف وبای دینی نەبێ ئەو انیش دردۆنگ ورارا و پەرپوت دەبن لە خەونەکانیان وپرۆژە سیاسی وفەرهەنگی و زانستی و پەروەردەیی و رۆشنبیری و ئەدەبیەکانیان.

وانەی دەنگ و پیتەکان

چۆنێتی نوسین و دەربڕینی پیتەکانی عەرەبی وکوردی بەشێوەیەکی ئاسان .

ئایی وو -ئەها-عین حا-غەینە

خا-قاف -کافە-جیم یا شینە

ضاد-لام- نون- ڕا تاء ودالە

طا سین صاد زا ظاء ذالە

میحرابی نوێژەو بەرماڵە

ثاء – فا- واو-با ومیم هەردەم

کلیله بۆ گەنجینەی سەردەم

الدرس الثامن: الإدغام الصغير عند الإمام ورش

مبحث خاص
برواية ورش فقط



علاقة الحروف العربية عندما تتجاور فيما بينها
تنشأ عنها صفات عارضة (الإظهار أو الإدغام...)

موحەممەد عەزیز لۆتەری:

دەروازەیەکی پێویست :

بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين

والحمد لله وبه نعرج الى رب العالمين.

واصلي واسلم على خاتم النبيين وبه اهتدي الى الدين.

اما بعد.

چۆنێتی نوسین و دەربڕینی دەنگ و پیتەکان :

پیتەکان لای زۆریك لە عارفان و زانایان وەك احمدی کوری حەنبەل و عەبدالقادری گەیلانی وئیبن تەیمیەو زۆریکی ترلەزانایان ،دەنگ و پیتەکان کە بۆنوسینی دەقی پیرۆز و وەحی پەیامەکانی ئاسمان بەکار هێناون هەمیشەیی و ئەبەدین و لە پێش بوونی جیهان ومادەو پێش روحەکان وفریشتە وجنەکان و مرۆڤەکان هەر هەبوون و ،قورئان کە کەلام الله یە وڕوحە و مەخلوق نیە پێک هاتوە لەکۆمەڵێک ڕستەودێڕو ووشە وبە ٣٤دەنگ دەردەبڕدرێ وبە ٢٩پیت دەنوسرێ.

هەرلەبەر گرنگی ئەمر وفرمان وکەلامە کە زانایانی پێشین ئەوەندە جەختیان لەسەر ئەوەکردۆتەوە کە یەکێک لە ئیسم وناوو تایبەتمەندیەکانی الله ئەوەیە کە ئەو موتەکەلیمە ، قسە بێژە ، بە دەنگ گفتوگۆ دەکا ،کەواتە دەنگاکان ،بەشێکی بنچینەیی وڕەسەنن لە کەلامی هەمیشەیی ونامەخلوقی ئەو ، وە پیتەکانیش هێمای وێنەیی دەنگەکانن ،وە دروستکردن وبەدیهێنان لای ئەو گوتنە کەفەرموی ببە دەبێ ، هەموو شتێک وکارێک لای ئەو کن فیکونە .

الله پێش هەموو شتێک لەسەروعەرش پێش پەنجاهەزارسالّی گەردوونی لەوحی پارێزراوو قەڵەمی دروستکردن و فەرمانی نوسین و گوتنی هەموو دەستەواژەو ڕوداوەکانی پێدان .

هەربۆیە قورئان =خوێندراوە گرنگترین پەیامی ئاسمان و ڕووحی لەوحی پارێزراوە ، چونکە هەموو زانست و ناسین و شارستانیەک لە سەر خوێندن و خوێندراوەوقورئان بنیات نراوە، هاتنی قورئانیش لە مەکەو لای بەیتی پیت ، چونکە

خوێندراوەکان کۆمەڵێک پیتن کەبوونە ووشەو دەستەواژەو پەرەگراف و کتێبی خوێندراوە .

وە هاتنی چواردە پیت لە سەرەکیترین پیت ودەنگەکانی لەسەرەتای بیست ونۆ سوڕەتی پیرۆزی قورئان بە شێوەی پیتی پچڕ پچڕ هاتوون تاکو بۆ مرۆڤەکانی ڕوون بکاتەوە کە پیتەکان ودەنگەکان موعجیزەیەکی نەمر و نهێنی گەورەی ئەم بوونەوەرن و بەڕێزترینی فریشتەکان نوسەرەبەڕێزەکانن کە پێیان دەگوترێ (کرام کاتبین) وەجگە لە قەڵەمی یەکەم و لەوحی پارێزراو هیچ دروستکراوێکی تر لەسەرو عەرش نیە ، ئەو دوو مەخلوقەش بۆیە شایستەی ئەوەن کەلەسەرو عەرش بن چونکە دەفرو هەڵگری دەنگ وپیت و کەلیماتە تەواوەکان و دەقە پیرۆزەکانن .

سەیرکەن مرۆڤ بۆی نیە پەنا بە هیچ دروستکراوێک بگرێ، بەڵام سەروەرمان علیه السلام فێری کردوین کە بەیانی وئێواران سێ جار بڵێین اعوذ بکلمات الله التامات من شر ما خلق...

وە بە ناوو ئیسمە پیرۆزەکانی دوای لێ بکەین تاشایانی بەخشین و ڕێز و میهرەبانی ئەوبین.

وە هەردوو باوکمان ئادەم وئیبراهیم علیهما السلام بە هەڵگرتنی ئەم ئەمانەت و سپاردە تاقیکراونەوە .

بۆ ئادەم دەفەرموێ :

وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (بقرە31)

(ئینجا ئادەمی دروست کرد، ویستی توانایی و لێهاتووی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە) ناوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێری کرد، لەوەودوا بە فریشتەکانی ڕانواند و پێی فەرموون: ئادەی ئێوە ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن و (توانای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە؟).

قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (بقرە 32)

فریشتەکان وتیان: پاکی و بێگەردی و ستایش هەر شایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانستێکمان نیە، تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێرت کردووین، بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زاناو دانایت.

قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ (بقرە 33)

ئەوسا پەروەردگار فەرمووی ئەی ئادەم ئادەی تۆ ئاگاداریان بکە بە ناوەکانیان، جا کاتێك ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان.. فەرمووی: ئەی پێم نەوتن بەڕاستی من خۆم ئاگادارم بە نهێنی ئاسمانەکان و زەوی، دەشزانم ئێوە چی دەردەخەن و چی دەشارنەوە؟!

ئالێرەدا هۆکاری هەڵبژاردنی ئادەم بەسەر هەموو دروستکراوەکان دا ئەوەبوو کەئەو ناوەکانی زانی ، ناویش دەنگ و پیت و ووشەو قسەکردن و ئاخاوتن ودەستەواژەیە .

وە بۆ تۆبەکردنەکەشی لەتاوانەکەی دەفەرموێ :

فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (بقرە37)

پاشان ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە چەند وشەو دەستەواژەیەکی وەرگرت نزاکەی وەرگرت و لێی خۆش بوو، چونکە بەڕاستی تەنها ئەو، ئێجگار میهرەبان و تۆبە وەرگرە.

وەلە خوێندنەوەی

ئیبن کثیر ی قارئی مەککە کەیەکێکە لەحەوت قارئە کان بەم شێوە ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە:

فَتَلَقَّىٰ آدَمَ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٌ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (بقرە 37)

واتە چەند کەلیمە ودەستەواژەیەک ئادەمیان لە پەروەردگاریان وەرگرت وئادەم بەهۆی ئەو دەستەواژانەوە تۆبەی کرد کە ئەویش دەستەواژەی تواب و رحیم بوو .

لێرە دا ئەم ووشانە ،ئەم ناوانەی پەروەردگار ، تەواب وادەخوازێ کە تەوبەوگەڕانەوەی بەندەکانی وەرگرێ، رحیم ومیهرەبانی بەزەیی و لێبوردنی لێ دەخوازێ .

لەوەشە ووشەی تواب و تیپ و پیت کە دایکی ووشەو ناوو دەستەواژەکانن ، ووشەکانیش هۆی بیرکەوتنەوەوگەڕانەوەو بێداربوونەوەن پەیوەندیان پێکەوەبێ.

هەرلەچیرۆکی باوکمان ئیبراهیم ئەم واتایە باشتر دەردەکەوێ کە دەفەرموێ :

وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (بقرە 124)

(یادی ئەوە بکەنەوە) پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی تاقیکردەوە بە چەند ووشەو فەرمان و بڕیارێك، ئەویش زۆر بە جوانی ئەنجامیدان، دوایی (کە لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوت) پەروەردگار فەرمووی: من بڕیارمداوە بتکەمە پێشەوای خەڵکی، ئیبراهیم وتی: حەز دەکەم نەوەکانیشم لەوکارە پیرۆزە بێ بەهرە نەبن، پەروەردگار فەرمووی: پەیام و پەیمانی من بۆ ستەمکاران نابێت (با نەوەی تۆش بن)

وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ (بقرە 125)

(یادی ئەوەش بکەنەوە) چۆن ئەم-بەیت ، پیت - ماڵەمان (کەعبە) کردە جێگای بیرهاتنەوەو گەڕانەوەو کۆبوونەوەی خەڵکی، کە بەوپەڕی هێمنی و ئاسایش و ئاسوودەییەوە لەوێ بەیەك بگەن (دە ئێوەش، خەڵکینە) مەقامی ئیبراهیم کە شوێنی تایبەتی پەرستش و پەیوەندی ئەو بوو، بیکەنە جێگای پەرستش و پەیوەندی و نوێژ، ئینجا فەرمانماندا بە ئیبراهیم و ئیسماعیل کە ئەو ماڵەم-پیتە- خاوێن بکەنەوە (لە چەپەڵی ماددی و مەعنەوی) بۆ ئەوانەی بەدەوریدا دەسوڕێنەوەو (طواف) دەکەن و تیایدا دەمێننەوەو (اعتکاف) دەکەن هەروەها بۆ کڕنووشبەران و سووژدەبەران.

هەردووای کەلیمەو وشەکان باسی پیتی کرد کە مایەی گەڕانەوەوبیرکەوتنەوەی مرۆڤەکانە، پیت وخوێندن ونوسین مایەی ئەمن وئاسایشی دەروونی و ڕزگاربوون لەنەفامی وئەفسانە وهۆکاری خەریک بوون و خول بەدەورخواردنی بیرمەندان وهەستیاران و هۆشمەندان ولێزانەکانە ، مایەی موناجات ولاڵانەوەو ستایشی کاهینان و نوسەران وعارفانە .

هەربۆیە هەرلەوچیرۆکەی ئیبراهیم داوادەکا کە پەیام ونوسین و خوێندن لەنەوەکانی داهاتوشی بمێنێتەوە و ببێتە مایەی پاک بوونەوەی هزر وبیریان ، کەدەفەرموێ

رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (بقرە129)

پەروەردگارا، بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ئایندەدا دێن پێغەمبەرێك لە خۆیان ڕەوانە بکە، تا ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوەو فێری کتێبە پیرۆزەکەی تۆ (واتە قورئان) و داناییان بکات، تا دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و کردەوەیان لە ڕەوشتی ناپەسەند پاك بکاتەوە، بەڕاستی هەر تۆ باڵادەست و دانایت.

پاشان دەفەرموێ :

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (بقرە 130)

ئایا کێ لە ئاینی ئیبراهیم پشت هەڵ دەکات، جگە لەو کەسەی کەخۆی گێل و نەفام بکات، سوێندبێت بێگومان ئێمە ئیبراهیممان لەم دنیایەدا هەڵبژاردوەو (کردوومانە بەپێشەوا) بەڕاستی لەو دنیاش لە ڕیزی پیاو چاکاندایە.

کەسانی دوور لە پیت وخوێندن ونووسین ، کەسانی نەخوێندەوار گەمژەو ساویلکەونەفامن .

هەر بۆیە کە اللە شەرەفی دابە ئیبراهیم کە

هەواڵدان ونوسین ونوسەرایەتی (النبوة والکتاب)لەوەچەکانی ئەودا بپارێزرێ .

ئەو یەکەم پیتی لە سەر قورگ دروست کرد.

بۆیە مەکە جێگای قوربانی دانە ، لەوێ گەردن وقوڕگەکانی ئاژەڵان لە جیاتی قورگی ئیسماعیل ، ئیسماع واتە بەرگوێخەر ئیل واتە اللە ، بەرگوێ خەر و هۆی بیستنی اللە و دەستەواژەکانی اللە کە گەردنی مرۆڤە ،

,ئەوەی لە قورئاندایە پیتە و شوینی دەنگەژێکانە ولە سەرشوێنی دەربڕینی دەنگەکان ئیبراهیم وەک هێمایەک بۆ گەورەیی دەنگەکان پیتی دروست کرد، بۆیە ئیمە نابێ صنم بکەینە بت ,چونکە ئیبراهیم کە صنمی شکاند پیتی بنیات نا وەبیت بەمانای پەیکەر نیە,بەڵکو بە مانای هیمای بچوك کراوەی دەنگە بۆ نوسین,هەربۆیە زمانە گریدراوەکانی جیهانی لاهوتی تەمەنیان زۆر دریژترەو لە ئەو جیهانەوە چاودیری دەکرێن,بەڵگە نەویستە کە هەموو کتیبەکان کەلیماتن و کەلیمەش پیتن ,تەمەنی پیتەکان لەهی کەلیمەکان زۆر دریژترە,چونکە وشەکان لەگەڵ مردنی زمانەکان دەبنە زمان وشەی مردو ,تەنیا چەند وشەیەك نەبێ کە دزە دەکەنە ناو زمانە نوێکەوەو دەمێننەوە ,بەڵام پیتەکان جاری وایە بۆ چوار چینی زمان بەکاردین ,بەڵام دەنگەکان کە دایکی پیتەکانن تەمەنیان لەهیما نوسراوەکانیش دریژترە .

فێرکردنی زنجیرەی پیتەکان هەنگاوی یەکەمە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لە نەخوێندەواریەوە بۆ خوێندەواری، دەکرێ جۆرەها سرود وگۆرانی ئەبجەدی بۆ فێرکردنی منآڵ بەکاربهێنرێ.

ڕیزبەندی پیتەکان ونەگۆڕینیان لەم قۆناغە بۆ منداڵ گرنگە.

بێگومان گەورەترین هەنگاو کە مامۆستا ی سەرکەوتوو دەینێ لە ژیانیدا ئەوەیە کەبەشێوەیەکی ڕاست ودروست بتوانێ هیواکانی ئایندە فێری چۆنێتی دەربڕین و جوان نوسینی پیتەکان بکا ، چونکە پیتەکان بنچینەی نوسین و خوێندنن ، جاکاتێ منآڵ ئەم بناغەی دانا واتە بناغەیەکی بەهێزی داناوە بۆ خوێندەواری ونوسەری .

فێری چۆنێتی نوسینی پیتەکانیان بکە بە تەنیاو بە پێکەوە نوساوی ،دوو ڕێزبەندی پیتی عەرەبی، یەکەم ڕیزبەندی تەجویدە کە نەخشەی دروست بوونی پیتەکەیە لەناودەم وبەم شێوەیە، کەزانایانی ئیسلام زۆر گرنگیان پێداوە وسەدان کتێبیان لەسەرنوسیوە.

کە سایەتی ڕۆشنبیری و کلتوری نەتەوەکان بەستراوە بەزنجیرەی ئەبجەدیەکەیان:

هەرزمان وگەل ونەتەوەیەك کە سەیری زنجیرەی ئەلفبێتیکاڵەکەی بکەی،کەسایەتی ئەوگەل ونەتەوەی تێدادەبینی.سەیری (ابجد هوز)بکە کە تەمەنی بۆ هەزاران سال دەگەڕێتەوە و یەکەم جار فینیقیەکان لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست لە فەلەستین لەنەوەکانی ئیبراهیم علیه السلام و وعیبرانەکانیان وەرگرت ، بنەماڵەی ئیسرائیلیش علیه السلام هەردوو نوسینی مێخی سۆمەری نوح علیه السلام وهیرۆگلیفی ئیدریس علیه السلامیان میسریان تێکەڵاو کرد و ئەم ئەبجەدیەیان داهێناوە.

دواتر بنەماڵەی ئیسماعیلیش علیه السلام ئەم نوسینەیان لە سەبەئی وحیمیەرەکانی یەمەن وحەبەشە وەرگرت ئەم سێ شێوەنوسینە هەموویان کەلەپور و شوێنەواری پێغەمبەران و وەحی ئاسمانن کە بۆ پێغەمبەرانی ئەو میللەتانە نێردراوە.

پاشان قرتاجیەکانی تونس لە فینیقیەکانیان وەرگرتوە.

کیشوەری ئەوروپا بەناوی ئەو خاتونەوەناونراوە کە خوشکی قەدموسی قڕتاجی بوو ، زیۆسی گەورە خواوەندی ئەوروپیەکان ئەم خاتونەی فڕاندوە لە تونسی ئەفریقیاوە بۆ دورگەکانی کریت ومالّتا لە ئەوروپا ، قەدموس مامۆستای قڕتاجیەکان بوو، چوو بۆ ئەوبەر ڕوبارتا خوشکەکەی ئەوروپا ڕزگار کا بەڵام نەی توانی ، گریکەکان قدموسیان بەدیل گرت ، ئەویش ئەم پیتانەی زنجیرە ی ئەلفا بیت گاما ی فێری یۆنان یە گریکەکان کرد ، فێری نوسینی کردن ، کیشوەرو وڵاتەکەی بەناوی خوشکە بزربووە ڕفێنراوەکەیەوە کرد وناوی نا کیشوەری ئەوروپا ، ، لەو ڕۆژەوە قدموس وەک نیمچە خواوەندێک لە لای گریک وڕۆمانیەکان ناسرا.

ئەی بی سی دی لاتینیش هەرلەو ئەبجەدیەی فینیقیەکان وەرگیراوە کە قدموس لەقڕتاجەوە گواستیەوە بۆ گریکەکان ، ڕۆمانی ولاتینیەکانیش لە گریکەکانیان وەرگرتەوە ، میسرو شامیش دوای هاتنی ئەسکەندەرو هیلینیەکان ئەم ئەبجەدیەیان لەهەموو جیهانی کۆن بڵاو کردەوە ، ئینگلیزو فەرەنسی وجەرمانیەکانیش لە ڕۆماولاتینیەکانیان وەرگرتەوە.

کەواتە ئەم نوسینەی ئێستا بەهەردوو شێوە پیتی ڕۆژهەڵاتی ئەبجەد هەوەز و شێوەی هەریەک بنچینەیان هەیە. ABCDڕۆژئاوایی ئەوروپی

هەموو ئەم ئەلف وبێیانە تەمەنیان بەهەزاران ساڵە,ئەمانە لە ریزبەندی نەتەوەیی دەرچوون وبونە ریزبەندی دینی وجیهانی ,بەلام بێ گومان هەموو گەل ونەتەوەی دنیاش ریزبەندی خۆیان هەیە, زمانەکان وەك کەسەکان ئەوانیش روحیان هەیە,روحەکەیان لە ریزبەندیەکەیان دایە, ریزبەندەکان لە دەقی پیرۆزو دینی ولاهوتیەکان وەر دەگیرێ تا سروشتیکی پیرۆزو بەردەوامی پێ بدرێ.

ڕیزبەندی پیتەکانی عەرەبی وچۆنێتی نوسرانیان لە سەرەتاوناوەڕاست وکۆتایی ووشەدا :

ژ	پیت	سەرەتا	ناوەڕاست	
١	ء أ آ ىٰ	أحد،آدم	سئم،عام	
٢	بـ ب	بلد،بار	صبر،صبا	
٣	تة ة	تام	ستر	ص
٤	ثـ ث	ثور،ثناء	مثل	
٥	جـ ج	جود،جار	مجد،سجاد	
٦	حـ ح	حاكم،حلم	سحاب،فحم	
٧	خـ خ	خالد،خبر	فخار،فخر	
٨	د	دار،دنيا	بدر،نادر	
٩	ذ	ذئب	بذر،ناذر	
١٠	ر	رعد	برق،سارق	
١١	ز	زهد	لازم ،عزم	
١٢	سـ س	سعد	نسيم،بسام	
١٣	شـ ش	شهد	بشر،بشار	
١٤	صـ ص	صدق	بصر،عصام	
١٥	ضـ ض	ضحى	ناضر، حضر	ف
١٦	ط	طارق	نطاق،عطاء	
١٧	ظ	ظهر	نظر، عظام	
١٨	عـ ـعـ	عدل	نعم ناعم	
١٩	غـ ـغـ	غالب	رغيف،بغال	
٢٠	فـ ف	فلق	وفي،صفح	
٢١	قـ ق	قلم	عاقل،نقي	
٢٢	كـ ك	كتاب	بكر،ذكر	ن
٢٣	لـ ل	لامع لطيف	سلم،سالم	
٢٤	مـ م	معلم	سميع،جامع	
٢٥	نـ ن	نور،نصر	سناء،صنع	
٢٦	هـ ـهـ ه	هدى،هام	جهد ،جهاد	
٢٧	و	وعد	شوق،شروق	
٢٨	يـ ي	يد	بيت	س

ڕیزبەندی پیتەکانی کوردی :

ئا، ب، ت، پ، ج،چ، ح، خ، د، ژ، ر،ڕ، ز، س، ش، ع، غ، ف، ڤ،ق، ك،گ، ل،ڵ، م، ن، هـ، و،ۆ،ێ، ي.

ڕیزبەندی پیتەکانی کوردی وچۆنێتی نوسرانیان لە سەرەتاوناوەڕاست وکۆتایی ووشەدا :

ژ	پیت	سەرەتا	ناوەڕاست	
١	ئـەئاەا	ئەوین،ئاشتی	دەست، داد	
٢	بـب	بار	زبر،شیبا	
٣	پـپ	پاراو	سوپا،سپی	
٤	تـت	تارا	زستان	ئ
٥	جـج	جوتیار	هەنجیر	
٦	چـچ	چاکە،چنین	بەرچنە	
٧	حـح	حەوانەوە	سی وحەوت	
٨	خـخ	خەرمان	بەرخۆلە	
٩	د	دار	بێدار،سەردار	
١٠	ر		برا،سەرهەنگ	
١١	ڕ	ڕاو	بەڕێز ،بڕوا	ه

١٢	ز	زانست	نزا،ئازا	
١٣	سـ س	سایە	مەبەست	
١٤	شـ ش	شەو	پێشڕەو	
١٥	ژ	ژیان	ڕێژنە، پەرژین	
١٦	عـعع	عەوداڵ	سەعات،جومعە	ب
١٧	غـغغ	غاردان	بغداد، ساغلەم	
١٨	فـ ف	فەرهاد	سەرفراز	
١٩	قـ ق	ڤالا	دەریڤە،فراڤین	پ
٢٠	قـ ق	قوربان	بەردەقارەمان	
٢١	كـك	كورد	سەكۆ	
٢٢	گـ گ	گوڵ	بێگەرد	ب
٢٣	لـ ڵـ ل	لاو ، لێو	بەڵەم	
	ڵـ ڵ		پێڵو	
٢٤	مـ م	مژدە	سۆما،نما	
٢٥	نـ ن	نەمر	سەنگەر	
٢٦	هـ ھـ ە	هەمیشە	بەهار	
٢٧	و ،وو	وازی	دوور،پور	
٢٨	ۆ		سۆما،کۆڕ	
٢٩	یـ ى ی	یار	دیدە	
٣٠	ێـ ێ		سێو	

چۆنێتی دەربڕینی پیتەکانی عەرەبی لەگەڵ زەنە (سکون) وسەرە (فتحە)وبۆرە (ضمة)وژێرە (کسرە) دا

ژ	پیتی زەنەدار	پیتی سەرەدار	پیتی بۆرەدار	پ
١	ءْ ئـ	ءَ:ئە	ءُ:ئو	
٢	بْ	بَ:بە	بُ:بو	
٣	تْ	تَ:تە	تُ:تو	
٤	ثْ	ثَ:ثە	ثَ:ثو	
٥	جْ	جَ : جە	جُ:جو	
٦	حْ	حَ: حە	حُ:حو	
٧	خْ	خَ:خە	خُ:خو	
٨	دْ	دَ:دە	دُ:دو	
٩	ذْ	ذَ:ذە	ذُ:ذو	
١٠	رْ	رَ:ڕە	رُ:ڕو	
١١	زْ	زَ:زە	زُ:زو	
١٢	سْ	سَ:سە	سُ:سو	
١٣	شْ	شَ:شە	شُ:شو	

١٤	صْ	صَ:صه	صُ:صو	
١٥	ضْ	ضَ:ضه	ضُ: ضو	
١٦	طْ	طَ:طه	طُ:طو	
١٧	ظْ	ظَ:ظه	ظُ:ظو	
١٨	عْ	عَ:عه	عُ:عو	
١٩	غْ	غَ:غه	غُ:غو	
٢٠	فْ	فَ:فه	فُ:فو	
٢١	قْ	قَ:قه	قُ:قو	
٢٢	كْ	كَ:كه	كُ:كو	
٢٣	لْ	لَ:له	لُ:لو	
٢٤	مْ	مَ:مه	مُ:مو	
٢٥	نْ	نَ:نه	نُ:نو	
٢٦	هْ	هَ:هه	هُ:هو	
٢٧	وْ	وَ:وه	وُ:وو	
٢٨	يْ	يَ:يه	يُ:يو	

ڕێزبەندی پیتەکانی عەرەبی لە گەڵ تەنوینی سەرەو تەنوینی بۆرە وتەنوینی ژێرە :چۆنێتی نوسرانی وچۆنێتی دەربڕینی :

ژ	پیتی زەندار	تەنوینی سەرە	تەنوینی بۆرە	ت
١	ءْ ـئـ	ءً ئەن	ءٌ ئون	

٢	بْ	بًا بەن	بٌ بون	
٣	تْ	ةً،ـةً تًا تەن	تٌ:تون	
٤	ثْ	ثًا ثەن	ثٌ:ثون	
٥	جْ	جًا جەن	جٌ:جون	
٦	حْ	حًا حەن	حٌ حون	
٧	خْ	خًا خەن	خٌ:خون	
٨	دْ	دًا دەن	دٌ:دون	
٩	ذْ	ذًا ذەن	ذٌ:ذون	
١٠	رْ	رًا ڕەن	رٌ ڕون	
١١	زْ	زًا زەن	زٌ زون	
١٢	سْ	سًا سەن	سٌ :سون	
١٣	شْ	شًا شەن	شٌ :شون	
١٤	صْ	صًا صەن	صٌ :صون	
١٥	ضْ	ضًا ضەن	ضٌ : ضون	
١٦	طْ	طًا طەن	طٌ:طون	
١٧	ظْ	ظًا ظەن	ظٌ:ظون	
١٨	عْ	عًا عەن	عٌ:عون	
١٩	غْ	غًا غەن	غٌ:غون	
٢٠	فْ	فًا فەن	فٌ:فون	
٢١	قْ	قًا قەن	قٌ قون	
٢٢	كْ	كًا كەن	كٌ:كون	
٢٣	لْ	لًا لەن	لٌ:لون	
٢٤	مْ	مًا مەن	مٌ مون	
٢٥	نْ	نًا نەن	نٌ:نون	
٢٦	هْ	هًا هەن	هـٌ :هون	
٢٧	وْ	وًا وەن	وٌ:وون	
٢٨	يْ	يًا يەن	يٌ:يون	

دەرچونگە ومخرج وجێدروست بوونی پیتەکان لە ناودەمدا:

ئاشکرایە کە پیتەکان کەرەستەخاوو ئەو لم و چیمەنتۆیەن کە بلۆکی ووشەودەستەواژەو کەلییمەیان لێ پێک دێ بەناوو ڕاناوو ئاوەڵناوو هەموو جۆرەکانی فرمان وکردارو ئامڕازەکان، ئەم دەستەواژانەش کۆدەبنەوەوڕستە پێک دێنن وڕستەکان دێڕو پەڕەگراف پێک دێنن، ئیدی زمان ودەق لە پیتەکانەوە دەست پێ دەکا.

بۆیە زانینی دەربڕینی پیتەکان فەرزی عەینەو دەبێ هەموو مسوڵمانێکی ئەرکبارو موکەلەف فێریان بێ، بەخوێندەوارونەخوێندەوارەوە ئەمە وەک هەندێ بەهرەی ترنیە وەک نوسین و هەندێک لە ئاڵۆزیەکانی نەحو وڕێزمان وتەجوید کە هەمووان ناتوانن فێریان بن، چونکە هەموو مسوڵمانێکی نوێژ خوێن پێویستی بەخوێندنی فاتحەو سوڕەتێکی کورت و ویردەکانی نوێژهەیە ،ئەو دروشمانەش دەبێ پیتەکان بەڕاستی دەربببڕدرێن ،ئەگینا ماناو واتای فاتحە وزیکرەکان دەگۆڕێ، لەوانەیە لەجیاتی سوپاس وستایشی پەروەردگارو ودوعاوپاڕانەوە کەسەکە جنێو بەخۆی بداو نەشزانێ.

بۆیە فێرکردنی دەرچە و مەخرەجەکان ودەرچونگەکانی پیتەکان یەکێکە لە پیرۆزترین کارەکان کە پێویستە مسوڵمانان پێشبڕکێی تێدابکەن.

من لێرەدا پوختەی چەند گوتاری نوسراوو گوتراوی سەرئەنتەرنێت بۆ هاوزمانانی ئازیزم وەردەگێڕم بەڵکو منیش بەشداربم لەم پاداشتەی کەبەرامبەر فێرکردنی ئەو ئەرکە دەدرێتەوە بەندەکان.

پێناسەی دەرچە (مخرج):شوێنی جیاکراوەی دەرچوونی ئەو پیتە کە جیای دەکاتەوە لە پیتەکانی تر .

زانینی ئەو دەرچونگە وەک زانینی کێشی کاڵاکان وایە ،کە بەهۆی کێش وپێوانەکان ئەندازەی کاڵاکان دەزانرێن.

پیت ئەودەنگ و سەدایەیە کە پشت بەستو بەودەرچونگەوە دروست دەبێ ودەردەبڕدرێ لەسنورو ئەندازەیەکی دیاری کراو کە بەهۆی زانینی دەرچونگەکەی دەزانرێ.

هەرپیتێک دەرچونگەومەخرەجێکی جیاکەرەوەی تایبەت بە خۆی هەیە،زیاترئەم تایبەتمەندیە لەکاتی ساکن کردنی پیتەکە ،یان لەکاتی کە شەددەی لەسەربێ ، یان هەمزەی دەرنەبڕدراوهمزة الوصل-ی بچێتەپێش دەردەکەوێ،زۆرجار پیتەکان لە بەشە مەخرەجەکە هاوبەشن و جیاوازیەکان بە کەم وزۆری فشار کردن وکەم وزۆری هەوا ودەنگەکە جیاوازدەبن.

بەشە بنچینەیی وگشتیەکانی دەرچونگەی پیتەکان:

پێنج بەشی گشتی هەیە بۆ دەرچەی پیتەکان کەئەمانەن:

1 -دەرچەی هەناو-الجوف-

2 - دەرچەکانی قورگ -الحلق-

3 - دەرچەکانی زمان -اللسان-

4 -دەرچەکانی دوولێوەکە- الشفتان-

5 -دەرچە ی لوت - الخيشوم-

ئەمە دابەش کردنی جەزەری و خلیلی فەراهیدیە .

بەڵام لە ڕیزبەندی سێیەوەیە وشاتبی دەرچەی هەناو-جوف- بەبەشێکی بنەڕەتی دانانرێ ولای ئەوان هیچ دەنگ و پیتێک هەناوی نیە ،بەڵکو ئەلف پیتی قوڕگەو یا پیتی ناوەڕاستی زمان لەگەڵ مەڵاشوەو واو پیتی دوو لێوەکانە.

بەڵام لەسەر گوتەی بەناوبانگ بەشە سەرەکیەکان پێنجن و هەربەشەش دەکرێتە چەند بەشی تر.

کە حەڤدە بەشی تایبەتن:

-هەناو یەک دەرچە (مخرج)

-قوڕگ سێ دەرچە

-زمان دە دەرچە

-لێوەکان دوو دەرچە

-لووت یەک دەرچە

بەهەموویان =١٧ دەرچە

لە مقدمەی جزریەش دەڵێ:

9) مَخَارِجُ الحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ

عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ

1 – دەرچە و مەخرەجی هەناو-الجوف-

المخرج الأول: الجَوْف

تەنیا یەک مەخرەج ودەرچونگەیە،پێتەدرێژەکان

-حُروفُ المَدِّ-لەوێوە دەردەبڕدرێن.

وشەی جەوف لەزمانی عەرەبی دا واتە بۆشایی، بەو بۆشاییەی ناو سیەکان و قوڕگ ودەم دەگوترێ.

سێ پێت لەم دەرچونگەوە دەردەچن کە :

-ئەلف کە ساکن بێ و پێش خۆی پێتێک هەێ کە-فەتحە- سەرەی لە سەربێ، وەکو {قال}

- واو کە ساکن بێ واتە خۆی سکونی لەسەربێ وپێش خۆی پێتێک هاتبێ کە بۆر-ضمة-ی لەسەربێ وەکو:{يقُول}

-یائی ساکن،واتە سکونی لەسەربێ ولەپێشی پێتێک هاتبێ کە کەسرە-ژێرە-ی لە ژێربێ وەکو: {قيل}

بەم سێ پێتە دەگوترێ پێتەکانی هەناو- جەوف-چونکە لەهەناودەردەچن، وەپێشیان دەگوترێ پێتی درێژ چونکە بەئاسانی درێژدەکرێنەوە لەکاتی دەربڕینیاندا،وە پێشیان دەگوترێ پێتە هەواییەکان چونکە بە دەرکردنی هەواڵەدەم دەگوترێن وبەڕاوەستاندنی هەوا کۆتاییان دێ بێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی ناودەم لەگەڵ ئەندامێکی دیکە کۆنتاکت وبەریەک کەوتنی هەبێ ، وە پێیان دەگوترێ پێتەنەخۆشەکان چونکە نەخۆش لەکاتی ناڵاندندا بەکاریان دێنێ.وەلەکوردی دا بە پێتی بزوێن ناسراون.

لە مقدمەی جزریەش دەڵێ:

10) لِلْجَوْفِ أَلِفٌ وأُخْتَاهَا وَهِي

حُرُوفُ مَدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي

2 - دەرچەکانی قورگ -الحلق-

ئەم کۆ دەرچە سێ دەرچە لەخۆ دەگرێ ولەهەریەکێکیان دوو پیت دەردەبڕدرێن، واتەکۆی ئەو پیتانەی بەم کۆ دەرچە دەگوترێن شەش پیتن، بەم شێوەی خوارەوە:

1 - ئەوپەڕی قورگ-أقصى الحلق -لەنزیکی سینگ ولەناوسیەکانەوە دوو پیتی لێ دەردەچن کە پیتی ئەی سەرکورسی، واتە هەمزە وەکو: إقرأ

و پیتی ها وەکو: جهر

2 - ناوەڕاستی قورگ -وسط الحلق-: لێرەش دوو پیت دەردەبڕدرێن کە بریتین لە پیتەکانی :عەین وەکو:یعلم ،وەپیتی حا وەکو احوی.

3 - ئەملاترینی قورق -أدنى الحلق -کە لە نزیکی زمانە بچکۆلە ی ناودەم ئەویش دوو پیت دەردەبڕدرێن کە بریتین لە:غەین وەکو:غنی ، وە پیتی خا وەکو :أخفی.

ئەم شەش پیتانە پێیان دەگوترێ پیتەکانی قورگ و لەکاتی گەیشتنی نونی ساکن وزەنەدارو تەنوین-دووسەرە ودووژێرو دوو بۆر-بەم شەش پیتانە دەردەخرێ وئاشکرا دەکرێ ،واتە ناشاردرێتەوەو دەغم ناکرێ بۆیە پێشیان دەگوترێ پیتەکانی ئیزهار کە ئەمانەن:

الهمزة والحاء والخاء والعين والغين.

مقدمەی جزریەش دەڵێ:

11) ثُمَّ لأَقْصَى الحَلْقِ هَمْزٌ هَاءُ

وَمِنْ وَسَطِهِ فَعَيْنٌ حَاءُ

3 -دەرچەکانی زمان -اللسان-

بەهۆی بەشە جیاجیاکانی زمانەوە ١٨لە پیتەکان دەردەبڕدرێن،کە ئەم پیتانەن:

التاء، والثاء، والجيم، والدال، والذال، والرّاء، والزّاي، والسين والشين، والصاد، والضاد، والطاء، والظاء، والقاف، والكاف، واللام، والنون، والياء.

بەڵام تەنیا دە دانە لەو دەرچانە بە دەرچەی سەرەکی دانراون کە ئەمانەن:

١-ئەوپەڕی زمان بۆلای قوڕگ-

أقصى اللسان القريب من الحلق- ئێرە دەرچونگەو مخرجی پیتی قافە.

٢-ئەوپەڕی زمان بۆلای دەم- أقصى اللسان القريب من الفم- تۆزێکی لەم لاترە لە دەرچونگەی قاف، ئەویش دەرچەی پیتی کافە.

جزری دەڵێ:

12) أَدْنَاهُ غَيْنٌ خَاؤُهَا والْقَافُ

أَقْصَى اللِّسَانِ فَوْقُ ثُمَّ الْكَافُ

٣-ناوەڕاستی زمان-وسط اللسان-

دەرچونگەی سێ پیتی جیم و شین و ویاء ی کورتە .

٤- ئەوپەڕی دوو لاکانی زمان لە هەردوولای ڕاست وچەپ لەنزیک خرێکانی سەرەوە دەرچونگەی پیتی ضَّاد ە، ئەم پیتە زەحمەتترین پیتی زمانی عەرەبیە بۆدەربڕین.

جزری دەڵێ

13) أَسْفَلُ وَالْوَسْطُ فَجِيمُ الشِّينُ يَا

وَالضَّادُ مِنْ حَافَتِهِ إِذْ وَلِيَا

٥-هەردولای نزیکترینی زمان نزیک سەری زمان لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە پوکی سەرەوەی ددانە بڕەرەکان دەرچونگەی پیتی لامە.

جزری دەڵێ:

14) لاضْرَاسَ مِنْ أَيْسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا

وَاللَّامُ أَدْنَاهَا لِمُنْتَهَاهَا

٦-سەری زمان لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە پوکی ددانە بڕەرەکانی پێشەوە ،دەرچونگەی پیتی نونە.

٧- سەری زمان لەگەڵ بەرامبەرەکەی لەگەڵ پوکی ددانەبڕەرەکانی سەرەوە لەنزیک دەرچەی پیتی نون، تۆزێک بۆ ناوەوە لەگەڵ هێشتنەوەی بۆشاییەک بۆ لەرەڵەر دەرچونگەی ڕا= الرَّاء.

جزری دەڵێ:

15) وَالنُّونُ مِنْ طَرَفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا

وَالرَّا يُدَانِيهِ لِظَهْرٍ أَدْخَلُ

٨- سەری زمان لەگەڵ بن ددانە بڕەرەکانی پێشەوە لە لای سەرەوە دەرچونگەی پیتەکانی : الطاء، ودال، وتاء.

٩- سەری زمان لەگەڵ سەری ددانە بڕەرەکانی سەرەوە دەرچونگەی پیتەکانی ظاء، وذال، وثاء.

١٠- سەری زمان لەگەڵ نێوانی هەردوو ددانەبڕەرەکانی پێشەوە هی سەرەوەوخوارەوە

دەرچەی پیتەکانی سین، وزاي، وصاده.

ئەم پیتانە بە پیتی فیتو لێدان-حروف الصَّفیر-ناسراون .

جزری دەڵێ:

16) وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا مِنْهُ وَمِنْ

عُلْيَا الثَّنَايَا والصَّفِيرُ مُسْتَكِنّ

17) مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى

وَالظَّاءُ وَالذَّالُ وَثَا لِلْعُلْيَا

4 -دەرچەکانی دوولێوەکە- الشفتان-

لەدوو لێووە کانەوە چوار پیت دەردەبڕدرێن ،کە بەپیتە شەفەویەکان ناسراوەن، کەلەدوو دەرچەی سەرەکی دەردەچن ئەوانیش:

١-لای ناوەوەی لێوی خوارەوە لەگەڵ سەری ددانە بڕەرەکانی سەرەوە پیتی فاء دەردەبڕدرێ.

جزری دەڵێ:

18) مِنْ طَرَفَيْهِما وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ

فَالْفَا مَعَ اطْرافِ الثَّنَايَا المُشْرِفَهْ

٢-دو لێوەکانی سەرەوەو خوارەوە بەپێکەوە نوساندنیان دوو پیتی میم وباء دەردەبڕدرێن، هەروەها واوی کورت لەکاتی هێشتنەوەی کەلێنێک لەنێوان لێوی سەرەوەوخوارەوە دەردەبڕدرێ.

جزری دەڵێ:

19) لِلشَّفَتَيْنِ الْـوَاوُ بَاءٌ مِيمُ

وَغُنَّـةٌ مَخْرَجُهَا الخَيْشُومُ

5 -دەرچەی لوت - الخيشوم

جزری دەڵێ:

(وَغُنَّةٌ مَخْرَجُهَا الخَيْشُومُ):

لوت -خيشوم- پێنجەم دەرچەی گشتیە،تەنیا یەک دەرچەی هەیە ئەویش غوننەیە ،پێناسەی غوننە دەنگێکی ئەغن یان ئەرن، کەلە دوو پیتی نون ومیم دەردەکەوێ ولەرینەوەو ئاوازێکی لەگەڵە کەلە لوتەوە دەردەچێ لەسەروی لوت لەوپەڕی ناوەوەی لوت، زمان هیچ ڕۆڵێکی نیە لەو لەرینەوە، ،ماوەکەشی دوو جوڵەیە،وەک واوی درێژ ،یان وەک دوو پیتی جوڵاو،وەیان دەگوترێ جوڵە واتەئەوبڕەکاتەی نوشتانەوەی بەنجە دەیخایەنێ بە ئاسایی .

هەرچەندە پیتەکانی عەرەبی ٢٨پیت ناسراون ،بەڵام ٣٤دەنگ لە زمانی عەرەبی دا هەیە ، ئەوانیش ئەم ٢٨پیتەن کە بە پیتەکانی هیجا ناسراون

(ء، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، ه، و، ي).

لەگەڵ سێ پیتە هەناویە درێژەکان کە پیتەنەخوێشەکانن واویای درێژ و ئای درێژ.

لەگەڵ سێ بزواوەکان کە فەتحە=سەرە وکەسرە=ژێرە و ضمة=بۆرە یە بەمەش دەبنە ٣٤دەنگ.

زانایان دەرچەکانیان بۆ دوو جۆر دابەش کردوە:

١-دەرچە ڕاستەقینە محققەکان. کە ئەو دەرچانەنە کەبەشێک وئەندامێک لەناودەم ڕۆڵ دەبینێ لە دەربڕینیان وەک دەم وقوڕگ وزمان ودوولێو.

٢-دەرچەی ئەندازەگیرکراوو قەبڵێندراو مقدر، ئەو پیتانەن کە هیچ ئەندامێکی ناودەم هیچ ڕۆڵێک نابینێ لەدرکاندنیان وەک پیتە درێژەکانی هەناوو و دەنگی لەرینەوەو مینگەی غونەی ناولوت.

خشتەی دەرچەکانی پیتەکان:

١- دەرچە ی هەناو	[ئا یی وو]	یەک دەرچە ٣ پیت
٢-دەرچەکانی قوڕگ	[أ هـ - ع ح – غ خ]	سێ دەرچە٦پیت
٣-دەرچەکانی زمان	[ق،ک ج ي ش ض ل ن ر ت د ط س ص ز ظ ذ ث]	دە دەرچە ١٨ پیت
٤-دەرچەکانی لێو	[ف و م ب	سێ دەرچە٤ پیت
٥-دەرچەی لوت	م ن	یەک دەرچە ٢پیت

سرودی ڕیزبەندی ئەلف وبێ بە پێی دەرچەکانی دەربڕینی دەنگ و پیتەکان .

یەکەم: دەرچەی هەناوبۆدەربڕینی پیتەکانی :-

[ئا یی وو]

لەناوهەناوی سیەکان

دەردەبڕم پیتە درێژەکان

ئا یی وو نالّەی نەخۆش

دەردەچن بەجۆش وخرۆش.

☆☆☆

دووەم دەرچەکانی قورگ بۆ گوتنی [أ هـ - ع ح – غ خ]

دووەم وێستگە کەقورگمانە

جێ،دەربڕینی شەش دەنگانە

بۆسێ دەرچە دابەش دەبێ

هەردەرچەیەک دوو پیت دەڵێ

☆☆☆

ئەوپەڕی قورگ هەمزە وهایە

هەمزە وەکو ئەی أللە یە

ها هەنگاوو هەم هودایە

ناوەندی قوڕگ عەین وحایە

عەین عەزیزەوعبدالله یە

حا حەج ودایە حەوایە

☆☆☆

غەین وخای قوڕگ لەئەملایە

غەین ساغ وباغ وغەزایە

خا شاخە خەڵقی خودایە

ئەم شەش پیتانە ئیزهارن

ًٌٍ

تەنوینەکان دوای وان دیارن

☆☆☆

سێیەم : دەرچەکانی زمان بۆ دەربڕینی ١٨دەنگ:

وێستگەی سێیەم زمانمانە

لەچوار چێوەی دە دەرچانە

دەڵێ ئەم هەژدە پیتانە

☆☆☆

هاوسێی قوڕگ لەناوگەرو

قاف دەگوترێ قاقی قە قو

هاوسێی دەمیش لەناوگەرو

کاف

کاف دەگوترێ کاکی کە کو

☆☆☆

ناوەندی زمان ومەڵاشو

بۆجیم وشین ویا جێ بوو.

کە هەردوولاکانی زمان

دەنوسێنرێن بەپوکی بان

زمان لەپوکان دەترینجێنین

تاپیتی ضاد دەدرکێنین

☆☆☆

دوولای زمان بۆلای سەری

بە پوکی بان لام دەرپەڕی

سەری زمان وپوکی بڕەر

تابیڵێم نونی پڕهونەر

لەدەرچەی نونیش خوارتر

دەرچەی ڕا یەبەلەرەلەر

دوای تاء ودال ئەوجارطایە

زمان گۆپاڵە لەدەمدایە

☆☆☆

سەری زمانی پڕلە هونەر

لەنێوان بڕەری خواروسەر

دەرچەی سین وصاد و زایە

وەکو دەنگی نەرمەبایە

☆☆☆

سەری زمان ولوتکەی بڕەر

ظاءوثاءوذال هاتنە دە ر

هذا مناظر الکوثر

☆☆☆

چوارەم: وێستگەکانی لێوەکان :

وێستگەی چوارەمیش دوولێون

کەوان چواریپیت دەهەنگێون

لێوی خوارو بڕەری سەر

فا دەربڕە، وەفای فکر

☆☆☆

بەگرژکردنی دوولێوان

واوبڵێ جوان وڕەوان

کە لێک بدەم دوولێوم

با ومیمە بەرومیوەم

☆☆☆

پێنجەم:دەرچەی مینگە:

دواوێستگەکە خەیشومە

مینگەوگنەی نون ومیمە

سی ودوو دەنگی تەواون

بەزنجیرەی نورناسراون

*****

لەگەڵ بۆروسەرەوژێرە

سی وپێنجی تەواوبژمێرە

فەرزە کەفێربین دەنگەکان

تاکوڕەوان کەین نوێژەکان

بخوێنین گوفتاری قورئان..

☆☆☆

ئایی وو -ئەها-عین حا-غەینە

خا-قاف -کافە-جیم یا شینە

ضاد-لام- نون- ڕا تاء ودالە

طا سین صادوزا ظاء ذالە

میحرابی نوێژەو بەرماڵە

ثاء – فا- واو-با ومیم هەردەم

کلیلە بۆ گەنجینەی سەردەم

*****

چەند ڕێگەیەک و هونەرێکی نوێ بۆ فێرکردنی پیتەکان لە ڕێگەی ئۆنلاین و سۆشیال میدیاوە:

١. هونەری فێرکردن لە ڕێگەی "ئەڤەتاری قسەکەر" (Talking Avatars):

ئەمە یەکێکە لە کاریگەرتین ڕێگەکان بۆ منداڵ. دەتوانیت وێنەی یەکێک لە کارەکتەرە مێژوویییە کان بە شێوەیەکی سیمبولّی دروست بکەیت و لە ڕێگەی وای لێ بکەیت سرودەکە (D-IDیان HeyGenزیرەکی دەستکردەوە (وەک بخوێنێتەوە.

چونکە منداڵ زیاتر سەرنجی بۆ وێنەیەک ڕادەکێشرێت کە دەجوڵێت و قسە دەکات.

٢. تەکنەلۆژیای "ڕاستی زیادکراو" (Augmented Reality - AR):

ئەمە ڕێگەیەکی سەرنج ڕاکێشە! مامۆستا دەتوانێت پیتەکان بکاتە فیلتەرێکی سناپچات یان ئینستاگرام. کاتێک منداڵەکە کامێراکە دەخاتە سەر "بەرماڵێک" یان (سێ ڕەهەندی) لە هەوادا دەردەکەوێت و D"کتێبێک"، پیتەکە بە شێوەی ٣ دەنگەکەی دەبیسترێت.

٣. فێرکردنی "مایکرۆ-لێرنینگ" (Micro-learning) لە ڕێگەی کورتە ڤیدیۆ (Reels/TikTok):

لەبەر ئەوەی ئارامیی منداڵ و گەنجی ئێستا کەم بووەتەوە، دابەشکردنی سرودەکان بۆ کورتە ڤیدیۆی ١٥-٣٠ چرکەیی زۆر کاریگەرە.

هونەرەکە: هەر مەخڕەجێک بکە بە ڤیدیۆیەک. بۆ نموونە ڤیدیۆیەک تەنها بۆ "پیتەکانی هەناو". بەکارهێنانی مۆسیقایەکی هێمن یان دەنگێکی سروشتی لە پشتەوە کە لەگەڵ "ڕۆحی پیتەکە" بگونجێت.

٤. بەکارهێنانی "کتێبی دەنگی و کارلێکەر" (Interactive E-books):

کە کاتێک منداڵەکە دەست دەخاتە سەر پیتەکە، PDFدروستکردنی فایلێکی دەنگەکەی و شوێنی مەخڕەجەکەی بۆ لێ بدات.

سەرچاوەوژێدەرەکانی یەکەی سێیەم :

١- علم نفس النمو (الطفولة والمراهقة)

د. حامد عبد السلام زهران/ ٢٠٠٥، عالم الكتب، قاهيره.

٢- سيكولوجية التنشئة الاجتماعية/ د. فيصل عباس: ١٩٩٤، دار الفكر العربي، بيروت.

٣- الرسول ﷺ: منهج وتكوين: محمد قطب: ١٩٨٠ : دار الشروق.

٤- الإنسان بين المادية والإسلام/ محمد قطب

٥- المقدمة الجزرية في علم التجويد /الإمام ابن الجزري.مع المنح الفكرية في شرح المقدمة الجزرية. ملا علي القاري.دار الكتب العلمية، بيروت

٦- الدراسات الصوتية عند علماء التجويد.

د. غانم قدوري الحمد. دار عمار، عمان، ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م.

٧- تاريخ الخط العربي وآدابه.

. محمد طاهر بن عبد القادر الكردي (المكي).

مطبعة زيد بن ثابت، دمشق، ١٩٨٢م (چاپی دووەم).

٨- قصة الكتابة العربية.. إبراهيم جمعة.

دار المعارف، القاهرة، ١٩٤٧م.

٩- الفتوحات المكية .محي الدين ابن عربي.

دار صادر، بيروت.

١٠- كتاب الحروف. أبو نصر الفارابي.

:تحقيق محسن مهدي.دار المشرق، بيروت، ١٩٦٩م.

١١-زمانەوانی (بنیاتی دەنگ): د. وریا عومەر ئەمین. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ز.

سەرچاوەی یارمەتیدەر بۆ فێرکردنی پیتەکان :

- پلاتفۆرمی Zappar یان Adobe Aero بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە وانانە بێ وێنەن.

- پلاتفۆرمی Book Creator یان Kotobee

- پلاتفۆرمی "نوراني" (Noorani QA): یەکێکە لە بەهێزترین ئەپڵیکەیشنەکان بۆ فێرکردنی پیت و مەخرەج بە ڕێگەی "قاعیدەی نورانی" بە شێوەیەکی دیجیتاڵیی کارلێکەر.

- کەناڵی "تجويدنا" (Tajweedna): لە یوتیوب و پلاتفۆرمەکان، کە مۆدێلی سێ ڕەهەندی (D٣) بەکاردەهێنن بۆ نیشاندانی جوڵەی زمان و قورگ لە کاتی دەربڕینی پیتەکاندا.

٣. سەرچاوەی "EdTech Magazine": بۆ ئاشنابوون بە نوێترین ئامرازەکانی پەروەردەی زیرەک لە جیهاندا.

یەکەی چوارەم :

چۆن "ئەرشیفکردنی ئامێری دیجیتاڵی بکەینە کەشتی نوح بۆ ڕوحی هەرزەکاران ولەمەترسی گێژاوی دیجیتاڵ ڕزگاریان کەین ؟

قۆناغی ناوەندی و هەرزەکاری:

کرداری بە ئەرشیف کردن دەبێ لە ئەم قۆناغەشدا لە جاران چرتر بەردەوام بێ,لەم تەمەنە کارکەری نوێ دینە ئاراوە ,وەك هەلبژاردەکانی قوتابی لە ئەنتەرنیت و بەرنامە کۆمپیوتەریەکان و تەلە فیزیۆن و کەنال و میدیاکان و هونەرە جوانەکان و وەرزشەکان و فلیم وسینەماو شانۆو یاریە جۆراو جۆرەکانی سەر کۆمپیوتەرو تەلە فیزیۆن,

دەبێ مالەوەو قوتابخانە لەم قۆناغە هەستیارە قوتابی هەڵنێن کە لە لاسایی کردنەوەی لەرادەبەدەری هاوریکانی کلکایەتی و لە دەست دانی کەسایەتی سەربەخۆیەو توانەوەیە لە کەسانی تردا,کە بەداخەوە ئیستا لە بەر بەربلاوی تۆرەکانی نێت کەمتر گەنجان بیر لە کەسایەتی سەربەخۆو تایبەت دەکەنەوە ,ئەمەش وادەکا کە کرداری بە ئەرشیف کردن و پەی بردن بە هەلبژاردەی قوتابی زۆر زەحمەت بێ,

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بازارەی ئیستا لە بڕەوە هەموو کۆمەلگای مرۆڤایەتی لە سەر زەمینەیەکی درۆزنی ودووڕوویی و تەلەکەبازی دادەنێ لە هەموو بوارەکانی دا ,چونکە لە لایەك

بانگەشەی پێکەوە ژیان ومافی مرۆڤ و ئاشتی وئازادی و ڕیزگرتن لە رای جیاواز و بەپیرۆز سەیرکردنی بەها ڕەوشتی و یاسای یەکان دەکا,وەسەرکۆنەی هەموو جۆرە تووندو تیژیەك و تۆقاندنیك دەکا, کەچی بەکردەوە بەو یاریە شەڕ ئامیزانەی کە لە سەر ئامیرەکانن ،کۆمەلگا بەرەو زەلکاوی تیرۆر و تووندوتیژی و تۆقاندن دەبا ,

سەبارەت بە ئەنتەرنیت تیکەل وپیکەل بوونی پیزانین وهەواڵە ڕاست و ناڕاست و باش وخراپەکان و بوونی بانگەشەی درۆو چەواشەکاری ,دۆزینەوەی ڕاستی و ئاراستەی پەروەردەو ئامانجدار بۆ پسپۆرانیش بە زەحمەتە نەك بۆ قوتابیەکی هەرزەکار , ئەمانەش قوتابیان و تەنانەت مامۆستایانیش چەواشە دەکا کە ئارەزوی ڕۆلەکانیان بزانن و ئاراستەی دروستیان بۆ بدۆزنەوە ,چونکە ئامرازەکان یەکجار زۆرن و لە گەل زۆریشیان زۆر هەمەلایەنن وهەمەڕەنگن و زۆربەی کاتیش دژ بەیەکن , ئەمە سەرەڕای دژایەتیان لەگەل بەها مرۆڤایەتیە پێ هەلگوتراوەکان لە میژووی دوری مرۆڤایەتی دا ,ئەم بازارەی تەکنەلۆژیا هەر لە ئەنترنیت و یاریەکان تا فلیمە سینەماییە جیهانیە بە بڕەوە کان و کەنالە کان هەموویان دژی ئەوەن کە مرۆڤ ومافەکانی مقدس و پیرۆزبن ,وەك ئەوەی ئاراستەی یاساو ئەمن و دین وڕەوشت وبەهاکان بە ئاقاریکی دژو پێچەوانەی بواری ئابوری وڕاگەیاندن وسیاسەت و تسلیەو یاری و هونەردا بڕوا,

هەرچۆنیك بێ دەبێ کاری بە ئەرشیف کردن و سەرنج وتیبینی تۆمار کردن زۆر بە وردتر لە جاران بەردەوام بێ,لەگەل پیداچونەوەی بەردەوام بە ئەرشیفی ئەو قوتابیەدا هەر لە قۆناغی بیشکەوە تا ئیستا ,وە هەموو گۆڕان و هەلبژاردەو هەورازو نشێوێکی ئەم قوتابیە بە هەند وەر بگیرێ ، تالەم دەریای گەردەلول وزریانەدا بگەیەنریتە کەناری ئارام و هیمن ,

دەبێ بۆ ئاسان کاری خشتەی چەندایە تی و چۆنایەتی و میژووی گۆڕانەکان بۆ هەر قوتابیەك دروست بکرێ تا لە جیاتی خویندنەوەی ڕاپۆرتی دوور ودرێژ بەتەنیا چاو خشاندنێك بە خشتەکەدا هەلسەنگاندنیکی سەرەتایی بۆ هەموو مامۆستایەك گەلالە بێ، کە ئەو قوتابیەی نەش ناسیبێ لەوەو پێش, پاشان دەبێ لێژنەی تایبەتی پەروەردەیی هەبێ لە سەرپەرشتیاری

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پەروەردە بۆ شیکردنەوەی چەمکەکان و بەسەر قوتابخانەکان دابەش بکرێ و کۆبونەوەی خولیان هەبێ و زمان حالیان لە گۆڤارو رادیۆ و مالپەرو تەلەفزیۆن ,بۆ شرۆڤەو شیکردنەوەی ئاستەنگو پرسیارە ئالۆزەکان .

- مەترسییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر ڕۆح ولاشە ودەروونی هەرزەکار :چۆن بە بەپەروەردە کەناری ئارامی ڕۆح بۆهەرزەکاردابین بکرێ؟

دەتوانرێ چوار ئاست بۆ قوتابی لەو خشتانە دیاری بکرێ:

1- ئەو قوتابیەی کە گۆڕانی زۆرەو گۆڕانی هەلبژاردنەکانی دژ بەیەکە.

2- ئەو قوتابیەی کە گۆڕانی زۆرەو گۆڕانی هەلبژاردنەکانی پلە بەپلە یە.

3- ئەو قوتابیەی کە گۆڕانی هەلبژاردنەکانی دژ بەیەکن بەلام کەمن .

4- ئەو قوتابیانەی گۆڕانەکانیان پلە بە پلەو کەمن.

5- ئەو قوتابیانەی گۆڕان لە هەلبژاردنیان هەر نیە یان زۆر کەمە.

مامۆستا دەتوانێ بە تیبینی رۆژانە ئاستی تریش لەم لیستە زیاد کا ,وەك ئەو قوتابیانەی لە گۆڕینی هەلبژاردەکانیان بەهۆی چاو لیکەری ومتمانە بە هەلبژاردنی خۆنەبون و لاوازی کەسایەتی سەربەخۆ، یان هەر لە بنەڕەتدا هەلبژاردنی یەکەمیان بە هۆی چاولیکەری و دەستخۆشی وبەرتیل هەلبژاردبوو,هەلبژاردەی راستەقینەو لەسەر بنەمای خۆشویستن و هۆگر بوون، ئەوەیە کە قوتابیەکە لە وانەو جۆرو ڕەنگ و دەنگە هەلبژاردەکەی سەرکەوتو بێ و لە پیش قوتابیەکانی تڕەوە بێ لەوبابەتە دا، وەئەم جیا کەرەوانە و کۆمەلیك جیا کەرەوەی تریش کە ناوەناوە لە چوارچیوەی ئەم بابەتانە باس دەکرین و مامۆستای بەریزیش دەتوانێ بە تیبینی و تویژینەوەکانی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

خۆی بابەتی جیاکەرەوەی هەلبژاردنی راستەقینەی قوتابی لە هەلبژاردنی تەزویرو ساختە دەولەمەند تر بکا ,چونکە ئەم بابەتە یەکیکە لە بابەتە هەرە گرنگەکان و ریگای سەرپەرشتی و پەروەردە بۆ مامۆستا زۆر ئاسان دەکا ,وە ئەو پرسیارو بابەت و هاوکیشانەش کە ناتوانری دەرنجامیان لی دەربهینرێ لە لایەن مامۆستاوە ,دەبێ ئاراستەی لێژنەی سەرپەرشتیاری پەروەردە بکرێن کە تۆزیك لەمەوبەر باسمان کرد,

لە کۆتایی قۆناغی سەرەتایی و قۆناغی دواناوەندی ,کاتێ تۆکمە بوون وبەرەوتەواو بوونی لایەنی لاشەیی قوتابیە ,بۆیە دەبێ ئارەزوە وەرزشیەکانی بۆ دابین بکرێ ,وەکە لەو کەسانە بوو کە حەزی زۆر لەوەرزش نەبوو,دەبێ حەزی بۆدروست بکرێ ,چونکە ئەوە بە دلنیایی نەبوونی حەزنیە ,بەلکو بەربەستیکی تری شاراوەهەیە و نەخۆشیەکە وای کردوە کە ئەم قوتابیە وەرزش نەکا,

جایان ترس وشەرم و روخانی متمانە بەخۆ بوون و لاوازی کەسایەتی ونسکۆو گلان وئیحباتێکە کە لە تەمەنی دا توشی بوە ,بۆیە دەبێ ئەم بەربەستە بە شیوازی پەروەردەیی ودوور لە پالە پەستۆ لابرین ,کاتی منالیکی دوور لەوەرزش دەبینی ,سەیری ئەرشیفەکەی و هەلبژاردەکانی بکە ,بزانە لەناوبژاردەکانی هیچ شتیك هەیە پەیوەندی بە یەکیك لە وەرزشەکانەوە هەبێ؟

وەك شمشیر بازیك ,وینەی ئەکتەرێك و یاری زانیك ,سەیارەو پاسکیل و ئەسپ و وینەی دەریا وروبار کە دەری دەخا حەزی لە مەلەوانیە , وەدەبێ کە ئەمانەت بینین ئەوندەی دەکرێ لەم شتانەی بۆ دابین بکەی و متمانەی پێ ببەخشی وترسی بڕەوێنیەوە,بەتایبەتی بیبەی بۆ شاری یاریەکان و هانی بدەی کە بجوڵێ,

کاتی دەبینی یاریەکانی کورەکەت هەر چەك و تفەنگ و وینەی جەنگاوەرە بەناو بانگەکانن و یاری زان و گیاندارو ئامیری تریان تیدا نیە,نیگەران مەبەو ریزی ئەم حەزەی کورەکەت بگرە,چیرۆك و فلمی وای بۆ بینە کە لەگەل حەزەکەی بیتەوە,بەلام با هەموو چیرۆکەکان و فلمەکان پالەوانەکانیان هیزو کارامەیی و لیهاتویی خۆیان بۆ سەرخستنی لیقەوماوو هەژارو چەوساوان و سەر خستنی حەق وڕاستی و ڕەوشت وبەهابەرزەکان بەکار هینابێ و دژی گەندەڵی و درۆزنی و

ستەم و زۆرداری وخوین مژی جەنگابن,بەم شیوە سەر مەشقیکی تیۆریت دایە کورەکەت لەم قۆناغەدا،

هەروەها بە نازناوی جوان بانگی بکە ,کاتێ جلە سەربازیەکەی لەبەر دەکا تۆش هەول بدە هاوڕای بی ویاری لەگەل بکەی و کەسی هاوتەمەن وهاوئارەزووی خۆی بۆ پەیدا بکەی و ناوی دەستەکان بنێ دەستەی فریاکەوتنی مرۆڤایەتی و دەستی سەرخستنی ڕاستی ,هەول نەدەی خەونی بچوك و تیرەو ناوچەگەری و تایفەگەری بدەیە ڕۆڵەکانت,هەردەم خەونی فراوانی مرۆڤایەتی بدە خۆی و هاوڕێکانی,

تا ئەوەی لابچەسپێ کە مرۆڤایەتی هە موو یەك خیزانن ,بەلام تێك نەگەیشتن وتی نەگەیشتن و خۆ پەرستی دوبەرەکی خستونە ناوو پەرتی کردون ,چارەی ئەم دەردەشیان تی گەیشتن و لە خۆ بوردن و قوربانی دانە , چیرۆکی فاتحەکان و پەیام بەرو چاکساز خوازان دەبێ بە جۆریك بنوسرێتەوە کە لەگەڵ ئەم ڕیڕەوە فراوانە بگونجێ ,نەك کە ژیاننامەی خالد بخوینیتەوە پێی وابێ دەبێ هەموو مەسیحی وجولەکەو شیعەو ,,هتد بەرباد بکا,

یان کە ژیاننامەی موسا بخوینیتەوە پێ ی وابێ دەبێ هەرچی جولەکەنەبێ بیکوژێ, هەروەها تا بۆت دەکرێ رۆلەکانت لە بۆچونی نەتەوەیی تەسك دوور بخەرەوە,کوردایەتی و عەرەبایەتی وتورانی و فارس چیتی ,بۆچون گەلیکی تەسك وکاتین ,هەروەها ئیمە کە خۆمان نەخەلەتینین ,دەزانین لە ناو هەموو ئەم نەتەوەو دین و دەستانەی مرۆڤایەتی حەق و ناحەق و ستەم کارو ستەم لی کراو,ڕاستگۆو درۆزن ,خوین مژو خوین مژراو ,ماف خۆر و ماف خوراو ,لەناو هەموو دین و نەتەوەو چینیکی مرۆڤایەتی هەن,کەواتە تۆ ئاراستەی رۆلەکەت با لەگەل ماف خوراوو حەق و ڕاستگۆیی دابی ,واتە وای لی بکە کە هەمیشە لە هەرکوی یەك بی هیزو گورو توانای بۆ سەخستنی بەها بەرزو پیرۆزەکان بێ ,جا ئەو بەهایانە لەناو هەر گەل ونەتەوەو دینیك هەبوون , با پشتی راستگۆیی بگرێ ئەگەر ڕاستگۆکە جولەکەیەکی هەنگاریش بوو ,دژی درۆزنی ئامۆزاکەی ,چونکە درۆزن با ئامۆزاش بی نابیتە دۆست ,دەبێ دەمار گیری نەتەوەو تایفە بگۆڕێن بۆ دەمار

گیری بۆ حەق وراستی و عەدالەت و دۆستایەتی و مەحبەت و خۆشەویستی,دەستە و پۆل وئۆردوی قوتابیان بەم ناوانە ناو بنرین , تا دەمار گیر بن بۆ ئەو صیفەتە بلندانە.

- هەرزەکاری لە نێوان زریانی دیجیتاڵ و گەڕان بەدوای کەسایەتییەکی سەربەخۆدا."

لە قۆناغی هەرزەکاری دا گەنج خولیاو حەزی ئینتیما و سەر بە گروپ وتاقم لای دروست دەبێ ,بێ گومان رادەی پەرۆشی لە گەنجیکەوە بۆیەکیکی تر جیاوازە ,بەلام هۆی دروست بوونی ئەو حەزەش بێ بنەماو هۆکار نیە ,بەشێک لە هۆکارەکەی ئەوەیە کەلەمندالی باسم کرد ,گەنجەکە هەر لە چوارسالی وردە وردە متمانەی خۆی بە نزیکەکانی لەدەست دەدا ,بی گومان ئەمەش لە هەموو خیزانیك وانیە ,لەو خیزانانەی کە هەست شکاندن و سەرکوت کردن زۆر زیاتر روو دەدا ,بۆیە حەزو پەرۆشی ئینتیمای فکریش لە گەلیکەوە بۆ گەلیك و لەناوچەو شاریکەوە بۆ شاریکی تر جیاوازەو هۆی ئەم جیاوازیەش کەم و زۆری رادەی سەرکوت کردنە ,جا کاتی ئەم مرۆڤە گەیشتە هەرزەکاری ,دەبینی کە متمانەی بەهەموو ئەو باوەشەی تییدایە لە دەست داوە ,بۆیە دەبێ باوەش و مالیکی تر بدۆزیتەوە کە بتوانێ ئالوگۆڕی ڕاکانی و تاوتوێ ی کیشەکانیان لەگەل بکا ,ئەوانەی خۆیان دەخەلەتینن کاتی دەبینن کورو کچ لەگەل دایك وباوك قسە ناکەن و براو خوشکیش کەم یەکتر دەدوینن و وهەموو هۆگری کەسانی ترن لە دەرەوەی بازنەی مالەکە,وەخۆشیان دەخەلەتینن کە لەبەر جیاوازی تەمەن ومۆدیل و بابەتی تر ,من دەلیم نەخیر ئەوە متمانە لەناو ئەو خیزانەدا باری کردوەو نەماوە,

گوتمان گەنجەکە سەری هەل گرت و باوەشیکی تری دۆزیەوە کە گوایە متمانەی پێ هەیە ,ئەگەر کۆکەرەوەی مالی یەکەم پەتەکەی ناوك وخوین بوو,کۆکەرەوەی ئەم جارە یان ئارەزوی هاوبەشە ,یان بەرژەوەندی هاوبەشە,یان بیرو فکری هاوبەشە,ئەم پەتانەش تابەهاوبەشی بمینن ئەم خیزانە بەیەکەوەن,جا هی وایە چالاکەو بیرو ئارەزوی هەلچوە ,هەرزوو بەسەر دیوارەکانی ئەم بۆتەش دا باز دەدا و پولی بی متمانەیی یان پیوە دەنێ ,هەرلەهەواڵەکانی ڕۆژانەش دەبیستی کە

ڕۆژانە ئەم نەقابەو ئەو کومپانیاو ئەو تیپی یاری و ئەو دەستەی شانۆیی و مۆسیقاو حزبی سیاسی و سەندیکایانە ,لیك جیا دەبنەوەو وەك ئەمیبا دابەش دەبن ,بی متمانەبونیش دەردەو ئیدمانە وەکو تریاکە ,بەلام خالیش نیە لە لایەنی ئیجابی,

کیشەی ئەم بۆتە و ئینتیمایانە کە هونەری بن یا ن سیاسی ,یان وەرزشی، زۆر گەورەنیە,بەلکو کیشەی گەورە، بۆتەی فکری و عقدی و دینی یە ,بەتایبەت کە ملیشیاشی لەپشت بێ ,وەلەوە ش خراپتر ئەوەیە کە گەنج لەو تەمەنەدا بچیتە هەربۆتەو خیزانیکەوە ,لە دیدو بۆچونی ئەو دا مل ملانێ تەنیا سفریە ,واتە یان من و بۆتەکەم دەمینین و دژەکانمان بنەبڕ دەکەین ،یان خۆمان لەناو دەچین ,

بۆیەش ئەم یاریە شەرەنگیزانەو ئیدمان پیبیان، زۆر ترسناکە ,چونکە گەنج کە لە چوارچیوەی پالەوانی ناویاریەکە سەیری کۆمەلگا و واقیعەکەشی دەکا ,دوور نیە دوای تەواو بونی یاریەکە ،ئەویش دەست بداتە چەك و یاریەکی لەو شیوەی ئێکس بۆکسەکەی لە ناو کوچەو کۆلانەکانی شارەکەی بکاو تادەکوژرێ هەربکوژێ و بە سەیارەکەی خەلك بشیلێ ,

بۆیە دوبارە دیمەوە لای دایك وباوك مامۆستاکان و دەلیم وریا بن لەم یاری بە ئاگرکردنەو لە ژیر کۆنترۆلتان دەرنەچێ,هەموو هەولیك بدەن بۆ پابەند کردنی رۆلەکانتان بە بەهاو ڕەوشتەوە ,ئەوبەرەی کە رۆلەکانتان دژی بن با بەرەی دژو پێچەوانەی بەها بەرزو پیرۆزەکان بێ، کەهەر ئەو بەهایانەن کە پاوان وشوانی مانەوەی حق وراستی و هاوسەنگی ومیانڕەوی کۆمەلگای مرۆڤایەتی و هەموو بونەوەرن ,

ئەوانە ئەو گوریسانەی اللە ن کە بۆ هەزاران سالە مرۆڤایەتی پی پاریزراوە ,ڕەنگەکانی کۆلکە زیرینەن کە هیمای مانەوەی مرۆڤایەتی یە لە نیوان اللە و وەچەکانی نوح دا,بۆیە هەول دەن هەمیشە رۆلەکانتان گرێ بدەن بە بەهاکە نەك لە بەر شتیکی لەو بەهایە بەدەر بێ ,واتە مەلێ :درۆمەکە چونکە اللە درۆزن لە جهنم داوێ وراست بکە تابچیە جەننەت ,بەم شیوە تۆ لە جیاتی گرێ ی بدەی بە حەقەوە، وات لێ کرد کە ئیمانی بە اللە هەر بۆ بەرژەوەندی بێ ,بەم شیوە مرۆڤی

گرێ دراو بە بەهاکان دروست نابێ ,بەلکو مرۆڤیکی بەرژەوەندی پەرست، هەتا لەگەل اللە ش دروست دەبێ، ,اللە هەربۆ ئەوە دەناسێ تا لە دوای مردن اللە ببیتە خزمەت کاری و ئازاری لی لادا وبیخاتە رابواردنی ئەبەدی ,وەك ئەو پەندەی کە دەڵێ :پێت دەلیم خالە تا چۆلەکانم بۆ بگری ,

واتە کە چۆلەکەم بۆ نەگری بە خالت نازانم,بەهەمان شیوەش کە مرۆڤت هەر هیندە گرێ دا بە اللە، بۆبەدی هاتنی بەرژەوەندیەکانی ,ئیدی دەڵێ اللە کەتۆ ژیانی هەتاهەتاییم بۆ فەراهەم نەکەی ، من بەهیچت نازانم و دانت پێدانانێم ,با لە بن چینەشدا تۆ، من و ئەوەی لە گەردوندایە دروستت کردبی ,ئەوە گرنگ نیە بەلای منەوە,

بەلکو ئەوە گرنگە لای من کە تۆ خزمەت کارم بی دوای مردن ,بەڵا وناخۆشیم لی لادەی و خۆشی هەمیشەییم بۆمسۆگەربکەی.

لەراستی دا ئەوە خەلك فیرکردنی خۆپەرستی ومەصلەحەت پەرستي کردنە.,

گرێدانی خەلك بە بەها پیرۆزەکانەوە ،بەوە دەبێ کەتۆ اللە ت خۆش بوێ چونکە هەرچی لە بونەوەر دایە، اللە دروستی کردوەو دروستی دەکا ,دوای خلق کردنیش پاراستویەتی لەلەناوچون و دەی پاریزێ,رحمی پێ کردوەو رحمی پێ دەکا، رینمایی کردوەو رینمایی دەکا، فێری کردوەو فلری دەکا,کارئاسانی بۆ کردوەو لەمەولاش دەیکا,

بەم شیوە تۆ رۆلەو قوتابیەکەت بە کارو کردەوە جوانەکان و ئەسما ئو صفاتی اللە وە گرێ دا نەك بە شتیکی بەدەر لە بەهاو صیفەتە بەرزەکان ,

والە قوتابی بکە کە اللە ی لە هەموو کاتیکدا خۆش بووێ ,نەك اللە ی لەبەر بەهەشت بوێ,چونکە ئەو بەهاو صیفەت ورەوشتانە لە خودی خۆیان دا شیرین و موگناتیسی راکێشەرن ,بۆ نمونە عدل و داد پەروەری ,کەس هەیە خۆشی نەوێ؟! ,لەناو هەموو نەتەوەو دین و پەیرەوەکان عدل خوازراوو خۆشەویستە ,بەرەحم و بەزیی بوون ,لیبوردن،میهرەبانی ،ڕێنمایی ،،،هتد ,چونکە ئەم بەهایانە درێژبۆوەی ئیسمەکانی اللە ن و هەمیشەیین .

بەم شیوە ئاسۆی قوتابیەکە زۆر فراوان دەبێ و ئەوە قبول دەکا کە مرۆڤایەتی هەموو یەک خیزانن، پەت و گوریسی صفەتە بەرزکان وڕەوشتە جوانەکان ،کە اللە بۆخۆی داناون ونەمری کردوون ئەو ناوکەن ،کە هەموو کۆمەلگا ی مرۆڤ بە رابردوو ئیستاو داهاتویەوە دەکەنە خوشک وبراو دەبنە یەک خیزان ,ئەو بەهایانەی کە لە هەموو کۆمەلگاودین وزمان ونەتەوەکان پێ یان هەلگوتراوەو ستایش کراون ,بەم شیوە رۆلەکانمان لە مصلحەت پەرستیەوە دەبەین بۆ حق پەرستی ,و لە تەنگەبەری فرە دینی دژبەیەک و نەتەوەپەرستی بە خوینی یەک تینوو ,بۆ یەکتر قبوڵ کردن وتەواوکردن وپێکەوەژیان ،لە تیرەو تایفەی شیرو تیر لە یەکترسوەوە بۆ برایەتی بەپەرۆش وبەتەنگی یەکترەوە بوو.بەم شێوە مرۆڤایەتی بەرەوئاسۆی فراوانی ڕەحمەتی ربانی ئاراستە دەکرێ، کە لەئاسمانەکان وزەویش فروانترە..

- یاریە ئەلیکترۆنییەکان: ئاگرێک لە پشت دووکەڵی تێرۆرەوە."

کاتێ ئێمە ڕۆڵەکانمان لەتەمەنی هەرزەکاری پشتگوێ بخەین،هیچ دەستەوگروپ وتاقمێک دروست نەکەین تابچنە ناوی،ئەوانیش مل دەنێن بۆناوحزبە چەپ ومولحید وعلمانیەکان ، چونکەلای وان ئینتمابۆ حزبێک لەوتەمەنە وەک ئاوو هەناسە پێویستە، بۆیە دەبێ زۆرت پێ خۆشبێ کە حزب وڕێکخراوومەڵبەندی جێی متمانەت هەن بۆمناڵەکانت،کەنەشبوون لەپێناو پاراستنی مناڵە فەڕزە لەسەرمان دروستیان کەین تامناڵەکان نەبنە دوژمنمان وسەرگەردان نەبن..

—

خواهیشت وحەزو خولیاکان لە نیوان پالنەرو پالنراودا:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئایا حەزو خولیاکان کارن یان کاردانەوەن؟ئایا راستە وخۆ، ئەو حەزانە لەناخی کەسەکانەوە هەل دەقولن و کاریگەری دەرەکی یان لە سەر نیە؟

بۆ وڵامی ئەمە دەڵێم:

لە راستی دا لە سەدا نەوەدی حەزو ئینغعال و هەلچونەکانی مرۆڤ ئەگەر بە وردی بپشکنێ ,پالنەڕێکی دەرەکی بە شێوەیەکی راستەو خۆ، یان ناراستەو خۆ لەسەر هەبوە، بۆ ئەوەی کە ئەو مرۆڤە ئەم ئاراستە بگریتە بەر,لەوانەیە هەندیك جار خودی مرۆڤەکەش نەزانێ ئەو کارکەرە دەرەکیە چیە؟,وە زۆر ئاساییە کە نکولی لێ بکا,بەلام لە راستی دا ئەم کارکەرە دەرەکیە لە ناخەوە ئاراستەی دەکا ،هەندێ جار بەنەڕێنی و هەندێ جاریش ئەڕێنیە .

ئایا تە بیعەت وسروشت چیە؟ئایا سروشت بەڕپرسە لەجیاوازی هەلس وکەوتی مرۆڤەکان، لەگەل ئەوەی کەلە هۆش وبیرو بۆچونیش هاوشیوەبن؟

دەبینی کە دوو مرۆڤ لە یەك دەستەو پارت وبەیەك ئامانج و بیرو هۆش وبۆچون دێنە مەیدان کەچی لە هەلس وکەوت وشیواز وەك یەك نین ,دەگوترێ کە سروشت و تەبیعەتی مرۆڤەکا ن کەدەلین دەرمانی نیە، بەڕپرسی ئەو جیاوازیە یە و پلانەکان وجێ بەجێ کردنەکان ئەو دایان دەڕێژێ, ئەو سروشتە کە جرجانی دوو پێناسەی دەکا :

یەکەم :[سروشتی مرۆڤ ئەو بریاردەرو هیزەیە کەوالە مرۆڤ دەکا کە بە جێی بێنێ بەبێ ئەوەی ویستی لەسەر بێ.]

,پیناسەی دووەم: [سروشتی مرۆڤ واتە جبلەو رەسەنایەتی و فترە تی زگماکی و خۆڕسکی مرۆڤ ,ئایا ئەو سروشتە وەك بۆماوە لەناو کرۆمۆسۆم وجینەکاندایەو بۆماوەیە ؟یاخود هاندان و سەرکوت کردن و پیاهەلدانی کۆمەلگا لای مرۆڤ دروستی دەکا؟ ,وەك باسم کرد کە ئەم کاریگەریانەی چ سەرکوت کردن و چ پیاهەلدان یەکسەر دەر ناکەون . بەلکو لەوانەیە تۆ ئەمڕۆ

سەرکوت بکرێی و دان بەخۆتا بگری ، چونکە ئیستا بەهێزی,بەڵام دوای دە ساڵی تر، ئەم سەرکوتکردنە وەك بورکان دەرچێ و بتەقیتەوەو لایەکی دنیا بسوتێنێ ,جا لە دوای ئەو کارەساتە هەموو دەورو بەرت وتەنانەت خۆشت سەرتان سوڕ دەمێنێ ,ئایا ئەم بوڕکانە لە کوێوە هات ؟؟

ئەوسا نەکەس توڕەی کردوی و نە کارکەری دەرەکیش دیارە, بەلام ئەوە ئەو پیش خواردنەوەکۆنەیە کە کەڵەکە بوە بەر لەدەسال کە خۆشت لە بیرت چۆتەوە,من دەڵێم کە مادام سروشت کاردانەوەو پیش خواردنەوەیە، کەواتە چارەدەکرێ وگۆڕانی مەحال نیە,هەرچەندە ئاسانیش نیە.

ئەوچارەش بەدەوڵەت ودام ودەزگاوکۆمەڵگا دەکرێ ،تاکەکانی کۆمەڵگا کە هەرلەسەرەتای ژیانیان توڕە وسەرکوت نەکرێن، ئەوە لە تەمەنیان بورکان ڕێژو مین ڕێژ نەکراون و کۆمەڵگاو دەوڵەت دەتوانن لێ یان دڵنیابن، وەبەپێچەوانەشەوە هەموو تاکێکی لەڕابردودا سەرکوت کراوو توڕەکراو ،بۆمب وبورکان ومینێکی داهاتویە وڕۆژێک لە ڕۆژان بەچەشنێک لە چەشنەکان دەتەقێتەوە.

هەروەها ئەوەی پێی دەڵین :خوو ،عرف ، باو، تقالید ، عادەت ,

عرف جرجانی ئاوا پیناسەی دەکا :[کردارێکی ناسراوە،خودو دەرونی مرۆڤەکان پشت دوای پشت قبوڵی دەکەن و عەقلەکان شایەتی باشی بۆ دەدەن وسروشتی مرۆڤەکان پیشوازی لی دەکاو دەبیتە بەلگە]

کەواتە ئەویش لەناو کۆمەلگاوە هەل قولاوە ,کە هەندێ نەریت بە ڕەمەندی :-عەیبە

-شوورەیی

-هەتك بەرە

-حەیاچوونە

دەبێزینێنرێ و هەندیك نەریتی تریش بە ڕەمەندی:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

- نمونەی هەرەبڵندی چاکەیە.

- ئەوپەڕی پیاوەتی و ئەمەکداریە

- ترۆپکەی ڕەوشتی جوانە

- ئەوەیە ئازایەتی

-ئەوەیە ئیمانداری وخێر خوازی

پیرۆز وجوان وشیرین و تقدیس دەکا

بۆ نمونە هەرگۆڕانیك کەلە جل و بەرگی خەلکی و شیوە ژیانی کۆمەلایەتی و ژن وژنخوازی و و پەرستش وعبادەتەکان و جەژن وبۆنەکان و وشەو ناوو دەستەواژەکان و ئامیرو دەزگاکان ، هەریەك لەمانە تا دەگۆڕین ,چەندان پشێوی وئاژاوەو جەنگ وخوێن ڕشتن و دەربەدەری وماڵ سوتان ڕوو دەدا .

بە دریژایی میژوو ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لانکەی سەر کیشی وگۆڕنکاریەکان و داهینانەکان بوون,تۆزیك لەمەو پیش باسی ئەوەم کرد کە لە فەرهەنگی دەولەتی نوێ قوربانی بە بوونی کۆمەلگا درا لە پێناو دەسەلاتی دەولەت ,لیرەدا دەمەوی تۆزیك باسی پێك هاتنی کۆمەلگا بکەم لە دیدی دینەکانەوە.

- سەفەری پێچەوانە: مرۆڤ وەک بەردەبازێک لە داهاتووەوە بۆ ڕابردوو.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە گەلیك کەسایەتی وڕەوتی جیا جیا وبستیان کە دوای ڕوخانی عوسمانیەکان ژیانی ئیسلامی وەك یەکەیەکی سیاسی دەست پێبکەنەوە, بەلام ئەوانیش لەوشوینەی پچرابوو دەیانەویست گرێی بدەنەوە, ئەوان نەیاندەزانی کە دەولەتە نەخۆشەکەی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئالی عوسمان بەکردەوە خۆی ئەو لقە دارەی بریبو کە لە سەری بوو ,بۆیە کەوتە خوار ,ئەو کەسەی بیەوێ کەسایەتی ژیانی سیاسی ئیسلام و تەنانەت جولەکەو نەصاراش بێنێتەوە ,با دلنیابێ کە بەم ریزبەندیە و پۆلینەی ئیستا بۆ دەوڵەت ودام و دەزگا جگە لە علمانیەت هیچی تر بەرهەم نایە, لەوانەیە علمانیتیکی موئمن و ئیماندار بەرهەم بێ ,بەلام دەولەتی دینی پوخت وخالس لە سەر شیوە کۆنەکە بەم پۆلێنەی ئێستا لە دایک نابێ,چونکە ئەو قۆناغەی ئەم کۆمەلگایە ی بەرهەم هینا لە پەرستگاوە دەستی پێ کرد.

دەوڵەتی ئیسلامی لەپەرستگاوەدەستی پێکرد بۆیە گشت جیهانی کردە پەرستگا :

جیاکەرەوەی کۆمەلگای دینی بەم شیوەیە:

-لە پەرستگاوە دەست پێ دەکا وەك تا کە بارەگا ومەلبەند و سەنتەرو دەرچونگە ,بۆیە لەو کۆ مەلگایە جگە لە پەرستگا هیچ مەلبەندو بارەگاو سەنتەرو مەیدان و قوتابخانەو زانکۆو نەخۆشخانەو شانۆو مۆزەخانەو ئەنجومەن و پەرلەمان وحکومەت و دادگا و تەنانەت هۆلی ئاهەنگ وچاخانەیەك و قاوەخانەیەك وباریگایەکیش نیە و پەرستگا- مزگەوت و کنیسەو دیر – رۆلی هەموو ئەمانە دەگیرن .

پەرستگاومزگەوتەکەش لەژیانی موساومحمد علیهم السلام تەنیا یەک پەرستگابووە کە مزگەوتی مەدینەو قوبەی زەمانی موسابوون کەهەموو ئەم کارانەیان بۆ دامەزراندنی هەردوودینی جولەکەوئیسلام تێدا دانراوە..

-تایبەت مەندی دووم ئەوەیە ,مادام پەرستگا جێگای هەموو ئەمانەی پێشو بگریتەوە ,کەواتە قسەکەرو بەریوەبەرو نەخشە کێش و جیهانبینی پەرستگاش کە خۆی لە دەقو کتیبە دینیەکان وڕێ و شوین وعلم و زانست و خوتبەو ڕێ و ڕەسم وبۆنەو پەرستشەکان دەبینێتەوە کە مەلاو شارەزایانی ئەو بواره دەبنە کاریزماو تاکە چا ولێکراوو پیشەنگ و جێ ی هەموو ئەو کادیر سیاسی

و ڕۆشنبیری و گوتاربێژ و ئەدیب و شانۆنوس و مامۆستاو پرۆفیسۆر و پالەوان و دکتۆرو قازی ودادوەر و یاساناس و حاکم وفەرمانڕەواو وەزیرو ئەندام و سەرۆك پەرلەمان و لیکۆلەرو توێژەرو فەیلە سوف وئەکتەرو ئەستێرەی هونەرو وەرزش و,,هتد دەگرێتەوە، کەلەئیسلام دا پەیامبەرو یاوەرەکانی وخەلیفەکانی ڕاشید وشوێن کەوتوان ومیراتگرانیان بوون لە ئیمام وزاناکان.

-وەک پەیڕەویش کتێب ونامە دینیەکە وفەرمودەو ونیگاو وەحی تاکە چاوگی زانست ویاساوشەرع وقانون وڕەوشت و کردارەکانە،ئەوزمانەی کە سەرەتاهەیە وفرەزمانی نیەوفرەنەتەوەیش نیەو هەموویان لە زمان ونەتەوەی ئەو پەیامبەرو پەیامەکەی وشێوە ژیان وهەڵس وکەوت وپەیڕەوەکەی دا دەتوێنەوەو فەنادەبن.

کەواتە کە ئەم ناوانەی باسکران چ وەك بینا،چ وەك کەسایەتی و چ وەك پەیڕەوو بەرنامەو زانست ، لەوسێ بوارەدا تاکڕەوی پیادەدەکرێ و لە قۆناغی بنچینەو دامەزران ،وە ئەوەی مارکس ناوی ناوە دکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا، لێرەش تاکرەوی دینی و وەحی هەیە، وەلەناوبردن ودژایەتی هەر پەیڕەوو وکاریزماو ودامەزراوێکی تر دەسەپێنرێ،جالە کۆمەڵگا ئەم هەموو دامەزراوو کەسایەتی وپەیڕەوە توانرا بگۆڕین بە پەرستگاو کەسەکانیش بە پیاوی دینی و زانستەکانیش بە زانستی دینی، لەناو کەمەلگادا،ئەوە بنچینەی کۆمەلگای دینی کۆن بەو شیوە دەگەریتەوە.

ئەگەرنا بەمانەوەی ئەم بارەگایانە هەر دەگەنەوە کۆمەلگای تێکەڵاو فرە چاوگی یاساوئاڕاستە کردن وفرە دەسەڵات ، نەجولەکەو نەمەسیحی ونە ئیسلام لە و منداڵدانەوە لە دایك نابن ,چونکە هۆکارو وەسیلەکان دەتگەیەننەوە هەمان مەبەستی کە ئەو دام ودەزگاوپەیڕەوو کاریزمایانە لە پیناوی دا دامەزرینراون ,بۆیە قوستەنتین نەی توانی ولاتی مەسیح بینا بکا و قەیسەرەکان بەدریژایی سەدەکانی ناوەراست،نەیان توانی دروستی بکەن، وە تا ئێستاش کۆمەڵگای مەسیحی ڕاستەقینە لە دایک نەبوە، , دەولەتی ڕەسەنی جولەکەش لەدوای کەوتنی ئۆرشەلیم ، هەر بنیات نەنرایاوەتەوە, دەولەتی ئیسلامیش هەر بنیات نانرێ , بەڵام دەولەتی علمانی ئیماندا ردەتوانرێ بنیات بنرێ ودینەکانیش وەک پێک هاتە لە سایەی دا بحەوێنەوە.

بەڵام لەوەوپێش باسی سەرکوت کردنم کرد ، ئێستا کە بمانەوێ بگەڕێینەوە سەردەمی پازدەسەدەلەمەوبەر ناتوانین ، چونکە دەبێ سەدان دامەزراوەو دام ودەزگا سەرکوت بکەین ، ئەم سەرکوتکردنەش بورکان دروست دەکا .

بەڵام ئەوکاتە هەرخۆیان ئەودامەزراوانە نەبوون ، چەند دامەزراوێکی ئەفسانەئامێز هەبوون لەبت و خواوەند کە ئاین لەڕێی قەناعەت پێکردنی بیروهۆشەکان ئەوانی بەدەستی خودی پەیڕەوانی شکاند .

بەڵام ئەمڕۆ ئەوهەموو بت و دامەزراوو دام ودەزگا هزری و فەرهەنگی وڕۆشنبیری و کەلەپوری و ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد کەهەریەکەیان چەندین کاهین و قسەکەر و پسپۆڕ و هەواداریان هەیە وتێیان داتاوانەوە بۆیە گێڕانەوەی هەموو کۆمەڵگا بۆ یەک دامەزراوو یەک کاریزما ویەک دەق وتێکست کارێکە لەمەحاڵ نزیکەو پێویستی بە موعجیزە هەیە ، هەروەها ئەوپەرستگاو تێکست وکاریزمایەش ئەوەندە شتی لاوەکی وبەلاڕێدابردن و قسەی ساختەودرۆو تەئویل ولێکدانەوەی ناڕاست وخوار وخێچیان بۆکراوە وایان لێهاتووە وەک هاوشانەکانیانیان لێهاتووە و زۆرلەخەڵکی هەیە هۆگری ڕۆمان وڕۆمانوسێکە زیاتر لەقورئان و فەرمودە ..

- جیاکەرەوەی سەرەکی کۆمەڵگای دینی لەم کۆمەلگایە کۆنە نوێ یە ی هیلینی رۆمانی، ئەوەیە ,کەلە کۆمەلگای دینی دا کۆمەلگا دەوڵەت بەخێو دەکا ,دەوڵەت دەسەڵاتیکی هیمایی زۆر کەم و دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردنە ,کۆمەڵگا خاوەنی هێزو شیانە ,ئەو خاوەنی بریاری کۆتایی یە ,بۆیە دەوڵەت تاکە چەکی نەرمی بریتیە لە بزواندنی هەست وسۆزو حەماس و وروژاندنی غیرەت و دینداری و شەهامەت و هەلنان لە سەر بەکەم رازی بوون و زهد و دنیا بەکەم گرتن,

سونەتە ڕەبانیە گەردونیەکان نەرمی ومرونەت وهەمواریان دا بەم تاکڕەویە سێ کوچکەیی یە بە هاتنی کە سانێکی کاریزما وەک

خەلیفەی دووەم عومەرە ،بەدامەزراندن وبە ئیسلامەتی کردنی زۆرێک لە بنەما سیاسی وئیداری وسەربازی کۆمەڵایەتی و وزاری و ماڵی و تەندروستی دەوڵەتانی فارس وڕۆمان و بەدانانی

دیوان و بیت المال ومالی ئەمیرو لەم بابەتە هەمووی دەچێتە چوارجیوەی بە مەدەنیەت وشارستانی وبە ژیار کردنی دەوڵەت و دەرچون و فراوان کردنی تاکڕەوی دەوڵەتی دینی وپەرستگایە بۆ دەوڵەتی مەدەنی موئمن و ئیماندار.

پلە بەپلەی پەروەردەی هزری سیاسی لە ماوەی پازدە سەدەدا :

- کاتێ مرۆڤ وەك هەناسە پێوستی بە دادگەری وحەوانەوەیە وبەقەدەر مردن ڕقی لەستەم وداپاڵۆسینە ،بەڵام خۆ تەنها بە یاسا بێ هاوکاری وپەروەردەی ئاینی ناتوانرێ هەرگیز دادوەری دابین بکرێ جامادام دین تاکە گرێنتی دەستەبەرکردنی دادوەری ونەهێشتنی ستەمە ، دادیش هەناسەی مانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤە کەواتە دین وەک هەناسە پێویستە.

- ئاشکرایە خوا بە ڕەهایی ڕۆزی دەرە وئاڕاستەکاروهەڵسوڕێنەرە و تواناکانی ئەو نەبەستراوە بەهەوڵ وجوڵەی ئێمە وە بەڵام دەبینین گە یشتنی ئەو بژێوی و ڕۆزیە بە دی هێنراوە بەستراوە بە جوڵەی ئێمە وەک چۆن خوێن لە دڵدا هەیە بەڵام گەیشتنی بە دەمارەکانی پەنجەکانی دەست وقاچمان بەستراوە بە جوڵە و چالاکی و وەرزشی خۆمان .

-بەر پر سیاری بۆیە بە مرۆڤ بەخشرا چونکە زانایی هەبوو هەربۆیە کەسانی زانانەبن ناتوانن هۆشیاربن وپلان وڕێسا بۆ داهاتووی ژیانی کۆمەڵگاکەیان دانێن .

- لەخاڵی پێشو باسی یاساوڕێساو پلان دانان و هۆشیاری و زانایی ویاساما ن کرد ،لێرەش دەڵێین دەبێ یاساسەروەر بێ وجێبەجێکراوبێ وتەنیامەرەکەبی سەر کاغەز نەبێ .

-سەروەری یا سا و چەسپاندنی لەسەر خۆت ودانی مافی ئازاد بوون بە جگەلەخۆت بانگەواز وچەسپاندنی یاسا واتای دکتا تۆری و خۆسەپاندن نیە .

-دەوڵەت داری وحوکمڕ انی بابەتێکی فرە ڕەهەندو هەمەلایەنە ، کاتێ پێغەمبەر علیه السلام دەوڵەتی لەمەدینە دروست کرد هیچ

دەوڵەتێکی فەرمی و تەنانەت خۆ جێش ئیعترافیان پێ نەکرد بەڵام چونکە ئەو ڕەوت ودەوڵە تە دید و بۆچون و جیهانبینیەکی ناوازە و تایبەت بەخۆی هەبو بۆیە پێش سەردەمی خۆی کەوتەوەوهەرزووبووە ڕەو تێکی جیهانی کە وڵاتان پێویستیان بەو بوو تا ئیعترافیان پێبکا .

- هەموو لایەنە ئەرێنیە کانی دەوڵەتی مەدەنی لە ئازادی و ماف دەستەبە ر کردن وڕێزگرتن لە تایبە تمەندی وپسپۆڕی و ڕێز گرتن لە عقل و هۆش هەموو ئەمانە لەئیسلامیش دا ڕەچاو کراون.

-هەمو پڕە نسیپەکانی دەوڵەتی مە دەنی

لە:

- سە رۆەری دستور و یاسا

- میکانیزمی ئاڵوگۆڕی حوکمڕانی وبەشوڕا وئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەئاشتیانە

- هاوڵاتی بوون .

- ئازادی بیروڕا و ڕای خۆ نەسەپاندن

-یەکتر قبول کردن ولێبوردەیي

- لێپرسینەوە و بە دوادا چون ..

هەموو خاڵە ئەرێنیەکانی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ولیبرالی وتەنانەت ئیجابیەکانی دەوڵەتی سۆشیالزمیش لەهاوکاری چینی نەدارو هەژار و تەواوکارو بیمەی کۆمەڵایەتی و...هتد لە سیستەم ودەوڵەتی ئیسلامیدا ڕەچاوکراون وبەزیادەوەهەن .

- ئیسلام وکومەڵگا ـ مسوڵمان کەسێکی زۆرکۆمەڵایەتیە ئیسلام ئاینی پێگەیاندنی کۆمەڵگایە ،لە ڕیزەکانی نوێژدافێرمان دەکا کەلە حاڵ ودۆخ و بون ونەبوونی یەکتر ئاگادار بین ،لە جومعە وجەژن وحەج فێرمان دەکالە دەنگ و باس و ئاست وزانایی و رە وشتی ئومەتەکەمان ئاگاداربین .

لەزەکات و ڕۆژو فێرمان دەکالە برسێتی وتینوێتی بەتەنگ یەکترەوە بین لەکاتی لەئەستۆگرتنی هەرکارێک ئەمیندارو سپاردەپارێز وخاکی بین .

- ئیسلام کاتێک ها ت هەموشتێك بشتاو پشت ومیراتی بوو هەرلەفەرمانڕەوا هەتا ساماندارى پلەو پایەی ئاینی وکەهەنوت و دادگا وپایەدینی وکۆمەڵایەتیەکان هەموو لەهەموو کون وقوژبنێکی ئەم جیهانە هەموو پشتاوپشت بوو.

هەرگیز لە یۆنانی کۆن دیموکراتی بۆ ئاڵوگۆڕی فەرمانڕەوەوهەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات نەبوو وەک لە خەلیفەکانی ڕاشد ڕەچاوکراوە ،بەڵکو ماف بە ئەوچینەی کۆمەڵگادەدرا کەلەیۆنان ودانیشتوانی ئەسینا بوون کە بەدەنگ دان هەندێک بڕیاری بڕی باج وجەنگ وئاشتی یەکلابکەنەوە ،ئەوانیش دەبوو کۆیلەنەبوونایە ،مێینە وژن نەبوونایە هەژار نەبوونایە ،جوتیار کە بڕی دۆنمەزەویەکانی کەهەیەتی نەگەیشتایەئاستێک کەلەیۆنان بۆی هەبوو لە ئەنجومەنی دەنگدان لەسەربڕیارەکان مافی هەبێ نەیدەتوانی بەشداری ئەو مافەبکا.

ئیسلام یەکەم سیستەم بوو کە ئەودەقبەستویەی شکاند و هەرچەندە ماوەیەکی بۆ حوکمڕانی ڕانەگەیاندووە بەڵام هیچ دەقێکیش نیە کەبڵێ دیاریکردنی ماوەی حوکمڕانی بە٤ یان٧ساڵ حەرامە بەتایبەتی کەعومەر ساڵانەلەحەجدا لەوالیەکانی دەپرسیەوەو گوێی لەسکاڵای خەڵک دەگرت وزۆرجا بە تۆمەتی هەڵەش لێی خستون وەک لێخستنی خاڵی پێغەمبەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس لە والیەتی کوفە بەهۆیسکاڵای خەڵکەوە .

بۆیەبەدڵنیایی کە بوونی دادلەسەردیاری کردنی ماوەی حوکم وەستابێ ئەوکاتە دیاریکردنی حوکمڕانی واجب وفەرزە ،وەکەهێڵرابا ئەوسیستەمە ئیسلامیە ڕاشیدە بۆ سەدەیەک بەردەوام بوایە بێگومان دادوەرترین نمونەی جۆری حوکمڕانی بە میکانیزمی زۆر واقعی لەدایک دەبوو .

ئیسلام لەبابەتی دانی مافی دەنگدان بە هەموو چینەکان بە ژنان وبە کۆیلە ئازادکراوەکان پێشەنگی هەموو سیستەمەکانی جیهانە ،هەرلەسەرەتای ئیسلامەتی ئیسلام پلەوبایەی داوە پێیان لە پەیمانی عەقەبەی دووەم اتێ دوازدە نەقیبەکەی ئەنسار هەڵبژێردران لەناودەنگدەران دوو ژن وچەندین کەسی تێدابوون کە مەوالی (کۆیلەی ئازادکراوبوون) هەرلەمەکە ئیسلام کۆیلە وکەنیزەکانی ئازادکردن کردنیە مامۆستای نوسینەوەو فێرکردنی قورئان وگێڕەرەوەی فەرمودە ، بێگومان گێڕانەوەی فەرمودە واتە مافی ئەوەی پێدان کەلە پەرەدان بەدەسەڵاتی تەشریعی ویاسادانان ڕۆڵ و ماف وکاریگەری ودەنگیان هەبێ .

لە درێژایی ژیانی پێغەمبەر و خەلیفە ڕاشیدەکان بۆ دەیان کێشەی هەستیار وچارەنوسساز ژنان وکۆیلە کان مافیان پێدراوەو داڵدەی خەڵکیان داوەو پەنایان ڕێزی لێ گیراوە ، کەبێگومان پەنادانی بێباوەڕان بەشداری ومافپێدانە لەسەروەری هەواڵگری وسەربازی ، ئەم پەنادانە چەندین جار لەژیانی پێغەمبەردا ڕووی داوە .

ژنان هەمیشە مافی ڕەخنەگرتن و ئۆپۆزسیۆن بوون وتەنانەت سەرکردایەتی سوپا وسەرکێشی یاخیبونی جەماوەریشیان پێدراوە وەک ئەوەی عائیشە لە کاتی سەردەمی عوسمان ڕەخنەی لەعوسمان دەگرت ولەکاتی شەهیدبوونیشی نەیاری خۆکاندیدکردنی ئیمام علی بوو .

بێگومان هەر شتێک ئەرک بوونی لەسەرژنان وکەنیزەکان ئیسلام ئاسانی کردوەو نیوەی ئەرکی لەسەربڕیارداون ، کەئەم ئاسانکردنی ئەرکە بۆتە ئیجتهاد وتێگەیشتنێکی هەڵە لەلایەن زانایا کەمادام ئیسلام ئەرکەکەی لەسەرکردونە نیوە دەبێ نیوەی مافیشیان بداتێ ،بەڵام زۆر ڕوداو هەن دەیسەلمێنن کەئەمە قیاسێکی ناڕاستە ، ئیسلام کەبۆ سوککردنی ئەرک و ئاسانکاری بۆکردبن بێگومان نەک هەر مافەکانیان ناکاتە نیوە بەڵکو لەوڵیە بیکاتە دوو چەندانە .

-ئیسلام سیستەمێکی واقیعیە ، ئەو فەتواوحوکم وبڕیارانەی پەیوەستن بە کات وشوێن و بەرژەوەندی گشتی بەپێی کات وشوێن و وەرز دەگۆڕێن . بۆیە دەبێ هەلەکان بقۆزرێتەوە هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە ،بێگومان حیکمەت ودانایی ئەو نگینەیە کەبڕوادارببەشوێنیدا وێڵە بۆیە

لەهەرکوێیە دادگەری لێبوو ئەوە حوکمی ئیسلامیش لەوێیە ، وەلەهەرکوێیەک ئازادی دەستەبەرکراودادو میهرەبانی هەبوو ئەوەئەو شوێنە حوکمی شەرعی لێیە جا باناوی هەرچیەک بێ .

ئەوئازادی ڕۆڵ وبایەخەی ئیسلام داویەتی بە عەقڵ وهۆش وهزر هیچ سیستەمێکی تر نەیداوە، کێ فەتواکان دەگۆڕێ ؟ بەچ میکانیزمێک ئیجتهاد وهەڵێنجان دەکرێ ؟ ئەهلی گرێبەست وهەڵوەشانەوەی(الحل والعقد) کەبە مەجلیسی خاوەن فرمانەکان(اولو الامر)ناسراوەو لەناوهەموو کۆمەڵگایەک هەیە کێ دیاریدەکا؟ بێگومان عەقڵ وهۆش هەموو ئەمانەدەکا ، قورئان کەدەفەرموێ کێشەئاڵۆزەکان بگێڕنەوە بۆلای خوا (قورئان)و پێغەمبەر(فەرمودەوڕێ وشوێنە دروستەکان) و (اولو الامر) ئەو نافەرموێ ئەم ئولو الامرە حکومەت ودەوڵەت وفەرمانڕەوایە ،چونکە ئەودەفەرموێ کەلەهەرشوێنێک کۆمەڵگاهەبوو ئەم دیاردەی تێداهەیە ، ئایاکۆمەڵگاتان دیوە بێ تیرەوهۆزو گوند وگەڕەک وگەورەوبچوک وبنەماڵەو خانەوادەبێ ؟ نەخێر ، مادام هەموو کۆمەڵگایەک ئەوانەی هەیە کەواتە ئولو الامر هەیە ئەم ئولو الامرانە بەهۆش وعەقڵ وبەو ڕێوشوێنانەی قورئان وسونەت دیاریان کردن ئێوەش دیاریان بکەن ،دواتر بیان کەنە ئەنجومەنی شوڕاوڕاوێژ وخەلیفەوجێنشین وفەرمانڕەواوحاکم و والی وسوپاسالارەکان لەڕێی ئەم ئەنجومەنەوە دیاریبکەن ، ئەم ئەنجومەنە پیاو وژن و نوێنەری تیراو کەمایەتی ئاینیشی تێدایە.

ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەری داوەتە عەقڵ لەشەرع دانان وکاراکردن ، ئەوەتا خوا ڕبای حەرامکردوە ،بەڵام نەیفەرموە ڕبا لەچەند شتدا هەیە، فەرمودەش بەپێی ئەوژیانەسادەی مەدینە تەنیاشەش کاڵای دیاری کردوە ، کەچی ژێدەری سێیەمی تەشریع ئەم جۆرانەی گەیاندۆتە سەدان جۆر بە میکانیزمی قیاسکردن وهاوشێوەبوون .

ئیسلام دەتوانێ چی بدات بە کۆمەڵگا ، بێگومان حەوانەوەو ئاشتی و تەبایی وبەزەیی وئارامی وداد وخاکی بوون خۆشەویستی پێشکەشی خەڵک کردووە ، ، هیچ سیستەمێک وەک ئیسلام بەتەنگ پاراستنی مافەکانی خەڵکەوە نیە .

-پرەنسیپەکانی حوکمرانی ئیسلامی:

1- دستوری مەدینە یە کەم شێوازی حوکمرانی بنکە فراوان بوو ، کەحکومەتێکی فرەلایەنی ئیئتلافی نە تەوەیی ئاینین و ئایدۆلۆژی لەخۆدەگرت لەجولەکە ومسوڵمان و مونافیق و....هتد وەئەگەر جولەکە پەیمانشکێنی وناپاکی گەورەیان نەکردبا وبوون وڕۆڵی خۆیان پاراستبا لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگای ئیسلامی ،ئێستا ڕێ وشوێنی دەوڵەتداری لەئیسلامدا جۆرێکی تربوو ، خوای گەورە گوتارگەلێکی جیاواز لەوەی هەیە بۆ پێغەمبەرەکەی دەنارد بۆچۆنێتی یاسای حوکمڕانی .

کەواتە جولەکە هەرلەبابەتی مانگاسورەکەلەسەرخۆیان زەحمەت نەکردوە ،بەڵکو ئەوان بەهۆی کردەوەی نابەراوو ناپاکی یەک لەدوای یەکیان وسروشتی پیس وناوناخی درندانەیان خوایان والێکرد بەگوتاری قورئان سزایان بدا وبواریان لەسەر تەنگ بکاتەوە ، وە هەربۆیەشە زۆربەی ئایەت وفەرمودەکان هۆکاری هاتن (سبب ورود)یان هەیە ، بێگومان کەئەوهۆکارانە بەجۆرێکی تربووبان حوکم وبوار وچارەسەرەکانیش بەجۆرێکی تردەبوون .

٢-ئیسلام یەکەم سیستەمی ئازاد بوو کە گرنگیەکی زۆری بە شۆڕادا وکردیە تاکەڕێبازی دانانی فەرمانڕەواو والیەکان وسوپاسالارەکان ، وەیەکەم یاسابوو کە قەدەغەی کرد هێزو هەژمونی پارەودەسەڵات بۆ دەسەڵات وەرگرتن ومانەوەلەدەسەڵات بەکاربێنرێ ولەپشتگیری ئەم بۆچوونەش سەدانی دەق وڕوداو هەیە . .

وەکاتێ مسوڵمان زانی کەئەودەسەڵات وەرنەگرێ گەندەڵی وبەدکاری دەردەکەوێ ئەوەفەڕزە لەسەری وەک یوسف علیه السلام خۆی کاندیدبکا .

٣- لەبەرچاوکردنی سیفەتەکانی شارەزایی و دەست پاکی و وتەقواداری بۆئەوانەی هەڵدەبژێردرێن لەقورئان باسکراوە ، هەرچەندە ناتوانرێ بەو ڕوکەشە بتوانرێ حوکمی بەهەشتی بوونیی پێبدرێ .بەڵام هەموو حاکمێک لەسەری فەرزە دین ودونیای خەڵک بپارێزێ چونکەلەمەبەستەکانی شەریعەتن .

- تاکە مەرج بۆسەرۆکایەتی مسوڵمان بوونە بەڵام تیرەوهۆز ونەتەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەرنیە .ئەوە عومەرە کەدەڵێ ئەگەرسالمی مەولای ئەبوحوزەیفە زیندوو بوایە دەمکردە کاندیدی خلافەت ،سالم کەسێکی بەڕەچەڵەک فارس بوو ، کەواتە دەکرێ خەڵکانێک بکرێنەخەلیفە کە نەقورەیشی بن نەعەرەب ، بەڵام وەک چۆن لەکاتی هاتنی دەقەکان کۆمەڵێک بەکردەوەی نابەراو ئیشەکانیان لەسەرخۆیان بەزەحمەت کرد ،لەکاتی هەموارکردنی حوکمەکانی قورئان وفەرمودەش کۆمەڵێک خۆسەپێن ودکتاتۆر ودیاردەی دەمارگیری تیرەوهۆز ونەتەوەیی بوونە ڕێگر لەو فراوانی وکراوەییەی کە لەودی ئیسلام داهەبوو ،بۆیە سەرچاوەی سێیەم کەعەقڵی موجتەهیدەکان بوو ناچاربوو لەسەرئەوانیش فەرزبکاکەبەشوێن حوکمڕانێک لەسەرشێوەی مانگاکەی بەنوئیسرائیل دابگەڕێن .

بۆیەهەریەک لەدوو ڕێبازی شیعەو سونە گەڵاڵەبوون وبەدرێژای هەزار ساڵ خۆیان مولزەم کرد بە گوێڕایەڵی بۆ حوکمڕانیەک وئیمامەتیەکی پشتاو پشتی قورەیشی ولەسەر ئەولەسەرخۆ زەحمەتکردنەش فقە و مەزهەب و ئەحکامی سوڵتانیەیان هەموارکرد ،شیعە ئیمامەتیان لەنەوەی حەسەن وحوسێن کردە فەرزێکی عەقیدەو بەشێک وڕوکنێکی عەقیدە وکەکەسێک باوەڕی بەو ئیمامەتەنەبێ لای ئەوان کافرەو مسوڵمان نیەو پەتی ئیسلامی لەسەرمل دامااڵوە، وە دەستەی سونەش بەهەمان شێوە کۆمەڵێک خونکاروستەمکاریان لەبنەماڵەی معاویەو مەڕوانی وعەباسی لەسەرخۆیان کردە حوکمڕان و لەگوڕایەڵی ئەواندا سەدان قەسابخانەو جەنگی ناڕەوایان ئەنجامدا وهەموو ئەم گوێڕایەڵیەشیان کردەبەشێک لەدین وهەموو ئەوئایەت

وفەرمودانەیان بەوشێوە ڕاڤەکرد کەلەگەڵ ئەوتێگەیشتنە بەرتەسکەی ئەوان بێتەوە . بەم شێوە هەردوو لا ستەمیان لەخۆشیان ولەئیسلامیش کرد .

بەڵام لە بابەتی جیاوازی ژن وپیاو تەنیا لەسەر دەسەڵاتی یەکەم :زاناکان کۆک نین کەژن بتوانێ ببێتەسەرۆک بەڵام بۆ پێدانی وەزیر و پلەوپۆستی دووەم ....بۆژنیش ڕێپێدراوە .

هەرچەندە لەقورئان کێشە نیەژن ببێتە سەرۆکیش وەک بەلقیسی شاژنی یەمەن بەنمونە. بەڵام ئەوزانایانە دەقێک دەکەن بەبەڵگە کەلەفەرمودە هاتووە ودەڵێت:

لقد نَفَعَني اللهُ بكَلِمةٍ سَمِعتُها مِن رَسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم أيَّامَ الجَمَلِ، بَعدَما كِدتُ أن ألحَقَ بأصحابِ الجَمَلِ فأُقاتِلَ معهم، قال: لَمَّا بَلَغَ رَسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم أنَّ أهلَ فارِسَ قد مَلَّكوا عليهم بنتَ كِسرى، قال: لَن يُفلِحَ قَومٌ ولَّوا أمرَهمُ امرَأةً.

الراوي : أبو بكرة نفيع بن الحارث | المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري

الصفحة أو الرقم: 4425 |

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرموودانەی کە باس و خواستی زۆری لەسەرە، چ لە ڕووی مێژوویی و چ لە ڕووی فیقهی و سیاسییەوە. لە خوارەوە بە وردی و بەپێی سەرچاوە متمانەپێکراوەکان شیکاری بۆ دەکەین:

وەرگێڕانی فەرموودەکە بە کوردی (سۆرانی)

«خودا سوودی پێ گەیاندم بە وتەیەک کە لە پێغەمبەری خوداوە (صلى الله عليه وسلم) بیستم لە ڕۆژانی جەنگی جەمەلدا، دوای ئەوەی خەریک بوو بچمە پاڵ ئەصحابولجەمەل و لەگەڵیان بجەنگێم؛ فەرمووی: کاتێک هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) کە خەڵکی فارس کچی کیسرایان کردووە بە پادشای خۆیان، فەرمووی: هەرگیز ئەو گەلە ڕووخۆشی و سەرکەوتنیان (فەلاح) پێوە نابینرێت کە کاروباری خۆیان سپاردووە بە دەست ئافرەتێک.»

شیکردنەوەی زانایان و لێکدەرەوان

زانایانی ئیسلام (وەک ئیبن حەجەر لە فەتحولباری و نەووەوی) چەند خاڵێکی سەرەکییان لەسەر ئەم فەرموودەیە دیاری کردووە:

واتای گشتی: مەبەست لێرەدا "ویلایەتی گشتییە" (واتە سەرۆکایەتی دەوڵەت و ئیمامەتی گەورە). زۆربەی زانایان ئەمەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە کە ئافرەت نابێت ببێتە خەلیفە یان سەرۆکی باڵای دەوڵەت.

هۆکاری گێڕانەوەی ئەبو بەکرە: ئەبو بەکرە لە کاتی جەنگی جەمەلدا (کە عائیشەی دایکی ئیمانداران تێیدا بوو) ئەم فەرموودەیەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بڕیار بدات کە نەچێتە ناو جەنگەکە و خۆی بەدوور بگرێت لەو فیتنەیەی دروست بوو، چونکە پێی وابوو سەرکەوتن لە بەرەیەکدا نییە کە ئافرەت ڕێبەرایەتی بکات.

فەلاح (سەرکەوتن): لێکدەرەوان دەڵێن مەبەست لێرەدا سەرکەوتنی تەواوەتی و بەردەوامە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جەنگدا، نەک سوکایەتی بە توانای ژیری ئافرەت.

هۆکاری گوتنی فەرموودەکە:

هۆکاری یەکەمجاری گوتنی ئەم فەرموودەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەواڵانەی لە ئیمپراتۆریەتی ساسانییەوە دەگەیشتنە مەدینە. دوای ئەوەی "کیسرا پەرویز" لەلایەن کوڕەکەیەوە (شیرویە) کوژرا، ئەم ڕووداوەبەگوتەی مێژوونوسان لە ١٤-جمادی یەکەم ساڵی٧ک ڕوی دا و شیرویە ٦مانگ کیسرابوو تا کۆتایی مانگی زی القدەی هەمان ساڵ وبەتاعون مرد، دوای ئەو دەسەڵاتی فارسەکان تووشی پشێویەکی گەورە بوو.

دوای مردنی "شیرۆێ" و کوژرانی "ئەردەشێری سێیەم" (کە نزیکەی ساڵ و نیوێکی خایاند)، دەگەینە ناوەڕاستی ساڵی ٩ی کۆچی.

٢. چل ڕۆژەکەی "شەهرەبەراز" (شاربازاڕ)

ئەم سەربازە یاخییە کە دەسەڵاتی گرتە دەست، تەنها ٤٠ ڕۆژ مایەوە. بەپێی هەژمارەکەی جەنابت، کۆتایی دەسەڵاتەکەی دەکەوێتە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩ی کۆچی.

٣. دەستپێکی پادشایەتی "بۆران دوخت" (کچەکە)

دوای کوژرانی شەهرەبەراز لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩، ڕێک لەو کاتەدا "بۆران" دەکرێتە پادشا.

کاتی گەیشتنی هەواڵ بۆ مەدینە: ئەگەر هەواڵەکە ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژی پێ چوو بێت تا دەگاتە مەدینە، ئەوا لە مانگی شەعبانی ساڵی ٩ی کۆچیدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموودەکەی فەرمووە.

ئایا لەو کاتەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە بووە؟

ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە! لە مانگی ڕەجەب و شەعبانی ساڵی ٩ی کۆچیدا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەریکی جەنگی تەبووک بووە.

سوپای ئیسلام لە مانگی ڕەجەبدا بەرەو تەبووک بەڕێکەوت و لە کۆتایی ڕەمەزاندا گەیشتنەوە مەدینە.

ئەگەری زۆر ئەوەیە کە کاتێک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە تەبووک گەڕاوەتەوە (یان هەر لەوێ)، هەواڵی گۆڕانکارییە گەورەکانی ئێرانی پێ گەیشتووە.

کاتێک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بیستی کە پیاوێکیان نەماوە و کچەکەی کیسرایان (بۆران دوخت) داناوە، ئەم فەرموودەیەی وەک هەواڵدان لە داهاتووی ئەو دەوڵەتە فەرموو.

مێژووی ڕوداوەکە و ناوی کچەکەی کیسرا

بەپێی سەرچاوە مێژوویی متمانەپێکراوەکان وەک (تەبەری، ئیبن ئەسیر، و مێژووی ساسانییەکان):

ناوی ئافرەتەکە: ناوی "بۆران دوخت" کچی کیسرا دووەم (کیسرا پەروێز) بوو. هەندێک سەرچاوەش ئاماژە بە خوشکەکەی دەدەن بە ناوی "ئازەرمیدوخت"، بەڵام یەکەم کەس "بۆران" بوو.

ساڵی دەسەڵات گرتنە دەست: ئەم ڕووداوە لە نێوان ساڵانی ٦٢٩ بۆ ٦٣١ی زایینی ڕوویداوە.

ساڵی کۆچی: نزیکەی کۆتایی ساڵی نۆی کۆچی بووە.

لەلایەکی سەرچاوەکان (وەک ئیبن ئەسیر لە "أسد الغابة") ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەبوبەکرە لەو هاوەڵانە نەبووە کە ناویان لە ناو "دواکەوتووەکان" (المخلفون) هاتبێت. ئەو وەک جەنگاوەرێکی نوێی تائیف، بەشداری زۆربەی ڕووداوەکانی کۆتایی ژیانی پێغەمبەری کردووە. ئەگەر لە مەدینەش مابێتەوە، وەک کەسێکی پەککەوتە یان کاربەدەست ماوەتەوە، نەک وەک گومانلێکراو، چونکە ئەو لەو ساڵەدا ئازادکرابوو .

هەرچۆنێک چونکە زۆرناسراونەبووە بۆیە لەوجەنگە نەلەبەشداران نەلەدواکەوتوان دیارنیە ولەوەیە وەک تولەقاوتازە مسوڵمان بوەکان هەژمارکرابێ .

٢. کێشەی "بوختان" (قەزف) و دادپەروەریی ئەبوبەکرە: ڕووداوەکە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا بوو (ساڵی ١٧ی کۆچی):

ڕووداوەکە: ئەبوبەکرە و سێ کەسی تر شایەتییان دا لەسەر موغیرەی کوڕی شوعبە. سێ کەسەکە شایەتییەکەیان تەواو بوو، بەڵام چوارەمیان (زیاد) بە ڕوونی شایەتی نەدا.

سزاکە: بەپێی شەریعەت، ئەگەر ٤ شایەت تەواو نەبن، دەبێت سزای بوختان (٨٠ جەڵدە) بخۆن. ئەبوبەکرە و دوو هاوەڵەکەی تریش سزاکەیان خوارد.

تەوبەکردن: ئیمامی عومەر پێی گوتن: "هەرکەس تەوبە بکات، شایەتییەکەی وەردەگیرێتەوە". دوو کەسەکەی تر تەوبەیان کرد، بەڵام ئەبوبەکرە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕاستی بینیوە و

تەوبەی نەکرد (لەبەر ئەوەی پێی وابوو تەوبە واتە دانپێدانان بە درۆزنی، ئەویش خۆی بە درۆزن نەدەزانی).

٣. فەرموودە وەرگرتن لە "محدود القذف"

لێرەدا زانایان بوون بە دوو بەرە:

کۆدەنگی ئەهلی سوننە: پێیان وایە ئەبوبەکرە هاوەڵە (صحابی)، و یاسای "هەموو هاوەڵان دادپەروەرن" (عدالة الصحابة) دەیگرێتەوە. ئەوان دەڵێن سزای جەڵدە بۆ "پاککردنەوەیە" نەک بۆ بێبەهاکردن. هەروەها دەڵێن ئەو لەسەر "دیتنی خۆی" سوور بووە نەک لەسەر "بوختانی دەستکرد".

هەندێک لە زانایانی تر): دەڵێن بەپێی ئایەتی قورئان: ﴿وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا﴾ (هەرگیز شایەتییان لێ وەرنەگرن). کەسێک کە قورئان بڵێ شایەتی لێ وەرنەگرن، چۆن فەرموودەی لێ وەردەگیرێت کە گەورەترە؟ ئەمە ڕەخنەیەکی بەهێزە.

هەروەها ئەبوبەکرە یەکێک بوو لەو هاوەڵانەی کە زۆر نزیک بوون لە ئیمامی عەلی و دواتر لە بەسرە نیشتەجێ بوو.بۆنەچونە بەرەی عائیشە دژی ئیمام علی پێویستی بەهیچ هەواڵێک نەبوو .

ئەبوبەکرە بە تەنها ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە (فەرموودەی غەریبە).

لە کاتی فیتنەدا گێڕاویەتییەوە بۆ پاراستنی خۆی لەسەرکۆنە .

پێشینەی سزای جەڵدەی هەبووە. کەخوادەفەرموێ جەڵدلێدراوی بوختان شاهێدیان هەرگیز لێوەرناگیرێ .

کێشەی "لن" لە ڕووی زمانەوانییەوە

تێبینییە زمانەوانییەکەت زۆر بەجێیە. لە زمانی عەرەبیدا "لن" بۆ نەفی کردنی داهاتوویە (النفي للمستقبل).

ئەگەر هەواڵ بێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باسی داهاتووی دەوڵەتی فارسی کردووە کە لەو کاتەدا "بۆران دوخت" حوکمی دەکرد. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە "ئەم گەلە (فارس) لە داهاتوودا سەرکەوتوو نابن چونکە گەیشتوونەتە ئەم ئاستە".

کێشەی گشتاندن: گەورەترین ڕەخنە لێرەدایە؛ ئایا ئەمە تەنها هەواڵێکی تایبەت بووە بۆ "فارس" لەو کاتەدا، یان یاسایەکی گشتییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی؟ زۆرێک لە زانایان دەڵێن چونکە بە شێوەی "گشتی" (قوم) هاتووە، حوکمەکە گشتگیرە. بەڵام ڕەخنەگرەکان دەڵێن: "ئەلف و لام" لە وشەی (القوم)دا بۆ "عەهد"ە، واتە تەنها ئەو گەلەی فارس کە باسیان کراوە.

٢. عائیشە و هاوەڵانی تر

ئەمە خاڵە هەرە بەهێزەکەیە. پێشەوا عائیشە کە "فەقیهی"ی هاوەڵان بوو و وردترین و زۆرترین فەرموودەی لەسەر ژیانی تایبەتی و گشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەزانی:

ئەگەر ئەم فەرموودەیە "حوکمێکی شەرعی ڕەها" بوایە، چۆن عائیشە نەیدەزانی؟

یان چۆن هاوەڵانی وەک تەڵحە و زوبەیر (کە لە موژدەپێدراوانی بەهەشتن) نەیاندەزانی و چوونە ژێر فەرمانی عائیشە لە جەنگی جەمەلدا؟

ئەمە نیشان دەدات کە یان فەرموودەکە لەو کاتەدا لای ئەوان نەبووە، یان ئەوان وەک "حوکمێکی گشتی" تێی نەگەیشتوون، بەڵکو وەک هەواڵێکی تایبەت بە فارس سەیریان کردووە.

٣. هەواڵدان (الإخبار) یان حوکمی شەرعی (التشريع)؟

وەک جەنابت ئاماژەت پێ کرد، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی پێغەمبەر "هەواڵی غەیبی" بدات و لە نێوان ئەوەی "حەرام و حەڵاڵ" دیاری بکات.

زۆرێک لە لێکۆڵەران دەڵێن ئەم فەرموودەیە لە جۆری "فەرموودەی فیتەن و مەلاحیم"ە (واتە هەواڵدان لە ڕووداوەکانی داهاتوو)، نەک لە جۆری "فەرموودەی ئەحکام".

قورئانی پیرۆز لە چەندین شوێندا باسی توانای ژن دەکات، وەک شاژنی سەبەء (بەڵقیس) کە بە ژیرتر لە پیاوەکانی دەوروبەری وەسف دەکرێت و سەرکەوتوو بوو لە ڕزگارکردنی گەلەکەی. ڕەخنەگرانی فەرموودەکە دەڵێن: چۆن دەبێت فەرموودەیەکی "" (کە تەنها یەک کەس دەیگێڕێتەوە و کێشەی شایەتیشی هەبووە) دژی ئاراستەی گشتی قورئان بێت؟

بێگومان ژنان لە زۆر شارستانییەتدا حوکمڕانییان کردووە و هەندێکیان سەرکەوتووش بوون. بۆ نموونە:

- **لە میسر:** حەتشەپسوت و کلیۆپاترا.
- **لە یەمەن:** بەڵقیس (کە قورئانی پیرۆز بە شێوازێکی ئەرێنی باسی دەکات و بە ژیر وەسفی دەکات).
- **لە وڵاتانی تر:** زنوبیا (زەبیا) لە تەدمور، یان کاترینی مەزن لە ڕووسیا و ئەلیزابێسی یەکەم لە ئینگلتەرا لە مێژووی نوێدا.

بەڵام ئەوەی لەم فەرموودەیەدا مەبەستە، **"بارودۆخی تایبەتی دەوڵەتی فارس"** و **"سیستەمی سیاسی"** ئەو سەردەمەیە، نەک تەنها بوونی ئافرەت لە دەسەڵاتدا بە ڕەهایی.

جاکە هەواڵەکە هەواڵێکی وەحی بێ وگشتگیربێ وەک هەندێ دەڵێن نابێ بەدرۆکەوێتەوە نەلەڕابردوو ونەلەداهاتوو کەلەڕاستیدا وانیە ولەڕابردوو بەلقیس وکیلۆباتراونیفەرتیتی وزەنوبیا هەن ولەم سەردەمەش چەندین شاژن و ەرۆک وەزیرانی ئافرەت هەبوون کە هەڵەی بەرپرسە پیاوەکانیشیان ڕاستکردۆتەوەو زۆریش سەرکەوتوو بوون .

ئەمە جگەلەوەی مێژوو دەڵێ کەئەبوبەکرە کەکۆیلەیەکی حەبەشی سەقیف بوو ، بەهۆی هەڵاتنی لەتائیف لەچل ساڵیدا لەساڵی هەشت مسوڵمان بوو بەڵام بەدرێژایی جەنگەکانی سەردەمی پێغەمبەرو دواتریش جەنگی هەڵگەڕاوەکان وفەتحی عیراق وشام ومیسر لەسەردەمی ئەبوبەکر وعومەروعوسمان هیچ ڕۆڵێکی نیە ،بەڵام لەسەردەمی عومەر وعوسمان ئەم کۆیلە دەبێتە دەرەبەگێکی خاوەن سامان و چەند ژن وکەنیزەوچل منااڵی هەبووە ،زەوی وزارێکی زۆری لەبەسرەهەبووە کوڕەکەی ئەبوعوبەیدە لەسەردەمی معاویەو عبدادملک مروان والی سجستان بووە . هەموو ئەو ڕاستیانە ئاماژەبەوەدەکەن کە کەسێکی زۆردیندارنەبووبێ ودنیای بەدینەوەخواردبێ وکەسێکی ترسنۆک وخۆبوێریش بووبێ وبۆ دوورکەوتنەوەش لەجەنگ فەرمودەی هەڵبەستبن ، وەگێڕدراوەکانیشی زۆربە کێشەیان هەیەوەک ئەم گێڕدراوەی کە نیوەی کۆمەڵگای لەهەموو پلەوپۆستێک بێبەش کردوە بۆ هەزاران ساڵ .

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئێمە لەکاتێکدا دەبینین کە موساوعیسی و محمد علیهم السلام کە سێ لەپێغەمبەرانی ئولو العزم وخاوەن دین وشەریعەتن ژنان پەروەردەیان کردوون وباوکیان هیچ ڕۆڵێکی نەبووە لەژیانیان .

چۆنێتی هەڵبژاردنی هەرچوار جێنشین ئەبوبکروعومەری وعلی وعوسمان هەموویان بەزۆرینەی بڕیاریان لەسەردراوەو بڕاوەتەوە . وەهیچ خۆسەپاندنێک لەئارادا نەبووە .

پرنسیپە کانی حوکمرانی سلامی

1- ڕیز گرتن لە بەڵێن و پەیمانەکان و پێش هێرشی سەر دوژمن دوژمن ئاگادارببکرێ وغافڵگیرنەکرێ ولەکاتی هەڵوەشاندەنەوەی پەیمانیش دوژمن ئاگادارببکرێ .

-ڕێز لە هەموو سەرچاوەکانی شەریعەت [قورئان ،فەرمودە ،ئیجماع، قیاس ...] بگیرێ وەک سەرچاوەی دەستوور و هەموو پابەندبن پێیانەوە.

-ڕێزگرتن لە مەبەستەکانی شەریعەت و ئاوێتەکردنی بەرژەوەندی خەڵک بەمەبەستەکان .

-بوون وپاراستن ودروستکردنی مەجلسی حل وعقد و وەلی ئەمرەکان و پابەندبوون بەبڕیارەکانیان .

مکانیزمە کانی حوکمڕانی :

- ڕاوێژ لەنێوان هەموو چین وتوێژەکان بۆهەموو کێشەکان ، شوڕاواتە دەرهێنان ودەرخستن و خستنەڕوو وئاڕاستە کردن چاکسازیە ، کاروباری گشتی دەپارێزێ وگرێنتی پاراستنی داد ونەکەوتنەناودکتاتۆریە وپارێزەری دەستورە .

-چاودێری ڕاستکردنەوەی دەسەڵات پێش لادان بەدانانی مەرجەع وئەمیرو دەستور وپابەند بوون پێی .

- چاودێری ڕاستکردنەوەی دەسەڵات دوای لادان بەفرمانکردن بەچاکە بەهەموو قوناغەکانی وڕێگری لەخراپە بەهەموو قوناغەکانی . هەرلەقسە و هێز تا لێخستن وعزل و جەنگ لەدژکردن .

-گرێنتی ئازادی ڕادەربڕین کە دەفەرموێ زۆرکردن لەدینداندا نیە واتای ئەوەنیە حەق ڕون نەکرێتەوە بەڵکو دوای ڕونکردنەوەزۆرلەکەس ناکرێ کێ دەیەوێ مسوڵمانە ئەوی نەیویست ئەهلی کتابە .

-ئازادی بوونی ئۆپۆزسیۆن لەسەردەمی پێغەمبەرعلیە السلام وەک [مهاجر،ئەنسار، جولەکە، منافیق، ئەوس ،خزرج ، ،ئەهلی سوفە ،هۆزەکان...]

لەسەردەمی ڕاشدین سێ خەلیفە(عومەروعوسمان وعەلی) بەهۆی ڕێزگرتنیان لە بوونی ئۆپۆزسیۆن شەهیدکراون .

ئەم دیاردە تەنانەت لەسەردەمی ستەمکاری ئەمەوی وعەباسیش ئۆپۆزیسیون هەرهە بوو ..

-دامەزراندن وجیاکەرەوەی دەسەڵاتەکان لەسوڵتەی شەرعی ودادوەری وجێبەجێکردن ئیسلام زەقیکردەوە ودای هێنا وپەرەی پێدا ..

ئەمەی گوترا چەند ڕاستیەک بوون کە کەم لەکتێبەکاندا گوتراون .

تۆ تەماشای ئەمڕۆ مەکە کە ئەم دیاردانە گۆڕانیا ن زۆر ئاسان بوە,ئاسان بوونی گۆڕانکاری لەناو کۆمەلگاکان لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە دەولەت لە سەرشیوەی نوێ دامەزرا,ئەوەش لەهاتنی ئیستعماری نوێ دەستی پێ کردوە,چونکە دەولەتی کۆن بوونی لەژیانی تاکەکاندا زۆر لاواز بوو لە ناو کۆمەلگا هەرلە پایتەخت و سەرسنوروئۆردوە سەربازیەکان هەست بەبوونی دەکرا,کۆمەلگا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دەولەتی ئاراستە دەکردو بەرێوە دەبرد ,هەربۆیە فەتوای عالم و مەلاکان ئەوەندەکاریگەر بوو,چونکە کۆمەلگا حاکم و فەرمانرەوای دەولەت و و دام ودەزگا کانی بوو .

کە دەولەتی نیشتمانی لەسەرشیوەی ڕۆژئاوا دامەزرا کۆمەلگا تینێکی هەر تیدا مابوو هێشتا دژایەتی هەموو نوێ یەکی دەکرد کەبێتە ناوی ,بەلام دەولەتی شمولی هاوبەشی سۆشیالیزم هات وچوە ناو هەموو گەورەو بچوکیکی کۆمەلگا ,تیرەو بەرەباب و ڕەمەندی ناوچەو شارو عەشرەت گەری نەهیشت ,بۆیە ئەو دەولەتانەی بە سەردەمی حوکمی ئیشتراکی دا ڕەت بوون ,کۆمەلگا هیچ بەرگریەکی نەماوە بەرامبەر هەر نوێ یەك جا چاك بی یان خراپ، فەرمو بابێتە ژورەوە,چونکە دەوڵەتی ئیشتراکی کە دەستی بەسەر هەموو جومگەیەکی ولات دا گرت ,بۆخۆی فلتەریکی دانا بۆ شتە نوێکان ,نەی دەهیشت هەموو نوێ یەك بێ ,بەلام کە روخا و سولتانی نەما,کۆمەلگا جاریکی تر مقاوەمەکۆنەکەی بۆ نەگەڕایەوە,هەربۆیە ئیستا ئەو دەولەتانەی هەر لە شیوەی مەلەکی سەربە ڕۆژئاوابوون وەك کەنداو، هیشتا کۆمەلگە ڕوحێکی تیدا مابوو ,بەلام ئەم ڕەوتەی تیرۆرو فۆبیای جەنگی جیهانی دژی تیرۆر وای کرد کە ئەویش کۆمەلگاکەی لوتی داژەنی .

ئیستا کۆمەلگای مرۆڤایەتی هەستی بەو مەترسیە کردوە و قەبارەی ئەو کارەساتەی زانی کە بە کۆمەلگا تۆکمەکانی فلتەروپالیوەری کرد ، بۆیە لەم بیست ساڵەی دوایی، هەوڵی دا لە ڕێ ی دەسەلاتی چوارەم و ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی هێزو گوریٚك بخاتەوە بەر کۆمەلگاو ناوی نێ هیزی جەماوەری ,بەلام ئەویش لە گەل زەبروزەنگ وتیرۆری دەوڵەت و حزبی مەشرەب شمولی هاوبەشی و میلیشیای تۆکمەو فۆبیای جەنگی تیرۆر و مۆری تۆمەتی کۆنەپەرستی بە کۆمەلگا و ە نان سودێکی وای نەبوو, نەی توانی کۆمەڵگا بکاتەوە فلتەرو پاڵێوەرو ئاڕاستەکەرو چاودێرو لێپرسەرەوەی دەوڵەت .

گۆڕانکاری بەردەوام:نهێنی بەردەوام بوونی بونەوەروپێک هاتەکانە:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

هەندی کەس عاشقی ڕۆتینن، لە کارەکەیاندا تەنیا لە سەر شیوازیکی دیاری کراو،کارەیان خۆش دەوێ,ئەگەر یەکیك بێ تۆزێک ڕۆتینی کارەکەیان لێ بگۆڕێ، بەرەو باشترو خیراتر و بەبەرهەمتری ببا ,ئەو خولیای ڕۆتین وبەندی یەک شێوازی چەقبەستوو، بیزار دەبێ وگازندە دەکا,من لیرەوە بەو کەسە دەڵێم کە تۆ لە شوینی خۆت دانەنراوی و خولیای کارکەت نی ,لەوانەیە زۆر لەمێژیش بێ لەسەر ئەو کارە بی و باب وباپیریشت هەر ئەو کارەیان کردبێ و شارەزایی زۆریشت لیی هەبێ,بەڵام مادام بە دیکۆر گۆڕین بێزار بووی ,ئەوە تۆ دوژمنی کارەکەتی,چونکە گۆڕینی ڕۆتینی هەرکارێك ،نوێ بونەوەو دوبارە لە دایك بونەوەیەتی ,وەکە نوێ نەبێتەوە، ئەو کارە نابوژێتەوەو چارەنوسی مردنە ، تۆ کە پێت خۆش نیە دیکۆری بگۆڕێ ,واتە پێت خۆشە کارەکەت بمرێ،کەواتە تۆ دوژمنی کارەکەتی.

ئازیزان :هەر لە ئەستیرەو کەشکەشان و کۆمەڵە خۆر وئەستێرەو مانگەکان ، تا دەگاتە جنس وڕەگەزو توخم وپێك هاتەو ڕوەك ودرەخت وئاژەل و نەتەوەوزمان ویاساوشەرع و دینەکان ، هەموو یان گۆڕاون و دەگۆڕێن , ژمارەی گۆڕانەکانیان تەنیا اللە دەیزانێ ، کە نەش گۆڕێن دەمرن ، سەرکەوتن و مانەوە لەم ماراسۆنەی وجود بۆ ئەوانەیە کە دەتوانن زۆرترین جار پێستو لاشەیان دارنن و ببنە ڕوحی نوێی ژیانەوەو گۆڕانکاری,ئەگەر باوەریش بەمن ناکەن، بڕۆن ڕابردوی شتەکان وبونەوەرەکان سەیر بکەن ,کە هەموویان ئەم ڕاستیەیان لە ناو جینەکان نوسراوە,کارو بونەوەران بە دەق بەستویی دەمرن ،جامد دەبن،لەجوڵە دەکەون ودەبنە جەمادی مردوو وبێ گیان، و بە گۆڕان نوێ دەبنەوە ,ئەمە سوننەتو نەێنی خالقە بۆبەردەوامی مەخلوقات و بەدی هێنراوەکانی , بە پێچەوانەی اللە ی تاك وتەنیا کە ئەو هەمیشە جیگیرو چەسپاوە,نەشتیك و توانستیك بوونی هەیە تابۆی زیادبێ ,نە شوین و کاتیك لە دەرەوەی سولتانی ئەو هەیە تا پێویست بێ بیگاتی و نەگۆڕانکاریەك لە دەرەوەی ویست و خواستی ئەو بوونی هەیە تا بۆ خۆی بینێ ،

نەزانینێک هەیە کەنەیزانیێ وپێویستە لەمەولا بیزانێ ، بۆیە اللە هەمیشە چەسپاوی نەگۆڕاوو هەر اللە بکەری هەموو گۆڕانکاریەکان بووەو دەبێ لە هەموو بونەوەراندا.

لە راستیدا قول بونەوە لە خویندنەوەو شیوازی وهەلسوکەوتی هەمەچەشنەیی کەسەکان و کۆمەلگاکان بابەتێکی یەکجا ڕیەیتەو ئەوبابەتەیە کە ئیبن خلدون و دۆرکایم و ئۆگەست کۆنت و لە پێش ئەوانیش کۆنفیشیوس و ئەفلاتون و ئەرستۆ و زۆر حەکیمی تر باسیان کردوە ,قول بونەوە تیا ي دا لەوانەیە بتگەیەنیتە دەرنجامیك کەهەندێ کەس بە جادوی بزانن.

ئایا ئەو کەسانەی کە زوو زوو ئارەزوەکانیان دەگۆڕن و لە سەر ئارەزویك ئۆقرە ناگرن ،ئەوانە نەخۆشن ؟یان ئەوە سرو شتیانە ؟لەمە وپێش پیناسەی سروشتم کرد –هەلبەت وەك تایبەتمەندی کەسایە تی ،نەك وەك سروشتی شاخ وچیا ودۆڵ- ئایا ئەو گۆڕانە خیرایانە لەناخیانەوەیە؟یان کاردانەوەی کارکەری دەرەکیە,خۆ ئاساییە کەمرۆڤ دەساڵ جارێك وەك قۆناغیکی نوێی تەمەن ئارەزوی بگۆڕێ و هەلبژاردەی نوێی هەبێ ,بەلام من باسی ئەوانە دەکەم کە مانگی دەجار دەگۆڕێن, بەوانە دەلین میزاجی ,پیناسەی میزاجیش وەك جرجانی دەڵێ:میزاج چۆنیتیەکی وێك چوە ,یان نیمچە چۆنیتییەکە – واتە ناگاتە پلەی چۆنیتی ومقام وپایەی تەواو حالەتێکی زوو تێپەڕ و عابرە، دێ ودەڕوا-,دەرهاویشتەو دەرەنجامی کارلێکی چەند توخمێکی دژ بەیەکە لەناو چەند پارچەیەکی بەیەکەوە لکاو ,بەشیوەیەك کە ئەم توخمە دژ بەیەکانە ،هەریەکەیان وێنەی بەش و پارچەکەی تر دەشکێنێ کە پێ یەوە لکاوە.واتە ئەندامەکانی کەسی میزاجی هەرئەندامەدوژمنی ئەندامەکەی تر، لەم پێناسە جرجانی دەیەوێ پێمان بڵێ کە میزاج ، بە زاراوەی تەسەووف حاڵە ومەقام نیە ، چونکە، حاڵ زوو تێدەپەڕێ وزۆر دەگۆڕێ وبەریەک کەوتن ویەکترشکاندنی تێدایە، بەڵام مەقام ، کەیفیەت وچۆنێتی تەواوو پایەداریە.دەوروبەر و کۆمەلگا رۆڵی سەرەکی هەیە لەوەی مرۆڤ دەکاتە کەسیکی میزاجی ، چونکە ئەصل و رەسەنایەتی لە مرۆڤ دا هەمواری و میانڕەویە، ئەو قوتابیانەی میزاجین ، نابل لە سەر بنچینەی هەلبژاردەو

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئارەزوەکانیان بواری تایبەتمەندیا ن بۆ دابنرێ,تا چارەسەر نەکرێن,کە چارە کران و تۆزیك هاتنەوە ئاستی هەموار ,ئەوجار ئاراستە بکرین بە پێی بژاردەکانیان.

کە کۆمەڵگا دیاردەیەك لە رادەبەدەر، یاساغ دەکا ,ئەو یاساغەبۆ هەندیك تا کی ئەوکۆمەڵگایە دەبیتە گرێی نەخۆشی و معشوق و خەونی پیوە دەبینن ,لە سەر بنچینەی –هەموو یاساغیك سەرسام کەروخوازراوە ،هەندێک جار کە دەزگا ڕاگەیاندن و میدیاکان باسی دژایەتی هۆشبەرەکان دەکەن ،ئەم باس کردنە بۆ هەندێ تاکی میزاجی وبێ بەش لە خۆسەڵماندن ،ڕەواج پێدان وشیرین کردنە.

یان کە شتێك لە رادەبەدەر ڕەواج پەیدادەکا، کۆمەڵگا ئەم شت ودیاردە دەکاتە مایەی خێرو بێری دنیا,خەڵکی حەزیشیان لێ نەبێ، بە دوو ڕووی و درۆ دەلین بەڵێ تاکە حەزی ئێمەیە ,بەمەش ئەوتاکانە بەهۆی لەڕادەبەدەر گرنگی دانی کۆمەڵگا توشی نەخۆشی دووڕوویی ودرۆزنی و کلکە سوێ ومەرایی کردن دەبن. کەواتە هەمواری ومیانرەوی هەلویستەکانی کۆمەلگا گرێنتیە بۆ سەلامەتی تاکەکانی و لە زۆر نەخۆشیەکانیان دوور دەکاتەوە,کۆمەڵگا یاساغەکان نەگەیەنێتە ڕادەی فۆبیا چونکە کەسە میزاجیەکان ئاڵودەی یاساغە فۆبیاکان دەبن، وەئەوەندەش ڕۆتین نەسەپێنن کەتاکەکان بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵگا توشی دووڕوویی ببن.

کۆمەلگا تا سادەبێ ,ناسین و دەرکەوتنی ئارەزوەکانیش سادەو بێ پێچ وپەنایە,

کچان لە ناو هەموو گەلان دا ناسراون بە ئارەزوی بوکەلەو لانکەو منال نواندن و ژیرکرد ن ,ئەمە ئامادەی دەکردن بۆ ئەرکی هاوسەر گیری ودایکایەتی ,چونکە کچیك کەلە تەمەنی پینج شەش سالی ئەم کارە دەکا و دەشزانێ ئەو منالی دەبێ ,وەلەوانەشە، هاوسەری داهاتوشی لە خەیالی خۆی لە ناو ناسیاواندا هەل بژاردبێ ,

بەلام لەم کۆمەلگە ئالۆزەی ئیستا یاری کچ وکوڕ تارادەیەکی زۆر تیکەلاو بوە, یاریەکان بەسەربازی کراون ,خۆزگە هەر سەربازیش بوایە، بە دەستەی عصابەو تیرۆریست و یاری تفحیتی ئۆتۆمبیل کراون.

ئەگەر لە هەموو خەلکی سەرزەوی بپرسی: ئایا دەتانەوی کچ وکورەکانتان ببنە عەصابەی کۆلان و قەناص بەدەست و سەیارە هەڵدێر؟ ,هەموویان دەڵێن نەخێر ، بەلام ئەم یاریانەی ئیستا هەر ئەوانە دروست دەکەن ,بەمەش کارەساتی ئۆتۆمبیل وکوشتن و ڕاوو ڕووت دەبێتە پاڵەوانێتی وچێژی لێ دەبینن.

ئیستا منداڵێتی کچان بە پلە یەك و هی هەموو کۆمەڵگا بە پلە دوو لە مەترسی دایە، بەهۆی ئەو یاریانە ، باوك ودایکان گوایە بۆ ئەوەی منالەکەیان تەماشای هەندێ دیمەنی فلمەکانی خیزانداری وغرامی و عەشق نەکەن ,یان هەندێ دیمەنی داینامصۆر ودرندە نەبینن، دەچن ئەم یاریانەیان بۆ دەکڕن,بەلام وا باشترە کە کچان وکوڕان غرامیات ببینن کە زوو یان درەنگ هەر دەی گەنێ ,بەڵام نەبنە عەصابەو قەناص بەدەست و شەری کۆلانەو کۆلان بکەن و بە ئۆتۆمبیل بازار ودوکان و هاولاتیان نەشیلن.

کۆمەلگا ی ئەمڕۆ،بە نیرو مێ وە بەرەو تقدیس کردنی بەهیزترین و زۆر کوژترین و خیراترین لە دەست بەسەرداگرتندا ,دەڕوا، بازاری ئابوری وتەسلیەی تیرۆر و جەنگی کۆلانان و عصابات دروست دەکا ,ئەمەش زوو یان درەنگ، لە شاشەکانەوە دەگوازریتەوە سەر شەقام وکۆلانەکان لە شارەکانی جیهاندا و هەندێ ولات ئیستا دەی بینن.

زلهێزان و چەك فرۆشان کە تیرۆر و تۆقاندنیان دروست کردوە و ڕەواجیان پێ داوە، بەهەر ناوێکەوە بێ دەستچێنی ئەوانە،دەوڵەت وکۆمپانیا چەک فرۆشەکان ئاگرەکەن وڕێکخراوە تیرۆرستەکان دوکەڵی ئەو ئاگرەن, ئیوەش ئەی کۆمەڵگا بەس بە دژایەتی دوکەلە خنکینەرەکەوە خەریك بن ،بەڵکو راستەو خۆ بچن ئاگرەکە بکوژێننەوە,چونکە سەدجاریش دوکەلی قاعدەو

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

زەرقاوی وداعش و حەشد و ،،،هتد بەرەوپێنەوە, ئاگرەکە دوکەڵی تر ی لێدەردەچێ وچین لە چینیشی دژوار تر دەبێ.

ئێستا خوێندن نیوەی ئیماراتی و نیوەی سویدی و هەندیکی ولاتانی تری لە عیراق,کۆمەڵگاش هەندێکی پارێزکاری قەندەهاری وهەندێکی ترئەوروپیە،من ئەو پرۆژەو پیشنیارەم بەتەنیا بۆ ولات و هەریمێك نەنوسیوە، بەڵکو ئەمە پرۆژەیەکی گشتیە بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتی تا بێ بەفیڕۆدانی چەندین ساڵی تەمەنی خوێندکارلە بێ هودەیی بەفیڕۆ نەچێ وزوو ئاڕاستەی خۆیان بدۆزنەوە،نەك چەند سال یاری بە تەمەنیان بکەن و دواجار یان توشی نەخۆشی دەرونیان بکەن، یان بیانکەنە دوژمنی گشت کۆمەلگاو تیرۆریست ,یان هەرنەبێ نەبنە ئەو داهێنەرو پسپۆرەی کە ئەگەر ئاراستەیان بدۆزرابایەوە،دەبونە کەسانێکی بلیمەت.

لەوانەیە بپرسن: گشت خوێندکارانی دنیا جگە لە هەندێ ولاتی دواکەوتو ,مندال وگەنجەکانیان دەچنە کۆلێژە تایبەتیەکان و ئەوەی ئارەزویانە دەی خوێنن .

بۆ وڵامی ئەوە دەڵێم ،مەرج نیە ئەوەی کە پارەی چونە بوارێکی زانکۆی پێ دابین کراو پێویستی بازاڕ وباق وبریقی ڕاگەیاندن بۆی ڕازاندەوە ، ئەوە تەواوخۆی ناسیوەو ئاڕاستەی خۆی دۆزیوەتەوە،بەڵکو زۆربەی خەڵکی جیهان خۆیان نەناسیوە،وە دووڕوێیەکی خەڵەتێنەر هەیە لە لای ئەودام ودەزگاو هێزودەسەڵاتەی کە بەرنامەڕێژی ئاڕاستەی پەروەردەو ڕۆشنبیری وهونەری وفەرهەنگی وفکری لە جیهاندا دەکەن،

ئەوانە بەناوی بانگەشەی بڵاوکردنەوەی ئەمن وئاسایش وتەندروستی ودەروون ساغی ،ئاژاوەوپشێوی بڵاو دەکەنەوە، تەپەسەرکردن وخوین مژین وتاڵان کردنی سەروەت وسامانی میللەتە ئاست نزم ودوا کەوتوەکان کاری سەرەکی ئەم زلهێزانەیە، کۆمپانیا سەرمایەداریەکانیان ساڵانە ملیارەها دۆلار بە داهێنانە چەواشەکارەکانیان لەم کۆمەڵگا دواکەوتوانە دەچننەوە،وەبۆبرەوی بازاڕی چەک دەبنە قەڵغان و بەرهەمهێنەری ڕێکخراوە تیرۆریستەکان.

دەبێ دوکەڵی تیرۆرستی ،ئەو دەوڵەت وڕێکخراوو کۆمپانیانە بشارێتەوە وبزربکا کە ئەوئاگرەیان لە هەناوی مرۆڤایەتی بەرداوە،

وەبۆ بەردوام بوونی ئەو دوکەلەش چەندین هۆکاری سیاسی و راگەیاندن و ئابوری و سەربازی و دیمۆگرافی و نەتەوەیی هەیە ,کەبەشیوەیەك نەخشەی دابەش بوونی تایفی ونەتەوەیی و ئابوری ومەزهەبی کیشراوە لە 1917 وە، تا ئەم ناکۆکیانە وەك زنجیرە پشیوی بەردەوام بن وجەك فرۆشی هەربە برەو بێ و سامانی نەوت بۆ بۆژانەوەی ژیرخانی ناوچەکە خەرج نەکرێ و یاریە کانی دروست کەری دەستەی عەصابەو شەری چەتەگەریش لەناو نەوەکانی داهاتوو مژدەی بەردەوام بوونی ئەم بازارە دەدا پێ یان, ئەم یاریانە کە بۆ لە واقع دوور ڕاکردنی گەنجانن، لە تیشکانی دەرونیەوە بۆ یاری شەڕی کۆلانان کە لە تریاك خراپترن , چونکە کەسی تریاك کیش کە لەواقع رادەکا بۆ تریاك، تەنیا گیرفانی خۆی وتەندروستی خۆی لەناو دەبا,بەلام ڕاکردنی ئەم لاوانە بۆ ئەو یاریانە , لە خوێندن وخزمەت وداهێنان ڕەنجەڕۆیان دەکا،پاشان دەگەرینەوە ناو واقع، نەك وەك کەسیکی بەزیوو شەرمەزار وهەست بەتاوان کەر؟ بەلکو وەك کەسیکی تاکڕەوو دکتاتۆر ،باوەڕی بە مل ملانێ ی یەکی سفری هەیە وئەوجەنگە دەکاتە تاکەپرۆژەی تەمەنی خۆی لەگەڵ هەموو کۆمەلگا ,ملانێ ی صفری، واتە: یان دەبێ هەموان لەناو ببەم ،یان دەبی لەناوبچم,چونکە لە یاریەکە وافیربوە کە پالەوانەکە دوژمن و بکوژی هەموانە، تا یان سەردەکەوێ وهەموان جینوساید دەکا، یان خۆی دەکوژرێ,هەرگیز فیری قبول کردنی ڕای جیاوازی بەرامبەر وپێکەوە ژیان و فرەلایەنی فکری ودینی نابێ,بەلکو لە یاریەکە وافیر بوە، کە پالەوانە بەهیزەکە، تاکە هێزی حەقەو بیجگە لەو هیچی تر حەق وشایانی مانەوە نیە وهەموان ناحەق وباتڵن ، ,ئابەم شیوە دەمانەوێ وەچەیەك لە سەر پەسند کردنی ڕای جیاواز پەروەردە بکەین ؟کە سنگ فراوان بن و قبولی ئەوی تر بکەن؟ئازادانە بیربکەنەوەو گوێ لەڕای دژ وبەرامبەر بگرن؟, ئەمانە لەم وەچە نابینرێن ,چونکە فێری تیکشکان نەکراون و فێری تقدیسی هیزو تاکڕەوی کراون ,خۆزگە وەك کۆن تاکە دکتاتۆریکی کاریزمابوایە کە هەندێ تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی نیشتمانی ونەتەوەیی وباوو نەریتی ودینی ومەزهەبی وکۆمەلایەتی هەبوونایە ,بەلام ئەم جارە بە ژمارەی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

کەسەکان تاك ڕەوو دکتاتۆر دێن ,کەسیان کەسیان ناناسن ,هیچ جیاکەرەوەیەکی دینی ونەتەوەیی و نیشتمانی ومرۆڤایەتیان نیە ,چونکە خەون و خۆزگەو نمونەی بالایان نیە ,نمونە بالاکە یاریە ,یاریش خەون دانارێژێ ,نمونەی بالا دروست ناکا ,مرۆڤ والێ ناکا بۆ بەهای عەدل و ڕزگاری وئازادی و ڕاستی وحەقیقەت بجەنگێ, بەلکو مرۆڤی وابەرهەم دێنێ کەتا دەکوژرێ کوشتن و ویرانکاری بەسەر گەورەو بچوك ونیرومێ دا دابەش بکا.

هۆ پەروەردەکەرانی جیهان ,من مردوو، ئیوە زیندوو,کە سنوریك بۆ دەست تیوەردانی ئەم بێ هودەی یە لە کۆمەلگای مرۆڤایەتی دانەنین ,ئەوەی من پیشبینیم کردوە، زۆرلەوەش خراپتر دەبینن لە وەچەیەکی بێ بەش کراو لە هەستەوەری و میهرەبانی..

-

- نەخشەی دەرونی کۆمەڵگاکان:

لە نێوان چەقبەستوویی ڕۆتین و داینەمۆی گۆڕاندا."

ئەم خشتەیە دەبێتە کورتەیەک بۆ مامۆستایان تا بە چاوخشاندنێک ئاستی قوتابی بناسن:

چەند پۆلێن کردنێک بۆ کۆمەڵگای کراوەو پارێزکار.

کۆمەلگا دوو جۆرە:جۆری پاریزگار و جۆری کراوە ,ئەم دوو جۆرەش هەریەکەی دوو جۆرن بەم شیوە:

1-کۆمەلگای پاریزکاری ترسنۆك و بێ بار.

2-کۆمەلگای پاریزکاری خۆنەبوێر وچاونەترس.

3-کۆمەلگای کراوەی ترسنۆك و ڕاڕا

4-کۆمەلگای کراوەی خاوەن هەلویست و ئازا.

ئەم کۆمەلگایانەش هەریەکەی جیاکەرەوەو لایەنی چاك وخراپی تیدا هەیە ,بەلام پاریزکارو کراوە بەهەلویست وتۆکمەکە زیندوترن لە ترسنۆکە مردوەکان لە هەندێ بواری کە پەیوەندی بە سەروەری دینی وقەومی ونیشتمانی یەوە هەبێ ,

بەلام بۆ بەرهەم هینانی سەرمایەو پرۆژەی ئابوری و پارە سەریەك نان کۆمەلگا تا مردوتر بی گوێ ڕایەل تر‌ە، تا گوێ رایەلتریش بێ، جێ ی مەترسی نیە ,سەرمایەش کە ترسنۆکە ,ئیدی ئەو ترسنۆکە روو لەمالی ئەو ترسنۆکە دەکاو بەیەکەوە زۆر چاك دەحەوینەوە, بۆیە کە تەماشای نەخشەی کۆبونەوەی سەرمایە بکەی،زۆربەی لە ودەوڵەت وڕژێمانە کۆبۆتەوە کە ئارامی تێدا سەقامگیرە ،بائەوئارامیە لەسەرحسابی زەوت کردنی ئازادیەکان وسەرکوت کردن وترس وتۆقاندنیش بێ،وە لەوشوینانەی کە هەلگەرانەوەوشۆڕش وپشێوی و هەرای تیدایە سەرمایە هەلدێ، ,خاوەن کۆمپانیاو سامانەکان لە کەسی زیندوو وریا دەترسین و لە سیبەرەکەشی دوور دەکەونەوە,

دەسەلاتی دەولەت ، چ سەرمایەداری و چ دکتاتۆری ،لە گەل کۆمەلگای ترسنۆك زیاتر باری دەروا,وەك لە دوو کۆمەڵگا بە هەلویستەکەی تر ,

من نالیم کە هەرچی دەولەتی سەرمایەدار یان دکتاتۆری دەی هینێ هەمووی هەر خراپە و هیچی باشی تیدانیە ,شتی باشی زۆری تیدایە .

کۆمەلناسەکان میژووی ولاتیك تاوو توێ بکەن ,پاریزگاو شارەکان دابەش بکەن بۆ چوار گروپی کە باسمان کرد.پاشان لەماوەی نەوەیەک کەلەو کاتە دەژی ,بۆ نمونە عیراق پۆلینی بکەین بۆ کۆمەلگای کراوەو پاریزکاری ترسنۆك ونەترس ,ئەم نەوەی ئیستالە عیراق دەژی ئیمە لە سالی 1950 وە پیویستمان بە ناسینیەتی.

دەبێ ٬پاریزگا پاریزگا پۆلین بکرێ ,پاریزگای میسان بەنمونە،لە سالی 1950-1970پاریزگایەکی پاریزکاری نەترس بوو، لە 1970 تا 1990پاریزگایەکی کراوەی ترسنۆك بوو,

تۆ دەکەست لایە کە سالی لە دایك بونیان1945ی پارێزگای میسانە، داوای دامەزران دەکەن، گوتمان ئەمانە کوڕی کۆمەلگاکەیانن ,ئەو کارانەی کە مرۆڤی چاونەترس تیای دا سەرکەو تو دەبێ بریتین لە: سەربازی و پۆلیس و خەتیبی و مامۆستایەتی و ,,هتد دەبێ لەم بوارانە بخرینە ئیش بە مەرجێ بڕوانامەی پیویستیان هەبێ.

دەکەسی تری لەدایك بووی 1965 ی هەمان پاریزگا، ئەمانە کوڕی کۆمەڵگای کراوەی ترسنۆکن ,کاری ترسنۆکیش :

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ریگاوبان و پاسەوانی باخچەیەك ,جوتیاری ,دوکانداری

بەم شیوە هەموو کۆمەلگا دەتوانی بناسی وپۆلینی بکەی و ئاراستەی بکەی بۆ ئەوبوارو پیشانەی کەلەگەڵ تواناودەرونیان دەگونجێ بەم پێوەرە.

ئەم پیوەرە دەتوانرێ سودی هەبێ بۆ ناسینی تاکەکان,بۆنمونە، کریکاریك لە بواریك دەتوانێ بۆ چەندین کاتژمیر لە سەرئیشیك بەردەوام بێ،بەبێ گازندەو گلەیی وبیزاری,بەلام کەسیکی تر هەر لە سەرهەمان ئیش لەخولەکی دەیەم دەست بە پرتەو بۆڵە دەکا و لە خولەکی بیستەم کارەکە بە ناریکی دەکاو لە نیو کاتژمیر، ئامیری کارەکە تیك دەداو لە کات ژمیریکدا یاخی دەبێ وکارەکە بە جێ دێڵێ,لیرە بزانە ئەم دوو کەسە لە چ دەورو بەریکەوە هاتوون و لە چ کاتیك لە دایک بوون وژیاون و پەروەردەبوون,وەکارەکەش چ جۆرەکاریکە، ئەگەر ئەو هاوکیشەی باسم کرد، باش
تیگەیشتبی، ,دەتوانی کاری شیاو بدەیە هەردو کریکارەکە,کاریك کە عاشق وخولیای بن و لی بیزار نەبن,پیوستە پسپۆران و دەروناسان و کۆمەلناسان ڕووپێویکی هەموو بوارەکان و ئیشە کانی ناو دەولەت بکەن ,ئەو جار دابە شیان بکەن بە سە ر ئەو چوار گروپەی کۆمەلگادا, لەوانەیە ئەوان گروپی تریش لە ناو کۆمەلگا بدۆزنەوە ,گرنگ پۆلین کردنی کۆمەلگا بۆ چەند گرو پ
وجیاکەرەوەکانی هەر گروپیك و پاشان پۆلین کردنی سالەکان و دەیەکان و شارەکان و پاشان پۆلین کردنی ئیش وپیشەو کارەکان و دابەش کردنی پیشەکان بەسەر گروپەکانی کۆمەلگادا بەو دەرەنجامەی کە ئاراستەکردنی خولیاو ئارەزوەکان دایە دەستەوە,

کۆمەلگا بەم شیوە دەکریتە فابریقەیەکی بەرهەم هێن ,بێ ئەوەی بێزار بێ ,کۆنترۆل دەبێ، وەك ئامێر ,بێ ئەوەی پەنا بۆسەرکوتکردن وسزادان ببرێ, ریژەی بیکاری و بایکۆدو یاخی بوون کەم

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دەبیتەوە ,بەمەرجیك ئەوانەی کە خاوەنی پرۆژەکەن ،وەك چۆن کارەکەیان پیشکەش دەکرێ ئاواش بەتەنگ دانی ماف و دابین کردنی پیداویستیەکانی ئەو کرێکارانەوە بن,لەم ساتە دا بە خاوەنی کۆمپانیاوکارگەی کۆمەلگا دەلیم کەئەویش حکومەت ودەولەت و وەزیرەکان و پاریزگارەکان و دەسەلاتەکانن ,

بەڕێزینە ,ئیوە خاوەنی کارگەیەکتان دیوە کە صیانەو پاراستن و چاك کردن و سوتەمەنی پیویست بۆکارگەکەی دابین نەکاو کەچی داوای بەرهەم و دەرهاویشتەشی لێ بکا؟ بیگومان، دەڵێن: نەخێر,بەم نەخیرەش ولامی خۆیان دایەوە,کەواتە کۆمەلگاش وەك ئامێرێکە ,کە شوفیری نەزان ناتوا نێ دەراسە لیخورێ ,کە میکانیکی نەبێ,نازانی صیانەی کارگە وئامێربکا و پیداویستیەکانی بزانێ ,تۆ ئەوەی مافی کۆمەلگایە، لە پیداویستی وچاوساغی ورینمایی وخزمەتگوزاری و تەندروستی و فیرکردن و ئاراستەکردن ،بیدە بە کارگەی کۆمەلگا و بە تەنگیەوە بە ,پێش ئەوەی زەنگی هۆشداری وبێزاری لێدا ,پێش ئەوەی برسی بێ وژەنگ بێنێ وشۆڕش بکا،پێش ئەوەی ببێتە لافاوو تەڕو وشک پێکەوەڕاماڵێ،تۆ پیداویستی وسوتەمەنی بۆ فەراهەم بکە,ئەو جا بیگومان دەرهاویشتە و بەرهەم و چنینت دەبێ , بەلام کە ئەو مافانە دابین نەکەی، ئەوە چاوەڕێ ی بەرهەمیش مەکە.

پۆلێن کردنی کۆمەڵگالەڕێ ی هەستەکانەوە:

پیوەریکی تر بۆناسینی کۆمەلگا لە رێی ناسینی تاکەکانی ,چونکە وەك چۆن شاخەکان لە بەردوچکەن، کۆمەلگاش لە تاکەکانن,جا کەسیك کە پیك هاتەو جۆرەکانی بەردوچکەو چەو نەناسێ ,بیگومان شاخەکانیش ناناسێ,بۆیە ئەو کەسەی جۆرەکانی تاك نەزانێ ,بیگومان جۆرەکانی کۆمەلگاش نازانێ, من لیرە باسی هەندێ جۆری تاك دەکەم ,پاشان بەزەرەبین دەیانکەمە کۆمەلگا:

-کەسانیك هەن هەستی بۆن کردنیان لە هی پشیلە دەچێ ,بۆیە زۆر ماندو دەبێ لە هەڵکردنی لە گەل خەلك و بوونی بۆنی ناخۆش,ئەوەی زیاتر بیزاری دەکا ئەوەیە کە خەلك هەست بە دەردی ئەو ناکەن لە بۆنی ناخۆش ,هەروا لە بۆنی خۆشیش وەك ئەو دل خۆش نابن.

کە سیکی تر ئەوەندە هەستیارە بەدەنگ, دەنگی چرکەی کاتژمیرو پەڕ هەلدانەوەی کتیب بیزاری دەکاو لە خەوی هەڵدەستێنێ., ئەوەی کە بیزار تری دەکا کە خەلك وەکو ئەو نین ,

کەسیکی تر بە بینینی ئەوەندە ورد بین ودووربینە لە دووری دەیان کیلۆمەتر وەك دووربین هەست بە عەیب وعاری خەلك دەکاو ئەوجا پیشیان دەلیتەوە کە ئەو سات ودەمە،تۆ ئەو هەڵەت لەمالەکەت و باخەکەت دا هەبوو,لە وانەیە کە جەنگ وهەراو کوشت وبرینیش لەسەر ئەمە ڕووبدا,

هەندیکی تر ئەم هەستەیا ن بۆ ریك خستن و پاك وخاوینی و ریزبەندی ,,هتد هەیە، یەک سانیمەتر شتەکە بجوڵێنی ،ئەوان بێزاردەبن ودەبێ چاکی بکەنەوە،خەفەت بەستایلی جل وبەرگی گەورەوبچوکی خێزانەوە دەخوا،

,من لە ژووری تیکسڕماوی زیندان ژیاوم و ئەم نمونانەم هەموو بینیون .

ئیستا با ئەم نمونانە بکەمە کۆمەلگا :

-ئەو کۆمەلگایەی کە لە پیناوی بۆنیکی خۆش قوربانی بە زۆر پیشکەوتن و چەك وتەقەمەنی و زۆرسەروەری وملیۆنان دۆلار دەدا ,بۆ ئەوەی بۆنی ناخۆ ش دوور خاتەوە , ئەوە کۆمەلگای لوتی هەستیارە.

-ئەو کۆمەلگایەی لە گەل هەر بانگەشەو دەنگۆو هەوالیکی بچو ك، ڕاست بێ یان درۆ ,وەك ئاگرت لە پوش بەردابێ ,هەموو لیکرا کاروپیشە بەجێ دێڵن و بەم هەوالەوە مەشغوڵ دەبن و هەل دەپەڕن و بێ سەرەو بەرەیی و پشیوی دروست دەبێ,ئەمەش کۆمەلگای گوێ هەستیارەکەیە,

ئەو کۆمەلگایەی کە سالانە لە سر بنچینەی بینینی شتی نەشیاوو لیستی دوورو دریژ بۆ ولات وکۆمەلگاکان دروست دەکاو بازنە ی سورو شین ورەشیان بەدەورەدا دەکیشن و گەمارۆیان دەخاتە سەر,یان لە پێناوی ڕەنگ و نەخشێک پارەیەکی زۆر خەرج دەکاو ژیان و حەوانەوەی خۆی تێک دەدا،ئەمەش کۆمەلگای چاوە هەستیارەکەیە.

کۆمەڵگای هەستیاری ڕێزبەندی خۆی خنکاندوە بەڕۆتینی زۆر لە هەموو دام ودەزگاکانی و ئیش وکاری ناڕوا لەبەر ڕۆتینی ڕیز بەندی، کەچی ئەو هەر هەستیشی پێناکا.

بەرامبەر بەمانەش .وەك چۆن لەناو کەسەکان، تاکی هەست مردوو ،کویرو کەڕو بۆن نەکەرو پەڕبوت هەن, بەهەمان شیوە لەناو کۆمەلگاکانیشدا کۆمەڵگای کەڕو کوێرووبێ لوت وبۆگەن و بێ سەرەوبەرە هەن .

ئەم کۆمەڵگایانە بە مردن و زیادبوونی لەرادەبەدەر وبیزار کەر لە سەر ئاستی تاك وکۆمەلگا نەخۆشن و دەبێ چارە بکرین و بهینرینەوە ئاستی هەموارو میانرەو، تا کارەسات ڕوونەدا,

هەلویستەیەکی بە خۆداچونەوەی پیرە مێردێك:

سەر پەرشتیارو ئاراستە کارو پەروەردەکارانی بەریز:

ئاراستەی ئیمە کە لە م جیهانە تەمەن کورت وچاوتروکانە بەسەری دەبەین ،لە لە دایک بوونمانەوە دەستی پێ کردوە و ,بەرەو گۆڕستانو ئاوابوون و بە جێ هیشتن و رابردویە ,کاتێ کە لە پشتی باوکمان ودواتریش کەلە منداڵدانی دایکمان دابوین و تا پیمان خستە سەر ئەم بەردەبازی داربەزە ی جیهانە،ئێمە لە داهاتو دابوین و بە داهاتوی میللە تێك دادەنراین,وەك چۆن ئیستا وەچەکانی هێشتا لەدایك نەبوو و خونچە تازەپشکوتوەکان، بە نەوەی دواڕۆژ دادەنرێن ,بەلام ئیمەمانان، کە خەریکە بارگە دەپیچینەوە، بەرەو گۆرستان دەڕۆین کەهەوارگەی ڕابردوان و باپیرانە,ئیمە بەرەو ڕابردوو دەڕۆین.

کورت وکرمانج دەمەوی پێتان بلیم ئەو رەوتەی کە هەزاران ساڵە، مرۆڤایەتی وادەزانێ بەرەو داهاتو دەڕوا,بە پێچەوانەوەیە ,مرۆڤ لە داهاتوەو دێ وبەرەو ڕابردو دەڕوا,داهاتوی ئیمەو باپیرانیشمان نەوەکانی داهاتون، ئیمە ڕۆژ بەڕۆژ لە مێژوو نزیك دەبینەوەو بەرەو دوێ و ئاسمان دەڕۆین ,تا لە گۆڕستان بە تەواوی دەبینە ڕابردوو ومێژوو.

جامادام ئەو هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی نەک هەرخۆی نەناسیوە، بەڵکو ئاڕاستەی بەڕێوەچوونی خۆشی بەهەڵە ناسیوە، وای زانیوە بۆ داهاتوو دەڕواو کەچی بۆڕابردوو ڕۆیشتوە.

کێ شایانی ئەوەیە لەو ڕابردوانە بەباوک ودایک بزانرێ ،باوک ودایک ئەو کەسانە نین کە بەکرداری زاوو زێ منداڵی سەرگەردان وبێ دەرەتانیان بەجێ هێشتوە،زۆر ژن وپیاو لە ژیانیان دا نەژنیان هێناوەو نەشویان کردوە، بەڵام ئێستابۆچەندین نەتەوەو گەل بوونە دایک وباوک.

ئەگەر دەلاقەیەك,پەنجەرەیەك,كانیاوو درەختێك،دەست نێژو بنیات وشوێنەوارێك،بیردۆز وبۆچوون وڕێنماییەک ،ڕاسپاردەو نوسراوێكمان لە دوای خۆمان وەك پەنجەرە جێ هێشتبێ, ئەگەر خاوەنی جیهانبینی وڕیزبەندی یەکی تایبەتی خۆمان بین لە بوارێک لە بوارەکان، ئەگەر هەڵێنجانێکی بوێرانەمان کردبێ لە زانستێک لە زانستەکان ،ئەوکاتە ئێمە دایک وباوکین،ئەو دەلاقەیە کە لێ ی یەوە نەوەکانی داهاتو سەیری ئەو کیشوەرەبێ سەروشوێنە دەکەن کە ناوی ئیمەی بەسەرچوو و ڕابردوە ,ئەوە ئەو صدقە جاریە یە کە بە جیمان هیشتوەو نەوەکانی داهاتو پەرەی پێ دەدەن,

بە دەر بڕینێکی دیکە ،داهاتوو ئەو وەچەو نەوانەن کە هیشتا لە دایك نەبوون, هەر لەو کاتەی لە دایك دەبین و پێ لە سەر ئەم بەردەبازی پەڕینەوە لە داهاتوەوە بۆ ڕابردو دەنێین ئەوە ئێستایە ,دوای مردنیش ڕابردوە ,کە واتە ئیستا –جیهان – دنیا –تەمەن :ئەو بەردە بازەیەکە مرۆڤ لەداهاتوەوە هاتو، پێ ی لی دەنێ و پێ ی دا دەپەڕێتەوەو بەرەو ڕابردوو دەڕوا,

واتە ئاوێتە بوونی روح بەلاشە، کە لە مانگی چوارەمی کۆرپەلە دەست پێ دەکاو بە روح کێشان کۆتایی دێ، من تەنیا وەك بەردەبازێك و بازدانێك لە جۆگەلە ئاوێك دەی بینم,بە دەربڕینی رسول الله دنیا بەهای باڵە میشولە یەکی نیە,پیش ئەم ئاویتە بوونە، روح لە جیهانی داهاتودایە ,بۆیە ئەفلاتون کاتی پیناسەی کرداری زانین دەکا: دەڵێ :زانین بریتیە لە وەی کە روح حالەتی پێش ئاویتە بوونی بە لاشە بیردێتەوە ,کە ئەمەی بیرهاتەوە، حالەتی ئیشراقی بۆدروست دەبێ و بۆ ساتێك لە بەندی لاشە دەربازی دەبێ و پەی بردن بەنهینی و دۆزینەوەکەی بۆ دروست دەبێ,

دوای جیا بونەوەی روحیش لە لاشە روح دەچێتە عالمی بەرزەخ ،بەرزەخیش ئەوەندە فراوانە کە بەئەندازەی پانتایی بەهەشت بەئەندازەی ئاسمانەکان وزەویە,هەر لە روحی شەهیدان کەلای عەرشی ڕەحمانن ,تا ئەو ڕوحانەی کەلەناو گۆڕەکانیان خەریکی یادی سبحانن، هەمووی بەرزەخە,

ئەم بەردەبازە زۆر ئەنانیە و خۆپەرستە ,چونکە هەرکە ڕوح ئاویتەی دەبێ ,هەموو پێوەری عومرو تەمەن وزانست وزانینی ڕوح سفردەکاتەوەو فۆرماتی دەکا،ڕوح والێ دەکا کە ئەو ساتە خەلق بوەلەبیر بکا، کە پێش هەزاران سال باوکمان ئادەم بینیویەتی ,والە ڕوح دەگەیەنێ، کە ئەی ڕوح تۆ لە ناو بۆتەی من دروست بوی ودەستت پێ کرد ولە پێش من بوونت نەبوە،,وە بەدەرچونیش لە مالی من بە هیلاك دەچی وانامێنی ودەچیە ناوبۆتەی نەبوون
وعەدەمەوەوزیندووبوونەوەوجیهانێکی دوای مردن بوونی نیە.

بەلام اللە چەند دەلاقەیەکی ڕەحمەت ولوتفی بۆ ڕوح کردۆتەوە و دەقە دینی و کتیبە مقدسەکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە,لە زۆربەی هەرە زۆری دینەکانی ئیسلام و جولەکەو و مەسیحی و صابئی و مەجوسی و هندۆسی وبەرهەمی وجینی وبوزی و ,,هتد، هەروالە فەلسەفەکانی چین ویۆنان، ڕو ح نەمرەو پێش لاشەکان هەبوەو دوای لاشەکانیش بونی ڕوح دڕێژەی هەیە,لە ڕووی وجودە وە و پێک هاتن و سەرەتای پەیدابوون وبەدی هاتنەوە، ڕوحی من وتۆو وڕوحی هەر سەدو بیست وچوار هەزار پەیامبەر وڕوحی ئادەم وحەوا، هەر هەموویان لە یەك کاتدا هەبوون ,پێش ئەوەی اللە حەوا دروست کا ڕوحەکانی هەموو پیشانی ئادەم دان لەسەر بەری دەستی ,

زۆر جار باسی پەیام ونیگای نێوان ڕوحەکان -التخاطر الروحي- دەکرێ، ئایا دیاردەیەکی ڕاستە؟ ، بوونی هەیە؟

لەوڵام دا دەڵێم ،ئەم دیاردە دیاردەیەکی ڕاستەقینەیە وخەیاڵ نیە،هەست وتوانایەکە کە لە زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە،بەڵام زۆربەی خەڵکی هەستی پێ ناکەن،

ئەم دیاردە زیاتر لەلای ئەوکەسانە زیاتردەردەکەوێ کە کە لەسەرەتای تەمەنی منداڵی دا کەسانێکی خۆشەویستیان لە دەست دەدەن،منداڵ بە خەیاڵ وئەندێشەو هەستە ناسکەکەی لەگەڵ هەموو شتێک گفتوگۆ دەکا،لەگەڵ کەسەکان وشتەکان ودیاردەکان وگیانەوەرەکان و مردوەکان وشوێنەکان وکاتەکان، قسەدەکا،بەتایبەت ئەوشوێن وکەسانەی کە لێ ی بێ بەش

کراوە،ئەم جۆرە منداڵانە جۆرێک لە گۆشە گیریان لادروستدە بێ،بۆیە ئەم جۆرە منداڵانە ئەم دیاردانە لایان زۆر گەشە دەکا.

سەرکەوتنی سروش وگفتوگۆ لەگەڵ ڕوحی مردوان زیاتر لە ڕوحە زیندوەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،ئەوەیە، کە ڕوح تالە لاشە دابێ دیل وکەلەبچەیە،دەستە وستان وبەندی و سنوردارکراوە،بەڵام دوای مردن ،ڕوح ئازادە،بەڵێ ڕوحیش سنورداڕە وسنوری ڕوحەکان بە پێ ی کردەوە چاکەکان ونیازە پاکەکانیانە،بەڵام کە بەراوردی ئازادی ڕوحەکان دوای مردن ،لەگەڵ ڕوحەکان لە کاتی ئاوێتەو دیلیان لەناولاشەکاندا، وەکو بەراوردی ئازادی کۆڕپەلەیە لەناومنداڵ دانی دایک ،لەگەڵ ئازادی مرۆڤێکی پێگەیشتو لە دوای لە دایک بوون،کامیان سنوری ئازادیەکانیان زیاترە؟؟بێگومان دوای لە دایک بوون ئازادیە کە زۆر زیاترە،بەهەمان شێوەش ئازادی ڕوحی ئازاد بوو لەلاشە دوای مردن ودەرچوون لەلاشە،زۆرزیاترە لەو ڕوحە دیلەی ناولاشە.

جا هەروەک چۆن لەناو لە دایک بوەکان، دەوڵەمەندی بەدەسەڵات ولەش ساغ ،سنوری ئازادیەکانی زیاترە لە هەژارێکی نەساغ،ئەولە دەیک بوون ساغ ونەساغ
ودەوڵەمەندوهەژاروزاناونەزان و دەسەڵات دارو پاشاو بەندە وکۆیلەیان تێدا هەیە،

بەڵام کۆیلەیەکی لە دایک بووی نەساغ ،ئازادی زۆر زیاترە لە شازادەیەکی جێنشینی گەورەترین پاشا لە منداڵدانی شاژن دا ،هەربەم شێوەەش ڕوحێکی بەدبەخت و سزادراویش دوای مردن ،ئازادیەکانی زیاترە لە ڕوحی وەلی و پیاوچاکێک کە لەناولاشەکەی دایە و هێشتا دەرنەچوە.

زانینی چەندان ڕاستی ونهێنیە تایبەتیەکانی ئەوکەسانەی دەیان وسەدان ساڵە مردون وئێسک وپروسکیان نەماوە،بەهۆی خەون و بەهۆی کرداری ئامادە کردنی روحی مردوان و سازدانی گفتو گۆ لە گەڵیان ،وڵامی ئەو پرسیارە لەمێژنەی مرۆڤایەتی دەداتەوە کە هەردەم پرسیویانە ،کە ئایا گەنجینەی زانیاری وپێزانینەکانی مرۆڤ مێشکە ،یان دڵە ،ئەو زانینەی کە لەدوای دەیان ساڵ دەیزانین لە بارەی مردوان کەنە دڵ ونە مێشکیان ماوەو تەنیا ڕوحیان ماوە ،بەڵگەیە کە

پێزانینەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕوحەوە هەیە،و لاشە تەنیا لە کاتی ژیاندا وەک شاشەیەک پێزانینەکان پیشان دەدا،

دینە کان گشتیان باوەڕیان بە بوونی ڕوح هەیە و دەڵێن کە ڕوحەکان زۆرلە لاشەکان کۆنترن،چونکە هەموو ڕوحەکانمان ،ڕوحی گشت مرۆڤایەتی پێش لاشە کان هەبوون،مرۆڤایەتی هەرلە یەکەم مرۆڤ هەتاکودواکەس کە لە دایک دەبێ دوای سەدان وهەزاران ساڵی تر ،هەمویان ڕوحیان لەکاتی ئاوێتەبوونی یەکەم ڕوح بەلاشە کە ڕوحی ئادەمە مەوجود بوو،ئەمە لە ئاسمان، نەک لە سەر زەوی، لەسەروو حەوت ئاسمان ولای عەرش وبارەگای رحمن، کە هەرئەودەزانێ چەند هەزارساڵی تیشکی لێمانەوە دووڕە،

کەواتە ڕوحەکانمان ،لە دووری ملیۆنان ساڵی تیشکی بە زمانی ڕوبەرو وشوێن و لە پێش دەیان هەزارساڵ لەمەوپێش بە زمانی کات هەبوون، ئەم ڕوحانە ،لەم هەموو کاتەدا لەکارکەوتوو نەبوون،

بەڵکو ڕەسولی هەواڵدەر علیه السلام دەفەرموێ:

الارواح جنود مجندة ماتناکر منها اختلف وما تعارف منها ائتلف.

واتە ڕوحەکان پێش ئاوێتە بوون بەلاشە، چالاکیان هەبوو،چالاکیەکەشیان لەدوو دیاردەی ئئتلاف وهۆگربوون و ئیختلاف و جیاوازو پەرت بوون خۆی دەنواند، ڕوحمان لەم ماوە زۆرەو لەم دووری وپانتایی و بۆشایی و شوێنە گەورەی عەرش تازەوی دا، هۆگری ئەو ڕوحانە دەبوو کە دەیناسین و لای ئەو مەعروف وپێناسە کراو بوون و بەسنوری پەی پێ بردن وتێگەیشتن و دانایی ئەو سنوردارو پێناس دەکران ودەخوێندزانەوە،وە ئەوانەشی کە لە سنوری پێناسەی ئەو نەدەخوێنرانەوە ،نکولی لێ دەکردن و ئینکاری دەکردن، وەک دەڵێن مرۆڤ دوژمنی ئەوشتەیە کە تێ یناگاونایزانێ، جائەمەکاری ڕوحەکان بوو لەو ماوە زەمانی وشوێنیە زەبەلاح وزۆروفراوانەدا.

جا کاتێ ڕوحەکان ئاوێتەی لاشەکان بوون،ئەو هی بەسەر ڕوح دا هاتوە لەگەڵ ڕوحەکانی تر، لە هۆگری و لە نکولی و لێک دورکەوتنەوەو یەکتربێزاندن دووبارە بۆوە،لەم ماوە کەمەی کە لە زەوی دا بەسەریان برد لەناولاشەکان،ئەم کرداڕە وەک کرداری چڕکردنەوەوبچوک کردنەوەی مەجەڕەو کەشکەشانەکانە لەسەر ڕووپەڕەی لاپەڕەیەکی کتێبی جوگرافیا، هەرمیلیمەترێکی
سەرنەخشەکەی ژیانە بچوک کراوەکەی سەرزەویمان کەئاوێتەی لاشەکانین، بەرامبەر بەهەزاران ساڵی ڕوحمانە و ئەو گوندوشوێنەش کە لێی دەژین، بەرامبەر هەزاران ساڵی تیشکی یە کە ڕوحمان لە عەرشەوە تا سەر ئەم زەویە بڕیویەتی،

مرۆڤ لەوماوەکەمەی ژیانی دا لە پەیوەندی دایە لەگەڵ خزم ودۆست ونزیکەکانی،لەگەڵ تاکەکانی خێزانەکەی و گەڕەکەکەی وگوندەکەی وخوێندنگاکەی وشارەکەی ووڵاتەکەی وهاوپیشەکانی، لەم چالاکیانەی پەیوەندی هەریەکێک بەملیۆنان کەسەوە هەیە،لەوانەی کەناوبانگی بیستون ولەبارەیان شتێک دەزانێ، ئەم پەیوەندیانەش ، وای کردوە کە هۆگری لە گەڵ هەندێکیان دروست بکا ،وەهەندێکی تریان ببێزێنێ و لێ یان ڕابکا،ئەوانەی لە جیهانی ڕوح هۆگریان بوو،ئاشنایان بوو، پەنجەی قەدەری ئیلاهی هەرئەوی کردنەوە دایک وباوک و خزم ودۆست وهاوسێ و،،،هتد

وە ئەوانەش کە نەی توانی تەعارفیان لەگەڵ بکاو بە مەجهولی ونەناسراوی لای مانەوە، بوە دوژمن وهاوبڕکێ و نکولی کەریان،چونکە نەی توانی تێ یان بگا ،هۆگری لە تێگەیشتنەوە دروست دەبێ، هەروەک بێزاندن وڕق لێ بونەوە لە نەگونجان ونەناسینەوە دروست دەبێ.

ژیانی مرۆڤی سەرزەوی چڕکراوەی ئەو دەیان وسەدان هەزارساڵە ،لەسەر ئەو ملیۆنان ساڵە بۆشایی وشوێنەیە کەلە عەرشەوە دەست پێ دەکاو لە ئاوێتە بونی ڕوح ودابەزینی ڕوح لەمەلەکوتی باڵاوە بۆلاشەی ئەو کۆڕپەلەی ناوسکی دایک لە مانگی چوارەمی زگ پڕی دا کۆتایی دێ،

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ڕێپێوان و کاروانی ڕوح ،بەپێچەوانەی لاشەوەیە، ئاسمانیە،عەرشیە، ئیلاهیە ،دورەو غەریبەونامۆیە بەم زەویە، هەروەک چۆن مشتەخۆڵەکەی ئادەم کە لە جنەتی نەمری و لە مەلەکوتی ئاسمان لاشەی ئادەمی لێ دروست کرا نامۆ بووبەو عالەمە ڕوحانیە وهەرئەمەش وای کرد ئادەم بێنێتە سەرزەوی .

زۆرێک لە حەکیم وفەیلەسوف وداناکان باسی جیهانی ڕوح وئایدیاو نیرڤاناو باڵایان کردوە، ناوەکان زۆرن، بەڵام ناونراوەکە هەریەکەو هەمان شتە ،ئەویش بریتیە لە دان نان بەبوونی جیهانێکی ئایدیا وباڵاو نەبینراو پێش ئەم بونەمان و هەروا دوای مردنیشمان،

تەنانەت ئەفلاتون کە دەیەوێ کرداری زانین ومەعریفەت پێناسە بکا،دەڵێ زانین بریتیە لە داڕنانی ڕوح لە کاریگەری و گرانیە مادیەکان،وە سافی بوونی زەین وعەقڵە ولەم حاڵە ڕوحیەدا روح ئەوزانینەی بیردەکەوێتەوە کە بەهۆی ئاوێتەبوونی بە لاشە بیری چوبۆوە،چونکە ژیانی روحی بەرلە ئاوێتەبوون بەلاشە ،لای ئەفلاتون ،هەمووی زانین بوو،نەزانی تێدا نەبوو،کەناوی ناوە جیهانی مەسەل ونمونەیی، وەئەم جیهانە هەمووی بە سێبەری ئەو مەسەلە دەزانێ و بە ڕاستەقینەوحەقیقەتی نازانێ،هەمان شت ئیبن خەلدون باسی دەکا کاتێ پێناسەی خەونی ڕاست دەکا،ئەویش پێی وایە کە زانینی پێزانینە لەکاتی دەربازبوون لە لاشەی ڕێگرو سافی بونی ڕوح لەڕێگەی خەونەوە،

کەواتە ئیمان بە جیهانی ڕوح ونادیار دین وفەلسەفە وفەرهەنگ وڕۆشنبیریەکان تیای دا بەشدارن،

تەنانەت ئەوانەشی کە نکولیان لەبوونی ڕوح دەکرد ،لەڕۆژانی یەکێتی سۆڤیەت دا ،دەیانەویست کە دیاردەی پاراسایکۆلۆجی و تەخاترو گفتوگۆی ڕوحی بەکاربێنن بۆ ئاخاوتن و پەیام ناردن بۆ بونەوەرو شارستانی وژیارەکانی ناوبۆشایی گەردون کە ملیۆنان ساڵی تیشکی لێمانەوە دوورن و زمانیان نازانین،

من هەرلەسەر چۆنێتیناسینی ئەوکەسانەی کەلە دیاردەی تەخاتور وگفتو گۆی نێوان ڕوحەکان بەهرەمەندن ئەوە پێشنیاردەکەم کە ئەو کەسانە کۆبکرێنەوەو چەندەها ئەزمون وتاقی کردنەوە یان پێ بکرێ و لەڕێی مەسج و ئەنتەرنێت هەوڵ بدەن کە بەم ڕێ یە بیروئەندێشەوخەون وخەیاڵ و پرۆژەی یەکتر بخوێننە وە بێ ئەوەی هیچ لەیەکتر بزانن ،پاشان ، ئەم خوێندنەوانە بۆیەکتربنێرن و لێژنەی پسپۆڕلەوبوارە ئەم خوێندنەوانە بەراورد بکا لەگەڵ ڕاستەقینەی ئەو کەسە خوێنراوانە، تابزانێ ئەم خوێندنەوانە چەند ڕاستن،بەم شێوە کەسانی بەهرەمەند لە بواری گفتوگۆی ڕوحی دەناسین.

کۆتایی یەکەی چوارەم .

—

سەرچاوەکانی یەکەی چوارەم :

١- إريك إريكسون (Erik Erikson)

: الطفولة والمجتمع (Childhood and Society)وەرگێڕبۆ عەرەبی: فؤاد زكريا

: دار نهضة مصر، القاهرة (1990).

٢-جان بياجيه (Jean Piaget): الحكم الأخلاقي عند الطفل

وەرگێڕ: محمد عودة، ومنصور جابر: دار الكتاب اللبناني، بيروت (1986).

٣- نيكولاس كار (Nicholas Carr): الضحالة: ما الذي يفعله الإنترنت بأدمغتنا؟ (The Shallows)تر : أمين الأيوبي: الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت (2012).

٤- الإمام أبو حامد الغزالي: إحياء علوم الدين (الربع الثالث: كتاب رياضة النفس وتهذيب الأخلاق ومعالجة أمراض القلب): دار المعرفة، بيروت (2010).

٥- محيي الدين بن عربي: الفتوحات المكية (الباب المتعلق بالأسماء الإلهية والتربية الروحية) دار الكتب العلمية، بيروت (2006).

٦- محمد الغزالي (المعاصر): دستور الوحدة الثقافية بين المسلمين (للمقارنة بين القيم والقوميات): دار القلم، دمشق (2000).

٧- منظمة اليونسكو (UNESCO)

ڕاپۆرتی: التعليم من أجل التنمية المستدامة: خارطة طريق (التربية الإعلامية في القرن الحادي والعشرين): منشورات اليونسكو، باريس (2020).: مركز بيو للأبحاث (Pew Research Center)

٨- المراهقون ووسائل التواصل الاجتماعي والتكنولوجيا (Teens, Social Media and Technology)

وەرگێڕ/کورتە: ملخصات الأبحاث الرقمية (متاح عبر المنصة الرقمية للمركز) 2023.

٩-ابن حجر العسقلاني: الإصابة في تمييز الصحابة (ترجمة الصحابي نُفيع بن الحارث - أبو بكرة): دار الكتب العلمية، بيروت (1995).

١٠- ابن جرير الطبري: تاريخ الأمم والملوك (تاريخ الطبري) - أحداث عام 6-9 للهجرة

دار التراث، بيروت (1967)

١١. نووسەر: عبد الرحمن بن خلدون

- **ناوی کتێب:** مقدمة ابن خلدون.
- **ساڵ و چاپ:** ط١، (٢٠٠٤).
- **دارنەشر و شوێن:** دار يعرب، دمشق.

١٢. نووسەر: أبو الحسن الماوردي

- **ناوی کتێب:** الأحكام السلطانية والولايات الدينية.
- **ساڵ و چاپ:** ط١، (١٩٨٩).
- **دارنەشر و شوێن:** دار الكتب العلمية، بيروت.

١٣. نووسەر: تقي الدين ابن تيمية

- **ناوی کتێب:** السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية.
- **ساڵ و چاپ:** ط٢، (١٩٩٨).
- **دارنەشر و شوێن:** دار الجيل، بيروت

١٤. نووسەر: علي عبد الرازق

- **ناوی کتێب:** الإسلام وأصول الحكم: بحث في الخلافة والحكومة في الإسلام.
- **ساڵ و چاپ:** ط١، (٢٠٠٠).
- **دارنەشر و شوێن:** المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

١٥. نووسەر: محمد عابد الجابري

- **ناوی کتێب:** العقل السياسي العربي: محدداته وتجلياته.
- **ساڵ و چاپ:** ط٤، (٢٠٠٠).
- **دارنەشر و شوێن:** مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

١٦. نووسەر: عبد الكريم سروش

- **ناوی کتێب:** بسط التجربة النبوية.
- **وەرگێڕ بۆ عەرەبی:** أحمد القبانجي.
- **ساڵ و چاپ:** ط١، (٢٠٠٩).
- **دارنەشر و شوێن:** منشورات الجمل، بغداد - بيروت.

١٧. نووسەر: وائل حلاق

- **ناوی کتێب:** الدولة المستحيلة: الإسلام والسياسة ومأزق الحداثة الأخلاقي.
- **وەرگێڕ بۆ عەرەبی:** عمرو عثمان.
- **ساڵ و چاپ:** ط١، (٢٠١٤).
- **دارنەشر و شوێن:** المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة.

١٨. نووسەر: فاطمة المرنيسي

- **ناوی کتێب:** الحريم السياسي: النبي والنساء.
- **وەرگێڕ بۆ عەرەبی:** عبد الهادي عباس.
- **ساڵ و چاپ:** ط٣، (٢٠٠٥).
- **دارنەشر و شوێن:** دار الحصاد، دمشق.

١٩. نووسەر: طه جابر العلواني

- **ناوی کتێب:** لا إكراه في الدين: إشكالية الردة والمرتدين من صدر الإسلام إلى اليوم.
- **ساڵ و چاپ:** ط٢، (٢٠٠٦).
- **دارنەشر و شوێن:** المعهد العالمي للفكر الإسلامي، واشنطن - القاهرة.

٢٠. نووسەر: مەسعود محەمەد

- **ناوی کتێب:** بەرەو تێگەیشتنی ڕاستی.
- **ساڵ و چاپ:** چاپی یەکەم، (٢٠٠٤) - دووبارە چاپکردنەوە.
- **دارنەشر و شوێن:** دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢١. نووسەر: مەسعود محەمەد

- **ناوی کتێب:** مرۆڤ و دەوروبەر.
- **ساڵ و چاپ:** چاپی دووەم، (٢٠١٠).
- **دارنەشر و شوێن:** ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

—

یەکەی پێنجەم: دۆزینەوەی گەوهەری ناوەکی

ستراتیژییەکانی ناسینەوە و گەشەپێدانی منداڵ و نەوجەوانی بەهرەمەند

پێشەکی: مرۆڤ لە نێوان "مەتن" و "پەراوێز"دا

مرۆڤ جیهانێکی ئاڵۆز و لێڵە؛ زۆرن ئەو کەسانەی تەمەنیان بەسەر دەچێت و هێشتا کلیلی ناسنامەی خۆیان نەدۆزیوەتەوە. دۆزینەوەی بەهرە، وەک دۆزینەوەی کانییەکی شاردراوە وایە لە بیابانێکی وشکدا. ئەوانەی خۆیان دەدۆزنەوە، دەبنە "مەتن" و ئەستێرەی گەشی مێژوو، بەڵام زۆرینەی خەڵک وەک "پەراوێز" دەمێننەوە، چونکە نەیانتوانیوە ئەو وزە شاراوەیە بناسن.

گۆڕانی ڕێژەی داهێنەران لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، پەیوەستە بە "سەردەمی زێڕین"ی زانستەکان. لە ڕابردوودا خولیا و شەیدابوون بڕیاردەر بوو، بەڵام ئێستا سیستەمی "کۆنمرە" بووەتە بەربەست لە بەردەم گەیشتنی مرۆڤ بەو بوارەی کە ناخی شەیدایەتی. ئەرکی ئێمە ئەوەیە پەراوێزەکان بکەینە مەتن و مرۆڤ لە پاشکۆیەتییەوە بەرەو پێشەنگایەتی ببەین.

١. پێناسەی بەهرەمەندی و داهێنان

بەهرەمەندی (Giftedness): بریتییە لە توانا و ئامادەییەکی خۆرسکی تاک کە وای لێ دەکات کارێک ئەنجام بدات لە تەمەن و قەبارەی خۆی گەورەتر بێت. ئەم توانایە ئەگەر گەشەی پێ بدرێت، دەبێتە داهێنان (Innovation).

جۆرەکانی بەهرە:

بەهرە تەکنیکییەکان: کارامەیی لە بەکارهێنانی ئامێر، تەکنەلۆژیا و پیشە دەستییەکان.

بەهرە کۆمەڵایەتییەکان: هونەری پەیوەندی، زیرەکیی سۆزداری و کاریگەری لەسەر دەوروبەر.

٢. چۆن بەهرەمەند بناسینەوە؟ (نیشانەکان)

تۆ بەهرەمەندی لە بوارێکدا ئەگەر ئەم نیشانانەت تێدا بێت:

تامەزرۆیی بێسنوور: کاتێک شەیدای وردەکاریی تیۆری و پراکتیکی بوارێکی دیاریکراویت.

ئاسانی لە ئەنجامدان: کارێک کە لای خەڵکی تر "کێو"ە، لای تۆ وەک "ئاوخواردنەوە" وایە.

خەیاڵدانی بەردەوام: کاتێک مێشکت بەردەوام لەو بوارەدا نوقمە و ماندوو نابیت.

داهێنان لە کاتی پشوو: کاتێک لە کاتی دەستبەتاڵیشدا ئالوودەی کارێکی بەرهەمداریت.

٣. ستراتیژییەکانی پەرەدان بە بەهرە

بۆ ئەوەی بەهرە تەنها وەک خەون نەمێنێتەوە و ببێتە "لێهاتوویی" (Skill)، پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت:

گۆڕینی بەهرە بۆ کردار: تاقیکردنەوەی بەردەوام و نەترسان لە شکستی سەرەتایی.

دۆزینەوەی ژینگەی هاوشێوە: بەهرەمەندەکان لەگەڵ یەکتردا گەشە دەکەن؛ بەدوای گروپ و کەسانی هاوشێوەدا بگەڕێ.

دووبارەکردنەوە و ڕاهێنان: زیرەکیی بە تەنها بەس نییە، شارەزایی لە ئەنجامی "هەزاران کاتژمێر" مەشقەوە دروست دەبێت.

بەستنەوەی خولیا بە ئامانج: پێویستە بەهرەکەت ئامانجێکی گەورەتری لەپشت بێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەری بەردەوام.

٤. هاوکێشەی زانستیی بەهرەمەندی

بۆ بەڕێوەبردنی بەهرەکان لە دامەزراوە و خێزانەکاندا، دەتوانین ئەم هاوکێشانە بەکاربهێنین:

بەهرە = (لێهاتوویی گونجاو) × (ئەرکی گونجاو) × (شوێنی گونجاو)

داهێنان = (توانا) × (بەشداری) × (پابەندبوون)

٥. ئەرکی تاک: چۆن سندوقی داخراوی ناخت بکەیتەوە؟

مرۆڤ وەک سندوقێکی داخراوە. بۆ کردنەوەی:

ئەزموون بکە: ئەگەر حەزت لە وێنەکێشانە و تاقیت نەکردووەتەوە، تۆ بەهرەکەت "کوشتووە".

ڕاوێژ بکە: زۆرجار دەوروبەر بەهرەکانت باشتر دەبینن، گوێ لە سەرنجەکانیان بگرە.

خولی بەهێزکردن: بەهرەی بێ مەشق وەک دەنگی خۆش وایە بێ ناسینی "مەقام"، هەرگیز ناگاتە لوتکە.

ستراتیژییەتی کارگێڕی بەهرەکان و هونەری گوزارشت

لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەییەوە بۆ داهێنانی ئەدەبی و وتاربێژی

١. هاوکێشەی زانستیی بەهرە لە دامەزراوەدا

بۆ ئەوەی بەهرە لە چوارچێوەی تاکەکەسییەوە بگۆڕێت بۆ دەستکەوتێکی دامەزراوەیی، پێویستە ئەم هاوکێشەیە پەیڕەو بکرێت:

بەهرە = (لێهاتوویی گونجاو) × (ئەرکی گونجاو) × (شوێنی گونجاو).

بەرهەمداری = (توانا) × (بەشداری) × (پابەندبوون).

ئامانجی بەڕێوەبردنی بەهرەکان: دروستکردنی گەنجینەیەکی بەردەوام لە کارمەندی لێهاتوو کە بتوانن لە کاتی تەنگانەدا جێگەی یەکتر بگرنەوە و گەشەی درێژخایەنی کۆمپانیا مسۆگەر بکەن.

٢. بنەماکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی تواناکان

هەر سیستەمێکی سەرکەوتوو لەسەر ئەم پێنج کۆڵەکەیە دەوەستێت:

بەجێگەیاندن (Performance): هاوسەنگکردنی زیرەکیی تاک لەگەڵ ئەنجامە مەیدانییەکان.

ڕۆشنبیری (Culture): ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو کە ڕێز لە داهێنان بگرێت.

هەڵبژاردن: دیاریکردنی وردی ئەو کادیرانەی لە کاتی قەیراندا خاوەن بڕیارن.

مەشقکردن: بەهرە بەبێ ڕاهێنانی بەردەوام و پلان بۆ دارێژراو دەمرێت.

هەڵسەنگاندنی بابەتی: پێوەرێکی دادپەروەرانە بۆ پاداشتکردن، چونکە هەڵسەنگاندنی شەخسی بەهرەکان دەکوژێت.

٣. ستراتیژییەتەکانی سەرکەوتن (ڕاکێشان، گەشەپێدان، پاراستن)

ڕاکێشان (Attraction): دروستکردنی ناوبانگێکی باش بۆ کۆمپانیا تا باشترینەکان خۆیان داوای کار بکەن.

گەشەپێدان (Development): بەردەوامبوونی فێربوون لە ڕێگەی سیمینار و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانەوە.

پاراستن (Retention): هاندانی مەعنەوی و ماددی بۆ ئەوەی بەهرەمەندەکان وڵات یان دامەزراوەکە جێنەهێڵن.

جێنشینی (Succession Planning): ئامادەکردنی نەوەی نوێ بۆ گرتنە دەستی بەرپرسیارێتییەکان.

٤. هونەری گوزارشت (Expression): پردی نێوان تاک و کۆمەڵگا

گوزارشت چالاکییەکی ئەدەبی و مرۆییە بۆ دەربڕینی ناخ. دەکرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێت:

گوزارشتی پیشەیی (Functional): بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە و فەرمی.

گوزارشتی داهێنەرانە (Creative): تایبەت بە ئەدیبان و بلیمەتەکان (چیرۆک، شیعر، وتار).

قۆناغەکانی نووسینی داهێنەرانە:

پێش نووسین: پلاندانان و کۆکردنەوەی بیرۆکە.

نووسین: هەڵبژاردنی وشەی ڕەوان و ڕەچاوکردنی ڕێزمان.

دوای نووسین: پێداچوونەوە، خاڵبەندی و جوانکاریی زمانەوانی.

٥. هونەری وتاربێژی (Public Speaking): کاری پێشەوایان

وەک ئیبن سینا دەڵێت: "وتاربێژی کاری پێشەوایانە". ئەم هونەرە تەنها قسەکردن نییە، بەڵکو زانستی قەناعەت پێکردنە.

ڕەگەزەکانی کاریگەری لە وتاردا:

٧% وشە و دەستەواژەکان.

٣٨% تۆن و لەرەلەری دەنگ.

٥٥% زمانی جەستە (Body Language).

تایبەتمەندییەکانی وتاربێژی سەرکەوتوو:

خاوەن پەیام و ڕاستگۆ بێت (کردار و گوفتاری یەک بن).

کورت و پوخت بدوێت و زمانی جەستە بەکارببێنێت.

بابەتەکەی لە بێژینگی سەرچاوە ڕاستەقینەکان دابێت.

ئیستبیانی ساڵانەی خوێندکار:

ئەم تێستە دەبێ بە پشت بەستن بەئەرشیفی کەڵەکەبووی خوێندکاروتۆمارکراو لەلایەن ماڵەوەوباخچە وبنەڕەتی ئەنجام بدرێ، تابزانرێ ئاخۆ ئەو هەڵبژاردە کۆنانەی خوێندکار چەند لە ژیانی دا ماونەوەو چەندیش ڕاوبۆچونی نوێ لەلای گەڵاڵە بوەوهەڵبژاردەکۆنەکانی گۆڕاون؟

وە بۆبەهیز کردنی ئەرشیفەکە لە کاتی تاقی کردنەوەکانی نیوەی سال وسەری سالدا ڕۆژێك دابنرێ بۆ ولام دانەوەی ئیستبیانی سالانە ی قوتابیەکە و پرسیارەکانیش ئەوەبن:

کە لەم سالەدا کام مامۆستا و کام وانەو کام چالاکیت بە دل بوەو بۆچی ؟

وە ئیستبیانەکە باباسی دەرەوەی قوتابخانەشی تیدابی بەم شیوە: لەم سالدا کام زنجیرەی کارتۆنی ,یانی فلم ,یان زنجیرەی منداڵان یان ئاسایی سەرەنجی زیاتر ڕاکیشای؟کەسایەتی بژاردەی ناو زنجیرەکە لات کی بوو ؟بۆچی ؟ لەم سالەدا چ کتێبێکت خوێندەوە ؟وە چ کتیبیك بژاردەی تۆیە لەم سال وەبۆچی؟

لەناو هاوڕیکانت هاوەڵی بژاردەت کێ بوو وە بۆ چی؟

ئەم ئیستیبیانە وتێستە بابە هەردوو شێوەی نوسین وشەفەیی وزارەکی لە دوو ڕۆژی جیادا بکرێ.

دەبی بۆ زانینی ڕاستی ئەوەی نوسراوە وگوتراوە لە لایەن خوێندکار،وە ئەوەش کە بوە ە واقعی ,مامۆستا کان سەیر بکەن کە ئەو هەڵبژاردانەی ئەو قوتابیە نوسیونی ,کە چی لە ڕۆژانەو مانگانەی ئەومنالە کەمترین کارلیکی لە گەڵیان هەبوە و لە ئەرکی ماڵەوەش و ئیملاش لە بابەتی تر سەرکەوتو تر بوە ,وە ئەو مامۆستا وهاوري یە کە بە بژاردە نوسیونی ,لەراستی دا وانەبوەو کەسی تر هەبوە کە زیاتر ئە لەگەڵی گەراوە ,

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەمە لە چەند خالیك بەدەر نیە:

یان ئەو قوتابیە توشی نەخۆشی لەبیرچونەوە بووە,

یان متمانەی بە قوتابخانەکە نیەو بژاردەی ڕاستیان ناداتی,

یان حەزی لە جۆریك لە کۆمیدیا و پیکەنیناویە

یان بەراستی لەو ساتەی جواب دانەوە ئەو بژاردەکۆنەکەی خۆی بەلا ناوەو ئەو بژاردەی نوسیوە کە لەکاتی ولام دانەوەکە بۆی دەر کەوتوە کە بژاردەی راستە,

مامۆستا دەتوانێ ئەم ئیستبیانە دەولەمەند بکا بە بابەتی تریش کە سودی هەبی بۆ کردنەوە وفراوانکردنیی ئاسۆکانی منداڵ و ئەرشیفەکەی دەولەمەند بکا ,وە لە تیبینی ڕۆژانەدا مامۆستا دەزانی کە قوتابی کام وانەو پیت ونەخشەو وینەی کام دیاردە زۆر بە گرنگی و جوانی دەنوسێ و چ بابەتیکیش بە ئیهمالی دەنوسێ

ئەوە دەقی ئیستبیانەکەیە،دڵنیام کە

دایکان وباوکان ومامۆستایان و سەرپەرشتیاران دەتوانن ئەم ئیستبیانە بە هەلسەنگاندن و ئامۆژگاری و پیشنیارەکانیان زۆر پتەوو مکوم و دەولەمەند بکەن:

لە باخچە ی ساوایان:

-کام هاوڕێت لەو قۆناغەدا لە هەموو هاوڕێکانت خۆشەویست بوو لەلات؟ وەبۆچی؟هۆکارە خودیەکان و بابەتیەکان دیاری بکە :

ئایا تائیستاش شوینی لە دڵتدااا ماوەو ئەو هەلبژاردە هەرزیندوە؟

بەڵێ:

نەخێر,بۆچی؟

هۆکارە خودیەکان: لە بەر ناوەکەی یان شیوەی بە یەکیك لە کەسەکانم دەچوو ,یان خزمی نزیکم بوو ,

,لە ترسان تاخۆم لە شەڕی لادەم, لەکاتی ناکۆکی بەرگری لی دەکردم ,,، شێوە وڕوخساری لەوانەبوو کە من خەونم پێوە دەبینی،،هتد

هۆکارە بابەتیەکان:لە بەرئەوەی ڕەوشتی جوان بوو ,هیمن ولەسەر خۆ بوو,لە یاری کردن زیرەك بوو.دەست ڕەنگین بوو لە وینە کردن,چالاك بوو لە پۆلدا ,زۆران بازیکی بەتوانا بوو,مرۆڤێکی خۆسەپێن، ڕاوێژکەر، دیموکراتی ،،،هتد،، بوو

-کام مامۆستات لە هەموو مامۆستاکان زیاتر خۆش دەویست ؟ بۆچی؟

هۆکارە خودیەکان:

هۆکارە بابەتیەکان:

-کام هاوریت لەو ساوە تائیستاش جێ پەنجەی لە سەر ژیانت ماوە ؟ئایا ئەو شوین پەنجە سەلبی بوو یان ئیجابی؟

هۆکارە ئیجابیەکان :

شەرمی شکاندم و بەیەکەوە گۆرانیمان دەگوت ،

بوێری پێدام لە مەلە کردن لە ناو حەوزدا،

ترسی شکاندم لە چالاکی ناو پۆلدا .

هۆکارە سەلبیەکان وەك:

وای کرد هەر هاوڕێ یەك هەلم بژاردبێ لەسەر بنچینەی لی ترسان و خۆلە شەر پاراستنی بوە و لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەبوە ,

وای کرد لە هەر سالیك چاو بگیرم کام قوتابی لە هەمویان بەهیزترە تا بیکەمە هاوڕێ تا بمپاریزێ و ئەمەش بوەهۆی ئەوەی هەموو ژیانم پشت بەخۆم نەبەستم.

وای کرد کە هەرگیز باوەڕ بە ڕەگەزی بەرامبەر نەکەم،

وای کرد هەمیشە دردۆنگ و ڕاڕا بم،

-کام لە مامۆستاکان تا ئیستا شوینەواری سەلبی یان ئیجابی لە سەر ژیانت ماوە ؟

شوینەواری سەلبی وەك:

-وای کرد رقم لە وینەکیشان بێ ،

وای کرد کە لە دۆڕان لە یاری تۆپی پێ بترسم،

وای کرد کە تەریق ببمەوە وبەشداری چالاکی پۆل نەکەم،

وای کرد رقم لە ژمارەو پیتەکان بێ ،

وای کرد هەرگیز پردی متمانە لە نیوان من و هیچ مامۆستایەك تۆکمە نەبێ،

وای کرد هەرگیز باوەرم بە تواناکانی خۆم نەبێ،

هۆکارە ئیجابیەکان وەك:

وای کرد کە خولیای خۆشنوسی و رازاندنەوەی پیتەکان ببم

وای کرد ببمە هاورێی فلچەو تابلۆ.

وای کرد خولیای کەمانچە ببم .

وای کرد هەمیشە لە رادەربریندا بی پێچ وپەنا بم .

وا ی کرد کە دەنگی خۆم بناسم و لەوەوە زانیم دەنگم خۆشە.

هۆکاری لە م بابەتانە یەکجار زۆرن و لەوانەیە هەندێ لەو هۆکارانە والە لێژنەکە بکا بە هەموو ئەرشیفی ئەو قوتابیەدا بچنەوەو بزانن کە چەند پالنەریکی سەلبی یان ئیجابی لە بژاردەکانی ئەم قووتابیە هەبوە و هۆکەشی ئەو مامۆستاو هاوڕێ یە بوون کە لەوانەیە لە هاوڕێ ومامۆستای هەلبژاردەشی بووبن لەو ساڵەدا ,

-کام وانەت لە هەموو وانەکان زیاتر خۆش دەویست ؟

هۆکارە خودیەکان :

هۆکارە بابەتیەکان:

کام هاوریت لە ناو هاوریکانت لە هەمویان زیاتر رقت لێ ی بوو؟

خودیەکان:

بابەتیەکان:

ئایا تا ئیستا هەر خۆت بەراست دەزانی لەو رق لی بونەت ؟

کام مامۆستات لە هەموو مامۆستاکان زیاتر رق لێ بوو؟

خودیەکان:

بابەتیەکان:

ئایا تائیستاش وادەزانی ئەو رقەت لە شوینی خۆیدا بوو؟

کام وانەت لە هەمو وانەکان زیاتر رق لی بوو؟

خودیەکان :

بابەتیەکان:

ئایا تائیستاش سوری کە ئەو رقەت لە جێ ی خۆی بوو؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئایا هاوڕێ یەکی خۆشەویستت توانیویەتی مامۆستایەك کە زۆر ڕقت لێی بوو، خۆشەویستی بکات لەلات؟ بەکورتی باسی روداوەکة بکة :

ئایا مامۆستایەکی خۆشەویست توانیویەتی قوتابیەك ،یان وانەیە ك کە ڕقت لێ ی بوو خۆشەویستی بکا لەلات؟باسی بکە بەکورتی:

ئایا بەهۆی ئالو گۆڕی مامۆستا لە ساڵی یەکەم و دووەم هیچ وانەیەك و مامۆستایەك لە خانەی بیزراوەکانت گوازرانەوە بۆ خانەی هەلبژاردەکانت؟یان هەردووکت بیزاندن : باسی بکە:

ئایا لە دوای ئەم هەموو سالە بڕیارو بژاردەو رقەکانت ،چۆن هەل دەسەنگێنی و چەندلێ یان پەشیمانی و چەندیش لە سەریان سوری؟

ئەو تابلۆو رستەو وشەو سرودو ئاوازانەی هەرگیز لە یادیان ناکەی، لە وقۆناغەدا چی بوون؟

ڕەنگ ودەنگ و شیوەو یاری هەلبژاردە لەو قۆناغە لای تۆ چی بوو ؟

هەلسەنگاندنی ئیستات بۆ ئەو دوو هەلبژاردەی دوایی چۆنە؟:

ئایا لەو قۆناغە، زۆرینەی هاوریکانت کچ بوون یان کور بوون؟

ئایا لەو کاتەدا هەستی جیاوازت بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەرت هەبوو؟چۆن بوو؟

باسی گرنگترین ئەو گۆڕانانە بکە کەلەو قۆناغەدا لە بەرامبەر :

-هاوڕێ

-مامۆستا

- وانە

-یاری

-دەنگ

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-دیاردە

-رەنگەکان:

ڕوویان دا لە هەلبژاردنەوە بۆ رق لێ بوون و بە پێچەوانەوە؟؟

ئایا هۆکاری لەنکاو هەبوو بۆو گۆڕانانە؟

هەلسەنگاندنی ئیستات بۆ ئەو خالەی دوایی چی یة؟

لەناو وینەو تابلۆ و دومیەکان دا، ئایا دانەیەک هەبوو کە هەلبژاردەت بوبێ و زۆر هۆگری بی ؟
ئایا تا ئیستاش ئەو وێنەت ماوة؟ئایا ئیستاش هەمان هەستت هەیە بۆ یاریەکی هاوشیوە؟

ئایا هەولت دا کە ئەو گیاندارەو ئامیرە بەراستەقینە ببینی کە یاری و دومیەی هەل بژاردەت بوو؟
کە نەت بینی ریگر چی بوو؟

ئایا کە ئەو حەزەت بەجێ هات و بینیت ,ئەو خەیال وهەستەی بۆو هەڵبژاردەت کە هەتبوو، وەك خۆی دەرچوو؟ یان زیاتر یان کەمتر؟

ئایا دوای بینین خۆشەویستی وهۆگریت بۆ دمیەکەت ,

کەمی کرد؟

زیادی کرد؟

وەك خۆی مایەوە؟

ئایا دمیەی ئەو گیانلەبەرو شتانەت هەبوو کە ڕقت لێ یان بوو ؟

کە گیاندارێك تۆ ڕقت لێ ی بوو ,دەبوە بژاردەی یەکێ لە هاوڕێ خۆشەویستەکانت ؟هەلویستت چی بوو؟

ڕوی داوە کە بەهۆی ئەمە ،رقت لە برادەرەکەت بووبێ؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

یان دمیەکەشت خۆش ویستبێ؟

ئایا بوە کە گیاندارێك یان ئامیرێك یان دیاردەیەك کە لەریزی هەڵزژاردەکانت بوبێ، دوای بینینی لە دەرەوە بەراستە قینە،هەڵبژاردنەکەت بوبێتە ڕق لێ بوونەوە؟ بۆچی ؟

ئەی بە پێچەوانەوە، کە لە ریزی رق لی بوان بوبێ ،بەڵام دوای بینینی خۆشت ویستبێ ؟

ئایا ڕق لێ بوون ئەوسا لای تۆ چی دەگەیاند؟ ترس بوو؟ بیزاندن بوو؟هەستیکی نامۆ بوو؟

ئەی ئیستا رق لی بوون لای تۆ چی یە؟ئایا ئیستاش وەك ئەو سایە یان نا؟

چ دیاردەیەکت لاجوان بوو لەو کاتەدا؟

دیاردەی دارستان و چرۆکردنی دارەکانی سەرەتای بەهار.

دیاردەی بەفر بارین و سپی بوونی سروشت.

دیاردەی هەورە بروسکەو گۆڵەی هەور.

دیاردەی رۆژهەلاتن یان ئاوابوون.

دیاردەی ئاسمانی سامال و مانگە شەوی چواردە.

دیاردەی دەم دەریاو روبارۆکانی .

باسی هۆکارە خودی وبابەتیەکان بکە بۆ هۆگریت بە دیاردەی هەلبژاردەت

کە دیمەنی دیاردەی هەلبژاردەت لە تابلۆیەکی دیواردا، یان لە شاشەی تەلەفزیون دەدی هەستت چۆن بوو؟

پێش ئەوەی دیاردەکەبە راستەقینە ببینی، هەربەوێنە وتابلۆ هەلت بژارد ؟یا ن پاش بینینی دیاردەکە ؟

ئایالە دوای بینیی هیچ لە هەلبژاردنەکەت گۆڕا؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئایاتائیستاش هەمان دیاردە هەڵبژاردەتن؟یان گۆڕاون؟ بۆچی؟

ئەو دیاردانەی ڕقت لێ یان بوو ,هۆکاری خودی وبابەتی، ئایا تائیستاش ڕقت لێ یانە ؟یان نا؟

ئایا یەکەم وشەو ڕستەی کە بە هۆی سەرسوڕمان و مەندەهۆشی بە دیاردەو شتە هەڵبژاردەکانت بە گشتی ,چ ڕستەیەك بوو؟

ئایا تائیستاش هەمان دیاردەکەی ئەوکات لە خۆشەویستی و ڕق لی بوون هەمان بژاردەتە؟

ئەو کات حەزت لە چ هۆکاریکی گواستنەوە بوو لەناویاریەکانت؟ سەیارەی گەورە؟ یان بچوك؟ ,شەمەندەفەر؟ ,فرۆکە؟ ,پاپۆڕ؟.بەلەم؟

ئایا پیش ئەوەی سواریان بی یاریەکەت هەل بژارد؟ یان دوای سوار بوون؟

کە پیش سواربوون بوو ,ئەی دوای بینین وسوار بون هیچ لە بژاردەکانت گۆڕا؟

ئایا لەناو یاریەکانت دا ئامیری بژاردەی سەفەرت هەوو ؟یان هەر وینەو ناوەکەت دەزانی؟

ئایا یەکەم ڕستەو دەستەواژەی کە بۆخۆشەویستی هۆگری دەرت بڕی ونوسیت ,بۆ کی بوو؟ئایا بۆ هاوڕێ یەکت بوو ؟یان بۆ مامۆستایەکت؟ئایا ئەو هاوڕێ ومامۆستایە لە هەڵبژاردەکانی ئەوسات بوون؟ ئایا ئەو هاوڕێ ومامۆستایە لە ڕەگەزی بەرامبەرت بوون؟ یان هاوڕەگەزت بوون؟

ئیستا هەڵسەنگاندنت بۆ ئەوسای باری خۆشەویستی و خوین گەرمیت چیە؟

چ ڕستەو دەستەواژەیەك کە زۆرکەمەند کیشی کردوی تا ئیستا لە بیرت ناچێ؟ لەکێ و لەکویت گوێ لێ بوو ؟ئایا نوسراو بوو ؟یان بە گوتن بوو؟

یەکەم ڕستەی کە جنیو سوکایە تی و ڕقی تیدا بوو گوتت یان نوسیت بۆکێ بوو؟ ئایا هەست بە بیزاری وپەشیمانیت دەکەی لەو هەلویستەت،لە ئیستادا؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئایا لە سەردەمی ڕەوزەدا هەستت بە چێژو خۆشی دەکرد لەگەل ڕەگەزی بەبرامبەرت دا؟یەکەم سەیرکردنی بە ئارەزوو ,یان ماچ کردن و لەباوەش کردن کەی بوو؟ ,لە قۆناغی باخچە یان دوای باخچە بوو؟

ئەمە بۆ زانینی دەست پێکردنی ئارەزوی جنسی، کە هەندێ کەس زوو ،وەهەندێ درەنگ ئەم ئارەزوەیان دەبیتەوە,بی نوێژ بوون و ئیحتلام بوون پێوانەی دواکەوتن و پیش کەوتنی ئەو هەستە نین.

لە حەز کردنت لە تام و بۆنەکان :

بۆن وتامی هەلبژاردەت چی بوو؟ئایا تائیستاش هەرئەو بۆن وتامە هەلبژاردەتە؟کە گۆڕا وە، کەی گۆڕا و ئیستا چیە؟

هەلبژاردەی ئەوسات لە

چیشت و ژەمە لینراوەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە:-.

شيريني و كيك و بسكيتو نوقل وچككليت بەهەمو جۆرەکانەوە:.

سەوزەو میوەو برێشکەو خواردنەوەکان بەهەمو جۆرەکانی .:

ئایا ئیستاش هەمان هەلبژاردەیە ؟کە گۆڕا وە،کەی گۆڕاوبۆچی؟

ئایا ئەم هەڵبژاردانە ،هەڵبژاردەی خۆت بوو؟ یان بەهاندان وچاولێ کەری بوو؟ یان هەرئەوخواردنانە لە وکاتە هەبوون؟

دەبێ پزیشکی خۆراکیش ڕای خۆی وڕاپۆرتی پزیشکی بنوسێ ,دوای سەیرکردنی ئەرشیفی خواردنی منالەکە ،ئایا ئەو خۆراکە هەلبژاردانەی مندالّەکە لە وکاتەدا،بە پلە یەك بەکار هیناوەوبۆی دەستەبەرکراون؟ یان نا؟.

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پزیشك ڕاپۆرت دەدا لەوەی كە قوتابی لەو كاتە خوێراكی پیویستی بۆ گەشەی ئەو قۆناغەی هەلبژاردووەوبۆی دەسەبەركراوە ,

یان خواردنە هەلبژاردەكانی منداڵەكە بوونە مایەی دەردو بەلاو نەخۆشی و قەڵەوی و خەوالی دواكەوتنی گەشەی منداڵەكە لەوكاتەوكاریگەریان تائێستاش چیە و چەندە؟ ,

لەبەشی داهاتوو باسی ئیستبیانەكە دەكەم لە قۆناغی سەرەتایی دا.

كیلگەی پرسیارە هونەری و تشكیلی و مۆسیقیەكان بۆ سەرپەرشتیارو مامۆستاو شارەزایانی ئەو بوارە لەم ئیستیبیان و هەل بژاردنەدا بە جێ دیلم.

كە ئەوانیش بە چەند پرسیاریكی گشتگیرو چرو كۆكرەوە، ئەم بابەتانە لە قۆناغی سەرەتایی دا بكەنە پرسیارو لێژنەش هیما وكلیل و ئاراستە و گۆڕانكاریەكانی قوتابی لە م قۆنا غە بزانێ .

پرسیارەكان لە بارەی وانەكان یەك بە یەك و بابەتە سەرەكیەكانی ناو وانەكان لە ژمارەو پیت و برگەو ووشەو رستەو هاوكێشە بیركاری وزانستیەكان و پیزانینە كشتوكالی و ئاژەلیەكان و هەواڵە میژووی و جوگرافی و زانستی و گەردونی وئابوري و ویژەیی و ریزمانیەكان بە چڕوپڕی پرسیاری كورت و ولامی كورت و دوور لە ڕاڕایی بێ و ئارەزووی ئاراستەی منالی تیادا دەر كەوێ, باسی وشەو رستەو ژمارەو نەخشەو ریزبەندی پیتەكانی ئەلف وبای كە خوێندكار خوێندویەتی : پرسیارەكان:

ئایا دەزانی ئەلف وبا كە لە چەند پیت پێك هاتبوو؟ڕیزبەندیەكەی پیتەكان بنوسە.

چ بابەتیكت لەو كتیبە لە هەموویان بە لاوە خۆشتر بوو؟

وینەی كام بابەتەت لە هەموویان بەلاوە سەرنج راكیش تر بوو؟

كە ئیستا پیت بلێن ئەو كتیبە لە وشە یەك و وینەیەكدا كورت بكەوە، تۆ چ وینەیەك و چ وشەیەكی هەلدەبژێری ؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ریزبەندی بابەتەکانی خویندنەوەی نوێی دووی سەرەتایی بنوسە, ئایا چەند وانە بوو؟ تۆ کام وانە و وینەت لە هەمویان بەلاوە سەرنج راکیش تر بوو؟

شعریك كەلەو كتیبە لە بیرت ماوە بینوسە,

شاعیرەکەی کێ بوو ؟

ریزبەندی بابەتەکانی کوردی پۆلی سێ بنوسە, خۆش ترین وانەو جوانترین وینەی ئەو کتیبە لات چ بوو؟

کێ ئەو وانەی پێ دەگوتی؟

ریزبەندی بابەتەکانی خویندنەوەی بەسودی پۆلی چوار بنوسە, وینەو وانەی سەرنج راکیشت چی بوو؟کی مامۆستای وانەکەت بوو ؟

مامۆستای هەلبژاردەت لە پۆلی یەك کێ بوو ؟مامۆستای چ وانەیەك بو؟

مامۆستای هەلبژاردەت لەوچوارساڵە دابنوسە، ئایا یەک مامۆستابوو؟یان چەند مامۆستایەک بوو؟وە چەندجارگۆڕا؟

وانەو بابەتی هەلبژاردەت لەوچوارساڵەدا چ بابەتێک بوو؟ ئایا یەک بابەت بوو؟ یان گۆڕانی بەسەرداهات؟ ئایا مامۆستای هەڵبژاردەت ،وانەی بژاردەتی دەگوتەوە؟ یان جیاوازبوون؟ یان هەندێ ساڵ جیاوهەندێ ساڵ یەکیان دەگرت؟

مامۆستاو وانە ی بێزراوت لەوچوارساڵە کێ وچی بوون؟ مامۆستای وانەی بێزراو ،ئەوبێزراوبوو؟یان جیاوازبوون؟ ئایا لەوچوارساڵ وانەومامۆستاوهاوڕێ ودیاردەی بێزراو دەگۆڕان بۆ هەڵ بژێراوەکان؟ هۆکارچی بوو؟

هاوڕێ ی هەلبژاردەت لەم سالانە بنوسە,ئایا هەریەك هاوڕێ بوو ؟یان چەند هاوڕێ یەك بوون؟

وەرزشی هەلبژاردەت لە وچوار سالە دا یەك وەرزش بوو؟یان جیا بوو؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەو وانەی تیای دا لاواز بووی لە چوار ساڵە هۆکارەکانی چی بوو؟ئایاوانەی بێزراوو وانەی لێ لاواز هەریەک بوون؟

ئایا رقت لەوماوە وماموستاکانی دەبۆوە کەڵێ ی لاواز بووی؟

چوار کۆپلە شعر بنوسە کە لەوانەی سرود لەو چوارساڵە خویندوتەو لە بیرت ماوە؟, ئامیری مۆسیقای بژاردەت لەم چوار ساڵە چی بوو؟

لەم چوار ساڵە هەوادارو هۆگری چ هونەرمەندی بوی؟ئایا گۆرانی بێژی بژاردەت هەبوو؟ئایاگۆرانیەکی بژاردەت هەبوو؟

کام زنجیرەوکەسایەتی کارتۆنی لەم چوارساڵە هەڵبژاردەت بوو؟ ئایا زنجیرەوکەسایەتی بێزراوت لە تەلەفزیۆن هەبوو؟

ئایاتائێستاش بژاردەو بێزراوەکانت هەرنەگۆڕاون؟

پرسیاری دیاردەکان و هاوریکان و بیزراوەکان ووینەو تابلۆکان و خواردن و هەستیاری جنسی بۆم چوار ساڵەش دوبارە دەکرینەوە.

ئایا لەو چوار ساڵە هاندەری هیچ تیپیکی تۆپی پی یان شانۆ یان هونەری میللی بوی؟

ئایا خولیا ی کۆکردنەوەی هیچ وینەو پول و شیوەو بابەتیکت هەبوو؟

کەسایەتی کاریزمای میژووی ونمونەی بالات لە و کاتەدا کی بوو؟ئایا مردوو بوو یان لە ژیاندا بوو؟

لەم چوارساڵەدا ئاواتت دەخواست بی بە چی ؟ئایا هەر خۆزگە بوو؟یان بنەمایەکی زانستی و ئارەزوشی هەبوو.

پرسیاری وانەو ماموستاو هاوڕێ ودیاردەو زنجیرە کارتۆن و زنجیرە کۆمەلایەتی و میژوویەکان و خواردنەکان و یاریەکان و ڕەنگ و بۆن و ئارەزوی جنسی و هەروەها بیزراوو رق لی بوەکان و

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بژاردە هونەری و ئەدەبی و میژووی و کاریزماکان لەم پێنج ساڵەش دیاری دەکرێن ولە خوێندکار دوبارە دەکرێنەوە,

لەگەل ئەم چەند پرسیارەدا :

لەو سەرکردت میژوویانەی ژیانت دراسە کردن ,کامیان وات هەست دەکرد کە هەمیشە لە ناخت دا دەژی ونمونەی بالاتە ؟

لەم پینج سالە چ دواڕۆژێکت بۆ خۆت دانابوو ؟ئایا یەك ڕابووی ؟یان ڕاڕا؟

هیوایەت وخولیا کانت بەگشتی لەو ماوە چ گۆڕانیان بە سەر هات؟

ئایا خولیای کۆکرنەوەی ئەرشیفی هیچ بابەتیکی هونەری یان وەرزشی یان ئەدەبی و وێژەیی وهونەرو ئەدەب وپیشە میللیەکان,پەندی پیشینانت هەبوو؟

لە ماوەی ئەو سالانە بیجگە لە کتیبەکانی قوتابخانە چەند کتیبت لە م بوارانة خویندنەوة؟ناوی کتیب ونوسەرەکەی بنوسە:

بوارەمیژوویی وشوێنەوارەکان:

بواری سیاسی:

بواری جوگرافیاو کەش ناسی :

بواری ئابووری :

بواری کۆمەلناسی و کۆمەلایەتی و خیزان داری:

بواری ئەفسانەو چیڤانۆك و داستانی فۆلکلۆری:

بواری گەردون و ئەستیرەناسی و بۆشایی گەری:

بواری زانستی زیندەوەرو پەلەوەرو ئاژەلداری :

بواری کشتوکال و کیشاوەرزی:

بواری بیرکاری و ئەندازەو جەبرو فیزیاوکیمیا :

ئایا لەمالەوە خولیای ئەوە نەبووی هەندێ لە زانیاریەکان بە هەندێ ئامیر ی سەرەتایی تاقی بکەیەوە؟

کە قوتابخانەکەتان تاقیگەی هەبوو،چەند تاقیکردنەوەی فیزیایی وککیمیاییت تێداکرد؟کە نەبوو، یەکە م جار لەکوێ تاقیگەت دیت؟

ئەو ریزبەندیەی وەکو ناوی خۆت لەبەرتەو هەرگیز لە بیرت ناچێ ,کامیك لە وانەیە:

- ناوی توخمە کیمیاییەکان بەناوو هیماوە وژمارەوە.

- ناوی ژمارەو مانگ وڕۆژەکان بە ئینگلیزی و عەرەبی.

-ناوی هەسارەکان ومانگەکانیان.

- ناوی پاشاو سەرۆك و سولتانەکانی جیهانی ئیسلامی

- ناوی پەیامبەران و یاوەرانی سەرەکیان.

- ناوی یاریزانانی جیهانی وئەستێرەکانی ئۆلومپیەکان.

- ناوی ئەکتەرە بەناو بانگەکانی هۆلیود

- ناوی ئیمپراتۆرەکان وگەل ونەتەوە کانی بەرە بەیانی مێژووی شارستانی.

-ناوی سەرۆکەکانی جیهان .

- ناوی بەشە سەرەکیەکانی سەیارە.

- ناوی بەش و پارچەکانی ناو کۆمپیوتەر.

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

- - ناوی بەشە سەرەکیەکانی دەمانچە وتفەنگ.

- ناوی مقامەکانی دەنگ ودەنگەکانی مۆسیقا.

- ناوی بیست درەخت وبیست ڕوەك ودانەویلە بژمێرە.

- ناوی بیست جۆری بالندە بژمێرە.

- ناوی بیست جۆری گیانەوەرانی چوارپێ بژمێرە.

- ناودارترین زنجیرە چیاکانی جیهان بژمێرە.

- ناوی کیشوەرو ئۆقیانوس و دەریا بەناوبانگەکان بژمێرە.

- ناوی بیست وڵات و پایتەختەکانیان بژمێرە.

- وینەی بیست لە ئاڵا وپولەکانی جیهان باس بکە.

- وینە ی نەخشەی دەوڵات بەسادەیی بکێشە.

-دەگەل وزمانی مردوی کۆن لە جیهان بژمێرە.

- ناوی پێنج بنکەی ژیاروشارستانی لە جیهان بژمێرە.

- ناوی پێنج دین وپێغەمبەرو ناوچەی دەرکەوتنیان و و کتێبە پیرۆزەکەیان بژمێرە.

- ناوی حەوت تیۆری زانستی ودانەڕەکانیان بنوسە.

- نوسینی چوار ئەلفو بێی زمانە زیندوەکانی جیهان بنوسە.

- ڕیزبەندی بەرنامەکانی کۆمبیوتەرو میژویان بەکورتی.

- ناوی هەشت لەکاریزماو کەلە نوسەرە بەناو بانگەکانی جیهان بنوسە.

- ناوی نۆ ڕۆمان و چیرۆکی بەناوبانگی جیهان بنوسە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

- ناوی هەندێک لە مۆدیل و کۆمپانیاکانی ئۆتۆموبیل

- ناوو ژمارەی هەندێک لە چەکو تفەنگەکانی جیهان

ناوی چەند شانۆ نوس دەزانی؟ بینوسە.

ناوی دە یاری خۆماڵی بنوسە.

ناوی چەندیاری دەزانی کە پێشبڕکێ ی ئۆڵۆمپیاتیان لەسەرە؟

-ناوی بەناوبانگترین ئەستێرەکانی سینەماو فلیمە بەناوبانگەکان بنوسە.

- ناوی هەندێ لە بەرنامەکانی ئەتاری وپلەی ستیشن .

- ناوی ئەوانەی نۆبلیان بەدەست هیناوە لە هەربوارێکدا ،دە ناوبژمێرە .

- ناوی پێنج ئایدۆلۆژیای فکری، یان سیاسی،یان فەلسەفی بنوسە،لەگەڵ ناوی پێشەنگەکانیان.

- ناوی ئەوەی دەیزانی لە بیردۆزە ماتماتیکیەکان. بنوسە.

- ناوی فراوانگەو موسوعە وئسکلۆپیدیا بەناوبانگەکانی جیهان بنوسە.

ئەم لیستە دەتوانرێ درێژ بکرێ تا هەموو بوارەکانی زانست بگرێتەوە وشتە بنچینەیی وهێڵە گشتیەکانی تێدابن.

قوتابی ئاماژەی هەر یەکێ لەمانەی لیدا و توانیشی دوای ئەوە بیسەلمێنێ کە بە توانایە لەو بوارەدا ،ئەوە لێژنەکە ئەو بوارەی دۆزیوەتەوە کە قوتابی تیای دا بالادەست و کارامەیە,

تا ئیرە ئەو هەل ویژاردن و ڕۆشن کەرەو ەو ئیستیبیانە بوو کە تا بۆم کرابێ نمونەکانم وا داناوە کە فراوان بن و گشتگیربن.

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دلنیام کەم وکوری تێدا زۆرە، چونکە پێزانینی من هەمووی کۆنەو دەسال دابران لە کۆمەلگاو زیندانی بوون وای کردوە کە زیاتر بابەتەکە میشکی خۆ گوشین بێ , بەڵام،دلنیام کە پسپۆرانی ئەم بوارانە، ئەم پرۆژە بەهەتیوی وناکامی ناهێڵنەوەو بەرەو تەواو بوونی دەبەن .

هەرئەوان نرخی ئەم نگینە دەزانن، چونکە نرخی زێڕ لای زێڕنگرانە.

—

ئامادەکاری وهەڵسەنگاندنەکان:چۆنێتی خوێندنەوەی ئیستبیانەکە:

ئەم سەردەمە بەسەردەمی خێراناسراوە،بۆیە دەبێ لە بڕین وتەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنیش قەدبڕی وکورت بڕی بکرێ، وەئەونەمەت وڕۆتینە کۆنە بشکێنرێ کە بۆ زیاتر لە سەدساڵە پیادە دەکرێ.

ئەم ئیستبیانە شامل وگشتگیرە من وای بە باش دەزانم کە لە کۆتایی سالی پۆلی سێ ی ناوەندی بنوسرێ ,چونکە من دەمەوێ بڕیاری چارەنوس سازی هەر قوتابیەك لەو ساڵەوە بدرێ,وە قۆناغی دواناوەندی ئەو لە چوارچیوەی ئەو پسپۆڕی و ئاراستە بێ کە ئەم ئیستیبیانە و ئەرشیفی قوتابی دیاری کردوە ,وە سالانی زانکۆش هەر لە سەر ئەو ڕێرەوە بێ ,واتە پیویستی بە پۆلی دوازدەو پلەکانی نەمێنێ و لە سەر بنەمای حەزو ئارەزو ئاراستەلەدوای پۆلی نۆ بۆ قوتابی دیاری بکرێ و دوو سالی چوار و پینج بکرێتە پەیمانگایەکی ریخۆشکەر بۆ کۆلیژو لە هەمان بواری حەزی قوتابی بێ کە قۆناغی زانکۆشی لێ دەخوێنێ, من لیرە هەول دەدەم کلیشەیەکی سەرەتایی بۆ ئەو ئیستبیانە بکەم , ئەولیژنانەی کە ئاراستەی قوتابیان دەکەن و لیژنە پسپۆرو دەروناس وکۆمەلناسەکان و سەرپرشتیارە پەروەردەییەکانیش دەتوانن ئەم کلیشە بەڕاو سەرنج وتیبینی و پیشنیارو شیکردنەوەکانیان تۆکمەو دەولەمەند بکەن و بیکەنە هەلسەنگاندنیکی گشتگیر بۆ داهاتووی چارەنوسی قوتابیان,وەزۆر گرنگە کە قوتابی راستگۆ بێ لە ولامدانەوەی ئەم پرسیارانە و زاکرەو یادکردنەوەیەکی باشی هەبی و روداوەکانی لەبیر نەکردبن , جا لە کۆتایی دا بەراوردێك دەکرێ لە نیوان ولامی قوتابی لە ئەم ئیستبیانەداو ئەو پیزانینانەی کەلە ناو ئەرشیفی قوتابی دا هەیە ,دوای

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەو بەراوردە ,کە بینیمان ولامەکانی قوتابی بۆ ئارەزوو هەلبژاردەکانی لە مامۆستاو وانە ورەنگ ودەنگو شیواز و هاوڕێ و ,,هتد هەمووی وەك یەك و یان زۆر نزیك لە یەك بوو هەر لە سالی یەکەمی باخچەی ساوایان تا پۆلی نۆ ,ئەوە بورهان وبەلگەکەمان دەبیتە دوبورهان و نور علی نور ,واتە ئاراستە کردن ودۆزینەوەی ئارەزوو بواری پسپۆری بۆ ئەو قوتابیە زۆر ئاسان بووە ,

بەلام کە لە هەندیکی دا وەك یەك بوو ,بەلام لە زۆری زیاتر لە سەدا شەستی هەلبژاردەکانی سالەکانی ناو ئەرشیف چ ئەوەی کە قوتابی بۆخۆی نوسیویەتی لە ئیستبیانی سالانەو چ ئەوانەی مامۆستاو ڕیبەرە پەروەردەییەکان بە تیبینی ڕۆژانەو حەفتانە بۆیان نوسیوەو چ ئەو پیزانینانەی کە لەمالەوە ،دایك وباوك و کەس وکارە نزیکەکانی قوتابی بۆ ئەم قوتابیەیان نوسیوە ,واتە دەبێ هەر چوار پیزانینەکە وەك یەك یان لیك نزیك بن ,جا کەوەك گوتم سەدا شەستی لەیەکتر نزیك نەبوون ,دەبی لێژنەیەکی بالای سەرپەرشتیاری وەزارەتی پەروەردە لە راستگۆیی ومصداقیەتی هەرچوار قۆناغەکان بکۆلیتەوە,مەبەستم چوار قۆناغی:

١-ئەرشیفی مالەوەی قوتابی لە منالیەوة تا پۆلی نۆ لەسەر هەلبژاردەو ئارەزوەکانی ئەو قوتابیە.

٢-تیبینی و سەرنج و چاودیریەکانی مامۆستاو ڕابەرانی پۆل و بەریوەبەرەکان کە هەر لە باخچەی ساوایان تا پۆلی نۆ، ئاراستەی هەلبژاردەی ئەو قوتابیەیان لە هەموو بواریك نوسیوە,

٣-ئیستبیانی سالانەی قوتابی کە واباشترە ئەم ئیستبیانە لە سالەکانی سەرەتا شەفەوی بێ و لە پۆلی چوارەوە ببیتە نوسین

٤- ئیستبیانی کۆتایی پۆلی نۆ:-.

ئەم چوار قۆناغە کە دەولەمەند بن بە دیکومینت و بەلگەنامە بۆ سەلماندن ودۆزینەوەی هەلبژاردەی قوتابیەکە بوو بەم بەلگانە ,بەلگەکانیش وینەی فۆتۆگرافی و فیدیۆی و و ڕەسم و ئیملاو ئەرکی مالەوەی قوتابی و ئەرشیفی چالاکیەکانی قوتابخانەی قوتابی ,,هتد

بەهەر حال تیك گیران لەم چوار قۆناغە ناگاتە لە سەدا پەنجاش ,مەگەر لە هەموو قۆناغەکان هەروەك ڕۆتین کارەکە کرابێ ,یان بە بەرتیل و بە هەرەشە بۆ کوڕی بەرپرس کارەکە ئەنجام درابێ ,تەنانەت لەو حالەتانەش هەرخالی نابێ لە ریژەیەك راستی لە ئەرشیفی قوتابی دا ,

لەهەموو حالەتەکان لایەنی بەبەلگە هەلدەبژیردرێ وبێ بەلگە پشت گوێ دەخرێ , ئەگەر هەموو بەلگە تۆمار کراوو وینەکانی ئەرشیفی مالەوەو مامۆستاو سەرپەرشتیاران لیك نزیك بوون لە هەلسەنگاندنی قوتابی و بژاردەکانی,بەلام جیاواز بوون لە گەل زۆربەی بژاردەکانی قوتابی لە ئیستبیانە شەفەوی و نوسراوەکانی بە ئیستبیانی کۆتایشەوە ,لەم حالەدا لیژنەی سەرپەرشتیاری یەکەم جار لە بەریوەبەرایەتی قوتابخانەکان و دووەم لە لیژنەی سالانەی سەرپەرشتیاری دەپرسیتەوە ,کە بۆچی بۆماوەی دەسالە ئەم درزەی نیوان قوتابی ومالەوەو قوتابخانە چارە نەکراوە,وەکە چارە کراوە، کوا دەرەنجام؟

ئەوانیش تیبینی خۆیان پیشکەش دەکەن , لە کۆتایی دا لیژنەی سەر پەرشتیار دەڕوانیتە ئەرشیفی گۆڕانی بژاردەکانی قوتابی ,ئایا دژبە یەکن؟ یان پلە بە پلەن ؟زۆرن یان کەمن؟ئایا لە گۆڕانی هەلبژاردەکانی هەر مەبەستی هەلاتن و خۆدزینەوەو شاردنەوەی شکستە یەك لەدوای یەکەکانی بوە ؟یان بەکردەوە لە هەر هەلبژاردەیەك هەلی بژاردبێ بە شایەتی نمرەی مانگانەو سالانە و چالاکی رۆژانەی دەرەوەو ناوەوەی قوتابخانە لە ریزی پیشەوە بووە تیای دا ؟ لە و کاتەی کە لیژنە بۆی دەرکەوت گۆڕانەکان هەلاتن و خۆ دزینەوەن و ئیستبیانەکانیش دیارە متمانەیان کەم بێ دەکرێ، لەم حالەتە چونکە هەموو بژاردەکان ساختەن وتیایاندا سەرکەوتو نەبوە ,ئەمە وادەکا لایەنی ئەرشیفی مالەوەو مامۆستاکان سەرکەوێ,بەلام کە قوتابی زیرەکترین وپیشەنگی هەلبژاردەکانی بێ ئەوە ڕای قوتابی پیش ئەرشیفی مال وقوتابخانە دەکەوی ,چونکە نمرەو سەرکەوتنی قوتابی بە هیزترن,وە کە جیاوازی کەوتەنیوان ئەرشیفی مالەوەو ئەرشیفی مامۆستاکان ,ئەو کاتیش رابردوی قوتابی بەو شیوەی کە گوتمان یەك لای دەکاتەوە ,چونکە هەموو پرۆژەکە هی ئەوە و مەبەست ئاراستە کردنی ئەوە , بەلام ئەگەر قوتابیەکی سەرکەوتو لە

هەلبژاردەکانی لە راپرسی و بژاردەکردنی پۆلی نۆ لە گەل هەموو رابردوی خۆی جیاواز بوو ,لەم بارەش سەیری ئیستبیانە سالانەکانی دەکری ,ئایا حالەتی وا لەم قوتابیە رووی داوە؟ کەلە کۆتایی سالدا بژاردەکانی گۆڕابن؟ وە ئایا لە سالی ئایندەش سەرکەوتنی لە بژاردە نوییە کۆتاییەکە دەست خستوە ؟ یان لە سەرەتای سالی خویندن پشتی لە دوا بژاردەی کردوەو گەراوەتەوە سەر بژاردەکۆنەکەی یان بژاردەیەکی نزیك لەو ؟یان قوتابی لە جۆری ئەوانەیە کە گۆرینی هەلبژاردە بۆ شاردنەوەو راکردن لە شکستە ؟جۆری یەکەم بژاردەی کۆتایی بەهەند وەردەگیرێ و هەول دەدری ئەم قوتابیە لە بواریکی وادانرێ کە هەردوو بژاردە کۆنەکانی کە تیایاندا سەرکەوتنی بە رچاوی هیناوەو بژاردە نوێیەکەشی تیایدا بە ریژەیەکی گونجاو بونیان هەبێ , ئەم بواره نوییەش لەگەڵ قوتابی گفتو گۆی لەسەر دەکرێ و پێی دەگوترێ کە بۆچی لە و بواره دانراوە و بواری ولام دانەوەی شەفەوی و نوسینیشی دەدرێ بۆ ماوەی هەفتەیەك تاکو ئەویش بیر بکاتەوەو راویژی پێویست بکا , بەلام لە حالەتی دووەم لەگەڵ قوتابی دانیشتن دەکرێ و بیری دەهێنرێتەوە کەلە چەند سالی رابردوش لە کۆتایی سال بژاردەکۆنەکەی واز لێ هیناو پاشان لە سەرەتای سالی خویندن دوبارە گەڕایەوە سەری ,ئایا ئەم جارەش هەرلەوبابەتەیە؟ئەگەر وانیە بۆماوەی هەفتەیەك بەلگەو ئیسبات مان دەوێ بۆ ئەو بژاردە نوێیە , وەلێژنەکەش لە لای خۆی لە ئەرشیفی قوتابی بەگشتی دەتۆژیتەوە کە ئایا ئەم بژاردە نوێ یە لە ڕابردوی قوتابی دا تا چەند ئامادەیی و بە رچاوی هەیە ,کە هەبوو ئەویش هەول دەدرێ وەك قوتابی یەکەم بواریکی بۆ بدۆزرێتەوە کە هەردوو بژاردەکە تیای دا بوونی بەرچاویان هەبێ و ئەم بابەتەش دوبارە لەگەلی گفتو گۆ دەکرێ و بەسەریدا ناسەپێنرێ .هەندێ قوتابی هەن وادەزانن کە کەس پەی بە نهێنیان نەباو قەلای بژاردە راستە قینەکانیان نەشکێنێ ئەوە ئازایەتی و سەرکەوتنە ,هەندیکی تر وەك تەحەدای خۆ کردن لە بژاردەی چونە کۆلیژو تایبەتمەندی چ بواریك تیای دا لاوازن ئەو هەلدەبژێرن ,پاساویشیان بۆ ئەمە ئەو بوارانەی تیای دا سەر کەوتون ,بەبێ بەسەربردنی سالانی دریژی خویندنیش دەتوانن خۆیانی تیدا بسەلمێنن ,دەبێ بچنە بواریک کە تیای دا لاوازن، بۆ ئەوەی ئەو کیماسیەو کەم کورتیەی کەسایەتیان کەم کەنەوە و ئەو بەربەست و فۆبیاو قەلایە بشکێنن کەلەبەر دەمیان دا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بۆتە کیو ,من نالیم کە لەم بوارە هیچ سەرکەوتن و دەرەنجامیك بە دەست نایە,بەلام نابنە ئەو ئەستیرەو پسپۆرە ئاماژە پێکراوو سەرکەوتوەی کە لەو بوارەی هەر لەمندالیەوە خەریکی خۆ دروست کردنن تیایدا ,بیگومان لە وانەیە داهینانی وا بکەن رووی میژوو بگۆڕن لەو بوارە,

هەروا پیویستە بۆ قوتابی شی بکریتەوە کە شاردنەوەی بژاردەی راستەقینە نەك هەر ئازایەتی نیە، بەلکو ئەو پەڕی ترسنۆکیە وراکردن وخۆدزینەوەیە لە مەیدان ,

وە ئەم شاردنەوە وادەکا هەموو ژیانی لە پەراویزی دا بمینیتەوە ,وەهەرگیز نەبیتە خاوەنی بریارو کەسایەتی خۆی ونەتوانێ چارەنوسی خۆی رزگار بکا,بەلکو ئازایەتی ئەوەیە کە ئەو پەڕی جدی بێ لە ئاشکرا کردنی هەلبژاردەکانی خۆی لە هەموو بواریکدا,تا کو ئاراستەی کەشتیەکەی تەمەنی بدۆزیتەوەو کیلگەی دنیای بێ بەر نەبێ، کە هەر ئەویشە کە دەبیتە بەرهەمی ژیانی دوای مردن ,کە تۆ ئەمرۆ نەت توانی کەشتیەکەت لە زریان و گەردەلول لادەی و بە ئاراستەیەکی سەرکەوتو دڕ بە شەپۆلە کان بدەی و لاوازترین لای شەپۆلە کان هەلبژیری و ڕو لەتسۆنامی نەبی ,تا بە سەرکەوتویی و کەشتیە کی ساغ وباڵ نەشکاو بگەیە دوا لەنگەرو شابەندەری سەر فرازی لەم جیهانەو ئەمەش دەبیتە هۆی سەرفرازیت لە ژیانی دوای مردن .چونکە ئەم ژیانە دیاری کراوەی دنیا سیبەرو بچوك کراوەی ئەو جیهانە نەبڕاوەیە.

بڕیاری چارەنوس ساز:

لە کتێبی –اکتشاف میول الاطفال- دۆزینەوەی ئارەزوەکانی منداالن. نوسەری ئەم کتیبە دکتۆر فریدریك کەدەر ودکتۆرە بلانش بولسون نوسیویانە کە یەکەمیان مامۆستای دەروناسی بوە لە زانکۆی دیوك ودوەمیان سەرۆکی بەشی ئاراستە کردن بوە لە قوتابخانەکانی شیکاگۆ ,ئەم کتیبە کە محمد خلیفة برکات و عبدالعزیز قوصی کردویانەتە عەرەبی و یەکەم چاپی سالی 1955 بوەو ئەم کتیبە لای من چاپی سێ یەمەلە سالی 1961 لە مەکتەبەی نەهزەی مصر چاپ کراوە .

دانەرانی ئەم کتیبە بۆ تاقیکردنەوەی ئارەزوەکان و ناسینیان ,ئارەزوەکان پۆلین دەکەن بۆ دە چەشن:

یەکەم :ئارەزوە تەنیا خوازەکان-المیول الخلویة-:ئەو ئارەزوە لە لای ئەو کەسانە دەردەکەوێ کە هەردەم حەزیان لە کار کردن و یاری کردنە لە دەورو بەرێکی کراوەو دوور لە قەرەبالغی و جەنجالی , وەك راوی بالندە لە دەم دەریاو روبارەکان وپەروەردەی ئاژەل و پەزەکان و کار کردن لە باخچەو کیلگەکان و دەرکەوتن بۆ سەربازگە کان,جا بۆ ئەوەی کە جوتیارو شوان سەرکەوتو بێ لە کارەکەی دا ,پیویستە ئەم ئارەزووەی هەبێ ,هەروەها ئەندازیاری ریگاو بان و شوان وگاوانیش دەبێ ئەم خولیایەیان هەبێ ,)

وەك دەردەکەوێ کە حەز لە دەوروبەری دابڕاو نەك هەر نەخۆشی و کارەسات نیە,بەلکو یەکجار بە سودە و بوونی زۆر پێویستە ، سەدا بیستی کۆمەلگاکە لە بواری ئاژەل وکشتو کال و راوشکارو سەربازی و ریگەو بان و گەلیك بواری تریش هەن کە ئیش کردن تیایاندا پیویستی بە کاری مەیدانی ودەرکەوتنە بۆ چۆڵایی و دابڕان لە شارەکان, وبڕبڕەی داهات وئابوری جیهانیش ئەم چینە گەشەی پێ دەدەن ,ئەمە جگە لەوەی مرۆڤی دەرون وجەستە تەندروستن ,

دووەم :ئارەزووە میکانیکیەکان: لەلای ئەو کەسانە دەر دەکەوێ کە حەزیان لە پشکنینی ئامرازەکان و بەکار هینانی دەزگاکانەو هەمیشە خەریکن هەر ئامرازیك دەستیان بکەوێ دەبێ لیکی بکەنەوەو بەیەکیەوە گرێ بدەنەوە ,ئەمانە حەزدەکەن نهینی ئامیرەکان و چۆنیتی ئیش کردنیان بزانن وە زۆریش کارامەن لە بە کار هینان و پەی بردن بە زۆریك لە نهینیەکانیان ,جا هەر لە ئامیری چاپ وکۆپی کردنەوە تا مەکینەی دروماں وچەکوش ومشارو ئامیرەکانی پێستە خۆش کردن ,ئەم کەسانە دەبنە بەرگ دروو پێستەخۆشکەرو خاوەنی وەرشەی چاك کردنەوەی سەعات وئامرازە ئەلکترۆنیەکان و فیتەر و شوفیری کارامەو هەربواریکی تر کە پیویستی بە وردەکاری هەبێ لە بەکار هینانی ئامرازەکاندا)

دایك وباوکان چ لەو منداله یان دەکەن کە پاتریەکی وشکی لەت وپەت کردووەو ژورو کۆنبارو دەست وجلەکانی هەمو ڕەش کردوە ,ئەی چی لەو منداله دەکەن کە ئەو یاریانەی بۆی دەکڕن وئامێرەکانی ماڵەوە ش پارچە پارچەی کردوە و دانیشتوە،وەک ئەندازیارێک، خەریکی وردبونەوەیە

لە پارچەکانیەتی,ئەی چ لەو کێژۆڵە یان دەکەن کە بوکە شوشەکەی لەت وپەت کردوەو جل و ناو زگو جێی پاتریەکانی لیك هەلدراندوەو وەک پزیشکێک تەماشای هەناوی بوکە خان دەکا, بی گومان زۆربەی دایك وباوکان ,چینیکی باشی لیدەدەن و پاشان سزاشی دەدەن و نایەلن یەك ئامیری دەست کەوێ ,

ەبێ بزانن کە فەوزاو ئیهمالی و نەبونی رۆتینی زیادەرەو کەر لە خاوینی و ڕێکخراوی، دایکی داهینانن,زۆر بەتەنگەوە بوونی ستایل و تەرتیب وتەنسیقی جل وبەرگ و دژایەتی کردنی پەرپوتی وبی سەرەو بەرەیی، ئەمانە هەموو دژی داهینان و تیرکردنی خولیاکان ودەرکەوتنی بەهرەکانن..,

سێ یەم :ئارەزوە ئاماریەکان:(بۆ ئەوەی حەزت لە کار کردن بە ژمارەکان و هاوکیشە ژمیریاریەکان و جەبر بێ، پیویستە ئارەزوی ژمارەییان هەبی ,ئەم ئارەزوە لە لای ئەو کەسانە دەردەکەوێ کە حەزیا ن لە کار کردن لە کۆمپانیاو کارە بازرگانیەکانە، وە سەر کەوتون لە کاری بانک و ئامار کردن ,)

نوسەر پێ ی نەگوتین کە ئەم ئارەزوە چۆن دروست دەبی ؟وە جیا کەرەوەکانی چین؟وە چۆن ئەم ئارەزومەندە لەم بوارە گەشەیان پی دەدرێ؟بۆ نمونە، باوك ودایك و مامۆستای رەوزە دەزانن کێ کارامەیە لە ژماردنی میکانۆکان و هەر رەنگەش چەند دانەن ,کو رسیەکانی پۆل و ژمارەی قوتابی و مامۆستاو درەختەکانی باخچەو پەنجەرەکان ,بەم شتانە هەر لە سەرەتاوە مندالی خولیا بە ژمارەکان وزیرەک لە ئامادا، دەردەکەوێ ,

چوارەم :ئارەزووە زانستیەکان:(یەکیکە لە گرنگترین ئارەزوەکان,گرنگی بە دۆزینەوەی راستی وحەقیقەتی نوێ دەدا، ئەو کەسەی ئەم خولیایەی هەبێ ،هەست بە دل ئارامی زۆر دەکا لە کاتی تاقیکردنەوەو ئەزمون ولیکۆلینەوەکان وناپەشۆکێ,ئەو کەسانەی ئەم ئارەزوەیان هەیە حەزیان لە تویژینەوەیە لە زانستەکانی زیندەوەر زانی و سروشتی وفیزیاو کیمیا ,وە دەگونجێ حەزیان لە تویکاری بۆق و بالندەو زۆریك لە گیانەوەران بێ ,یان حەزبکەن سەردانی پەیمانگاوکیلگەی بە

خیو کردنی زیندەوەرە ئاویەکان بکەن,ئەو منداڵانەی ئەم خولیایە یان هەیە، حەز دەکەن یاری بەدەزگاو ئامرازە کیمیاییەکان بکەن، وە لە بارەی دۆزینەوە زانستیەکانەوە بخوێننەوە)

نوسەر باسی ناسینی ئەو خولیایانەی نەکرد,بەڵام کە دەتەوێ کە لە قۆناغی سەرەتایی ئەم خولیایانە بناسی،، قوتابی تاقی بکەوە بە پێدانی مەتەل و پرسیارو وڵام ,هەندی پیزانینی سادە وەك: بە خیرایی دۆزینەوەی وڵاتیك و پایتە ختیك وروباریك وپاریزگایەك و شوێنەواریکی میژووی و پرۆژەیەکی ئابوری لە سەر نەخشە ,یان دۆزینەوەی چەند باڵندەو گیاندارێك لە سەر تابلۆیەکی گەورەی گیانەوەران ,یان دۆزینەوەی ئەندامەکانی مرۆڤ لە سەر تابلۆی کۆ ئەندامەکانی لاشە, ئەم پرسیارانە لەو منداڵە بکە بەبێ ئەوەی کە هیچ نمرە، یان دیاری بەو منداڵە بدەی ’هەوڵ بدە کە خۆت ومنالەکە بە تەنیا بن ،تا ئەو پالنەرەشی نەبێ کە خۆی پێ لەناو هاوڕێکانی هەلکیشێ ,کە بینیت منالە کە لەگەل هەموو ئەمانە ماندویی پیوە دیار نیەو لە گەل هەر دانەوەی وڵامیکی ڕاست وەك گوڵ دەگەشیتەوە وبەتامەزرۆیی چاوەڕێ ی پرسیاری داهاتو دەکا ,ئەوە بزانە ئەو منداڵە بلیمەتە خولیایەکی زانست وڕاستیە زانستیەکانە.

پینجەم: ئارەزوی قەناعەت پێ کردن:(هەلگرانی ئەم خولیایە حەزیان لێ یە، چاوپێ کەوتن ودیدار لەگەل خەلکی بکەن وهەلس وکەوتیان لەگەل بکەن ,ئەو کچ وکورانەی خاوەنی ئەم بەهرەیەن ،هەمیشە لەناو پۆل و قوتابخانەکانیاندا بە پەنجە ئاماژەیان پێ دەکرێ,,ئەوان گەشتەکانی قوتابخانە ریك دەخەن , پلیتەکان دابەش دەکەن و پارە لە قوتابیان کۆ دەکەنەوە,بەکورتی سەرکیشی قوتابیان دەکەن و دەتوانن قەناعەتیان پێ بکەن وبەدەرەنجامەکانیان رازیان بکەن، کرین وفرۆشتن و ریکخستنی چالاکیە کۆمەلایەتیەکان، پیویستی بە شیان وتوانای دانوستان کردن وگفتو گۆو دایەلۆگ و قەناعەت پێ کردن هەیە ,بۆیە ئەو جۆرە کەسانەی کە لەو جۆرە سەودایانەدا سەرکەوتو دەبن ,وە لە بانگەشەو پرو پاگەندەو نمایشی شتەکان کاریگەرن , وە ئەوانەش کە بە کاری رامیاری خەریکن وەك بالویزو وگوتاربێژی لێژنە کان دەبێ حەزیکی بەهیزی قەناعەت پێ کردن لە ناخیاندا بێ، تا لە کارەکانیان سەرکەوتو بن ,هەروەها سەرۆکی یانە

وەرزشیەکان ووروژشنبیری وئەدەبی و کۆمەلایەتی و سەرپەرشتکارانی کاری خیرخوازی و کۆ کەرەوانی یارمەتی لە کارەساتەکاندا دەبێ هەموو ئەمانە ئەم بەهرەیان تیدا بێ.)

لیرە من ئەوە زیاد دەکەم , کە خاوەنی ئەم خولیایە بە هیچ شیوەیەك نابێ ترسنۆك بێ و نابێ شەرمن بی ,شەرمیش جۆریکە لە ترس ,ئەویش لەگەل ترس دروست دەبێ ,منال بەشەرمنی وترسنۆکی لە دایك نابێ,بەلام فۆبیای ترس لە سەرنەکەوتن وهەلەکردن و لەسەرکۆنەو گلەیی وگازندەو ڕەخنە لی گرتن و گالتە پێ کردن ,هەموو ئەمانە کۆمەلگا بەناوی بریقەداری جیا جیا بە سەر منالیان دە سەپێنێ و ترسنۆکی دەکا وشەرمنی دەکاو دەستەوستانی دەکا,شەرم وباوەر بە خۆ نەبوون و روخان و وڕە بەردان و متمانە بەخۆنەبوون، هەموو هەر ترسن ,ئەم ترسانەش نەریت و عادەتە ناقۆلاکانی کۆمەلگا بە سەر خەلکی دا دەیان سەپێنێ و منالانیش کە چیلکەی ژیر ئاگرەکەن پێ یەوە دەسوتین و ئارەزوەکانیا ن وئاراستەو بەهرەکانیان زیندە بە چال دەکرین ,تاوای لێ دێ دەبیتە مەخلوقیکی بێ هەست ,کەس نازانێ کە ئەو منداڵە خاوەنی بەهرەی زانستی بوو,یان دبلۆماسی بوو یان میکانیکی بوو.

بۆ ناسینی منالی هەلگری بەهرەی قەناعەت پێ کردن ,هەرلەکاتی ئاخاوتن وڕادەربڕینی سالانی باخچە دەر دەکەوێ ,ئەوانەی قەناعەت پێ کەرن چاکتر دەتوانن پاساوو بەهانە بیننەوەو بەرگری چاکتر لە خۆیان و هاوڕێکانیان دەکەن ,منالان ئەگەر فۆبیای ترس وشەرم توشیان نەبوبێ، زوو بەهرەکانیان دەردەکەون .

گەشتیك ڕا بگەیەنە لە باخچەی ساوایان ,چاوەڕێ بە کە کێ هاوڕێکانی قەناعەت پێ دەکا بە کردنی یان نەکردنی ئەوگەشتە؟,کێ پیش هاوڕێکانی دەکەوێ کە چ بڵێن و چۆن بڵێن و هۆکارەکان چ بن,لیرە زانیت پیشرەوو کاریزمای سەرکیش کێ یە ,

پیشەنگایەکی وینە ریکخە ,سندوقیکی یارمەتی بۆ یارمەتی کۆکردنەوە بۆ منداڵیکی هەژار دانێ، ,داوای کۆبونەوەی کەس وکاری قوتابیان بکە بۆ شانۆ گەریەکی سادە ,لە مانەدا هەمووی دەزانی کێ توانێ زیاتر قەناعەت بە گەورەکان و ماڵەوەش بکا ,

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

شەشەم :ئارەزووە هونەریەکان (ئەو منداڵەی کە بە کارامەیی ڕەنگ وهێلەکان بەکار دێنێ لە کاتی وێنە کێشاندا ,وەکە بواری پیدرا کارامە وەدەست ڕەنگینە لە ڕێکخستن و نەخشاندن و ڕازاندنەوەی جل وبەرگ و دەستە سرو ملوانە وخەنەکردنی دەست وقاچ, ئەم ئارەزوە جاری وایە لە ڕێك خستنی یاریەکان وکتیب و کتێبخانەو باخچەو دۆلابەکان وکەلو پەلی ناومال لە قاپ ونوین , تەنانەت لە چونیتی شانەکردن و پرچ هۆنینەوەو نەخشەکانی سەر دیوار وئینجانەو نەخشاندنی نوسینەکان لە سەر دەفتەر خۆی نیشان دەدا)

نوسەران تەنیا باسی هونەری تشکیلیان کردوەو باس لە هونەری مۆسیقا و نواندن نەکراوە,

ئەم هونەرانەش لە کاتی لاسایی کردنەوەی بۆ دەنگەکان ,یان خوێندنەوەی چیرۆکیك و ئەدا و دەربڕینی دەنگەکان و ڕستەکان ,یان لە کاتی گێرانەوەی بۆ ڕوداویك کە ڕوی داوە لە ماڵەوە یان لە ڕێگا لەمانە سەراتاکانی هونەری نواندنی دەنگ و شانۆ دەناسرێ,

بەڵام ئەم بەهرە مەندە دەبێ زۆر کێشەی بۆ دروست بە لەگەڵ بوارەکانی تر چونکە زۆر هەستیارو ڕۆتینیە بەتایبەت لەگەڵ میکانیکی و زانستیەکان.

حەوتەم :ئارەزوە وێژە ی یەکان :(خاوەنی ئەم بەهرە لە هونەری دەربڕین و گفتو گۆو گوتنی کۆپلە شعرو پەندی پێشینان وقسەی نەستەق ورەوانبێژی دا بەهرەمەندن ,هەندێ جار شیعرو چیرۆکیش دەنوسن,هەڵگرانی ئەم بەهرە زۆریان دەبنە نوسەر و دانەر و شاعیرو مافناس و پارێزەر و بلاوکەرەوە,)

دیارە نوسەران لەگەڵ ئەدەب نیوانیان خۆش نەبوە وا بەکورتی باسیان کردوە,

مەرج نیە کە بەهرەمەندی ئەدیب هەر گوتاربێژو زمان پاراوی بێ ,جاری وایە زمانی قەڵەمی پاراوەو زمانی دەمی کلیل دراوە,چۆن بتوانین ئەدیبانی بەقەڵەم زۆر زوو بناسین؟چەند کۆپلەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبی نوسین کە هەموو بوارەکانی شعرو پەخشانی تیدا بێ ,لە وەصف ولاواندنەوەو پیکەنین وگریان ,بە شێوەی جوان و جورە خەت ورەنگی هەمەڕەنگ لە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

سەر تابلۆ بیان نەخشینە و لەگەڵ جوانی مەعنا جوانی نوسینیش لە کیش وسەرواو ڕەوانبێژی با دەرکەوێ ,پاشان بەدەنگیکی ناوازە بۆ قوتابیەکانی بخوینەوە, لەم کاتەدا تەماشای جولەو شیوە دانیشتن ورویان بکە ,پاشان کاردانەوەی هەریەکیك چیە بۆ ئەم دەقانە؟ داوای بەراوردیان لی بکە لەنیوان دەقەکان ,وەڕەوانبێژترین کۆپلە بەلای هەریەکیکیان ,بزانە نوسەرو شاعیرەکان دەناسن؟ ,کە نەیان ناسی،بەرامبەرهەرکۆپلەیەک،ناوی چوار شاعیر دانێ و با هەل بژاردن بکەن ,پاشان با هەریەکەیان بیخوینەوە ,داوا بکە کە هەریەکیکیان ئەم کۆپلانە بکەنە تابلۆی وینە،,,وانەکە لە کاتی خۆی زیاتر دریژ بکەوە ,بزانە کامیان پەلەی چونەدەرەوە ،دەکا ,بیکە ئیختیاری و بلێ هەرکەس حەزی لیە دانیشێ و کێش حەز دەکا با بچیتە دەرەوە ,لەم هەلسوکەوتانە هەموو ی وادەکا کە زۆرێک لە چرۆ تازەکانی ئەدەب بناسین ,

هەشتەم:ئارەزوە مۆسیقیەکان:

بەهرەمەندانی ئەم بوارە حەزیان لە بیستنی مۆسیقاوگۆرانی و ئاوازو سەمایە ,هەندێ جار ئامێریش بەکار دینن,یان خەریکی تۆمار کردن و ئەرشیف کۆکردنەوەی گۆرانی هەمەڕەنگن. ,لەوانەیە گرنگی بدەن بە کتیبەکانی زانستی مۆسیقاو ژیانی هونەرمەند ومۆسیقا ژەن وتیپە مۆسیقیەکان ,ئەم ئارەزوە هەر لە بیشکەوە زۆربەی منداڵان هەیانە و خۆی بۆدەهەژێنن,مامۆستا بە هەمەڕەنگ کردنی کۆپلە مۆسیقیەکان دەتوانێ گرنگی دانی هەریەك لە قوتابیەکان بزانێ ,فەراهەم کردنی ئامیرەکانی مۆسیقا لە باخچەو قوتابخانەکان ئەم ئارەزوانە زووتر ئاشکرا دەکا،لەوەی تەنیا پەنا ببریتە بەر شتی تۆمارکراو.

نۆیەم: ئارەزووی خزمەتە کۆمەلایەتي یەکان:

(ئەو کەسانە مۆمن ,خۆیان دەسوتێنن تا بەرپی خەلکی تر رونا بکەن ,زۆر حەزیان لە یارمەتی دانی کە سانی تر ە ,لەم پیناوە دا قوربانی و ماندویی خۆیان نابینن,ئەمانە زۆریان دەبنە سستەر وبرین پیچ و پزیشك وئامۆژگاری کارو چاکە خواز وبانگ خوازی روحی ودینی وپزیشکی دەرونی و تیپی نەوجەوانان و کەشافە هەلگرانی ئەم ئارەزوەن.)

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

نکولی ناکری کە ئەم ئارەزوە، ئارەزوێکی ڕەسەنە لای زۆربەی منالان,ئەگەر نەلیم هەموویان,بەڵام هەر لە سەرەتاوە کار بۆ لە ناو بردنی دەکرێ, هەم لە مالەوەو هەم لە قوتابخانەش گوزەران و وروژاندنی غەریزەی پاوانکردن منداڵ توشی خۆ پەرستی دەکەن, ئەوەی کە دەڵێ ئەمانە لەناو کارمەندانی پزیشکی ودەرونی و دینی دا هەن,من لەگەڵ ئەوە نیم ,ئەوە تیروانینی کۆمەڵگا بۆ ئەم دوو چینە باوەڕی وایە کە ئەم دوو چینە مۆمی خۆ سوتینن,دیوتانە پزیشک و پیاوی دینی لە برسان بمرن؟,ئەی دیوتانە کە بێ ژن ومال و سامان بن؟ئەی دیوتانە کە پزیشك وپیاوی دینی سامانەکەیان لەناو میرات گرانیان هەرا نەنیتەوە؟ کەمترین ریژەی ئەو ئارەزوی خزمەتە لەناو ئەو دوو چینەدایە ,دوو چینی خۆبویر وخۆپەرست و خوین مژو مشەخۆر ن.هەر تەنیا لەبەر مەصلەحەت و بەرژەوەندی وپارەی زۆر ئەم دوو ڕیبازەیان هەلبژاردوە, هەموویان خاوەنی سەرمایەو کۆشك وتەلارن ,

چینی خزمەتگوزار لەناوجوتیارو کریکارو مامۆستایان و سو پا و پۆلیس و قوتابی و بازرگان و ئەندازیارو دوکاندار و قوتابیان دا هەن بە ریژەیەکی مام ناوەندی .

دەیەم : ئارەزوەکانی نوسین:(ئەمانە دەبنە سکرتیر لە یانەو نوسینەگەکان و دەبنە ئەمینداری بەریوەبەرایەتیەکان و دەبنە عەریزە نوس و پۆستە چی و کاتب عەدل)

تەنیا پایەو بوارەکانی گوتن و نەمان زانی ئەم بەهرە چۆن دەناسین ؟کاتێ قوتابی فیری ناوی خۆی دەبێ وفیری رستەو وشەکان دەبێ ,لە کاتی ئیملاو ئەرکی مالەوە نوسەری خەت خۆش و بە سەلیقە زوو دەناسرێ ,هەرچەندە کە ئیستا بەهۆی ئامیر ی چاپ وکۆمپیوتەر،خەریکە ئەم بازارو بەهرە باوی نامینێ,..

بڕیارە چارەنوس سازەکە:

هەر لە هەمان کتیب دا کە باسم کرد،دوو ریگەی خیراو ئاسان باس کراوە بۆ ناسینی خیرای ئەم بە هرانە :

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ریگای یەکەم:سێ هە لبژاردن بدە قوتابیان و بایەکیکیان هەل بژیرن :

1-بژاردەی یەکەم:سەردانی یەکیك لە پیشەنگا هونەریەکان.

2- بژاردەی دووەم.خویندنەوە لە کتیبخانە.

3- بژاردەی سێ یەم. سەردانی یەکیك لە مۆزەخانەکان.

1-ئەوانەی بژاردەی پیشەنگای هونەری هەلدەبژیرن ،ئەوانە هەلگری بەهرەکانی هونەری وو مۆسیقا وکۆمەلایەتین,

2-ئەوانەی بژاردەی کتیبخانە هەلدەبژیرن، خاوەنی ئارەزوەکانی ئەدەب ونوسین و خلوي و زانستین.

3-ئەوانەی بژاردەی مۆزەخانە هەلدەبژیرن، خاوەن خولیای میکانیکی وژمیریارین

ریگەی دووەم:سێ هەلبژاردن:

1- هەڵبژاردەی فرۆشتنی پلیتی ئاهەنگیکی سەما

2-هەڵبژاردەی رازاندنەوەی هۆڵی سەما

3- هەڵبژاردەی نوسینی نوسراویك بانگەشە بکا بۆ ئاهەنگیکی ئیواران.

1-ئەوانەی یەکەمیان هەلبژارد حەزیان لە قەناعەت پێ کردن و ژمیریاریە

2-ئەوانەی دووەم هەلدەبژیرن ،حەزیان لە هونەرو میکانیکە.

3-ئەوانەی سێ یەم هەلدەبژیرن حەزیان لە ئەدەب ونوسینە.

زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم دوو نوسەرەش پێش سەدەیەك لەمەوبەر لە لاپەرە 46 ی کتیبەکەدا داوای ئەوەیان کردوە کە هەموو قوتابیەك دۆسیەی تایبەتی بۆبکرێ و هەرچی پەیوەندی بە لایەنی عەقلی و دەرونی و تەندروستی و کەسایەتی و چالاکی و بار وئاستی خویندنی ئەو منداڵەوە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

هەیە بۆ هەموو قوتابیەك ئەمە بکرێ و هەموو تیبینیەکانی لە سەر بنوسرێ کە قوتابخانە لە سەر ئەو قوتابیەی نوسیوە. ئەوە هەر ئەو ئەرشیفەیەکەمن کەمێك بە دریژی ئەوان بەکورتی ئاماژەیان پێ کردوە.

لیرە هەردەبەشەکەی ئەم دوو نوسەرە تەواو بوو , کەلە ڕاستی دا ،دەبەش نیە وهەشت بەشە ,واتە ئارەزوو و بەهرەو خولیاکان دەبنەوە هەشت ,چونکە خولیا ی نوسین وخولیای ویژەو ئەدەب، یەك خولیان,وە خولیای هونەرو خولیای مۆسیقاش یەك شتن , بۆیە دەبنەوە ئەم هەشتانەی خوارەوە:

یەکەم:خولیا ی خەلەوی و حەزبە دابڕان و دورە پەریزەکان .

دووەم :خولیاو بەهرە میکانیکیەکان

سێ یەم :خولیا وبەهرە ژمیریاریەکان

چوارەم :خولیا وبەهرە زانستیەکان.

پینجەم :خولیاوبەهرە هونەریەکان و مۆسیقیە کان.

شەشەم :خولیاوبەهرە ئەدەبی و ویژەیی یەکان بە حەزی نوسینیشەوە.

حەوتەم :خولیا دبلۆماسی و ئیقناعیەکان

هەشتەم :خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان.

ئیستا ئەگەر بێین ئەو پسپۆری وبوارانەی کە لە ئیستا دا لە زانکۆکانمان هەیە بەسەر ئەم هەشت خولیا وئارەزوو و بەهرانەی دابەش بکەین ,بەم شیوەی خوارەوەی لێ دێ:.

یەکەم:بواری زانستە سروشتیەکان لە فیزیا وکیمیاو و بوارەکانی بیرکاری لەکۆلیژەکانی ئاداب و پەروەردەو علوم دەدریتە ئەو خوێندکارانەی کە خاوەنی خولیاو بەهرەی ژمیریاری وزانستیەکانن.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دووەم:بواره پزیشکیەکان بە کۆلیژو پەیمانگاوبرینپیچیەکانیشەوە ، هەروەهابوارەکانی بەیتەری و دەرمانسازی و بایۆلۆجی دەدریتە بەهرەمەندانی زانستەکان.

سێ یەم : بەشی ویژەو ریزمان و ئەدەبی هەموو زمانەکان لە هەموو کۆلیژەکانی ئاداب وپەروەردەو علوم دەدریتە ئاروزومەندانی ویژەو ئەدەب ونوسین.

چوارەم :زانستە کۆمەلایەتیەکان لە هەموو کۆلیژەکانی ئاداب و پەروەردەو علوم دەدریتە هەلگرانی بەهرەی دبلۆماسی وقەناعەت پیکردن.

پینجەم :کۆلیژەکانی کارگیری وئابوری دەدرینە بەهرەمەندانی ژمیریاری.

شەشەم:کۆلیژەکانی یاساو قانون و شەریعەت وفقە ، دەدرینە بەهرەمەندانی دبلۆماسی وقەناعەت پێ کردن.

حەوتەم:کولیژەکانی لاهوتی و عقائیدی و فەلسەفی و تیۆری دەدرینە بەهرەمەندانی خلوی و دورە پەریز –لە راستی دا نەم توانی دەستەواژەی گونجاو بۆ وشەی خەلەوی دەست نیشان بکەم و ووشە ئینگلیزیەکەشی نەنوسیوە، تا سەیری فەرهەنگ بکەم.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

هەشتەم :کۆلیژە کانی پەروەردە ئامۆژگاو کولیەکانی مامۆستایان -ئەگەر هەبێ –دەدریتە بەهرەمەندانی خزمەت گوزاری کۆمەلایەتی

نۆیەم:کۆلیژەکانی کشتوکالی وئاژەلداری و باخچەو کیلگە و شتلگەکان لە کۆلیژو پەیمانگاکان و بەهەرناویکی تر هەبن ،دەدریتە بەهرەمەندانی خلوی.

دەیەم :کۆلیژەکانی ئەندازیاری و پەیمانگاکانی تایبەت بە ریگەو بان، دەدرینە بەهرەمەندانی خلوی

یازدەهەم:کۆلیژەکانی ئەندازیاری ئاوەڕۆو ئاوەدانی و پەیمانگاتەکنیکەکانی نزیك لەوبەشە. دەدرینە بەهرەوەرەکانی ژمیریاری .

دوازدەهەم:کۆلیژە ئەندازیارە کارەبایی و ئەلکترۆنی و پەیمانگاکانی کارەبا وئەلکترۆن و کۆمپیوتەر دەدرینە هەوادارانی بەهرەی زانستی.

سیزدەهەم: کۆلیژ ی ئەندازیاری ئۆتۆمبیل –کە هەبی-و پەیمانگا پیشەیی و بازرگانیەکان دەدریتە بەهرەمەندانی تەکنیکی.

کۆلیژو پەیمانگا سەربازی و پۆلیس و ئاسایش و وەرزشیەکان دەدرینە بەهرەمەندانی خزمەتە کۆمەلایەتیەکان.

چواردەهەم :کۆلیژو پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان دەدرینە هەلگری بەهرەی هونەرو مۆسیقا.

بەم شێوە خوێندکاروقوتابی لە وابەستە بوون بە دەرەجە وپلەی پۆلی دوازدە ڕزگاری دەبێ و ئەم ئەرشیف وئیستیبیان وئاڕاستەکردنی لێژنە پەروەردەییە کان وادەکەن کە ئاڕاستەی خولیاو ئارەزوی خۆی بزانێ و لە هەڵبژاردەی خوێندنی باڵاو و ئیش وکاروپیشە وهاوسەرگیری وئینتمای فکری وسیاسی وکۆمەڵایەتی دا پشتی پێ ببەستێ ،بڕیاری یەکلا کەرەوە لە چارەنوسی ئەم خوێندکارە لە چوارچێوەی ئەم ئەرشیفە پەروەردەییەوە بدرێ..

کۆتایی یەکەی پێنجەم :

—

لیستی سەرچاوە و ژێدەرە پێشنیارکراوەکان

١. هاوارد گاردنەر (Howard Gardner)

کتێب: Frames of Mind: The Theory of Multiple Intelligences (تیۆری زیرەکییە فرەجۆرەکان).

گرنگی: بۆ تێگەیشتن لەوەی کە زیرەکی تەنها نمرەی قوتابخانە نییە.

٢. مالکۆم گلادوێل (Malcolm Gladwell)

کتێب: Outliers: The Story of Success (هەڵکەوتووەکان: چیرۆکی سەرکەوتن).

ساڵ و چاپ: ط١، (٢٠٠٩)، دار چیرما، دمشق (وەرگێڕانی عەرەبی).

٣. نووسەر: کێن ڕۆبنسن (Ken Robinson)

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

کتێب: The Element: How Finding Your Passion Changes Everything (توخم: چۆن دۆزینەوەی خولیا هەموو شتێک دەگۆڕێت).

ساڵ و چاپ: ط١، (٢٠١٠)، مكتبة جرير.

٤. نووسەر: د. خەلیل مەعروف

کتێب: پەروەردەی منداڵی بەهرەمەند و داهێنەر.

شوێن: هەولێر، وەزارەتی پەروەردە.

لیستی سەرچاوە و ژێدەرە پێشنیارکراوەکان

١. نووسەر: د. ئیبراهیم فەقێ (إبراهيم الفقي)

کتێب: سحر القيادة (سیحری سەرکردایەتی) و فن وإلقاء الرائع.

گرنگی: بۆ ناسینی زمانی جەستە و هونەرەکانی وتاردان.

٢. نووسەر: گاری دێسلەر (Gary Dessler)

کتێب: Human Resource Management (بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان).

ساڵ و چاپ: ط١٥، (٢٠١٧)، Pearson Education.

٣. نووسەر: جاحز (الجاحظ)

کتێب: البيان والتبيين.

گرنگی: یەکێکە لە سەرچاوە هەرە ڕەسەنەکانی عەرەب بۆ هونەری ڕەوانبێژی و وتاردان.

٤. سەرچاوە ئاینییەکان:

تەفسیری ڕامان لە مانی قورئان، شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود.

صحيح البخاري ومسلم (بۆ فەرموودەکانی پەیوەست بە فەساحەتی زمان).

٥. نووسەر: دیل کارنیگی (Dale Carnegie)

کتێب: The Art of Public Speaking (هونەری وتاربێژی).

ساڵ و چاپ: ط١، (٢٠٠٥).

٦-کتێبی (اکتشاف میول الاطفال) - ١٩٦١/١٩٥٥.

یەکەی شەشەم: ئیسلام وەک پەیامی ڕەوشت و ئاشتی گەردونی

تەوەرەی یەکەم: فەلسەفەی بانگەواز لە قورئاندا

تەوەرەی دووەم: مەبەستە باڵاکانی شەریعەت (مقاصد الشريعة)

تەوەرەی سێیەم: پێگەی ڕەوشت لە ئیسلامدا

تەوەرەی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی بیرمەندی ئیسلامی

تەوەرەی پێنجەم: ڕەوشت و ئاداب لە ١٠٠ پرسیار و وەڵامدا (کورتە)

١. ئاداب لەگەڵ خودا و پیرۆزییەکان:

٢. ئادابە کۆمەڵایەتییەکان:

٣. ئادابی ڕۆژانە (خواردن، خەوتن، پاکوخاوێنی):

تەوەرەی شەشەم: ئیسلام و مافی کەمینەکان و لاوازەکان

ڕەوشت وئاکاری منداڵی مسوڵمان

لە سەد پرسیارو وڵامدا.

گشتگیری ئیسلام خۆی لەناوەندگیری ومیانڕەوی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

پێناسەی ڕەوشت وئەخلاق لە ئیسلامدا:

بیروباوەڕی ئیسلامی :

-پەرستشەکان:

ئادابە گشتییەکان و ڕەوشتی مامەڵەکردن :

خشتەی پوختەی ئامانجەکانی ئەم یەکەیە:

تەوەری سەرەکی

ئامانجی پەروەردەیی

سەلامکردن

بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و دڵپاکی لە ناو خەڵکدا.

ڕێزگرتن

پاراستنی شکۆی گەورەکان و مامۆستایان وەک نموونەی باڵا.

هاوڕێیەتی

هەڵبژاردنی هاوڕێی باش بۆ پاراستنی دین و ڕەوشت.

بەرپرسیارێتی

پابەندبوون بە یاساکانی هاتووچۆ و پاراستنی ژینگەی گشتی.

ئادابی میوانداری

بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جێبەجێکردنی سونەت.

یەکەی حەوتەم :

فەرهەنگی ڕەوشت و بنیاتنانی کەسایەتی :

بنیاتنانی کەسایەتی و متمانە بەخۆبوون

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

فەلسەفەی ئەخلاق: ناسینی خەسڵەتە بەرزەکان (ڕاستگۆیی، دەستپاکی، داوێنپاکی، ئازایەتی) و دوورکەوتنەوە لە دژەکانیان.

پەروەردەی هزری و دەروونی: تێگەیشتن لە چەمکی جێنشینی مرۆڤ، خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ، و گەشبینی وەک کلیلی سەرکەوتن.

قۆناغی هەرزەکاری و گەشەی مرۆیی: ڕێگاکانی دروستکردنی متمانە بەخۆبوون و ڕۆڵی خێزان لە گۆڕینی ترس بۆ بوێری.

پۆلێنکردنی خەسڵەتەکان وەک نەخشەی ڕێگا:

خەسڵەتە ئەرێنییەکان (پێویستە هەبن)

خەسڵەتە نەرێنییەکان (پێویستە لێیان دووربین)

ڕاستگۆیی و دەستپاکی

درۆزنی و خیانەت

شەرم بەخۆبوون و داوێنپاکی

بێ شەرمی و زمانپیسی

دادوەری و مەردایەتی

ستەمکاری و نامەردی

نەرمونیانی و لێبوردەیی

توندوتیژی و ڕقنەبوون

گەشبینی و متمانە بەخۆبوون

ڕەشبینی و پاشکۆیی

ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ منداڵ و هەرزەکار:

عەقڵ وبیرێکی ساغ لاشەو جەستەیەکی تەندروست بەرهەم دێنێ.

ڕوحێکی پر لە ئیمان کۆمەڵگایەکی میهرەبان بنیات دەنێ

یەکەی شەشەم: ئیسلام وەک پەیامی ڕەوشت و ئاشتی گەردونی

پێشەکی: جەوهەری ئیسلام و پەیوەندی بە ئارامیی مرۆڤەوە

ئیسلام تەنها کۆمەڵێک دروشم نییە، بەڵکو سیستەمێکی گشتگیرە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ. مانا گەردوونییەکەی بریتییە لە ڕادەستبوون و ملکەچی بۆ فەرمانی پەروەردگار. ئەم ڕادەستبوونە سەرچاوەی سەرەکیی "ئەمن و ئاسایش" و "ئۆقرەگرتنی دەروونی"یە.

تەوەرەی یەکەم: فەلسەفەی بانگەواز لە قورئاندا

لە قورئانی پیرۆزدا، جیاوازییەکی ورد لە نێوان دوو دەستەواژەی سەرەکیدا هەیە:

یا أیها الذین آمنوا: بانگەوازێکە بۆ پاراستنی ئاسایشی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی.

یا أیها الناس: بانگەوازێکە بۆ مەدەنییەت، شارستانییەت، و پێکەوەژیانی مرۆیی.

تەوەرەی دووەم: مەبەستە باڵاکانی شەریعەت (مقاصد الشریعة)

ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی چەند بنەمایەکی سەرەکی کە بە "پێویستییە پێنجەکان" و پاشکۆکانیان دەناسرێن:

پاراستنی دین و بیروباوەڕ.

پاراستنی ژیان و نەفس.

پاراستنی عەقڵ و هۆش.

پاراستنی سامان و دارایی.

پاراستنی نەوە، ناموس و کەرامەتی مرۆڤ.

چەسپاندنی دادوەری و ئاشتی و ژینگەپارێزی.

تەوەرەی سێیەم: پێگەی ڕەوشت لە ئیسلامدا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ڕەوشت (ئەخلاق) تەنها پاشکۆ نییە، بەڵکو جەوهەری دینە. وەک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: "نێرراوم بۆ تەواوکردنی ڕەوشتە بەرزەکان". عیبادەتەکان (نوێژ، ڕۆژوو، حەج) ئەگەر بەرەو ڕەوشتێکی جوانمان نەبەن، ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆیان ناپێکن.

تەوەرەی چوارەم: تایبەتمەندییەکانی بیرمەندی ئیسلامی

بیرمەند لە دیدی ئیسلامیدا دەبێ خاوەن ئەم سیفاتانە بێ:

شارەزای واقیع و مێژوو بێت.

دوور بێت لە دەمارگیری و چەقبەستوویی.

داهێنەر و نوێخواز بێت و تەنها لاساییکەرەوە نەبێت.

بەرژەوەندیی گشتی و کەرامەتی مرۆڤ لەسەروو هەموو شتێکەوە دابنێت.

تەوەرەی پێنجەم: ڕەوشت و ئاداب لە ١٠٠ پرسیار و وەڵامدا (کورتە)

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر ئادابە ڕۆژانەکان کە دەبێ مسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت:

١. ئاداب لەگەڵ خودا و پیرۆزییەکان:

بەرز ڕاگرتنی ناوی خودا و دوورکەوتنەوە لە سوێندی درۆ.

ڕێزگرتن لە قورئان (دەستنوێژ، بێدەنگی لەکاتی خوێندن، تێڕامان).

٢. ئادابە کۆمەڵایەتییەکان:

دایک و باوک: نزمکردنەوەی باڵی میهرەبانی و نەکردنی "ئۆف".

خێزان: سەلام کردن و هاوکاری کردن لە کاروباری ماڵەوە.

ڕێگاوبان: چاو داپۆشین، لادانی ئازار لەسەر ڕێگا، و وەڵامدانەوەی سەلام.

٣. ئادابی ڕۆژانە (خواردن، خەوتن، پاکوخاوێنی):

دەستپێکردن بە "بسم الله" و خواردن بە دەستی ڕاست.

پاراستنی پاکوخاوێنی مزگەوت و شوێنە گشتییەکان.

داواکردنی مۆڵەت (ئیستیئزان) پێش چوونە ژوورەوە بۆ ماڵان.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

تەوەرەی شەشەم: ئیسلام و مافی کەمینەکان و لاوازەکان

ڕەوشت وئاکاری منداڵی مسوڵما ن

لە سەد پرسیارو وڵامدا.

لەبەرگرنگی وهەستیاری وبایەخی ئەم ئیسلامە لەژیانی مرۆڤایەتیداوبەستنەوەی سەرفرازی دنیاودواڕۆژی مرۆڤە کان بەم ئیسلامەوە ،بۆیە هەریە ک لەقورئان وفەرمود ە بەزۆر شێوە ولەچەندین ڕووەوە ئیسلامیان خستۆتە ڕوو.

ئیسلام بەمانا گەردونیەکەی کردەوەوکرداراە وپێویستە ئەنجام بدرێ ، واتە ڕادەست بوون ومل کەچ بوون ،ئاسمان ەکان وزەوی وبێ گیان وگیانەوەرەکان هەموویان بەمل کەچی بۆ فە رمانی پەروەردگارگوتیان اتینا طائعین =بە ملکەچی هات ین و گەڕاینەوە.

هەموو بونەوەران جگە لە مرۆڤ وجن هەموو ملکەچی ئەم فەرمانەن وبەموو لێی لانادەن.

بەڵام زۆرێک لەجن ومرۆڤ کە هەڵبژاردنیا ن هەیە لەم ڕادەستبوونە یاخی دەبن.

بۆیە شەرع ودینەکان هەموویان بۆ ئەوەهاتوون تا مرۆڤ والێ بکەن کە عابد وپەرستشکاربێ و ئیمانداربێ .

ئەگەر ئیمان پەیوەندی بە ئەمن وئاس ایشەوە هەبێ ، دەبێ پێناسەکەی ئەوەبێ هەرکەس ێ ئیمان بەهەموو لقەکانیەوە جێ بەجێ بکا ئەوە لەهەمووان زیاتر پشکی هەیە لە ئەمن وئاس ا یش ودڵنیایی

وحەوانەوەوئاسودەیی لەهەموو چالاکیەکانی دەرونی وڕوحی وهزری ولاشەیی و

ماڵی و ڕۆشنبیری وزانستی وهەرچی ئەو مرۆڤڵ بەئەندامەکانی خۆی لەگەڵ پەروەردگاری ولەگەڵ خەڵک ی دە وروبەری ولەگەڵ بونەوەرانی تریش بیکا هەمووی بەشد ک دەبێ لەو حە فتاوئەوەندەبەشەی ئیمانی لێ پێک دێ وزۆرێک لەزانا یان چەند ین کتێ بیا ن لەبارەی لقەکانی ئیمان نوسیوە .

بویە هەرکاتێ دەستەواژەی یاایهاالذین امنوا هاتبێ لە قورئان ئەوە ئەو فرمانەی کەدوای ئەودەستەواژە کراوە ئەوەفرمانێکە بەشداری لە پێک هێنان یان تەواوکردن وپاراستنی ئەمن وئاسا یشی بونەوەران دەکا، خۆکە دوای ئەودەستەواژە چەند ئاکارێک قەدەغەکرابن ئەوە لەبەرئەوەیە کەئەوکردەو ەودیاردەیاساغکراوانە پێچەوانەودژایەتیان لەگەڵ پێکهاتن یان بەردەوامی وپراستنی یەکێک لە بەش ولقەکا نی ئیمان وئەمن وئاسایش هەیە هەربۆیە ئیماندارئەوکەسەیە کە دەوروب ەرەکەی لە فێڵ وتەڵەکە وبەدکرای دڵ ودەست وداوێن وزمانی ئەمین وپارێزراوبن .

هەروە ک هەرکاتێ د ەستەواژەی یا ایها النا س هات ئەوە ئەوە ئەو فرمانەی کەدوای ئەودەستەواژە کراوە ئەوەفرمانێکە بەشداری لە پێک هێنان یان تەواوکردن وپاراستنی ئونس وح ەوانەوەو مەدەنی بوون وشارستانی بوون لەگەڵ بونەوەران دەکا، خۆکە دوای ئەودەستەواژ ە چەند ئاکارێک قەدەغەکرابن ئەوە لەبەرئەوەیە کەئەوکردە و ەودیاردەیاساغکراوانە پێچەوانەودژایەتیان لەگەڵ پێکهاتن یان بەردەوامی وپاراستنی یەکێک لە بەش ولقەکانی ئونس وحەوانەوەوئۆقرەگرتن هەیە.

وەهەموو دەستەواژەیەک ی تر بەوشێوە واتاکا نی لێک دەدرێتەوە .

هەربۆیە لە قورئاندا لە حەفتاو پێنج شوێن دروشمی ئیمان گرێ دراوە بە کردەو ەی چا ک ، کرداری چاکیش ئەو کردار ەیە کە لەسەرڕێ وشوێنی شەرع بێ و بەتەن یا بۆ مەبەستی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار کرابێ .

کرداری چا ک هه موو له دنیاوهەم دوای مردن یش مایەی پاداشت و حەوانەوەو ئاسودەیی دڵ و د ەروون و ویژدان و جێگای ڕەزامەندی کۆمەڵگایه .

کاریگەری هەریه ک له ئیمان وعەقیدەو

بیروباوەڕ لەگەڵ عیبادەت وپەرستشەکان وڕه وشت وئاکارو سەوداوئاڵوگۆڕوگرێبەستەکان ویاساوڕێساوبنچینه فقهی وئسوڵی و سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیەکان وبنەمافەلسەفی وفکریەکان وڕۆڵیان لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیه .

-ئیسلام باڵاتر ین پە یامی نمونەییه،کاریگەری ەکانی ئەم پە یامه لەبونەەروژیاندا فراوان وگشتگیرن.

-ئیسلام له پەروەردەکردنی تاکەوە دەست پێ

دەکاوبەوتاکەپەروەردەکراوانه خێزان وکۆ مەڵگاوەوڵەتی نمونەیی پەیامدارب نیات دەنێ.

-مرۆڤ بەرلەوەی لاشەو هه ستەکان بێ ،ڕوح وگیانه،ئەوڕوحەش هۆش وئاوەزو ئاید یای هەیه،جائیسلام کەڕوحی گشت پەیامەکانه وقورئان ڕوحێکه له فرمانی پەروەردگار،بۆیه ئەم لایەنی ڕوحیه نۆژەن دەکاتەوەو لاشەش واهەموارویەروەرد ەده کاکه ڕوح وئاوەز تێیداکاریگەروخاوەن بڕیار بن لەهەموو هەڵس وکەوتەکانی مر ۆڤ لەگەڵ خۆی ودەوروبەرە کەی.

-مرۆڤایەتی بەئیسلام هەموو داخوازی وبەرژەوەندیه ڕوحی وعەقڵی ولاشەییه کانی دن یاودواڕۆژدێنەدی ، وەبونەەروجیهانیش دەگاته هاوسەنگترین بارو دۆخ و وێستگه.

-مرۆڤ بەعەقڵی ئەوپێزان ین وپەی بردن وئ ەزمونانەدەبەست ێتەوه لەئەرشیفی هزریداتاکولەخۆی ونەوەکانی بزرنەبنەوەوببنه وێستگەی بڕیاردان وئاڕاستەکردن لەئێستاوداهاتوودا.

-دین و وەحی ونەقڵ بۆ دروستکردن وپەرەدان بەعەقڵ هاتووه، پەروەەردگارچەندین ئەرشیف وکتێبی بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی وبەت ایبه تیش بۆئەوڕوح وعەقڵانەی کەشەیدای دۆزینەوەوپەی بردن وبەئەرشیف کردن وبەستنەوەو کەڵەکەکردنی ڕاستیەکانن داناوە،جیهان وگەردوون چەندین پەرتوکی کراو ەوهه مەڕەنگی پڕدیمەن وفرەشێوازودیاردەو دروستکراوی جۆر ەوجۆ رن.

هەروەهاپەرتوکه بیستراوەکانی وەحی وئیلهام واریدات وعیلمی لەدوننی، هەردوو کتێبخانەکەش بۆ ئەوەدراون به مرۆڤ ایەتی تامرۆڤەکان عاقڵ وهۆشمەندبن وپێزانینەکان یان ببوژێتەوەولەتا ریکی نەفامیدانەبن.

ئەم دووکتێبخانه نه ک هەرلەگەڵ یەکترولەگەڵ عەقڵ تێک ناگیرێن بەڵکوهەربۆئەوەدراون بەمرۆڤ تامرۆڤ بو نەوەرێکی هۆشمەندوعاقڵ

بێ-إِنَّا أَنزَلْنَاه ق رْآناً عَرَبِياً لعَّلَّ تعْقِل ونَ (يوسف 2)

بەڕاستی ئێمه ئ مم ئای ەتان ەمان داب ەزاندووه له شێوەی قورئانێکی پاراودا به زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی ئێوه لێی ت ێبگ ەن و عاقڵ بن وغافڵ وبێ ئاگان ەبن -

-ئیسلام هەموو بنەماکانی فەلسەفەی لەخۆگرتووه،چونکه ئیسلام وڵامی هەموو پرسیارەنەمرەکانی ڕوح وعەقڵ وهه ستەکان دەداتەوه وبەدیهێنەری ئەم بونەوەره بەمرۆڤ دەناسێ نێ و بوونەوەرومرۆڤ وجیهان پ ێناسەدەکاوهیچ بواروگۆشەیه ک بەن اڕۆشنی ناهێڵێتەوه، جافەلسەفه-هۆگربوونی دانایی وچاکەوجوانی -لەدروست بوون وسەر ەتای ئەم بونەوەرەوچۆنێتی نا

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

سینی چاکەوجوانی وماف وڕاستی بێ ودووركەوتنەوەبێ لەپێچەوانەکانی ،خۆدینی ش هەموو ئەمانەی بەزیادەوەلەخۆگرتووە.

-گشتگیری ئیسلام خۆی لەناوەندگیری ومیانڕەوی :

وهاوسەنگیدابین ێتەوەودووره لەلاڕێ بوون ولاپەڕگیری چونکه مرۆڤ هەرلەلاپەڕێ هەڵده دێرێ وگورگیش پەزی دابڕاولەمێگەڵ دەخوا.

ئەم میانڕەویەی ئیسلام لە هەموو بوواره کانی عەقیده،عبادەت

،ڕەوشت،یاسا بۆتا ک وبۆکۆمەڵ ڕەنگی داوە تەوە.

ئیسلام پەیامێکه کەدەیەوێ هاوسەنگی مرۆڤایەتی ڕاگرێ وهەموو ماف وئەرکەکانی پێ بناس ێنێ ونەهێڵێ مرۆڤ بکرێ به

پەرستراووخواوەندێک ونەشهێڵێ بکرێته ئا ژەڵێکی بێ عەقڵ .

-ئیمان وکردەوە لەئیسلام تێک هەڵکێشراون، بۆیە هەربنەمایەکی ئیسلام که باوەڕمان پێی هەیە دەبێ خۆمان جێ بەجێی بکەین وخۆمان وخەڵکی لەسەرپەروەردەبکەین وبەگوفتاروکردە وە بانگەوازی بۆبکەین.

-ئیسلام لایەنی چەسپاووگۆڕاوی تێداهەیە،ع ەقیدەوشەریعەت وبنەماڕەوشتیەکان ومەبەستەکان چەسپاوون ەگۆڕن، میکانیزم وهۆکاروشێوازە کان لەسەردەم وشوێنێکەوە بۆسەردەم وشوێنێکی تر دەگۆڕێن.

هیچ دروشمێک له ئیسلام دا هێندەی ئاکاروڕەوشتی جوان و شایسته بەب ایەخ نیه ،تەنانەت نوێژ و ڕۆژوو وجیهاد وحەج و زەکاتیش لەگەڵ بوونی بەدڕەوشتی هیچ سودێکی ئەوتۆ بەخاوەنەکەیان ناگەیەنن .

پێناسەی ڕەوشت وئەخلاق له ئیسلامدا:

ڕەوشت چەند بنچینەوبنەم ایەکه کەهەڵس وکه وتەکانی مرۆڤ ڕێک دەخا

،ئەم بنچ ینانه که له وەحی وەردەگیرێ و ڕێساگشتی ومەبەسته سەرەکیەکانی شەریعەتن و به دەست پێوەگرتن وپارێزرا نیان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگاتە ترۆپکەی بەختەوەری ، مەبەستەکانی شەریعەتیش لەم خاڵانەدا کورت دەبنەوە:

مەبەستەکان کلیلی نهێنی هەموو فەرمانەکان وياساغەکانی شەرعن کەلەقورئان وسونەت باسکراون، ئەوان دەی سەلمێنن دین هەموو مەبەستدارە،بەختەوەری دنیاودواڕۆژ لە جێب مجێکردنی فەرمانەکانی شەرعدایە.

مەبەستەکانیش ئەمانەن:

١-دین پا رێزی

٢-ژینپارێز ی

٣-هۆش وعەقڵ پارێزی

٤-سامان پارێز ی

٥-نەوەوناموس پارێز ی

٦-دادوەری وهاوسەنگی وێەکسانی پارێزی ودژایەتی ستەم

٧-ئاشتی و پێکەوەژیان وتعارف وئازادی بیروڕا

٨-میهرەبانی وخۆشەویستی وبەزەیی وبرایە تی

٩-ژینگەپارێزی وپیسنەکردنی دەوروبەر

١٠-تەندروستی مرۆڤ وبونەوەران.

١١-سەروەری وکەرامەتی خەڵک

١٢-بەهاوڕەوشت وباوونەریتەکا ن

١٣-زانست وڕۆشنبیر ی

١٤-ئەمن وئاسایش ودڵن یای ی

١٥-ئاوەدانکردنەوەی جیهان وهۆکارەکانی.

کەواتە ڕەوشتی مسوڵ مان گشتگیر وفراوانە و هەموو پەیامەکانی ئاسمان بۆ چاکسازی ڕەوشتی هاتوون ، بۆیەش لەفەرمودە هاتووە کەسەرو ەرمان بۆ تەواوکردنی پایەکانی ڕەوشت هاتووەوهە روافەرمویەتی ئەوکەسەی بە ڕەوشتترینتانە ئەو بە ئیمانت رینتانە وئیمانی لەهەموان کاملّترە .

-ئیمان ئەو هەست بەئاسایش کردنەیە کە ئیماندار هەستی پێدەکاولەناوڕوح ودڵ ود ەروون وعەق ڵ وهەموو ئەندامەکانیداڕەنگ دەداتەوەولەزانین وویست وکرداروگوفتاردامتمانەی تەواوی ب ەو پەروەردێنە هەیە.

-لە سەر بناغەی ئەو ئیمانەی گوتمان کەسەکە ئیسلام هەڵدەبژێرێ، ئیسلام واتە خۆڕا دەستکردن بە تەواوی ، مسوڵمان بە دڵن یاییەوە ڕادەستی بەرنامەو پەیڕەووشەرع وڕێ وشوێنی ئەودینە بووەودڵنی ایە کە گومڕانابێ و وون نابێ وهیچ دڵەڕاوکێیەکی نیەوبەئارامە، هەموو ڕوح ولاشەودڵ ودەروونی ڕادەستی دین وشەرع بووەو بە پەرستش ومونا جات وزکری ئەوخالقە پراوپڕدەبێ لە ئیمان.

-کۆمەڵگای ئیماندارێش کەلەم تاکە ئیماندارە مسوڵمانە ڕادەست بووانە بەشەریعەتی ئیسلام پێک دێ بۆیە لەهەموو بوارەکانی ئابووری وسیاسی ودەروونی ک ۆمەڵایەتی وپەروەرد ەیی وفەرە هنگی....هتد کۆمەڵگایەکی پڕلەئاس ایش وسەلامەتە.

-کەواتەهەرتاکێک یان هەرکۆمەڵگایە ک دیاردەی دوودڵی دەروونی وکرداری تاوان وقسەو کردەوەی پێچەوانەی شەریعەتی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ئیسلامی تێداهەبوو ئەوە دیارە تاکەکانی ئیما نیان لاوازە بۆیەش بەچاکی ڕادەستی دینی ئیسلام نەبوون.

هۆکاری لاوازی ئیمان ئەوەیە کەڕوح وعەقڵ وهۆش ی ئەوکەسە ئەوەندە بەڵگەی بەهێزوسەلمێنراوی دەست نەکەوتووەتا لە ئیمان وبڕوایەکەی بە بەدیهێنەری بوونەوەرهەست بەئەمن وئاسا یش بکا،هەربۆیەش دڵ ودەروون وئەندامەکانی ڕادە ستی شەرع ودینی ئەو بەدیهێنەرەش ناکا چونکەبڕوای بەبەڵێن وبڕ یارەکانی لاوازە،،لەمەوەهەست بەمتمانەی ڕوحی ود ەروونی ناکاوژیانی یەکپارچەدەبێت ە ڕەشبینی وچارەڕەشی وپەنادەباتەبەر ئاکاروگوفتاری خراپ وحەسەد وبەدگومانی ونیازی خراپ دڵی پڕد ەکەن ودزی ودرۆزنی وکوشتن وبڕین وخۆکوشتن بەئەندامەکانی دەکا.

چارەسەری ئەم جۆرە کەسانەش هەر بەهێزکردنەوەوپاراوکردنی ڕوح وعەقڵیانە بەبەڵگەی سەلمێنەری بوون وبەە ێزی وتوانای بێ سنوری خالقی بوونەوەر وڕاستگۆیی بەڵێن وبڕیارەکانی ،تا بە د لّن یابیەوە دەڵی بب ێتە هێلانەی ئیمان ومتمانەوئەندامەکانی ببن ەوە جێی کرداروگوفتاری شەرع وڕادە ستی دینەکەی ببنەوە.

-کەواتەعەقیدەی ئیسلامی ئەوگرێبەستەیە کە مرۆڤی ئیماندارلەپەن ایدا دەحەوێتەوەئۆقرەد ەگرێ وهەست بەئارامی دە کالەهەموو بوارەکانی ژیان وڕادەستی فرمانەکانی شەرع دەبێ لەکرداڕە کانی وگوفتاروبڕیارەکانیدا.

عەقڵی مرۆڤی ئیماندار هەست بەئازادی وسەربەستی ومتمانەدەکاچونکە هیچ نیا زێکی بەبێ بەڵگەی زانستی پەسندنەکردوە،هیچ گفتاروکردارێکی بێ بەڵگەی نەکردوە.هەموو بنەماوڕێساکانی هەموو بوارەکانی ژیانی بەبەڵگەوەدەڕێن ولاسایی کردنەوەی کوێران ەی قبوڵ نیە ولەهەموو ئەفسانەو خورافەو دیاردەپەرستیە ک ڕزگاری بووەوبەئیمانێکی پتەودڵ وعەقڵ وبیری ڕۆشن بۆتەوە، وەحەوانەوەوبەختەوەریش تەن یالەقەڵای ئیماندادەست دەکەوێ،بۆیە ئیمان لەهەموو بەهایەک پێویستترەلەژیانی مرۆڤداوتەنیا لەئیماندا مرۆڤ وڵامی هە موو پرسیارەنەمرەکانی دەست دەکەوێ ود ەرونی ساغ ودڵی پا ک وڕوحی پاراو لاشەوعەقڵی سەلیم تەنیا لەقەڵای ئیمانداریدایە. .

-شەش پایەکانی ئیمان پەیکەرێکن هەموو بەیەکەوە بەندن،پایەی یەکەم کەباوەڕبوونە بەتاکە بەدیهێنە رێک بناغەی هەموویانە، ئیماندار کە لەپەنای هێزوتوانا وش یانی بێ سنوری ئەو پەروەردگارە حەوایەوە دە زانێ کەپێنج پایەکانی تری ئیما نیش هەر ئەو خالقە بڕ یا ری لەسەرداون وئەندازەو نەخشەی بۆداناون.

-پێویستی مرۆڤایەتی بۆ پێغەمبەران لە پێویس تیان بە هەناسەوخۆرا ک زیاترە،،چونکە ب ەبێ هەناسەوخۆرا ک مرۆڤ تەن یالەژ یانی ئەم جیهانە بێبەش دەبێ ودەمرێ بەڵام کەپەیرەوی ڕێبازی پێغەمبەران بێ دوای مردن ژیانی هەتاهەتایی پێدەرێ، بەڵام کە مرۆڤ هەناسەوخۆرا ک وخۆشترین ژیانی هەبێ ئەوتەمەنەی ژیانی زۆربەخۆشیش بژی، بەڵام کەلەسەرڕێبازی پێغەمبەران ن ەبێ لەژیانی هەمیشەیی دوای مردن بێبەش دەبێ.

کەئەستێرەوڕۆژومانگ ڕێنماییەکانی ئاسمان بن وڕوبارودەریاوشاخەکان نیشانەوڕێنمای زەوی بن پێغەمبەرانیش ڕێنم ایکاری ناوکۆمەڵگای مرۆڤایەتین.

- پێشەوامان محمد علیه السلام لەژیاندارۆڵی بێ باو ک ودایک وهەژارو وشوان وبازرگان و هاوسەروباو ک ودەوڵەم ەندو چەوساوەو سەرکردەو مامۆستاوقازی وموفتی ونوشداری د ەروونی وچاکسازی کۆمەڵایەتی وئەندازیاروعابد وزانا و س یاسەتمەدار وباپی ر و گوتاربێژ وپێش نوێژ وپەروەردەکار..... ی بینیوەو بۆهەموو ئەو تۆێژانە بەکرداروگفتار سەرمەشق وپێشەنگە.

-قورئان ئەوپەیامە خوێندراوەی پەروەردگارە کەئاسان ودەستەوستان کاروگشتگیروگوتاری هەمووسەردەمە کان وهەموشوێنەکان لەهەموجیهان ومەندەە ۆشکاری روح وعەق ڵ ودڵ وهەموو هەستەکان

،مرۆڤەکان هەرگیزلێی بێزارنابن وڕوح ودڵ وهەستیان پاراودەکاوهاوسەنگی تا ک وکۆمەڵگاڕادەگر ێ و وڵامی هەموو پرسیارەنەمرەکان وچارەی هەموو کێشە کان وڕاڤەی هەموو ئاڵۆزیەکان ودەرمانی هە موودە ردانە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

مرۆڤایەتی ڕێنمایی دەکابۆ هەموو ئەوئەرکانەی لەبەرژەوەندیانن وسودیان هەیەولەهەموو ئەوزیانانەیان دووردەخاتەوە کە زیان لەدن یاودواڕۆژیان دەدەن، دادوماف وکەرامە ت وسەرپەستی وئازادیەکان بۆمرۆڤ دپارێزێ و مرۆڤ بەخالقەکەی دەناسێن ێتەوەو بیروڕوحی بەئیمان ڕۆشن دەکاتەوەوبەڕەوشت وئاکاری جوان ئەندامەکانی دەڕازێنێتەوەودڵ ودەرونی پڕدە کالەنیازو خواست وخۆزگەی باش وجوان وڕاست ،پایەوڕێزبەمرۆڤ دەبەخشێ ومافەکانی بۆ د ەگێڕێتەوەوەهەمووژیانی هاوسەنگ دکا وڕوح ودڵ ود ەروون ولاشەی پا ک دەکاتەوە،باشترین قوتابخانەیە بۆپەروەردەی تا ک وکۆمەڵ لەهە موو بوارەکانی پەروەردە،سیاسی ،ئابوری، کۆمەڵایەتی،زانستی....هتد

قورئان مافی لاوازەکان وبێ دەسەڵاتەکان وە ک منداڵ وژنان ونەخۆشەکان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکەمینەو غەریب وقەرزدارو هەژارو کۆیلەوکەنیزەکان پێش خەڵک دەکاوئەرکەکان یان لەسەرسو ک دەکا،بۆیە نەفەقە لەسەرژن نیە،ڕجم وحەدی تەواولەسە رکۆیلەوکەنیزەی زیناکار نیە، مرۆڤ فێری چاوتێری وپا ک خۆری وخۆشەویستی ودڵپاکی وژینگەپا ڕێزی وژیان ودین پارێزی وزمان ودڵ وداوێن وده ست پاکی دەکا.

قورئان ئاوەدا نیە بۆدڵەکان وبۆماڵەکان و وئاشتیە بناغەی کاری چاکەبۆ وڵاتەکان وقەڵایە بۆ ڕەوشتە جوانەکان زان کۆیە بۆگشت زانستەکان ودادگایەبۆگشت مافەکان ونۆرینگەی گشت نەخۆشیە ڕوحی ود ەرونی ولاشەییەکانە وباشترین پرۆژەی پێکەوەژیا نی بونەوەران ومیللەتانە.

-بیروباوەڕی ئیسلامی :

-لەگەڵ زگما ک وعەقڵ وهۆش وهەست گونجاوەو پربەپێستی ڕوح ودڵ ودەروونە وبەختەوەری وهاوسەنگی د ەخاتە ناوژیانی تا ک وکۆمەڵ.

-بڕوادار بەڕەوشتترین مرۆڤە ،ئیسلام کۆگا ی ڕەوشتە بەرزەکانە.

-لەهەرشوێنێک باسی ئیمان کرابێ باسی کردەوەی چاکی بەدواداهاتووە،کەواتە ئیمان بناغەی کاری چاکە لەگەڵ مرۆڤەکان وزیندەوەرەکان وڕو ە ک ود ەوروبەروژینگە بەگشتی.

-پەرستشەکان:

ئەگەرچی زانایان پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وپەروەردگاریان ناوناوە عبادات وڕێخستنی پەیوەندی نێوان خودی مرۆڤەکانیان ناوناوە معاملات،بەڵام ز ۆرێک لەعبادەتە مەزنەکان لەوبەشەیە کە پێی دەڵێن معاملات وپەیوەندی بەڕێکخستنی نێوان مرۆڤەکانەوەهەیە،وە ک ڕەوشتە جوانەکان کە پاداشتی شەونوێژوو وڕۆژوویان هەیە وپەیوەندی خزمایەتی وپەیوەندی لەگەڵ جیران و زۆرلەوپەیوەندیانەی لە مزگەوت لەکاتی فێربوون و نوێژی بەکۆمەڵ وتەراوی ح وسەفەری حەج دروست دەبن، وەزەکات بۆ باشکردنی پەیوەندی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگایە.

وەنوێژ ڕێکخستنی ژیانی هەموو ئادەمیزادی تێدایە،وە حیکمەتی ڕۆژوو کەزۆربەی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکانی تێدایە،وەسەفەری حەجیش کە یەکترناس ین وکۆبونەوەو هەست بەیە ک بنەماڵەیی ویەکسانی وبوژانەوەی ڕوح وهزری تێدایە.

-عەقیدە وڕەوشتەکان وعبادەت ئەوەندە وێکداچوو وتێهەڵکێشن لە ئیسلامدا، کەمرۆڤ سەیری هە ریەکێکیان بک ا ئەوانی دیکەشی

تێدادەبینێ، لەع قیدەدا هەمووڕەوشت وعبادەت دەبینێ، لەڕەوشتیش هەموو عەقیدەوعبادەتی تێدا،لە عبادەتیش هەروا..

-چونکە پێغەمبەری ئیسلام علیه السلام یەکەم جار یەکەیەکەی تاکەکانی خێزانی ئیسلامی دروست کردن وپەروە ردەوئاڕاستەی کردن

وئەوتاکانەی کردە خێزان وکۆمەڵگای ئیماندار وبەوکۆمەڵگایە یەکەیەکی دەسەڵات ودەوڵەتی دروست کرد،بۆیە لەئیسلامدا ئاڕاستەکردنی تا ک و وەرشەی خێزان دایکی کۆ مەڵگایە کۆمەڵگاش دایک وسەرچاوەی دەسەڵات ودەوڵەتە، لە ئیسلامدا بریاری ڕامیاری ،ئابووری ،پەروەردە،کۆ مەڵایەتی، فەرهەنگی ،شەڕو ئاشتی، بەدەستی کۆمەڵگایە نە ک دەوڵەت ود ەسەڵات.

-کۆمەڵگا لەئیسلامدا خەریکی پەرەپێدانی ژیانی یەکترناس ین ولەگەڵ یە ک ڕاستگۆودادپاڕیزو دۆست وژینگەپاڕیزوبەب ەزەیین ،ڕێزی یەکتر وڕێزی کەمایەتیەکان دەگرن وفرەدینی وفرەنەتەوەیی وفرەڕەنگی سیمایەکی سەرەکیە ومافی هەمووان پاڕێزراوە.

-لەکۆمەڵگای ئیسلامی چینە لاوازو بێ هێزە کان پاسا ویان بۆدەهێنرێتەوەومافیان زۆرترونەرکیان کەمترە

لەچینەدەسەڵاتداروبەهێزەکان،ئەرکی منالّ وژنان وهەژاران ونەخۆشان وکەمەنەتەوەکان زۆرکەمە و مافیان لەوانی ترزیاتر ڕەچاودەکرێ.

-لەکۆمەڵگای ئیسلامی سەربەستی ئاینزاو مەزهەبەکان وپاراستنی ئازادی بیروڕا پێگۆڕی نیە وهەردەبێ هەبێ،چونکە پێچەوانەکەی بر یتیە لەستەم وخۆسەپاندن وتاکڕەوی ودکتاتۆریەت کەئەمانەش لەئیسلامدا یاساغ وحەرامن.

بۆیە هەموو ئاین ومەزهەبەکان پەرستگاودادگاوفێرگەوزمان وکلتوروگەڕە ک وبازاڕی تا ییەت وجل وبەرگی تایەت وجەژن

وبۆنەکۆمەڵایەتیەکا نیان لەهەزاران ساڵەوە پاڕێزراوە، بەڵام ئەوروپیەکان کاتێ کیشوەرەکانی ئەمریکاوئوسترالی ایان د ۆزیەوە سەدان ملیۆن کەسیان جینۆسایدکرد وئێستانەکەمینە ونە پەرستگاو نەبیروباوەڕو ودین ونەدروشمە ئاینی ونەتەوەییەکا نیان نەماوەوزمان وجل وبەر گ و وکەلتوریان ڕیشەکێش کراوە.

-هەرچی مسوڵمانان لەبارەی شیکردنەوەو ڕاڤەی قورئان وسونەت وگەردون وبونەوەران وجیهان وپێکهاتەکان ی ودیاردەکان وواقیع وڕوداوەکانی مێژوو وئێستاودواڕۆژی خۆیان وشارستا نیەکانی تریش گوتویانەونو سیویانە پێی دەگوترێ فکری ئیسلامی، ئەم فکری ئیسلامیە هەمووی قابیلی ڕەتکردنەوەوقبوڵ کردنەو بەشێک نیە لەدین وپیرۆزنیە.

-بیرمەندی ئیسلامی دەبێ خۆی وخالقی بونەوەرو دینەکەی ودەوروبەروژینگەکەی وفەرهەنگ مێژووی ئوممەتەکەی وفەرهەنگ ومێژووی ئوممەتانی دیکەش شارەزابێ و واقیع وداهاتووی گەلەکەی ومرۆڤایەتیش بەڕادەیەکی باش بزانێ، تێڕوا نینی هاوسەنگی هەبێ، مرۆڤ پەروەردەرناس ودووربین بێ.

کردەو ەوگفتاری یە ک بن وبەعەقڵ بڕیاربدا وبەئارام وخەمخۆروبەخشندەوکۆمەڵایەتی وحە قناس وبەحیکمەت ولای خەڵک بەڕێزبێ .

-دووربێ لەدە مارگیری وپابەندومنهجی بێ،داهێنەرونوێخوازبێ داخراووچەقبەستونەبێ.

چارەسەری کێشەکان بکاوتە نیاخەریکی ڕەخنەگرتن نەبێ، ،خاوەنی ڕاوبۆچوونی تا ییەتی خۆی بێ وهەر وەرگرو گوێزەرەو ەولاسایی کەراوەوموقلیدنەبێ.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

بەرامبەر پارەوپۆست و ژنان ن هەزبێ، هەرلەمێژودا نەمێنێتەوەو واقیعی بێ ولەئێستاوداهاتووش شارەزابێ.

جا مادام ڕەوشت وئاکارو هەڵس وکەوت دروشمێکی ئەوەند گرنگ وپڕ بایەخە لە ئیسلامدا ، بۆیە ئەم نوسراوەم بە شێوەیەکی سادە وکورت ولەسەرشێوەی پرسیارو وڵام ڕێک خست کە پرسیار و وڵام باشتر لەبیری مرۆڤ دەچەسپێ وقورئان وفەرمودەش زۆرجار شێوازی وروژاندنی پرسیارو وڵامیان بەکار هێناوە .

لەم نوسراوە هەوڵم داوە وڵامی سەد پرسیار لە سەرئاداب وئاکار و ڕەوشت وهەڵس وکەوتەکان لەسەربابەت ودیاردە وبوارەکانی کۆن وهاوچەرخ بە پوختی بنوسم ، هیوادارم سودی هەبێ ـۆ نەوەکانی ئایندە وببێتە پاڵنەرێک تاکو بەئاکارمجوانەکان خۆیان بڕازێننەوە و هەوڵوێسن وڕەوشتە باڵاکان بکەنە چەک وقەڵغانێک و بیابان وجەنگەڵی ئەم ژیان وتەمەنەیانی بەرەو داهاتوویەکی گەش پێ ببڕن و بەڕەوشتی بەرز بەختەوەربن چونکە تەنیا گەلە بەڕەوشتەکان لەم ماراسۆنی ژیانەدا دیبەنەوەودەمێننەوەو گەل ومیللەت وکۆمەڵگای بێ ڕەوشت لە هەڵدێری بێ هودەیی و ڕەنجەڕۆیی وسەرگەردانی دا لەناودەچن ودەپوکێنەوە...

ئادابە گشتییەکان و ڕەوشتی مامەڵەکردن :

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر کۆمەڵێک تەوەری گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەدا کە بریتین لە:

ئادابە کۆمەڵایەتییەکان: (سەلامکردن، کۆڕ و کۆبوونەوە، ڕێزی گەورە و مامۆستا)

ئادابی خوێندکار: (لە خوێندنگا، لە ڕێگا و لە ماڵەوە).

مافەکانی دەوروبەر: (هاوڕێیەتی، دراوسێیەتی، میوانداری و سەردانی نەخۆش).

ئادابەکانی سەردەم: (بەکارهێنانی مۆبایل، شۆفێری و گەشتکردن).

ئادابی پیشەیی و پەروەردەیی: (ئامۆژگاری، ئەرکی دایک و باوک، ڕەوشتی کار).

خشتەی پوختەی ئامانجەکانی ئەم یەکەیە:

سودەکانی سەلام کردن چین؟ وڵام /

و1(خێروپاداشتێکی زۆرمان دەست دەکەوێ وشایانی چوونە بەهەشت دەبین کە خانوی-دار السەلامە.

2(سەلام کردن خۆشەویستی وهۆگری لەناوخەڵک بڵاودەکاتەوە.

3-خوڕەوشتی پەیامبەران وپیاوچاکانە،

.ئەوەی خۆی پێ بڕازێنێتەوەلەگەڵ ئەوانە.

4(سەلام کردن ڕق وکینە لەناوخەڵک ناهێڵێ وبەڵگەی دڵ پاکی وسینگ فراوانیە بۆیە دروشمی مرۆڤە باشەکانە.

دەبێ چۆن سەلام لەیەکتربکەین؟

وڵام /

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

1(دەبێ بچو ک سەلام لەگەورەبکا

2(دەبێ تا ک سەلام لەکۆمەڵ بکا .

3(دەبێ سوارسەلام لەپیادە وئەوەی دەڕواسەلام لەدانیشتووبکا .

4(ئەگەر لەناوخەڵک نوستووهەبوو بەدەنگێکی نزم سەلام بکا.

5-کەچوویەشوێنێک کەچۆڵ بوو سەلام بەوشێوەدەکەی (السلام علینا وعلی عباد الله الصالحین).

ئەوئادابانە چین کەدەبێ لەکۆڕوکۆبونەوەکانماندا هەبێ؟

وڵام /

1-کۆڕەکانمان بەبسم الله دەست پێ بکەین .

2-کۆڕەکانمان هیچ شتێکی حەرامی تێدانەب ێ لەخواردنوخواردنەوەوکردار.

3-هەموو ئادابەکانی وە ک سەلام کردن ودانیشتن لەشوێنی دیاری کراوو داوای مۆڵەت کردن لەکاتی جێ هێشتنی جێ بەجێ بکەین.

4(کەئامۆژگاریمان کرد هەتک بەرانەنەبێ وبۆسو ک کردنی بەرامبەرنەبێ .

دەبێ هەڵس وکەوتمان لەگەڵ کەسی لەخۆمان گەورەترچۆن بێ؟

1-دەبێ زۆر ڕێزیان بگرین .

2-لەناوپاس وشوێنی گشتی شوێنی خۆمانیا ن بۆچۆڵ کەین.

3-گاڵتەیان پێ نەکەین وهەستیان بپارێزین.

4-بە نازناوێکی بەڕێزبانگیان کەین وبە تەنهاناوی خۆیان بانگیان نەکەین.

دەبێ ئەدەبمان بەرامبەرمامۆستاکانمان چۆن بێ؟ وڵام/ 1(چونکە دین پلەی زانیانی بڵندکردوە بۆیە دەبێ مامۆستاکانمان خۆش بوێ.

2-نابێ بەپرسیاری زۆر توڕەیان بکەین ونابێ بەجوڵەوسەرپێچی کردن بێزاریان بکەین.

3-خۆ بەکەم گرتبین وفرمانەکانیان پشت گوێ نەخەین.

4-بە مامۆستا وناوی بەڕێز بانگیان بکەین.

5-بەبێ مۆڵەت خواستن نەچینەلایان وبەجلی پا ک وبۆنی خۆش لەگەڵیان دانیشین.

ئەوئادابانە چین کەدەبێ لەکاتی چوونە خوێندنگارەچاویان بکەین ؟ وڵام /

1- زوو بچینە خوێندنگاولەکاتی دەوام دوانەکەوین.

2-بەڕووی گەش سەلام لەبرادەرەکانمان بکەین ولەکاتی یاری وپشوو کەس ئازارنەدەین..

3-پا ک وخاوێنی ناوپۆلەکان وگۆڕەپان وحانوت وجێ سەرئاوو وناوەودەرەوەی خوێندنگابپارێزین.

4-بەجل وبەرگی فەرمی وبەتەواوی پێویستیەکانی خوێندن لەقەڵەم ودەفتەروکتێب وڕەوشتی ڕێک بچینەخوێندنگا وشت لە هاوڕێکانمان نەخوازین،کەخواستیشمان بیپارێزین تادەیگەڕێنینەوە.

5-لەکاتی خوێندن چوست وچالا ک وکارا وئەرێنی بین وخەواڵو و بێ ئومێدنەبین.

ئەوئادابەنەی لەکاتی هاتنەوەلە خوێندنگابۆماڵەوەچین؟

1- نابێ گوڵەکانی باخچەکەلێ بکەینەوەونابێ لقی درەختەکان بشکێنین.

2-دەبێ بەسەر شۆستەو دوورلەناوەڕاستی جادە بڕۆین ولەسەرشەقام یاری ۆگاڵتەوگەپ نەکەین.

3-لەناوپاس دا لەشوێنی خۆمان دانیشین وئازاری هاوڕێیان نەدەین وبەهۆی هاواروقیژەقیژ لەناوپاس ئازاری شوفێر ودوکانداران نەدەین.

4-لەکاتی پەڕینەوەلەجادە لەشوێنی دیاری کراووپابەند بەیاساکانی هاتوو چۆ بپەڕینەوەوسەلامەتی خۆمان وهاوڕێیانمان بپارێزین.

ئادابەکانی خوێندکارلەماڵەوە چین ؟

1-دوای هاتنە ماڵەوە جلی خوێندنگا دادەنێ وقەدیان دەکاو وجلی ترلەبەردەکا وجانتاوکتێب فڕێناداوهەڵی دەواسێ ودەم وچاوی دەشوا.

2-دوای پشوودان لەماڵەوە بەجوانی ئەرکەکانی ماڵەوەی لەخوێندنەوەونوسین ئەنجام دەدا.

3-گرنگی بە پا ک وخاوێنی وبەر گ کردنی کتێبەکانی دەدا وبزریان ناکا.

4- هەمیشە لەنوێژەکانی دوعاونزای سەرکوتن لەوانەکانی لەپەروەردگاردەکا..

بۆچی دەبێ برادەروهاوڕێی ڕەوشت بەرز هەڵ بژێرین ؟

و\1-چونکە هاوڕێ لەهەموو شتێک لەسەردین وپەیڕەوی هاوڕێکەیەتی ،بۆیە دەبێ تا لەسەرپەیڕەوی ڕاست بێ کەسانی ڕاست هەڵبژێرێ.

2-هاوڕێ بۆیەکتروە ک خشتی دیوارن،بۆیە تاهاوڕێکەت دڵ ودەروون ساغتربێ دیواری نێوانتان پتەوتردەبێ وناحەز ناتوانێ دزەبکاتە نێوانتان.

ئەوخوەبەدانە چین کە دەبێ هاوڕێکان خۆیا ن لێ بپارێزن ؟

1-گاڵتە کردن بەهاوڕێ و پێ ڕابواردنی وسوکایەتی کردن بەتواناکانی هاوڕێکەت.

2-پاشملە باسکردنی هاوڕێکەت وبوختان پێکردنی.

3-ئیرەیی بردن وحەسەد بردن بەوبەخششانەی بەهاوڕێکەت دراون لە زیرەکی،نمرە،خۆشویستنی مامۆستایان ئۆتۆمبیل،خانو،خێزان.... .

4-گومانی خراپ بردن بەهاوڕێ وخانەگومانی ولێکدانەوەی قسەوهەڵوێستەکانی لەسەرخراپترین شێوە.

5-بەجێنەگەیاندنی بەڵێن وپەیمان وبەڵێنی بەدرۆبەهاوڕێکەت.

ئەوئاکارمجوانە چین کەدەبێ هاوڕێیان خۆی پێ بڕازێننەوە بۆبەردەوامی هاوڕێیەتی یەکتر ؟

١ - خۆیان بەجوانترین ڕەوشت بڕازێننەوەتاکو ئەوانەی هۆگریان دەبن خاوەن ڕەوشتی بەرزبن ونیازیان لەهاوڕێیەتی یەکترتەنیاڕەزامەندی پەروەردگاربێ.

2- هەردەم بەڕووی گەش وقسەی خۆش ودڵ ودەروونی پا ک دیداری یەکتربکەن وبەسەلام کردن وڕێزلەیەکترگرتن وتۆقەی گەرم وگوڕ وبەتەنگ یەکەوەبوون وبەشداری یەکترلەخۆشی وناخۆشیدا .

3-هاوڕێی باش دەبێ عەیب وعاروکەم وکوڕی هاوڕێکەی داپۆشێ ولەکەم وکوڕیەکانی یەکترببورن ،چونکە کەبمانەوێ تەنیاهاوڕێی کەسانی بێ لەکەوعەیب بکەین کەسمان دەست ناکەوێ وبێ هاوڕێ دەمێنینەوە.

٤ - هەوڵ دە کەم وکوڕیەکانی هاوڕێکەت بەنەرم ونیانی ونهێنی چا ک بکەی ولەناوخەڵک باسی نەکەی ونەیکەیەمنەت بەسەریەوە.

٥ - هەرچی بۆخۆت پێت خۆش بووبۆهاوڕێکەشت پێت خۆش بێ، ڕێزی کەسایەتی بگرە وهەمیشە لەناخۆشیەکان لەپشتی بەوبەخۆشیەکانی دڵ خۆش بە وجارجارە دیاری وخەڵاتی پێ ببەخشە تاخۆشەویستیتان زیادبێ..

دراوسێی چا ک چ نەریتێکی دراوسێیەکەیان دادەپۆشن؟

1-هەر ئازارو نەریتێکی ناحەزهەبوو لای دراوسێکەمان دەبێ ئارامی لەسەربگرین ودراوسێکەمان هەتک نەکەین .

2-دەبێ تایبەتمەندیەکان ونهێنیەکانی دراوسێکەمان بپارێزین،چونکە بەهۆی زۆرنزیکی هاوسێکان نهێنی یەکتروتایبەتمەندی یەکتریان لاکەڵەکەدەبێ،بۆیەدەبێ دراوسێکان یەکترداپۆشن

تاپەروەردگاریش ئەوان داپۆشێ لەدنیاودواڕۆژ.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ئەوئادابانەی دەبنە پردی متمانەوخۆشەویست ی نێوان دراوسێکان چین ؟

1-هەردەم دەبێ دراوسێ لەساغ وسەلامەتی دراوسێکەی بپرسێ وچاکەی لەگەڵ بکا،هەروە ک سەروەرمان صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:))من كان يؤمن بالله واليوم الْخر، فليحسِن إلى جاره((؛موسلیم گێڕاویەتەوە .

2- هەردەم خواردن بۆ دراوسێکەمان بەرین، جاهەرخواردنێکی سادەش بێ،ئاوی زۆری تێبکەین تابەشی دراوسێکان بکا.

3-دەبێ بزانین دراوسێکەمان بارودۆخی چۆنە؟ تێرە یان برسیە؟ کە هەژاربوو دەبێ نانی لەگەڵ لەت بکەین، چونکە لەفەرمودەهاتووە کە ئیمانی نیە ئەوەی خۆی تێربێ ودراوسێکەی برسی بێ.

هەرواهاتووە کە:جبریل ئەوەندەی وەسیەت بەدراوسێ پێکردم تا وام زانی کەدراوسێ میرات لەدراوسێکەی دەگرێ.

4-نابێ بەهیچ شێوەیە ک دراوسێکەمان ئازاربدەین چونکە

لەفەرمودەهاتووە ئەوەی دراوسێکەی لێی ئەمین نەبێ ئەوئیمانی نیە.

5- بۆزیادکردنی خۆشەویستی دراوسێکان دیاری بۆیەکتربەن، لەخۆشی یەکتردا بەشداربن،لەناخۆشی یەکتریش بەشداربن.

ئەوئادابانەی لەسەردانی نەخۆشدارەچاویان دەکەین چین ؟

1-دوای ئەوەی زانیمان نەخۆشەودڵنیابووین سەردانی بکەین،نە ک هەربەدەنگۆی خەڵک بچین ونەخۆشیش نەب ێ.

2- کەم لەلای نەخۆش بمێنەوە،چونکە نەخۆشی مرۆڤ لاوازدەکا وسەردانی زۆردەبێ وشوێنیش تەنگ دەبێ.

3-لەوەندەی دەمێنیەوە گەشبینی وخۆشی بخەدڵی نەخۆشەوە، دوعای بۆبکە ودڵی بدەوە، ولەنزیکی دانیشە وکەبکرێ دەست بخەسەرشوێنی ئازارەکەی ودعای بۆبکەوداوای دوعای خێریشی لێ بکە.

ئەوئادابانەی لەپێشوازی میوان ڕەچاویان دەکەین چین ؟

1-بەجوانی پێشوازی لەمیوان بکەین وڕێزی بگرین وبەڕویەکی گەش بەخێرهاتنی بکەین،چونکە سەروەرمان

علیه الصلاة والسلام دەفەرموێ:))مَن كان يؤمن بالله واليوم الْخر، فليكرِم ضيفه((؛ بوخاری گێڕاویەتەوە.

2-خواردنی خۆشترلەهی خۆمان بدەین بەمیوان و لەگەڵی ڕەزیل نەبین.

3- نەهێڵین خزمەتی خۆی بکاودەبێ خاوەن ماڵ خزمەتی بکا.

4- میوان چی پێ خۆشە ئەوەی پێشکەش بکا،بەتایبەتی کەزانی چی پێ خۆشە.

وەلەگەڵ خزمەتیش قسەی خۆشی لەگەڵ بکا وبەمۆنی وبێدەنگی دانەنیشێ وەبۆماوەیەکی زۆریش بەتەنیاجێی مەهێڵە.

5-دوای کۆتایی میواندارییەکەی سونەتە تابەردەرگابەڕێ بکرێ وماڵ ئاوایی لێ بکرێ.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ئەوئادابانەی کەپێویستە میوان ڕەچاویان کا چین ؟

1-نابێ میوان خانەخوێ بێزاربکا،بۆیە میواندارى شەرعی بەسێ شەووڕۆژدیارى کراوە.

2-نابێ میوان کارێک بکا یان قسەیە ک بک ا کەخانەخوێی پێ گوناهباربێ، وەنابێ ژیانی خاووخێزانی خانەخوێ هەراسان بکا وناچاریان بکاسکاڵای لێ بکەن.

3- نابێ میوان داوای خواردن وشتێک بکا کەخانەخوێ لەتوانایدانیە بۆی دابین بکا،بەڵکوچی هەبو لەخواردن وخواردنەوە پێی ڕازی بێ.

4- واباشترە میوان زیادەڕەوی لەخواردن وخواردنەوەنەکا،وەهیچ لەخواردنەکە هەڵ نەگرێ لەگەڵ خۆی مەگەر خاوەن ماڵ داوای لێ بکا.

5- بە ڕەوشتی میواندارى پابەندبێ وچاو لەحەرام نەکاو وونەبێتە داردەستی پیاوخراپ ودزان لەوماڵە بەناوی میوانی.

ئەوئادابانەی پێویستە ئامۆژگاریکار ڕەچاویان بکا چین ؟

1-لەئامۆژگاریەکەی دڵسۆزبێ وتەنیا مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگاربێ،وەڕاستگۆبێ ومەبەستی شکاندن و وردەبەزاندنی بەرامبەرنەبێ. .

2-ئامۆژگاری بەنهێنی بێ ،چوکە ئامۆژگاری ئاشکرا شکاندنی کەسایەتیە بۆ ئامۆژگاری کراو.

بەڵام کەئامۆژگاریەکە بۆچینێک وکۆمەڵەخەڵکێک بوو پێوییست ناکاناوی کەس بێنێ وهەردەڵێ ئەوەبۆئەوجۆرە مرۆڤانە ئەو خراپیەدەکەن وئەوباشەناکەن ؟

3-دەبێ ئامۆژگاریکار نەرم ونیان بێ وکا ت وشوێنی ئامۆژگاری بزانێ ،وەدەبێ ئارامگربێ وبەرگەی ئازارەکانی خەڵک بگرێ، وەدەبێ ئەوەی ئامۆژگاری خەڵکی پێدەکالەخۆیداهەبێ.

ئەوئادابانەی پێویستە ئامۆژگاریکراو ڕەچاویان بکا چین ؟

1-کەسێک کەزانی پێویستی بەئامۆژگاریە چاوەڕێ نەبێ خەڵک بێ ئامۆژگاری بکا،بەڵکوخۆی بڕواوداوای ئامۆژگاریان لێ بکا ،وە ک ئەوەی کەڕاوێژبە کەسانی لێ وەشاوەدەکاوڕایان وەردەگرێ.

2-یەکسەرئامۆژگاریەکەوەردەگرێ ولەژیانید ا جێ بەجێی دەکاو لوت بەرزی ناکا.

3-پاداشتی ئامۆژگاریکار دەداتەوە بەدوعای خێر لە پاشەملەولەبەرەوڕوو سوپاسی دەکاودوعای خێری بۆدەکا.

ئەوئادابانەی پێویستە هەموو دایکێک فێری منااڵەکەیان بکا چین ؟

1-منااڵەکەت فێرکە کە هاوڕێکانی بڵێ :بەیارمەتیت،بە مۆڵەتی تۆ.وەبڵێ زۆر سوپاس

2-فێری بکەلەژیاندا وە ک چۆن بردنەوەهەیە ،دۆڕاندنیش هەیە،فێری ژیانی هاوبەشی وپێکەوەژیانی لەگەڵ کەسانی تربکە.

3-منالّەکەت فێرکە بەخشندەبێ وچاوچنۆ ک نەبێ، بادەست بەسەرهەموویاریەکان دانەگرێ وهیچ بکەس نەهێلێتەوە.

4-منالّەکەت فێربکە ولەگەڵ خۆت بیبە باپێشوازی میوانان بکاوبەخێرهاتنیان بکا.

5-منالّەکەت فێری پا ک وخاوێنی وسفرە ڕێک خستن ویارمەتی دانی خەڵک بکە.

ئەوئادابانەی پێویستە هەموو باوکێک فێری منالّەکەیان بکا چین ؟

1-دەبێ بزانێ کەنە منالّ تەنیاکۆئەندامی هەرسە ونەباوکیش تەنیاکۆگای خۆراکە،-پێویستە بزانێ کە پێویستیەکانی منالّەکەی تەنیا ئابوری نین وئەویش تەنیا گیرفان نیە.

2-منالّ چاوەڕێیە کەباو ک لەئەزمونی ژیانی پیشەوکارەجۆربەجۆرەکانی پێ بناسێنێ ومنالّ متمانەی بەوەیە کەباوکی کلیلی پیشەوکاری پێیە.

3- منالّ پێش هەموو شتێک هەست وسۆزە،بۆئەوەی منالّ کلیلی پیشەکان وئەزمونەکانی ژیانت لێ وەرگرێ پێویستە پێشدا بەبەخشینی هەستی خۆشەویستی وهاوڕێ بوون ڕێگای ئەوە خۆشکەی تاکلیلی ئەزمونی پشەوکارت لێ وەرگرێ.

4-ئەگەردایک لایەنی هەست وسۆزی منالّ تێربکا ،باو ک دەبێ لایەنی متمانە وبڕووا بوون بۆ منالّ پربکاتەوە.

5-منالّ کەلەهەموو ترسێک ڕادەکا بۆباوەشی دایکی ولەوێ هەست بەدڵنیایی دەکا،بەڵام کەدەبینێ ،باو ک پەرژینی ئەوباوەشە ئارامیەی دایکیەتی ،هەست دەکاباو ک تاکەپشتیوانە ،بۆیەکەدایک وباوکی ناکۆ ک دەبن،بەتەواوی دەڕوخێ وهەست بەبێ هێزی دەکا.

ئەوئادابانەچین کەدەبێ بۆبەکارهێنانی مۆبای ل ڕەچاوی بکەین ؟

1-دەبێ ئەم هۆکاری پەیوەندیە لەکات وشوێنی پێویست بکاربێنین وزیادەڕەوی لەبەکارهێنانیدا نەکەین، وەنابێ لەکاتی نوێژەکان وکاتی پشوودان پەیوەندی بکەین.

2-باپەیوەندیەکەمان بە سەلام کردن دەست پێ بکەین نە ک بە ئەلو.

3- خەڵکی بە موعاکسەو قسەی بەناودڵداری وببێزارکەروحەرام ئازارنەدەین، وەلە بەکارهێنانیدازۆر زیادەڕەوی نەکەین وتەنیابەپێی پێویست قسەوپەیوەندی بکەین.

4- پەیوەندی بە مۆبایل جۆرێکە لە مۆڵەت وەرگرتن،وە ک چۆن کە سێ جارلەدەرگەمان دا و ولّاممان نەدرایەوە دەبێ بگەڕێینەوە،ئاواش کە سێ جار جەڕەسی مۆایلمان بۆکەسێک کردو ولّام نەدرایەوە با ئەوڕۆژە وازی لێ بێنین بۆ ڕۆژێکی تر.

5-کاتێ چوینە مزگەوت بامۆبایل داخەین یان لەسەربێدەنگی دایبنێین تانوێژی نوێژخوێنان تێکنەدا، وەدەبێ لەدەرەوەی مزگەوتیش زەنگێک لەسەرمۆبایل دانێین کە باش بێ وگۆرانی و سەماو مۆسیقای بێ شەرمانە نەبێ.

6- وەکە مۆبایلەکە کامیرای هەبوو بابەبێ مۆڵەت وێنەودەنگی خەڵک نەگرین وبۆکاری نەشیاوبەکاری نەهێنین.

7-با مۆبایلەکانمان پربن لەشتی بەسود لە قورئان وفەرمودەوزیکرو کتێبی باش وگوتاری باش،با وێنەی بێ ئەدەب وگرتەڤیدۆوفلیمی خراپی تێدانەبن.

8-خەڵکی لەشوێنی گشتی وناوپاس ناچارمەکە گوێ لە گرتەی تۆماری مۆبایلەکەت بگرن وبێزاریان مەکە،مەگەرخۆیان داوای گوێ گرتن لەشتێکی بەسودت لێ بکەن.

9- کاتێ کەسێکی نەناسراوبەهەڵە تەلەفون دەکا با لەسەرەخۆو نەرم ونیان بین و وڵامێکی باشی بدەینەوەهەستی بریندارنەکەین.

ئەوئەدەبانەی دەبێ لەکاتی گەشت وسەفەرڕەچاویان بکەین چین ؟ وڵام /

1-سەفەروگەشتەکەمان تەنیا بەنیازی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاربێ وبۆکاری خێروشەرعی بێ.

2-مالّ ئاواییمان لەخۆشەویستانمان کردبێ وبەدزی ئەوان سەفەرمان نەکردبێ وئەم دوعایەمان بۆکردبن کەپەیامبەرمان

صلى الله عليه وسلم دەیفەرمو:): أستَودعكم الله الذي لا ی ضی عِ ودائعَه((؛تەبەرانی گێڕاویەتەوە.

3-نوێژی ئیستخارەمان کردبێ وبۆمان دەرکەوتبێ ئەم سەفەرەمان خێرە.

4-پارەی حەڵاڵ وپێداویستی سەفەرەکەمان هەبێ وئامادەبێ و شتەپێویستەکان پشت گوێ نەخەین.

5- سونەتە مرۆڤ ڕۆژانی پێنج شەمە سەفەربکا،وە سەفەر بەتەنیا نەکاوهاوڕێی هەبێ لەسەفەروەسونەتە دوعای سەفەربخوێنێ وبڵێ:))اللهم إنا نسألك في سفرنا هذا البر والتقوى، ومن العمل ما ترضى، اللهم ه وِن علينا سفرنا هذا واطوِ عَنَّا ب عدَه، اللهم أنت الصاحب في السفر، والخليفة في الأهل، اللهمَّ إنا نعوذ بك من وعثاء السفر، وكآبة المنظر، وسوء ال منقلبَ في المال والأهل((؛ موسلیم گێڕاویەتەوە.

6-لەهەرشوێنێک مایەوە ئەم دوعایە بخوێنێ:))أعوذ بكلمات الله التامَّات من ش رِ ما خلَقَ ((؛

تالە درندە وژاردار پارێزراوبێ، وەئەندامەکانی لەشتی حەرام بپارێزێ وئازاری هیچ کەس وگیانلەبەران نەداو فەرزەکان وسونەتەکانی بیرنەچن وهەرکەکاری تەواوبووبگەڕێتەوە .

ئەودوو کارەبەدچین کەدەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک نەفرەت لەخاوەنەکەی بکا ؟ وڵام /

1-پیسایی کردن لەسەر ڕێیازی هات وچۆ.

2-پیسایی کردن لە بەرسێبەروسەرکانی وشوێنی پشودانی خەڵک.

سونەتەکانی زگما ک وفیترەت چین ؟ وڵام /

1-تاشینی توکی ژێرەوە

2-نینۆ ک کردن

3-لابردنی توکی بن باڵ

4-کورتکردنەوەی سمێڵ

5-خۆسونەت کردن

ئایا دەنگ لێ وەرگرتن حەرامە؟ وڵام /

سەروەرمان صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ لەسێ ڕۆژ زیاتر مسوڵمان بۆی نیە دەنگ لەبرای مسوڵمانی وەرگرێ، باشترینیان ئەوەیە کەپێشترسەلام لەئەوی تریا بکا.

بوخاری وموسلیم گێڕاویانەتەوە.

مسوڵمان چی لە مسوڵمان حەرامە؟ وڵام /

1.-خوێنی وسەری لە مسوڵمان حەرامە کە بیکوژێ یان بریندارى کا،یان یارمەتی کەسانێک بدا کە بیکوژن یان بریندارى بکەن

2-ماڵ وسامانی مسوڵمان لەبراکەی حەرامە کە بەدزی یان بەزۆرداری وبەفێڵ وخەڵەتاندن لێی بسەنێ

3-ناموس وشەرەفی لە مسوڵمان حەرامە بوختان بۆ مسوڵمان هەڵبەستێ، یان پاشملە غەیبەت وسەرکۆنەی بکاوسوکایەتی پێ بکا.

ئەوئادابانە چین کەپێویستە شوفێری ئۆتۆمبیل ڕەچاویان بکا ؟ وڵام /

1-نابێ ئۆتۆمبیل لێخوڕێ تاتەواودڵنیانەبێ کەشوفێرێکی کارامەوسەرڕاستە،تەمەنیش بەشێکە لەوئامادەییە،مرۆڤ لەتەمەنی منداڵی ناتوانێ ئەوبەرپرسیاریە هەڵگرێ وشوفێرێکی وریاوکارامە بێ، چونکە سەرومداڵی خەڵک باجەکەی گرانە ونابێ لەپێناوی ئەوەی کەسێک فێری بوێری بێ لەشوفێری چەندکەس کەلەپارچەببێ.

2-شوفێرپێش ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی بجوڵێنێ سەیری هەموو لاکانی وڕێرەوەی بکا،نەوە ک منداڵێک یان ئاژەڵێک لەژێر یان لەپێشی بێ وئازاری پێ بگا.

3-پێش لێخورین دڵنیابێ هەموو مەرجەکانی سەلامەتی تەواون، پشتێنی سەلامەتی بەستێ ئەوجار بسم الله ی لێبکا،چونکە تاوانی لەناوبردنی ژیان زۆرگەورەیە وشەرمەزاری دواڕۆژی لەدوایە.

4-لەکاتی لێخوڕین دەبێ پابەندی هەموو ئاماژەکان وڕێکارەکانی یاسای هاتووچۆبێ، نابێ لە ڕادەی دیاریکراوزیاتر خێرابێ، نابێ لەکاتی لێخوڕین خەواڵو یان سەرخۆشی یان خەریکی مۆبایل یان دەنگی بڵندی ڕێکۆردەر یان یاریکردن لەگەڵ سەرنشینەکان بێ.

ئەوئادابانە چین کەپێویستە شوفێری پایسکیل وماتۆرسکیل ڕەچاویان بکا ؟ وڵام /

1-پێویستە شوفێری ماتۆرسکیل هەمووڕێکارە ڕوحی وشەرعیەکانی سەلامەت بن،بە پارەیەکی حەڵاڵ پایسکیلەکەی کڕیوە،بۆخراپەوئازاردانی خەڵک بەکاری نایەنێ، خەڵکی بەدەنگ ولێخوڕینەکەی بێزارناکا،بەنیازێکی چا ک ومەبەستێکی یاسایی پاسکیلەکەی بەکاردێنێ.

2-دەبێ هەموو ڕێکارەیاسایی ومانفێست ومۆڵەتەکانی تەواوبن،وەهەموو پێداویستیەکانی پاسکیلەکەی تەواوبن ،وەلەتەندروستی وبینینی خۆی دڵنیابێ وڕاپۆرتی پزیشکی ڕێی پێ بداکەئەوبۆلێخوڕینی ئەم ئامێرە شیاوە.

3-هەموو ئامادەکاریەکانی وە ک خودەی سەرو جل وبەرگی ڕەنگ زەق وکراوە تا لەهەموو ئەوشوفێرو ڕێکەرانەدیاربێ کەئەوشەقامە بەکاردێنن، یان جلی ڕەنگدەرەوە بۆشەوو فۆسفۆر لە ئامێرەکەی ببەستێ بۆشەوو کاتی تەم ومژ ،وەگڵۆپەکانی پێ بکاتا دیارب ێ.

4-لە لێخوڕین لەسەرمخۆو وریابێ،هەڵەشەنەبێ، یاری بەئامێرەکەی نەکا،سماعەوگۆرانی خەریکی نەکەن،هەمیشە حسابی ماوەی نێوان خۆی وڕەسیف وئۆتومبیلی پێش ودوای خۆی بەوردی ڕاگرێ وئاگای لەچواردەوری خۆی بێ.

ئەوئادابانە چین کەپێویستە پیشەکاران ڕەچاویان بکەن ؟ وڵام /

1- نیەتی ڕاست ودروست:دەستکەوتنی پارەی حەڵاڵ وپاراستنی کەرامەت لەناچاربوون بۆسواڵ وپاداشتی دواڕۆژ وکارەکەی بەجیهادبزانێ.

2-لە ئیشەکەی دازۆر هونەرمەندوکارامەبێ وغەش وناپاکی تێدانەکاوبەوپەڕی دڵسۆزی وتەواوی بیکا، وەبەبێ مۆڵەتی بەرپرسانی ئیش جێ نەهێڵێ تاموچەکەی حەڵاڵ بێ.

3-ئەمیندارێ لەسەر ئەوئامێروشوێن ونهێنی ئەو دائیرەوهاوپیشەکانی وتایبەتمەندیان بپارێزێ ،بەرتیل و پارەوەرنەگرێ ،لەئیشەکەی بەپێی تواناوبێ سوکایەتی فرمان بەچاکە بکاوڕێگری لەخراپەبکاوئامۆژگاری هاوپیشەکانی بکاودوعای ڕێنمایی وبەرچاوڕوونی بۆهەموان بکا.. 4- مرۆڤێکی چاوتێروبەقەناعەت بێ وچاوبرسی وحەسود وبەدگومان وسینەتەسک نەبێ ولەگەڵ خەڵک بەئارام ب ێ ودووربێ لەخۆپەرستی خۆبواردن،سەیری خوارخۆی بکاوبەبەشی خۆی ڕازی بێ..

بەناوبانگترین ئەوخەسڵەت وتایبەتمەندیە بەناوبانگانە چین کەدەبێ لە مسوڵمانی سەرڕاستداهەبن؟ وڵام /

1-ڕاستگۆیی

2-دادپەروەری

3-دەست پاکی

4-شەرم بەخۆبوون

5-بەخسندەیی

6-نەرم ونیانی

7-خۆبەکەم زانی

8-بەرگەگرتن وبەئارامی

9-ئازایەتی وبوێری ووربەبەرزی.

-ئەو ئاداب وئامانج ومەبەستانە چین کەدین بۆ پاراستن وپارێزگاری ئەوان هاتووە ؟ وەڵام/

١-دین پارێزی٢-ژینپارێزی٣-هۆش وعەقڵ پارێزی٤-سامان پارێزی٥ -نەوەوناموس پارێزی٦-دادوەری وهاوسەنگی وبەکسانی پارێزی ودژایەتی ستەم٧-ئاشتی وپێکەوەژیان وتعارف وئازادی بیروڕا٨-میهرەبانی وخۆشەویستی وبەزەیی وبرایەتی٩-ژینگەپارێزی وپیس نەکردنی دەوروبەر١٠-تەندروستی مرۆڤ وبونەوەران١١-سەروەری وکەرامەتی خەڵک١٢-پاراستنی بەهاوڕەوشت وباوونەریتەکان١٣ -زانست وڕۆشنبیری١٤-ئەمن وئاسایش ودڵنیایی١٥-ئاوەدانکردنەوەی جیهان وهۆکارەکانی.

یەکەی حەوتەم :

فەرهەنگی ڕەوشت و بنیاتنانی کەسایەتی :

بنیاتنانی کەسایەتی و متمانە بەخۆبوون

فەلسەفەی ئەخلاق: ناسینی خەسڵەتە بەرزەکان (ڕاستگۆیی، دەستپاکی، داوێنپاکی، ئازایەتی) و دوورکەوتنەوە لە دژەکانیان.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پەروەردەی هزری و دەروونی: تێگەیشتن لە چەمکی جێنشینی مرۆڤ، خۆشەویستی خودا و پێغەمبەر ﷺ، و گەشبینی وەک کلیلی سەرکەوتن.

قۆناغی هەرزەکاری و گەشەی مرۆیی: ڕێگاکانی دروستکردنی متمانە بەخۆبوون و ڕۆڵی خێزان لە گۆڕینی ترس بۆ بوێری.

پۆلێنکردنی خەسڵەتەکان وەک نەخشەی ڕێگا:

خەسڵەتە ئەرێنییەکان (پێویستە هەبن)

خەسڵەتە نەرێنییەکان (پێویستە لێیان دوور بین)

ڕاستگۆیی و دەستپاکی

درۆزنی و خیانەت

شەرم بەخۆبوون و داوێنپاکی

بێ شەرمی و زمانپیسی

دادوەری و مەردایەتی

ستەمکاری و نامەردی

نەرمونیانی و لێبوردەیی

توندوتیژی و ڕقنەبوون

گەشبینی و متمانە بەخۆبوون

ڕەشبینی و پاشکۆیی

ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ منداڵ و هەرزەکار:

عەقڵ وبیرێکی ساغ لاشەو جەستەیەکی تەندروست بەرهەم دێنێ.

ڕوحێکی پڕ لە ئیمان کۆمەڵگایەکی میهرەبان بنیات دەنێ

یەکەی حەوتەم :

فەرهەنگی ڕەوشت و بنیاتنانی کەسایەتی :

بنیاتنانی کەسایەتی و متمانە بەخۆبوون

ئایا خەسڵەتی ڕاستگۆیی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ ڕاستگۆبین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-ڕاستگۆیی نیشانەی سەرەکی و تەواوکەری ئیمانە،هەروە ک چۆن پێچەوانەودژی ڕاستگۆیی درۆزنیە کەنیشانەی مونافیق ودووڕووانە.

2-نازناوو ناونیشانی محمد علیه السلام پێش خەڵات کرانی بە پەیامبەرێتی سادق ئەمین=ڕاستگۆی دەستپا ک بوو.

ئایا خەسڵەتی ئەمینی ودەستپاکی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ ئەمین بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-سەروەرمان صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی-:)لا إیمانَ لِمَن لا أمانةَ لە=ئەوکەسەی سپاردە نەپارێزێ ئیمانی نیە، ولا دِینَ لِمَن لا عهدَ لە=ئەوەی بەڵێن وپەیمان نەپارێزێ کەسێکی دوورلەدینە(.

2-پەیامبەرمان پێش خەڵاتی پێغەمبەرایەتی ئەوەندەدەستپا ک بوو کافرەکان ڕاسپاردەکانیان لای ئەودادەنا، پێچەوانەی ئەمینداری ودەست پاکی ،ناپاکی وخیانەتکاریە.

ئایا خەسڵەتی شەرم بەخۆبوون چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ شەرممان بەخۆبێ ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-بەرزترین شەرم کردن،شەرم کردنە لەشەرمەزاری بەردەم اللە،شەرم بەخۆبوون بەشێکە لەئیمان وباڵنەرە بۆکاری خێر وقەڵغانە بۆخاوەنەکەی لەکەوتنەناوکاری خراپ.

2-لەو گوتە بەنرخانەی پەیامبەرانی پێشوو ،کەسەروەرمان پێی گەیاندوین ئەوەیە:کەشەرمت بەخۆنەبوو هەموو خراپێکت لێدەوەشێتەوە،پێچەوانەی شەرم بەخۆبوون ب ێ شەرمی وبێ ئەدەبیە.

ئایا خەسڵەتی بەخشندەیی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ بەخشندەبین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-بەخشندە نزیکە لە اللە ونزیکە لەبەهەشت وخۆشەویستی فریشتەکان ومرۆڤەکانە

2-دژی بەخشندەیی ڕەزیلی وقرچۆکیە کەدوورەلە خۆشەویستی اللە وفریشتەومرۆڤەکان.

ئایا خەسڵەتی دادوەری چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ دادوەر ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-هەرپەیامبەرێک هاتبێ فرمانی پێکراوە عادل ودادوەربێ،داوەری هۆکاری خۆشەویستی وهۆگریە لەنێوان حوکمڕان ومیللەتدا.

2-پێچەوانەی دادوەری ستەم کاری وزۆرداری ودیکتاتۆریە کەهۆی بەدبەختی دنیاودۆزەخە.

ئایا خەسڵەتی مەردایەتی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ جوانمەرد بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

1-مەردایەتی وجوامێری هەموو خەسڵەتێکی جوانە،مەردایەتی لەبەرامبەر خالق یەکلابوونەوەودڵسۆزیە لەکارەکان ونابێ خۆبەموڵکی خۆمان بزانین چونکە اللە ئێمەی کڕیوەبۆیەنابێ کاڵایەکی عەیبداربین.

2-دەبێ چۆنمان پێخۆشە کەخەڵک چا ک بێ لەگەڵمان ئێمەش لەگەڵ خەڵک وابین،هەموو خراپەیەکیان لێ لادەین،پێچەوانەی مەردایەتیش نامەردی وبێ وەفاییە.

ئایا خەسڵەتی خۆنەویستی چیەو پێچەوانەکە ی چیە؟ بۆدەبێ خۆنەویست بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-خۆنەویستی ئەوەیە مافی خۆت بدەیەخەڵکی تروخۆت بە موحتاجی ئارام بگری،ئەوەترۆپکەی بەخشندەییە.

2-بەئەم خەسڵەتە یارمەتیدەرەکان لەقورئان ستایش کراون، پێچاوانەی خۆنەویستی خۆپەرستی یە کە سەردەکێشێ بۆستەم وتاکڕەوی.

ئایا خەسڵەتی داوێن پاکی چیەو پێچەوانەکە ی چیە؟ بۆدەبێ داوێن پا ک بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام:

داوێن پاکی ئەوەیەکە دەروونی خۆت بگریەوە لە چێژ وەرگرتن لەوانەی دەروون تامەزرۆیەتی تەنیالەبەر ڕەزامەندی اللە نە ک لەبەربێ دەسەڵاتی و وبێ توانایی.

2-عیفەت ،هەر داوێن پاکی نیە، بەڵکو زما ن پاکیە لەگوتنی قسەی بێ ڕەوشتی،،وەپاراستنی چاووگوێیە لەبەدڕەوشتی، وەپاراستنی دەستەلەدزی ودەستدرێژی، وگرتنەوەی دەم وگەدەیە لە خۆراکی حەرام،، ئەوجارپاراستنی داوێنە لەزینا ،پێچەوانەی داوێن پاکی داوێن پیسی وزمان شڕی وبەدڕەوشتیە.

ئایا خەسڵەتی نەرم ونیانی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ نەرم ونیان ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

1-نەرم ونیانی ڕەوشتی پەیامبەران وپیاوچاکان وئیماندارانە،هەمیشە ئەم ڕەوشتە ئاسانکاری وخۆشەویستی وستایش بۆخاوەنەکەی دێنێ.

2- پێچەوانەی نەرم ونیانی زبری وتوند وتیژی ودڵ ڕەقی وتوڕەیی یە، کەشەیتان بەئاسانی ئەوجۆرە مرۆڤانە بەکاردێنێ

3-هەرکەسێ نەرم ونیان بێ لەگەڵ مرۆڤەکان وئاژەڵان وگیانلەبەران دیارە مرۆڤێکی میهرەبان وبەبەزەییە وهەرکسێکیش بەبەزەیی بێ پەروەردگار ڕوحمی پێدەکا.

ئایا خەسڵەتی بەرگەگرتن چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ بەرگەبگرین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-بەرگەگرتن گرتنەوەی دەروونە لەهەڵچوون، باشترین بەرگەگرتن بەرگەگرتنە لەسەرفێربوونی زانست وزانیاری ،وەباشترین چاوپۆشی ولێبوردن ،لێبوردنی دەسەڵاتدارانەیە.

2-کەسانی بەرگەگر باشتر ڕقی خۆیان دەخۆنەوەو ڕق وقینە لەدڵ ناگرن وسینەودەروون پاکن، پێچەوانەی بەرگەگرتن ،تەنگە تەسکی وڕق ئەستوری و بێ سەبریە کەهەمیشەشەیتانیان بەسەردا زاڵە.

ئایا خەسڵەتی خۆبەکەم زانین چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ خۆبەکەم بزانین ولەدژەکەی ڕاکەین ؟ وڵام/

1-خۆبەکەم زانین ئەوەیە کەلەدین ودنیا وابزانی کەکەس پێویستی بەتۆ نیە وبەبێ تۆش دین ودنیای ئەم جیهانە هیچ ی لێ کەم نابێتەوە،بەم هەستە دەرونت لوت بەرزی ناکاوخۆی پێ گەورەنابێ کەپێچەوانەی خۆبەکەم زانینە.

2-خۆبەکەم زانین وە ک ئەوئەستێرەی ئاسمانە کە خەڵک وێنەکەی لە گۆمە ئاوێکدا دەبینن لە بەردەمیان،ئەوان دڵنیان کەتۆئەستێرەی لەئاسمان،بەوەی نیەکەبەخۆبەکەم گرتن واوێنەکەت

لەناوگۆمەئاوی بەردەمیان دەبینن،بەڵام خۆبەزل زانی وە ک ئەودوکەڵەڕەشەیە کەلەسەرسەری خەڵکە بەڵام لێی بێزارن وڕقیان لێیەتی وقوڕ گ وچاوولوتیان ئازاردەدا.

ئایا خەسڵەتی ئازایەتی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ ئازابین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

ئازایەتی ئەوەیەکەهەستی ترس لەدڵ ودەروونت دانەبێ وبەرەوڕووی هەموو مەترسیە ک هەڵمەت بەری،ئازایەتی ئیماندارهەستێکی ئەرێنیە پێچەوانەکەی ترسنۆکی وبێ غیرەتیە .

هەروەها ڕقی خۆخواردنەوەو ڕام کردن ودامرکاندنەوەی ڕق وتوڕەییش بەئازایەتی دادەنرێ..

ئایا خەسڵەتی پا ک وخاوێنی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ پا ک وخاوێن بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-پەروەردگارمان پاکەوتەنیائاکاری پاکمان لێ وەردەگرێ،بۆیە کردویەتی بەئەر ک لەسەرمان کەبەلایەنی کەم هەفتانەجارێک خۆبشۆین،هەمیشە جل وبەرگمان پا ک وبەنوێژبن،ڕۆژانەپێنج جاردەستنوێژبگرین،نوێژ بەبێ پا ک وخاوێن ی ئەنجام نادرێ ودروست نیە.

2-پێچەوانەی پا ک وخاوێنی پیس وپۆخەڵیە،مرۆڤی پیس وپۆخەڵ کەس خۆشی ناوێ،هەموو لێی بێزارن، دەبێ لەگەڵ پا ک وخاوێنی پۆشا ک ولاشەو ماڵمان دڵ ودەروون ودەست وزمانیشمان پا ک بێ،چونکە مرۆڤی دەست ودڵ ودەروون پیس مرۆڤێکی درندەونەخۆشە.

ئایا خەسڵەتی چاکسازی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ چاکەکاربین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-تاکو کۆمەڵگایەکی چا ک دروست کەین،پێویستە بۆخۆمان چا ک بین،چونکە کۆمەڵگالەئێمە پێک دێ،وەتاکو بزانین کەئایا ئێمە چاکین یان نا دەبێ خۆمان ڕۆشنبیروشارەزاکەین،تاکو ئاکاروڕەوشتە چاکەکان بناسین وبزانین چۆن ئەوڕەوشتانە لەخۆماندا بڕوێنین.

2-پێچەوانەی چاکە وچاکسازی، خراپەکاری وبەدکاری

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

وگەندەڵیە،کەهەریەکەیان لەئەوی تر ناشیرینترە،دەبێ ئەو خەسڵەتە خراپانەش بناسین وبزانین کەچۆن خۆیان ل ێ دوورخەینەوە.

وە ک چۆن پێویستە بزانین کوێمان پیسە تاکوبیشۆینەوە، وەبزانین کوێمان نەخۆشە تاچارەی بکەین،بەوشێوەش دەبێ بزانین خراپەچیەوچۆن دەتوانین خۆی لێ لادەین.

ئایا خەسڵەتی میهرەبانی چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ میهرەبان بین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-چونکە پەروەردگارمان زۆر میهرەبانەو میهرەبانی ئەوهەموو جیهانی داپۆشیوە و پەیامبەرەکەشمان علیه السلام بۆهەموو جیهانیان بە ڕەحمەت نێردراوە.

2-بۆیە دەبێ بەرامبەر دایک وباو ک وکەس وکارو منااڵن وگیانەوەران زۆرمیهرەبان بین، کەسی میهرەبان زۆرخۆشەویستە، بە پێچەوانەوە کەسی دڵ ڕەق وبێ ڕەحم وبێ بەزەیی لای خەڵک ولای پەروەردگاروفریشتەکان بێزراوە.

ئایا خەسڵەتی هاوکاریکردن چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ هاوکاری یەکتر بین ولەدژەکەی ڕاکەین ؟ وڵام/

1-هاوکاری یەکێکە لەوڕەوشتەجوانانەی پێویستە خۆی پێ بڕازێنینەوە ، چونکە فەرمانی قورئانە کەلەسەر پارێزکاری وچاکەکاری هاوکاری یەکتربکەین، وەنابێ هاوکاری کەس بکەین لەسەر تاوان ودوژمنایەتی چونکە ستەمێکی گەورەیە.

2-هاوکاری لەکاری چاکە دەبێتە هۆی بەختەوەری میللەت وزووڕاپەڕاندنی پرۆژەچاکەکان بەکەمترین کات،بەمەش پەروەردگارهاوکاری ئەوانەدەکاکەهاوکاری یەکترن.

3-هەربۆیە دەبێ هاوکاری دایک وباو ک وخزم وخزمان بکەین وسەردانی نەخۆش ولێقەوماوان بکەین ودەستبار لەگەڵ یە ک بکەین.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

ئایا ڕەوشتی سوپاسگوزاری چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ سوپاس گوزاربین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-سوپاس گوزاری پەروەردگار لەگەورەترین عبادەتەکانە،بۆیە نوێژەکەمان بە سوپاسگوزاری دەست پێ بکەین،لەسەرهەموو بەهرەوبەخششێک سوپاسگوزاری پێشکەش دەکەین.

2-هەروەهاسوپاسی ئەوکەسانەدەکەین کە چاکەمان لەگەڵ دەکەن،چونکەئەوەی سوپاسی خەڵک نەکاسوپاسی اللە ش ناکا.

3-سوپاسگوزاری وشوکرانە بژێری دەبێتە هۆی زیادبوونی

بەخششەکان،پێچەوانەی شوکرانە بژێریش بەدنمەکی وناشکوربوونە کە لەنیشانەکانی بەرچاوتەنگی کەسەکەیە.

ئایا ڕەوشتی ئارامگرتن چیەو پێچەوانەکەی چیە؟ بۆدەبێ ئارامگربین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-ئارامگرتن کاری پەیامبەرە خاوەن عەزم و وڕەبەرزەکان وپیاوچاکانە، هۆکاری سەرفرازیە لەهەردوو جیهان، ئارام گرتن نیوەی ئیمان وهۆکاری پشتیوانی پەروەردگارە بۆ بەندەکانی.

2-لەجۆرەکانی ئارامگرتن ،ئارام گرتنە لەسەرکردنی چاکەوئارام لەسرنەکردنی خراپەوئارام لەنەبەزین لەبەرامبەردوژمن . 3-ئارامگرتن دەبێتەهۆی هاتنی ئاسانی وپشتهەڵکردنی زەحمەتی وپشتوانی پەروەردگار وڕەشکرانەوەی گوناهەکان وگەیشتن بەپلەی بەرزە، پێچەوانەی ئارامیش هەموو ئەم شتەگرنگانە لەدەستی مرۆڤ دەداوپێچەوانەکانی دێنێ. .

ئایا ڕەوشتی لێبورن چیەو پێچەوانەکەی چیە ؟ بۆدەبێ لێبوردەبین ولەدژەکەی ڕاکەین؟ وڵام/

1-لێبووردن وچاوپۆشی لە مافی خۆت وتۆڵە نەکردنەوە یەکێکە لەڕەوشتەبەرزەکان، پەیامبەران وپیاوچاکان هەمیشە لێبوردەبوون.

2-لێبوردن لەتۆڵەکردنەوەو چاوپۆشی لەهەژارونەدار وقەرزدار لەجۆرەکانی لێبوردنن ،پێچەوانەی لێ بووردن ،لێنەبووری وتۆڵەکردنەوەو بڕەحمیە کەهەمووخەڵک ڕقیان لێیەتی.

3-لێبوردن بەختەوەری خۆشەویستی پەروەردگارو کۆمەڵگات بۆدێنێ و دەتگەیەنێتە بەهەشتی نەبڕاوە.

منالە بەهرەدارەکان چۆن ڕەوشتی گەشبینی دەکەنەپردی گەیشتن بەبەهرەکانیان ؟ وڵام/

1.ڕەشبینی تاکەدوژمنی هیواکان وخنکێنەری خۆزگەکانە،کەواتە ڕەشبینی تورِدە لەژیانت دا.

2. باهەموو دروشمەکانی ژیانت کەدەیاننوسی یان دەیانڵێ پڕ لەئەرێنی بن ودووربەنەرێنی بوون وە ک:من سەرکەوتم، داهاتووم ڕۆشنترە،هەمیشە سەلامەت دەبم، بێگومان من چاکترینم بۆ ئەم کارە..

3 -لە کێشە ڕامەکە ، بەڵکو ئەوەندە لەکێشەکەبچۆرەپێش

تادەچیەناوکەلێنەکانی وهەموو چارەسەرەکانی دەدۆزیەوە، وامەزانە جیهانەکەی تۆئەوکەشتیەیە کەخەریکە قم دەبێ، بەڵکو دڵنیابە کەجیهانەکەی تۆبەلەمی فریاکەوتنەکەیەوڕزگاری دەبێ.

4. ساتی سەرکەوتنەکان بەگەورەببینی، ڕەشبینەکان ،دەیان سەرکەوتنیان دێتەڕێ وهەستی پێناکەن،کەچی یە ک دۆڕانێک دەبینن گەورەی دەکەن وهەموو ئاسۆیان پێ دادەپۆشن،تۆپێچەوانەکەی بکە، سات وپرۆژە سەرکەوتنەکانت بکە هەموو ژیانت ئاهەنگیان بۆبگێڕە،تێکشکانەکانت لەبیرکە..

5-لەڕاپۆرتی سەرژمێری نەریتی منالە بەهرەدارەکان هاتووەکە:

-هەمیشە سەریان بڵندەولەکاتی ئاخاوتن چاولەچاوی بەرامبەریان دەبڕن وزۆربەرگری لەخۆیان دەکەن،چونکەشانازی بەخۆیانەوە دەکەن، بەپێچەوانەی ڕەشبینەکان کەسەریان شۆڕە،سەیری بەرێیان دەکەن وقەت بەرگری لەخۆیان ناکەن چونکە ڕقیان لەخۆیانە.

-منالّانی گەشبین ئەونامەویاداشتانە بەیادگارهەڵدەگرن کە لەوڕۆژەدا پێیان خۆش بووە،وە ک بەشداریان لەژەمێکی بەکۆمەڵی نیوەڕۆ کەدوای ئەوژەمە سەرکاوتنەگەورەکە هاتووە .

-منالّە گەشبینەکان هۆگری کارزماوکەسە ئەرێنیەکانن ،بەپێچەوانەی ڕەشبینەکان کە تەنیاڕۆمان وشعروبەرهەمی عەبەسی وڕەشبینەکان دەخوێننەوە.

چۆن کەسە سەرکەوتوەکان دەناسرێنەوە؟ وڵام/

1-لە هەر پرۆژەوکارێک دابن لەپایەی پێک هێنەرەکانی کارەکەن ولەپەراوێزدا نین وهەرگیزقبوڵ ناکەن لەپەراوێزبن.

2-هەتالەناوئەوپرۆژەوکارەدابن بابەت وکەیسە هەرەهەستیارەکان ئەوان ڕایدەپەڕێنن و ڕکابەریان نیە،یان کەهەشێ لاوازەوبوێری ئەوەی نیە لەبەرامبەریان خۆی دەرخا.

3-هەرپرۆژەیە ک کە ئەوکەسانە لێی کشانەوە ئەوپرۆژە جۆرێک لەهەرەس هێنان وڕەنجەڕۆ بوون ولێک هەڵوەشان ڕووی تێ دەکاو سەردەمی زێڕینی پرۆژەکە بەسەردەچێ.

4-بەڕێوەبەرو کاربەدەستەکان هەمیشە هەوڵدەدەن دڵیان ڕاگرن و هەردەم لەبەرزبوونەوەدان وئەوپرۆژەی ئەوجۆرەکەسانەی تێدایە ئەمرۆی لەدوێنێ باشترەولە بەرهەمهێنانی بەردەوام دایە.

ئەوڕەوشتانەی کە اللە خۆشی دوێن لەقورئاندا چەندن ؟ وڵام/

شازدە جار دەستەواژی ﴿ اللّٰه یحب =اللە خۆشی دەوێ﴾ لەقورئان داهاتووە

بەم شێوەی خوارەوە:

١-﴿إِنَّ اللَّهَ يحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (بێگومان اللە چاکەکارانی خۆش دەوێ /پێنج

جار لە قورئاندا هاتووە،لەسورەتی بقرە یە ک جار و ال عمران دووجار ولەمائدە دووجار.

٢-﴿إِنَّ اللَهَ يحِبُّ الْمتقِينَ =بێگومان الله پارێزکارانی خۆشدەوێ/سێ جارلەقورئانداهاتووە، لە ال عمران جارێک ولەتوبە دووجار.

٣-﴿إِنَّ اللَهَ يحِبُّ الْمقْسِطِينَ =الله دادپەروەرانی خۆشدەوێ سێ جار لە مائدە وحجرات وممتحنە هاتووە.

٤-﴿وَالله يحِبُّ الْمطَّهِرِينَ (الله پاکژانی خۆشدەوێ /دووجار لە بقرەو وتوبەداهاتووە.

٥-)﴿إِنَّ الله يحِبُّ التوَّابِينَ : یەکجارلەبقرە هاتووە.

٦-)﴿وَ الله يحِبُّ الصَّابرِينَ (الله ئارامگرانی خۆشدەوێ.یە ک جار لە ال عمران هاتووە.

٧-(إِنَّ الله يحِبُّ الذِينَ يقاَتِلونَ فِي سَبِيلِهِ صَفاً كَأَنَهَمْ بنْيانَ مَرْصوص﴾ [الصف: 4]

یەکجارلەسورەتی سەف هاتووە کە الله جەنگاوەرانی گوێڕایەڵ وپشت هەڵنەکردوی خۆشدەوێ.

٨-﴿ان الله يحِبُّ الْمتوَكِلِينَ(یەکجارلە ال عمران هاتوە کە الله ئەوانەی خۆش دەوێ کەتەوکولیان هەربە ئەوەوبۆهەموو کارێک الله دەکەنە بریکاری خۆیان.

کەواتە ئەوڕەوشتانەی کە الله خۆشی دەوێن وپێویستە خۆمانیان پێ بڕازێنینەوە بەپلە یە ک ئیحسان وچاکەکاری،دووەم

تەقواوپارێزکاری،سێیەم دادوەری و پاشان پاکژی وئارام گری و وتەوەکول والله بە بریکارزانین وکوشتار لە پێناوی الله .

ئەوڕەوشتانەی کە الله خۆشی ناوێن لەقورئاندا چەندن ؟ وڵام/ئەویش شازدەجار لەقورئاندا هاتووە بەم شێوە:

١-﴿لاَ يحِبُّ الْكَافرِينَ / سێ جار لەبقرەو ال عمران و حەج هاتووە.

٢-﴿إِنَّ اللهَ لاَ يحِبُّ مَنْ كَا نَ مخْتاَلاً فخَورًا /سێ جار لە سورەتەکانی نیسا ولوقمان وحدید هاتووە.

٣-﴿وَ اللهَ لاَ يحِبُّ الْفسَادَ /لاَ يحِبُّ الْمفْسِدِينَ /سێ جار لە بقرەومائدە وقصص داهاتووە.

٤-﴿إِنَّ اللهَ لاَ يحِبُّ مَنْ كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا/لاَ يحِبُّ الْخَائِنِينَ (/لاَ يحِبُّ كلَّ خَوَّا ن كَفو ر (سێ جارلە نیسا وئەنفال وحج هاتووە.

٥-﴿وَ اللهَ لاَ يحِبُّ الظَّالِمِينَ :دووجارلە ال عمران هاتووە.

٦-﴿اللهَ لاَ يحِبُّ الْمعْتدِينَ /دووجارلە بقرەومائیدە هاتووە.

کەواتە ئەوخوە بەدانەی پێویستە مسوڵمان لێیان دوورکەوێتەوە بەپلەیە ک کوفروبێ باوەڕی وناشکوری وکوفربەنیعمەتەکان ،پاشان خۆبەزل زانی ولووت بەرزی وپۆزکردن بەسەرخەڵکدا ،پاشان بەدکاری وخراپەکاری وگەندەڵی،،چواردم ناپاکی وخیانەت وتاوانباری، ،پێنجەم ستەمکاری وشەشەم دەستدرێژی وسنوربەزاندن کەدەبێ مسوڵمان لم کارەبەدانە دووربێ تاپەروەردگار ڕقی لێی نەبێتەوە..

چۆن خۆمان لە بنچینەکانی دین شارەزاکەین ؟ وڵام/

1-بە فێربوون وشارەزابوون لەشەش بنچینەکانی ئیمان:ئیمان بە تەنهایی اللهَ ی هەمیشە بڵند وبەفریشتەبەڕێزەکانی وپەیام وپەرتوکەکانی کە بۆ پەیامبەرانی ناردوون وبە پەیامبەرەکانی وبەڕۆژی دوایی وبەقەزاوقەدەری خێروشەر.

2- دەبێ ئیمانمان بەهەموو ئەوهەواڵانەهەبێ کە لەقورئان وفەرمودەدا هاتوون وە ک پرسیاری دوو فریشتەی گۆڕ وچۆنێتی زیندووبوونەوەو وبەهەشت وجەهەنەم وهەموو ئەوشتەشاراوانەی لەقورئان وسونەت باسکراون.

وەفێربوون وشارەزابوون لەپێنج پایەکانی ئیسلام کە بریتین لە:شایەتمان ونوێژکردن وڕۆژووگرتن وزەکات بەخشین ووحەج کردن.

چۆن دەبێ بڕواوئیمان مان بەهێز بکەین ؟ وڵام/

1- خۆشویستنی اللە - تعالى -:

کاتێ لەوهەموو بەهرەوبەخششانە ورد دەبینە وە لەخۆرا ک وپۆشا ک وئاووهەواوژینگەو ڕوە ک ودرەخت وئاژەڵ وباڵندەودیاردەکانی وونەوەر ولەخۆمان دەپرسین کێ هەموو ئەمانەی پێ بەخشیوین؟ وەوڵامی ڕاستیش ئەوەیە کە هەموو ئەوانە اللە بەدیهێناون ،کەواتە اللە ئێمەی خۆش دەوێ،دەبێ ئێمەش خۆشمان بوێ.

2- خۆشەویستی پەیامبەری بەڕێز - صلى الله عليه وسلم -:

کاتێ لەژیانی شارەزادەبین وئەوئازایەتی وقوربانیدان وئارام گرتن وبەوەفایی وبەخشندەیی ودڵسۆزی وڕاستگۆیی ودادوەری ومیهرەبانیەی ئەو دەزانین ودەزانین ئەوهەموو مرۆڤایەتی خۆش ویستووەبۆیەدەبێ ئێمەش خۆشمان بوێ.

3- هەست بەلێپێچینەوەوچاودێری پەروەردگار بەسەرمانەوەو هەست بەلێپرسراوێتی بەرامبەر بەدیهێنەرەکەمان وپەیامبەرەکەمان ودینەکەمان و مێژووەکەمان بکەین وبەوەفابین وخۆمان لەوبنەماوئاکارانەی دینەکەمان شارەزابکەین کەحەڵاڵن تا بەکردەوەبیانکەین ولە ئاکارەیاساغەکانیش شارەزابین تاخۆیان لێ لادەین..

پەروەردەی ڕەوشتی چیە ؟ وڵام/

1-پەروەردەی ڕەوشتی کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشتی وئاکاروهەڵس وکەوت وپاڵنەری وێژدانیە،کەپێویستە منااڵن ونەوجەوانان وەری گرن وخوی پێوەبگرن هەرلەحەوت ساڵیەوە هەتادەبێتە گەنج وقۆناغەکانی تەمەنی دەبڕێ.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەم هەڵسوکەوت ئاکارانە لق وپۆپی ئیمانێک ی ڕە گ داکوتراون لەدڵ دا وهەڵس وکەوت وئاکاربەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی ئیمان وپەروەردەی دینی دروست، منالّی شەش ساڵان تۆوی ئیمانی لێ دەڕوێنرێ ،ئەوتۆوە وردەوردە ڕە گ دادەکوتێ وچەکەرەدەکاو لق وپۆپ وگەڵا وبەردەکا،ئەولق وگەڵاوبەرهەمانە ئەوڕەوشت وئاکارو کردارانەن کەلەگەنجی وپیریدا لێی دەبینین.

2-جا ئەم مرۆڤە کەگەورەبوو ،ئەوڕوشت وئاکارو ویژدانانە دەبنە بەشێک لە بوون وسروشتی ،ئەم پەروەردەزگماکیە ویژدانیە دەبێتە سەرچاوەی هەموو ڕەوشتە جوانەکان وناهێڵێ ئەومرۆڤە ڕوو لە خو وخدەوئاکارەبەد وناشیرینەکان بکا.

3-مادام بەمنالّی تۆوی درەختێکی بەرداروشیرین چێنراوە،هەرگیز ئەو ڕوەکە بەردارە نابێتە گرگوێ، نابێتە زڕ وبێ بەر،بەرەکەی تاڵ نابێ، هەربەشیرینی دەمێنێتەوە،درۆودزی وجوێن فرۆشی ودووزمانی وداوێن پیسی وئاکاری خراپ ڕەچاوناکا،هەرڕەوشتە جوانەکان لەم درەختی ئیمانە شکۆفەدەکەن..

هۆکاری فێربوونی جنێودان وزمان پیسی لای منالّان چیە ؟ وڵام/

1-پێشەنگ و ڕابەری خراپ وبەد وزمان شڕ:جائەوڕابەرە باو ک ودایک وکەسانی ماڵەوەی بن،یان لە قوتابخانە مامۆستاوسەرپەرشتەکانی بن، یان پیاوەگەورەکانی گەڕە ک ومزگەوت بن،جاکاتێ لەمانە منالّ گوێی لەجنێودەبێ ئەویش لای دەبێتەئاسایی جنێوبدا.

هەڵبەت دام ودەزگای میدیاو بازاڕو یانەکانیش یارمەتی دەرن کە دیاردەی زمان شڕی لەومناڵەداقوڵ بکەنەوە.

2-هاوڕێ وبرادەری خراپ وزمان شڕ:

ئەومناڵەی خێزان پشتگوێی دەخەن بۆمنالّی خراپ ودەم شڕی کۆڵان،ئەویش وە ک وان فێردەبێ وجنێودەداوبەنەفرەت دەکا..

بۆیە لەسەر خێزان وقوتابخانەومزگەوت پێویستە کە لەهەموو لایەکەوە ژینگەی چا ک وپا ک بۆئەومناڵە پەرەسپیە فەراهەم کەن ونەهێڵن ئەوپەڕەسپیە بە کۆمەڵێک درۆو جنێوو نەفرین ڕەش بکرێتەوە.

سەروەرمان صلی الله علیه وسلم چۆن پەروەردەمان دەکالەسەر زمان پاکی؟

وەڵام/

سەروەرمان بەچەند ڕستەیە ک زمانی گوڵمان فێردەکا کەدەفەرموێ:

1-))سباب المسلم فسوق، وقتاله کفر((=جنێودان بەمسوڵمان لاڕێ بوون ولەڕێ دەرچوونە،جەنگ وکوشتاریش لەگەڵی بێ باوەڕیە بەنیعمەتەکان.

2-(إن من أكبر الكبائر أن يلعنَ الرجل والديه) قيل: يا رسول الله، وكيف يلعن الرجل والديه؟ قال:))يسب الرجلَ فيسب أباه، ويسب أمه((=یەکێک لەگەورەترین گوناهەکان ئەوەیە کە منا ڵ دایک وباوکی بەنەفرین بکا،گوتیان جاچۆن منا ڵ دایک وباوکی بەنەفرین دەکا؟فەرموی ئەودەچێ جنێوبەدایک وباوکی خەڵک دەڵێ وبەنەفرەتیان دەکاتەوانیش جنێوبەدایک وباوکی ئەودەدەن وبەنەفرەتیان دەکەن.

ئایا چۆن پەروەردەی لایەنی فکری خۆمان بکەین ؟ وڵام /

1-بۆئەوەی ئەم لایەنە تەواوبکەین دەبێ بیناسین، پێناسەی فکر واکراوە کەگەڕانی عەقڵ وهۆشە بەدوای واتاکاندا.

2-هەژدەجار فکر لەقورئان هاتووە، لەزۆربەیان مرۆڤ هەڵدەنێ لەسەرگەڕان وسەیرکردن و دیقەت گرتن وبیرکردنەوە لە مەبەست وهۆکاری

دروست بوونی بونەوەر.

3-قورئان دوومەبەستی بۆ دروستکرانی مرۆڤ دیاری کردوە:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

یەکەم:خەلیفە بوون وجێ نشینی:

دووەم :بەندایەتی وعادەت کردن وپەرستش.

بەڵام جێنشینی کێ؟ بێگومان جێنشینی پەروەردگار، کەواتە کەمرۆڤ جێ نشینە دەبێ لەسنوری تواناکانی کاربکا بۆبەجێهێنانی ویستەکانی ئەو پەروەردگارە.

ئەی مرۆڤ جێنشینی پەروەردگار ،ئەگەر پەروەردگار بێتە زەوی،میهرەبانیەکەی هەموو شتێ دەگرێتەوە،کەواتە تۆی جێنشینیش تادەتوانی لەسنوری تواناکانت لەگەڵ خۆت وبونەوەران میهرەبان بە. پەروەردگار کە بێتە زەوی ئەوپەڕی دادگەری،مافپەروەری ،ڕاستگۆیی، چاکە خوازی،بەخشندەیی، لێ بوردەیی دەکاو ستەم ودرۆزنی وفێڵ وتەڵەکە و...لەناوەبا دەتۆی جێنشینیش لەسنوری تواناکانت دا کاربۆئەم بەهایانەبکەودژی ستەم ودرۆو دزی وگەندەڵی بە،نە ک تەواوپێچاوانەی ویستی ئەوپەروەردگارەبی کە خۆت جێنشینی ئەوی.

چۆن پەروەردەی لاشەیی خۆمان بکەین ؟ وڵام/

لاشە ئەو دەوارو وڵاخ وزیندەوەرەیە کە ڕوحی ئێمەی هەڵگرتووە،گریمان ئەولاشە ئۆتۆمبیلی ڕوحتە، ئۆتۆمبیلەکەت کە خزمەتی نەکەی ونەی پارێزی،ئەویش وە ک پێویست خزمەتت ناکاونات گەیەنێتە مەبەستەکانت. .

لەمێژەگوتویانە کە عەقڵی ساغ لە لاشەی ساغ دایە، کەلاشە تەندروست وسەلامەت نەبێ ناتوانێ هەڵگری هۆش وبیرو فکرو جیهان بینیەکی سەلامەت بێ، کەئەمانەش سەلامەت نەبوون کەواتە نەخشەڕێگای ڕوحی کە وەحی ونیگاوپەیامی پێغەمبەرانە ناگاتە جیهانی مادە وبەرجەستە .

کەواتە ئێمە سێ ناوەندمان هەیە.

-ناوەندی ڕوحی

-ناوەندی فکری وعەقڵی

-ناوەندی لاشەیی.

دەبێ هەرسێ پەیکەرەکە تەواوو سەلامەت وتەندروست بن تا مرۆڤ بتوانێ بەعەقڵ وڕوح ولاشەی مسوڵمانێکی تەواوبێ.

چۆن سەروەرمان صلی الله علیه وسلم فێرمان دەکا سودلەساتەکانیلاشەی تەندروست وەرگرین؟ وڵام/

فەرمودەکەی کە ئیبن عباس بۆی گێڕاوینەوە کە دەفەرموێ:

پێنج کات پێش پێنج کات بەهەل بزانە:

-شبابك قبل هرمك =گەنجێتیت پێش پیریت

-وصحتك قبل سقمك=ساغیت پێش نەخۆشیت

-وغناءك قبل فقرك=دەوڵەمەندیت پێش هەژاریت

-وفراغك قبل شغلك=دەستبەتاڵیت پێش خەریکبوونت.

وحیاتك قبل موتك "ژیانت پێش مردنت

لەقۆناغی لاوی وتەندروستی وزەنگینی ودەست بەتاڵی پەیکەری لاشە لەوپەڕی تەواویدایە،دەتوانێ لەوقۆناغە خزمەت بەپەروەردەی فکری وڕوحی و وەحی بکا.

باشترین هەنگاوەکانی دەستخستنی لاشەی تەندروست چین؟ وڵام/

1-هەرچی شەرع ودین حەڵاڵی کردوە لە خواردن وخواردنەوەوجل وپۆشا ک وخۆچارەکردن و..،یان بەسونەتی داناوەلە یاری وپەرەدان بەخولیاوتواناکان هەمووی بۆئەوەیە لاشەیەکی تەندروستمان دەستکەوێ.

2-هەرچی دین بەقەدەغەی داناوەلەخواردن وخواردنەوەوجل وقاپ ودەفرو وچارەسەروئاکاروکردارو ... هەمووی دیارە بۆتەندروستیمان زیانی هەیە.

3-هەڕەرستش وعبادەتێک شەرع بەحەڵاڵ وفەڕزی داناوە هەمووی لاشەمان بەهێزدەکا،وەهەرچی قەدەغەی کردوە دیارەزیانی بۆمان هەیە.

4-دین زۆر لایەنی خۆپاراستنی تێدایە لەبارەی وردەکاری لە پا ک وخاوێنی وڕۆژوو و حەرام کردنی ئاکارە خراپەکان وهاندان لەسەروەرزشی سودبەخش وە ک مەلەوانی وسوارچاکی وتیرئەندازی وڕاکردن وزۆرانبازی ... .

5-هەرڕەوشت وئەدەبێک یارمەتی لایەنی تەندروستی لاشە بدا ئیسلام ڕەچاوی کردووە.

ژیانی پەیامبەرعلیە السلام سەرمەشقمانە کە ئەوشێوە ژیان وژینگەی ئەوو ئەوپیشەوکارانەی کردونی وئەو قۆناغانەی ژیانی وئەوخۆرا ک وپەروەردانەی کردویەتی هەمووی مەبەستەولاشەی ساغ وڕەوشتی بەرز وچا ک لەوەدایە کەئێمەش بەکاریان بێنین،چونکە عەقڵ وهەست ولایەنی ڕوحی تەواووسەلیم لەکامڵ ترین لاشەی مرۆڤ دایە،بۆیە خەڵاتی وەحی لەچل ساڵی داهات کە لایەنی لاشەیی وڕەوشتی وفکری وڕوحی تێداتەواوبووە،وەلەدوای ٦٠ساڵی وەفاتی کردوە چونکە لەدوای شەست ساڵی مرۆڤ توشی وەستانی گەشەی لاشەو تواناکان ولەبیرچوونەوە دەبێ .

بنەماکانی فکر وهزرێکی سەلیم لای پێشەوامان صلی الله علیه وسلم چۆنن ؟ وڵام/

پەیامبەری مامۆستامان صلىَّ الله علیه وسلمَ ڕۆژێک عبدالله ئامۆزای کەمندالێکی دوازدەساڵان بوو لەدوای خۆی سوارکردبوولەسەر ئەم ئادابە هزریانە ئاڕاستەی کردو عبدالله ش بۆهەموو ئوممەتەکەی ئەم وانەی گێڕاوەتەوە کەپێی فەرموو:

كنت خلفَ رسولِ اللهِ صلىَّ الله علیه وسلمَ يومًا قال يا غلا م ، إني أعلِمك كلما ت : احفَظِ اللهَ يحفَظْك ، احفَظِ اللهَ تجِدْه تجاهَك ، إذا سألتَ فاسألِ اللهَ ، وإذا استعنْتَ فاستعِنْ باللهِ ، واعلمْ أنَّ الأمةَ لو اجتمعتْ على أن ينفعوك بشي ء ، لم ينفعوك إلا

بشي ء قد كتبه الله لك ، وإنِ اجتمعوا على أن يضرُّوك بشي ء لم يضروك إلا بشي ء قد كتبه الله عليك ،) رفعِتِ الأقلا م وجَفتِ الصُّحفَ))

واتە :

ئەی کوڕە لاو من چەند ووشەیەکت فێردەکەم،تۆاللە بپارێزەوهەردەم لەیادت بێ وسنوری دینەکەی مەشکێنە وفرمانەکانی جێبەجێ بکە جائەویش دەتپارێزێ لەهەموو بەڵاوناخۆشیەک،کەتۆئادابەکانی دینی اللە بپارێزی لەسەرئاڕاستەی خۆت بەهاناتەوەدێ، ئەگەرداواوپرسیاری هەرشتێکت کرد،بەتەنیا لە اللە داوای بکە،ئەگەرداوای هاناوپەناگرتنت کرد تەنیالە اللە داوای بکە،وەبزانە ئەگەرهەموو مرۆڤایەتی کۆببنەوە لەسەرئەوەی کەسود وقازانجێکت پێ بگەیەنن سودیان ناب ێ بۆت مەگەربەوئەندازەی کە اللە بۆتی نوسیوە ،

خۆ ئەگەرهەموو مرۆڤایەتی کۆببنەوە لەسەرئەوەی کە زەرەروزیانێکت پێ بگەیەنن زیانیان نابێ بۆت مەگەربەوئەندازەی کە اللە لەسەرتۆی نوسیوە ،قەڵەمەکان هەڵگیراونەوەو پەڕەنوسراوەکان مەرەکەبەکەیان ووشک بۆتەوەو تازەئەوچارەنوسە بە کەس ناگۆڕدرێ.

لەم فەرمودە پێشەوامان علیە السلام فێرمان دەکا خەفەت بۆ شتەلەدەست چووەکانی ڕابردوومان نەخۆین لە وپێشهاتەکانی داهاتووش نەترسین، لە کەمی بژێوی وسەختی گوزەران ونەخۆشی وکورت ودرێژی تەمەنی خۆمان وخۆشەویستانمان نەترسین چونکەهەمووی دیاری کراوەونەپێش دەکەوێ ونەپاش دەکەوێ،هەروەها خۆمان بە چاودێری وخەفەت خواردن بەبوونی دوژمن خەریک نەکەین وبە هاتنی کارەساتیش بەسەردوژمن دا تووشی خودپەسندی نەبین، هەموو ئەوانە دیاری کراون

کەباوەڕمان بەوبنەمایانە هێنائازاوبوێرونەترس دەبین..

چۆن خۆمان لای کۆمەڵگا خۆشەویست بکەین؟ وڵام/

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

1- تاکوخۆشەویست بین لای خەڵک دەبێ ڕێ وشوێنی خۆشەویستترین کەس لای خەڵک پەیڕەوبکەین کە پەیامبەران وپێشەنگە چاکەکانن.

2- کاتەکانمان بەفیڕۆنەدەین وهەموویان بەکردنی باشترین ڕەوشتەکان پڕبکەینەوە لەخوێندن وەفێربوون وکاری باش ویارمەتی خەڵک وهاوکاری خاوەن پێداویستی نایبەت.

3-هەردەم زمان پا ک وڕاشکاووڕاستگۆبین وڕاستگۆیی وڕاشکاوی ببێتە نیشانەوناوبانگمان وپێوەی بناسرێینەوە.

4- خوێندن وقوتابخانە بە پیرۆز بزانین وڕێزی مامۆستا

وقوتابخانەزۆربگرین،واتە بۆ دەستکەوتی دنیاودامەزران ومووچەخۆری نەخوێنین بەڵکولەبەرپیرۆزی وبەڕێزی وگرنگی خوێندن وزانست بخوێنین.

5-ڕێزی بەتەمەنەکان وگەورەکان بگرین وزۆرلەگەڵیان میهرەبان بین وسودلەئەزموون وئامۆژگاریەکانیان ببینین وزۆرگرنگیان پێ بدەین. .

چۆن بتوانین هەستی بڕوابەخۆبوون ومتمانەبەخۆمان لەدەروونماندا پەرەپێ بدەین ؟ وڵام/

1-چونکە منداڵەکان کۆمەڵگەی داهاتوون،بۆیە دەبێ دایک وباو کومامۆستا زۆرشانازی بەوەبکەن کەمنداڵ لەتەمەنی هەرزەکاری دا زۆر سەربەخۆیانە ڕفتاردەکا، گەورەکان دەڵێن: منداڵەکەمان بڕیاروقسەی زۆرلەخۆی گەورەترەدەکاودادوبێدادیانە لەدەستی هەرزەکارلەوقۆناغە، دەڵێن زۆرعینادەوسەرەڕۆیە.

2-بەڵام لەڕاستیدائەم هەست وئاڕاستەی کەلای هەرزەکارلەنکاوپەیادەبێ منداڵەشەرمن وگرینۆک وترسنۆکەکە ی کەلەپشت دایک وباوکی خۆی دەشاردەوە لەتەمەنی پێش هەرزەکاری دەردەهێنێ ودەیکاتە کەسایەتێکی لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوو پشت بەخۆبەستوو متمانەبەخۆبوو.

3-بۆیە گەورەکان نابێ بەم دیاردە بێزاربن ،چونکە ئەوە لاوەکەیان لە ترسنۆکی وشەرمنی وەدەستەوستانی ودووڵی ودڵەڕاوکێ نەجات دەدا ، بۆهەمووکارێکی عیزەتی دروونی وای لێ دەکا پشت بەخۆی ببەستێ، ئەم هەستەزۆرپێویستەلەم قۆناغەدا چونکە هەرزەکاردایک وباوکی داهاتوویە

،بۆیەدەبێ هەرلەئێستاوەخۆی لەپاشکۆیی گەورەکان ڕزگارکاو کێشەکانی بۆخۆی چارەسەرکاوکەسایەتی سەربەخۆی خۆی بنیات بنێ

وبڕیارەچارەنوسسازەکانی خۆی بیداو سەروەری وکەرامەت وکەسایەتی جیاکراوەی هەبێ.

4-بەڵام ئەو هەرزەکارانەی کە ئەم هەستەیا ن تێدا دەرناکەوێ وهەربەشەرمنی وترسنۆکی لەسێبەری خۆشیان ڕادەکەن ،ئەوانە سروشتی نین وپێویستیان بەچارەسەرە وکەوابمێننەوەدەبنە بار بەسەر کەس وکاریان وکۆمەڵگاکەیان.

نیشانە وجیاکەرەوەکانی هەرزەکاری بێ متمانەوباوەڕبەخۆنەبووچین ؟ وچۆن چارەسەردەکرێ؟ وڵام/

1-لەنیشانەکانی ئەومناڵانەی باوەڕیان بە خودی خۆیان نیە ئەمانەن:

*هەمیشە پاشکۆی کەسانی ترن ولەچا ک وخراپ پشت بەکەسانی دیکەدەبەستن.

* هەرگیزناتوانن بڕیاری خۆیان بۆخۆیان بدەن وهەردەم نەڕێنی ودووڵن.

* هەمیشە سەرگەردان وخەیاڵاوی وبێ ئاگا ن ولەبچوکترین پرۆژە ڕادەوەستن واناتوانن بچنەناویەوە،زوو تووڕەدەبن وخەمۆکی وکەنارگیرن وکۆمەڵایەتی نین.

* هەردەم ڕەشبین وبێ ئومێدن و هەست بەسەرگەردانی وکەمایەتی دەکەن،هەروادەزانن دیلن ،دەستەوستانن، هەردەم چاویان لەخەڵکی دیکەیە کاریان

بۆڕاپەڕێنن، جیاوازیان نیەلەگەڵ کەسی هەتیوو وبێ سەرپەرشت وبێ کەس، بگرەجاری وایە ئەوبێکەسانەلەوان چاکترن.

2-هۆکارەکان وئەوبارودۆخانەی کەوایکردوە کەئەو نەخۆشیە لای هەرزەکاران دەرکەوێ ئەمانەن:

١-باو ک ودایکەکان لەمنااڵیداهەمیشە پێیان گووتوە تۆ کەسێکی هیچ لەباران دانەبووی،،هیچت لەدەست نایەوبێکەڵکی، هەرگیز هانیان نەداوستایشی هیچ کارێکیان نەکرد بۆیە ئەویش باوەڕی بەوەکرد کە ئەو هیچی پێ ناکرێ..

2- منااڵەکە بەسەربەخۆیی کارێکی کرد وتیایداسەرکەوتونەبوو،گەورەکان ئەوەندە سەرکۆنەیان کرد تا وای لێهات توشی فۆبیای سەربەخۆبوون وباوەڕبەخۆبوون بێ ولە سەربەخۆیی بترسێ.

3- لە منااڵیدابەهۆی ئەوەی تاقانەبوو،یان هەمیشە نەخۆش بوو، یان دەوڵەمەند بوو، بۆیە هەرچی داوای کردبۆی کراو هەرچی پێویستی بوو گەورەکان بۆیان دابین کرد و هەرگیز وزەوتوانای خۆی بەکارنەهێنا،بۆیە ئەویش زۆرهۆگریان بوو لەئەنجامدا ئەم بێ متمانەیەی بۆدروست بوو.

نیشانە وجیاکەرەوەکانی هەرزەکاری بێ متمانەوباوەڕبەخۆنەبوو چۆن چارەسەردەکرێن؟ وڵام/

1- نەخشەوپلانێکی وای بۆدانێین کەلە پرۆژەکەیدابەتەواوی سەرکەوتووبێ وکارەکەی ئەنجام بدا بەمەش بۆی بسەلمێ کەئەوبێ توانانیە.

2- کردنی وەرزشەکان وبەرەوپێش چوون لێیان ئەو هەستە بۆ منااڵ دروست دەکەن ولەگەڵ تواناکانی منداڵانیش گونجاون، وەدەبێ گەورەکان هەردەم ستایشی بکەن وهانی بدەن و هەست بەوەبکا کارەکانی گرنگن چونکە گەورەکان هەستی پێدەکەن وبەدواداچوونیان بۆدەکەن..

3-بەهیچ شێوەیە ک لەهیچ کارێکی سەربەخۆدا سەرکۆنە نەکرێ ونەشکێنرێ وهەرچەندە کارێکی گەورەترلەتەمەنی خۆی کرد وهەندێ زیانی ماڵیش هەبوو هەرسەرکۆنە نەکرێ تالەونەخۆشیەی متمانە بەخۆنەبوونە دەربازی بێ.

4-هەرگیز هەڵەو کەم وکوڕیەکانی ڕاستەوخۆولەناوخەڵکی پێ نەڵێین، کەبەتەنیاش پێمان گووت بابەشێوەیە ک نەبێ کەوابزانێ ئەوهەڵەی کردوە،بەڵکو بەوشێوە ێ کەئەوچاکی کردوەبەڵام بائەوجارەچاکتربکابەگرتنەبەری ئەو هەنگاوانە....

نیشانەکانی منالّی متمانەبەخۆبوو چین ؟ ولّام/

1- هەمیشە سوورن لەسەرئەوەی خۆیان ئەرکی خۆیان جێ بەجێ بکەن وزۆرکەم داوای هاوکاری خەڵک دەکەن وزۆربوێرو ئازان وهەرگیز بیانووخۆبواردنیان نیە.

2-کاتێ توشی بەزین وسەرنەکەوتن هاتن لەپرۆژەیەکیان بێ ئومێدوڕەشبین نابن ودەستەوەژنۆدانانیشن وهەرزوولەنوێ دەست پێدەکەنەوەوهەتاکارەکەنەکەن وازی لێناهێنن وماندوبونی خۆیان لەبەرچاونیە وبەهەندی وەرناگرن.

3-هەرگیزهەوڵ نادەن کەبەختەوەریەکەیان لە ستایش کردنی خۆیان وپۆزلێدان وخۆبەزل زانین دابێ ،هەروەها هەرگیز سەلماندنی خۆیان لەسوکایەتی بەکەسانی تردانابیننەوەو هەڵەوکەم وکوڕیەکانیان ناخەنە ئەستۆی خەڵکی دیکە.

4-هەرگیزحەزیان بە پاشکۆبوونی خەڵکانی دیکە نیە، کە سەربەخۆییان پێ بدرێ زیان بەخۆیان ناگەیەنن وسەرەڕۆنین، کەسایەتی خۆیان وە ک خۆی قبوڵە ودژایەتی ناکەن لەگەڵ خۆیان، هەرگیزلەهیچ بەڕپرسیاریە ک ڕاناکەن کەبەسەرشانیان دابدرێ وبەوهەوڵ وتوانای خۆیان هەوڵی ڕاپەڕاندنی دەدەن..

ئەوڕێگایانەی پەرەپێدانی مرۆیی کامانەن کە والە منالّ دەکەن کە سودلە بەهرەوتواناکانی خۆی وەرگرێ؟ ولّام/

دوازدە ڕێگاکانی پەرەدان بەتواناکانی منداڵان بۆ کەڵک وەرگرتن لەبەهرەکانیان ئەمانەن:

١-پێویستە گەورەکان سەرمەشقیان بن بۆ چاندنی گەشبینی وپەروەردەی نمونەیی ومتمانە بە خۆ بوون.

٢-نابێ لەدووبارەبوونەوەی هەڵەکانی منآڵ بێزاربین، بەڵکوبەنەرمی ئاڕاستەکرێن تادووبارەی نەکەنەوە.

٣-مەهێڵە منآڵەکات لەبازنەیەکی داخراوی دووبارەکردنەوەی بیرو کارەکۆنەکان دابخولێتەوە،بەڵکو خۆت بەخوێندنەوەوبەدواداچوون بیرۆکەی نوێی فێرکە وباتاق بکاتەوە،چونک ە هەموونوێیە ک تام وچێژێکی نوێی لەگەڵدایە.

٣-ڕێگەبدە با منآڵەکەت دەیان جار کارێک

دووبارەبکاتەوەوتیایداسەرکەوتوو نەبێ، تاکوواتێنەگا فەشەل هێنان واتە مردن وهەرەس هێنان وکۆتایی دنیانیە، بەڵکو سەرنەکەوتنیش کارێکی ئاساییە ئەمجارەناجارێکی دی، بۆیە ئەومنآڵانەی کەبەهەڕەشەوگوڕەشەولەترسی ماڵەوە زۆربەی ساڵان یەکەمن،کەساڵێک یەکەم نەبوون یان خۆدەکوژن،یان خۆیان ئازاردەدەن،یان توشی نەخۆشی دەروونی دەبن.

٤-ئومێد وکۆڵنەدان ودووبارە تێهەڵچوونەوە فێری منآڵ بکەن، ئەگەر منآڵ لەکەوتن بترسێ هەرگیز فێری ڕۆیشتن نابێ، بۆیە زۆرهانی بدە دوای کەوتن وزۆرستایشی منآڵ بکە دوای دووبارەهەستانەوەباوانەزانێ تۆبۆیە خۆشت وێستوە چونکە هەمیشە سەرکوتووبووە،کەجارێک کەوت ئیدی خۆشت ناوێ.

٥-با یارمەتی منآڵەکانمان بدەین کەخولیاکان ی خۆیان وبەهرەمەندی خۆیان وەدۆزن، دۆزینەوەی تایبەتمەندیەکانیان متمانەیان بەخۆیان پتەودەکا..

٦-بابینە هاوڕێی منآڵەکەمان پێکەوە هەمووئامانجە گەورەوبچوکەکان دیاری بکەین،ئەوجارهانیان بدەین لەسەر بەکردارکردن وگەیشتن بەوئامانجانە

، بەڵام کەئامانجەکان دیاری نەکرێن ،ڕاپەڕاندنی کارەکان پاڵنەری نیەو زەحمەتە،ئامانج دیاری کردن هاندەرە،بەڵام نەگەیشتن بەوامانجەش مردن نیە. .

٧-لەبەرامبەر ئەوهەوڵەی منااڵەکانت داویانە لەبچوکیان یان لەهەرزەکاریان وئەوئامانجەی بەدەستیان هێناوە،باکەمتریش بێ لەوەی چاوەڕێت دەکرد،لەگەڵیان ئاهەنگ وخۆشی دەربڕەوپیرۆزباییان لێ بکە وبڵێ من شانازیتان پێوەدەکەم ،نە ک سەرکۆنەیان بکەی و پشت گویان بخەی.

٨-چەندئەرکێک بەمنااڵەکانت بسپێرە، پێشت وابێ کەئەوان سەرکەوتوودەبن لەڕاپەڕاندنیدا، دڵنیایی تۆبەتواناکانیان شک وگومانی خۆیان لەتواناکانیان دەڕەوێنێتەوە،هەر ئەرکەپێ سپاردنەکەت دڵ خۆشیان دەکا،بائەرکەکانت هەمەڕەنگ بن، لەوەرزش وکاری ناوماڵ وئەرکی قوتابخانە وچالاکی هونەری وئەدەبی..

٩-کەم وکوڕیەکانیان لەباوەش بگرەومەڵێ کە هیچ هەڵەیەکتان نەبێ ئەوجار لەباوەشتان دەگرم .

ئێمە دەزانین کەمال وتەواوی ڕەها تەنابۆ اللە یە، وەدەبێ خۆمان ومنااڵن تێ بگەیەنین کە ئەو تەواوی وکەمالەی لە ڕاگەیاندن باس دەکرێ مەرج نیە تەواوی بێ وبەختەوەری بێنێ.

هەرگیز منااڵن واپەروەردە مەکە کەئێمە لەبەرئەوەی لەپلەوپایەی فاڵن کەس دانین بۆیە نابێ چاوڵەوان بکەین. .

١٠-منااڵن ئامادەکەبۆسەرکەوتن،بەڵام سەرکەوتنێکیان لێ داوامەکە کە بەرگەی نەگرن، هانیانده لەسەربەشداری لە چالاکیەکان ،بەڵام مەڵێ دەبێ ئەوچالاکیە بکەی وەوپلە بەدەست بێنی.

١١-لەهەموو کاتێدا خۆشەویستی خۆتیان بۆ دەربڕە، تێیان بگەیەنە ، کەلەکاتی سەرکەوتن وسەرنەکەوتنیش خۆشت دەوێن.

١٢-بامنااڵەکەت وابزانێ کەتۆ پێت وایە منااڵەکەت هەمیشە تۆی پێ باشە، هەمیشە تۆ کاریزمای ژیانی ئەوی وشانازی ت پێوەدەکا، بابنەماڵەکەی خۆی لە بنەماڵەکانی دیکە پێ کەمتر نەبێ..

یەکەی حەوتەم تەواوبوو

.—

سەرچاوە وژێدەرەکانی یەکەی حەوتەم

یەکەی هەشتەم :

چۆنێتی پەروەردەوفێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

گرنگترین جۆرەکانی منالّانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

1- ئۆتیزم- التوحّد:

2- نەخۆشی متلازمة داون:

3- نەخۆشی پەککەوتەی لاشەیی و

جۆرەکانی:

شێوازەکانی پەروەردەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەگشتی:

زاراوەهاوماناکانی پێداویستی تایبەت:

پاشکەوتنی عەقڵی التخلف العقلي،نەخۆشی عەقڵی- والمرض العقلي:

سەرچاوەکانی یەکەی هەشتەم :

—

پەروەردەوفێرکردنی تایبەت Special education)کۆمەڵە بەرنامەیەکی پەروەردەییە کەتایبەتە بەکەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەمەبەستی یارمەتی دانیان بۆ پەرەدان بەتواناکانیان .

ئەم کارە پلانێکی تۆکمەی پەیڕەوی وچاودێری بەردەوام وشێوازی وانەوتنەوەی پێویستە،

وەگونجاندنی ئامڕاز ودەزگاوئامادەکاری دەوێ،

وەهەر ئامڕازوشێوازێکی دیکە کە یارمەتی فێربوون وپەروەردەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدا لە خوێندنگاولەناوکۆمەڵگاو وابکا لەسەرپێی خۆیان ڕاوەستن، بێگومان لەناو ئەو توێژەش جیاوازی بەهرەوتواناهەیە،بەهرەمەندی نمونەیی وهۆش وبیرو هەڵس وکەوت شێواویش هەیە،هەیە لەلاشە ناکامەوهەشە لەگەشەی بیروهۆش دا.

لەگەڵ ئەم توێژە دەبێ سودلەشێوەجیاجیاکانی فێرکردن وبەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوبەکارهێنانی ئامێروماڵی زیرەک وئامادەکراوبەتەکنەلۆژیا ی تایبەت وەربگیرێ.

لەوانەیە هێندەی ژمارەی خوێندکاران پێوێست بە هۆکاروشێوازی جیاوازی پەروەردەوفێرکردنیش هەبێ، چونکە فێرکردنی ئەم چینە تەنیا فێرکردن نیە بەڵکو هەرخودی فێرکردنەکە بەشێکە لەچارەسەر وهەوڵێکە بۆکەم کردنەوەی ئو ناکامیەی کەئەو کەسە پێوەی گیرۆدەیە بە پێی توانا.

جاری وایە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی خاوەن پێداویستی تایبەت ،ئەویش لەکاتی شەڕو ئاوارەبوون ونەمانی یەکەی بەڕێوەبەرایەتی ودەوڵەت ودام ودەزگا کۆمەڵایەتی وپەروەردەییەکان

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

،ئەوکاتە تاکەکان بۆشاییەکی پەروەردەوفێرکردن وڕۆشنبیری وپێشکەوتنیان بۆ دروست دەبێ ،کەهەموویان وەک خاوەن پێداویستی تایبەتیان لێ دێ.

خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان مەرج نیە لەماڵەوە بناسرێن، جاری وایە خوێندنگا لەچوارچێوەی بەدواداچوونی ئەرشیفی پزیشکی قوتابی بۆی دەردەکەوێ کە قوتابیەکە یەکێکە لەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن بەڵام لەبەر نارۆشنبیری ،یان پشت گوێخرانی کۆمەڵایەتی ،،،،ئەومناڵە لەماڵەوە هەست بە حاڵی نەکراوە.

زۆرجاران بۆماوە ڕۆڵی هەیە لە گوێزرانەوەی خاوەن پێداویستی تایبەت،کەمو کوڕیەکەش یان لەناومێشکە یان لەسستی وکەم وکوڕیە لەگەشەکردن،کەم وکوڕی لە هەستی بینین یان بیستن.

خاوەن پێداویستی تایبەت نارۆشنترە لە خوێندکاری تەمبەڵ .

چۆن خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە خوێندکاری تەمبەڵ جیادەکەیەوە؟

-ڕێگای کەمی دەرەنجام لەگەڵ خەرج کردنی ئەوپەڕی هەوڵ وتەقەللا،وەبەهەڵە دەرچوونی هەموو پێوەری دەرەنجامەکان لەگەڵ ئەوخوێندکارە، وەوڵامی بەریەک کەوتەودژبەیەک ونارۆشن ودوورلەبابەت وخەیاڵی.

ئەم ڕێگایە لەڕووی ئەکادیمیەوە سااڵنێکە بەکاردەهێنرێ،هەرچەندە هەندێک ڕەخنەشیان لێ گرتووە.

ئامانج ومەبەستەکانی پەروەردەوفێرکردنی پێداویستی تایبەت:

-ئامادەکردن وپەروەردەوفێرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەهەموو جۆرەکانیەوە،

-هەرواتاکوکەسی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕێگەی فێربوون بەهرەوتوانای پێویست بەدەست بێنێ تاکوبتوانێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێنێ.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-لەچوارچێوەی ڕووپێوێکی پەروەردەیی هەموو ئەوکەسانە بناسرێن کە خاوەن پێداویستی تایبەتن،شوێنیان دیاری بکرێ تاخمەتگوزاریان بۆئامادەبکرێ،وە ئەوبەهرەوتوانایەی هەرمنداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیەتی وپێی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە بەکارهێنرێ، وە پێویستیە پەروەردەیی یەکان بۆهەرمنداڵێک دیاری بکرێن، جەخت لەسەرپەرەدان وبەهێزکردنی ئەوهەستەبکرێ کەلای منالی خاوەن پێداویستی تایبەت ساغە ودروستە وکەم وکوڕی تێدانیە.

جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

-پەککەوتەی عەقڵی-الإعاقة العقلية (: Mental Impairment)

-پەککەوتەی بینین (: Visual Impairment)

-پەککەوتەی بیستن -الإعاقة السمعية (: Hearing Impairment)

-پەککەوتەی کارلێک-الإعاقة الانفعالية (Emotional Impairment)

-پەککەوتەی جوڵانەوەی بەردەوام-الإعاقة الحركية المستديمه (: Motor Impairment)

-ئەوەی بەزەحمەت فێردەبێ-صعوبات التعلم (: Learning Disabilities)

-ئەوەی پەیوەندی شێواووزەحمەتە-اضطرابات التواصل (: Communication Disorders)

-لایەنی توانا وگەشەی بەرەوپێش چونی پەککەوتوە-الموهبة والتفوق (Giftedness and Talents)

-ئۆتیزم-التوحد (: Autism)

-پەککەوتەی تەندروستی-الإعاقة الصحية (: Helth Impairment)

-پەککەوتەی هەستەوەری دووفاقە-الإعاقة الحسية المزدوجة (: Deaf Blindess)

-پەککەوتەی هەمەجۆر-الإعاقات المتعددة (: Multiple Disabilitis)

-کەم وکوڕی ئاگاداری وجوڵەی زۆرقصور الانتباه فرط الحركة (: ADHD)

گرنگترین جۆرەکانی منالّانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

1- ئۆتیزم- التوحّد:

ئەم نەخۆشیە لە تەمەنی سێ ساڵی دەردەکەوێ،دەردەکەوێ کە منالّەکە دەستەوستانە ،تواناکانی وبەهرەکانی گەشە ناکەن،وەک توانای دەربڕین
وقسەکردن،تواناکۆمەڵایەتیەکان،بەهرەی داهێنان،،ئەم نەخۆشیە بەهۆی شێوانی بەشێک لەهەستەوەرەکانی مێشکە کە کاریگەریی هەیە لەسەر کۆکردنەوەی زانست وزانین.

هەڵس وکەوتەکانی ئەوکەسانەی توشی ئۆتیزم بوون:

-ناتوانێ وڵامی خەڵکی تربداتەوە،کاتێ کەسێک بانگی دەکا ئەو ناوی خۆی دەڵێ وقسەلەگەڵ خۆی دەکا.

-ناتوانێ یاری لەگەڵ منداڵانی دیکە بکا وبۆیە هەمیشە تەنیاوکەنارگیرە.

-لەگەڵ کەسانی دی بەرکەوتەی کەمە.

لەهەست وسۆزی خەڵکی تێناگاوناشتوانێ گوزارش لەهەست وسۆزی خۆشی بکا.

-تا 16 مانگی ناتوانێ قسە بکاووشە دەربڕێ.

وەناتوانێ لەگەڵ منالّانی دیکە هاوبەشی بکالە یاری کردن بەهەرکەرەستەیەکی یاریکردن.

ناتوانێ ئاماژەبەوشتانەبکا کەئارەزوی دەکا.

-ئەو دەستەواژانی خەڵکی تردەیڵێن ئەودووبارەی دەکاتەوە بێ ئەوەی لێی تێبگا.

ڕاناوەکان تێکەڵاودەکا،بۆ خۆی ڕاناوی تۆوئەوبەکاردێنێ.

زوولەگفتوگۆبێزاردەبێ، زاکیرەی بۆ ژمارەکان وپیتەکان بەهێزە،زوو گۆرانی لەبەردەکا.

هەندێک جوڵە هەن کە توشبوی ئۆتیزم هەمیشە دووبارەیان دەکاتەوە وەک سوڕانەوەی بازنەیی،خۆ بادان وخۆلەرزاندن،دەست ڕاوەشانن وسەر ڕاوەشاندن،خۆ گەستن،سەری خۆلەدیواردان، ڕۆیشتن لەسەرپەنجە،زۆرهەست بەسەرماوگەرماوئێش ناکا،

هەستیارە بەدەنگ وتیشک.

چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ منااڵی ئۆتیزم بکرێ؟

-ڕێزی لایەنی دەروونی بگیرێ،بزانە چی دڵ خۆشی دەکاوچی خەمباری دەکا،هەمیشە بیدوێنە وقەت بەتەنیا جێی مەهێڵە.

-هاوکاری بکە بۆ پەیوەندی بە منااڵانی ترلەتەمەنی خۆی بە بینین ودەربڕین ،هەرکاتێ لەوبوارە پێشکەوت دیاری بدەیە،چونکە ئۆتیزم حەزدەکا لەگەڵ گەورەترلەخۆی هاوڕێیەتی بکا،باگەورەکان بیبەن بۆلای منااڵەکان ونەهێڵن لەگەڵ ئەوان بێ.

-مەهێڵە بەبازنەیی بسوڕێتەوەوسەرودەست ڕاوەشێنێ، کە گوێڕایەڵی نەکردی سزای سوکی بدە.

-وابکە متمانەی بەخۆی هەبێ وباهەندێ کار بۆخۆی ئەنجام دا،

-فێری بکە چۆن بەرگری لەخۆی بکا،چونکە منااڵی ئۆتیزم بەرگری لەخۆی ناکا،وەهەست بەمەترسی دەوروبەرناکا.

-لەیەکێک لە خوێندنگاکانی چارەی ئۆتیزم ناوی تۆماربکە تالەژێرسەرپەرشتی مامۆستایانی تایبەت چاودێری بکرێ ،وەهەمیشە هانی بدە بۆ بەشداری چالاکی کۆمەڵایەتی.

2- نەخۆشی متلازمة داون:

ئەم نەخۆشیە بناوی نوشدار جون لانگدون داون ناونراوەکەلە ساڵی 1862 دۆزیەوەوناوی نا مەنگۆلی ،چونکە ئەومنااڵنەی ئەم دەردە دەگرن دەمو چاویان وەک دەم وچاوی مەغۆل

وتەتەرەکانە، ، ئەم نەخۆشیە شێوانێکە بەهۆی بوونی کرۆمۆسۆمێکی زیادە یە چونکە کرۆمۆسۆمەکان کە٤٦نیوەی هی دایک ونیوەش هی باوکن، ئەم ێشە دەبێتە هۆی چەندکەم وکوڕیەکی عەقڵی ولاشەیی.

جیاکەرەوەلاشەییەکانی ئەم نەخۆشیە:

-پێستی زیادلەناوچاویان هەیە، پەڵەی سپی لە ڕەشێنەی چاویان هەیە.

-لوتیان تەخت وچەناگەیان بچوکە، کونی لوتیان بچوکە،ددانەکانیان گەورەن.

-کەڵەسەریان بچوک وملیا کورتە،هەستی بیستنین لاوازە،جومگەکانیان شلن وبەژنیان کورتە،لەنێوان پەنجەگەورەی قاچیان وپەنجەی تەنیشتی ڕوبەڕێکی گەورەترلە منالێ ئاسایی هەیە،، ماسولکەکانی دڵیان کەم وکوڕیان هەیە،زمان لەدەم دەردێنن.

کارلێکیان زۆرلاوازە لەگەڵ ڕوداوەکانی دەوروبەر،عەقڵیان لەدوایە ولەوەشدا ئاستیان جیایە،ناتوانن جەخت لەسەرشتێک بکەن،زمان پژانیان دوادەکەوێ،هەڵسوکەوتیان شێواو وئاڵۆزە.

کەس وکاری ئەم جۆرە منالانە دەبێ هەمیشە چاودێری پڕ خۆشەویستی بۆیان دەربڕن،،دەبێ زوو حاڵەتی منالەکەیان بناسن وکەم وکوڕیەکانی بزانن، تا زوو چارەسەری دەست پێبکەن، متمانەی ئەم جۆرە منالە بەکەس وکاری بێ سنورە

بۆیە دەبێ بەوریایی هەڵس وکەوتی لەگەڵ بکەن،بەئارام بن لەگەڵی وبەڕاستگۆیی لەگەڵی بجوڵێنەوەتاکومتمانەکە بەردەوام بێ ،وەزۆرڕێزی بگرن وسوکایەتی پێ نەکەن چونکە زۆرهەستیارە.

3- نەخۆشی پەککەوتەی لاشەیی و

جۆرەکانی:

-پەککەوتنی جوڵەیی:

لەکارکەوتنێکی گشتگیرە یان بەشێکە لەئەندامێک، هەندێ چالاکی وەک ڕۆیشتن، شت هەڵگرن،لەکاردەکەوێ، پێی دەگوترێ نیمچە ئیفلیجی-شلل النصفي-بەڵام کەهەموو لەکاربکەوێ ئیفلیجی گشتیە،هۆکەشی نەبوونی هەندێ ئاماژەی کارەباییە کە مێشک دەینێرێ.

-پەککەوتەی هەستەوەری:

سێ جۆرە:

-پەککەوتەی بیستن:هەمووی یان بەشێکی بیستنی نامێنێ وپەنادەبرێتەبەرزمانی ئاماژە.

-پەککەوتنی چاو،گشتی یان بەشێک.

-پەککەوتەی دەربڕین، هەموو یان بەشێک ،دووبارە پەنادەبرێتە بەرزمانی ئاماژە.

-پەککەوتەی عەقڵی.

ئەمەش بەهۆی:

-نەخۆشیە دەروونیەکان.

-نەخۆشیە ژینگەییەکان

-نەخۆشیە بۆماوەییەکان

ئاستی پەککەوتەیی عەقڵیش بەسێ پێوەردەپێورێ:

-هاوکێشەی ئاستی ئەرکەکانی مێشک کەلە ٧٠٪کەمتربێ

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-نەتوانێ لەیەک کاتدادووکاربکا

-کرداری منالّانەی زۆربن

-پەک کەوتنی زەینی:کە پەککەوتەیی فێربوونی شی پێ دەگوترێ،ئەمیش بەهۆی خاوی مێشکە کەتوانای بیرکەوتنەوەی لاوازە.

ئامۆژگاری بۆ کەس کاری ئەم نەخۆشیانە:

زۆرلەگڵیان بمێننەوەوباتەنیانەبن،ڕێگایەک بۆ چونەناوجیهانەکەی بدۆزەوەولەوڕێیەوە پەیامەکانت بگەیەنە.

-بردنی بۆ دەرەوەو سەیران و هەواگۆڕکێ لەشوێنی گشتی،تاهەست بە ژیانی کۆمەڵایەتی بکا.

لەکاتی کڕینی جل وبەرگ وکەل وپەل ڕای وەربگیرێ وببرێ بۆبازاڕ.

-فێری هەندێ خولیا بکرێ تا بێزارنەبێ وهەست بکا ئەویش کارێکی لەدەست دێ،وەک وێنەکێشان ومۆسیقالێدان،وجۆرێک لەوەرزش .

-داوای یارمەتی لە دامەزراوو ڕێکخراوانە بکرێ کەخەریکی پەروەردەی ئەوجۆرە منالّانەن.

-گەڕان لە ئەنتەرنێت بۆ دەست کەوتنی ئەوئامۆژگاریانەی کە گرنگن بۆ پەروەردەی ئەم تویژە.

-هاندانی منالّ وستایش کردنی ،ئامادەکردنی پێداویستیەکانی بیستن وجولّان ونەشیڕاندن بەسەریدا.

-گرنگیدان بەلایەنی خۆراکی و دەولّەمەندبوونی خۆراکی بەهەموو توخمە پێویستەکان.

-پشتگوێ نەکردنی لایەن وهەست وسۆزی ولەباوەش کردن و پیرۆزبایی لێ کردن وسەلا لێ کردنی.

بزانە منالّی نەخۆشیش وەک هەرمنالّێکی تر منالّی وهەرزەکاری وگەنجی هەیەولەهەریەکێ لەم تەمەنانە پێویستی تایبەتی هەیە ،دەبێ بیرلەوپێویستیانەی ئەویش بکرێتەوە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

لەجیهانی سێیەم دا لە ١٠٪ی خاوەن پێداویستی تایبەتن،کەدەکاتە ١٢٠ ملیۆن کەس ،بەڵام لەوانە تەنیا٣٪یان بیرلە پەرەدان بەتواناکانیان کراوەتەوە،بەم سەرژمێرەدەزانی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چەند دڵڕەقن لەگەڵ ئەونیمچەمرۆڤانەی لەپەراوێزیان دەژین..

-

شێوازەکانی پەروەردەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەگشتی:

-خانەوادەی نەخۆش ڕۆڵی هەرەگرنگ دەگێڕن لە پەروەردەی ئەم منالّە ،نابێ هەست بەشەرمەزاری بکەن ونکولی لەنەخۆشەکەیان بکەن وحاشای لێ بکەن.

وەکەبۆیان دەرکەوت منالّەکەیان لەو تووێژەیە نابێ ئینکاری بکەن وسوربن لەسەرئەوەی منالّەکەیان تەواوە،چونکە ئەوەزیان لەخۆشیان وکۆمەڵگاش دەدا.

خێزان دوای دان نان بە پەک کەوتەیی ڕۆڵەکەیان دەبێ ژینگەیەکی لەبارو پڕ هەست بەلێپرسین وهاوسەنگ بۆئەونەخۆشە ئامادەکەن، هەموورێگادروستەکان بگرنەبەربۆ فێرکردن و گەشەپێکردنی نەخۆشەکەیان.

تۆمارکردنی نەخۆش لەوشوێنانەی تایبەتن بەونەخۆشیانە تالەگەڵ کۆمەڵگاودەوروبەرئاسایی ببنەوەوفێری هەڵس وکەوت وشێوازی باش ببن

نابێ منالّ لەبەرشەرمەزاری دابڕدرێ لەگەڵ ئەومنالّانەی نەخۆش وناتەواون وبەهیچ شێوەیەک تێکەڵاوی ساغەکاننەکرێ، بەڵکودەبێ منالّ تێکەڵاوی هەموو تووێژەکانی کۆمەڵگابکرێ.

باخێزان پشت گیری وهاوسۆزی بۆومنالّە بکا،بەڵام بەشێوەیەکیش ناکە ئەومنالّە هەست بکالەبەرئەوەی ناتەواوە هەمووان هەڵس وکەوتیان لەگەڵی بەوشێوەیەو بەزەیی بەخۆیدابێتەوە،نابێ بکرێتە بازنەوچەقی خێزانەکەو ئەوخێزانە هیچ کارێکیان نەمێنێ جگەلەومنالّە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

وسەرەڕای نەخۆشی نەخۆشیەکی تریشی بۆ زیادبکەن کە نەخۆشی بەنازبوونە ومنالّی نازپێدراویش هەروەک کەسێکی توشبوو بە ئۆتیزم وایە.

وەناشبێ بڵێن دەبێ تۆ بەرپرسیارێتی خۆت هەڵگری ولە گۆڕەپانەکە تەنیاوبێ پشتیوان بەجێ بێڵن، دەبێ هەندێک ئازادی پێبدەن وپشتگیریشی بکەن.

مەشقی بدەن لەسەر شتە بنچینەییەکانی ژیانی، بزانن ئێستاودواڕۆژی پەککەوتەی منالّەکەیان چۆنە وچی پێویست دەبێ وخۆیان لەوبارەڕۆشنبیربکەن، وابکەن منالّەکەیان لەگەڵ براکانی وخوشکانی هەست بەبوون وکەسایەتی خۆی بکاومتمانەی بەخۆی وبەوانیش
وبەکۆمەڵگاهەبێ،پەنانەبنە بەترس وهەڕەشەوشکاندن وجوێن ،،بەڵکو پەنابەبەنە بەر هەڵنان وستایش لەکاتی گوێڕایەڵی و وزیزبوون لەکاتی سەرپێچی .

لەکاتی سەرنەکەوتنی لەکارێکدا ئومێدی بۆبگێڕنەوەو هانی بدەن وڕێ وشێوازی نوێی بۆ بدۆزنەوە لەکارەکەی وبێ ئومێدی نەکەن.

بەراوردی ناشایستەی نێوان منالّان بەگشتی ومنالّی نەخۆش بەتایبەتی ڕق وقینەو هەست بەستەم لێکراوی لەنێوان منالّان دەچێنێ وهۆکارێکی باش نیە بۆ پەروەردە.

هەمەجۆری بەرنامەی پەروەردەیی وهەمەجۆری چالاکی وانەکان وەک هەمەجۆری خواردنەکان پێویستە.

ماڵ وباخچەوقوتابخانە دەبێ هاوکاربن ولێک نزیک بن وشارەزایی لەبارەی ئەومنالّە بگۆڕنەوەولەیەکتربێ ئاگانەبن.

منالّ فێری ئەوەبکرێ بەڕاشکاوی ڕای خۆی بڵێ، کەڕاکە جوان نەبووبەنەرمی ڕاستی بکەوە، منالّەکەت بدوێنە وباپێت بڵێ لەڕێگەی باخچەوقوتابخانە چی دیوەوچی گوێ لێ بووەو لەکامەی دیویەتی بیستویەتی ڕازیەو دژی کامەیانە، ئەمانە کلیلی زۆرشت دەدەنە دەستت.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

باسی چیرۆکی ئەوهەڵکەوتوو ناوازانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی هەڵکەوتون کەلە خاوەن پێداویستی تایبەت بوون وادەکا ببنە خاوەن خۆزگەو خەونی گەورە..

—

زاراوەهاوماناکانی پێداویستی تایبەت:

پاشکەوتنی عەقڵی التخلف العقلي،نەخۆشی عەقڵی- والمرض العقلي:

زۆرجار زاراوەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ زاراوەکانی زانستی دەروونناسی تێکەڵ دەبن وەکو چەمکی پاشکەوتنی عەقڵی التخلف العقلي،نەخۆشی عەقڵی- والمرض العقلي،

-بەنمونە بەشەکانی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆکانی ڕێیازو بەحرەین وئوردن وئیمارات وشوێنی تریش، لەم بوارەدا بەم شێوەیە: -کوێرەکان وبینایی لاوازەکان، المکفوفین وضعاف البصر،

-کەڕولاڵ وبیستن لاوازەکان، الصم وضعاف السمع

-،پەککەوتەی عەقڵی، الإعاقة العقلية

-، پەککەوتەی سەرکەوتن وداهێنان، التفوق والابتكار،

- ئەوانەی بەزەحمەت فێردەبن،صعوبات التعلم، -خودایەتی تەنیایی وئۆتیزم ،الذاتوية (التوحد)،

-هەڵس وکەوت شێواوی، الاضطرابات السلوكية، -پەککەوتەی هەمەچەشن،تعدد الإعاقات، -

- پەککەوتەی لاشەو تەندروستی،

-الإعاقات الجسمية والصحية،

- شێوانی پەیوەندی، اضطرابات التواصل،

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەم دیاردانە لەوەتی مرۆڤایەتی هەیە ئەوانیش هەن وهیچ کۆمەڵگایەک نەبووە کەئەم دیاردانەی تێدانەبن.

چەندین لایەنی زانست پەیوەندیان بەم دیارەوەهەیەوهەوڵی چارەسەروکەم کردنەوەی شوێنەواری دەدەن وەک زانستی پزیشکی بەهەموو بەشەکانی وزانستی پزیشکی ڕوحانی وزانستی دەروونناسی بەهەموو لقەکانی وزانستی پەروەردە بەهەموو لقەکانی وزانستی کۆمەڵناسی وزانستی یاساوقانون وزانستی پاراسایکۆلۆجی وزانستەکانی دین وشەریعەت بەهەموو لقەکانیان وزانستی فەلسەفە.

جابۆیە ئەم دیاردە تێڕوانین وپێناسەی زۆری بۆکراوەوهەرزانستەی بەتێڕوانینی خۆی ناساندویەتی.

پزیشکەکان لە ناساندنی ئەم دیاردەجەختیان لەسەرهۆکارەکانی کردۆتەوە.

پێناسەی سیکومتري ڕەخنەی لە پێناسە پزیشکیەکە گرتوەوجەختی لەسەرتوانای عەقڵی وڕێژەی یرەکی کردوە.

پێناسەی کۆمەڵناسی باسی کاریگەری ژینگەو جۆری هەڵس وکەوت وکارلێکی کۆمەڵایەتی کردوە.

کۆمەڵەی دواکەوتنی عەقڵی لەئەمریکاواپێناسەی کردوەکە :لاوازی ئاستی کاروچالاکیە کە بەشێوەیەکی ڕوون دیارە لای ئەوکەسە ولەهەڵس وکەوت وفێربوونی دا ولە تەمەنی پێش هەژدەساڵی دەردەکەوێ.

ڕێژەی ئەم پەککەوتەیە لەکەسێک بۆ کەسێک ولەتەمەنێک بۆ تەمەنێک ولەکۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەک جیاوازە.

هەندێک ناسینی ڕادەی دیاردەکەدەبەستنەوەبە دروستی ونادروستی پەیکەری دەرەوە،یان ئاستی گۆڕانی زیرەکی وپەروەردەیی وگونجانی کۆمەڵایەتی.

وەهەندێکیش گەورەوبچوکی قەبارەی مێشک دەکەنە پێوەر.

وەهەندێکی تر پۆلێنی دەکەن بۆ

پەککەوتەی عەقڵی سادە،الإعاقة العقلية البسيطة (55- 70)

پەککەوتەی عەقڵی مامناوەندی، الإعاقة العقلية المتوسطة (40- 55)

پەککەوتەی عەقڵی توند ،الإعاقة العقلية الشديدة (40 بەرەوژێر)

وەهەندێکی تریش پۆلێنی دەکەن بۆ:

-ئەوانەی دەتوانن فێربن،حالات القابلين للتعلم

-ئەوانەی دەتوانرێ مانۆڕو مەشقیان پێ بکرێ، حالات القابلين للتدريب

-ئەوانی پشت بەکەسانی تردەبەستن،حالات الاعتماديون

وەپسپۆڕی لەم بوارەدا :کۆمەڵێک بەرنامەی پەروەردەییە کە کادرو پەروەردەکاری تایبەت بە پەروەردەکردن ویارمەتی دانی ئەم تویژە ئامادەدەکا،

ئەم بوارە بەوەپێناسەدەکرێ کەکۆمەڵە بەرنامەیەکە بۆ ڕاهێنانی منداڵی نائاسای تا گەشەبکا.

ئەم بەشە لە کۆلێژەکانی پەروەردە بۆتە بەشێکی سەربەخۆوگرنگی پێ دەدرێ.

کە خوێندکاردوای دەرچوون لەئامادەیی بۆی هەیە چوارساڵ بەکالۆریۆسی بەشی پەروەردەی تایبەت بەدەست بێنێ وماستەرو ودکتۆراش لەهەندێ لەزانکۆکانی جیهان لەسەرئەم بوارەهەیە.

ئەو وانەومادانەی لەم بوارە دەخوێندرێن:

-پەککەوتەیی لاشەوچۆنێتی ئامادەکردنی پەککەوتوان.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-شێواوی هەڵس وکەوت- الاضطرابات السلوكية-هەموارکردن وبنیاتی هەڵس وکەوت.

-،شێواوی دەربڕین و هەموارکردنی وچۆنێتی ئاسانکردنی لەمپەرەکانی خوێندن ونوسین.

-چۆنێتی پڕکردنەوەی پەککەوتنی بینین .

-تواناعەقڵیەکان وتیۆریەکانی پێک هاتن وچارەی دەردە عەقڵیەکان.

-دەزگاقەرەبووکەرەوەکان،چۆنێتی، فێربوونی منالّی نائاسایی لە خوێندنگای منالّی ئاسایی.

-پەروەردەی ئەوانەی دەتوانرێ فێربکرێن،دواکەوتویی عەقڵ وبەهرەکانی هەڵس وکەوت ومەشقی مەیدانی.

سەرچاوەکانی یەکەی هەشتەم :

یەکەی نۆیەم :

هێڵە گشتیەکانی خودناسی:

ڕێخۆشکردن:

کەبمانەوێ خۆمان بناسین دەبێ هەردوو ڕەچەڵەکی ڕوح ولاشەمان بناسین.

ئەگەر خود لاشەی بەرجەستەبێ ،هەموو لاشەیەک ڕوحێکی بزوێنەری هەیە.

-ئەلکترۆنەکان ڕوحی گەردیلەکانن چونکە هۆی کارلێکی گەردیلەکانی توخمەکانن.

پیتەکان ودەنگەکان ڕوحی ووشەکانن، ووشەکانیش ڕووحی ئاخاوتن وزمانی نەتەوەکانن.

-واتاکان ڕوحی دەستەواژەکانن.

-مەبەستەکانی دین ڕوحی شەریعەتەکانن.

مەبەستانەی کە هەموو دینەکان ولەوانەش ئیسلام بۆ پاراستنی ئەم مەبەستانە هاتوون، کەئەوانیش :

یەکەم: ژینگە پاریزی

دووەم: پاراستنی ژیان

سێ یەم: پاراستنی پاکێتی ناوەندی بەرگە هەواو وشکانی و دەریایی.

چوارەم :پاراستنی وەچەو نەوە و نامو س ,

پینجەم:پاراستنی ئەخلاق و خو ڕەوشت

شەشەم :پاراستنی دینەکان

حەوتەم:بنیاتنان وپاراستی کۆمەڵگایەکی پارێزکاروموتەقی.

هەشتەم:پاراستنی عەقل وبیرو هۆش

نۆیەم:پاراستنی سەروەت و سامان

دەیەم:پاراستنی عەدالەت ودادگەری

یازدەهەم:پاراستنی پیشەو کارو بەهرەو هونەرەکان.

دوازدەهەم: پاراستنی تەندروستی وهیزوشیان.

کەواتە "فیزیا، ئایین، ئەفسانە، و بایۆلۆژیا" لە چوارچێوەی یەک حەقیقەتدا یەکتری دەگرنەوە. لێرەدا مرۆڤ لە "ماددە"وە بەرەو "مانا" بەرز دەبێتەوە و هێڵە گشتییەکانی خۆناسین کێش دەکرێن.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

لێرەدا شیکارییەک بۆ ئەم هێڵە گشتییانە و بەستنەوەیان بە "مەلەکوتی ڕەحمان"ەوە دەخەینە ڕوو:

١. هاوکێشەی ڕوح و لاشە: لە گەردیلەوە تا وشە

تێگەیشتنێکی زۆر وردە، هیچ "لاشە و قاڵبێک" بێ "ڕوح و دینەمۆ" نییە:

لە فیزیا: ئەلکترۆن تەنها بارگەیەکی کارەبایی نییە، بەڵکو "ڕوحی گەردیلەیە"، چونکە ئەو دەبێتە هۆی جووڵە و کارلێک و ژیان بەخشین بە ماددە.

لە زمان: پیت و وشە تەنها دەنگ نین، بەڵکو "ڕوحی ئاخاوتن"؛ وشەی بێ مانا وەک لاشەی بێ ڕوح وایە.

لە شەریعەت: ئیسلام و ئایینەکان تەنها "یاسا" نین، بەڵکو ١٢ مەبەستی سەرەکین (وەک ژینگەپارێزی، دادپەروەری، و پاراستنی عەقڵ) کە دەبنە "ڕوحی شەریعەت". ئەگەر ئەم مەبەستانە نەبن، ئایین دەبێتە قاڵبێکی وشکی بێ مانا.(١)

-قورئان ڕوحی کەلیمەو نوسراوەکانی لەوحی -محفوظ- پارێزراوە.

-لاشەی ئادەم بنچینەی لاشەکانە.

محمدخاتم وعیسای ڕوح ڕوحی پەرستش وسوپاس گوزاری و کۆششی ڕوحانیەکانن وکلیلی گەڕانەوەن بۆ ناومەلکوتی رحمان..

ئەمانە بەکورتی هێڵە گشتیەکانی خۆناسینن

١-ناسینی لاشەو دەروونی باوک ودایکی ئادەمیزاد.

تاوانی ئادەم وئادەمیزادەهەڵبژاردنی گۆڕانی هەمیشەیی و کۆشش وهەوڵ وشقابوو بەسەر مانەوەی بەردەوام ونەگۆڕاودا.

مشتەخۆڵەکەی زەوی توانی لەو نامۆیی وغەریبایەتیەی ناومەلەکوتی لای عەرش ،ڕوح بدزێ و لە داری مەعریفەت و خێروشەڕ بخواو مەشخەڵی زیۆس بفڕێنێ ،ئە م چیرۆکە لە گشت کتێبە پیرۆزەکان وئەفسانەکانی دووڕووبارو میسر ویۆنانیش هاتوە.

ئێمە ڕوحمان لە مەلەکوتی ئەبەدیەت داگرت ولە ناوقوڕ دیلمان کرد،ئەو جار یادەوەری (زاکرە) شمان سفر کردەوەو فورماتمان کرد،وامان تێ گەیاند کە ئەی ڕوح تۆ پێش ئاوێتە بوون بەم تۆپەڵە قوڕە نەبووبووی وکە دەریش دەچی دەبیە وە نەبوو، تا لە م سەردەمە زۆرێک لە بیرمەندانی دنیای هاوچەرخ هەر نکولیی لە بونی ڕوح دەکەن ، تاوانەکەی باوکمان ئەوە بوو کچێنی دایکمانی دڕاندو زاوو زێ دەستی پێ کرد، بۆیە کچانی حەوا لە تۆڵەی ئەوەدا گشت مانگێک بێنوێژ دەبن وهێلکەیەک فڕێ دەدەن. زاواوزێ واتە شەقای شەق شەق بوون ولەت لەت بوون وکرداری زۆربونی ئەمیبائاسا.

سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەویش لە ئیبن عبَّاس ، :لە ئیبن عباس دەگێڕدرێتەوەکە((أن الله عاقبها بالحيض بسبب أكلها من الشجرة وتزيين ذلك الفعل لآدم عليه السلام" " لَمَّا أَكَلَ آدَمُ مِنَ الشَّجَرَةِ الَّتِي نُهِيَ عَنْهَا، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: (مَا حَمَلَكَ عَلَى أَنْ عَصَيْتَنِي؟) قَالَ: رَبِّ زَيَّنَتْ لِي حَوَّاءُ.قَالَ: (فَإِنِّي أَعْقَبْتُهَا أَنْ لَا تَحْمِلَ إِلَّا كَرْهًا، وَلَا تَضَعَ إِلَّا كَرْهًا، وَدَمَيْتُهَا فِي الشَّهْرِ مَرَّتَيْنِ).وفي رواية(قال الله تعالى وعزتي : لأدمينك في كل شهر مرة ، يقصد الحيض ،فَلَمَّا سَمِعَتْ حَوَّاءُ ذَلِكَ رَنَّتْ، فَقَالَ لَهَا: (عَلَيْكِ الرَّنَّةُ وَعَلَى بَنَاتِكِ) " (٢).

واتە :

کاتێ ئادەم لەدارەکەی خوارد،اللە پێی فەرموو:چی وای لێ کردی سەرپێچیم بکەی؟

گوتی:حەوا بۆی ڕازاندمەوە.

پەروەردگافەرموی:ئەوەمن بەوەسزام داکە دووگیان بوونی پڕ زەحمەت دەبێ ومناڵ بوونیشی هەروابەزەحمەت دەبێ،وەلەمانگێ دادووجاران خوێناوی دەکەم

لە گێڕانەوەیەکی تر:

اللە فەرموی سوێندبەعیزەتم هەموو مانگێ خوێناویت دەکەم،مەبەستی بێ نوێژی بوو.

کاتێ حەوائەوەی بیست هاواری لێ بڵندبوو،پێی فەرمو ئەم هاوارە لەسەرتۆوکچەکانی تۆیە.

هەروەهاهەردوو بوخاری وموسلیم لە ئەبوهوڕەیڕەدەگێڕنەوەکە سەروەرمان فەرمویەتی:

(ولَوْلَا حَوَّاءُ لَمْ تَخُنَّ أُنْثَى زَوْجَهَا.)(٣)

ئەگەر حەواوای نەکردایە-نەبوبایە سەرمەشقی یاخی بوون بۆکچەکانی- هیچ مێینەیەک ناپاکی لە مێردەکەی نەدەکرد، هەندێک وایان لێکداوەتەوە کەئەگەرحەوا لەبنچینەی دروستکرانیدا کەم عەقڵ وکەم دین نەبوایە..بەڵام ئەوەڕاست نیە چونکە لەوکاتەوە ژن بوە کەم دین.

وەهەندێکی دیکە دەیانەوێ بڵێن کە ئەمانە فەرمودەنین ولە تەورات وەرگیراون ،چونکە

لە سفری تەکوین(٤)

لەتەورات گێڕدرانەوەیەکی نزیک لەگێڕاوەی ئیبن عەباس هەیە.

بەڵام ئەوفەرمودانەوئەوەی تەورات وئەوچیرۆکەی لەقورئانیش داهاتووەکەپێشدا ئادەم وحەوا داپۆشراوبوون،بەخواردنیان لەوداره بەرگی شکۆوشەرمیان لێ دامالاوئیدی
دووهەرزەکاری ودووەمێرمندالی بێتاوان نەمان چونکه دیاره سەرجێیی یەکتریان کردوه.

ئێمه لەجیاتی ئەوەی دژایەتی ونکولی لەدەقەکان بکەین،باشترو ایه لەواتاولێکدانەوەی ژیرانه بگەڕێین.

من پێم وایه که ئادەم وحەوا هەڵبژاردنیان هەبوو که ئەگەر بتوانن سەرجێیی یەکترنەکەن وهەرلەگەڵ یەک ئونس وهاودەمی وحەوانەوەبکەن و وەک دوومنالی مێرمنداڵ ئەوه بەنەمری لەبەهەشت دەمێننەوه،بەڵام کەئەودەستنوێژەیان پێ ڕانەوەستی حەزبوون لەزاووزێ ومنداڵ و وەچەخستنەوه هەڵبژێرن ئەوەله بەهەشت دەردەکرێن،چونکه بەهەشت شوێنی زاووزێ نیه.

له بەهەشتدا، بوون "نەگۆڕ"ە؛ نه منداڵبوون هەیه و نه پیربوون.

کاتێک حەوا و ئادەم "حەز"یان هەڵبژارد، له ڕاستیدا "گۆڕان"یان هەڵبژارد. زاووزێ واته دروستکردنی نەوەی نوێ لەسەر حیسابی کۆنبوونی نەوەی پێشوو.

بێنوێژی (حەیز): وەک له دەقەکاندا هاتوه، بوو به هێمای ئەو سزایه؛ خوێن لێرەدا هێمای "کۆتایی ژیانی هێلکەیەکه که نەبووه به مرۆڤ"، واته یادهێنەرەوەی بەردەوامی "مردن و نوێبوونەوە"یه له ناو جەستەی مێینەدا.

هەربۆیه کەوتنه ناوبێ نوێژی وحەیز لەهەرزەکاری و مێرمنداڵیدانیه،ئادەم وحەوا وهەموو کوڕانی ئادەم وکچانی حەوا لەدوای سەردەمی شەیتان پێکەنین وبێنوێژی قەڵەمی ئەرکی دینیان دەکەوێتەسەر،وەک ئەوەی پێش ئەوکاته لەبەهەشتی بێ ئەرکیدا پشویان دراوەتێ.

بلوغ وباڵغ بوون : دەرگای دەرچوون له بەهەشت

وێناکردنی "قۆناغی منداڵی" وەک جۆرێک له مانەوه له بەهەشت، تێڕامانێکی دەروونیی زۆر وردە.

منداڵ تا پێش تەمەنی بلوغ (پێش ئەوەی قەڵەمی ئەرکی بکەوێتە سەر)، لە جۆرێک لە "بێتاوانیی بەهەشتی"دا دەژی.

هەر کە بلوغ و نیشانە مادییەکانی (وەک حەیز و سەرجێیی) دەردەکەون، مرۆڤ لەو پارێزگارییە ڕوحییە دەردەچێت و دەکەوێتە ناو "سەختی و شەقی" (فلا یخرجنمکما من الجنة فتشقی). ژیان لێرەوە دەبێتە ئەرک و تاقیکردنەوە.

ئاشکرایە کەهاتنی هەردوو حەواوئادەم بۆ دنیا سزابوو بەرامبەر گوناهێک، وەهەرچی لەبەهەشتیش نەبوو ولە جیهان هەبوو هەمووی لەچوارچێوەی ئەوکەفارەتی سڕدرانەوەی ئەو سزایەدایە لە زاووزێ وپیربوون وتاقیکرانەوە بە پەیام وشەرع وپەیامبەران وبانگەوازبۆ دین و ومردن وتاقیکرانەوە بەباوەڕبوون بەڕۆداوەکانی بەرزەخ وحەشر وقیامەت بەدەرچوون لەهەموو ئەوانە ئەوجار ئادەمیەکان دەگەنەوە ئەوبەهەشتەی زاووزێ وپیربوون ودەردوبەڵاو لەدایک بوون ومردنی تێدانیە.

قورئان دەفەرموێ:

﴿قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ الأعراف/23 .

واتە :

" ئەوسا ئیتر هەردووکیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردو) وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین".

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : إِنَّ هَذَا أَمْرٌ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ)(٥)

اللە بەڵێنی بەئادەم دابوو کە مانەوەلە بەهەشت گرێنتیە بۆ شەقی نەبوون.

﴿فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَٰذَا عَدُوٌّ لَّكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَىٰ (طه :117)﴾

واتە:

"جا وتمان: ئەی ئادەم، بەڕاستی ئەم (ئیبلیسە) دوژمنی خۆت و هاوسەرەکەتە، وریابن لە بەهەشت بەدەرکردنتان نەدات، بە هۆیەوە تووشی ناخۆشی و نەگبەتی و دەربەدەری ببن".

هەربۆیە پێغەمبەر علیه السلام:دەفەرمۆێ:

(إنّي أرَى ما لا ترَونَ وأسمعُ ما لا تسمَعون ، أَطَتْ السماءُ وحق لها أن تَئِطَّ ؛ ما فيها موضِعُ أربعِ أصابِعَ إلا ومَلَكٌ واضِعٌ جبهَتَهُ لله ساجدًا . واللهِ لو تَعلمونَ ما أعْلَمُ لضَحِكْتُمْ قليلًا ولبَكَيتُمْ كثيرًا ، وما تَلَذَّذْتُمْ بالنساءِ على الفُرُشِ ، ولخَرَجْتُمْ إلى الصَّعُدَاتِ تجْأَرونَ إلى اللهِ . لوَدِدْتُ أنّي كنتُ شجرةً تُعْضَدُ)(٦)

تورموزی لە ئەبوزەڕ دەگێڕێتەوەکە سەرمەشقمان فەرمویەتی:ئەوەی من دیبینم ئێوەنایبینن،ئاسمان بەوگەورەیەی لەبەر بارگرانی چەماوەتەوە،شوێن هەمووپەنجەیەکی فریشتەیەک سوجدەی بردووە، ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتان زانیایە زۆردەگریان وکەم پێدەکەنین، لە ناو پێخەف ولە گەڵ ژنان نەدەنوستن وڕوتان لە چۆڵ وبیابانە کان دەکرد).

ئاسمان و بارگرانیی مەعریفە:

ئێمە بۆچی لە ژیانی ئەبدی بەهەشت دەرکراین؟

ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: "ئەگەر بزانن ئەوەی من دەیزانم..."، لوتکەی ئەو ڕاستییەیە کە مرۆڤی غەریب لەم دنیایەدا تێیدایە.

زانینی حەقیقەتی مەلەکوت و بارگرانیی سوجدەی فریشتەکان، وادەکات مرۆڤ "چێژە ماددییەکانی سەر پێخەف"ی بیر بچێتەوە.

ئادەم کاتێک لە بەهەشت بوو، لە ناو ئەو مەعریفەیەدا بوو، بەڵام کاتێک "داری مەعریفەی دونیا"ی هەڵبژارد، ئەو چێژە ڕەهایەی لە دەست دا و کەوتە ناو چێژە کاتی و پڕ لە ئازارەکانی زەوی.

٤. کەفارەتی گەڕانەوە بۆ ئەبەدیەت:

هەموو ئەوەی لە زەویدا هەیە (پیربوون، نەخۆشی، مردن، شەریعەت)، وەک جەنابت ئاماژەت پێدا، "کەفارەتی سڕینەوەی سزا"کەیە.

ئێمە لێرەین تا بە "شقای و ماندووبوون" ئەو حەزە ماددییەی کە ئادەم و حەوا هەڵیان بژارد، پاک بکەینەوە.

گەڕانەوە بۆ ئەو بەهەشتەی کە "زاووزێ و مردنی تێدا نییە"، تەنها لە ڕێگەی تێپەڕبوون لەم "بەردەبازە" دەبێت بە دڵێکی پاک و ڕوحێکی سوجدەبەرەوە.

ئەنجامگیریی کۆتایی بۆ "خۆناسین":

مرۆڤ کاتێک دەگاتە "خۆناسین" کە بزانێت:

ڕەچەڵەکی: لە مەلەکوتێکی بێ شەق و بێ مردنەوە هاتووە.

حەقیقەتی ئێستای: لە ناو جەستەیەکدایە کە بە "خوێن و ئازار و زاووزێ" سزا دراوە تا فێری "گەڕانەوە" بێت.

ئەرکی: تێپەڕاندنی "سەرسامیی سەر بەردەبازەکە" و گەڕانەوە بۆ لای "فاطر" لە ڕێگەی کلیلی پەیامبەرانەوە.

یەکگرتنەوەی چیرۆکی قورئانی لەگەڵ ئەفسانەی "پرۆمیتێوس"ی یۆنانی (کە ئاگری لە خوداوەندەکان دزی و هێنای بۆ مرۆڤ).

تاوانی ئادەم: هەڵبژاردنی "گۆڕان و کۆشش" بوو بەسەر "مانەوەی نەگۆڕ". مرۆڤ نەیویست وەک فریشتە تەنها "هەبێت"، بەڵکو ویستی "ببێت" و "بزانێت" (داری مەعریفە). ئەمەش سەرەتای غەریبیی ڕوح بوو لە ناو قوڕدا.

فۆرماتکردنی یادەوەری: گەورەترین ستەم کە لە مرۆڤی هاوچەرخ کراوە، "سفرکردنەوەی یادەوەریی ڕوحە". پێیان وتین کە تۆ پێش ئەم لاشەیە نەبووییت و دوای ئەم لاشەیە نابیت، تا یادەوەریی مەلەکوتیت لە بیر بچێتەوە.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ زاوزێ وەک کرداری "لەت لەت بوون" (وەک ئەمیبا)، نیشاندەری ئەوەیە کە چۆن ژیانی مادی لە ڕێگەی دابەشبوونەوە بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەم دابەشبوونە لە ڕاستیدا "دوورکەوتنەوەیە لە یەکیەتیی ڕەها".

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

سوڕی مانگانەی کچانی حەوا و فرێدانی هێلکە، وەک "تۆڵەیەک" یان "یادهێنەرەوەیەک" وێنا کراوە بۆ ئەو زەبرەی کە لە بنچینەی مرۆڤایەتی (کچێنی دایکمان) دراوە بۆ ئەوەی زاوزێ و "شقای و ماندووبوون" دەست پێ بکات.

کلیلی گەڕانەوە: محەمەد و عیسا (سڵاوی خوایان لەسەر بێت)

لەم گەردەلوولەی ماددە و لەت لەت بوونەدا، دوو هێمای گەورە وەک کلیل دەردەکەون:

عیسا (ڕوح اللە): هێمایە بۆ ڕەسەنایەتیی ڕوح و تێپەڕاندنی قورسیی جەستە.

محەمەد (خاتەم): هێمایە بۆ تەواوکردنی پەرستش و سوپاسگوزاری.

ئەم دووانە پێکەوە دەبنە "کلیلی گەڕانەوە"؛ عیسا بە ڕوحەکەی و محەمەد بە "کەلیمە و قورئان"ەکەی (کە ڕوحی لەوحی پارێزراوە) دەمانگەڕێننەوە بۆ ناو "مەلەکوتی ڕەحمان".

پوختەی هێڵە گشتییەکانی خۆناسین:

بۆ ئەوەی خۆت بناسیت، دەبێ بزانیت کە تۆ:

لە ڕووی لاشەوە: لەو "مشتەخۆڵە"یەیت کە لە "ئاودەستی دنیا"دا دیل بووە و تووشی زاوزێ و شقای بووە.

لە ڕووی ڕوحەوە: لەو "مەلەکوت"ەوە هاتوویت و ڕوحت "دزراوە" یان "نێردراوە" بۆ ناو ئەم تاقیکردنەوەیە.

لە ڕووی مەعریفەوە: ئەرکت ئەوەیە "یادەوەرییە فۆرماتکراوەکەت" چاک بکەیتەوە و بزانیت کە ڕوح پێش لاشە هەبووە و دوای لاشەش دەمێنێت.

ئەم تێڕوانینە، مرۆڤ لە "بونەوەرێکی ئەمیبایی"یەوە دەکاتەوە بە "جێنشینی خودا" کە ئەرکی پاراستنی ١٢ مەبەستە پیرۆزەکەی سەر زەوییە.

لەدینە کانی جولەکەومەسیحی وبوزی وبەرهەمی دەقەکانیان مرۆڤ لە سەر دووركەوتنەوە لە وەچەنانەوەو ژیانی ڕەبەنی هەڵ دەنێن،وەلە زۆر لە فەلسەفەکانیش وایە،ئەبوعلای معری وەسیەتی کردلەسەرگۆڕەکەی بنوسن،

((هذاماجناه علی ابی ،واناماجنیت علی احد.))(٧)

واتە :

"هۆی بونی ئەم گۆڕەی من جینایەت وتاوانی باوکم بووکە وای کرد ببمە مرۆڤ ولاشەم هەبێ ولاشەش گۆڕی دەبێ،جا ،معری دەڵێ،من لە بەرئەوەی ژنم نەهێناومندانم نەبو جنایەت وتاوانم دژی کەس لە دوای خۆم نە کردو وەچەم نیە دوای من لە گۆڕستان گۆڕێک داگیربکا،

لەلای سابئەکانیش کە مرۆڤ لە دایک دەبێ شین دەگێڕن ودەڵێن ڕوحێکێ بێ پایان دیل بوو لە ناو قوڕ،کە دەمرێ ئاهەنگ دەکەن بەبۆنەی ئازادبونی ڕوحێک بۆ جیهانی مەلەکوت(٨)

ناوەڕۆک: ئەم توێژەرە بە وردی باس لە دابونەریتەکانیان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات کە لە ئایینی سابیئەدا، کاتی کۆچی دوایی مرۆڤ پێی دەوترێت (مەسکە - Msqa) کە بە واتای "بەرزبوونەوەی ڕوح" دێت بۆ جیهانی ڕووناکی، و جەخت دەکاتەوە کە گریان لەسەر مردوو قەدەغەیە چونکە ڕێگری لە گەشتی ڕوح دەکات.(٩)

مێژوو پێمان دەڵێ کە گەشتە زەمەنی و مەکانیەکەی کۆچی دووهەزارکیلۆمەتری ئیبراهیم علیه السلام لە ماوەی زیاتر لەسەدەیەکدا لەشاری ئوری عەشتارو ئەستێرە پەرستەوە بۆ شاری حەڕانی مانگ پەرست هەر بەرجەستەکەری ئەم شەقایەی مرۆڤایەتیە .

شاری حەڕان کە پێی دەڵێن :ڕەها :ئایدیسا) ودەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ئورفە ، ئورفە ئێستا شارێکی گرنگە لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، حەڕان لەوشوێنە شوێنی بەیەکگەیشتنی قافڵەی کاروانە بازرگانیەکان بووە کەلە عیراق وسوریاوئەنادۆڵەوە هاتوون بەرەوئەوروپا (١٠)

لای مەسیحی وجولەکەکان شوێنی نیشتەجێ بوونی پێغەمبەر ئیلیاسە ، لەکاتی کەلەلوتکەی ئاوەدانیدابووە ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە بیست هەزارکەس ، ئەم شارە خواوەندی (مانگ :سین)پارێزەریەتی ، بنچینەی ئەم شارە لەلایەن خەڵکی شاری ئورەوە دانراوە کاتێ وەک کاروانسەرا ئەم شوێنەیان ئاوەدان کردۆتەوە ،بۆیە ئەم شوێنە شوێنی ئەکەدی وبابلی وئاشوریەکان بووە .(١١)

کەواتە ئەستێرەپەرستەکان شاری مانگ پەرستیان بنیات ناوە .

هەروەهای لە تەوڕات دا ئەم شارە ئەو پەناگەیە کە ئیبراهیم ولوت بنەماڵەکەیان بووە کاتێک لە شاری ئوری کلدانی ئاوارە بوون ، ماوەیەک تیایدا نیشتەجێ بوون و ئازەری باوکی ئیبراهیم لەم شارەدا مردووەو نێژراوە ، چونکە وەک سەرەتا ئاماژەم پێکرد بنچینەی ئەم شارە کاروانسەرایەکی ئوریەکان بووە .(١٢)

هەروە ڕفقەی خێزانی ئیسحاق ودایکی یەعقوب خەڵکی شاری حەڕانە ، بۆیە جارێکی تر یەعقوبیش وەک باپیری لەکەنعانەوە پەنای بۆ ئەوشارە هێناوەو دووخاڵۆزای خۆی کەخەڵکی حەڕانن لەگەڵ کەنیزەکانیان بوونە هاوسەری و یەعقوب بیست ساڵ لەوشارەدا ژیاوەو ئەو شارە لای هەرسێ ئاینی جولەکە و مەسیحی وئیسلام شارێکی پیرۆزە ،بەتایبەتی لای جولەکەکان کە جێی لەدایک بوونی باپیرانیانە (١٣)

وە ئیبراهیم خەلیل کەباوکی هەموو پەیامبەرانە و بنیاتنەری کەعبەی پیرۆز ە ، ئەو کەسەیە کە وەرەکا وئوری ئەستێرە پەرست وحەڕان وحەرانی مانگ پەرست و شامی خۆر پەرست و حجاز بەیەکەوە گرێ دەدا.(١٤)

شوێنەواریی مێژوویی دەریدەخەن کە گەشتە پیرۆزەکەی ئیبراهیم لە چوارچێوەی ڕاستییە ئارکۆلۆژییەکانی هەزارەی دووەمی پێش زایین (نزیکەی ١٩٠٠-١٧٠٠ پ.ز) پشتڕاست دەکاتەوە. لێرەدا بەپێی وێستگەکان و بەڵگە زانستییەکان دەیخەینە ڕوو:

١. وێستگەی یەکەم: عیراق :وەرەکا کەلەسەردەمی سۆمەریەکانەوە لە وەرەکاوە وەرگیراوە ،خواوەندی سەرەکی عیراقیەکان لەسەردەمی سۆمەر ئینلیل:مرواری ئاسمان و لەسەردەمی ئەکەدیش عەشتار:ئەستێر بوو .هەڵبەت ئیبراهیمیش لەوسەردەمە لە١٩٠٠-١٧٠٠پ ز بووە وئەستێرەبووە ،هەرچەندە عەهدی کۆنی تەورات دەیەوێ ڕۆڵی ئیبراهیم سنوردارببکات تەنیابەئورەوە کە خواوەندی سەرەکی بە بۆچونی نوێ مانگ بوو لای بۆچونی پسپۆڕانی نوێ، بەڵام مێژوونوسە کلاسیکیەکان پێیان وایە کە ئاینی زاڵ ئەستێرەپە پەرستی بوو. ، بەڵام هەڵبەت

لەهەموو عیراق مێژووی گشتی تاهاتنی ئیبراهیم زۆربەی مێژووی عیراق ئەستێرە پەرستیەوهەربۆیە لەنوسینی مێخی کە دەیانەویست بنوسن (خوا) ئەستێرەیەکیان دروست دەکرد

وە نیشانەی "ئەستێرەی هەشت پەڕ" دۆزراوەتەوە کە هێمای عەشتارە. هەروەها خوداوەند "نیبور" یان "ئینلیل" وەک خوداوەندی هەوا و گەردوون پەرستراوە.(١٥)

.

کەواتە وێستگەی یەکەم: عێراق و سەردەمی ئەستێرەپەرستی (١٩٠٠-١٧٠٠ پ.ز)بوو

لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە نوێیەکان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی ئیبراهیم تەنها لە شاری "ئور" و پەرستنی "مانگ"دا قەتیس بکەن، بەڵام مێژووی گشتیی عێراق کۆن و مێژوونووسە کلاسیکییەکان ڕاستییەکی فراوانترمان بۆ دەردەخەن. ئیبراهیم لە سەردەمێکدا ژیاوە کە پێش سەردەمی بابلی و باڵادەستیی "مەردۆخ" بووە، ئەو سەردەمە لوتکەی گەورەیی شارستانییەتی سۆمەری و ئەکەدی بوو.

بەڵگەی زمانەوانی (مێخی): یەکێک لە بەهێزترین بەڵگەکان ئەوەیە کە لە نووسینی مێخیدا، وشەی "دینگیر" (Dingir) کە بە واتای "خودا" یان "ئاسمانی" دێت، بە هێمای ئەستێرەیەک (✳) دەردەبڕدرا. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە لە چاوی مرۆڤی ئەو سەردەمەدا، "پیرۆزیی ڕەها" و "ئەستێرە" یەک مانا بوون.

وەرەکا و عەشتار: شاری وەرەکا (Uruk) وەک مەڵبەندی سەرەکیی عەشتار (کە هێمای ئەستێرەی ڤینۆس بوو) کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر هەموو ناوچەکەدا هەبوو. عەشتار تەنها خوداوەندێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو وەک "شاژنی ئاسمانەکان" دەبینرا.

ئینلیل و مرواری ئاسمان: خوداوەند ئینلیل (کە مێژوونووسە کلاسیکییەکان وەک خوداوەندی هەوا و گەردوون ناویان بردووە) وەک "مرواری ئاسمان" و هێزی بزوێنەری گەردوون پەرستراوە، کە ئەمەش ڕەهەندە گەردوونییەکەی پەرستش لای عێراقییە کۆنەکان قووڵتر دەکاتەوە.

هێمای هەشت-پەڕ: دۆزینەوەی نیشانەی "ئەستێرەی هەشت پەڕ" لە شوێنەوارەکانی ئەو سەردەمەدا، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤی ئەو کاتە قیبلەی ڕوحیی بەرەو ئەستێرەکان بووە، نەک تەنها تەنێکی ئاسمانیی دیاریکراو.

لەم چوارچێوەیەدا، دەستپێکی گەشتی ئیبراهیم لە قورئاندا بە "فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَىٰ كَوْكَبًا" (کاتێ شەو دایپۆشی، ئەستێرەیەکی بینی)، وەڵامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا گەورە بووە؛ ژینگەیەک کە "خودا" و "ئەستێرە" لە ڕووی سیمبۆلی و زمانەوانییەوە لایان یەک بووە. ئیبراهیم لێرەوە یەکەم تاقیکردنەوەی عەقڵیی خۆی دەست پێ دەکات بۆ شکاندنی ئەو هێما مێخییەی کە لە ناو مێشکی خەڵکدا چەسپابوو.

٢. وێستگەی دووەم: حەڕان (مانگ پەرستی)

حەڕان لە مێژوودا بە "شاری مانگ" ناسراوە. خوداوەندی "سین" (Sin) یان "نانا"، خوداوەندی مانگ بووە و حەڕان مەڵبەندی سەرەکیی پەرستنی بووە.

بەڵگەی ئارکۆلۆژی: شوێنەوارناسەکان لە "گردی حەڕان" بەردی نووسراوی پاشای بابلی "نەبونەید"یان دۆزیوەتەوە کە باس لە نۆژەنکردنەوەی پەرستگای "ئی-خول-خول" (E-khul-khul) دەکات، کە تایبەت بووە بە خوداوەندی مانگ.(١٦)

٣. وێستگەی سێیەم:

میسر وکەنعان لەوسەردەمەدا زیاتر وابەستەبوون و ئاینی سەرەکەی میسریەکانیش هەرلە هەزاران ساڵ پێش زاین تاهاتنی ئیبراهیمیش هەرخۆرپەرستی بووە بەناوی ئامون ورەع وئاتوون . لە کەنعانیش شاباش بوو .(١٧)

وە بەپێی گێڕدراوەکان حەڕان پێش ئەوەی ئیبراهیم تێیدا نیشتەجێ بێ هەڵگرانی ئاینی سابیئەی تێدا نیشتەجێ بوون کە پێیان وایە هەڵگری ئاینی شیس و ئیدریس ونوحن (١٨)

ئاوێتەبوونی مرۆڤایەتی و ئاوی ڕەحمەت

لە کۆتاییدا، ئیبراهیم خەلیل وەک باوکی پەیامبەران، ئەو زنجیرە زێڕینەیە کە هەموو شارە پیرۆزەکان (ئور، حەڕان، قودس، مەککە) و هەموو ئایینەکان پێکەوە گرێ دەدات. ئەو "کەعبەی فیترەت وزگماکی" بنیادی نا، جەختکردنەوەیە لەوەی کە هەموو مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا "ئاوی ڕەحمەتن". پەرستشەکان (حەج و نوێژ) دەبنە میعراجێک کە تێیدا زەمان و مەکان و مێژوو دەتوێنەوە، تاوەکو مرۆڤ لەو غەریبییەی کە مەعەری باسی دەکرد ڕزگاری بێت و لە ئامێزی میهرەبانیی "فاطر"ی ئاسمان و زەویدا جێگەی ببێتەوە.

لەبەر ئەو فۆلکلۆرە میلیە بەربڵاوەی لای خەڵک بڵاوە کە حەڕان شاری خواوەندی مانگە ، چیرۆکی ئیبراهیم (ئاوی ڕەحم کەهەموو مرۆڤەکان ئاوی ڕەحمن)کەواتە گەشتی ئیبراهیم هێمایەکە بۆ گەشتی وەچەونەوەکانی ئادەم وحەوا بۆ دەرچون لە شەقاو گەیشتنەوە بەحەقیقەت .

حەڕان وەک وێستگەی سەرسامی (حەیرانی) و نێوانگەی حەقیقەت و سەرگەردانی وێنا کراوە، بە ئاوێتەکردنی چیرۆکی ئازەر و ئیبراهیم:

حەڕان: وێستگەی حەیرانی و کۆچی ڕوح بەرەو "فاطر"

حەیرانیی ئازەر لە "حەڕان:

پێش ئەوەی قورئان بچێتە ناو وردەکاریی بینینی ئەستێرە و مانگ و خۆر، وێنەی مرۆڤێکی "حەیران" و سەرگەردانمان بۆ دەکێشێت. ئازەر (باوکی ئیبراهیم) لە شاری حەڕان، کە ناوەکەشی لە "حەیرانی"یەوە نزیکە، نموونەی ئەو مرۆڤەیە کە لە ناو قوڕی ماددە و پەرستنی بتەکاندا چەقیوە. ئەو وەک ئەو کەسە وایە کە شەیتانەکان لە زەویدا سەریان لێ شێواندووە و هاوڕێکانی بانگی دەکەن بۆ ڕێگای ڕاست، بەڵام ئەو هەر بە حەیرانی دەمێنێتەوە:

(كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا...) (الأنعام: ٧١)

واتا: "وەک ئەو کەسەی کە شەیتانەکان لەسەر زەوی کێشیان کردووە و سەریان لێ شێواندووە و بە حەیرانی ماوەتەوە، لە کاتێکدا هاوڕێکانی بانگی دەکەن بۆ لای ڕێنمایی و دەڵێن: وەرە بۆ لای ئێمە..."

ئەم حەیرانییە، وێنای کۆتایی ژیانی ئازەرە لە شاری حەڕان؛ ئەو شارەی کە مەڵبەندی پەرستنی "مانگ" بوو. ئازەر لەوێدا مرد و نەگەیشتە ئەو ڕووناکییەی کە کوڕەکەی (ئیبراهیم) بانگی بۆ دەکرد.

٢. گفتوگۆی ڕووناکی و تاریکی

ئیبراهیم بەوپەڕی میهرەبانییەوە هەوڵ دەدات باوکی لەو حەیرانییە ڕزگار بکات، بەڵام ئازەر وەڵامی ناداتەوە و لەسەر ئایینی باو و باپیرانی لە حەڕان دەمێنێتەوە:

(قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ ۖ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ ۖ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا) (مريم: ٤٦)

واتا: "(ئازەر) گوتی: ئەی ئیبراهیم، ئایا تۆ ڕقت لە خوداوەندەکانی من دەبێتەوە؟ ئەگەر کۆڵ نەدەیت، بەرد بارانت دەکەم، بۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ لێم دوور بکەوەرەوە."

ئەم دوورکەوتنەوەیە، کۆچی ئیبراهیم بوو لە "حەڕانی حەیرانی" بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر.

میعراجی ئیبراهیم لە ناو وێستگەکانی حەڕان:

ئیبراهیم لە حەڕان نەمایەوە بۆ پەرستنی "مانگ" (خوداوەند سین)، بەڵکو ئەو شوێنەی کردە وێستگەی تێپەڕین. ئەو لەوێوە دەستی پێکرد:

ئەستێرە (کۆکەب): وەک ئاماژەیەک بۆ ئایینی "ئور" کە جێی هێشت. (الأنعام: ٧٦)

مانگ (قەمەر): کە نیشانەی شاری "حەڕان" بوو، لێی تێپەڕی و گوتی: ئەگەر خودا ڕێنماییم نەکات منیش وەک باوکم و خەڵکی حەڕان دەبمە "الضالين". (الأنعام: ٧٧)

خۆر (شەمس): وەک هێمایەک بۆ گەورەترین هێزی گەردونی، کە ئەویشی تێپەڕاند. (الأنعام: ٧٨)

٤. لف و نشر: نەوەی ئیبراهیم و ڕزگاربوون لە حەیرانی

دوای ئەوەی ئیبراهیم لە حەڕان کۆچی کرد و گەیشتە "فاطر السموات والارض"، قورئان ناوی ١٨ پەیامبەر دەهێنێت (ئایەتەکانی ٨٤-٨٦). ئەم ناوهێنانە بە شێوەی (لف و نشر)ە؛ واتە هەر کۆمەڵە پەیامبەرێک وەک وەڵامێکی ڕوحی بۆ یەکێک لەو سێ قۆناغە (ئەستێرە، مانگ، خۆر) دێن، تا بیسەلمێنن کە نەوەی ئیبراهیم چیتر "حەیران" نین، بەڵکو هیدایەت دراون.

ئەنجام:

حەڕان بۆ ئازەر بوو بە گۆڕستانی حەیرانی و سەرگەردانی، بەڵام بۆ ئیبراهیم بوو بە میعراجی ڕوحی. نوێژی ئێمەش هەر وایە؛ گەشتێکە لە حەیرانیی "فاتحە"وە (کە تێیدا داوای هیدایەت دەکەین) بەرەو بینینی ڕاستەقینە لە "تەحیات"دا.

بۆیە لەقورئان کە ئیبراهیم ماوەیەک ئەستێرەوماوەیەک مانگ وماوەیەک خۆری پەرستوە دوای ئەو ئایەتانە باسی ١٨ لە پێغەمبەرانی نەوەی ئیبراهیم دەکا لەسێ ئایەت دا وەک بەشێوەی پێچانەوە(لف ونشر)ئاماژەبێ بۆ سێ قۆناغەکانی قیبلەی ئەستێرە و مانگ وخۆر . (١٩)

کاتێ خوا دەفەرموێت:﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَىٰ كَوْكَبًا ۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَا أُحِبُّ الْآفِلِينَ﴾ (الأنعام: ٧٦)

واتا: "کاتێ شەو دایپۆشی، ئەستێرەیەکی بینی و گوتی: ئەمە پەروەردگاری منە! بەڵام کاتێ ئاوا بوو و ون بوو، گوتی: من ئەوانەم خۆش ناوێت کە ئاوا دەبن."

٢. قۆناغی مانگ (گەڕان بەدوای ڕووناکییەکی گەورەتر):

(فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ) (الأنعام: ٧٧)

واتا: "پاشان کاتێ مانگی بینی گە شاوەتەوە، گوتی: ئەمە پەروەردگاری منە! بەڵام کاتێ ئەویش ئاوا بوو، گوتی: سوێند بە خوا ئەگەر پەروەردگارم ڕێنماییم نەکات، بێگومان لە ڕیزی گومڕایاندا دەبم."

٣. قۆناغی خۆر (لوتکەی تاقیکردنەوەی ماددی):

(فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَا أَكْبَرُ ۖ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ) (الأنعام: ٧٨)

واتا: "دواتر کە خۆری بینی گەشاوەتەوە، گوتی: ئەمە پەروەردگاری منە، ئەمە لە هەموویان گەورەترە! بەڵام کاتێ ئەویش ئاوا بوو، گوتی: ئەی گەلەکەم! من بەریم لەوەی کە ئێوە دەیکەنە شەریک بۆ خودا."

کەواتە بەم شرۆڤە بێ ئەستێرە پەرستی و مانگ پەرستی وخۆر پەرستی ئیبراهیم بەشێکی زۆری لەتەمەنی ئیبراهیم بردووە وبە پەرستنەی سێ ئاینی جولەکەی هۆگربەئەستێرە وسابیئ هۆگر بە مانگ و مەجوسی هۆگربە خۆری دامەزراندون.

گەشتی ئیبراهیمی و سێ قۆناغی ناسینی حەق

ئەم گەڕانە ڕوحییە لە مێژوودا بە گەشتە پیرۆزەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم بەرجەستە دەبێت. کۆچی ئەو لە شاری "ئور"ی ئەستێرەپەرستەوە بۆ "حەڕان"ی مانگپەرست و دواتر بۆ خاکی شام کە

خۆڕپەرست بوون، میعراجێکی مەعریفی بووە. ئیبراهیم لە هەموو "ئەفول" و ئاوابوونێکی ئەستێرە و مانگ و خۆردا، گەورەیی "فاطر"ی دەدۆزییەوە. قورئانی پیرۆز دوای گێڕانەوەی ئەم گەشتە، لە سێ ئایەتی یەک لە دوای یەکدا (٨٤، ٨٥، ٨٦ لە سورەتی الأنعام) بە شێوەی "لف و نشر" ئاماژە بە ١٨ پەیامبەر لە نەوەی ئیبراهیم دەکات، کە هەر کۆمەڵێکیان گوزارشت لە قۆناغێکی ئەو گەشتە و ڕزگاربوون لەو قیبلە ماددییانە دەکەن:

(وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَارُونَ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ) (الأنعام: ٨٤).

واتا: "ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان پێبەخشی و هەموومان ڕێنمایی کرد، پێشتریش ڕێنمایی نوحمان کردبوو، لە نەوەکانی ئەویش (ئیبراهیم): داود، سولەیمان، ئەیوب، یوسف، موسا و هارون (مان ڕێنمایی کرد)، بەم شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە."

(وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ) (الأنعام: ٨٥).

واتا: "هەروەها زەکەریا، یەحیا، عیسا و ئلیاس، کە هەموویان لە پیاوچاکان بوون."

(وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ) (الأنعام: ٨٦).

واتا: "هەروەها ئیسماعیل، ئەلیەسەع، یونس و لوت، کە هەموویانمان فەزیلەت دا بەسەر جیهانیاندا."

دواتر هاتۆتە حجاز وکەعبەی فیترەتی بنیاتناوە کەئەوە خۆی نەیکردوە بەڵکو نەوەکەی محمد علیه السلام ئەم قۆناغەی بەرجەستە کردوە .

چونکە ئاوێتە بونی ڕوح ولاشە لە م دنیایەدا هۆی بەدبەختی وشقایە ،بەتایبەت بۆئەوانەی کە باوەڕیان بە بوونی جیهانی تر هەرنەبێ،

ئەمە ودەقەکان بەوەی کە هەمو ڕۆڵانی ئادەم تاوانباروختابارن، (استغفارکردن وداوای لێ بوردنی زۆری پەیام بەران وهەردەم خەمباریان، کاتێ لە عبادەتی نوێژ دەبیەوە کە لە ئایندا گەورەترین پەرستشە ، کەچی وەک تاوانێکت کردبێ ،دەبێ (استغفار:داوای لێخۆشبون بکەی، دوای هەرنوێژێک ، هەراللە اکبرێک لە نوێژ دەیکەی قۆناغێکی ئیبراهیمیە ،کاتی ئەستێرەی دیت گوتی ئەوە ربی منە،تۆش کە ڕاوەستانی فاتحە دەخوێنی ،ئەمەهێمایە بۆهەزاران ساڵی مێژووی مرۆڤایەتی،کاتێ بۆت دەرکەوت اللە لەوڕوکنە گەورەترە،دەڵێی اللە لەم جیهانبینەی فاتحە گەورەترە،دەڕۆی بۆ ڕوکنێکی تر،هەروەک گەڕانەکەی ئیبراهیمە بەدوای معبودی حە ق،لە مخلوقاتی حەقدا،نوێژئەوگەشتە پڕ قلق ودووددڵیەیە،تەنیالە تەحیات وتشهد وبینین وشەهادە دان دا کە ئەوبینین وبەیەکگەیشتن ودیداروگفتو گۆیەیە کەلە شەوی معراج دا لەنێوان اللە ومحمدی پەیام بەرعلیە السلام ئەو گفتوگۆ و شهادە وبینینە ڕووی داوە بۆیە اللە لەوە گەورەترنیە ،ئەوە شهادەو بینین ودرودو تحیەی معراجە وهەموو مسوڵمانێک نوێژەکەی وسیلەوپەیوەندی وگفتوگۆکەی بەو بینین وشهادە وشهود ودروودە کۆتایی پێ دێنێ ... ،ڕازی بونی مرۆڤایەتی و(انسان وئیبراهیم وئاوی ڕەحمە کە گشت مرۆڤەکان ئاوی ڕەحمن .

هەروەک ڕاکردنەکەی ئیبراهیمە لە هەمو(بازغ وکبیروئەکبرەکانەوە) بۆ لای ڕسکێنەرو فاطر)ی جیهان وبونەوەران وزەمین وئاسمان ، وەک لەسوڕەتی ئەنعام هاتووە ....

میعراجی ڕوح و مێژوو: لە زیندانی قوڕەوە بۆ ڕووناکی فیتنەت

یەکەم: غەریبیی ڕوح و قەفەسی جەستە

ژیانی مرۆڤ لەم دنیایەدا، ئاوێتەبوونێکی پڕ لە ئازاری نێوان ڕوح و لاشەیە؛ ئەمە ئەو "تاوانەیە" کە مەعەری ئاماژەی پێ دەدات کاتێک هاتنە ناو بوون بە نادادی دەبینێت. لای سابیئە مەندائییەکان، ڕوح لە ناو "قوڕی جەستەدا" دیل کراوە و تەنها مردن دەبێتە ئاهەنگی ئازادبوونی بۆ جیهانی مەلەکوت. ئەم تێڕوانینە ڕەشبینانەیە بۆ ماددە، لە ڕاستیدا سەرەتای گەشتێکی دووردرێژی مرۆڤایەتییە بۆ گەڕان بەدوای مانا لە ناو دونیایەکی کاتی و پڕ لە مەینەتیدا.(٢٠)

گەشتی ئیبراهیمی؛ لەئوری ئەستێرەوە بۆ فاطری مەککە

ئەم گەڕانە ڕوحییە لە مێژوودا بە گەشتە پیرۆزەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم بەرجەستە دەبێت. کۆچی ئەو لە شاری "ئور"ی ئەستێرەپەرستەوە بۆ "حەڕان"ی مانگپەرست و دواتر بۆ خاکی شام، تەنها گەشتێکی جوگرافی نەبووە، بەڵکو میعراجێکی مەعریفی بووە. ئیبراهیم لە هەموو "ئافل" و ئاوابوونێکی ئەستێرە و مانگ و خۆردا، گەورەیی "فاطر"ی دەدۆزییەوە. حەڕانی حەیران وسەرگەردانی کەهەڕێش ئەو ئایەتانە لەهەمان سوڕەتی ئەنعام باسکراوە لێرەدا دەبێتە پردی بەیەکگەیشتنی ئایینەکان؛ شوێنێک کە سابیئە و مەسیحی و جولەکە و مسوڵمان تێیدا یەک دەگرنەوە و شوێنی نیشتەجێبوونی باپیرانی پەیامبەرانە.(٢١)

نوێژ وەک میعراجی ڕۆژانەی مرۆڤ

ئەم گەشتە مێژوویەی ئیبراهیم، لە ناو نوێژی مسوڵمانداندا بە زیندوویی ماوەتەوە. هەر "ئەڵڵاهو ئەکبەر"یک لە نوێژدا، قۆناغێکی ئیبراهیمییە بۆ تێپەڕاندن و بەجێهێشتنی جیهانبینە بچووکەکان بەرەو گەورەیی خودا. نوێژ ئەو گەشتە پڕ لە "قەلەق و دوودڵیەیە" کە لە فاتحەوە دەست پێ دەکات و تەنها لە "تەحیات" وتشهدو دیدار وبەکتربینینی محمدی سەروەروئیمام و کۆتایی پێغەمبەران علیه السلام دا ئارام دەگرێت. تەحیات وەک لوتکەی میعراج وایە؛ ئەو دیدار و گفتوگۆیەی نێوان خودا و پەیامبەر علیه السلام لە شەوی میعراجدا، لە کۆتایی هەموو نوێژێکدا بۆ بڕوادار دووبارە دەبێتەوە و دەبێتە خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕوح بە سەرچاوەی ڕووناکی.(٢٢)

هەرکەسێ نکولی لە بوونی ڕوح بکا هەرچەند خۆشی بە مەسیحی بزانێ دوورترین کەسە لە مەلەکوتی مەسیح:

ئەوانەی ئینکاری بوونی ڕوح دەکەن، واتە نکولی وئینکاری لە بوونی مەسیح علیه السلام دەکەن،چونکە ئەو روح الله یە ،هەربۆیە کە شارستانی ئیستای ڕۆژ ئاوا بەو حاڵەی کە زۆرێکیان نکولی لە بوونی ڕوح دەکەن ،زۆر دوورن لە پەیڕەوکردنی مەسیح و هەرگیز نە چونە ناو مەلەکوتی دینی مەسیحی .. تەنانەت هیندۆسی و جانی وبوزیەکان لە مەسیح نزیکترن لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، چونکە ئەوان زیاتر باوەڕیان بەڕوح هەیە.

کۆڕا ی زانایان هەیە ،کە روح لە دوای مردن بە ئەبەدی و هەتا هەتایی دەمینیتەوەو دەرچونی روح لە لاشە، بۆ روح مردن نیە، بەلکو ئازاد بونەوەو دوبارە گەڕانەوەیە بۆ جیهانی نزیك لە پێش ئاوێتە بوونی بە لاشە .

کەواتە دەبێ هەموومان باوەڕمان بە ئەبەدیەت وهەتاهەتایی روح هەبێ، بەڵام بۆ ئەزەلیەتی ڕوح وکەلیمەو ئەمر، ئەوانەی ئەمانە بە ئەزەلی دەزانن ،وەک ئەو مەسیحایەنەن کە مەسیح بە خوداوەندو بێ سەرەتا دەزانن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ڕوحیش دروستکراوێکی الله یە و ئەویش لەمەوپێش نەبووە ، ئەوانە مەسیح بە پەیامبەر و رسول دەزانن.

مرۆڤ کاتێ بزانێ پرۆژەی ژیانی دنیاسزای تاوانێکە،ئیدی ئەوەندە هۆگری خۆشیەکانی ئەم تەمەنەکورتەنابێ،ئەم چیرۆکە لای یەزیدیەکانیش لە مەسحەفی ڕەشدایە کەئادەم دوای خواردنی لە دارەکە زگی ئاوساوئەستوربوو،جاچونکە بەهەشت جێی سەرئاوی لێنەبوو،بۆیە ئادەم لەگەڵ مەلەک تاوس بەڕێکران بۆئاودەستی دنیاوزەوی تاخۆی خاڵی بکاتەوە،بەڵام ئادەم کۆمی بۆدروست نەکرابوو،مەلەک تاوس بەدەنوک دەرچەی کۆمی بۆکرد،ئیدی هەرئەم هاتنەسەرپێشاوەیە وتائێستاش هەرلەو ئاوەدەستەداماوینەوە، تائەوکاتەی گو ومیزمان هەبێ ئێمەشایانی گەڕانەوەنین وهەردەبێ لەوئاودەستەدابین..

١. ڕوح وەک جەوهەری مەسیح (علیه السلام)

لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئایینییەوە، مەسیح تەنها پەیامبەرێک نییە، بەڵکو خودی "ڕوح اللە" و "کەلیمە"یە. نکۆڵیکردن لە ڕوح، ڕاستەوخۆ دەبێتە نکۆڵیکردن لە مەسیح؛ چونکە مەسیح نوێنەرایەتی جیهانی مەلەکوت (نادیار) دەکات لە ناو جیهانی ناسوت (مادی).

تێبینی ڕەخنەیی: ڕۆژئاوای مادی، هەرچەندە خاچی مەسیح هەڵدەگرێت، بەڵام چونکە باوەڕی بە "ڕوح" وەک جەوهەرێکی ئەبەدی نەماوە، لە مەلەکوتی مەسیح دوورکەوتووەتەوە. لێرەدا هیندی و بوزیەکان، کە جەستە بە "وەهم" و ڕوح بە "حەقیقەت" دەزانن، لە جەوهەری مەسیح نزیکترن.

- ئەفسانەی "کەوتنەناوئاودەستی زەوی " لای ئێزدییەکان و زیندانی جەستە.

لە "مەسحەفی ڕەش"ی ئێزدییەکاندا، وێنەیەکی زۆر مادی و توند بۆ کەوتنی ئادەم کێشراوە. چیرۆکی "ئاوسانی زگی ئادەم" و دروستکردنی "کۆم" لەلایەن مەلەک تاوسەوە، گوزارشتە لەوەی کە مرۆڤ کاتێک لە دارە قەدەغەکراوەکەی خوارد، جەستەی بوو بە هەڵگری "پاشەڕۆ و پیسی".

پەیوەندییەکە: ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا فەلسەفەی مەعەری (تاوانی باوک دەرهەق بە من) و سابیئەکان (دیل بوونی ڕوح لە ناو قوڕ) و ئێزدییەکان (مانەوە لە ئاودەستی دنیا) یەک دەگرنەوە. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە جەستە و پێداویستییە مادییەکانی (خواردن، پیسایی، ئارەزوو) ئەو بەربەستە قورسەن کە ڕێگرن لە گەڕانەوەی ڕوح بۆ مەلەکوت.

٣. ڕوح لە نێوان دروستکراوبوون و ئەزەلییەتدا

لێرەدا جیاوازییەکی ورد هەیە کە ناسنامەی بڕوادار دیاری دەکات:

ئەوانەی ڕوح بە "ئەزەلی" (بێ سەرەتا) دەزانن: مەسیح بە خودا دادەنێن.

ئەوانەی ڕوح بە "دروستکراو" (بەڵام ئەبەدی دوای مردن) دەزانن: مەسیح بە پەیامبەرێکی خودا دەزانن کە هەڵگری ڕوحی پیرۆزە.

کۆڕای زانایانیش لەسەر ئەوەن کە مردن کۆتایی ڕوح نییە، بەڵکو "ئازادبوونە" لەو قورساییە ماددییەی کە لای ئێزدییەکان بە "ئاودەستی دنیا" و لای مەعەری بە "تاوانی باوک" وەسف کراوە.

پوختەی گەشتەکە (ئاوێتەکردنی هەموو بابەتەکان):

مرۆڤ لە وەرەکا و ئورەوە بە تێپەڕین لە "ئەستێرە و مانگ" ویستی لە ماددە (تەنە ئاسمانییەکان) ڕزگار بێت، لە حەڕاندا ڕووبەڕووی "حەیرانی" بووەوە، لە مەسیحییەتدا فێری ئەوە بوو کە ڕوح لە لاشە گرنگترە، و لە ئێزدیاتیدا تێگەیشت کە ژیانی دنیا تەنها تاقیکردنەوەیەکی کاتییە بۆ پاکبوونەوە لەو "پاشەڕۆ ماددییانەی" کە ڕوحیان پیس کردووە.

بازدانێک لەداهاتووەوە بۆ ڕابردوو:

ڕوح دینەمۆی سەرەکی وهەمیشەیی یەو لاشە پۆشاکیکی کاتیە ,بەلام ڕەت بون ولە بەرکردنی ئەو پۆشاکە، تاکە بواڕە بۆ دەرباز بوون لە داهاتووەوە بۆ ڕابردوو ، تاکە ڕێگایە بۆ پەڕینەوە لە بەربەستی زەمەن و ئەوەی فلمەکانی ئەندیشەی زانستی پێ ی دەڵێن گەشت کردن بە کات ودەم وزەماندا.

هە ڕوەك لە قورئان وتەوڕات پێش یوسفی هێمای داهاتوو چەندین سەدە پێش موسای ئەمس و دوێنێ یە , هەروەك پەیڕەوانی قوتابخانەی ئیسمی کە قوتابخانەیەکی فەلسەفی یە دەڵێن لە کۆتایی دا جنس ورەگەزو لاشەکان لە ناو دەچن و تەنیا ئیسمەکان دەمێنن , کە ئەم بۆچونەیان ڕاستیەکی ڕێژەییە.

ئەی دایك وباوکی بەڕێز ،کە تۆ لە کۆتایی بەردە بازەکەی و ڕۆلەو نەوەکانت تازە هاتونەتە سەر بەردەبازەکە ,تۆ زۆرت نەماوە ئاوێتەی لاشەو ڕوحت لێك بێتەوەو بەرەو جیهانی ڕوحی بەڕێ

دەکەوێەوە,ئەو خونچە ڕوح شەیدایانەش تازەبەتازە ڕوحیان توشی قەفەسی لاشە بوە ,پێویستیان بە دەست گیرۆیی وڕینمایی تۆیە کە لە شارەزایی خۆت وڕابردوانی خۆت پێ یان بڵێی ، وشەو بەهاکانیان بۆ لە شوێنی شیاوی خۆی دابێ ی و چەواشەیان نەکەی ، شتی بچوك و بێ بەهایان لێ مەکە بەکێو،وە شتە بەنرخ وگران بەهاکانیان لە لا بچوك مەکەوەوە, زۆر دلسۆزانە وبوێرانە ئەم ڕۆڵانەت ئامادە بکە چونکە ئەوانە تاکە زەمینەی ئەم بواری پەڕینەوەو تاکە مامۆستاو ڕێنمایی کەری ئەو ڕێبوارانەن کە هێشتالە دایك نەبوون ولە جیهانی غەیب و بۆتەی داهاتودان.

ئەم تێڕامانە فەلسەفییە لوتکەی تێکەڵکردنی "فیزیا و میتافیزیا"یە؛ تێیدا کات تەنها هێڵێکی ڕاست نییە، بەڵکو بازنەیەکی گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە. لێرەدا ڕوح وەک "گەشتیارێکی کات" وێنە کراوە کە جەستە تەنها ئامرازێکی کاتییە بۆ پەڕینەوەی لە وێستگەکانی بوون.

لێرەدا شیکاری و دارشتنەوەی ئەم دیدگایە بۆ دایک و باوکان و نەوەکانی داهاتوو دەخەینە ڕوو:

گەشتکردن بە ناو کاتدا: لە داهاتووەوە بۆ ڕابردوو

١. ڕوح وەک دینەمۆی تێپەڕاندنی زەمەن

لە زانستی ماددییدا، گەشتکردن بۆ ڕابردوو بە مەحاڵ دادەنرێت، بەڵام لە فەلسەفەی ڕوحیدا، ڕوح چونکە لە ڕەگەزی "ئەمر" و "کەلیمە"یە، ملکەچی سنوورە فیزیکییەکانی کات نابێت. لاشە وەک پۆشاکێکە کە ڕوح لە دەوری خۆی دەئاڵێنێت تا بتوانێت لەم جیهانە مادییەدا (زەمان و مەکان) کار بکات. کاتێک مرۆڤ لەم پۆشاکە ڕزگاری دەبێت، لە ڕاستیدا لە "داهاتوویەکی نادیار"ەوە دەگەڕێتەوە بۆ "ڕابردوویەکی ئەزەلی" کە پێش ئاوێتەبوونی بووە بە لاشە.

٢. هێمای پێغەمبەران و فەلسەفەی "ناو" (ئیزم)

ئاماژەدان بەوەی کە "یوسف" هێمای داهاتووە و پێش "موسا"یە (کە هێمای دوێنێیە)، ئاماژەیەکی قوڵە بۆ ئەوەی کە لە جیهانی ڕوحدا ڕێزبەندیی کات بەو شێوەیە نییە کە ئێمە دەیبینین.

وەک چۆن قوتابخانەی "ئیسمی" (Nominalism) دەڵێن: لە کۆتاییدا ماددە و ڕەگەزەکان دەتوێنەوە و تەنها "ناو و مانا"کان دەمێننەوە.

ئەمە ئەو ڕاستییە ڕێژەییەیە کە دەڵێت: ناوی مرۆڤ و جەوهەری ڕوحی، زۆر لە جەستە و پێکهاتە بایۆلۆژییەکەی ئەبەدیترە.

ئەرکی دایک و باوک: مامۆستایانی بەردەبازەکە:

تۆ وەک دایک و باوک، لە کۆتایی "بەردەبازی" ژیانی مادی نزیک بوویتەتەوە؛ ڕوحت خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ داماڵینی پۆشاکە کاتییەکە. لە بەرامبەردا، منداڵەکانت (ئەو خونچە شەیدایانە) تازە بە تازە ڕوحیان لە "قەفەسی لاشە"دا دیل بووە.

ڕێنمایی گەورەکان: ئەرکی تۆ ئەوەیە کە شارەزایی خۆت و ڕابردوان وەک "نەخشەی ڕێگا" بدەیتە دەستیان.

بەهاکان: نابێت ڕێگا بدەیت "بێ نرخەکان" لای ئەوان ببێتە "کێو" (مەبەست لە چاوچنۆکیی دونیا و ماددەیە)، و نابێت "گرانبەهاکان" (ڕوح و مەعریفە) لایان بچووک بێتەوە.

٤. پەیوەندی بە جیهانی غەیبەوە

ئەو منداڵانەی ئێستا لە بەردەستدان، تەنها نەوەی تۆ نین، بەڵکو ئەوان "تاکە زەمینەی پەڕینەوەن" بۆ ئەو ڕوحانەی هێشتا لە دایک نەبوون. ئەوان دەبنە مامۆستای ئەو نەوەیانەی کە ئێستا لە "بۆتەی داهاتوو" و جیهانی غەیبدان. بەم شێوەیە، پەروەردەیەکی ڕاست و دروست دەبێتە پردێک کە "ڕابردوو" (ئەزموونی تۆ) دەبەستێتەوە بە "داهاتوو" (نەوەی نەهاتوو).

کۆمێنت و بەستنەوە بە باسەکانی پێشوو:

ئەم بابەتە بازنەی باسەکەمان تەواو دەکات؛ ئەگەر لە ئور و حەڕانەوە گەشتی ئیبراهیمی بۆ دۆزینەوەی "فاطر" دەستی پێکرد، و ئەگەر مەعەری و ئێزدییەکان باسی زیندانی جەستەیان کرد، ئەوا ئەم باسە"نەخشەی ڕزگاربوونەکەیە. ڕزگاربوون لێرەدا بە واتای ڕاکردن لە ژیان نییە، بەڵکو بە واتای "پەروەردەکردنی ڕوحە لە ناو لاشەدا، تاوەکو کاتێک کاتی گەڕانەوە هات، ڕوحەکە بە "شارەزایی" و "مەعریفە"وە بەرەو مەلەکوت بفڕێت.(٢٣)

پێگەی مرۆڤ لە کرداری خود ناسیندا:

مرۆڤ دروستکراوێکی زۆرئاڵۆزو بەڕێزە لە ناو ئەم بونەوەرەدا، هەربۆیە کە اللە خلافەت و جینشینی لەم زەویەدا پێ سپاردوە، وەهەر کەسێك کە باوەڕ بە بوونی هەردوو لایەنی روحی و غەریزی و مادی ئەم بونەوەرە بەڕێزە نەهێنێ,وە هەردوو لایەنی ڕوحی ومادی لە شوێنی شیاوی خۆی دانەنێ ,ئەوە نەخۆی و نە مرۆڤیکی تریش دەتوانێ بناسێ, وەکە تۆ خۆت و کۆمەلگات نەناسی ,ئاڕاستەی خۆت و کەسانی ژیر دەستت نادۆزیەوە و ناتوانی بەختەوەری بدۆزیەوە.

بزانە کە روحی مرۆڤ ئەو بونەوەرە لەتیفەیە کە ئیمە -کەمیك نەبێ- لە بارەیەوە نازانین ,جاکاتێ کە وابەستەو ئاوێتەی ئەم بەردەبازە بوو ,کە جیاکەرەوەی داهاتوی روحە لە رابردوو , هەردوو لا دوو دەریای بێ پایانی روحین ,بەڵام ئەم بەردە بازە دەیەوێ وەها ئەم روحە بە خۆیەوە وابەستە بکا کە ڕابردوو و داهاتوی بیر بەرێتەوە ,بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارو دەسەڵاتی پەروەردگار شیانی داوەتە ئەم بەردەبازە کە وەك سەما کەرێك، هەمەرەنگی وفرە لایەنی وڕاڕایی نمایش بکاو بەو پەڕی لیهاتوویی و کارامەیی، سەرنجی ریبوارانی بەردەبازەکە بۆلای خۆی بەشیوەیەك ڕاکێشێ ,کە بیریان بچێتەوە ئەوان ڕێبوارن,بۆ چەند ساتێك تەنها ئەو بەردەبازە بە حەق بناسن، هەست بەبوونی داهاتوو و رابردوو ی ڕوح نەکەن .

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

هەندێ رو ح زۆر بەتوندی دیل کراوی لاشەکانیانن,هەندێ ڕوحی تر چۆك بۆلاشەکانیان نادەن و پەیوەندیان پێوەی لاوازە.

ڕوحی مرۆڤەکان لە وابەستەییان بەلاشەکانیانەوە جیاوازن،لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێ،هەندێ لە خاوەن بەهرەڕوحیەکان دەڵێن:

بەمندالی پێش چونە قوتابخانە ,دەم توانی روحم لە لاشەم دەربێنم وبچمە بنمیچی خانوەکە و سەیری لاشەکەم وەك نوستوو بکەم,بەلام هەر لەگەڵ چونە قوتابخانە ئەو توانایەم نەما و بزر بوو,باوکم تابلۆی مرۆڤێکی بەدیوارەوە هەڵواسیبوو،من دەم توانی بەڕوح بچمە ناوئەو تابلۆیە وئەوتابلۆیە لە بەرچاوی من لە دیوارەکە بەڕوحی من دەهاتە خوارو ماوەیەک لە دەوروبەری لاشەکەم یاریم دەکرد وپاشان تابلۆکەم بەڕوحم دەبردەوە بەدیوارەکەوە هەڵم دەواسی ودەچومە لاشەکەمەوە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندی روح لە گەڵ لاشە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە,گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ، هەرچەند ئارەزوە کان وداخوازیەکانی سەر بەردەبازەکە خەریکی بکەن ,با ئەوەی لە بیر نەبەنەوە کە ئەو ڕێبوارێکەو ئەم بەردەبازە تەنیا چاو تروکانیکە لە تەمەنی روحی ئەودا,ئەو کەسانەی کە نکولی لە لایەنی روحی و لە بوونی روح دەکەن ,ئەوانە جۆرێك سەرکوت کردن و ستەمێکی یەکجار گەورە لە گرنگترین بونەوەری ئەم گەردونە دەکەن,کە دینەمۆوجولێنەری ئەم گەردونەیە وتاکە پردی متمانە پێکراوی نێوان مرۆڤی سەردەستەی مەخلوقات و خالقەکەیەتی.

ئەم سەرکوت کردنەش لە ئەنجامدا دەبێتە بورکانێك لە ژیانیاندا و زۆر دژوارترە لەو کەسانەی توشی سەرکوتکردنی جنسی و جینۆسایدی نەتەوەیی ودینی و وگەمارۆی برسێتی دەبن ,ئەم بورکانە کە تەقیەوە وایان لی دەکا کە تام لە ژیانی لاشەیی یان ناکەن, جاری وایە ئەوانەی کە هیچ دینیکیان نیە ,تەنانەت باوەریان بە بوونی بەدیهێنەرێک وەك خالقی بونەوەر نیە ,بەلام باوەڕیان بە روح هەیە,وەهەلدەستن بەوەرزشی بە هێز کردنی روح,جا هەروەك چۆن ئەو مرۆڤەی کە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بەدەستەکانی یاری دەکا ،پاش ماوەیەك ماسولکەکانی دەستەکانی پتەو دەبن ,روحیش بە وەرزشی بەهێزکردنی روح ئیشراق دەکا ,لەوانەیە کە پەیڕەوی ڕاست نیشانی خاوەنەکەی بدا ,بەلام ئەو کەسانەی کە ئەم وەرزشانە دەکەن بەمەبەستی ناوبانگ یان دەست کەوتنی دارایی یان ئامانجێکی سیاسی یان عیشق ,کە گەیشتنە ئەو ئامانجانە، ئیدی لەوە زیاتر ناڕۆن ,چونکە ئەو کەسەی دوای بینینی ئەو ڕاستیانە باوەڕی بە بوونی عالمی شاراوە و مەرکەزیەت ومەڵبەندی بوونی جیهانی غەیب وڕوح بۆ گشت جیهان و بونەوەران نەهینا و ئامادەی خۆ گۆڕین نەبوو ,ئەوە شایانی ئەوە نیە کە چیتر لەو ئامانجەی بۆخۆی داناوە بۆپێشەوە بچێ .

ئەم تێڕامانە قوونڵە، مرۆڤ لە "بووەرێکی مادی"یەوە دەگۆڕێت بۆ "ناوەندێکی گەردوونی" کە زەوی و ئاسمان، و ڕابردوو و داهاتوو پێکەوە گرێ دەدات. لێرەدا مرۆڤ نەک هەر جێنشینی خودایە لەسەر زەوی، بەڵکو تاقە بونەوەرێکە کە دەتوانێت لە یەک کاتدا لەسەر "بەردەبازی زەوی" بێت و ڕوحی لە "دەریاکانی غەیب"دا مەلە بکات.

لێرەدا شیکارییەک بۆ ئەم باسە و بەستنەوەی بە وێستگەکانی پێشووەوە دەخەینە ڕوو:

١. بەردەبازی ژیان: سەمای فریودەر:

وەسفکردنی دونیا بە "بەردەباز" وێنایەکی زۆر وردە. ئەم بەردەبازە (لاشە و ژیانی مادی) وەک سەماکەرێکی کارامە وایە؛ هەموو ڕەنگ و جوانییەکانی خۆی نمایش دەکات تەنها بۆ ئەوەی ڕێبوارەکە (ڕوح) سەرەتا و کۆتایی خۆی بیر بچێتەوە.

کاتێک مرۆڤ تەنها بەردەبازەکە بە "حەق" دەناسێت، دەکەوێتە ناو داوی "بیری کورت" و لە ئەبەدییەتی ڕوح دادەبڕێت.

ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەو "حەیرانی"یەی کە پێشتر باسمان کرد؛ مرۆڤ کاتێک لە سەر بەردەبازەکە سەرسام دەبێت، تووشی حەیرانی دەبێت و قیبلەی ڕاستەقینەی لێ ون دەبێت.

٢. جیاوازیی وابەستەیی: ئەزموونی دەربازبوونی ڕوح

ئەو ئەزموونەی باسم کردووە سەبارەت بە "چوونە ناو تابلۆکە" یان "سەیرکردنی لاشە لە بنمیچی خانوەکەوە"، لە زانستی ڕوحییدا بە "گەشتی ئەسیری" (Astral Projection) یان تەنەکەبوونی پەیوەندیی نێوان ڕوح و لاشە دەناسرێت.

ئەم توانایە لە منداڵیدا بەهێزترە، چونکە منداڵ هێشتا نەکەوتووەتە ژێر باری قورسی "مەعریفەی مادی" و "قوتابخانە" کە مرۆڤ ناچار دەکات تەنها باوەڕی بەوە بێت کە دەیبینێت.

هەندێ ڕوح وەک "دیل" وان لە ناو لاشەدا، بەڵام هەندێکی تر (وەک ئەوانەی خاوەن بەهرەی ڕوحین) دەتوانن جاروبار لە قەفەسەکە بێنە دەرەوە و لە دەرەوەی کات و شوێن سەیری "بەردەبازەکە" بکەن.

٣. ستەمی گەورە: سەرکوتکردنی ڕوح

نکۆڵیکردن لە ڕوح، تەنها بیروڕایەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو "جینۆسایدێکی ڕوحی"یە، ئەم سەرکوتکردنە لە بورکانی سێکسی و سیاسی مەترسیدارترە.

کاتێک مرۆڤ لایەنی ڕوحیی خۆی دەکوژێت، تام و چێژ لە ژیانە مادییەکەشی ناهێنێت، چونکە دینەمۆ و بزوێنەری ژیان (کە ڕوحە) پەککەوتووە.

ئەم بورکانە لە ناوەوە دەتەقێتەوە و دەبێتە هۆی پووچگەرایی و بێواتایی ژیان، کە ئێستا لە ناو شارستانییەتی مادیی ڕۆژئاوادا بە ڕوونی دەبینرێت.

وەرزشی ڕوح و ئیشراق:

ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە تەنانەت بیدینەکانیش ئەگەر وەرزشی ڕوحی بکەن (وەک مێدیتەیشن یان یوگا)، ڕوحیان دەست دەکات بە "ئیشراق" و درەوشانەوە.

بەڵام لێرەدا مەترسییەک هەیە: ئەگەر ئامانج لەم وەرزشە تەنها "ناوبانگ و پارە و عیشق" بێت، ڕوحەکە لەو ئاستەدا دەوەستێت.

ڕوحی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەگەشێتەوە کە ئامانجی تێپەڕاندنی "بەردەبازەکە" بێت و باوەڕی بە "جیهانی غەیب" وەک چەق بوون هەبێت. مرۆڤ ئەگەر ئامادەی "خۆگۆڕین" نەبێت، ڕووناکی ڕاستەقینەی بۆ دەرناکەوێت.

(بەستنەوەی هەموو وێستگەکان):

ئێستا وێنەکە بە تەواوی ڕوون بووەوە:

ئیبراهیم لە وێستگە ماددییەکانی (ئور، حەڕان، کەنعان) گەڕا تا لە "بەردەبازەکە" تێپەڕێت و بگاتە "فاطر".

مەسیح ڕێگای مەلەکوتی ڕوحی پیشان داین و سابیئەکان هۆشداریان داین کە لێرە غەریبین.

وە باسی قورسیی جەستەمان کرد و ڕێگای "خۆناسین"مان تەواو کرد؛ بەوەی کە ڕوح پردی متمانەی نێوان مەخلوق و خالقە.

مرۆڤ کاتێک دەتوانێت بەختەوەر بێت، کە بزانێت ئەو ڕێبوارە و ئەم تەمەنە تەنها "چاو تروکانێکە". خودناسین لێرەدا واتە: ناسینی ئەو ڕوحە لەتیفەیەی کە لە "دەریاکانی غەیب"ەوە هاتووە و بۆ ئەوێش دەگەڕێتەوە.

ئەمە داڕشتنەوەیەکی فەلسەفی و قووڵە بۆ ئەو تەوەراوێزانەی کە باسمان کردن، کە تێیدا ململانێی نێوان "ئازادیی هەڵبژاردن" و "کەوتنی مرۆڤ" لە دیدگایەکی گشتگیرەوە دەخەینە ڕوو:

مەتەڵۆکی جێنشینی: لە نێوان ڕێزی خودا و کێشمەکێشی مرۆڤدا

- زانایی ئادەم و ئەمانەتی ستەمکارانە:

خودای گەورە ئادەمی بە زانستێک ڕێز لێ گرت کە فریشتەکانی تێدا دەستەوسان بوون، هەربۆیە فەرمانی پێ کردن سوجدەی بۆ ببەن. بەڵام ئەم زانیاریە، وەک "ئەمانەتێک" خرایە بەردەم بوونەوەرەکان؛ ئاسمان و زەوی و چیاکان لە ئاست قورسییەکەیدا ترسان و ڕەتیان کردەوە، کەچی مرۆڤ بە زەبری "هەڵبژاردنی ئازاد" باری کێشا. قورئان ئەم وەرگرتنە بە دوو سیفەتی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە: (نەزانی) و (ستەمکاری).

(إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ ۖ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا) (الأحزاب: ٧٢)

واتا: "بێگومان ئێمە سپاردە و ئەمانەتەکەمان (ئەرکی جێنشینی و بڕیاردان) خستە بەردەم ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان، بەڵام ئەوان نەیانوێرا هەڵیبگرن و لێی ترسان، کەچی مرۆڤ هەڵیگرت، بەڕاستی مرۆڤ زۆر ستەمکار و نەزانە."

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو زانستەی ئادەم کە فریشتەی پێ تێپەڕاند، هەمان ئەو زانستە بێ سوودە نەبوو کە پێغەمبەر (علیه السلام) پەنای لێ دەگرت؟ زانستێک کە تەنها دەبێتە هۆی ستەم لە خۆکردن و کێشانی باری گران؟

٢. زنجیرەی مەینەتیی باوکانی پێشەوا

هەرچەندە خودا تەوبەی لە ئادەم قبوڵ کرد، بەڵام "هەڵبژاردنی مرۆڤ" بۆ مانەوە لە ژێر ئازاردا کۆتایی نەهات. نوح و ئیبراهیم بوونە باوکی مرۆڤایەتی و پێشەوای ئیمانداران، بەڵام ئەم پێشەوایەتییە زنجیرەیەک مەینەتی بۆ نەوەکانیان بەدوای خۆیدا هێنا. بەهۆی خۆزگەو شەوق وتامەزرۆیی یەعقوب بۆ بینینەوەی یوسف وتامەزرۆیی یوسف بۆ بینینی دەرەنجامی خەونی منااڵی نەوەی ئیسرائیل لە میسر کۆکرانەوە، بەڵام دەرچوونیان لەوێ باجێکی قورسی پێ دان. ئایا ئەمە

تەنها خواستێکی خودایی بوو؟ یان خودا ڕێزی لە "هەڵبژاردنی مرۆڤ" گرت کە هێشتا دەروونی لە تاقیکردنەوەی ئازادی تێر نەبووە؟

٣. نهێنیی مەلەکوت: لە نێوان وازهێنان و دەسەڵاتدا

مەسیح و محەمەد (سڵاوی خوایان لێ بێت) وەک دوو کلیلی گەڕانەوە بۆ مەلەکوت دەرکەوتن. نهێنیی بانگەوازی ئەوان لە وازهێنان لە پلە و پۆست و دەسەڵاتی دنیاییدا بوو. محەمەد (علیه السلام) هۆشداری دەدا کە دنیا لای خودا هێندەی باڵە مێشوولەیەک بڕ ناکات:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (لَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ)(٢٤)

واتا: "ئەگەر دونیا لای خودا بەقەد باڵە مێشوولەیەک بەهای هەبوایە، نەیدەهێشت بێبڕوایەک قومێک ئاوی لێ بخواتەوە."

بەڵام لە هەمان کاتدا، دەق گەلێک دەبینین کە باس لە درێژەدان بە حوکمڕانی و دەسەڵاتی ئوممەت دەکەن. ئەم "دووفاقەییە" ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ هێشتا لە نێوان دوو جەمسەردایە: جەمسەری ڕوحی کە مەلەکوت دەخوازێت، و جەمسەری جەستەیی کە تامەزرۆی دەسەڵاتی سەر "بەردەبازەکە"یە.

٤. سزای خۆزگە و خەون:

ڕێزگرتن لە حەزئەم تێڕامانە لە فەلسەفەی بوزی و بەرهەمییەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. تا ئەو کاتەی ڕوحی مرۆڤ خەون و خۆزگەی مادیی مابێت و بیەوێت "یۆتۆپیا" و شارێکی نموونەیی

لەسەر زەوی دامەزرێنێت، خودا ڕێزی لێ دەگرێت و نایباتە ناو "نێرفانا" و ئارامیی ڕەها وبەدەربڕینی ئیسلامی ناگەڕێتەوەناو مەلەکوت وبەهەشتی هەتاهەتایی .

مانەوە لەم جیهانەدا، هەم سزایە و هەم ڕێزگرتنە لەو "حەزەی" کە ڕوحی مرۆڤ هێشتا هەیەتی.

مرۆڤ تا تێر نەبێت لە خەیاڵی پڕۆژە زەوینییەکان، شایانی ئەوە نییە ئاوێتەی مەلەکوتی ڕەحمان بێتەوە .

ئەنجامگیری :

هەموو ئەمانە دەمانگەڕێننەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە خۆناسین واتە ناسینی ئەو "ئەمانەتە" قورسەی کە هەڵمانگرتووە. ئێمە جێنشینین چونکە "ئازادیمان" هەڵبژارد، بەڵام ئەم ئازادییە باجەکەی "مەینەتی و دووركەوتنەوە بوو لە مەلەکوت". گەڕانەوە بۆ مەلەکوتیش تەنها ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ لە "خەونی پڕۆژەکان" بەئاگا بێتەوە و تێبگات کە ئەم بەردەبازە تەنها شوێنی پەڕینەوەیە، نەک جێگیربوون.

-دین وپەیام وشەرعەکان ڕوحی یاساو ڕێساونەریتەکانن:

اللە هەزاران شەریعەت وپەیامی بۆ ریکخستنی ئەم تەمەنەکورتەی بەردەبازەکە ناردوە تاکو هاوسەنگیەکەی بپارێزێ و ڕێبواری تێپەڕبوو بەم گوزەرەدا بە سەرکەوتویی بپەڕێتەوە,خۆ بۆ ئەوە دانەنراوەکە ئێمە هەرخەریکی لایەنە ئیجابیەکانی بەردەبازەکەبین , بەڵکو دەبێ پێش هەمو شت ئیمانێکی یەقینمان هەبێ کە هەردوو لای بەردەبازەکە دوو دەریای ئەبەدی و لەبن نەهاتووی لاهوتین و ,ئەم مانەوەمان لە م ناوەراستە هەم پشویەکەو هەم پەرەدان ومانۆڕێکە بۆروح ،کە لە کاتی دابڕینی لاشە لەناوەندە هەمیشەییە کەی کە روحە،. چەندە خۆگونجێن و چەندە بەهێزەو کامەشیا ن زوو خۆی لە بیردەکا؟ ئەم روحە وەك ماسیەکە وایە کە لە ئۆقیانوس ڕاو دەکرێ و لەناو گۆزەڵکە ئاوێك بەند دەکرێ کە لاشەی مرۆڤە ,ئەم بەردەبازە خۆ ئامادەکردنە بۆ ژیانێکی

ڕوحی پڕ مەعریفەت تر، بۆیە دەبێ کە هەمیشە لە بیری ئەوەدابین کەلەم ماوەی مانەوە لەسەر ئەم بەردەبازە شتەکانی بە هاوسەنگی بەکار بێنین و هیچ لایەنیکی بۆلایەنەکەی تر فەرامۆش نەکەین, ئەوانەی کە تەنیا بەردەبازەکە دەبینن و ڕابردوو وداهاتوی روح نابینن ئەوانە روحیان دەخنکینن و خۆیان لە ژیانی ئەبەدی بێ بەش دەکەن,کەواتە بۆچوونی راست ئەوەیە کە ئەم بەردەبازە هۆکارو وەسیلەو ئامرازە بۆ گە یشتن بە مەبەستێك کەلەدوای ئەم بازدانە دەیبینین و دەبین بە بەشیك لەوپانتایی ڕوحانیەتە ،هەروەك پێش ئاویتە بوون بەشیك بوین لەو پانتاییە بێسنوورە.

پێغەمبەر (علیه السلام) ئەم غەریبی و تێپەڕبوونەی بەم شێوەیە کورت کردووەتەوە:

(كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)(٢٥)

واتا: "لە دنیادا وا بژی وەک ئەوەی غەریبێک بیت، یان ڕێبوارێک بیت کە بە ڕێگایەکدا تێپەڕ دەبێت."

لەگەل ئەم دۆزینەوە زۆرانەی تەکنەلۆژیا ئیمە نەك هەر جیهانە راستەقینەکەی خۆمان نەدۆزیەوە,بەلکو زیاتر لیمان بزربوو ,چونکە زۆربەی بوارە زانستیەکانی ئەم سەردەمە نکولیان لە بوونی روح کرد و ئەو لایەنەیان بەتەواوی ڕەت کردەوە,,هەربۆیەش خەلکی ئەم سەردەمە وەهاباوەشیان بەو بەردەبازەدا کردوە ,وەك ئەوەی بۆ مانەوەی هەتا هەتایی هاتبن وبۆ پەڕینە وە نەهاتبن,,ئەوە وەك ئەوە وایە کە بە حیوانە منویەکەی کە لەگەل هیلکەکەی منداڵدان پیتێنی کردوە، پێ ی بڵێ ی کە ئەم هیلکە وجود وحقیقەتی ئەوەل وئاخیرتەو بەکۆتایی ئەو هیلکەو ئاوەڵە هەموو شت کۆتایی پێ دێ و دەبیتەوە عەدەم .

ئەوەتا خوا دەفەرموێ :(يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) (الروم: ٧)

واتا: "ئەوان تەنها ڕواڵەت و دیاردە دەرەکییەکانی ژیانی دنیا دەزانن، و لە حەقیقەتی کۆتایی و جیهانی دواڕۆژ بێئاگان."

لە بت پەرستیی کۆن"ەوە تا "ئەتۆم پەرستیی وهێز پەرستی نوێ هەموویان کارگەی بەرهەمهێنانی ستەم و چەوساندنەوەن:

کاتێک مرۆڤ پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی ڕوح دەپچڕێنێت. ئەگەر بەردەبازەکە ببێتە هەموو شت، ئەوا مرۆڤ لە "جێنشینی خودا"وە دەبێتە "درندەیەکی تەکنەلۆژی".

دۆزەخی بێ ڕوحی: مرۆڤ وەک کاڵایەکی "دەواجن"

-داڕمانی ڕەوشت لە غیابی ئەبەدییەتدا

کاتێک مرۆڤ باوەڕی وابوو کە ژیان تەنها ئەم چەند ڕۆژەی سەر بەردەبازەکەیە و هیچ حیساب و کتابێک لە ئارادا نییە، ئیتر هیچ پاساوێک نامێنێت بۆ پابەندبوون بە ڕەوشت و وێژدان.

بۆچی دکتاتۆرییەت نەکات؟

بۆچی دەست نەگرێت بەسەر مالّی ئەوانی تردا؟

ئەگەر کۆتاییەکە هەر "نەبوون" بێ، بۆچی چێژەکانی لە ترۆپکدا نەبێت؟

ئەم شاکارەی پەروەردگار کە مرۆڤە، کاتێ کە لە جیهانی ڕوح و ئەبەدیەتی داهاتوی بپچڕێ و بە بەردەبازەکەیەوە گرێ بدرێ ,ئەوە دەبیتە درندەیەکی هارو بەهاو ڕەو شت و هاوسەنگی لەلای ئەو هیچ واتایەکی نامێنێ ,چونکە بوون هەر ئەوەندە تەمەنەیە و کۆتایی دێ ,ئیتر بۆ بە ڕەوشت و پابەندی یاساوڕیسابێ و ئەوەندە تەمەنەی بەفیڕۆبدا؟ بۆ تا ترۆپکە لە ئارەزوەکانی ڕۆنەچێ و بۆ شتێک هەبێ ناوی حەرام و بەهای ڕەوشت وعەیبە بێ؟بۆ مومارەسەی دکتاتۆریکی ڕەهاوبێ

سنورو تاکرەویکی داگیرکار نەکا؟بۆچی گوێ لە ویژدان بگرێ و بۆ واز لە کوشتن وبرین و ڕابواردن بینێ ؟بۆ بەتەنگ هاوسەنگی ودادگەریەوە بێ؟خۆناسین و فیربون وشەونخونی بۆچیە کە لە ئارەزوبازی دورخاتەوە؟؟

لێرەدا مرۆڤ تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت کە قورئان وەسفی دەکات:

(كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ * أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ) (العلق: ٦-٧)

واتا: "نەخێر، بەڕاستی مرۆڤ سەرکێشی و یاخیبوون دەکات، کاتێک دەبینێت دەوڵەمەند و بێپێویست بووە (لە ڕووی مادی و دەسەڵاتەوە)."

لە خێزانەوە بۆ "دەواجن"ی مرۆیی

ترسناکترین دیمەنی داهاتوو ئەوەیە کە مرۆڤی تەکنەلۆژیا، وەک چۆن هێلانەی باڵندەکانی تێکدا و خستنیە ناو ئامێر و "دەواجن"، ئاواش هێلانەی خێزان تێک بدات.

کاتێک ئەوین و عەشق و ژوان وەک "سۆزی بێمانا" دەبینرێن، مرۆڤ دەبێتە ڕۆبۆتێک.

بیرۆکەی "کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ" (بەبێ دایک و باوک) گەورەترین هەڕەشەیە؛ مرۆڤ گەلێک کە تەنها بۆ کوشتن و کارکردن دروست دەکرێن و کەس نییە بۆیان پەرۆش بێ. ئەمە لوتکەی "نەزانی و ستەمکاری" (ظلوماً جهولاً)ی مرۆڤە کە ئەمانەتەکەی بۆ وێرانکاری بەکار دەهێنێت.

لەم جۆرە دەوروبەرەش دا پەروەردەکردن و پابەندی و یاساو ڕێسا تەنیا لەمپەر و ڕێگرن وچی تر نین وهیچ سودیکیان نیە و دەبێ لەناو ببرێن,بۆیە کە دەروننناسان روح نەناسن و ئەم جیهانە وەك ریرەوو بەردەباز نەبینن، هاوسەنگی و پەروەردەو شیرازەی هەموو ژیان تیك دەچێ..

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بۆ هێلانەی خێزان وجوت بوون وهاوسەرگیری پێویستی بە خۆشەویستی و پێک هەڵگوتن وئەوین و تامەزرۆبوونێدیدارو ژوان بێ ؟ ئەدی ئەوەنیە کە مرۆڤ سەردەمی تەکنەلۆژیا هێلانەی ئەوینی پەلەوەروشیردەرەکانی لەسەر چڵی درەختەکان وناو باخ وبێستانەکانی سروشت تێک داو هەمووی خستنە ناو ئامێرودەزگاودەواجن ؟ هەرخۆی دەیپێتێێ وهەرخۆی بەخێرایی زۆری دەکا؟ ئەی بۆ لەجیاتی کۆمەڵێک خێزان وگەڕەک وشارو قوتابخانە و پەروەردە وياساودادگا بۆ کۆمەڵێک دەواجنیش بۆ بەرهەم هێنانی مرۆڤ بنیات نەنێ کەکۆمەڵەیەکی زۆر مرۆڤی بێ دایک وباب بەرهەم بێنێ کەلەکوێ وێسترا بەکوشت بدرێن ولەکوێ وێسترابەکاربێنرێن وکەس نەبێ بۆیان پەرۆش بێ ؟ بۆ جیهان بەرەوجیهانێکی ڕۆبۆتی نەبرێ ؟

زانستی بێ سوود و کێبڕکێی جینۆسايد:

ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە پێشتر کردمان: ئایا زانستەکەی ئادەم زانستێکی بێ سوود بوو؟

کاتێک زانست تەنها دەبێتە خەستکردنەوەی یۆرانیۆم و دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، دیارە مرۆڤ تەنها ئەو زانستەی هەڵبژاردووە کە "سودی نییە".

وەک دەبینین هەموو پێشکەوتنەکەی مرۆڤ بۆتە ئەوەی مرۆڤ بەدوای هێزی قڕکەروجینۆسایدکەردا دەگەڕێ و هەرخەریکی خەستکردنەوەی یۆرانیۆم وبۆمبی ئەتۆمی وهایدرۆجینی وچەکی کۆکوژە ، وەلە مل ملانێی ئەوەدایەکەهاوبڕکێکەی نابێ بگاتە ئەو زانستە وکەزانی دەگا جینۆسایدی دەکا .

کێبڕکێی هێزەکان ئێستا لەسەر ئەوە نییە کێ زیاتر خزمەتی ڕوحی مرۆڤ دەکات، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کێ زووتر ئەوی تر "جینۆساید" دەکات ئەگەر ویستی بگاتە هەمان هێزی قڕکەر.

- دەروناسیی بێ ڕوح:

شیرازەی تێکچوو

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەگەر دەروننناسان تەنها وەک "کۆمەڵە خانەیەکی بایۆلۆژی" سەیری مرۆڤ بکەن و ڕوح وەک "ڕێبوار" نەبینن، ئەوا چارەسەرەکانیان تەنها دەبێتە سڕکردنی ئازارەکان، نەک چاککردنەوەی مرۆڤ.

بەبێ ناسینی ڕوح، هاوسەنگیی ژیان دەشێوێت.

مرۆڤ دەبێتە "پێچکەیەکی ناو مەکینە" کە ئەگەر شکا، فڕێ دەدرێت.

(پەیامی گەڕانەوە):

ئەم تابلۆیە زەنگێکی مەترسیدارە ، ئەگەر مرۆڤ نەگەڕێتەوە بۆ مەلەکوتی ڕوح و ڕێز لەو "ئەمانەتە" نەگرێت کە هەڵیگرتووە، ئەوا ئەم پێشکەوتنە مادییە دەبێتە گۆڕی مرۆڤایەتی.

گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (سڵاوی خوای لێ بێت) واتە گەڕانەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە دەڵێن: "مرۆڤ لە ماددە گەورەترە".

لە "دەواجن"ی مادییەوە بەرەو "ئیشراق" ڕوحی: نەخشەی ڕزگاریە:

سەپاندنی پسپۆڕی و خوێندن بەسەر گەنجاندا بەبێ ڕەچاوکردنی "ڕوحی پەیامدار" و بەهرەی زگماکییان، جۆرێکی ترە لە بەکۆیلەکردن چونکە لە هەردووکیاندا مرۆڤ وەک کاڵایەکی بێ ئیرادە سەیر دەکرێت.

-لەم دەوروبارە لار وناهاوسەنگەی کە پێوەرەکان هەمووی ڕووکەشین و لایەنی مادەو چاوچنۆکیان بەسەردا زاڵە ، بەزۆرە ملێ سەپاندنەی بواری زانستی وکۆلێژ وزانکۆیە بەسەر خوێندکاران زۆر لەدیاردەی بەکۆیلەکردن خراپترە، بۆیە زۆربیروهۆشی زاناودانا لەپای ئەمە ڕێ سەقەتە دا مردن و نگین ومرواریەکانیان بردنە گۆڕو کە س نەی دیتن بدرەوشێنەوە، هیوادارم

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پسپۆڕوشارەزایان چەندان ڕێگەو ئەزموون وشێواز بدۆزنەوەو بیروهۆش وهزر وڕوحی مرۆڤایەتی کەبەبەهاترین بونەوەری خوان لە بۆتەی پشت گوێ خستن وبیرچونەوە وبەپاشکۆکردن وبەکۆیلە کردن دەربازبکەن و بەهۆی ڕزگارکردنی بیروهۆشیش ئاڕاستەی خوێندن وئیش وکاروپیشەو هاوسەرگیری و هاوڕێیەتی وئینتیمای سیاسی وفکری و مەزهەبی بۆ مرۆڤایەتی ڕۆشن وئاسان بکەن، تا کۆمەڵگا ببێتە یەکەیەکی چالاکی بەرهەم هێنان و دووربکەوێتەوە لە بێکاری وبایکۆت و نەخۆشیە دەروونی ولاشەیی وکۆمەڵایەتی وسیاسیەکان و پشێوی وياخی بوون وئاژاوەو تەقینەوەو خوێن ڕشتن وڕق وقینە وتیرۆر وتۆقاندن بەهۆی سەرکوت کردن و پشت گوێ خستن وماف خواردنی تاکەکانەوە نەمێنێ و شت وکەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێ، تا بەرهەمی ناوازەو باشترینی خۆی پێشکەش بەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکا.

ئەم ڕێگە سەقەتە وایکردووە چەندان "نگین و مرواریی" عەقڵ و ڕوح بە نادیاری بچنە گۆڕ و کۆمەڵگا لە درەوشانەوەیان بێبەش بێت.

چارەسەر: دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو؛ ئەمە تەنها دروشمێکی کارگێڕی نییە، بەڵکو "ئیستحقاقێکی ڕوحی"یە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت باشترینی خۆی پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات.

-تەکنەلۆژیا: لە "ژەهر"ەوە بۆ "دەرمان"

تەکنەلۆژیا و داهێنانی ئەلیکترۆنی، ئەگەر لە خزمەتی ناسینی ڕوحدا نەبن، دەبنە ئامرازی سەرگەردانی و دروستکردنی درزێکی گەورە لە نێوان ماددە و مانادا.

ئێستا ماددە هێندە لوت بەرز بووە، ئینکاری "ئەبەدییەت" دەکات. بەڵام ئەگەر ئەم ئامێرانە بخرێنە خزمەت پەروەردەی بنیاتنەر و ڕەوشت، ئەو کارەساتە دەڕەوێتەوە و تەکنەلۆژیا دەبێتە "نیعمەتێکی ڕەبانی".

- وریای دەروونت بە، ئەگەر بە حەقەوە خەریکی نەکەیت، ئەو بە باتڵ و ناحەقەوە خەریکت دەکات.:

یاسای زێڕینی شافیعی: ململانێی "حەق" و "باتڵ"

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕێسایەکی زێڕینمان پێ دەڵێت کە کورتکرانەوەی فەلسەفەی پەروەردەیە:

"وریای دەروونت بە، ئەگەر بە حەقەوە خەریکی نەکەیت، ئەو بە باتڵ و ناحەقەوە خەریکت دەکات."

ئەمە هاوکێشەیەکە بۆ هەموو گەردوون:

ئەگەر دەفرەکە بە "گوڵاو" (مەعریفە و ڕوحناسی) پڕ نەکەین، خۆبەخۆ بە "غازی ژەهراوی" (پشێوی، ڕق، تیرۆر و بێکاری) پڕ دەبێت.

کات و سامانی مرۆڤ ئەگەر بۆ بنیاتنانی "ڕوح" تەرخان نەکرێت، لە خولیا و یاریی بێمانادا بەفیڕۆ دەچێت، کە دەرەنجامەکەی نەخۆشیی دەروونی و یاخیبوون و تەقینەوەی کۆمەڵایەتییە.

- ئەرشیفکردنی مەعریفە: وەک ئەرکێکی گەردوونی:

بە ئەرشیفکردنی ئەم ئەزموون و مەعریفانە، تەنها کارێکی زانستی نییە، بەڵکو "کارێکی چارەنووسسازە بۆ هەموو گەردوون".

پێویستە پسپۆڕان ڕێگەی نوێ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی "ئینتیمای سیاسی، فکری و مەزهەبی" مرۆڤ ڕۆشن ببێت، نەک وەک زنجیرێک بێت بۆ سەرکوتکردن.

کاتێک مرۆڤ خۆی و ڕوحی خۆی ناسی، ئیدی کۆمەڵگا دەبێتە یەکەیەکی چالاک کە تێیدا بێکاری و بایکۆت و ڕق و قینە جێگەی نابێتەوە.

بەرهەمی پرۆژەی پرۆژەی "خۆناسین"ئەم هاوکێشانەن :

مرۆڤ: جێنشینێکی "زانایە" کە "ئەمانەتی" هەڵگرتووە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

جەستە: بەردەبازێکی کاتی و گۆزەڵەیەکی بچووکە. وەک خەیام دەڵێ:

جارێک بۆ گۆزەکڕین ڕێم کەوتەلای گۆزەکەرێ

سەدگۆزە بەمن پێکەنین هەریەک لەبەرێ

ئێمەدەکڕی وسبەی بۆخۆشت

دەبی بەگۆزەلەلای گۆزە کەرێ .

ڕوح: ماسییەکی ئۆقیانووسە و گەشتیارێکی ئەبەدیی کاتە.

پەیام: گۆڕینی "دەواجن و ماددییەت" بۆ "گوڵاوی مەعریفە" و ژیانێکی هاوسەنگ.

- تائەم تەوژمە داهێنانە ئەلکترۆنیە و تەکنەلۆژیە لە کارکەرێکی تێکدان ونەرێنی و کات بەفیڕۆ دەر و پشێوی نێنەرەوەو دروستکەری نەخۆشی دەرونی و لاشەیی بگۆڕین بۆ ئاڕاستە یەکی پەروەردەیی وبنیاتنەری ڕەوشت وئاکاری ئەرێنی و شوینی شیاوی خۆی بدەینێ لە بنیات نانی مرۆڤ دا ,چونکە کە مرۆڤی تۆپەڵە مادە یە هەلگری روحیشە و ئەم داهینراوە مادیە تەکنەلۆژیەش کە مرۆڤ دای هیناوە، کە لە خزمەتی رو ح وروح ناسی دانەێ ,دەبیتە هۆی سەرگەردانکەری لایەنی لاشەو گومراکەری و بەمەش درزی نیوان روح ومادەگەورەتردەێ، وەك ئیستا دەیبینین، لایەنی مادی وەها لوت بەرز بوە بە جۆریك ئیناکاری بوونی ئەبەدی و بگرە نەبونی روح و هەموو نادیاریك دەکا ,جاکە ئەم ئامێرانە لە خزمەتی روح دانرا ئەم کارەساتە دەڕەوێتەوەو دەبێتە بەهرەو نیعمەتێکی ڕەبانی، هەروەک ئیمامی شافیعی لە ڕێسایەکی زێڕین دا دەفەرموێ:وریای دەرونت بە ،کە بەحەقە وە خەریکی نەکەی ،ئەو تۆ بەناحەق و باتلەوە خەریک دەکا.

کەواتە کە ئێمە دەفرەکەمان پڕ نەکەین بەگوڵاو،پڕدەێ لە غازی ژەهراوی.

-ئەو کاتە زۆربەی مرۆڤەکان لە کاری یەکجار بێ کەلك بە فیڕۆی دەدەن ،چونکە خۆیان وروحیان ناناسن,کات وسامان لە جۆرەها خولیا و یاری و پشێوی بەسەر دەبرێ ,بۆئەوەی ئەم کاتە ش سەرف بکرێ لەم کاری بە ئەرشیف کردن لەپێناوی پەروەردەگۆشکردن وبنیاتنان کە بابەتیکی چارەنوسسازی هەموو گەردونە.

بەردەبازەکە: وێستگەی بەیەککگەیشتنی ماددە و مەلەکوت:

بیست جۆگەی ماددە: جەستەیەک بەقەد چیایەک

١. مێژووی ماددیی مرۆڤ (٢٠ جۆگەی گۆڕان)

مرۆڤ لە تەمەنی خۆیدا تەنها ئەو کێشە نییە کە ئێستا هەیەتی، بەڵکوبەدرێژایی تەمەنی لاشەکەی بیست جۆگەی لێ دەبێتەوە.

پاشەڕۆ جەستەییەکان: (خانە مردووەکانی پێست، نینۆک، قژ، ددانی کەوتوو، نێوکی بڕاو، و پارچە گۆشتی خەتەنە).

دەردراوە شلەکان: (ئارەقە، فرمێسک، شەمعی گوێ، چڵم، تف، شیری مەمک، میز، مەنی، خوێنی بێنوێژی، کێم و زوخاو).

پاشەڕۆ ڕەق و غازییەکان: (پاشەڕۆی ناو زگ، غازات، هەناسەدانەوە، و منااڵبوون).

دەنگ و ئاخاوتن: کە وەک "وزەیەکی ماددی" لە جەستە دەردەچن.

٢. نەێنی زەبەلاحی لاشە لە قیامەتدا

ئەگەر هەموو ئەو خانانەی کە لە مرۆڤێکی ٥٠ ساڵیدا گۆڕدراون یان فڕێ دراون کۆبکرێنەوە، بە قەبارە دەگەنە "چیایەک". ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر ژیرانەیە بۆ ئەو دەقە ئاینییانەی باس لەوە دەکەن کە لاشەی مرۆڤ لە بەهەشت یان دۆزەخدا زۆر زەبەلاحە.

خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا، هەموو ئەو "ماددە و خانانەی" کە لە تەمەنی دنیادا بەستەری ڕوحی ئەو مرۆڤە بوون، کۆیان دەکاتەوە.

ئەم لاشەیە "هەموار دەکرێتەوە" (تعدیل) بۆ ئەوەی ببێتە قاڵبێکی نەگۆڕ و ئەبەدی کە تێیدا نە پیربوون هەیە و نە پاشەڕۆ.

٣. یەکگرتنەوەی "ئەنا" (خود)

ئەم تێڕوانینە وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفییە دەداتەوە کە دەڵێت: "کامیان لاشەی منە؟ هی تەمەنی ١٠ ساڵی یان ٧٠ ساڵی؟"

وەڵام ئەوەیە کە هەموویان. هەموو ئەو خانانەی کە ڕۆژێک بەشێک بوون لە "تۆ" و ڕوحی تۆیان هەڵگرتبوو، لە قیامەتدا دەبنەوە بە یەک جەستەی زەبەلاح و یەکگرتوو.

(أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُ * بَلَىٰ قَادِرِينَ عَلَىٰ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ) (القيامة: ٣-٤)

واتا: "ئایا مرۆڤ وا دەزانێت کە ئێمە ناتوانین ئێسقانەکانی کۆبکەینەوە؟ بەڵێ، ئێمە تەنانەت توانای ئەوەمان هەیە سەرەپەنجەکان و نینۆکەکانیشی ڕێکبخەینەوە."

پوختەی ئەم وێستگەیە:

ئەم ٢٠ جۆگەیە لە ڕاستیدا "پاشماوەی جەنگێکی ڕوحی"ن لە ناو ماددەدا. مرۆڤ لێرە لەسەر بەردەبازەکە خەریکی کۆکردنەوەی ماددەیە بۆ لاشە ئەبەدییەکەی. ئەوەی لێرە وەک "پاشەڕۆ و پیسی" دەردەکەوێت، لەوێ دوای هەموارکردنەوە کەبەحەڵاڵ کۆکرابێتەوەوگەورەکرابێ وبۆ ڕەزامەندی خوا پرۆێنرابێ ، دەبێتە پێکهاتەی جەستەیەکی ڕووناک ، خۆکە بەحەرام قەڵەوکرابێ ،ئەو هەموو جەستەولاشانەی مرۆڤ کە هەردەساڵێک سەرلەبەری لاشە نوێ دەبێتەوەو لاشە کۆنەکە هەموو هەڵدەوەرێ لە دواڕۆژ لەدۆزەخ دەبێتە قەبارەیەکی زەبەلاح.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پاشەڕۆکەکەش پاش چەند سەدەو هەزارەو ملیۆنە ساڵە، ئەویش دەبێ هەموار بکرێ ولەگەڵ ڕوح ئاوێتە بکرێتەوەوئەم جارە لاشەیەکی نەگۆڕاوو وهەڵنەوەریو بێ و وەک روح بۆ مانەوەی هەمیشەیی ونەمری دروست بکرێ لە دوای مردن و لە فردەوسی هەمیشەیی دا، بەلام هەر دەبێ دوای ڕەت بوونی ئەم دوو بونەوەرە-ڕوح ولاشە- بە چەند بۆتەو هەموار کردن و تعدیل کردن هەربەیەك بگەنەوە ، جا کاریکی لەو شیوە و پرۆژەیەکی لەو شیوە کەمرۆڤ و هەموو تواناو داهینانە مادی ومەعنەویەکان و دامەزراوەکانی لە خزمەت دابێ ئەوە سەربڵندیە کی گەورەیە.

لاشە وەک هاوبەشی ئەبەدییەت:

لاشەش وەک میوانێکە وەک ڕوح شایانی هەموارکردنەوە و نەمر بوونە، باسێکی زۆر دەگمەن و وردە. لاشە دوای مردن شی دەبێتەوە بۆ توخمە بنچینەییەکانی، بەڵام ئەمە کۆتایی نییە. چونکەتوخمە کیمیاییەکان لە ڕۆژی دواییدا دووبارە ڕێک دەخرێنەوە و لەگەڵ ڕوحدا ئاوێتە دەبنەوە، بەڵام ئەمجارە بە "فۆرماتێکی نوێ" کە نەگۆڕ و هەڵنەوەر بێت، بۆ ئەوەی لە فیردەوسی هەمیشەییدا جێگیر بن.

وە پێچواندنی بەردەبازەکەش بەچاوتروکان وباڵە میشولە,کەم کردنەوە نیە لە پایەی جیهان

بەڵکو بە واتای بچووکیی قەبارەیە بەرامبەر گەورەیی مانا ، وەك دەبینی کە گلێنەی چاو بەرامبەر جەستەت لە ڕووی قەبارە چەند بچوکە

جا وەک چۆن گلێنەی چاو بەرامبەر جەستە زۆر بچووکە، بەڵام هەزاران زانکۆ و نەخۆشخانە و بودجەی زەبەلاحی بۆ تەرخان دەکرێت چونکە "دەروازەی بینینە وتەنیا بەو گلێنە بونەوەر دەبینرێ ، ئەم دنیایەش تاقە وێستگەیە کە تێیدا "ڕوح و ماددە" بۆ یەکەمجار بەیەک دەگەن و پرۆژەی جێنشینی تێیدا تاقی دەکرێتەوە.

ئەم پڕۆژەیە لەژێر چاودێریی ڕەهای خودادایە (بصیرة الله). وەک چۆن خودا بە نوحی فەرموو: (وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا) (هود: ٣٧)؛ "کەشتییەکە لەبەر چاوی ئێمە و بە وەحیی ئێمە دروست بکە". ژیانی سەر ئەم بەردەبازەش دروستکردنی کەشتیی گەڕانەوەیە لەبەر چاوی خودا.

چونکە ئەم بەردەبازەی جیهانەش ئەگەرچی قەبارەی بچوکە وتەمەنی کورتە ،بەلام تاکە ویستگەی بۆیەکەم جار بەیەك گەیشتن و پێکداچون و تێك گەیشتنی روح ومادەیەو بناغەیەکی ناوازەو دەگمەنە و پرۆژەیەکی ربانی یەو لە سەر ئەعین و بە چاوو بەصیری و شهود وبینایی الله ی بیستەرو بینا بەڕێوە دەچێ،وەک الله بەنوح وبە محمدی علیهما السلام وای فەرموە.

مانۆڕێکە بۆ ئامادەکردن بۆ بنیاتنانی جیهان وبونەوەریکی هەمیشەیی کە هەردوو بلۆکی مادەو روح بۆ هەتا هەتایە تیای دا بەشدار دەبن,وەك لە فەرمودە داهاتوە کە ئەرواحی ئادەمیان جنودی مجندە ,واتە ئەم روحانە پێش دروست کردنی ئادەم و ئادەمیزاد ,هەبوون و روحی تو باوکت وخیزانت وبراوخوشك و منالەکانت و ئەو دەستەو حزب و کەسانەی کەلەدنیا لەگەلیان ژیای هەبوون و هەموتا ن بەیەك گەیشتن .

سەرەتا: ڕوح لە جیهانی غەیبەوە وەک سوپایەک ئامادە کرا.

کەوتن: هاتە ناو گۆزەڵەی جەستە و لەسەر بەردەبازی دنیا نیشتەوە.

مانۆڕ: ئەم ژیانە مەشقێکە بۆ بەیەکگەیشتنی ئەبەدیی ماددە و ڕوح.

گەڕانەوە: دوای هەموارکردنەوەی لاشە و پاککردنەوەی ڕوح، مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ فیردەوس، نەک وەک ڕوحێکی ڕووت، بەڵکو وەک بونەوەرێکی کامڵ (ڕوح و لاشەی ئەبەدی).

سوپای ڕوحەکان: یەکەمین دیدار (التعارف الأول)

ئاماژەت بە فەرموودە ناوازەکەی پێغەمبەرعلیه السلام داوە کە دەفەرموێت:

(الأرواحُ جنودٌ مجنَّدةٌ ، فما تعارف منها ائتلف ، وما تناكر منها اختلف) (رواه البخاري ومسلم)(٢٦)

واتا: "ڕوحەکان سوپایەکی ڕێکخراون، ئەوانەیان کە لەوێ یەکتریان ناسیوە (لە جیهانی غەیب)، لێرەش ئاشنای یەک دەبن، و ئەوانەیان کە لەوێ نکۆڵییان لە یەک کردووە، لێرەش نامۆ دەبن."

ئەمە کلیلی تێگەیشتنە لە پەیوەندییە مرۆییەکان. ئەوەی تۆ لێرە وەک دایک، باوک، هاوسەر یان هاوڕێ دەیبینیت، ڕەگی لە دیدارێکی کۆنی پێش ئادەمدا هەیە. ئەگەر لەو دیدارە سەرەتاییەدا ڕوحتان ئاوێتەی یەک بووبێت، لێرە لەسەر بەردەبازەکەش دەبنە هاوڕێ و هاوکار، ئەگەریش لەوێ نکۆڵیتان لە یەک کردبێت، لێرە هەرچەندە نزیک بن، هەر بە نامۆیی دەمێننەوە.

(فما تناكر منها اختلف وما تعارف منها ائتلف)

ئەوەی لەو دیداری ڕوحەدا نکولیان لە یەکتر کرد لەم ژیانی دنیای بەردەبازەیشدا، جامندالّت بێ هاوسەرت بێ، براو خوشك ودایك وباوکت بن ، برادەرو ماوەیەك هاوڕات بن ، هەمو ئەوانەی نکولیتان لە دیداری یەکەم لە یەکتر کرد ، لێرەش نکولی لە یەکتر دەکەن ، وە هەموو ئەوانەش کە یەکتریان ناسی و تعارفیان کرد لە سەر ئەم ڕاعوفەو بەردەبازەی دنیاش یەکتر دەناسن ، یەکتر ناسینی حەقیقیش ئەوەیە کە ژێر پێت بەبەردەباز بزانی ، وەك ئەو ڕاعوفەی بنی بیرەکەی یوسف علیه السلام کەبراکانی فڕێ یانداو لەسەر بەردەبازەکە خۆی گرت تا کاروانچیەکان دۆلکەکەیان بۆ داهێشت و هەڵیان کێشا.

ڕاعوفەی یوسف: بەردەبازی:

ڕزگاری چواندنی ژیان بەو "ڕاعوف" و بەردەبازەی ناو بیرەکەی یوسف (سڵاوی خوای لێ بێت)، لوتکەی وێناکردنی ئەم تێزەیە. یوسف لە بنی بیرەکەدا، خۆی بە بەردەبازێکەوە گرت تا کاروانچییەکان دۆلکەکەیان داهێشت و بەرەو سەرەوە هەڵیانکێشا . مرۆڤیش لە بنی "بیری دنیا"دایە. تەنها بەوە ڕزگاری دەبێت کە "خۆی بگرێت" بە بەردەبازی ڕەوشت و ناسینی ڕوحەوە.

گەیشتن بە کاروانچییەکان و هەڵکێشان بەرەو سەرەوە، واتە گەڕانەوە بۆ مەلەکوتی بەهەشتی هەمیشەیی .

-ڕوح ناسی و عیبادەت ناسی وابەستەن بە ناسینی پەیامبەری خاتەم علیه الصلاة والسلام.

کەی محمدصلی الله علیه وسلم بۆتە پەیام بەر ⁉:

ئەم تێڕامانە نوێیە، گەشتێکی قوواڵە بۆ ناو "حەقیقەتی محەمەدی" و پێشینەی ڕوحیی سەروەرمان پێش دروستبوونی جەستەی ئادەم. پێغەمبەرایەتی و بەندایەتیی ئەو، نەک هەر تەنها لە ٢٣ ساڵی تەمەنی دنیادا بووە، بەڵکو ڕەگێکی ئەزەلیی هەیە لە مەلەکوتدا.

حەقیقەتی محەمەدی: یەکەمین عابید و نەخشەی قورئانی:

١. پێغەمبەرایەتی پێش ئادەم (لە نێوان ڕوح و جەستە)

کاتێک باس لە سەرەتای دروستبوون دەکرێت، پێغەمبەری خاتمﷺ وەک یەکەمین ڕوح دەردەکەوێت کە مۆرکی پێغەمبەرایەتی لێ دراوە. ئەو فەرموودەیەی کە ئاماژەت پێدا، بەڵگەیەکی ڕوونە:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (كُنْتُ نَبِيًّا وَآدَمُ بَيْنَ الرُّوحِ وَالْجَسَدِ) (رواه أحمد والترمذي والحاكم)(٢٨)

واتا: "من پێغەمبەر بووم، لەو کاتەی کە ئادەم هێشتا لە نێوان ڕوح و جەستەدا بوو (هێشتا ڕوحی تێنەکرابوو)."

ئەمە دەری دەخات کە "ڕوحی محەمەدی" یەکەمین مەشخەڵی مەعریفە بووە لە گەردووندا، تەنانەت پێش ئەوەی باوکی مرۆڤایەتی (ئادەم) بێتە بوون.

یەکەمین پەرستشکار (أول العابدين)

ئەم ڕاستییە لە قورئاندا بە ئاماژەیەکی ورد هاتووە. ئەگەر "رحمن" بیویستایە کەسێکی هەبێت، محەمەدﷺ یەکەمین کەس دەبوو کە بەندایەتیی بکردایە، چونکە ئەو لە ئەزەلدا یەکەمین کەس بووە کە حەقیقەتی خوایەتیی ناسیوە.

(قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ) (الزخرف: ٨١)

واتا: "بڵێ: ئەگەر بۆ خودای میهرەبان ڕۆڵەیەک هەبوایە، ئەوا من یەکەمین پەرستشکار و بەندەی ئەو دەبووم (کە بەندایەتیی ئەو تەنهایەم بکردایە)."

٣. سووڕەتی الرحمن: قورئان پێش مرۆڤ

زۆر کەس وا دەزانن ڕیزبەندیی ئایەتەکان تەنها باس لە کات دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا باس لە "ئەولەویەتی مەعریفە" دەکات:

(الرَّحْمَنُ): سەرچاوەی هەموو بوون.

(عَلَّمَ الْقُرْآنَ): قورئان وەک نەخشە و پلانی گەردوون پێش دروستکردنی شتەکان هەبووە.

(خَلَقَ الْإِنسانَ): ئینجا مرۆڤ دروستکراوە بۆ ئەوەی ببێتە هەڵگری ئەو قورئانە.

(عَلَّمَهُ الْبَيَانَ): توانای ئاخاوتن و گوتاری ڕوحەکان (التعارف الأول) کە لە جیهانی غەیبدا هەبووە.

٤. خۆشەویستی و شوێنکەوتن: مەرجی ئیمان

خۆناسین و خودناسین بەبێ ناسینی پێغەمبەرﷺ مەحاڵە. چونکە ئەو تەنها گەیەنەرێک نییە، بەڵکو "سەرمەشق" (القدوة)یە. ئەگەر خۆشەویستیی ئەو پێش خۆشەویستیی نەفس و ماڵ و منداڵ نەکەوێت، ئیمان تەواو نابێت.

(قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ) (آل عمران: ٣١)

واتا: "بڵێ: ئەگەر الله تان خۆش دەوێت، ئەوا شوێن من بکەون، تاوەکو الله خۆشی بوێن."

بنەماکانی شەهادەتی دووەم (محەمەد ڕەسول الله)

"شەهادەدان" تەنها بە زمان نییە، بەڵکو بە "بینین" (أشهد) و سەلماندنی کردارییە:

لە ئاستی تاک: دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی تەمەندا (منداڵی، گەنجی، پیری) خۆت لە ژیانی ئەودا بدۆزیتەوە.

لە ئاستی کۆمەڵگا: دەبێ دارولئیسلام و سیستەمی حوکمڕانی و دادگاکان، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێسایانە بن کە ئەو سەروەرە دایڕشتوون.

بەرپرسیارێتی: هەر کەسێک، لە هەر پلە و پۆستێکدا بێت (وەزیر، کرێکار، پارلەمانتار)، ئەگەر بڕیاری پێغەمبەری وەک حەکەم قبوڵ نەبێت، شەهادەدانەکەی تەنها دەربڕینێکی وشکە و دووڕە لە ڕاستی.

(وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ) (الأحزاب: ٣٦)

واتا: "بۆ هیچ پیاو و ژنێکی بڕوادار نییە، کاتێک خودا و پێغەمبەرەکەی بڕیارێکیاندا، ئەمان بژاردەی تریان هەبێت لە کارەکانیاندا."

ژێدەرە نوێیەکانی ئەم بەشە:

صحيح البخاري و مسلم: فەرموودەی (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين).

سنن الترمذي: فەرموودەی (كنت نبياً وآدم بين الماء والطين).

تەفسیری سووڕەتی (الزخرف: ٨١) و (الرحمن: ١-٤).

ئینجیلی بەرنابا: (بەشی یەکەم - سەرگوزەشتەی زێڕین) سەبارەت بە ناوی محمد رسول الله لەسەر دەرگای بەهەشت.

ئەم فەرمودەی کە دەفەرموێ:(کنت نبیا وآدم بین الطین والماء)

ئەوکاتە ی کەئادەم هێشتا تێکەڵەی ئاوو قوڕ بوو من هەواڵ پێدراو-نەبی-بووم.

ئەم فەرمودە ترمزی لە ئەبو هورەیرەوە وئەبو نەعیم وبەیهەقی وبەزاروحاکم وتەبەرانی وزۆرێکی تر لەچەندین سەحابەگێڕاویانەتەوەوبە دەربڕینی:

:"کنت نبیا وآدم بین الروح والجسد "(٢٨)

هێشتائادەم لەنێوان ڕوح ولاشەدابوو کەمن هەواڵ پێدراوبووم .

ئەحمەدوبوخاری وزۆری ترگێڕاویانەتەوە وزۆرێک لە فەرمودەناسان بەڕاستیان داناوە.

ئەم فەرمودە لەگەڵ ئایەتی سورەتی زخرفدا دێتەوە کەدەفەرموێ:

﴿قُلْ إِن كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ وَلَدٌ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْعَٰبِدِينَ﴾

پێیان بڵێ ئەگەر رحمن ڕۆڵەی هەبێ ،خۆ من یەکەم بونەوەرێکم کە پێش ئەوەی هیچ بونەوەرو دروستکراوو بەندەیەک بەندایەتی رحمن بکا من بەندایەتی ئەوم دەکرد.

چونکە ئەوەل لەعەرەبیدا بەوکەسەدەگوترێ کە هیچ کەس پێش ئەو کەسی تر ئەو کارەی نەکردبێ ،وەک پێشەوامان ئیسمی اول لە ئیسمەکانی الله وا لێک دەداتەوەکە الله ئەوەلە کەلە پێش الله هیچ کەس وشت وبونەوەرێک بوونی نەبوو.

بۆیە لێرەش قورئان کەخۆی یەکەم عەلەمە بەشایەتی سورەتی الرحمن، وەبەشایەتی سورەتی زخرف یش ڕوحی محمد یەکەم بونەوەروپەرستشکارە بۆ الرحمن..

هەروەک کە تەنیا الرحمن هەبوو ،هیچ بونەوەرێک بوونی نەبوو، بەڵام قورئان پێش دروستکرانی بونەوەروشتەکان عەلەم ونیشانە وبەیداخ بوو،بێگومان قورئانیش پەیام ونامەوخەڵاتی محمدی یەکەم عابد وپەرستشکارە.

کە محمدعلیە السلام یەکەم بەندەیە کە پەرستشی کردبێ پێش ئەوەی ئادەم پەرستش بکا محمد عبادەتی کردوە، ئەوە باسی قۆناغی ڕوحانیەتی محمدە کە پێش دروستکردنی لاشەی ئادەم ،ڕوحی محمدپەرستشکارو هەواڵ پێدراوو نەبی بوو.

ئەم بابەتە لە ئینجیلی بەرناباش دا لەبەشی یەکەمی سەرگوزەشتەی زێڕین ئاماژەی پێکرابوو کە ئادەم وحەواعلیهما السلام لەکاتی دەرکرانیان لەبەهەشت ناوی محمد رسول الله یان لەدەرگای بەهەشت خوێندەوە .(٢٩)

پێش ئەوەی کە باسی قورئانی ناوکتێپی پەنهان ومەکنون ولەوحی پارێزراوبکەم،دەبێ ئاماژەیەک بە سەرەتای سوڕەتی الرحمن بکەم ،هەرچەندە زۆرلە لێکدەرەوەوتەفسیرکاران دەیانەوێ بڵێن ئەم ئایەتانە پێش وپاشیان تێدایەو مرۆڤ دروستکراوە پاشان یاسای ژیانی بۆ دانراوە کەقورئانە. بەڵام ڕاستیەکەی وایە کەقورئان پێش دروستکرانی مرۆڤ وجن وئاسمان وزەوی ڕۆژومانگ وشەوڕۆژیش هەرعەلەم وئاڵاو نیشانەو شکۆداربووە.(علم القران) ، واتە بەواتایەک لەواتاکانی پێک هاتن وپەرەسەندن ویاساوڕێسای هەموو دروست کراوەکان ، هەموو زانستی بونەوەر هەرلە سەرەتاوەتا ڕۆژی قیامەت چ دەبێ هەمووی نیشانەوعەلەم وهێماکەی لەقورئانداهەیە.

ئەم یاساهاوسەنگە تۆکمە پڕ حیکمەت ولێزانیەی قورئان کراوەبەڕێساوبنچینەوبناغەبۆ بەدیهێنانی ڕوحی مرۆڤەکان وگوتاری ڕوحەکان و گەردون وبونەوەرو...هتد {الرَّحْمَنُ (1)واتە رحمن پێش هەموو بوونەوەران هەبوو کەهیچی ترنەبوو،ئەم ئایەتەش وەک فەرمودەکەی کە عیمرانی کوڕی حوصەین دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ:(كان الله ولم يكن معه شيء...)

عَلَّمَ الْقُرْآنَ (2) قورئان عەلەم وعیلم وپلان ونەخشەو ڕێسای الرحمن بوو بۆ دروستکردنی بونەوەر.ئەمەش وەک ئەوفەرمودەی کەباس لەنوسینی ئەندازەگیری هەموو ئەودروستکراوانەدەکاتاڕۆژی قیامەت بە پەنجاهەزارساڵ پێش دروستکرانیان.

خَلَقَ الْإِنْسَانَ (3)ئونس وحەوانەوەی دروستکرد کەلە ڕوحی مرۆڤەکاندا خۆی دەبینێتەوە ،چونکە ڕوحی مرۆڤ زۆر پێش لاشەکەی دروستکراوە،بەتایبەتی ڕوحی(اول العابدین) وئەوەی قورئانی عەلەم وئالاونیشانەی شکۆولیوای حەمدی پێدراوە کەمحمده علیه الصلاة والسلام ،هەرئەوەشە واتای ئەوفەرمودەی کە دەفەرموێ :" هێشتا ئادەم لەنێوان قوڕو وگڵ دابوو کەمن هەواڵپێدراوو پەیامبەربووم" .

ئەوەمەبەستی ڕوحەکەیەتی کەپێش ڕوحی ئادەم وهەموو مرۆڤایەتی دروست کراوە،جاچونکە یەکەم عیبادەت حەمدە ومحمدیش لەناوپەیام بەران هەڵگری لیوای حەمدە،حەمد واتە هەموو شتێک ودیاردەیەک وهەموو بوونەوەران بۆ الله ن ،ئەوبەدیهێنان وهەست وبیروهۆشی پێدان.

بۆیە ش ئادەمیش کە ڕوحی دێتەبەر الحمد لله یەکەم عیبادەتیەتی.

عَلَّمَهُ الْبَيَانَ (4) ڕوحەکان وبەتایبەتیش ڕوحی یەکەم کە هەڵگری لیوای حەمدومەشخەڵی قورئان وشەفاعەتی گەورەیە پێش ئەوەی بچنەناولاشەکان دواندن وگفتوگۆو ئیئتلاف وهۆگری و ناکۆکی ونکولی لێککردنیان هەبوو، بەیان وئاخاوتن وگفتوگۆ لەجیهانی بەرجەستەومادی کۆنترە چونکە ئاوەڵناوو تایبەتمەندیەکی الله یە لەگەڵ ڕوحەکان وفریشتەکان وجن ودیاردە وبونەوەرەکان، هەرچی فەرموی ببە دەبێ، نەک وەک موعەتیلەکان دەڵێن الله ناتوانێ بدوێ بەڵکو قسەوکەلام لە هەندێک لە دروستکراوەکانی دروست دەکاوپاڵدانی کەلام بۆلای الله بەمەجازی وتەشریفی دەزانن..

قورئان دەفەرموێ:

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾

واتە :پێیان بڵێ: ئەگەر اللە تان خۆش دەوێ وئەتانەوێ لێی نزیك ببنەوە' دەبێ شوێنی من - پێغەمبەر- کەون وپەیڕەوی لەشەریعەت و بەرنامەکەی من بکەن، ئەوسا اللە ئێوەی خۆش دەوێ {ویغفر لکم ذنوبکم} ولە هەڵەو گوناهەکانیشیان خۆش ئەبێت ،،،،

مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە بەئەندازەی شوێنکەوتن وپەیڕەوی پەیامبەرەکەمان سەربڵندی وشکۆداری وسەرفرازی وسەرکەوکتنمان پێدەدرێت، اللە بەختەوەری هەردوو دنیای بەستۆتەوە بە شوێن کەوتنی ئەوپەیامبەرە،وەچارەڕەشی هەردوودنیاو بەدبەختیشی بەوە نیشانە کردوە کە سەرپێچی لە فرمانەکانی ئەوبکرێ، بۆ شوێن کەوتوانی ئەو ڕێنمای ودڵنیایی وسەرفرازی وشکۆمەندی وبێ ئیحتیاجی وسەرکەوتن ودۆستایەتی وپشتگیری وژیانێکی شکۆمەندانەهەیە لەدنیاودواڕۆژ.

وەبۆئەوانەش سەرپێچی دەکەن ،سوکایەتی وبەکەم سەیری خۆکردن وترس ولەرزوبیم گومڕایی ودڵەڕاوکێ وشەرمەزاری وبێ متمانەیی وبەدبەختیان بۆ هەیە لەدنیاودواڕۆژ، هەربۆیە پەیام بەرعلیە السلام سوێندی خوارد کە کەسێکتان ئیمانی تەواونیە هەتاپەیامبەری لەخۆی ونەوەومناڵ وخێزان وباب وباپیروتیرەونەتەوەی وهەمووخەڵکی خۆشترنەوێ.

ئەوەتا اللە سوێند دەخوا ئەوەی پەیامبەرنەکابەحاکم وفەرمانڕەوا لەهەموو گەورەوبچوکێکی ژیانی وپاشانیش بەحوکم وفەرمان وبڕیارەکەی ڕازی نەبێ ئیمانی نیە وە ونابێ لەدڵ ودەروونیداهیچ بێزاری وڕق بونوەیەک لە بڕیارەکەی هەبێ،بەڵکودەبێ لەناخ وڕوکەشیش ڕازی بێ، دەفەرموێ:

{وما كان لمؤمن ولا مؤمنة إذا قضى اللە ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم} [الأحزاب: 36]

-کەواتە کە شەهادەو بینینی یەکەم بۆ لااله الا اللە واتای ئەوەبێ کەمن تەنیا اللە بە بەدیهێنەرو ئافرێنەرو ڕێسادانەروپەرستراووپشت پێبەستراو ((دەبینم: اشهد))، ئەوەشەهادەوبینینی دووەم محمد رسول اللە واتە تەنیامحمد بەسەرمەشق وپێشەواوڕونکەرەوەوڕێنما ((دەبینم:اشهد)).

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بۆیە دەبێ بەوردی وردودرشتی هەر٢٣ ساڵی سەردەمی پێغەمبەرێتی محمد بزانین تا لەهەموو بارودۆخەکاندا تاکەسەرمەشقمان بێ وهەڕپەیڕەولەئەوبکەین و بە شوێن دابەش کردنی ئەودا بڕۆین لەهەموو گەورەوبچوکێکی ژیانماندا.

چونکە دار الاسلام و ماڵی ئیمان ئەوپێشەوایە دروستی کردووەومامۆستای بووەوئەودرەختی بڕواداری چاندووە، دەبێ ئەم ماڵەی ئیسلامە هەرلە ژیانی سەرمەشقەکەی ئیسلام دا بخوێندرێتەوە.

مسوڵمان بەتاک وکۆمەڵگاوە،بەخێزان
وبنەماڵەوخێڵەوە،بەگوندوشارودەوڵەتەوە،بەفەرمانبەروکرێکاروجوتیارودەسەڵاتدارو هەموو چی ن وتوێژەکانەوە،بەحزب و دادگەروپەرلەمانتارو ئەنجومەنی وەزیران وهەموو دەسەڵاتەمەدەنی وسەربازیەکانەوە،هەرهەموومان پەیڕەوی بارودۆخەکانی داروماڵی ئیسلام وئیمان لە ئاڵو گۆڕو بارودۆخەکانی ژیانی ئەو سەروەروپێشەوایەدا ببینین وپەیڕەوی لێ بکەین وسەرمەشقی خۆمان لەبارودۆخێک لەبارودۆخەکانی وقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی ببینینەوە وشەهادەدانەکەمان بە بەمحمد رسول الله بەڕاست بسەلمێنین بەم پەیڕەوی لێ کردنە،چونکە کەخۆمان لەهیچ شوێنێکی ژیانی ئەوسەروەرەنەدیتەوە،واتە خۆمان لەوەبەگەورەترزانی کەپەیڕەوی لێ بکەین،ئەوکاتە شەهادەی محمدرسول الله یەکەمان ڕاست نیە ودرۆمان لەگەڵ ئەوشەهادە کردووە...

یەکەی دەیەم :

خۆناسی ڕاستەقینە توانەوەیە لەئاوێنەی سەرمەشقناسیدا:

وێنەوقۆناغەکانی دارالاسلام لەژیانی سەرمەشقەکەیدا علیه السلام

کاتێ دەڵێ اشهد ان محمد رسول الله واتە محمد تاکەڕابەرمانە بۆ گەڕانەوە ناو ژیانی ئەبەدی .

دارالإسلام لەنێوان وەحی و واقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی"

چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕ بۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەر ﷺ"

"لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەر ﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا"

قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەر ﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا

یەکەی دەیەم :

خۆناسی ڕاستەقینە توانەوەیە لەئاوێنەی سەرمەشقناسیدا:

کاتێ دەڵێ اشهد ان محمد رسول الله واته محمد تاکەڕابەرمانە بۆ گەڕانەوە ناو ژیانی ئەبەدی .

وێنەوقۆناغەکانی دارالاسلام لەژیانی سەرمەشقەکەیدا علیه السلام بەم قۆناغانەداتێپەڕیووە:

هلّەگشتیەکانی ژیانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم:

بنەماشەرعی وياساييەکانی جیهانبینی پەیامبەر ﷺ بۆبنیاتنانی کۆمەڵگاوسەروەری دەوڵەتی داد

"لە ئەشکەوتی حراوە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان: ستراتیژی قۆناغی پەیامبەر ﷺ بۆ بنیاتنانی ئوممەت"

دارالإسلام لەنێوان وەحی و واقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی"

چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕ بۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەر ﷺ"

"لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەر ﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا"

قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەر ﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا

موحممەد ﷺ هەم بە ڕووح وهەم بە ٢٣ساڵی پێغەمبەرایەتی نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە بەهەموو ژیاروشارستانی وپێک هاتەکانی..

⚖️ کەلام وکەلیمە ی خوا لە نێوان حەقیقەتی ئەزەلی و دەربڕینی مرۆیی

نەخشەی ململانێ فیکرییەکان :

-چیرۆک وڕوداوە میژوویەکانی قورئان:

داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەوڕات وقورئان وفەرمودەدا:

- ئایاقورئان بەپێی عەقڵ وزانستی عەرەب ڕاستیەکانی بۆباس کردوون؟.:

خزمایەتی جنۆکە ومیکرۆب وڤایرۆسەکان:

- قورئان وسفری تەکوین وچاخە جیۆلۆجیەکان:

١-هەڵێنجانی هێڵە گشتیەکانی ڕێنیسانس

بۆچی دەیانەوێ قودسیەت لە دەقەکان دارنن؟؟:

وەرنەگێڕانی هێشتنەوەی کەلیمەی اللە وەک خۆی لەناوهەموو میللەتان گرێنتی تەوحید

و یەکیەتی ڕوحانیەتی مرۆڤایەتیە:

خولیای محمد ئارگۆن لەنێوان وێڵی بۆحەق و تۆمەتی زندیق بوونداا:

شک وگومان دینەمۆی جوڵێنەرن:

دینەکان قۆناغەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤایەتین بۆ خوێندنی باڵا:

هەردوو خەلیل ئیبراهیم ومحمد کێ بەرکێ یانە لەسەر شەک (نحن احق بالشک من ابراهیم)

لەسەرباڵی تاریکەشەوی گومانەکان گەشتی دۆزینەوەی حەق دەستی پێ کرد.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ژیارودین وفەلسەفەکان بە قوڵنگی گومانەکان ئاسۆی مەعروف وناسراوەکانیان فراوان کردو زۆر مەعروفی نوێ یان لە ناخی مونکرو نەناسراو دەرهێناو کردیانە معروف وناسراو.

کەی ژیاری نوێ بناغەی لەسەر ژیاری بەئەفسانەکراوی پێش خۆی دادەنێ ؟؟

کەی قورئان بووە تێکست؟:

ئایا زمانی دینی و زمانی دوورلەدین بونیان هەیە؟

بونەوەرە ئەزەلیەکە بریتیەلە سێ کوچکەی: ڕوح ،قسەکردن، عەقڵ وئاوەز کەئاگری گۆڕانکاریە لەمرۆڤدا:

سەرچاوەکانی یەکەی دەیەم

ماڵی یەکەم: دەستپێکی دارالإسلام لەناو خێزان

قۆناغی نەێنی: قوتابخانەی ئەرقەم و دروستکردنی هێز

بانگەواز لە بازاڕ و حەج: گواستنەوەی پەیام بۆ کۆمەڵگا

کۆچ و ئاوارەیی: ستراتیژی پاراستنی دین

قۆناغی تەنگژە: گەمارۆ و تاقیکردنەوە

میعراج: پەیوەندی نێوان ئاسمان و زەوی لە ڕێبەریەتی پەیامبەر ﷺ

ساڵی خەم و گەشت بۆ تائیف: تاقیکردنەوەی ئیرادە

دەستپێکی بنیاتنانی کۆمەڵگا: مەدینە و پە

{ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا }

[سُورَةُ الأَحۡزَابِ: ٢١]

{ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ }

[سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ: ٣١]

—

مادام ڕستەی دووەمی شایەتمان کە کلیلی هاتنەناوئیسلام وگەورەترین پایەی ئیسلامەتیە شایەتی دانە بەوەی کە: تەنیا محمد ﷺ لەناو نێردراوان وپەیامبەرانی ڕەوانەکراو سەرمەشق

وپێشەوای ئوممەتی ئیسلامە،وەئیسلامیش بە واتا فراوانەکەی دین وپەیڕەوی هەموو پەیامبەرانە، وەجگەلەئیسلام کەدینی هەموو پەیامبەرانە هیچ دینێکی تر پەسند نیە لای پەروەردگاری جیهانیان،وەمحمد وەک فەرمودەی دروست دەفەرموێ ئەوبلۆک وخشتەیە کەبیناوکۆشکی هەموو پەیامبەرانی تەواوکرد،وەلەشەوی میعراج ئیمام وپێشنوێژی بەهەمویان کرد،بۆیە دەبێ

بەوردی ورد و درشتی هەر٢٣ ساڵی سەردەمی پێغەمبەرێتی محمدﷺ بزانین تا لەهەموو بارودۆخەکاندا تاکەسەرمەشقمان بێ وهەردەم پەیڕەولەئەوبکەین و بە شوێن دابەش کردنی ئەودا بڕۆین لەهەموو گەورەوبچوکێکی ژیانماندا.

چونکە دار الاسلام و ماڵی ئیمان ئەوپێشەوایە دروستی کردووەومامۆستای بووەوئەودرەختی بڕواداری چاندووە.بۆیە دەبێ مسوڵمان بەتاک وکۆمەڵگاوە،بە خێزان و بنەماڵەوخێڵەوە ، بەگوندوشاروەوڵەتەوە،بەفەرمانبەروکرێکاروجوتیاروەسەڵاتداروهەموو چین وتوێژەکانەوە،بەحزب وباڵ و دادگەروپەرلەمانتارو ئەنجومەنی وەزیران وهەموو دەسەڵاتەمەدەنی وسەربازیەکانەوە،هەرهەموومان پەیڕەوی بارودۆخەکانی داروماڵی ئیسلام وئیمان لە ئاڵو گۆڕو بارودۆخەکانی ژیانی ئەو سەروەروپێشەوایەداﷺ ببینین وپەیڕەوی لێ بکەین وسەرمەشقی خۆمان لەبارودۆخێک لەبارودۆخەکانی وقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی ئەودا ببینینەوە وشەهادەدانەکەمان بە بەمحمد رسول اللهﷺ بەڕاست بسەلمێنین بەم پەیڕەوی لێ کردنە،چونکە کەخۆمان لەهیچ شوێنێکی ژیانی ئەوسەروەرەﷺ نەدیتەوە؟واتە خۆمان لەوەبەگەورەترزانی کەپەیڕەوی لێ بکەین،ئەو کاتە شەهادەی محمد رسول الله یەکەمان ڕاست نیە ودرۆمان لەگەڵ ئەوشەهادە کردووە...

شێواز وچەشنەکان وقۆناغەکانی دارالاسلام لەژیانی سەرمەشقی ئیسلام ﷺ بەم قۆناغانەداتێپەڕیووە:

لە ئەشکەوتی حراوە بۆ بەڕێوەبردنی جیهان: ستراتیژی قۆناغی پەیامبەر ﷺ بۆ بنیاتنانی ئوممەت"

١-ماڵی ئیسلام و ئیمان لە ژیانی محمدی ئوسوەوسەرمەشق ﷺ،تاکە بڕوادارێک بوو لە ئەشکەوتێکی لاپەڕ گۆشەگیربوو،ئەو لەوەدڵنیایە کەئەم بونەوەروگەردوونە یەک بەدیهێنەرویەک ویست ویەک پارێزەروبەڕێوەبەری هەیە، بەڵام نازانێ چۆن لەو بەدیهێنەرە نزیک بێتەوە؟ چی بکا تا لێ ی ڕازی بێ؟چۆن خۆشەویستی بۆدەربڕێ ولای خەڵک خۆشەویستی بکا؟ ناتوانێ کەس بەم بۆچوونەی خۆی پابەندبکا ، تەنانەت خێزان وکچەکان وخزمەکانیشی کەزۆریش بەتەنگ ئایندەیانەوەبوو وخۆشی دەویستن ،،بۆیە لێ یان دووردەکەوێتەوە،چونکە لەو شێوەژیانە ڕازی نیە کە ئەوخەڵکەی لەسەرە.

ئەوەیە کە اللە دەفەرموێ تۆ ضال و گومڕابووی ئەی محمد نەت دەزانی پەیام وەشەریعەت وئیمان چیە بەڵام ئێمە بەم قورئانە ڕێنماییمان کردی.

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ (الضحى 7)

ئەی سەرگەردان نەبوویت و نەت دەزانی چی بکەیت، هیدایەتی دایت و ڕێنموونیی کردیت؟!

باشە ئەوەهەرلە١٢ساڵیەوە لای بوحەیڕا ئیماندار بوو و باوەڕی بە لات ومەنات وپەرستراوەکانی نەفامی نەبوو...

لەم شێوەدا پێشەنگمان ﷺ ژیانی لە سەربردەی قۆناغی ئیبراهیم علیه السلام دەچێ کە وێڵە بۆ دۆزینەوەی دینی حەق.

دارالإسلام لەنێوان وەحی و واقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی"

چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕ بۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەر ﷺ"

"لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەر ﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا"

قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەر ﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا

ماڵی یەکەم: دەستپێکی دارالإسلام لەناو خێزان

٢-ئەوجار هەرلە ژیانی محمددا ﷺ ئیمان ودار الاسلام ماڵێکی تاقانەی لە مەککەهەبوو کە محمدﷺ وخێزانی و کچەکانی و دوو غولامەکەی زەیدو عەلی بوون، یەکەم ماڵێک کە نوێژوپەرستشیان کردو قورئانیان خوێند...

لەم شێوەشدا سەرگوزەشتەی ژیانی ئادەم وحەوامان دێتە پێش چاوعلیهما السلام.

قۆناغی نهێنی: قوتابخانەی ئەرقەم و دروستکردنی هێز

بانگەواز لە بازاڕ و حەج: گواستنەوەی پەیام بۆ کۆمەڵگا

٣-پاشان ماڵی ئیسلام وئیمان گەورەتربوو ،ماڵی ئەرقەم بارەگای نهێنیان بوو و چەند ماڵێک لە مەککە هەبوون و کتێبیان هەبوو دەیانخوێند.

لەم شێوەشدا ماڵی پەیامبەر لوت علیه السلام مان پیشان دەدا

٤-لە شێوەی چوارەم دا پێغەمبەر علیه السلام لەکاتی حەج داکەعەرەبەکان دەهاتن بۆ حەج تیرە تیرەو وکۆمەڵ کۆمەڵ ، سەروەرمان ﷺ

دەچووە لایان وبانگی دەکردن بۆ ئەودینە ، وەبنەماوڕێساگشتیەکانی بۆڕوون دەکردنەوەوداوای دەکرد کە دینەکەی لەخۆبگرن تاببێتەهۆی سەرفرازیان.

لەم وێنەدا شێوەی پەیام بەرهودمان پیشان دەداله بانگەوازیدا.

کۆچ و ئاوارەیی: ستراتیژی پاراستنی دین

قۆناغی تەنگژە: گەمارۆ و تاقیکردنەوە

٥-لە شێوەی پێنجەم ماڵی ئیسلام کۆمەڵێک خێزانی ئاوارە کەلەپێناوی سەلامەت بوونی دینەکەیان بوونە جالیەکی دووروڵات وتاراوگە لە حەبەشە کە جەعفەر پێشەنگیان بوو وبۆدەیان ساڵ -لانی کەم لەساڵی دەیەمی پەیامبەرێتی تاساڵی شەشی کۆچی -

لەم شێوەشدا وێنەی سەرگوزەشتەی یارانی ئەشکەوتمان نیشان دەدا کەبۆ پاراستنی دینەکەیان ئاوارەییان هەڵبژارد.

.٦-لە وانەی شەشەم دا مسوڵمانەکان هاوڕێ لەگەڵ تیرەوبنەماڵەی هاشمی یەکان گەمارۆدراون لەشیوی ئەبوتالیب کەبە مسوڵمان وبێ باوەڕیان گەمارۆدرابوون، ئەمە نمونەی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا کە ئیسلامی وچەپ وڕاستەکان لەبۆتەی دژایەتی حکومەتی دارالندوەکەی ئەبوجەهل کە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمڕۆ دەگەیەنێ، لە پێناو مانەوەیان یەک دەگرن وەک چۆن محمد ویارانی لەگەڵ هاوبەشدانەرانی بەنوهاشم هەمان چارەنوسیان هەبوو تەنیا لەپێناو مانەوەی مسوڵمانان.

میعراج: پەیوەندی نێوان ئاسمان و زەوی لە ڕێبەریەتی پەیامبەر ﷺ

٧-لە وێنەی دەیەمدا ئیسلام ستونێکە کە بناغەی سەرزەوی لەماڵی ئوم هانی و لای کەعبەیەو سەرەکەی دی لای عەرشی ڕەحمانە، ئەوەی بەشداری ئەم گەشتەیە محمدوجبریلن علیهما السلام .

سەرەتا محمدی پێشەوای پێغەمبەران ﷺ لەمەکەوەگەیشتۆتە ئەقساو لەوێوە میعراجی پێ کراوەوبڵند بووە بۆ ئاسمانەکان ولەهەرئاسمانێ پەیامبەران وفریشتەودیمەنەکانی جیهانی غەیبی نیشاندراون ،پێغەمبەران وفریشتەکان وخەڵکانی ناودۆزەخ وخەڵکانی ناوبەهەشتی دیون وگفتوگۆی لەگەڵ پەیامبەران وفریشتەکان کردووەوڵامی سەلامیان داوەتەوەو ئەم وڵامی سەلام دانەوەیە واتە دان نانی ئەو پەیامبەروئوممەتانەیە بە محمد ﷺ

وئوممەتەکەی ،هەموویان بەڕوویدا پێکەنین جگەلەمالیکی خەزێنەداری دۆزەخ کە انشا الله جەهەنەم ودۆزەخیش بەڕوی خۆی وئوممەتەکەی دا پێناکەنێ.

لەم گەشتە ڕوحانیەدا پێنج فەرزەی نوێژ فەرزکراو کۆتایی هەموو نوێژێک بەدانیشتنی تشهد وتحیاتە کە دایەلۆک وگفتوگۆیەکە لەنێوان الله لەگەڵ محمدی پەیام بەری مرۆڤایەتی ﷺ لەلای سیدرەی مونتهاولەسەروعەرشەوەئەم دیدارو گفتوگۆیە ڕوویداوە.

ئەم گەشتە ڕووحانیە بچوک کراوەوچڕکراوەی گەشتی ئادەم وحەوابوو علیهما السلام لە فیردەوسەوەبۆزەوی ونوێ بوونەوەی بەڵێن وپەیمانی دیداری نێوان مرۆڤ ونیشتمانی ڕاستەقینەمان بوو، گەشتێک بوو بەزەمەنداوبازدان بوو بەسەر لەمپەرەمادیەکاندا، پەیامێک بوو کە بە محمدی خەمباری فەرمو ،ئەی محمد ﷺخەمبار مەبەکە پەیامەکەت دوای دەسااڵ هاتن لە چەندکەسێکی کەم لەوشارەدا تێناپەڕێ، گومانت لە وەنەبێ کەتۆخاوەن پایەومەقامی تۆ پێشەنگ وئیمامی گشت پەیام بەرانی ،تۆ ئەو پەتەی کە کەعبەی ئیبراهیم لە مەکەو قودس وبیت العزەی ئادەم وبیت المعموری ئاسمانی حەوتەم وسیدرە المنتهی وجەنەت بەیەک دەگەیەنی، ئەوەتا ئیبراهیم نەی توانیوە لەحەوتەم تێپەڕێ، جبریل نەی توانی گەشتەکەت لەگەڵ تەواوبکا، کەواتە تۆ هەرچەندە لەناومرۆڤەکان بێدەسەڵات بی،تۆ لەمەلەکوتی ئاسماندا خاوەن ڕێزی وپایەداری..

ئالێرەدا وێنەی دیدارو لیقای موسای کەلیم علیه السلام لەگەڵ الله مان نیشان دەداەکێوی تور،بگرە موساش تێدەپەڕێنێ وموسی شاگردێتی پەیام بەردەکالەگەشتەکەی.

سااڵی خەم و گەشت بۆ تائیف: تاقیکردنەوەی ئیرادە

٨- لەشێوەی هەشتەم ، ئیسلام پشتیوانەکەی وسەرۆک ودەم ڕاستی بنەماڵەی هاشم ووکافرەهاوپەیمانەکانی مسوڵمانانی لەدەست داوە، هەروەها خەدیجەودایک ودڵنەواکەری مسوڵمانانیش کۆچی کردوەە، کافرەهاوپەیمانەکان لەدوای دەرچونیان لەگەمارۆو مردنی پێشەواکەیان کە ئەبوتالیبە ، وەک جاران بەگەرم وگوڕی ناچنە ژێرباری پاراستنی بانگەوازی ئیسلامی.

بۆیە پەیام بەر ﷺ لەگەڵ خزمەتکارەکەی زەیدی کوڕی حاریسە بەرەو نزیکترین شار لە مەککە ڕۆیشتن کە تائیف بوو ،بانگی پێشەواوسەرۆک خێڵەکانی ئەوشارەی کردو بنەماکانی بۆڕوونکردنەوە،بەڵام زۆرلە سەرانی قوڕەیش خراپتر وڵامیان دایەوەو منداڵەوردەی شاریان بەدووخست وپێشەوای مرۆڤایەتیان بەردەباران کرد، تالەبەربەردەبارانیان خۆی هاویشتە ناوباغێکی کەنارشارو سکاڵای بێ هێزی خۆی بردە لای پەروەردگاری جیهانیان وداوای سۆزومیهرەبانی وڕەحمەت وڕێنمایی ئەوی بۆ خۆی وگەلەکەی کرد.

کەواتە پارت ودەستەو بانگخوازانی ئیسلام وئیمان دەبێ هەمیشە میهرەبان وبەئومێدبن، ورەیان نەڕوخێ وڕەشبین نەبن، کەدەرگاکان داخران لەڕوویان ، دەرفەتی نوێ بدۆزنەوەوتاقی بکەنەوە،ئەوەپەیامبەرە

ﷺ سبەینەوئێوارە وەحی بۆدێ،کەچی بە جبیریل نافەرموێ برۆ بەپەروەردگاربڵێ کارەکە بە بن بەست گەیشتووەو گەمارۆدراوین وئەوکەناتوانێ دینەکەی سەرخا بۆ پەیامبەران دەنێرێ؟؟ وئەوەتارێی حەبەشەومەکەوتائیف وهەموولایەکمان تاقی کردەوەوهەموو داخراون!؟، دیارە ئەم پرۆژە نەزۆکەوسەرکەوتوونابێ ،،،،هتد ،ئەم جۆرە قسانە بەڵگەن لەسەربێزاری وبێ ئومێدی وبێ متمانەیی کە پەیامبەرﷺزۆردووربوو لە وانە..

ئەوئازاروئەشکەنجەی توشی یاوەران وشوێنکەوتوەکانی دینی نوێ دەبێتەوە هەموو وەک یەک نیە، هەندێ تیایدا شەهیدبوون وهەندێ کوێروئیفلیج بوون وهەندێ ماڵ و خێزانیان لێ

هەڵوەشایەوە،بەڵام کەس خۆی لەکەس نابەستێ وناڵێ بۆئەوەی لەمن دەکرێ بەسەر فڵانکەسیش نایە؟

پەیامبەر ﷺ بەلای یاسروخێزانەکەی دادەڕواوناتوانێ هیچیان بۆبکالەدوعازیاتر، سەعدی کوڕی عوبادە کەشەوپەیمانی سەرخستنی ئیسلام دەدابە پەیامبەرﷺ، کەچی بەیانی بەقۆڵ بەستراوی دێنرێتە مەکەومسوڵمانان ناتوانن هیچ بەرگری لێ بکەن..

ئەم نمونانە هەموو وانەن کەلە ژیانی ئوممەتی ئیسلامی دا دوبارەبوونەوەودووبارەش دەبنەوەلەمەولا،ئەوانە سەرمەشقمانن ،بۆیەگرنگە بزانین چۆن لەگەڵ بارودۆخەکان هەڵس وکەوتیان کرد.

لەم نمونەش دا وێنەی سالح پێغەمبەرمان پیشان دەدالە بەتەنگەوەبوونی بۆ ئیمانهێنانی گەلەکەی...

دەستپێکی بنیاتنانی کۆمەڵگا: مەدینە و پەیمانی عەقەبە

١٠-لەشێوەی نۆیەم ئیسلام وبزاڤ وماڵی ئیسلام چەند کەسێکن لە مەدینە ئیمانیان هێناوەوموسعەبی کوڕی عومەیر دانراوە بە مامۆستایان ودوازدە نەقیبیان هەیەو نێردەکەیان بە پەیامبەر ﷺشادبوون وپەیمانی عەقەبەیان بەستوەوبڕیاری پاراستنی ئیسلامیان بەسەروماڵ داوە، وەک بزاڤێکی چالاک خەریکی بانگەوازن بۆ دینەکەیان بەبێ هەڵکێشانی شمشێر، نوێژی

بەکۆمەڵی جومعە دەکەن وکۆڕوکۆبونەوەیان هەیە بۆ بانگەشەکردن وڕانواندنی دینەکەیان لای پیاوماقوڵ ووسەرۆک خێڵەکان بۆ دینەکەیان ،هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشتی ودوورلە جەنگ...

هەرلەسەرئەوشێوە دەوسیەکان وغەفاریەکان وچەند تیرەیەکی تریش لەناوڕەشماڵ نشین وخێڵەکانیان وگوندەکانیان بەهۆی بەدیدارشادبوونی ئەوسەرۆک خێڵانەلەگەڵ پێشەنگی مامۆستایان ﷺلەکاتی حەجدا مسوڵمان بووبوون وبووبوونە دارالاسلامێکی بچکۆلە لەوسەردەمەدا..

لەم شێوەشدا کە پێغەمبەر ﷺ بەتەنیا لە ناودەستی ناحەزانیەتی وياوەرانی لێ دوورن نمونەی ئیسحاق ویەعقوبمان نیشان دەدا لەدووری خۆشەویستانی..

لە ئەشکەوتی سورەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە: پڕۆسەی دروستبوونی دارالإسلام لە سیرەی پێغەمبەر ﷺ

١١-ماڵی ئیسلام لە خاڵی یەکەم لە ئەشکەوتی حەرا دەستی پێکرد لەخاڵی یازدەهەم دوبارە گەڕایەوەناوئەشکەوت وغاری سور ،لەخاڵی نۆیەم باسمان کرد کە ئیسلام لەمەدینە بڵاوببۆوە،قوڕەیش دەیانزانی کە چوونی پەیام بەرﷺبۆ مەدینە کۆتایی هەژمونی

ئەوانە،پەیامبەر ﷺهەموو یاوەرانی بەڕێکردبوو وتەنیاخۆی وەک گرێنتی دان بەقوڕەیش لەناویاندامابوو تا یاوەرانی بەسەلامەتی دەرچن،لەئەنجومەنی ئاسایشی قوڕەیش لەماڵی لێدوان ونەدوە بڕیاریان دا ئەوشەوە لەت وپەتی بکەن، نەخشەی پاکتاوکردنی پێغەمبەر ﷺ

و قورئان وئیسلامیان داناوزۆردڵنیاش بوون کەسەردەگرێ،بەڵام الله نەخشەڕێگەی سەرکەوتنی دینەکەی وپێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیاردا،هەرئەوشەوە پەیامبەر ﷺ گیانفیدایەکی لەجێی خۆی نواند کەعەلی بوو و لەگەڵ گیانفیدایەکی تر کۆچی کرد کەئەبوبکربوو،ئێسلام و وەحی لە مەکەدا لەئەشکەوتی حەراوە دەرکەوت،بۆمەدینەش لە منداڵدانی غاری سور لە دایک بوو،ئەوپەیامەی لەدووئەشکەوتەوەهات ،بەرنامەونەخشەی هەموو کۆشک وتەلارەکانی لەناوبردو نەخشەڕێگای خۆی چەسپاند.

ئالێرەشدا وێنەی یونسمان پیشان دەدا لەناوهەناوی نەهەنگدابڕیاری سەرکەوتنی پەیامەکەی پێ دەدرێ.

دارالإسلام وەک پرۆژەیەکی قۆناغی: خوێندنەوەیەکی ستراتیژی بۆ ١١ ساڵی دوای کۆچ

١٢-لە وێنەی دوازدە پەیامبەر ﷺو یاوەرانی زۆرلەمێژ تامەزرۆی بەیەک گەیشتوونەوەو هەموویان بوونە وەستاوککرێکارو خەریکی دروستکردنی ئەومزگەوتەزانکۆیەسادەوساکارەن کەبۆ پازدە سەدەیە ڕۆشنایی دەدا بەجیهان، وەخەمی گەورەیان چۆنێتی کۆبوونەوەیانە بۆونوێژەی کەگەشتی ڕوحی ئیسراومعراجیان بیردێنێتەوومیعراجی ڕوح ولاشەیانە بۆ لای عەرش، بەم شێوە بەخەونی سەحابەیەک بانگی محمدی دادەمەزرێ.

لەم وێنەشدا پێغەمبەرمان ﷺ نمونەی باوانیان ئیسماعیل وئیبراهیمن علیهما السلام لە بنیاتنانی ماڵی پەرستش وزانستدا.

لە ئیسلام دا هەموو شتێک سادەیە،پەیامبەر ﷺ

لەگەڵ وەحی عەقڵ وبیروهۆش ونەخشەدانان وچەواشەکردنی دوژمن بەکاردێنێ وعەقڵ ونەقڵ ئەودووپێیەن کەپەیامی ئیسلامەتی پێیان دەڕوا،ئەمەش وڵامە بۆوکەسانەی کە وادەزانن کەعەقڵ و وەحی لێک جیان.

هەروەها مزگەوتەکەی بە خشتی زێڕینی بەهەشت نیە،بەبەردوخشت وقوڕوقەدەدارخورمایەو مینبەرەکەی زێڕکەفت وڕازاوەنیەو لەدارێکی لێڕەواروبەدەستی دارتاشێک تاشراوە، پەیامێکی سادەیە لە بنەماو لەچەسپاندنیشدا،بەشتەسادەکانی ئەم جیهانە ژیانێکی یۆتۆپیای فریشتەیی وقیامەتی وکۆمەڵگایەکی دڵ ودەروون ساغ بنیات دەنێ..

لە تەنهاییەتی بانگەواز تا سەرکردایەتی ئوممەت: گەشەی ماڵی ئیسلام لە سیرەی محمد ﷺ

١٣-لەشێوەی سێزدە دا

ئیسلام وجولەکەو هاوبەش دانەر لە مەدینە هەن، مسوڵمان وجولەکە حکومەتی دەستوری بنکە فراوان پێک دێنن ،ئەمە ماڵ وداری تێکەڵە وجزیەوسەرانە لەکەس وەرناگیرێ-چونکە جزیە تاسااڵی دەیەمی کۆچی ودابەزینی سورەتی تەوبە بڕیاری لەسەرنەدراوە-،هاوڵاتیان هەموویان مافیان هەیەو ئەرکیان لەسەرشانە...

ئالێرەش وێنەی پێغەمبەرهاڕونمان پیشان دەدا لە چاودێری وپێشەنگیدا.

لەگەڵ ئەوەی قورئان پڕە لە باسکردنی فێڵ وتەڵەکەو چەواشەکاریەکانی کوڕانی ئیسرائیل لەسەردەمی موساوداودوسلێمان علیهم السلام ،بەڵام ئەمەواناکا کە ئیسلام بواڕێکی ترنەدابە ڕۆڵەکانیان ،بواریان دەداتێ، هەوڵ دەدا کەوایان لێ بکائەوڕابردووەیان بسڕنەوەوببنەخشتێک لەدیواری دەوڵەتی ئیمان وبۆئەمەش چاوپۆشی لەزۆر بەدکاریان دەکاو کە کەسێکی وەک ئیبن ئەشرەف لاڕێیی دەکا هەموو تیرەکەی سزانادااوتەنیائەوسزادەدا،وەکاتێ تیرەیەک ناپاکی دەکەن ناپاکیەکەبەسەرهەموو جولەکەکانداگشتگیرناکرێ.،

سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک مۆدێلی دروستکردنی کۆمەڵگای ئیمان: لە بنیاتی مزگەوت تا حوودەیبیە

١٤-لەشێوەی چواردە، کاروباری ناوخۆی بەتۆکمەیی ڕێک خست،بانگەوازی ئیسلام بەشێوەیەکی سەرسامکەرپەرەی سەند،دینە نوێکە لەمەدینەزۆربڵاوبۆوە،گرێبەستی برایەتی لەنێوان موهاجیرویارمەتیدەران گرێدرا،لەم ماوەدا قوتابخانەی ڕۆژوو فەرزکرا،ڕۆگەی مسوڵمانان لەقودسی ڕۆگەی هاوبەش لەگەڵ دینەکانی ترگۆڕابۆ قیبلەو ڕووگەی
ماڵی ئیبراهیم هاجەروئیسماعیلی باوکی نەتەوەی عەرەب وەک بەرجەستەبوونی دین ونەتەوە لە

قاڵبێکی تۆکمەدا، بەڵام ئەم ڕووگە جیاکردنەوە وای نەکرد پەیام بەرﷺ لە هاوپەیمانی لەگەڵ جولەکەودەستوری هاوبەش بکشێتەوە.

هەرلەم قۆناغە گەنجانی مسوڵمان ئەزمونی سەربازیان بەهۆی بەشداریان لەسریەوکەتیبەکانداوڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ قوڕەیش زۆر گەشەی کرد.

ئەم پەرەسەندنانە وای کرد کەمسوڵمانان لەبەدر سەربکەون،وەهەژمونیان لەناوحکومەتە بنکە فراوانەکەدازۆرزیادبێ، وەهیچ هیوایەک بۆ تابوری پێنجەم ودووڕوەکان وجولەکەکان و ئەوانەی بەتەمای ئەوەبوون ئیسلام توشی نسکۆبێ بەرامبەر دوژ منانی نەمێنێ .

ئالێرەدا وێنەی داودپێغەمبەرمان نیشان دەدا کەجالوتی کوشت ودەسەڵاتی پەیداکرد.

ئاوەدانی دارالإسلام لە نێوان وەحی و عەقڵ: توێژینەوەیەکی قۆناغی لە سیرەی نەبەوی

١٥-لەم قۆناغە ئیسلام حکومەتە بنکەفراوانەکەی توشی لەت بوون بووە، قەینوقاع وهاوپەیمانە دوڕوەکانیان بەسەرکێشی عبدالله ئوبەی حکومەتی دەستوریان شلۆق کردوە،ئیسلام ئەم حاڵەی چۆن چارەکرد؟

بڕیاری بەدەرنانی گەورەترین خێڵی جولەکە لەمەدینە وپساندنی ئەو پەیوەندیە هاوپەیمانیەدینیەی نێوان جولەکەکان وهاوپەیمانیان لەگەڵ خەزرجیەکان زۆر زەحمەت بوو، بۆ هەڵوەشانەوەی سەرتاپای دەستورەکەهەڕەشەبوو،بەڵام هەنگاوێک بوو بەرەو ئاڕاستەی دروست تاببێتە تەمێ کردنێک بۆجولەکەودوڕوەکان ولەسەر سنوری خۆی بیان وەستێنێ...

بەرەی ئیمان وپێشەنگەکەی ﷺ نەلەبەرامبەرسەرکەوتنەکاتیەکان لەخۆبایی دەبن ولوتبەرزی ڕوویان تێ دەکا،نەلەبەرامبەر کارەساتەکانیش ڕەشبینی وبێ ئومێد دەبن و وەریان دەڕوخێ..

ئالێرەش نمونەی لێزانی لوقمانمان پیشان دەدا لەچارەی قەیرانەکاندا..

قۆناغەکانی بزووتنەوەی ئیسلام: لە نسکۆکانیش وانەی هەڵسانەوەی دوای گلان هەیە.

١٦-لە شێوەی داری شازدە بەهۆی سەرپێچی تیرهاوێژەکان لە جەنگی ئوحد لەفەرمانی پەیامبەر ﷺ وای کرد کە مسوڵمانان قوربانی باش بدەن،تەنانەت ژیانی پەیام بەرەکەیان ﷺ بکەوێتەمەترسیەوە،کەئەمەش چەندین حیکمەتی سەرسامکاری تێدایە.

بوونی ئەوجۆرە گۆشانە لە ژیانی سەرمەشقی مرۆڤایەتی ﷺ وکۆمەڵی ئیماندار زۆرپێویستە،تاکوبێتە ئامۆژگاری وسەرمەشق لەژیانی هەزارسااڵەی ئوممەتەکەی،چونکە ژیانی ئوممەتی هەمووی هەرسەرکەوتن نابێ، بارودۆخی ژێرکەوتنیش هەردەبێ، وەلەوبارودۆخەشدا ئوممەت پێویستی بە سەرمەشقی کرداری هەیە. وەهەروەهابۆئەوەی بزانرێ کەسەرپێچی فرمان وسونەت وڕێ وشوێنەکانی پەیامبەرﷺ

لە ژیانداودوای وەفاتیشی دەبێتە هۆی نسکۆو ژێرکەوتن.

کەواتە کارەساتی ئوحد دەرەنجامی سەرپێچی بوو لەفەرمانی سەرمەشق وڕێنمایی کارﷺ

کارەساتی بیری مەعونەش هەر کارەساتی ئوحد وای کرد کە دوژمنانی ئیسلام بوێربن ولەناوەودەرەوەی مەدینە دەستدرێژی بکەنە سەرمسوڵمانان ، وەلەناومەدینەش وای لە جولەکەکانی بەنونەزیر کردکەهەوڵی تیرۆرکردنی پێغەمبەر ﷺ بدەن، چونکە پێیان وابووکە ئیسلام لەدواهەناسەی ژیانیدایە.

ئەگەر نەخشەی ئوممەتی ئیسلامی گەورەبکەی وسەیری مێژووەکەی بکەی دەبینی کەزۆرجاران ئوممەت گەیشتۆتە لێواری لەناوچون،وە ئوممەتانی تر بەربوونە گیانی ودەستدرێژیان کردۆتەسەر وەک چۆن برسیە زۆرخۆرەکان دەست بۆ خوانی پێش خۆیان درێژدەکەن،لەڕۆژانی خاچ پەرستان ولەسەردەمی مەغۆل وتەیمور ولەسەردەمی ئیستعماری نوێدا،بەڵام هەموجار

مسوڵمانان بە شوێن کەوتنی پێشەواوسەرمەشقەکەیانﷺ نەوەکانی بەنونەزیر وقوڕەیش و ومونافیقەکانیان بێ ئومێدکردوەو خەون وخۆزگەکانیان لەباربردوون وسەرلەنوێ ئیسلام بوژاوەتەوە هەروەک چۆن لەدوای کارەساتی پیلانگێڕی داری نەدوەو ئوحد ومەعونە لەژیانی ڕێبەری یەکەم دا ﷺ دووبارە هەستایەوە.

لەم دیمەنەش دا نمونەی عیسا پێغەمبەری پیشان داین لەڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکاندا.

پێغەمبەر ﷺ وەک سەرچاوەی ستراتیژی: شیکردنەوەی قۆناغەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلام

١٧-لە دەوڵەت ودار الاسلامی حەڤدەهەمدا، پەیامبەرﷺ لاوازی مسوڵمانان وزۆری دوژمنانی دەرەوەوناوەوەی مەدینەی نەکردەپاساو تاخۆی لەدەرکردنی بنەماڵەی نەزیریەکان ببوێرێ،بەڵکو پێش دەرکردنی ئەوان کەعبی کوڕی ئەشرەف وئەبورافعی لەناوقەڵای نزیک خەیبەر کوشتن وپاشان نەزیریشی لەمەدینەبەدەرنان،بێگومان دوای ئەو ئۆپراسیۆنە ئەوەی چاوەڕێ کراوبوو توندبوونی گەمارۆو دوژمنایەتی قوڕەیش وخەیبەربوو کە لەباشوروباکوری
مەدینەبوون،وەلەوسەردەمەدائیسلام هیچ هاوپەیمانی نەبوون،ڕۆم وفارس هەردوو لەجولەکەو قوڕەیشەکان نزیکتربوون،ئەوەی کە مسوڵمانان پشتیان پێ بەهێزبوو ئیمانەکەیان بوو ،بزوتنەوەودین وجیهانبینیەکی نوێ بوون کەلەدوای تێپەڕینی ١٨ ساڵی پێغەمبەرێتی لەشارێکدا گەمارۆدرابوون، قوڕەیش وخەیبەر لەگەڵ فدک وغەتفان وچەندین تیرەوخێڵی دیکە لەدەرەوەی مەدینە لەگەڵ دووڕوەکان وبنەماڵەی قوڕەیزەی جولەکە هاوپەیمانیان بەست بۆ ڕیشەکێش کردنی مسوڵمانان ولەناوبردنی ئیسلام ،مسوڵمانان تەنیا بواری تاکتیکی ناوچەیی وناوخۆییان لەبەردەم مابوو..

ئەگەر بەلێکدانەوەی هێزوتوانای مرۆڤی ئاسایی لێک بدرێتەوە وپشت بە خوێندنەوەوپێشبینی مرۆڤەکان ببەسترێ،دەرەنجامی ئەو زانینانە هەمووی دەڵێ کە ئیسلام کۆتایی پێدێ،بەڵام دەبینی کە پەیام بەرﷺ وياوەرانی دەستیان بەهۆکارەکانەوەگرت وخەندەقیان هەڵکەند ،لەکاتێکدا کەزۆر برسی و ماندوو وشەکەت بوون،لەهەموولایەک گەمارۆدرابوون وهەڕەشەی بنەبڕکردن وجینۆسایدکردنیان لەسەربوو،برسی وتینوو بوون وخەووپشویان نەمابوو،،بەڵام بەهۆی ئەوپشت بەستن ویەقینەی هەیانبوو یارمەتی ئیلاهیی بەدەمیانەوەهات .

اللە ڕەشەبایەکی ناردەسەردوژمنەکانیان وهەمووی پێچانەوە،پێویستی نەکردکەمسوڵمانان جەنگ بکەن....

ئەمەش نمونەی پێغەمبەرسولەیمانمان پیشاندەدا کە قوربانی بە ئەسپەکانداوبە بەرفرمان بوونی با قەرەبووکرایەوە.

دارالإسلام لە سیرەی نەبەوی: لێکدانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەت

ڕۆڵی ڕوداوەکۆمەڵایەتی وپەرستشەکان لە قوتابخانەی کۆمەڵگاسازی ودەوڵەتمەداری ئوممەتی ئیسلامیدا

١٨-لە شێوەی هەژدەهەمی کابینەی ئیسلام:

هەرلەدوای کۆتایی هاتنی گەمارۆی جەنگی خەندەق وتێکشکانی ئەحزاب، پێشەوای ناوازەمان ﷺ

هەلی بەفیڕۆنەداودوای پێنج ساڵ ئارام گرتن ونەرمی نواندن ولێبوردەیی لەگەڵ جولەکەکان، هەرئەوڕۆژەبۆ نوێژی عەسر گەمارۆی بنەماڵەی قوڕەیزەی داتاکو لانەی پیلان گێڕان لەناومەدینەدابەیەکجاری کۆتایی پێ بێنێ، بەم شێوە بۆیەکەم جار دوای ١٨ساڵ لەهاتنی ئیسلام شارەکە بەتەواوی بووە شاری ئیسلام وئیسلام وپەیامەکەی بوونە خاوەن شار.

سەرکەوتنی پرۆژەی ئیسلام لە نێوان تەنگانە و فەرەهەنگ

١٩-ئیسلام لە شێوەی نۆزدەهەم دا :

ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی خێزانی لەوڕوداوەکۆمەڵایەتیانەی کەبوونە هۆی دابەزینی زۆرێک لەئایەتەکان من لەناوئەو ڕووداوانەی کەزۆرن ئەم ڕوداوەبەنمونە هەڵدەبژێرم چونکە لەناوخودی خانەوادە نمونەییە بەختەوەرەکە ڕووی داوە، ڕوداوی لەوشێوە زۆرن کە ناوی سورەتەکەش بەناوی ئەوخانمانەوەکراوە، وەک حوکمی زیهارلەسورەتی المجادلە وحوکمی کۆچی ژنان لە سورەتی الممتحنە .

لەم ڕووداوە ،کاتێ دووڕوەکان هەموو کارتەکانیان سوتا،سێ خێڵ وبنەماڵەکەی جولەکە لە مەدینە نەمان، شاری مەدینە بووە شارێکی مسوڵمانان ،قوڕەیش لوتی شکا، کەوتنە بڵاوکردنەوەی قسەی نەشیاو وبوختان.

سەیرکەن مسوڵمانان فەرمانڕەوای شارەکەن، دەزانن ئەودووڕوانە هاوکاری جولەکەوقوڕەیش بوون، ئێستاش بوختان بۆ دایکی بڕوادارانە هەڵدەبەستن کە پاکترین ژنی سەرزەویە وخێزانی بەڕێزترین پەیام بەر

ﷺوکچی خۆشەویسترین وڕاستگۆترین وەزیری پەیامبەرە ﷺ کە ئەبوبەکرە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئیسلام کێشەکەی بەزەبروزەنگ وهەڕەشە چارە نەکرد ،حیکمەتی ئیلاهی وابوو بۆ تاقی کردنەوەی ئارامی پەیام بەرومسوڵمانان وەحی دواکەوێ ،تاپێشەوامانﷺ لەم مەیدانەش دا کاریزمایی ولێوەشاوەیی وشایستەیی خۆی بسەلمێنێ، تالەم بوارەش بۆ مرۆڤایەتی بێتە سەرمەشق ومامۆستا.

زۆرجاری تریش بۆزۆر پرسی زانستی وياسايی ومێژوویی وەحی دوادەکەوت،ئەم وەحی دواکەوتنانەش هەموو بۆتۆکمەکردنی کەسایەتی پێشەواوسەرمەشقی مرۆڤایەتی بوو، هەروەهابۆئەوەش بوو کە ئەم دینە چارەسەرێکی واقعی و شیاوبۆ کێشەکان بێنێ وچارەکانی موعجیزە ئامێزنەبن ،چونکە دینێکە بۆگشت مرۆڤایەتی وبۆهەزاران ساڵ،دەبێ پەیامبەرەکەی سەرمەشقی وابداتەمرۆڤایەتی لەهەموو بوارەکان کەبەکەڵکی مرۆڤایەتی بێ دوای نەمانی وەحی.

بەڵێ ئەم وانە یاسایی وکۆمەڵایەتیانە لەناوسیرە یەکجارزۆرن،لە تەفسیروفەرمودەو فقە پڕەلەڕوداوی ناوازەی لەوجۆرە، هەمووی بۆئەوەبووتا مامۆستاکاملّەکە ﷺ هەموو وانەکان بەتەواوی بەتیۆری وکرداری بە قوتابیەکانی بڵێتەوە پێش ئەوەی کۆچ بکا..

نمونەی ئەم چیرۆکەش نمونەی چیرۆکەکەی مەریەمە کە چۆن تۆمەتیان بۆهەڵبەست وچۆن بەئارامە وبەهێواشی ئەم بوتانانەی پوچەڵ کردەوە ..

سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک ڕێنماییەکی هەمیشەیی: خوێندنەوەیەکی سیستەمی بۆ گەشەی ئوممەتی ئیسلام

٢٠- لەسااڵی شەشەمی کۆچی ،پەیامبەری پێشەوا ﷺ کەهەمیشە گەشبین بوو خێرو سەرفرازی بۆگەلەکەی وشارەکەی وخێڵەکەی کەقوڕەیشە دەویست،بەهەستی ئیماندارێک پێی وابوو کەئەوان لەو ١٩ ساڵە موعجیزەوبەڵگەی زۆریان دیتون وبەڵکو دڵیان نەرم بووبێ بۆ ئیسلام ،لەوماوەشداخەونێکی مژدەدەری دیت کە عەمرەدەکا،هەربۆیە بەنیازی عەمرە بە١٥٠٠کەسەوە ڕێی گرتەبەر، هەروەها ڕێ وشوێنی عەمرەوحەج لە قورئان دابەزیبوو کە فەرمانێکیش دابەزی دەبێ ئیمانداران ولەسەروشیانەوەپێشەنگەکەیان ﷺ جێبەجێی بکاولادانی بەربەستەکانیش الله ئاسانی دەکا.

لەم عەمرە دا کە نەگەیشتە مەکە بەڵام بوە خەڵاتێک بۆئومەتەکەی بۆهەزاران ساڵ هەرعەمرەکاروحاجیەک کەڕێی لێ گیراونەیانهێشت حەج بکا با لەوشوێنە ڕێی پێدەگیرێ سەری بتاشێ وقوربانی سەربڕێ، وەک ئەوەی عەمرەکەی کردبێ.

وەهەرلەم عەمرە دا ئوم سەلەمەی خێزانی کێشەیەکی گەورەی بۆ پەیام بەرﷺ چارەکرد کەئەویش بووە بەشێک لەوەحی وشەرع هەتائیسلام مابێ.

هەرلەوعەمرە پێکهاتنی حودەیبیەکی کردلەگەڵ قورەیش کەچەندان ڕێساوبناغەو بنچینەی سیاسی وفکری وشەرعی وسەربازی وياسايی وقەزایی وئابووری وکۆمەڵایەتی وڕەوشتی نەمری بۆهەموو مرۆڤایەتی تێدان لە شەڕو لەئاشتیدا.

ئەمەفەتح وسەرکەوتنێک بووکە پەیامبەرﷺ

بێ ڕشتنی یەک دڵۆپەخوێن بەدەستی هێناوەلەبەرامبەر تیروتانەوتوانجی دۆستانی وپیلان وچەواشەکارانی دوژمن ئارامی گرت، بەڵێ فەتحێک بوو
لەبەدرکەمترنەبوو،ئەمەلەکاتێکدازۆرینەی سەحابە پێیان وابووکەئەم پێکهاتنە بەزینێکە وەک بەزینی ئوحود ومەعونە..

لێرەشدا پەیامبەرﷺ نمونەی پەیامبەر ئیدریسی پیشان دا لە نەخشە دووربینەکانی..

حُدیبیە: ئاگربەستێک کە دەرگای جیهانی بۆ ئیسلام کردەوە

لە مەککە بۆ جیهان.: دەستپێکی جیهانی بوونی بانگەوازی ئیسلام

خەیبەر: تێکشکاندنی ناوچەکانی پیلانگێڕی دژی ئیسلام

٢١-ئیسلام لەقۆناغی بیست ویەکدا ڕەسولی ئەکرەم ﷺ ئەو ڕێککەوتن وئاگربەستەی لەگەڵ قورەیش قۆستەوە،شەوو ڕۆژی خستەسەریەک تاکو بازدانێکی گەورەلەبانگەوازو بڵاوکردەوەی ئەم دینە نوێیەبکا، کەدینێکە بۆهەموو جیهان نێردراوەوکەچی وابۆ بیست ساڵە هاتووەو تەنیا لەیەک شاردا بڵاوبۆتەوە،ئەوەتاشەریعەت وپەڕەنسیپ وبنەماودەقەکانی خەریکە تەواودەبن، کەچی ئەم ڕاستەشەقامە تائێستا هەرلەیەک شاردا گەمارۆدراوە،هەربۆیە پەیامبەر ﷺ هەردوای بەستنی ئاگربەستەکە نامەوپەیامی نارد بۆ هەموو پاشاو ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم وفارس وحەبەشە ومیسر وشام وعەمان ویەمەن وبەحرین کەئەوکاتە ئەمانە دەسەڵاتدارانی جیهان بوون،هەروەها لەناوخۆش هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعەکرد کەلایەنێکی لاوازبوو وەناکۆکی لەگەڵ قورەیش وبەنی بەکر ی هاوپەیمانی هەبوو، ئەمەش بۆئەوەبوو کە تەمەنی ئاگربەستەکە کەمتر لە دەساڵ بکێشێ، چونکە دەیزانی کەقورەیش وبەکریەکان خۆیان پێ ناگیرێ و ئاگربەستەکە دەشکێنن وهێرش دەکەنە سەرخوزاعە.

هەرلەدوای گەڕانەوەشی لەم ئاگربەستە ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەرخەیبەرو فدک و وادی قورا=دۆڵی گوندەکان،کە لانەی پیلان گێڕی وچاوەشەکاری وکۆکردنەوەی گەلەکۆمەکی دژی مسوڵمانان بوون، بۆیە پێش شکاندنی قورەیشیەکان بۆ ئاگربەستەکە ئەم بەرەی تێک شکاند وتاسەرسنوری شام ئەو وڵاتە هەمووی کەوتە دەستی دەوڵەتی مەدینە وبوە میرنشینێکی چالاک لە باکوری حجاز.

وەبۆساڵی دواتریش کەساڵی٧٠کۆچی بوو عەمرەی قەزای بەجێهێناوهێزوتواناوشیان وڕێکخراوی یاوەرانی پیشانی قوڕەیشەکان داو هێندەی کەورەی ڕوخاندن و وای کرد کە کەسانی وەک خالیدی کوڕی وەلید وعەمری کوڕی عاس مسوڵمان بن.

عەمرەی قەزا: پیشاندانی هێز لە دڵی دوژمن

ئەبو بەسیر: دروستبوونی یەکە پارتیزانیەکان لە دەرەوەی دەوڵەت

٢٢-لەشێوەی بیست ودووەدا ئیسلام

مەفرەزەیەکە کەلە بەر مەرجی قوڕەیش پێشەنگی ئیسلام ناتوانێ ئەبو بەسیر لەباوەش بگرێ و بە فرمانی ئەو ماڵێکی پارتیزانی بۆخۆی وهەواڵانی لەو چۆڵەوانیە پێک هێناوە.

مەرجە گرانەکانی قوڕەیش وای لە مسوڵمانەچەوساوەوژێردەستەکانی مەککە کردکە دووركەونەوەلەمەکەومەدینەولەلایەڕێک ماڵێکی بچکۆڵانە بۆ ئیسلام پێک بێنن،ئەمەش تاکوبۆ هەموو سەردەمەکان ببنە پێشەنگ کە جاری وایە پێویست دەکالەگەڵ بوونی دەوڵەت وخیلافەی ئیسلامیش کۆمەڵێک مسوڵمان ناچار دەبن کەبگەڕێنەوەقۆناغەسەرەتاکانی ئیسلام وماڵێکی سەرەتایی بۆئیسلام بنیات نێن لەتەنیشت ماڵە گەورەکەی ئیسلام کە هیچ پەیوەندیەکیان نەبێ.

ئەم کۆمەڵە پارتیزانیەی ئەبووبەسیر لەکەناری دەریا پێکی هێناوپێغەمبەریش ﷺ ئینکاری نەکرد پێشەنگە بۆهەموو ئەودەستەوتاقم وسریەپارتیزانانەی کەلێرەولەوێ لەگەڵ بوون یان نەبوونی خلافەودەوڵەتی ئیسلامی دروست دەبن،بەومەرجەی جەنگ لەگەڵ وڵاتی ئیسلام نەکەن..

دەبێ مسوڵمانان بزانن کەجاری وایە دەوڵەتی ئیسلامی وخەلیفە وکۆمەڵەیەکی ئیسلامی لەقۆناغی ئۆپۆزسیۆنیدابێ یان دەسەڵات، بەرژەوەندی قەوارەکەوبانگەواز وادەخوازێ کەهەندێ کەسی وەک ئەبوبەسیروئەبوجەندەل بەبەرچاوی پەیامبەرﷺ

و هەزاران مسوڵمانەوە دەرکرێن وزنجیرکرێن وئیسلامیش نەتوانێ جگەلەدوعاونزاهیچیان بۆبکا..

مەلاعومەری تالیبان کە لەشەرع شارەزابووایە زۆر بە ئاسانی ئوسامەوقاعیدەی ڕادەست دەکردن وەک ئەبوجەندەل،یان وەک ئەبووبەسیرلەوڵاتەکەی دووری دەخستنەوەونەدەبوەهۆی ئەوەی نەهامەتی شەڕێکی بیست ساڵە بەسەرگەلەکەی بێنێ.

دەبێ مسوڵمان لای ئاسایی بێ کە سەرکردەی مسوڵمانان پشتی بەرداوبۆ بەرژوەندی ئیسلام وازی لێ بێنێ وتەنیا دوعای بۆ بکا،ئەمە پێچەوانەی دۆستایەتی نیەو ولائیش نیە بۆ کافرەکان.

مووتە: یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام لەگەڵ ئیمپراتۆریەت

٢٣--لەشێوەی بیست وسێ ئیسلام

سوپایەکی سێ هەزار کەسیە ودەچێتە جەنگێک لەگەڵ وڵاتێک کە نیوەی گۆی زەوی لە ژێردەست دایە،سێ فەرماندە بۆ ئەوسوپایە دیاری کراون.

پەیامبەر ﷺ سریە وسوپای زۆری بۆ تەمێ کردنی دوژمنانی بەڕێ کردوون لەماوەی ئەوحەوت ساڵە.

بەڵام من ئەم نمونەم هەڵ بژارد چونکە گەورەترین سریەیە کە پێغەمبەر ﷺ بەڕێی کردبێ، وسێ کەس لە خۆشەویسترین کەسەکانی کردە فەرماندەودڵنیاش بوو کەهەموویان شەهید دەبن وڕووبەڕوو بوونەوەڕوودەدا، وەخالید کەچەندڕۆژبوو مسوڵمان بووبوو لەگەڵ ئەوسوپایە ناردی کەئەوەیەکەم جاربووخالدشمشربۆئیسلام لە کێلان دەرکێشێ.

هەموو سریەکانی تر کەدەنێردران بۆ قوڕەیش ونەجدوجولەکەکان بوون، بەڵام ئەمەتاکە سریەیە کە لەژیانی پێغەمبەرﷺ نێردرابێ بۆڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆم.

بێگومان هەریەکەیەکی ئیداری وکارگێڕی وبەڕێوەبردن جاسەربازی بووبێ یان کۆمەڵایەتی وسیاسی وبازرگانی وبانگەوازی کە لەسەردەمی پێغەمبەردابووبێ وئەوئاڕاستەی کردبێ ولەکارەکانیان ڕازی بووبێ ونکولی لێ نەکردبن، ئەوهەموو ئەویەکانە وەک دار الاسلامێکی بچوکن، لەتەنیشت ماڵەگەورەکەی ئیسلام ،وەهەتائیسلامیش بمێنێ مسوڵمانان لەهەموو جیهان دەتوانن بەپێی

بارودۆخی نزیک لەونمونانە ئەو یەکانە بۆخۆیان بکەنە پێشەنگ وئەم یەکە ئیماندارانەی یاوەرەکان وەک لەفەرمودەدا هاتووە :اصحابي كالنجوم بايهم اقتديتم اهتديتم=یاوەرانی من وەک ئەستێرەن لەتاریکەشەودا شوێن هەرکامێکیان بکەون ڕێنمایی کراوەدبن..

سەرکردەکانی ئەم جەنگە سێ خشتی بناغەی دەوڵەتی ئیمان بوون، عائشە لە ئەسەرێکدا دەڵێ ئەگەر زەیدی کوڕی حاریسە لەژیاندابوایە دەبووەیەکەم خەلیفە، زەید ئەمینداری پەیامبەرﷺ

بوو بۆ هەموکارە قورسەکان، لەگەڵی بوو لە هەموو گەشتەکانی بانگەوازلە لەمەکەوتائیف، لەکاتی کۆچدا هێنانی کچەکان وسەودەی خێزانی بەوسپاردبوو، لەکاتی کۆچی زەینەبی کچی ،زەیدی نارد تالەگەڵی بێ،سەرکردایەتی زۆرسریەو ئۆپراسیۆنی گرنگی بەزەید دەسپارد ،لەگەڵ ئەوەی ئیسلام وپەیامبەرەکەی ﷺ پێویستی زۆریان بە لە ژیاندامانی زەیدی سەرکردەی ساتەسەختەکان وجەعفەری سەرکێشی جالیەی مسوڵمانان لەحەبەشە بۆدەیان ساڵ وئامۆزای پەیامبەر علیه السلام وعبدالله ی کوڕی ڕەواحەی نەقیب وپێشەنگ وشاعیروئەدیبی ئیسلام بوو، بەڵام سەرمەشقی شەهادەتیش پێویستی بەوان بوو،بۆیە کرانە سەرمەشقی شەهادەت..

فەتحی مەککە: سەرکەوتنی لێبوردن بەسەر تۆڵەدا

سیاسەتی دڵبەدەستهێنان:

٢٤- شێوەی بیست وچواری کابینەی ئیسلام:

کاتێ قوڕەیش پێکهاتن وئاگربەستەکەی خۆیان لەگەڵ مسوڵمانان پێشێل دەکەن وهێرش دەکەنە سەر خوزاعە،پێغەمبەرﷺ نەی هێشت ئەم هەلە لەدەست بچێ وفەتحی مەککەی کرد ،بەفەتحی مەککە وکەوتنە دەستی قبلەی مسوڵمانان وماڵی ئیبراهیم وئیسماعیل علیهما السلام ،ئیسلام بووە هێزێکی ناوچەیی ،لەفەتحی مەکەدا چەندین وانەی لێبوردن وڕەوشت بەرزی ومیهرەبانی پێشەوای ئیسلام لە ئاشتی وجەنگدا دەرکەوت، پێغەمبەر ﷺ

هەموو ئەو دوژمنە سەرسەختانەی کەدەریان کرد ولێیان داوشاربەدەریان کرد ،بەڵام ئەو داوای لێبوردنی بۆ دەرکردن وتۆڵەی لێ نەکردنەوە.

لەم وێنەیەدا پێغەمبەرﷺ وێنەی یوسف علیه السلام پێشکەش کرد لە لێبوردەیی وچاوپۆشیدا..

وەلەم فەتحەدا ڕوداوی حاتەبی کوڕی ئەبوبەلتەعە ڕووی دا کە دەنگ وباس وهەواڵی فەتح کردنەکەی دابووە کافرەکانی قوڕەیش ،بەڵام پەیامبەرﷺ

تەنیاداوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەی لێ کرد،ئەویش ڕوونی کردەوەو نەسزادراو نەتۆمەتی ناپاکی درایەپاڵ..

لەدوای ئازادبوونی مەککە تائیفیش ئازادکراوبەم شێوە دوای ٢١ ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەموو ناوچەو ویلایەتی حجاز بووبە موڵکی ئیسلام ...

چۆن دەوڵەت دڵەکان دەکڕێت؟

فقهی پێویستی: کاتێک حوکم بە شوێن بارودۆخ دەگۆڕێت

٢٥-لە شێوەی دار الاسلامی بیست و پێنج:

لەکاتی دابەش کردنی دەستکەوتی هەوازنەکان ،کۆمەڵێک لەو سەرۆک خێڵانەی نەجد وحجازومەککە وتائیف ئامادەی جەنگەکەبوون، لەکاتی گەرمەی شەڕ لە وانە بوون کە پشتیان هەڵکرد،ئەنسارەپشتیوانەکان کەلەخۆشی وناخۆشی هەمووکاتێ دڵسۆزوپشتیوانی ئیسلام بوون لەبەرەی پێشەوەبوون، کاتێ دەستکەوت وئەنفالێکی زۆرکەوتە ژێردەستی پێغەمبەرﷺ ،ئەو دەیزانی کە ئەوهەموو ناوچەوشاروشارۆچکانە کەلە چەندڕۆژێکی کەم هاتوونەناوئیسلام ،لەکاتێکدابە٢١ ساڵ چەند هەزارکەسێکی دڵسۆزی پێکەوەناوە، بۆیە ئێستاکەبیەوێ ئەو خەڵکەودەیان ناوچەبپارێزێ ولێی هەڵنەگەڕێنەوە دەبێ ئەوچەندهەزاریارەدڵسۆزەی هەیەتی بخاتە مەترسیەوەو دوورنیە ئەزمونی تاڵی مەعونەوڕەجیع دووبارەبێتەوە، بۆیە پێغەمبەری لێزان

وحەکیمﷺ هات بەودەست کەوتانە دڵی سەرۆک خێڵ و کەسەبەناوبانگ ودەسەڵات دارەکانی ڕازی کردو هیچ لەودەستکەوتەی نەدایە ئەنسارە پشتیوانەکان، تاکوئەم شاروناوچانە متمانە بەئیسلام بکەن وهەڵنەگەڕێنەوەو پێویست نەبێ ئەنسارەکان لەوناوچانە بەجێ بێڵێ، بەڵام ئەم بڕیارە لەسەردڵی ئەنسارەکان زەحمەت بوو، چۆن ئەنفال لەسوڕەتی ئەنفال بەدەقی ئایەت، بەپێی دەستور بەشکراوە،مافی موجاهیدانە ،ئەی بۆ هەموو درایەکەسانی تر؟ ئایائەمە پێشێل کردنی دەستورنیە؟

پێغەمبەر ﷺبە گۆتارێکی گەرم وگوڕ سەرەتا سەرکۆنەشی کردن ،فەرموی ئەنسارینە ئەوەچیتانە؟ گومڕاوسەرلێشێواووپەرتەوازەنەبوون بەهۆی منەوە بوونە برای یەکتروڕێنمایی کراو وکۆک وتەبا؟؟

فەرمویان بەڵێ وابوو هەرتۆخاوەن منەت وچاکەی بەسەرمانەوە.

ئەوجاکەزانی هەرسەربازەدڵسۆزەکەی جارانن ودنیا ودەستکەوت نەیهەژاندوون، فەرمووی خۆدەتان توانی پێم بڵێن:ئەی تۆش دەرکراوو بەدرۆخراوەوبێ کەس وبێ شوێن نەبووی کە ئێمە باوەڕمان پێکردی وجێمان کردیەوەوبوینە پشتیوانت؟

ئەوجار ئەنسارەکان بەگریانەوە هەرفەرمویان اللە وپەیام بەرەکەی خاوەن چاکەومنەتن بەسەرمانەوە،بۆیە پەیامبەرﷺ دوعای بۆخۆیان وکوڕونەوەکانیان کرد کە بکەونەناومیهرەبانی وبەزەیی اللە .

پەیامبەرمان ﷺ بەهەستی دووربینی زانی کە ئەم قورئانەکەدەستورێکە شەش هەزاربەند وبڕگەیە،ئەگەر چاوپۆشی لەچەسپاندنی دە دوازدەبڕگە بکرێ تاکو کۆمەڵگا ی تازەمسوڵمان بوو ڕام ببن ویاخی نەبن وچارەنوسی هەرشەش هەزاربڕگەکەی دەستورەکەنەخەنە مەترسیەوە، ئیمامی ئومەت،پێشەوای عادل ئەم مۆڵەتەی بۆهەیە، ئەم کارە کە پێشەوای دین کەقورئانی بۆهاتووە نەیکا کەس ناتوانێ بیکا، بۆیە ئەم ڕێساو چەسپاندنە کە لەم سەردەمە پێی دەڵێن تیۆرو گریمانەی سەروەری، لە پێناوی سەروەری دا بەشێک لەدەستور هەڵدەسەپێردرێ، هەروەک ئەم سونەتە پیرۆزەوهەروا کردەوەی عومەر کەلەساڵی برسێتی دەست بڕینی ڕاگرت ولەسەرسنوری ڕۆم جەڵدەلێدانی زیناکاری ڕاگرت تامسوڵمانی ئیمان لاواز شەیتان فریوی نەداولەترسی جەلدە لێدان هەڵبێ بۆناوڕۆمەکان.

جیهانبینیە ناوازەکە لەگەڵ ئیمپراتۆریە جیهانیەکی ڕۆم ڕووبەڕوو دەبێتەوە تابیسەلمێنێ کە ئەوەی جەنگ دەکا جیهانبینیە نەک چەک وهێزی سەربازی

٢٦-لەشێوەی دارالاسلامی بیست وشەش.

هەندێک جاران لە جەنگە یەکلا کەرەوەکان پێغەمبەرﷺ بۆخۆی سەرکردایەتی سوپای دەکرد و نوێنەرێکی خۆی لەسەر مەدینەوبۆ پێشنوێژی دادەنا لەوجەنگانەی کە پێغەمبەرﷺ تێیاندا دەرکەوت جەنگی تەبووک بوو کە کۆتا جەنگی مسوڵمانان بوو ،ئەم جەنگە بەوەجیادەکرێتەوە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆم بوو، وەگەورەترین ژمارەی سوپای ئیسلامی بوو کەدەهەزاربوو، لەدوای گەڕانەوەی بۆ مەدینە کە هاتەوە مزگەوتی زیڕاڕی دووڕوەکانی ڕووخاند ، وەک

پێشەوایەک علی لەشوێنی خۆی دانابوو ،بەڵام هیچ سەرکۆنەی نەکرد کە بڵێ بۆچی هێشتویەتی دووڕوەکان پەرتەوازەیی بنێنەوە.

بەکورتی کەلەناوشاردابوایە یان سەرکردەی لەشکر ،پێغەمبەرﷺ جوانترین نمونەی سەرکردایەتی وسەرمەشقی پێشکەش بە شوێنکەوتوانی دەکرد..

ڕێساکانی پەرستن و دیاردەوبەهەرەکانی بوونەوەر خوازیاری هاوسەنگین :

٢٧-لە شێوەی بیست وحەوت دائیسلام چەند ڕێسایەکمان دەداتێ وپێمان دەڵێ کە بوونەوەرو دیاردەکان وبەهرەکان لەبونەوەردا بەدادگەری دابەش کراون ئەگەر کردەوەی کەس ووچین وتوێژو پێک هاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم تەرازوە تێک نەدا.

پێمان دەڵێ ئەگەر دەوڵەمەندانی کۆمەڵگا چاوی سۆزو ویژدان وبەزەیی وهاوکاریان لەهەژارانی کۆمەڵگابێ،ئەوەچاوەکانی ئاسمانیش بەهەمان شێوە دەڕوانینە پێدەشت وبان وکێڵگەکانی زەوی وتێرائاویان دەکەن،ئەگەر هەژاران بەدڵ ودەروونێکی باش ودوورلە چاوچنۆکی وئیرەیی وڕژدی وحەسودی سەیری دەوڵەمەندان بکەن، ئەوە زەوی وکێڵگەوباخچەکانیش بەهامان شێوە پێشوازی لە باران وخێزاوی ڕووبارەکان دەکەن و بەڕەنگی ئاڵاو وڵاوە بەدەم بارانی ئاسمان وڕووبارەکانەوە پێدەکەنن ودەبوژێنەوە.

کاتێ کۆمەڵگا داوێن پاک وبەتەنگ یەکترەوەبوون ودەستباریان لەگەڵ یەکترگرت ونەهێڵرا کەس لە هیچ ڕوویەکەوە پێویستیەکی ناچارکەری هەبێ، نەلەڕووی لاشەیی وئابووری ونەلەڕووی ڕوحی ونەلەڕووی زانستی ونەلەڕووی کۆمەڵایەتی،ئەوکاتە ئەوان ڕانوێنراون وئەوەی لەسروشتە لەدیاردەکانی بوونەوەر ئاوێنەی کردەوەکانیانە، ئەوئاوێنەش وێنەیەکی پڕادوبەزەیی وبەخشندەییان پیشان دەداودنیایان پێش بەهەشت بۆدەبێتە بەهەشت.

چاکە وبنەماکانی شەرع وعەدالەت بەهەموو لایەکان دەکرێ، چینێک لەڕووی فکروزانست پێویستی بەچینێکی تر،بەرامبەربەمەش ئەوچینە پێویستی ئابووری بە چینەکەی تر.

هەیە لە زانست دەوڵەمەندە،هەیە لەڕوحانیەت،هەیەلەڕووی کۆمەڵایەتی،هەشە لەچەند ڕوویک لەمانە، شەرع بۆهەموو‌ئەمانە هێڵی گشتی تۆکمەی کێشاون، ئەوەی ڕەزیل بێ بۆبەخشینی زانستەکەی بەڕێشمەی ئاگرین لغاودەکرێ،ئەوەی لەڕووی ئابووری ڕەزیل بێ ئەوەبەزێڕەکانی داخ دەکرێ،ئەوەی لە ڕووی ڕووحی چروک بێ ئەوە ئاگری دۆزەخی پێ خۆشدەکرێ،ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتی خاوەن کێ وژن بێ وبتوانێ چەند ماڵ ئاوەدان کاونەیکا،ئەوەباچاوەڕێی ئاشوب وفیتنەی گەورەبکاو ئاشوبی گەورەش هەرزیناوداوێن پیسی وتێک چوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە کەهەم لەدنیا چەندان دەردوبەڵاومەینەتی دێنێ وچارەنوسی ئاخیرەتیشی ناوتەنوری جهنم وبە ئەندام هەڵواسرانە.

هەموو‌ئەوانە دەیانتوانی بەوەی پێیان دراوە لە پێشەنگانی خەڵکی بەهەشت بن،کەچی بەبەهرەکانیان بوونە دۆزەخی.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

نوێژی باران وچوون بۆ حەج وبۆجیهاددەبێ سەدەقەو دانەوەی مافە مادی وکۆمەڵایەتی وزانستی وڕوحیەکانی پێش کەوێ، نوێژی خۆرومانگ گیران یش هەروا،چونکە ئەوانە هۆشدارین بەوەی کەهاوسەنگی کۆمەڵایەتی خەڵک تێک چووە بۆیە ئاوێنەی دیاردەکانی بونەوەریش وێنەکەبەوشێوەنیشان دەدەن، بێ بارانی وگرانی خۆرومانگ گیران دەردەخەن، بۆیە بۆخۆرومانگ گیران فەرمودەکە بەئەدەبەوەباسی زینالەگەڵ کەسانی نامەحرەم لەخوشک ودایک وپورو،،،،هتد دەکا.

شەش پایەکانی ئیمان وپێنج پایەکانی ئیسلام ودووپایەکانی ئیحسان هەموویان بۆ هاوسەنگ کردن وهەموارکردن وتەندروستکردنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی تاکەکان وپێکهاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین وپابەندبوون پێیانەوەدەبێ ڕووکەشانە نەبێ وبزانرێ بۆچ مەبەستێک ئەم ڕێ وڕەسم وپەرستشانەدانراون ،کاتێ دەبینی ڕیزەکانی نوێژو وەستانی عرفات ڕوحی نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی وچینایەتی وڕەگەزو زمان وفەرمانڕەواوفەرمانێ کراو بنەبڕدەکا،کەواتە ئەوەی چووبۆئەودوو پیەرستشەولەودوومەبەستەی جێبەجێ نەکرد ئەوەنەنوێژی بەکۆمەڵی کردوەونەحەج.

ناسینی ڕوح ومەبەستەکانی بنەماکانی دین چارەسەرو دەرمانخانەی دنیاوقیامەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە..

جیهان زیندانێکی گەڕۆکە بۆسەرپێچی کاران وتەنیا ئەوانەلەوزیندانەدەردەکەون کەبەڕاستی دەست بەئیسلامەوەدەگرن :

٢٨-لەنمونەی بیست وهەشتی ماڵی ئیسلام ،جیهان لە وێناکردنی ئیسلام زیندانێکی گەڕۆکە بۆ سێ یاوەرو سەحابە کەلە جەنگێک دواکەوتوون کەپێغەمبەرەکەیانﷺ داوای نەفیری گشتی لێ کردبوون وئەوان نەچوون، سەدان کەسی دووڕوو بە سوێندی درۆ خۆیان پەڕاندۆتەوە، کەچی ئەم سێ کەسە ڕاستگۆیە بەهۆی ڕاستیبێژی خۆیان لەلایەن گەڕەک ومزگەوت وتیرەوبنەماڵە دەنگیان لێ وەرگیراوە، ژنەکانیان نێردراوەتەوە ماڵی باوکیان ،وایان لێ هاتووە کەس نایاندوێنێ وکەس کارێکیان بۆڕاناپەڕێنێ، شاوسەرکردەکانی کافرەکان بەم دەنگ دابڕینەیان زانیوەو ئەم سێ کەسە بانگی لای خۆیان دەکەن.

ئەم هەموو مەینەتەبۆئەم سێ کەسەبۆچی؟ چونکە ئیسلام دینێکە بۆهەزاران ساڵ ودەیان سەدە، دەبێ لە ژیانی پێغەمبەرەکەی وياوەرانی هەموو نمونەکانی بۆ هەموو چین وتوێژێک تێدابێ، ئەوەحوکمی دزی وبوختان وزینامان زانی ،ئەی سزای سەرپێچی سەربازی؟

وە ئەمە وانەیەکە کە سەربازەکان هەڵدەنێ لەسەر ڕاستگۆیی ودڵسۆزی وئارامگری لەکاتی سەپاندنی سزادا، وەپێشمان دەڵێ کەسەربازی گوێڕایەڵ ودڵسۆز کەمتر توشی ئەوسزایە دەبنەوەودەگمەنن، چونکە ئەگەر کورتانی وشترەکەشیان هەڵگرتبێ وەک ئەبوزەڕ هەربە پێشەواکەیان دەگەن، بەڵام ئەوکەمەناوازە کەتوشی ئەوبارودۆخەدەبن دەبێ وانەیەک هەبێ لەژیانی پێشەوای مرۆڤایەتی ولەناوقورئانی کەتەلۆکی مرۆڤایەتیش چەندئایەتێک کەئەو بابەتە چارەسەرکەن،ئابەم شێوە دوای چەند مانگ لەم دەنگ دابڕانە ئایەتی تۆبە وەرگیرانیان بۆ هات ولێبوردنی ئیلاهیان بۆدەرچوو وخێرو بەخشینی گەورەیان بەم بۆنەیەوەکردو خەڵکی دەستەدەستە پیرۆزبایی لێکردن.

خۆلەگەڵ ئەم سێ کەسە سەدان کەسی دەغەڵ ودووڕووش هەبوون کە لەوجەنگەدواکەوتبوون،بەڵام هاتن سوێندی بەدرۆیان خواردوپاساوی بەدرۆیان هێنایەوەو کەسیان سزانەدران لەدنیا، ئەمانە کەسانی زۆرینەن لە سەرپێچی کارویاخی لەدەستور کە بەرژەوەندپەرست وهەلپەرست ودرۆزنن، سزادانی هەموویان وادەکا ئەو دووڕوانە ببنەبەرە دژی مسوڵمانان کە ئەمەش دەیانکاتە قەوارە،بەڵام کە پشتگوێ بخرێن ئەوانەهەمیشە لەبەربەرژەوەندی پەرستی لەگەڵ یەک ناکۆکن ونابنەبەرەی دژبە ئیسلام.

ئەم سێ کەسانە نمونەی ئەیوب علیه السلام پێشکەش دەکەن وئارامی خۆگری لەسەربەڵاو مەینەت زۆرلەنەخۆشی زەحمەتترە..

٢٩- لەکۆتا وێنەی ماڵی ئیسلام دا تەواوترین وێنەی ئیسلام ولوتکەوچڵەپۆپەی ئیسلامە، جیهادی هێرش کردن وجیهادی فەتح وتەلەب لەم قۆناغەدا دەبێتە ئەرک،ئەوەیە فەرمودەکە دەفەرموودێ جیهاد لوتکەی هەرەبەرزی ئیسلامە، واتە تانەگاتە ئەوقۆناغە ئەم جۆرەجیهادەنابێتە ئەرک.

ئەم سەرکەوتن وئارام گرتن وکۆمەڵگاتۆکمەی لەنمونەکانی پێشوو باسمان کرد چەندین سەرکەوتنی گەورەی لەگەڵ خۆهێنان،ئیسلام گەیشتە عەممان ویەمەن وبەحرێن ونەجد وئیحساو تەبوک وسەرسنوری شام .

تەواوی دورگەی عەرەبی کۆنترۆڵ کراوەونەقوڕەیش ونەجولەکەو هاوپەیمانانیان نەماون وئیسلام حاکم وفەرمانڕەوای ناوچەکەیەوپەیامی بەجیهانی بوونی گەیاندۆتە پاشاو سوڵتانەکانی جیهان وهەموو لایەنە پەرستش و سەوداو بنەمایاساییەکان تەواوبوون و بەئایەتی الیوم اکملت لکم دینکم ،دینی کامڵ وتەواو لە پڕەنسیپ وپڕاکتیزەکردن هاتووە..

نێردەو وەفدی تیرەوخێڵە عەرەبەکان ووکەمینە دینیەکانی جولەکەومەسیحی نەجران وپاشاکانی ناوچەکە پۆڵ پۆڵ دێن و ئیسلام زۆربەخێرایی ئاسۆکانی فراوان دەبن، لە گوتاری حەجی ماڵئاوایی هەرچی دیاردەی هاوبەش پەرستی و وێنەوپەیکەرپەرستیە لابراوەوژمارەی یاوەران بۆیەکەم جار سەدهەزاری تێپەڕانووە ووتارەبەناوبانگەکەی حەجی ماڵ ئاوایی ڕێساگشتیەکانی دینەکەی زیاتربەجیهانی کردوە،

پێشەوامانﷺ بەگوێی هەموانی داداوەکەئیسلام پەیامێکی جیهانیە،بنەماو ڕێساکانی بۆ سوڵتان وئیمپراتۆرەکان ڕوون کرانەوە، اللە بنیاتی یاسایی وشەرعی وبیروباوەڕی عەقیدەیی تەواوکرد، ئەمە کۆتانمونەی شێوەی کاملە بۆ دارالاسلام وفەرمانڕەوایی وحوکمڕانی وپەرستش وسەوداومامەڵە وئاڵوگۆڕەکانی ئابوری ودیاردەکۆمەڵایەتی وهزری وڕۆشنبیریەکانی.

لەم بیست ونۆ وێنەیە تەنیاکۆتا دیمەنیان ئیسلامی تەواوە وکاملە، پێغەمبەرایەتی وپەیام وشەرع لە نمونەی ٢٩ تەواوبووە ،لەنمونەکانی پێش ئەو دارالاسلام وشەریعەت ویاساکان وپێغەمبەرێتی جارێ ناتەواون ،کامڵ نین ،بەڵام ئایا دەبێ مسوڵمان هەرلەسەرئەودوا نمونەی٢٩ ڕاوەستێ بەلەوەکەمتر ڕازی نەبێ؟

مێژوو و ئێستاو ڕەوتی کرداری ئیسلام پێمان دەڵێ ،کە دەیان جار ئیسلام وداڕەکەی وحوکمەی گەڕاوەتەوە داری ئەرقەم وئەشکەوتی حەڕاو خۆی لەماڵی خەدیجەکان داپۆشیوەولەشیوی ئەبوتالیب چۆتە پەنای ئەبوتالیبە موشریکەکان وجارجارەش حکومەتی دەستوری لەگەڵ جولەکە وجگەلەوانیش پێک هێناوەو شان بەشان جولەکەوگاورەکان شەڕی مەغۆل و سۆڤیەتیان کردوە و،،،هتد

هەروا پەیام بەریش ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئیسلام نامۆدەبێتەوەو وەک ماردەچێتەوە کونەکەی خۆی ودەسەڵاتی نامێنێ و دەبێتە دەستەو تائیفە وکەمینە و،،،هتد.

کەواتە ئەو پارت ودامەزراوەوبانگەوازانەی دەچنە ناوڕەوتی سیاسەت و باوەڕیە تداول و دەست بەدەست کردنی دەسەڵات دێنن، لە سەرئەم نەخشە ڕێگایە ،کە حاکم بوون ئەوە پێشەنگیان حوکمی هاوپەیمانی جولەکەو پێغەمبەرە، کەسەرنەکەوتن ولەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی جیاوازلەخۆیان بوون ئەوە لەدۆڵی ئەبوتاڵیبن ،وەکەلەتاراوگەبوون ئەوەلەگەڵ جەعفەرن، وەک لە شەڕی پارتیزانی دابوون لەگەڵ ئەبووبەسیرن،،،هتد..

بەکارهێنانی فۆرم وشێوەبەڕێوەبردنەکانی دیموکراتی ولیبڕاڵی وسەرمایەداری ودەرەبەگایەتی وپاڕێزکاری وسۆشیالیزمی وکۆمۆنیزمیش لەم چوارچێوەدایە، پێویستە وەک چۆن کە پێشەواکەمان ﷺ ویاوەرانی دەیانزانی کە دەمارگیری بنەماڵەی هاشمیە هاوبەشی دانەرەکان بۆ پێغەمبەر ﷺ ویارانی بۆ قیامەت هیچ سودێکی نیە کە ئیمان نەهێنن، بەڵام لەڕووی دنیایی نابێ هەڵس وکەوت ونەیاری مسوڵمان لەگەڵ ئەوناوەندە کافرەوهاوبەشی دانەرەی کە ئازادیت دەداتێ بۆبانگەواز وەک ئەبوتالیب بەرگریت لێ دەکا نابێ وەک ئەبو جەهل وئەبولەهەب وئەو ڕژێمە

نەیارانە ودەوڵەتە دژانە هەڵس وکەوتی لەگەڵ بکەی کەهەموو ئازادیەکی بانگەوازکردن وچالاکیەکی دینی دەخنکێنن وهیچ بواری نادەنێ،ئەوەتا پێغەمبەرﷺ تادواهەناسەی ئەبوتالیب بانگی دەکابۆ ئیسلامەتی، ئەبودوغنە کەلەدوای مردنی ئەبوتالیب پەنای داوە ،لەبەدردەفەرموێ کەئەبودوغنە زیندوو بوایەوداوای ئازادکردنی ئەم دیلانەی بکردایە هەموویانم بۆ ئازاد دەکردن.

لەم سەردەمەشدا ئەوڕژێم وشێوەبەڕێوەبەری وسیستەمانەی باسمان کردن کەبەکەڵکی هەریەکێک لەوشێوانە هاتن بامسوڵمانیش بۆی دڵسۆزبن، بەڵام دڵسۆزیەکەیان لێ نەبێتە بیروباوەڕ وبنەما،دڵسۆزبن بۆ دیموکراتیەت ولیبڕاڵی وەک چۆن ڕێبوارێک دڵسۆزە وبەتەنگ ئەوپێڵاوانەوەیە کەلەپێیان دەکاودڵسۆزە بۆوگوێدرێژەی سواری دەبێ،چونکە بێ ئەوان ناتوانێ ڕێ بکاوشەولەوبیابانە گورگ دەی خوا،کەلەناوجەرگەی نەفامی وستەمی مەکە دورگەیەکی دەمارگیری تیرەگەری دەبێتە هۆی پاراستن ومانەوەوقۆناغ تێپەڕاندنی پەیامبەروئیسلام وشوێن کەوتوانی،کە ئەبوتالیب دەمرێ بۆی خەمباردەبن.

کۆمەڵێکی تر لەژێربااڵی نەجاشی یەکی مەسیحی دەحەوێنەوەوکاتێ نەجاشی توشی شەڕدەبێ خەمباردەبن ودوعای سەرکەوتنی بۆدەکەن. لەمڕۆشدا بەهەمان شێوە مسوڵمانانێک لەئەوروپا وئەمریکاوئوستراليالەژێربااڵی چەندپەرەنسیپ وياسايەک حەواونەوە، يان لەوڵاتەکانی خۆيان چەند يەکەيەکی ئيداری وبەڕێوەبردن هەيەو وڵاتەکان وەک شيوی ئەبوتاليبيان لێ هاتۆتەوە.

کاتێ یەکێ لەیاوەران دەچێتەحیرەودەبینێ زەردەشتیە مەجوسەکان کڕنوش بۆ مزربانەکانیان دەبەن، ئەوەهەرچەندە قورئانیشی خوێندۆتەوە کەسوجدەبۆ جگەلەالله نابێ، بەڵام پاڵنەری لاسایی کردنەوە ئەم ڕاستیەی لەبیردەباتەوەودێ سوجدەبۆ پەیامبەرﷺدەبا.

پەیامبەری مامۆستای مامۆستایان ﷺ بە سەریدا ناشیرێنێ وکافری ناکاوناێ تەڵاقت کەوت ولەئیسلام دەرچووی، بەڵکوتەنیا بنەماقورئانیەکەی بیردێنێتەوە کەلەدینی ئیسلام سوجدەوهەموو عیبادەتێک تەنیابۆاللە یە .

لە چیرۆکی زات ئەنوات کەپەرستراوێکی سەردەمی نەفامی بوو، هەندێ لە سەحابە داوایان کرد ئەوانیش زات ئەنواتیان هەبێ، پەیامبەرﷺفەرموی ئێوەش وەک بنەماڵەی ئیسرالیەکانتان گوت کەئەی موسا وەک چۆن ئەوکافرانە پەیکەروپەرستراویان هەن، بۆئێمەش شتێکی لەوشێوە بڕیاربدە.

بەڵام موسا فەرموی ئای کەچەندگەلێکی نەفامن!!

ئەمەشێوازی ڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی هەڵەیە بەچیرۆک وسەرگوزەشتەی ڕابردوان ،کە ئەوانە تێدەگەن کەئەوهەڵوێستەوبکەرانی لەمێژوواسەرکۆنەکراون بۆیە داواکەی ئەمانیش داوایەکی هەڵەوناڕەوایە..

بەڵام بۆ وڵامی ئەوپرسیارە کەچۆن دوای دابەزینی گشت بنەماکانی دین وکامڵ بوونی شەرع،ئێستا ئوممەت بگەڕێتەوە قۆناغی مەکی؟ ئەی ئەو حوکمەشەرعیانەی وەک نوێژەکان بەکۆمەڵ وجومعەوڕۆژوو وحەج وجۆرەکانی کڕین وفرۆشتن وحەرام بوونی ڕیبا ومەی وگۆڕانی قیبلە وقۆناغەکانی فەڕزبوونی جیهاد چیان بەسەردێ؟؟

بۆ ئەمەش دەڵێم ئەم حوکمانە هەرلەناو کۆمەڵگای ئیسلامی ئەم ڕاگرتنەیان تێکەوتووە، بۆنمونە لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی وگشت جیهانیش باشترین تویژی کۆمەڵگاودیندارترینیان توشی مەینەتی زیندان بوون،ئەوانەی توش بوون زۆریان خاوەن سامانیش بوون، لەوماوەیەدا جومعەو نوێژی جەژن وحەج وجیهاد وزەکات دان وزۆر حوکمی شەرعی تر کەنەیانتوانی جێ بەجێ بکەن ،ئەمانەهەروەک گەڕابنەوە پێش شیوی ئەبوتالیب وهێشتا لەماڵی ئەرقەمن وابوو کەهیچ شتێکیان بەویستی خۆیان نەبوو،لەمەشدا ڕێسای زەروورە وپێویستەکان کەلەناوقەواعیدی فقهی دایە ئەمە دەگرێتەوە.

ئەم حوکمانە تەنیاهەرلەسەر دیل وزیندانیەکان نا،بەڵکومليۆنەها ئاوارەی لەوڵات هەڵکەناو لەو وڵاتانە بۆ وڵاتێکی تر،یان لەشارێک بۆ شارێکی تر،یان ئاوارەی ئەوروپاوئەمریکاو وڵاتانی ئاسیابوون، دیسان ئەوانیش ناتوانن حەج بکەن، ماڵیان تەجمیدکراوەوناتوانن زەکات بدەن، ئەمانەش هەروەک پێڕەکەی ئەبو بەسیروئەبوجەندەلن وتەنیاخۆیان دەربازبوون.

یان نەفی کراون لەوڵاتەکەیان لەژێر ئیقامەی بەزۆری دان،ئەمەش وەک یارانی جەعفەر وان لەحەبەشە، لەپەرستش وکڕین وفرۆشتنیش

لا یکلف الله نفسا الا وسعها..

ئەمەش ڕێسایەکی تری ڕێسا فقهیە گشتگیرەکانە.

بەم شێوە پەیامبەر صلی الله علیه وسلم

نەخشەڕێگای تەواوترینە بۆ هەموو قۆناغەکانی هەمووچین وتوێژ ونەتەوەو پێک هاتەکان لەهەموو کیشوەرەکان.

،بەم تێڕوانینە جیاوازی مسوڵمانان ڕەحمەتە وکاری یەکترتەواودەکەن.

جیاوازیەکەیان بەپێی ئەو بارودۆخانە وچۆنێتیانە کەئەوانی تێدان ولە وێک چوترین شێوەلەو٢٩شێوەی باسمان کرد لەگەڵ قۆناغی ژیانیان ،یان یەک دوو شێوە تێکەڵ دەکەن ،بەپێی ئەوقۆناغ وبارودۆخەی تێیدان،چونکە پەیامبەری سەرمەشقمانﷺ

نەخشەڕێگەی هەمووانە،ژیانی هەموان لە خۆ دەگرێ،پازدەسەدەیە نەک هەرئوممەتەکەی بەڵکو هەموو قەوارەودامەزراوەکانی مرۆڤایەتی بەدەرنین لەیەکێک لەم حاڵەتانە،چونکە موحممەد ﷺ

نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە بەهەموو ژیاروشارستانی وپێک هاتەکانی..

بۆیە هەموو مرۆڤایەتی لەم وێنەوهەڵوێستانەی ژیانی پێشەوامان ﷺ دەرناچن، ژیانی ئەو هەموو وێنەو شێوەکانی دامەزراوەکان وپارتەکان وکۆمەڵگاوتوێژونەتەوەکان وهاوپەیمان ودەوڵەتەکان لەخۆدەگرێ چونکە ئەو بە ڕەحمەت بۆ هەردوو جیهان نێردراوەبۆ پێشەنگی گشت مرۆڤایەتی.

ئەگەر لە تێڕوانینی دەلاقەی مەبەستەکانی شەرع پێوانەیەکمان بۆ چۆنێتی ئیسلامی بوونی دەوڵەت وحوکمڕانیەکان دەست کەوتبێ،ئەوەلە وێستگەکانی ژیانی پێشەوامانیشﷺ ئەم تێڕوانینە بۆ چۆنێتی ئیسلامی وشەرعی بوونی دەوڵەت وفەرمانڕەوا تادەگاتە چۆنێتی ئیسلامی بوونی تاکێک وخێزانێک وبنەماڵەو خێڵێک وقوتابخانەیەک وجالیەیەک ودەستەوپارت وحزبێک وگەڕەکێک وگوندێک وشارێک وفراکسیۆن ومەفرەزەیەک وسەربازگەیەک ونۆرینگەیەک وزانکۆیەک وباوکێک ودایکێک وجگەرگۆشەوهاوسەرێک،،،،هتد دەست دەکەوێ.

هەموو ئەمانە کەی شایانی ئەوەن پێیان بگوترێ ئیسلامین ؟باخۆیان لەبەردەم ئاوێنەی ئەم بیست ونۆ خاڵەی ژیانی پەیامبەرﷺ ڕانوێنن تاکوبزانن کە ئیسلامین ولەسەرپەیڕەوی شەرعن یان نا؟؟

چونکەهێڵە گشتگیرو ڕێساوهاوکێشەکانی دین وشەرع کەم ودیاری کراون، بەڵام حاڵ وبارودۆخی خەڵک لەتاک وکۆمەڵکا لەژمارەنایەن، بۆیە دەبێ هەمیشە هڵێنجەرو وڕوپێوو موجتەهید وموجەدیدەکان خەریکی قیاس کردن وهەڵێنجان وڕۆشنکردنەوەو لکاندنی ئەو ملیارەهاحاڵ وبارودۆخانە بن بەو چەند حوکم وڕێساوهێڵەگشتیانە ،بەمەش شەریعەت ودین نەمردەبێ وئیسلام نوێ دەبێتەوە،جائەم کارە لەئەنجومەنی ڕاوێژو دادگاوڕێکخستن وقەزاو یاسادانان

وپەرلەمان دەکرێ ،هەر ئەرکێک وقەدەغەکراوێک لەسەرخەڵک کەلەوئەنجومەنە بڕیاری لێ دەدرێ ڕوون دەکرێتەوە کەبۆ پاراستن وهێشتنەوەی کام لە مەبەستەکانی دین وشەرعە؟.

بوونی ئەوئەنجومەنانەو بوونی کەسانی شارەزاوموجتەهیدیش فەرزی کفایەیە ونەبوونیان وادەکاهەموو ئوممەت گوناهباربێ،چونکە بوونی ئەم یاسادارێژەهەموارکەرانە وادەکائیسلام بەزیندوویی وکارای بمێنێتەوەونەبوونیان دەبێتەهۆی مردنی ئیسلام.

بۆیەئەوانەی دژی بوونی ئەم موجتەهیدانەن ئەوەلەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بەشدارن لەداڕوخاندنی ئیسلام ،وەئەوانەش کەهەوڵی پێگەیاندن ودروستکردن ونوسین لەسەرئەوپایە دەنوسن ئەوانە موجاهیدو وموجتەهید وخەباتکاری ڕاستەقینەن وڕێنمایی کراون...

لە دارالأرقەم بۆ دەوڵەت: گەڕانەوەی ئیسلام بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان

پارتیزان، کۆچ، یان دەوڵەت؟ هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بەپێی بارودۆخ

ئیسلام و سیاسەت: مەبەست گرنگترە لە شێواز

موسڵمان لە ژێر فشاردا: فقهی زیندان و ئاوارەیی

نێوان دەستور و واقیع: چۆن شەرع خۆی گونجاو دەکات؟

مقاصدی شەرع: ڕووحی یاساکان نەک تەنیا دەقەکان

جیاوازی وەک ڕەحمەت: هەموو ڕێگاکان بە یەک ئامانج دەگەن

موجتەهیدان: پاسەوانانی زیندووی شەریعەت

ئیسلام وەک سیستەمێکی زیندوو: لە گۆڕاندا بەردەوام

ژیانی پەیامبەر ﷺ: نەخشەڕێگای هەموو قۆناغەکان

ئەم بابەتە هەوڵێکی قووڵ و تێڕوانینێکی فراوانە بۆ خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ وەک نەخشەڕێگایەکی زیندوو بۆ هەموو سەردەمەکان. لێرەدا ژیانی پێغەمبەری دابەش کردووە بۆ ٢٩ قۆناغ (وێنە)، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئیسلام تەنها لە حاڵەتی "دەوڵەتی تەواو"دا نییە، بەڵکو لە هەموو بارودۆخەکاندا (لاوازی، ئاوارەیی، ئۆپۆزسیۆن، هاوپەیمانی) مۆدێلێکی هەیە. کەواتە :

گشتگیریی ئیسلام: ئیسلام تەنها پەرستش نییە، بەڵکو سیاسەت، دەوڵەت، کۆمەڵگا و یاسایە.

قۆناغبەندی: (پێگەیاندنی تاک، خێزان، کۆمەڵگا، پاشان دەوڵەت و خەلافەت).

نەرمی نواندن (المرونة): دەکرێت لە کاتی پێویستدا سوود لە سیستەمە مۆدێرنەکان (وەک پەرلەمان و دەستوور) وەربگیرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئایین.

واقعبینانە" و "فقهی"یە. ئەو دەڵێت ئەگەر لە حاڵەتی لاوازیدایت، ئاساییە وەک قۆناغی "شیوی ئەبووتاڵیب" یان "ئەبووبەسیر" مامەڵە بکەیت. شەرعییەت دەدات بەوەی مسوڵمان لە هەر بارودۆخێکدا بێت (تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی نادینیشدا) دەتوانێت مۆدێلێکی شەرعی بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

جەخت لەسەر "پاراستنی ئیمان و مانەوەی ئوممەت" دەکاتەوە لەناو گۆڕانکارییەکاندا.

کەواتە :

١. واقعبینیی سیاسی: کە مسوڵمانان نابێت تەنها چاوەڕێی "خەلافەتی کامڵ" بن، بەڵکو دەبێت لەناو دیموکراسی، ئاوارەیی، و تەنانەت زیندانیشدا، ڕێگایەک بۆ مومارەسەکردنی ئیسلام بدۆزنەوە.

٢. بەستنەوەی سیرە بە ژیانی مۆدێرن: بەکارهێنانی زاراوەی وەک (ئەنجومەنی ئاسایش، ئۆپۆزسیۆن، جالیە، پارتیزانی) بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، وادەکات خوێنەری ئەمڕۆ ئاسانتر لە ئامانجە سیاسییەکانی سیرە تێبگات.

٣. نەهێشتنی توندڕەوی و بێ ئومێدی: نووسەر بەو ٢٩ خاڵە دەڵێت: "ئەگەر دەوڵەتیشت نەبوو، تۆ هێشتا هەر لەناو بازنەی ئیسلامیت و مۆدێلی پێغەمبەرت هەیە بۆ پەیڕەوکردن". ئەمە ڕێگری دەکات لەوەی گەنجان بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە پەنا بۆ تووندوتیژی بەرن.

٤. چەمکی سەروەری و بەرژەوەندی: ئاماژەدان بە هەڵپەساردنی هەندێک بڕگەی دەستوور لەپێناو بەرژەوەندییەکی گەورەتر (وەک نمونەی دابەشکردنی دەستکەوتەکان لای پێغەمبەر ﷺ)، تێگەیشتنێکی قووڵی "مقاصد الشريعة" پیشان دەدات.(٣٠)

بۆچی محمد ﷺ بە خاتەمی ئەنبیاوەهەواڵدەران و عیسی علیه السلام بە قافیەی ڕەسولەکان پەیامبەران بۆ کۆتایەردەی شانۆگەری ژیان دیاری کراون؟:

-گوتمان کە ئادەم علیە السلام چونکە مشتە خۆڵی زەوی لاشەکەی پێک هێنا، بۆیەلە دووری هەزاران ساڵی تیشکی ولەدامێنی عەرشی ڕەحمانی ،ڕوحی سەرگەردان کردو هێنایە سەرزەوی ومشتەخۆڵەکەی لاشەی، بۆیە کە دواین رسول وپەیام بەرﷺ کە لە سورەتەکانی ال عمران و مریم بە[ڕوح الله ،کلیمەت الله، ئەمرالله ،قول الله] ناوی بردوە کە عیسایە علیە السلام ، کە پەیام بەرو رسولە کان گشتیان بەیت ودێرە شیعرێکی کێشدار بن ،ئەوا ڕوح الله قافیەی ئەو دێرە شیعرەیە ،وەک قورئان وشەی (وقَفَّيْنَا) بەکاردێنێت کە لە "قافیە"وە هاتووە:

(وَقَفَّيْنَا عَلَىٰ آثَارِهِم بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ) (المائدة: ٤٦)

واتا: "لە دوای ئەوان (پەیامبەرانی نەوەی ئیسرائیل)، عیسای کوڕی مەریەممان نارد (وەک قافیە و دواین پەیامبەر بۆیان) کە تەوراتی پێش خۆی بە ڕاست دەزانی."

ئەم مەسیحەی کە (ڕوح الله) و (کلمة الله)یە، ئەرکی ئەوەیە ئەو ڕوحەی کە بەهۆی "مشتەخۆڵی زەوی" لە ئادەمدا زەبون بووە، ڕزگار بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی شیاوی خۆی. دوورترین کەسیش لە مەسیح، ئەوانەن کە ئینکاری ڕوح دەکەن یان ڕوح بەبێ خالق دەپەرستن.

لە سووڕەتی (آل عمران: ٤٥):

(إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ)

واتا: "کاتێک فریشتەکان گوتیان: ئەی مەریەم! بەڕاستی خودا مژدەت دەداتێ بە وشەیەک لە لایەن خۆیەوە کە ناوی مەسیح عیسای کوڕی مەریەمە."

لە سووڕەتی (مریم: ٣٤):

(ذَٰلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ)

واتا: "ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە، ئەوە وتەی حەقە (وشەی ڕاستەقینەی خودایە) کە ئەوان گومانی تێدا دەکەن."(٣١)

٢. ڕوحێک لە لایەن خوداوە (روح الله)

عیسا (ع) تاکە مرۆڤە کە ڕاستەوخۆ بە (ڕوحێک لە خودا) وەسف کراوە، ئەمەش ئەو "قافیە" بوونەی دەسەلێنێت ؛ ئەو ڕوحەیە کە دێت بۆ پاککردنەوەی مشتەخۆڵەکەی ئادەم.

لە سووڕەتی (النساء: ١٧١) [کە تەواوکەری باسەکەیە لەگەڵ آل عمران]:

(إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ)

واتا: "بەڕاستی مەسیح عیسای کوڕی مەریەم تەنها نێردراوی خودا و وشەی ئەوە کە خستوویەتیە ناو مەریەمەوە و ڕوحێکە لە لایەن ئەوەوە."(٣٢)

٣. فەرمانی خودا (أمر الله)

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دروستبوونی ئەو "کار و فەرمانێکی" تایبەتی خودایە، نەک پڕۆسەیەکی سروشتیی بایۆلۆژی.

لە سووڕەتی (مریم: ٢١):

(قَالَ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ ۖ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِّلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا ۚ وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا)

واتا: "(فریشتەکە) گوتی: هەروا دەبێت، پەروەردگارت فەرمووی: ئەوە لای من زۆر ئاسانە، و بۆ ئەوەی بڕیارەکە بدەین تا بیکەینە نیشانە بۆ خەڵکی و ڕەحمەتێک لە لایەن خۆمانەوە، و ئەوە فەرمانێکی بڕاوە و تەواو بوو (کە دەبێ جێبەجێ ببێت)."(٣٣)

لە سووڕەتی (آل عمران: ٥٩):

(إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ ۖ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ)

واتا: "بەڕاستی نموونەی عیسا لای خودا وەک نموونەی ئادەم وایە، لە خۆڵ دروستی کرد و پاشان پێی فەرموو: ببە، ئەویش بوو." (ئەم "ببە"یە لوتکەی ئەمر و فەرمانی خودایە

محەمەدﷺ : خاتەمی ئەنبیا و پەیامەکان

ئەگەر عیسا (ع) قافیەی ڕەسولەکان بێت، ئەوا محەمەدﷺ مۆری کۆتایی (خاتم) و پارێزەری هەموو پەیامەکانە. ئەو هەموو دێڕە شیعرەکان و قافیەکەش لە ناو یەک چوارچێوەی "قورئانی"دا کۆدەکاتەوە.

(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) (الأحزاب: ٤٠)

واتا: "محەمەد باوکی هیچ کام لە پیاوەکانتان نییە، بەڵکو نێردراوی خودا و کۆتایهێنەری (مۆری) هەموو پەیامبەرانە."

٣. ئەرشیفکردن و تەکنەلۆژیا: ئەرکێکی واجب

لێرەدا جەنابت ڕێسایەکی ئۆسوڵی (قاعدة أصولية) بەکاردێنیت بۆ شەرعیەتدان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە خزمەتی ڕوحدا:

(ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب)

واتا: "هەر کارێک، ئەنجامدانی واجبێکی پێوە بەسترابێتەوە، ئەوا خودی ئەو کارەشی دەبێتە واجب."

چونکە پاراستنی ناسنامەی ڕوحی و پەروەردەیی مرۆڤ واجبە، و ئەمەش لەم سەردەمەدا بەبێ "ئەرشیفکردن و تەکنەلۆژیا" تەواو نابێت، کەواتە بەکارهێنانی ئەم دەزگایانە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە، دەبێتە ئەرکێکی واجب.

جاکە عیسی علیه السلام قافیەو سەروای دێڕە شیعری گشت پەیام بەر وئەنبیاورەسولەکانی رحمان بێ ،قافیە ڕێشمەو هاوسارو سەرکێشە و بۆزەرورەتی قافیە ڕێزمانیش دەگۆڕێ،

ئەم ڕوحە لەوقافیە دانراوە ،تا ئەوڕوحە فڕێنراوەی بەهۆی مشتەخۆڵەکەوە لە جیهانی روح بێ بەش کرا، روح اللە بیگێڕێتەوە ناوشوێنی شیاوی خۆی ،وەلاشەی شیاویشی بۆ بنیات بنرێ ،هەربۆیە دوورترین کەس لە مەسیح و مەلەکوتەکەی ،ئەوکەسانەن کە ئینکاری ونکولی لە بوونی روح دەکەن، لە وانیش خراپتر ئەوانەن کە ڕوح بەبێ خالق دەزانن و خودی ڕوح دەپەرستن، ئەمانە هەردوولایان گومڕاوسەرلێ شێواون.

-ئەم بەکار هینانەی دەزگا ئەلکترۆنیەکانیش لە بواری ئەرشیف کردنی ئەم بواره گرنگە و بۆ تعارف و ئاراستە کردن ,وادەکا کە مرۆڤایەتی زیاتر گرنگی بە داهینان لەو بوارەی تەکنلۆژیاش بدەن ,چونکە وەك ئەو بنچینە ئصولیەی دەڵێ :مالایتم الواجب الابه فهو واجب. ئەو شت و کارو کردەوەی کە واجب و پیویست بەناتەواوی بمینیتەوە بەهۆی ئەوەوە نەبێ ,ئەوە بوون ومانەوەوپاراستن وبەردەوامی ئەو هۆکارەیش واجب و پێویستە.

جیاوازی نێوان خاتم وقافیە چیە؟

ختم مۆرێکە لەکۆتایی نامەونوسراوی فەرمی دەدرێ،تا مۆری لێ نەدرێ لە دەروازەی مەلەکوتی ئاسمان وەرناگیرێ، کەمرۆڤایەتی وئادەمیزاد نوسراوێک بێ وعیسی علیه السلام قافیه بێ ، قافیەکەلەچوارچێوەی هەمان نوسراودایه عیسا علیه السلام وەک پەیامبەرانی دێرەشیعری پێغەمبەران ئیسحاقیه ، ، بەڵام ختم ومۆرەکە لەگەڵ نوسراوەکە نیه بۆیه محمد خاتم النبیینه ،ئیسحاق نیەوئیسماعیلیه ،مۆری کۆتایی هەموو هەواڵ دەرەکانه ،دوای محمد هیچ هەواڵێکی نوێمان بۆنایه ،ئەوەی هەیه ئەوهەواڵی پێداوین ،پێی فەرموین کە تا دەچینه بەهەشت چەند قۆناغ تێدەپەڕێنین وچەند موجەدید دێن وکۆتا موجەدید عیسایه علیه السلام .

کەواتە عیسای کوڕی مەریەم (سڵاوی خوای لێ بێت) وەک "قافیەی ڕەسولەکان" وایە. قافیە لەناو خودی شیعرەکەدایە، بەشێکە لە کێش و ئاوازی دێڕەکان.

عیسا (ع) وەک (ڕوح اللە) دێت بۆ ئەوەی ڕەهەندە ڕوحانییەکەی ناو نوسراوی مرۆڤایەتی ڕێک بخاتەوە.

ئەو "سەروای" کۆتایی پەیامبەرانی نەوەی ئیسرائیلە و زنجیرەی پەیامەکان لە ناوەوە تەواو دەکات.

خاتەم: مۆری ڕەزامەندیی دەرەکی (محەمەد - د.خ)

بەڵام محەمەد (د.خ) **"خاتەمی ئەنبیا"**یە. خاتەم (مۆر) جیاوازە لە نوسراوەکە؛ مۆرەکە لە دەرەوەی دەقەکەیە و دەدرێت لە کۆتایی نامەکە بۆ ئەوەی بڕوانامەی "ڕاستی و ڕەوایی" پێ ببەخشێت.

تا مۆری (محەمەد)ﷺ لە پەیامەکانی پێشوو نەدرێت، لە دەروازەی مەلەکوت وەرناگیرێن.

مۆر نیشانەی کۆتایهاتنی نوسینە؛ دوای مۆرهێنان، هیچ دێڕێکی نوێ بۆ "نامەی وەحی" زیاد ناکرێت.

محەمەد ﷺ: مۆری کۆتایی وەحییە. دوای ئەو هیچ هەواڵێکی نوێ (شەریعەتێکی نوێ) نایەت. هەرچی پێویست بووە پێی گوتووین.

عیسا (ع): کۆتا "موجەدید" و نوێکەرەوەیەکە کە لە کۆتایی زەماندا دێتەوە. ئەو وەک "قافیەیەک" دێتەوە تا بیسەلمێنێت کە شیعرەکە (ئیمان) هەر هەمان کێش و ئاوازی هەیە، بەڵام هیچ دێڕێکی نوێ بۆ "نامەی وەحی" زیاد ناکات، بەڵکو تەنها مۆرەکەی محەمەدﷺ دەخوێنێتەوە.

هاوکێشەی دایک و باوک: زمان و ئاین :

زمان دایکە (هەستە، سۆزە،لاشەیە ، زەویە، نیشتمانە) و ئاین باوکە (هۆشە، بیرە،ڕوحە، ئاسمانە، مەلەکوتە).

لە ڕووی هەستەوە: مرۆڤ هۆگری دایکیەتی چونکە ڕاستەوخۆ لێی دەبێت، بۆیە زمانی پێش ئاین دەخات.

لە ڕووی حەقیقەتەوە: مرۆڤ پێش ئەوەی لە منداڵدانی دایکیدا بێت، لە پشتی باوکیدا بووە، وەک چۆن ڕوح لە ئاسمان بووە پێش ئەوەی دابەزێتە سەر زەوی. کەواتە ئاین (باوک) لە ڕووی کات و ڕەسەنایەتییەوە پێش زمان (دایک) کەوتووە، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکی شاراوەیە و زۆربەمان لەبیرمان چووە.

لێکنەترازان واتە : مردنی ناسنامە

لێکدابڕانی زمان و ئاین، وەک لێکترازانی ڕوح و لاشەیە کە یەکسانە بە مردن.

ئاین پەیامێکە، بەڵام پردی گەیشتنی ئەم پەیامە زمانە.

بێ زمان ئاین ناگات، و بێ ئاین زمان بێ ڕوح دەمێنێتەوە. هەر بۆیە ئاین و نەتەوە دوو دیاردەی تەواوکەری یەکترین؛ مرۆڤ بەوە پێناسە دەکرێت کە بونەوەرێکی "قسەکەر" (زمان) و "هۆشمەند" (ئاین)ە.

زمان وەک دیاردەیەکی خوایی (کەلامی ئەزەلی)

زمان وەک بەشێک لە "عیلمی ئەزەلی" و "کەلامی نەفسی" خودایە. لێرەدا زمان (وەک بنچینە) مەخلوق نییە، بەڵکو سیفەتێکی خودایییە.

دەفری وەحی: زمان دەفری ئاینەکانە. هیچ ئاینێک بێ زمان نەهاتووە، چونکە خودا بە زمانی هەمان نەتەوە پەیامی ناردووە.

دەرەنجام: زمان دایکی وەحی و دینە، چونکە خودا هەر لە ئەزەلەوە سیفەتی "کەلام"ی هەبووە و پێش دروستبوونی مەخلوقات، زانای هەموو ئەو زمانانە بووە کە دوای دروست
بوون مرۆڤ قسەی پێدەکات ، چونکە هەرلەئەزەل تائەبەد هیچ لەعیلم وزانستی خوا زیادنابێ .

بۆچی محمد ﷺ بە خاتەمی ئەنبیاوهەواڵدەران و عیسی علیه السلام به قافیەی ڕەسولەکان پەیامبەران بۆ کۆتاپەردەی شانۆگەری ژیان دیاری کراون؟:

مرۆڤایەتی لەنێوان سێ پەیوەندی وێکداچوودا:

قورئان: پەرتووکی گەردوون و ڕوحی سەردەمەکان:

موعجیزەی قورئان: تێپەڕاندنی سنووری زمان

-دەستەواژەکان ڕوحی زمانەکانن،زمانەکانیش ڕوحی نەتەوەکانن،نەتەوەکانیش بەشەکانی پەرتوکی مرۆڤایەتین:

مرۆڤایەتی لەنێوان سێ پەیوەندی وێکداچوودا:

سێ جۆر پەیوەندی،کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەیەکەوە گرێ دەدەن، ئەوانیش:

یەکەم:پەیوەندی خوێن وبەرەباب وخێڵ وتیرەو خزمایەتی وڕەگەزایەتی.

چونکە زۆرجار ڕەگەز وبەرەباب وخێڵ وتیرەکان زمان ونەتەوەیان دەگۆڕن، بەڵام کە جینیۆمیان بۆ بکرێ ،بۆنمونە زۆرێک لە عەرەب فارس وهیند دەردەچن و زۆر کورد عەرەب وتورک دەردەچن.

دووەم:پەیوەندی زمان ونەتەوایەتی.

سێ یەم :پەیوەندی هاودینی وئایینزایی وبیروباوەڕوعەقیدەو ئیمان وبۆچون وبنچینەی جیهانبینی سەرچاوە گرتوو لەزانست و دەق ونیگاو بیرکردنەوە و عەقڵەوە.

جا ئەم سێ پەیوەندیانە:

-کامە یان کۆنترە؟

-کامەیان بەهێزترو زاڵترە؟

-کامیان تەمەن درێژترەو زۆرتر دەمێنێتەوە؟

-کامیان ڕاست ترەو پێکاویەتی؟

-کامیان زیاتر میهرەبان وبەرفراوان وتەواوکارترە؟

- کامیان دادگەرترو جوانتر و هەموارترە ؟

-چ وابەستەییەک لە نێوان ئەم سێ پەیوەندیەدا هەیە؟

کەی هەریەک لە ئەم سێ پەیوەندیانە دامەزراون؟ وەکەی هەڵدەوەشێنەوەو بەسەردەچن؟

من لە نوسینەکانی پێشودا ئەوەم بۆ باسکردبوون کە:

لە جیهانی باڵای ڕوح دا،پێش ئاوێتە بونی ڕوحەکان بەلاشە،جیاوازی وهۆگر بوون وپەیوەندی بوون،لە فەرمودەدا هاتوە کە :

قولە صلی اللە علیە وسلم ان الارواح جنود مجندة فما تناکر منها اختلف وما تعارف منها ائتلف ,

دیاردەی جیاوازی وپەرتەوازەیی وهۆگربوون لە جیهانی روحەکانداهەبوو،جا ئەم ڕوحە جیاوازانە کاتێ ئاوێتەی لاشەکان بوون،بونە هاوبڕکێ ودژی یەکتر،وە ڕوحە وابەستە بەیەکەکان بونە دۆست وخزم وتیرەوباوک وکوڕ وهاوسەری یەکتر،واتە دانیان بە کوڕوباوکێتی وگەورەوبچوکی و بنچینەو لق بون بۆیەکتردانا وپرۆژەی بەیەکەوژیانیان بەیەکەوە بەڕاکرد،

چۆن ڕوحی ئامنەی کچی وەهەب خولیاوشەیدای ڕوحی محمدی یەکەم عابد ورەحمەت ومیهر بۆگشت جیهانیان بوو؟وەچۆن ئەو ڕوحە پڕ میهرەی محمدچۆن ئەو ڕوحەی ئامینەی کردە

باوەشێک ،کە تەنانەت دوای ئاوێتەبونیشی بوە پێشەنگی ئوممەتی ئەمن وئیمان و دوا وشەی نوێژوپەرستشەکەیان بوە ئامین؟

ئەم هۆگریەی جیهانی روحەکان بوە بناغەی پێک هاتن وهۆگری وخۆشەویستی و وێک چوون وهاوشێوەبوون.

شەهادەو گەواهی دانی پەیمان وبەڵێنی روحەکان بەرامبەرپەروەردگار،کاتێ پەروەردگار پێ ی فەرمون، من پەروەردگارتانم،ئەم بەڵێن وپەیمانە بوو کە پەیوەندی عەقیدەو دین وبنماکان و ڕێبازو مەزهەبەکانی لێ پێک هات،کە بنچینەکەی پێک هاتنی بیروفکرو داناییەکان بوو.

پەیوەندی دوەمیش ،کە پەیوەندی خوێن وتیرەو خزمایەتی وڕەگەزیەکان بوو، لەو هۆگریە ی ڕوحەکان پێک هات کە لە پێش ئاوێتە بوون بەلاشە دامەزراو دوای ئاوێتە بوونیش ئەم پەیوەندیە ڕەگەزی وتیرەگەریەی دروست کرد،

جا ئەم پەیوەندی خزمایەتیە، پێویستی کرد کە پردی تێک گەیشتن و گفتوگۆی بەردەوام ببێتە ژێرخانی پەیوەندیە خزمایەتی وڕەگەزیەکە وپەیوەندیە ڕەگەزو خوێنیەکان لەسەر زەمینەی پەیوەندیە زمانی ونەتەوەییەکان دروست کران، هەرچەندە هەندێ بەرەباب وخێڵ زۆرجار لەبەر چەندهۆکارێکی بژێوی وئابووری زمانیان ونەتەوەیان گۆڕیوە.

ئەو دوو پەیوەندیە وێکداچوە ،لەناو هەموو مرۆڤایەتی هەیە، بەڵام پەیوەندیە گرنگەکەی دۆستایەتی و برایەتی سەر بنەمای هاو دینی وهاوڕێبازی وهاوبیروباوەڕی وهاوجیهانبینی ، زۆرجاران ولەناوزۆربەی گەلاندا دژی دوو پەیوەندیەکەی تر‌ەو تای تەرازووی بەرامبەریانە.

ئەم سێ پەیوەندییە نیشان دەدەن کە مرۆڤ "کۆکەرەوەی دژەکانە". لە خوێندا (ماددەیە)، لە زماندا (هەستە)، و لە عەقیدەدا (ڕوحە). بەڵام لە کۆتاییدا تەنها ئەو پەیوەندییە دەمێنێتەوە کە ڕەگی لە جیهانی باڵای ڕوحدا هەیە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەم دیاردە لە جیهانی بەرزەخیش لە دوای مردن لەناو ڕوحەکان دا هەردەمێنێ،ڕوحەکان لەدوای دەرچونیان لەلاشە پلەوپایەیان جیاوازە،هەیانە لە ژێر بارەگای پەروەردگارەوهەموو گەردوون دەگەڕێ،هەشیانە چەند چینێکی ئاسمان دەگەڕێ، هەیانە لە مێرگێکی جەنەتایە ،هەشیانە لەناوبێرێک دیل کراوە، بونی ئەم جیاوازیانەش لە هەرسێ قۆناغەکەی پێش ئاوێتە بوونی ڕوح ودوای ئاوێتە بوون ودوای جیابونەوەشی لە جیهانی بەرزەخ، هەمووی بۆ بەڕێوەبردنی بونەوەرەکانی پەروەردگارە،لە هەموو قۆناغەکانی،بەجۆرەها سونەت وشێواز ،بۆیە دەبینی دیاردەی کێش کردن و دورخستنەوەوخۆشەویستی وبێزاندن ودژایەتی ودۆستایەتی وپێکوەژیان وبەکتر ڕاونان وترساندن وتامەزرۆکردن،،،،هتد،،لە خانە کانی هەموو لاشەمان ولە لاشەی گشت زیندەوەران ولەناوەندە ماددی و وزیندەییەکان و لەناوگەردیلە ونیوترۆن وپرۆتۆن وئەلکترۆن ودژەکانیان دا ولەخانەو شانە درەختی وسەوزەکان ولە ناو جیهانی جن و ملائیکەکانیش بوونی هەیە.

ئەمە دەیسەلمێنێت کە "پڕۆژەی بەڕێوەبردنی بونەوەر" یەک یەکەیە و هەمووی لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە ڕوحانی و وزەییانە کار دەکات کە خودا دایڕشتوون.

ڕوح تا لەناو لاشە دابێ وبەزاراوەی ئێستا زیندو بێ،هەر دیل و کەلەپچە کراوی ناولاشەیە وبەدەن بۆیە بەدەنە چونکە بەند کەری ڕوحە،بەڵام دوای مردن ودەرچونی ڕوح لەلاشە ڕوح ئازاد دەبێ،بەڵێ لەوێش سنور هەیە بۆروحەکان وبەپێ ی چاکی وخراپی کردەوەکانیان لە دنیا سنورەکانیان دیاری دەکرێ،بەڵام هەرچۆنێک بێ ،ڕوحی مردوو لە ڕوحی ناولاشە ئازادترە ،هەرچەندە ڕوحێکی ئازاردراویش بێ،وەک چۆن مرۆڤێکی لە دایک بوو هەرچەندەناکام وهەژارو نەساغ وبێ دەرەتانیش بێ، ئازادیەکەی لە کۆرپەلەی ناو سگی شاژنێکی شایەکی گەورەی جیهان زیاترە.

ڕوحی مردووش (لە جیهانی بەرزەخدا) لە ڕوحی ناو لاشە ئازادترە. چونکە لاشە سنوورە، کێشکردنە، و کات و شوێنە، بەڵام ڕوح لە دەرەوەی ئەم پێوەرانەیە.

ڕوح لە پێش ئاوێتە بوون بەلاشە،بە علم وزانین ودانایی دەژی، علم ودانش بژێوی ڕوحە،بەودەفڕێ وبەودەبینێ،زانین ودانایی لای ئەفلاتون وخەونی ڕەبانی وڕاست لای ئیبن خەلدون،بریتین لە داماڵرانی ڕوح لە کاریگەریەکانی لاشەو بۆچەند چرکەیەک ئازادبونەوەی ڕوحەوگەڕانەوەیەتی بۆ چرکەساتەکانی پێش ئاوێتەبوون بەلاشەو بەمەش ئەو دانایی وئیشراقە ڕوحیە وئیلهام وخەونە ڕاستە لەو جیهانەوە دێنێتەوەو دەیداتە هەستەکانی مرۆڤ.

کەواتە مردن نەک کۆتایی نییە، بەڵکو "لابردنی کەلەپچەیە". ڕوح لێرە لەناو لاشەدا "مەشق" دەکات تا لە بەرزەخدا بتوانێت بەو باڵانەی کە ناوی (زانین و کردەوە)یە، بفڕێت

ئەوانەی ڕوحەکان ئامادەدەکەن - تحزیری ڕوحەکان دەکەن ومرۆڤێک دەدوێنن کەسەدان ساڵە کۆچی کردوە، یان ئەوانەی بەخەون هەواڵێکی ڕاستیان پێدەدرێ لە مرۆڤێکەوە کە سەدان ساڵ مردوە و لاشەو مێشک ویادەوەریان شی بۆتەوەو نەماوە،هەموو ئەونمونانە دەیسەلێنن، کە علم ودانایی وعەقڵی مرۆڤەکان ،نەلەسەریان دایە ونەلە دڵیان ،بەڵکو ئەو عەقڵ وعلمە وابەستەی ڕوحیانە.

ئەو گومانە دەڕەوێتەوە کە عەقڵ و زانین تەنها کاری مێشک و دڵ بن. بەڵگەی ئەمەش:

تحزیری ڕوحەکان: دووانی ئەو ڕوحانەی سەدان ساڵە جەستە و مێشکیان فەوتاوە، دەیسەلێنێت کە "زانین و یادەوەری" سیفەتی ڕوحن نەک مادەن.

دینەکان وڕۆشنبیری وزۆرێک لە فەیلەسوف وحەکیمەکان باوەڕیان دێرینی جیهانی ڕوح هەیە،دینەکان باس لەوە دەکەن کە هەمو ڕوحەکانی هەرلە ئادەمەوە تائێستاو تا دوامرۆڤ کەلەم جیهانە پاش سەدان وهەزاران ساڵی تر لەمەولا لە دایک دەبێ ،بەرلە هەزاران ساڵ لە ئێستا ولەکاتی ئاوێتەبونی ڕوحی یەکەم بەلاشەی یەکەم کە ئادەمە ،ڕوحەکان گشتیان

هەبوون،لە سەروو حەوت ئاسمان وکورسی ولە لای عەرش وبارەگای رحمن ولە فردەوسی باڵا،واتە بەدووری چەندان هەزارسااڵی تیشکی دوور لە زەوی ،بەزمانی دووری شوێنەکان، وەپێش هەزاران ساڵ بە زمانی کات ،مشتە خۆڵێک توانی ڕوحێک لە باوەشی روحانیەت بڕفێنێ وتوشی بەدبەختی بکا، لەداری زاوزێ وزۆربوون ولەت وشەق شەق بوونی خوارد،هەموو زاووزێ کەرێک خۆی لەنەمری ومانەوەبێ بەش کردوە،تا ئامادەی ئەوەش نەکرێ کە لەت وشەق نەبێ وخانەکانی لاشەی هەڵنەوەرێ ناچێتەوە ئەو جەننەتە،هەربۆیە ئادەم بچوک بۆوەو حەوا بەبێ نوێژی و هێلکەی مانگانە سزادرا،، هەتا کوڕان وکچان لە هەرزەیی دڵیان بۆ هێلانەی جووت بوون وزۆربوون وبوونەنەنک وباپیر لێبدا ناچنەوە مەلەکوتی نێرفەنای لێ دەرکراون چونکە هێشتا خەونەکانیان ئارەزوو ئاڕاستەیان دەکا .

هەڵبەت پێش ئەم تاوانە ،تاوانی هۆگربوونی ڕوحەکان بەیەکتر زەمینەی ئەم ئاوێتە بوون و دروست کردنی ئەو دوو پەیوەندیە نەتەوەیی و ڕەگەزیەکەی دروست کردبوو،وە دوای ئاوێتە بونی ڕوحەکانیش بەلاشە ،ژیانی سەرزەوی چڕ کراوەی هەزاران ساڵی ڕوحەکان وهەزاران ساڵی تیشکیە و هەر مانگ وساڵێکی مرۆڤێکی ئەم زەویە لەسەر چەند کیلۆمەترێک بچوک کراوەو چڕکراوەی هەزاران ساڵ ودەیان ساڵی تیشکی ڕوحە لە پێش ئاوێتە بوونی بەلاشە.

بەڵام ئەوەاوکێشەی کەلە جیهانی روحەکاندا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی تەواو لە دوای دەرچونیان لە لاشەکان گۆڕانی بەسەردادێ ،ئەوەیە کە روحەکان بەتەواوی دژی ئەو وابەستەبوون وهۆگربونەن کەلە جیهانی ڕوح وپێش ئاوێتە بونیان بەلاشەکان لە هەزاران ساڵی پێش لە دایک بوون پێکیان هێنابوو ،وەلەسەر بنەمای ئەو تەئالف وهۆگربوون و خۆبەکەم نواندنە هەندێ بوونە دایک وباوک وهەندێ بوونە ڕۆڵەو نەوەوهەندێ بوونە خوشک وبرا، بەم شێوە بنچینەو ڕەگەزوڕەچەڵەک وخێڵ وتیرەکان وخزمایەتی وبنەماڵە وخێزان پێک هاتن پێش لاشەکان لەناوڕوحەکان دامەزران، هەروەها نەتەوەو زمان و شێوەزمانە کان پێک هاتن.

لە دوای دەرچونەوەی ڕوح لەلاشەو ئازادبونەوەی، لە هەموو ئەوانە ڕادەکا کە لە سەردەمی ڕوحی یەکەم ولەسەردەمی ژیانی دنیای دا هۆگریان بوو،بەتەنگیانەوە بوو،ژیان وسەروماڵی خۆی بۆ بەخت دەکردن، دەیەویست ژیانی وتەمەنی بچێتە سەرژیانیان، ڕوح لەوێ لە دایکی، باوکی ،لە برای و خوشکی ،لە ڕۆڵەوخێزانی،لە وگروهو فەسیل وتیرەوخێڵ و نەتەوەی ،لەخزم وبنەماڵەکەی، کە لەناویان حەوابۆوە،لە هەموو ئەمانە ڕادەکا،چونکە هەروەک قورئان لەسەرزمانی ئیبراهیم علیه السلام ،ڕووبە قەومەکەی دەفەرموێ ،ئەو هۆگری وابەستە بوونە تەنیا لە دنیا دا هەتانە ،مەوەدەی ژیانی دنیایەوکە مردن هەمووتان لە یەکتر ڕادەکەن وبەکتر بەنەفرین دەکەن.

﴿وَقَالَ إِنَّمَا اتَّخَذْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ أَوْثَانًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَاكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ (عنكبوت 25) ﴾

واتە :لەوەودوا پێی وتن: بەڕاستی ئەوەی ئێوە لەجیاتی الله دەتان پەرست تەنها بت و پەیکەرن، لەبەرخاتری یەکتر و ڕێزدانانتان بۆ یەکترە لە ژیانی دنیادا، دواجار لە ڕۆژی قیامەتدا یەکتر کافردەکەن و یەخەی یەکتر دەگرن، هەندێکیشتان نەفرین لە هەندێکی ترتان دەکەن، سەرەنجامیش شوێن و جێگەی دیاریکراوتان ناو ئاگرە، ڕزگار کەریشتان نی یە.

بەڵام ،ئایا بۆچی مرۆڤ لەو کاتە لە هەموو خۆشە ویستانی دنیای وجیهانی یەکەمی ڕادەکا؟بۆ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی زمان ونەتەوەو خزمایەتیە دبێتە شتێکی زۆر قێزەون وڕەت کراوە؟؟ئەوشانئە چیە کە هەموو ڕوحەکان پێوەی خەریکن؟

چونکە ئەم روحانە کە لە جیهانی باڵای پێش ئاوێتە بونیان بە لاشەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر دامەزراندبوو،وەکە ئاوێتەی لەشەکانیش بوون لەسەربنچینەی ئەو هۆگریە روحیەی پێش ئاوێتەبوون،بوونە خزم وکەس وکارو نەتەوەی یەکتر،وەزۆر سوربوون لەسەر پاراستنی سەلامەتی وژیانی یەکتر،پاراستن وبەردەوامی ژیانیش ،واتە بەردەوامی دیلی و بەدبەختی وبێ بەشی وبڕینەوەو پەڕاوێز کردنی ڕوح،جابۆیە کاتێ روح لەو بەندیە ڕزگاری دەبێ ولەلاشە ئازاد دەبێ، ودەزانێ کە

هۆی ئەو بەند کرانەی دنیای ،پەیوەندیەکەی پێش ئاوێتەبوونی بوو بەلاشە بە هەندێ ڕوحی تر،وەکە دەبینێ ،باوک ودایکی سورترین کەس بوون لەسەر درێژبوون ولەژیاندا مانەوەی ،هەرکاتێ ڕوحی نزیک ببوایەوە لە ئازادبوون لەکۆت وبەندی بەدەن،بەهۆی نەخۆشیەک ،یان کارەساتێک ،یان جەنگێک ،ئەو دایک وباوک وخوشک وبراو ژن و ڕۆڵە وعەشرەت ونەتەوەیە،هەموو هەوڵیکیان خستۆتەکاروقوربانیان بە هەموو شتێک داوە ،تائەم مردن وئازادبوونەی لێ دوور بخەنەوە،تا دووبارە باڵندەی ڕوحی موشتاق بۆ ئازادبوون دوبارە دەگێڕنەوە قەفەسی بەندی وکەلەپچەی ژیانی بەدبەختی دەکەنەوە دەستی، جا بۆیە دوای مردن وئازادبوون لێ یان ڕادەکا ،تا کەمەند کێشی نەکەنەوەو جارێکی دی کۆیلەو بەندی نەکەنەوە،

چونکە ڕوح دوای ئازادبوونی، تێدەگات کە ئەوانەی لە دنیا زۆرترین خۆشەویستییان بۆ دەربڕیوە (دایک، باوک، نەتەوە)، لە ڕاستیدا "پاسەوانی زیندانەکەی" بوون. ئەوان بە ناوی خۆشەویستییەوە هەموو هەوڵێکیان دەدا تا ڕوح لە ناو جەستەدا بهێڵنەوە و نەهێڵن ئازاد بمرێ و بێت

ئەمەیە ڕاڤەی ئایەتی :

﴿عسی ان تحبوا شیئا وهو شر لکم﴾ ،و ئایەتی : ﴿ان الانسان یدعو لمن ضره اقرب من نفعه﴾ .

وەئەو وتەوکردەوانەی کە پەیام داران وپێشەواکان فەرمویانە و دنیایان بە هیچ وبێ نرخ وباڵە مێشولە وکاروان سەرا چواندووە، هەمیشە پەیڕەوانیان هەڵناوە لەسەر گیان بەخشی وفیداکاری وخۆبەخت کردن وقوربانی دان، بۆ ژیانی نەبڕاوەی دوای مردن،نەک بۆئەم ژیانە پڕ چەرمەسەریە کەمە،ئەوان جیهانیان بەشایەنی قوربانی بۆدان نەزانیوە،ئەو فەرمودانەی کەباس لەوەدەکەن :ئەوەی من دەیزانم ئێوەبتان زانیبایە زۆردەگریان وکەم پێدەکەنین و بەکێوان دەکەوتن وسەرجێ ی ژنانتان وازلێ دێنا)وەزۆر فەرمودەی تریش، هەروەها قورئان هەمیشە بە

ئامڕازی حەسروئیسپاتی انما ،ژیانی دنیا بە تەنیا یاری و بێ ئاگاکەر دەبینێ و ژن ومنداڵ زۆربەیان بە دوژمن وناحەز بۆ مرۆڤ وەسف دەکا.

هەمو دین وڕۆشنبیری وکاریزماکان مرۆڤیان هەڵناوە لەسەر زوهد و لە دنیا دا دەروێش بوون ودنیا بەکەم گرتن وژیان بەڕێبوار و بە دنیادا تێپەڕین وئاوەدان نەکردنەوەی، وە زۆریشیان ،دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازانە وەک بوزا وبەرهەمی وجینەکان خۆیان لە هەموو خۆشیەکانی دنیا داماڵیوە، لە ژیانی تەسەوف وتەزکیەی دینە ئاسمانیە کانی جولەکەو مەسیحی وئیسلامیش دا زۆر خۆ ئازاردان وچلە وخەڵوەت وخۆگوشین و ڕەبەنایەتی وژن نەهێنانی تێدایە .

مەسیح علیە السلام پەیڕەوانی هەڵناوە لەسەر خۆشویستنی دوژمنەکان ،چونکە دوژمنەکانی مرۆڤ ئەم قەفەس وبەندی روحە دەشکێنن و گیان وروحی دیل ئازاد دەکەن،بەڵام دۆستەکان هەر خەریکی نۆژەنکردنەوەی زیندانی ڕوح و توند کردنی کۆت وپەیوەندەکەن کە لاشەی ساغلەمە.

لێرەوە تێدەگەین بۆچی مەسیح (ع) فەرموویەتی "دوژمنەکانتان خۆش بوێت"، چونکە دوژمن قەفەسی جەستە دەشکێنێت و ڕوح ئازاد دەکات، بەڵام دۆست خەریکی نۆژەنکردنەوەی زیندانی ڕوحە.

ووەلە ئیسلامیشدا ئەو برائیمانیانەی کە یەکتریان هەڵدەنالەسەرگیانفیدایی وسەروماڵ وکات وتەمەن بەختکردن بۆ دوای مردن وقوربانی دان بەهەموو بەهرەکانی دنیا لە پێناوی اللە ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت لەسەر مینبەری نورلەگەڵ یەک دادەنیشن و پیاوچاک وپەیامبەران
خۆزگەبەشوێن وپلەوپایەیان دەخوازن، کەواتە ئەومرۆڤەی لەدایک وباوک وخوشک وبراوژن ومنداڵ وتیرەوخێڵی ڕادەکاکەچی لەوێ هۆگری ئەوپەیامبەرو ئیمام وڕێنشان دەرو برائیمانیەیە کەهەڵی ناوە لەسەر گیان فیدایی وجانبازی.

پەروەردگارکاروانی ئادەمیزادی لەناوجەرگەی ماڵی روحانیەت دەست پێ کرد وڕوحی لەناو هەندێ گڵ وقوڕا بەند کردلە ئاسمانی حەوتەم،بەڵام ئەم تۆزەگڵە ئەو ڕوحە دیل کراوەی لەوبەرزاییە

ولەباوەشی ڕوحیانەتەوە فڕاندو هێنایەوە ئەوزەویەی کانزاوتوخمەکەی لێ وەرگیراوە،وەبوە هۆی بەدبەختی ولەت وشەق شەق بوونی زۆربون وزاوزێ ومردن،چونکە ئەوڕەگەزەی زۆربێ دەبێ بشمرێ.

پەروەردگاری حەکیم دەزانێ ئەم هەڵەی ئادەم تەنیا بە دژوبەرامبەرەکەی ڕاست دەبێتەوە، جاکە ئادەم گڵ ومادە بێ ،بەرامبەرەکەی ڕوحە، لەناو پەیام بەرانیش تەنیا عیسا علیه السلام ڕوح الله یە، هەرچەندە ئێرانی و تەنانەت ڕاگەیاندنی جیهانیش ،بەتایبەت دەوڵەتە بەناو مەسیحیەکان هەوڵ دەدەن ئەم ناوە ،ڕوح الله ،بە موسی خومەینی یەوە بلکێنن، بەڵام ئەوان دەزانن کەئەوە موسی یە وعیسی نیە، وەلەڕاستیشدا نەموسایە ونەعیسایە ،ئەوە مەلەوانە درۆزنەکەیە، کەسیش بێجگە لە عیسا نابێ پێ ی بگوترێ ڕوح الله ،هەروەک چۆن جگەلە موسی کەس کەلیم الله نیە .

ا ڕوح الله کە کۆتایی وقافیەو سەروای دێڕی پەیام هێنەرانە وەک قورئان دەفەرموێ:وقفینا علی اثارهم بعیسی ابن مریم،،

جا هەروەک چۆن مشتە خۆڵە کە ڕوحی فڕاند،ڕوح الله کە علم ونیشانەی ساعە وقیامەتی هەڵسانەوەوهەڵسەنگاندنە ،دوبارە ڕوحەکان لەناوقوڕولیتە دەردەکاو بەرەو وڵاتی ڕوح دەیان گێڕێتەوە.

جیهانی سێبەرەکان و حەقیقەتی ڕەها (الله):

ئەوەش لوتف ومیهرەبانی پەروەردگارە کە الله چەندان ڕوح و مەلائیکە ی لەم گەردونە داناون تاکو ڕێ بۆ سەرگەردانان بکەنەوەو ڕێنماییان بکەن بۆلای الله بە ڕێپێدان وفەرمانی الله،چونکە هەموو عەقڵە کان و دەرونەکان ونەفسەکان وروحەکان بەگەورەوبچوکیانەوە،هەمویان بەشۆکە وتەنۆلکەی زۆربچوکن وگەردیلەی وابەستەن بە ئەسماوناوەجوانەکانی الله ،وەلەوێوە بەرێوە دەبرێن وئاڕاستە دەکرێن ،ونوێ بونەوەو ئاڵوگۆڕو داهێنانیان بۆ دروست دەکرێ ونوێ دەکرێتەوە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

پێویستە لەسەرئەوانەی کە دەیانەوێ کە هەست بەو ئەمن وئاسایشی ئیمان بکەن،ئیمانی یەقینی ومتمانەی تەواویان هەبێ بەوەی کە ڕوح و بەڕێوەبەرو ویست وهەڵسوڕێنەرو ئاڕاستەکەرو بەدیهێنەرو ئاڵوگۆڕکەر وژیێنەرومرێنەری گشت بونەوەروگەردون وجیهان هەرلە ئەزەلەوە تاکو ئەبەد هەر اللە یە، بێجگە لە اللە ،ئەو هەڵسوڕاوانەی باسم کردن هەمویان جیهانی سێبەرن،سێبەرێکی کاتین وسێبەری بەردەوام لە قیامەت دا دەبێ،ئەم سێبەرە کاتیە وسێبەرە بەردەوامەکەی قیامەتیش هەردووکیان ،مان وبەدیهاتن و جوڵەو ئاڵوگۆڕیان گشتی بە اللە یە

,واتای ئیمانیش ئەوەیە تۆ ئەمن و ئاسایش وبوون وبەردەوامی وگرێنتی ومسۆگەری هەمو بونەوەرو خۆت وبەردەوامی وبەڕێوەچونیان لە اللە وەببینی .

واتە بونەوەرو پێک هاتەکانی بەمادەو وزەو ڕوح وکات وشوێن و ژیانی ئادەمیزاد وپەری و مەلائیکە و گیاندارو بێ گیان و دیاردەکانی سروشتەوە هەموی ئیعتمادو پشتیوانی تەنها بە اللە یە لە بەدیهاتن ومانەوەوپاراستن و لەناوچون و دوبارە داڕشتنەوەی دا،چونکە وەک گوتم ،ئەم سێبەرەکاتیەی جیهان وسێبەرە بەردەوامەکەی دواڕۆژو قیامەتیش هەر بە وابەستە بە اسما ی اللە وروحەکانی یەتی وویستە شەرعی وگەردونیەکانی اللە بەڕێوەچووە وبەڕێوە دەچێ...

📖 قورئان: پەرتووکی گەردوون و ڕوحی سەردەمەکان:

موعجیزەی قورئان: تێپەڕاندنی سنووری زمان

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-دەستەواژەکان ڕوحی زمانەکانن،زمانەکانیش ڕوحی نەتەوەکانن،نەتەوەکانیش بەشەکانی پەرتوکی مرۆڤایەتین:

ئەگەر قورئان ئاڵاو ونیشانەو ڕوحی ناودێرەکانی نوسراوله لەوحی مەحفوز وڕوحی دین وشەرعی ئیسلام بێ.

چۆن نەهێڵرێ کەئەوڕوحە ببێتە ڕوحێکی ناکاراوپەک کەوتوو؟؟

زۆرێک لەبیرمەندان ونوسەرانی عەرەب باوەڕیان وایە کە مەیداندارى وتەحدای قورئان بەهێنانی کتێبێکی وەک قورئان یان چەندسورەتێک یان تەنیا سورەتێک لە قورئان تەنیا بۆ عەرەبە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەم مەیدان داریە تەنیا بۆ عەرەب وبگرە تەنیا بۆ مرۆڤایەتی وجن نیە وهەرچی لە گەردوون وبونەوەردایە لە مرۆڤایەتی وجن وفریشتە هەموویان کۆببنەوە ناتوانن وەک قورئان دانێن، کەواتە موعجیزەکە ڕەوانبێژی نیە وتەنها پەیوەندی بەلایەنی زمانەوە نیە ،بەڵکو موعجیزەکە پەیوەندی بە واتاو هەواڵی ڕابردوو وداهاتووی قورئان لەبارەی بونەوەر وبنەما شەرعی وفەلسەفی وڕەوشتی وياسايی وزمانەوانی و،،،هتد هەیە

بیرو هۆش وزانست وبوارەکان لەهەرسەردەمێکدا نوێ دەبنەوەو تەفسیر وئاڕاستەکردنی نوێ لە پاراوێزی قورئانیش دەنوسرێن کەواتە قورئان لە هەرچاخ وسەردەمێکدا بۆو بابەتانەی لەوسەردەمە دا باون ئاڕاستەکردن وڕاڤەکردن ولێکدانەوەی نوێی هەیە، ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە هەروابوە ،ئەوەتا دەبینین کە ڕازی بۆچوونە گەردوونی و فەرهەنگیەکانی لەتەفسیرەکەی دا دەخوێنێتەوە، ئالوسی هێماو ئاماژە سۆفی وعیرفانیەکان لە ڕوح المعانی دا دەخوێنێتەوە، سعود العمادی بابەتە عەقڵیەکان و ئەبوحیان بابەتە ڕێزمانیەکان و،،،هتد وەک دەگوترێ قورئان حمال الاوجە و هەڵگری چەندەها ئاڕاستە وڕوگەیە، بۆهەرسەردەمێک قسەی خۆی هەیە، بۆ سەردەمی بوژانەوەی زمانەوانی وڕەوانبێژی لە ترۆپکەدایە، لەسەردەمی بوژانەوەی تەزکیەو عیرفان هەرلە ترۆپکەدایە،لەسەردەمی بوژانەوەی ڕەوشت وکۆمەڵناسی وسیاسەت وشەرع وياسا هەرلە ترۆپکەدایە، لەسەردەمی بوژانەوەی دەروونناس وڕوحانیات هەرلەترۆپکەدایە،

لەسەردەمی بوژانەوەی جیهنگیری و مرۆڤایەتی و مافی تاکو وکۆو ژن ومنداڵ و،،هتد هەرلە ترۆپکەدایە، لەسەردەمی بوژانەی نوژداری وتەندروستی وپزیشکی هەرلە ترۆپکەدایە ،لەسەردەمی زانستی گەردوونناسی و فەلەک هەر لە ترۆپکەدایە، لەسەردەمی بوژانەوەی تیۆرو چۆنێتی دەستپێکی گەردوون ومرۆڤ وژیان هەرلەترۆپکەدایە، زانستی ئیعجازی قورئانی نوێش هەرجۆرێکە لەو خوێندنەوانە ،قورئان لە فکروهزروپەروەردە وئابووریدا هێڵەگشتیەکانی جوانترین وباشترین پەیڕەوومیتۆدی تێدایە ،تەفسیرەکانیش لەم بوارانە یان دانراون یان لەمەولا دەنوسرێن، ئوممەت لەهەوڵی بەردەوام دایە، چەندان زاناوپشکنەرو داهێنەر بەهۆی ئایەتێک وداهێنانێک ودۆزینەوەیک ڕۆژانە مسوڵمان بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن.(٣٤)

ئاسۆکانی یەقین: لە نێوان "ئایەتە گەردوونییەکان" و "حەقیقەتی زمان"دا:

سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ

{سنريهم آياتنا فى الآفاق وفى أنفسهم} پەروەردگار بەتایبەت لەسەدهی بیستەمدا گەڵێ شتی سەرسوڕهێنەری نیشانی ئادەمیزاد دا، لەئاسمان و زەوی و دەریاو، هەر لەخودی ئادەمیی خۆیشیدا کەهەر هەموویان بەڕاشکاوی داوا لەمرۆڤ دەکەن بڕوا بێنێ بە گەورە یی اللە و بەقورئانەکەی بکەن، وەك ئەفەرموویێ: ئێمە لەئایندەدا بەڵگەو نیشانەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین لەسەر راستی ئەم قورئانەو، دەسەڵاتی خۆمان لەئاسۆکانی بوونەوەرداو، وە لەخودی خۆشیاندا {حتى يتبين لهم أنة الحق} ئەمەش بۆ ئەوەیە تا چاك بۆیان دەرکەوێ کە بەڕاستی ئەو قورئانە راستە {أولم يكف بربك أنه على كل شئ شهيد} و ئایا شایەدی پەروەردگارت بەس نیە کەبەسەر هەموو شتێکدا ئاگاو زانایە و، هیچ شتێکی لا ون نابێت؟!

[سورەتی فصلت:53] اللە بەڵێنی داوە کە هەم لە زانستی دەروون ناسی ولاشەو خودناسی وهەم لە ئاسۆی فەلەک وبونەوەرو جوگرافیاوگەردوون ناسی ئایەت وبەڵگەونیشانەکانی پیشانی

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

مرۆڤایەتی دەدا ودەیسەلمێنێ کە کتابێکی حەق وڕاستە،ئەمەش لەکۆتایی ئەوسورەتەی کەسەرەتاکەی باسی شەش ڕۆژ وقۆناغەکەی دروستکردنی زەوی وئاسمانەکانە، ئەوەتا هەرلە بیردۆزی بیک بن تاپێک هاتنی ژیان تا وردەکاریەکانی ڕوح وگیان ودیاردەکانی زەوی وئاسمان، هەموودۆزینەوەو داهێنراوێک کە دۆزراوەتەوەو دەدۆزرێتەوە ئاماژەیەکی قورئانی تێداهەبووە بەڵام هۆی سستی ونەزانی ئێمەی مسوڵمانە کە نەمان توانیوە داهێنانەکە بکەین وکەسانی دیکە پێ ی هەڵساون..

– هەندێک نوسەروبیرمەند خێراوبەپەلە سەرسام دەبن بە گریمانە وتیۆر یەکان ،ئەوپەلەکردنە وادەکا کە هەموو

تیۆریەکە کە بەناوی زانستەوە گەڵاڵە کراوەوکەچی هێشتا لەقۆناغی قەبڵاندن وتخمین دایە هەمووی بەڕاست بزانن وبەمەش قورئان ودەقە دینیەکان بخەنەخانەی تومەتباری وپێیان وابێ بەریەک کەوتن هەیە لەنێوان ڕێساوهاوکێشەکانی قورئان وئەو تیۆریە هاوچەرخانە ،کەئەمەش وانیە، کاتێ تیۆریەکە تەخمین وقەبڵاندن وگومانەکانی لێ دەبنەوەو دەبێتە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگری ڕێژەیی ڕووون وئاشکرا ئەوسا دەبینی لەگەڵ هێڵ وڕێساگشتیەکانی قورئان دەگونجێ وهیچ بەریەک کەوتنێک نیە ،بۆهەندێ جار بەریەک کەوتنەکە لەنێوان ڕۆشنبیری و تێگەیشتنە بەهەڵە کەڵەکەبوەکەی کۆمەڵگایە لەدەقەکە لەگەڵ ڕاستیە زانستیەکە وکۆمەڵگا سەدان ساڵە شێوەیەکی دەقبەستوی بۆ دەقەکان لەسەرخۆی فەرزکردووەوکردویەتیە زیندانێک ودەڵێ ئەوە دەقەکەیە ودەرچوون لەوە کافربوونە ،دەقەکە لەم زیندانە بەریە، ئەمە کێشەی کنیسەو تەورات بوو لەکاتی داهێنراوە زانستیەکان کە زاناکانیان سوتاندن، من ئەم بابەتەم لە نوسراوی نەخشەو ژمارە وهێماکان لە نێوان ئاین وزانست دا باس کردووە.

هەروەها بابەتی دەلالەتی زمان ودەستەواژەو دەربڕدراو لەسەر واتاومەعنا ئەزەلی وبێ سنورەکان چەندە؟

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

زمانەکان لەدایک دەبن ،پیردەبن دەمرن ،بەڵام بەهاو واتاو مەعناکان هەرلە جێ ی خۆیانن نەپیردەبن ونەدەمرن، بۆنمونە پێش ئەوەی ئادەم وجن وفریشتەو زمان وژیارەکان هەبن اللە حەکیم بوو، بەڵام ئەوحیکمەتە چ دەربڕدراوو دەستەواژەیەکی پێ دەگوترا؟ ئەم ناوی حیکمەتە دوای چەند هەزار ناوی تر بۆ بەهای حکمەت هات؟ دوای ئەوەش ئەم بەهایە دوای هەڵگیرانەوەی زمانی عەرەبی لەسەرزەوی وزمانەسامیەکان چەند ناوی تری لێ دەنرێن؟ کەواتە دەلالەی ئەلفازودەربڕدراوودەستەواژەکان لەسەرواتاو مەعانی زۆر ڕێژەییە دەبێ بیزانی.

ئەمە نەک هەربۆ بەهاکان، بۆ شتەمادیەکانیش هەروایە ،ڕۆژۆشاخ دوو دیاردەی تەمەن ملیۆنان ساڵن کە بەدواداچوون بکەی وبزانی ئەم دوو دیاردە چەند ناوی یان لێ نراوەومردوون، وەچەند ناوی تریان لێ دەنرێ ودەمرن،جارێ دەبێ بزانی کە لات سەیرنەبێ کەچۆن شاخ دروست کراوەوکەچی کەلیمەی جبل دروست نەکراوە،چونکە پێش ئەوەی اللە تەورات وقورئان لە لەوحی پارێزراوبنوسێ ولەوح وقەڵەم دروست بکا لە زانیاری وعلمی بێ سەرەتای ئەودا هەبوو کە دیاردەوبونەوەرێک بەناوی جبل دروست دەکاولەناوسەدان وهەزاران زمان بەدرێژایی هەزاران ساڵ چەندین ناوو ووشەی بۆ دادەنرێن،کەواتە کە وشەو زمان وکەلیمەکان لای ئێمە دەمرن ودەچنەمۆزەخانە وبەبەردبوو وشوێنەوارەکان، بەڵام لە لەوحی پارێزراوهەرماون، هەروەک ئەوزمان ونەتەوانەی کەتاکۆتایی مرۆڤایەتی دەردەکەون، هەموویان پێش پەنجاهەزارساڵ بەرلە دروستکردنی زەوی وئاسمانەکان کە زانستی ئەمڕۆبە١٣ ملیارساڵ دەیقەبڵێێ، پێش ئەوسێزدەملیارساڵە بە پەنجاهەزارساڵ ئەم ووشەوزمان ونەتەوانە ناوەکانیان لەلەوح نوسراوەو بۆشیان دیاری کراوەکەی ئەوگەل وزمان ونەتەوانە دەردەکەون ودەبنەژیاروڕۆشنبیری وکەی دەبنەزمانێکی ناومۆزەخانە وەک لەقورئاندا فەرمویەتی ئەجەل وچارەنوس وماوەی هەموو ئوممەت وگەل ونەتەوەوزمانێک دیاری کراوەونەساعاتێک پێش دەکەون ونەسەعاتێکیش دوادەدەکەون لەو ماوەی کەبۆیان دیاری کراوە...

بونیادی بەهاوکاڵاکان لەنێوان کۆن ونوێدا:

هەروەها لە جۆری بوون و وجودەکان ،وجودی زهنی و دەستەواژەیی ونوسراوی وبەرجەستەیی کە ئیبن تەیمیەلە-درء التعارض(٣٥)

)-وئیبن قەیم لەنونیە(٣٦) ودکتۆرمحمد تکریتی لە ئاسۆی بێ سنور(٣٧) باسیان کردوە .

کە گوتویانە هەموو بونەوەر وبەهاو دیاردە وکاڵا وشتێک چەند وجود وبنیادێکی هەیە: -بوونێکی هەیە لەزەین وبیروهۆشی کەسەکاندا،جاری وایە ئەوبوونەی ناوبیروهۆش وەک ئەوبونەیەتی کەلەدەرەوەش هەیەتی وەک گوڵ لەدەرەوە چۆنە؟ لەبیرو هۆشی خەڵکیش وایە، بەڵام جاری وایە ئەوەی لەناوزەینە قەبڵاندن وئەندازەگیری یە لەسەرچەند پێزانینێک کەئەوکەسە لەسەرئەوشتە هەیەتی وەک ئەستێرەکانی ڕێی کاکێشان لەبیروهۆشی کەسێکی پێش هەزارساڵ ،کەلای وابووە ئەستێرە وەک فانۆس بەئاسمانەوەهەڵواسراون،مەجەڕەی کاکێشان وەک کای ڕژاوە لەکاکێشێک.

بێگومان ئەم بونەوەری بیروهۆشە لەسەردەمێکەوەبۆسەردەمێک ولەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە بەپێی تێڕوانن وشارەزایی ئەوکەسە لەسەرئەوشتانەی لەزەین وبیروهۆشی داهەن دەگۆڕێ..

-وجود وبونیادێکی دەربڕدراوو گوتراو:

ئەوەی لەبیروهۆشداهەیە،لای زمان ونەتەوەی کەسەکە ووشەیەک یان چەندووشەیەکی بۆ دانراوە کەکەئەو ووشە گوترا لەلایەن ئەوکەسەوە مەبەستی ئەو کەسەیە کە لەناوبیروهۆشیداهەیە،کەکەسەکە گووتی ئەستێرە،مەبەستی ئەوبونەوەرەیە کەلەئاسمانەودەرەوشێتەوە،جالەبیری ئەودا ئەوئەستێرە چۆنەوچیە؟ ئایامرواریە؟فانۆسە؟ گۆمە ئاوە؟ یان هەسارەیەکە؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێزانینەکانی خۆی لەسەرئەوشتە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-وجودی سێیەم وجودی نوسراوە، ئەوئەستێرەی کەلە زەین وهۆش دا وێنایەکی هەیە ولەسەرزمان ناوێک یان چەندناوێکی هەیە ئەوناوو وشانە دەنوسرێن ،بە پیتی عەرەبی ولاتینی بەپێی شارەزایی وخوێندەواری کەسەکە.

-وجودوبونیادی ڕاستەقینەی شتەکە لەدەرەوە،گوڵەکە،ئەستێرەکە،ڕاستگۆیی، حەکیم بوون،،،،هتد.

ئەمە ئەوچوارقۆناغەیە کەلەکۆندا شتەکان هەیانبوو، بەڵام لەم سەردەمە دەتوانرێ چەند وجود وبونیادێکی تریش باس بکرێ ،وەک:

-بونیادی وێنەبۆکێشراو، وێنەی گوڵێک ،ئەستێرەیەک کەبەدەست کێشرابێ. -وجودی وێنەگیراو ،بەفۆتۆگراف و ڤیدیۆ.

هەڵبەت شتەکە لەکەسێک بۆ کەسێک جیاوازە،کەسێکی بەرلەهەزارسااڵ کە بڵێی پاسکیل چیە؟ پاسکیل لە بیروهۆشی ئەودانیە نازانێ ناوژن وپیاوە؟ئاژەڵە؟خواردنە؟ ؟

ئەوجارپاسکیل لەم ڕۆژدا لەناوهۆشی جوتیارێک جیایە لەپاسکیلی ناوهۆشی کیمیازانێک،یان ئاسنگەرێک.

جاری وایە وجودی بیروهۆش شتی وای تێدایە کەهەرخەیاڵەونەگوتراوەونەنوسراوەونەوێنەی هەیە، جاری واشە شتەکە تەنیابیستراوە وەک عەرش، مەحشەر،فریشتە،،،،هتد.

زمانەکان بێ سەرەتاوهەرهەبوون؟ یان پێشدا نەبوون وداهێنراون؟:

هەندێک کەسی داخراوودەقبەستو زیادەڕەوی دەکەن و دەیڵێن کە دەبێ زمانێک کە دەقێکی پیرۆزی بێ هات ئەو زمانە بەو شێوەیە قەدیم وئەزەلی وئەبەدی بێ ،لەوالش زمانناسێک دەڵێ زمان ونەتەوەکان نەبوون وهەتاهەتایش نین ،ئالێرە کەسانی وەک نەسرحامد ئەبوزەید دەڵێن قورئان وتەورات وئینجیل دیاردەیەکی ئینسانین ،چونکە بەچەند زمانێک هاتوون ئەو زمانانە کاتێک بوو کەنەبوون ،وەکاتێکیش دێ کەنامێنن، هەڵبەت کەسانێک کەباوەڕیان بە کەلامی قەدیمی اللە

هەیە ئەم کەسە تکفیر دەکەن، ئەوەنازانن کە کەلامی نەفسی چیە ،قورئانی عەلەم وئالا کەدوای رحمان کرایە علم ،ئەوەلەلەوحی پارێزراووشاراوەبوو ،ئەمە کەی کرا؟ ئایا قورئانی عەلەم هەمان قورئانی گێڕدراوو مەجعولە بەعەرەبی؟ ئایا دابەزاندنی قورئان لە لەوحەوە بۆ بیت المعمور بەشەوێکی هەزار مانگی واتای چی؟ ئایا بیت المعمور چەندسانی تیشکی لەئێمە دووڕەو لەکام بورجە؟ ئایا چەند ملیۆن ساڵ لەوێ ماوەتەوە؟ ئەی کەی دابەزینی دووەم بۆ بیت العزەی ئاسمانی یەکەم کرا؟ ئایا کام لەم نوسخانە گێڕدرابە عەرەبی ؟ هەڵبەت ئەم قورئانە کە گێڕدرابە حوکمێکی عەرەبی ئەو ڕۆژەبوو کەلە بەیت العزە بەماوەی بیست ساڵ هێنرایەخوار بۆسەردڵی محمد علیە السلام ،ئەوەی کردی بەعەرەبی جبریل بوو علیە السلام بە فرمان وئاڕاستە کردن وتعلیمی الله ،ئەم نوسخەی قورئانە ماوەیەک معرب وشیکارکراوو دیارو دەرک پێ کراوو ئاشکرادەبێ،چونکە عرب واتە ڕوون کراوە ،پاشان ئەم سفرە ڕبانیە هەڵدەگیرێتەوەو دەبێتەوە مەکنون وشاراوە وەک لە فەرمودەکان هاتووە، کەشارایەوە واتە لەم جیهانە عەربی نامێنێ،بەدەربڕینێکی دیکە کەمکنون شاراوەبێ واتە عەرەبی ومعرب ومبین وئاشکراوشیکارکراو نیە لەجیهانی مرۆڤەکان، کەعەرەبی بێ واتە مکنون نیە، ،زمانی عەرەبیش وەک هەرزمانێکی تر لەدایک بوون ومردنی هەیە لەم جیهانەدا ،ئەمە بۆ هەموو کتێبە ئاسمانیەکان وایە ، بۆیە زیادەڕەوی مرۆڤەکان لەدەق وزمان ونەتەوەیەکی سنوردار کاتێ دەیانەوێ بێ سنور لەسنوردارد کورت هەڵبێنن تووشی ئەو سەرگەردانیە دەبن.

دەبێ بڵێم ،هەموو کەس وڕوحێکیش پێش لە دایک بوون لەم جیهانە سێبەرەدا مکنون وشاراوەیە وەک قورئان پێش دابەزینی بۆ جیهانی سێبەر، بەڵام لە جیهانی مەلەکوتی ڕوحەکان کاتێ قورئان لەم جیهانە هەڵدەگیرێتەوە لە جیهانی مکنون وبۆ مەکنونیەکانی ئەوە هەر ئاشکراودیارو موعرەبە،مرۆڤەکانیش کەلێرە دەمرن لە جیهانی مەکنون ئاشکراو دیاروزاهر دەبن بەڵام ئەگەر موعرەب بەشیکاروشیکراوە لێکدرابنەوەئەوەلەوێ شیکاروشیبوونەوەو داوەشان نیەولەوێ بەو واتایە موعرەب نابن ،بەڵام کەمەبەست لە موعرەب بوون ڕۆشن وئاشکرایی بێ ئەوەهەموو شتێک لە قیامەتدا بەوواتاولێکدانەوە موعرەبە.

جاکە عەرەبی واتە ئاشکرایی وڕۆشنی وبێ پێچ وپەنایی بێ،ئەوە لەبەهەشت وهەتالەدۆزەخیش هەموو شتەکان ئاشکراوڕۆشنن، واتە موعرەبن.

وەک لەوەسفی حۆریەکان دەفەرموێ﴿ عربا اترابا﴾:واتە زۆربەڕاشکاوی وئاشکرایی خۆشەویستی وخولیایی وتامەزرۆیی بۆ هاوسەرەکانیان دەردەبڕن.

بەڵام کە عربی واتە شیکراوەوشیتەڵ کردن وشیکرانەوەبێ ئەوەبەو واتایە زمانی عربی لەبەهەشتدا نیە ،بەڵام لەجهنم دا هەیە کەپێستەکان شیتەڵ دەبن وشی دەبنەوەبەسوتان پێستێکی دیکەیان بەردا دەکرێتەوە.

دیاردەی شیتەڵ وشیکاروشی بونەوە دیاردەیەکی ئەم جیهانەیە ،لە جیهانی ئەودیو بۆ بەهەشتیەکان ئەو شیتەڵ بوونە نیە ولەوێ لاشەکان نەمرن،کەنمریش بن نابێ خانە هەڵوەرین ولاشە نوێ بونەوە هەبێ،نابێ خانەهەڵوەرین هەبێ ،هەرچەندە هەندێ فەرمودەئایەت ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە کە ڕوح دەتوانێ وەک جل وبەرگی دنیا لاشەکەی بگۆڕێ و ڕەنگ وڕوخساروشێوازی لاشەکەی وەک جل وبەرگی دنیا هەڵدەبژێرێ.

کاتێ کەس لەم جیهانە سێبەرە نەماوهەموومان چوینە جیهانی مکنون لە ڕۆژی دوایی ،ئیدی هەموو شتێکمان لێ ئاشکرایە وئەم جیهانە سێبەرە بۆتە ڕابردوو.

کەواتە عەرەبی بوونی قورئان" تەنها ناوێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو بە مانای "موبین و ئاشکرا" دێت. لەم ڕوانگەیەوە، هەموو شتێک لە قیامەتدا "عەرەبی"یە چونکە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە.

پوختەی بۆچونەکان :

گەشتی قورئان: قورئان لە "لەوحی مەحفوز"دا مەکنون و شاراوە بوو، پاشان دابەزی بۆ "بەیتی مەعمور" و پاشان بۆ "بەیتی عیززە" و لە کۆتاییدا بوو بە "عەرەبی" (واتە شیکراوە و ئاشکرا) بۆ مرۆڤەکان.

مانەوەی واتاکان: زمانەکان دەمرن، بەڵام "واتاکان" (وەک حیکمەت) پێش زمانەکان هەبوون و دوای ئەوانیش دەمێنن. شاخ (جبل) پێش ئەوەی وشەی "جبل" دروست ببێت، لە زانستی خودادا هەبووە.

جیهانی بەرزەخ و بەهەشت: نەمانی "شیتەڵبوون"

زمانی بەهەشت: لە بەهەشتدا "عەرەبی" هەیە بە مانای "ئاشکرایی و بێپەردەیی" (عرباً أترابا)، بەڵام "عەرەبی" بە مانای "شیکردنەوە و شیبوونەوەی خانەکان" (اعراب/شیکار) نییە، چونکە لاشەی بەهەشتییەکان نامرن و شی نابنەوە.

نەمریی ڕوح: مرۆڤ کاتێک دەمرێت، لە جیهانی "مەکنون" (شاراوە) دەردەکەوێت و دەبێتە "زاهیر و ئاشکرا". لەوێ چیتر پێویستمان بە زمانە شیکارییەکانی دنیا نییە، چونکە حەقیقەتەکان ڕاستەوخۆ دەبینرێن.

لێرەدا ئایین و زانستت بە شێوەیەک ئاوێتەی یەکن کە "مردن" تەنها گۆڕینی زمانە؛ لە زمانی "پیت و دەنگ" وبیستنەوە بۆ زمانی "بینین و حەقیقەت".

⚖️ لە نێوان حەقیقەتی ئەزەلی و دەربڕینی مرۆیی

١. ئیمامی بوخاری و جەهالینی حەنبەلی: کێشەی (خلق أفعال العباد)

کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد: ئایا ئەو "دەنگ" و "پیت" و "مەرەکەب"ەی مرۆڤ قورئانی پێ دەخوێنێتەوە و دەینووسێت، مەخلوقە یان نا؟

ڕای بوخاری: هەموو کردەوەکانی مرۆڤ (لەوانە تەلەفوز و دەربڕین) مەخلوقن.

ڕای حەشەویەکان: بەهۆی تێنەگەیشتن لە جیاوازیی نێوان "سیفەتی خودا" و "کردەوەی مرۆڤ"، کەسێکی وەک بوخاریان تۆمەتبار کرد.

چارەسەری ئەشعەری: جیاکردنەوەی (کەلامی نەفسی) کە سیفەتێکی خودایی و ئەزەلییە، لەگەڵ (کەلامی لەفزی) کە دەربڕینێکی مرۆیی و کاتی و مەخلوقە. وەک چۆن "فرمێسک" و "موو" مەخلوقن، ئەو دەنگەژێیانەش کە دەنگ دروست دەکەن مەخلوقن، بەڵام "واتا"کە (المعنی) هی خودایە.

تەکنەلۆژیا و زانست: ململانێیەک کە کۆتایی نەهاتووە

ئەم کێشەیە تەنها لە مێژوودا نەماوەتەوە، بەڵکو گواستراوەتەوە بۆ سەردەمی (یوتیوب و تیۆرە زانستییەکان):

ئاڕاستەی محەمەد عەبدە و سەید قوتب: ئەمانە هەوڵیان دا دەقەکان بە گریمانە زانستییەکان ڕاڤە بکەن. سەید قوتب بەهۆی ئەوەی گوتی "زەوی خڕە و دەسووڕێتەوە"، لەلایەن هەندێک زانای وەک (ئیبن باز) و (شنقیتی)یەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا و تەنانەت تۆمەتبار کرا.(٣٨)

سێ تێڕوانینەکەی ئێستا بۆ زەوی:

بەرەی زانستی: زەوی گۆییە و دەسووڕێتەوە.

بەرەی دەقبەستوو (Flat Earth): زەوی تەختە و جێگیرە.

بەرەی زەویی کلۆر (Hollow Earth): کە پێیان وایە ئێمە لەسەر ڕووی گۆزەیەکین و ناوەکەی "یاجوج و ماجوج" و جیهانی تری تێدایە.

قورئان لە نێوان "تەخمین" و "حەقیقەت"دا

پێوەندیی ڕاستی: کاتێک زانست دەگاتە "ڕاستی حاشاهەڵنەگر"، دەبینین لەگەڵ قورئان یەک دەگرێتەوە.

کێشەی کەنیسە: ئەو هەڵەیەی کەنیسە لەگەڵ گالیلۆ و زاناکان کردی، لەبەر ئەوە بوو کە "تێگەیشتنی مرۆیی"یان بۆ دەقەکە کردبووە "زیندان" و دەیانگوت هەر کەس لەم تێگەیشتنە دەربچێت کافرە. جەنابت لێرەدا دەڵێیت: "دەقەکە لەم زیندانە بەرییە."

⚖️ کەلام وکەلیمە ی خوا لە نێوان حەقیقەتی ئەزەلی و دەربڕینی مرۆیی

نەخشەی ململانێ فیکرییەکان :

کەواتە بابەتی هەمیشەیی یان ناهەمیشەیی زمان بابەتێکی نوێ نیە ،هەرلەسەدەکانی یەکەم کێشەی نێوان حەنبەلی وموعتەزیلیەکان لەسەر ئەوبابەتە بووە، پاشان ئەوەی وای کردوە کەجەهالینی حەنبەلی ئیمامی بوخاری بە کافربزانێ لەسەرئەوەی ئیمامی بوخاری کتێبی خلق افعال العبادی داناوەو پێ ی وایە هەموو فعل وکردەوەکانی مرۆڤ مەخلوقن، جەهالینی بەوەتۆمەتباری کردوە کەواتە پێت وایە دەربڕین و تەلەفوزو گوتنەکانی ونوسینەکانی مرۆڤیش بۆ قورئان هەموو مەخلوقن .

ئەم کێشە لەهاتنی بوخاری تا دەرکەوتنی ئەبوحەسەنی ئەشعەری بەو شێوە مایەوە، ئیمامی ئەشعەری وئەشعەریەکان بۆ هەڵگرتنی ئەوستەمەی حەشەویەکان لەسەر ئیمامی بوخاری ، جیاوازیان خستە نێوان کەلامی لەفزی وکەلامی نەفسی، ئەم دوانە هەردووکیان لە دەقەکان دا هەن بەڵام دەق وکتێب وپەیامی هەموو پێغەمبەران بە تەورات وئینجیل وقورئانیشەوە بە ئیعتباری کەلامی لەفزی ودەربڕدراوی مرۆڤ مەخلوق ودروست کراون ،چونکە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان ووشەیەک کەلە دەنگەژێکانتەوە دەردەچێ لەگەڵ فرمێسکێک کەلە چاوەکانتەوە دەڕژێ ،لەگەڵ مویەک ونینۆکێک وهەرپاشەرۆکێکی تر هەموویان مەلفوزو دەرفرتێنراون،

بەڵام بە ئیعتباری کەلامی نەفسی ئەم دەقانە مەخلوق نین ،کەواتە ئەوەی لەنێوان عەباسیەکان و حەنبەلیەکان ولەنێوان جهالینی وبوخاری ولەم سەردەمەش لەنێوان ئەبوزەید وئارگۆن

وماموّستاکانیان لەفەیلەسوف و ڕۆژهەڵات ناسەکان لەگەڵ کەلەپور وشوێنەوار پەرستەکان هەمووی جیانەکردنەوەی نێوان ئەم دوو خاڵەیە کەدەرکیان پێ نەکردووە ..

نەک هەرئەوەندە ئەم بابەتە بۆتەهۆی دەستە دەستە بوون ولەت وپەت بوونی هەموو دینەکانی جولەکەو نەسرانی و هەموو ژیاروفەلسەفە وڕۆشنبیریەکانی مرۆڤایەتی لە گریک وڕۆمان وچین وهندو ئێران ومیسرو یەمەن و وڵاتی دووڕووبار..

ڕاڤەی قورئان وسونەت بەگریمانە زانستیەکان

-بابەتی هۆگری وڕاڤەکردنی دەق بە گریمانەوتیۆریە زانستیەکان هەر تایبەت نیە بە ئاڕاستەی محمد عەبدەوە، بەڵکو سیدقوتبیش کەم وزۆر کاریگەری ئەوتیۆروبۆچوون ودۆزینەوانەی لەسەربووەو هەرلەبەرئەوەش کەسانی وەک عبدالله دەوێش لە الضلال في الظلال وشنقيطي وئیبن باز لە نوسراوەکانیان لەبارەی ئەوانەی باوەڕیان بە علمی هیئەی نوێ هەبوو سەیدیان کافرکرد،ئەوەتا سەیدیش پێ ی وایە زەوی کەوکەب وهەسارەیە، خڕە،دەخولێتەوەبەدەوری خۆی وبەدەوری خۆر ،سوڕی ڕۆژانەوسالانەی هەیە.

ئەم بابەتەش تائێستالە سەردەمی یوتیۆپ یەکلانەبۆتەوەو تائێستا سێ بۆچوونی جیاوازلەیەک هەن کەبریتین لە: -ئەوانەی دەڵێن زاوی خڕەودەجوڵێ. -ئەوانەی دەڵێن زەوی تەختە وناجوڵێ.

– .ئەوانەی دەڵێن زەوی کلۆرەوئێمەی سەرزەوی تەنیانەخش ونیگاری سەر ڕووی گۆزەکەین ونازانین ناوهەناوی کلۆری گۆزەکە چی تێدایە لە دەجال ویاجوج وماجوج وشتی تریش..(٣٩)

-چیرۆک وڕوداوە مێژوویەکانی قورئان:

چیرۆکەکانی قورئان زۆر جار هێماوڕەمزین، ئەو سلێمانەی کەلە مێژوودا تەورات چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە ،میری بەشێکی کەم لە شام بووە،بەڵام سلێمانی قورئان دەسەڵاتی بەسەر هەموو زەوی و دەریاوزەریاکان وبۆشایی ئاسمانیش هەبووە، ئەو پاشایەتیەی بەودراوە بەکەسی تر نەدراوەوناشدرێ ،کەواتە ئەمانە دەری دەخەن کە سلێمان دەبێ ئەمریکابێ ،داود دەبێ بەریتانیابێ ،ئەوان بەوشێوەبوون کە قورئان باسیان دەکا نەک داودو سلێمانی مێژووی کۆن .

داود و سلیمان علیهما السلام لەنێوان تەورات وقورئان وفەرمودەدا:

کەلە قورئان دا باسیان هاتوە کە زمانی تەیرو تو ر دەزانن,ئەوە ئەوەیە کە ئەوان دەتوانن هەزاران تەن وەك بالندە بە ئاسماندا بفرێنن, زمانی شاخ دەزانن,دەزانن خەلوزی و زێڕی و مەگنیسیۆمی وسەدان جۆرە کانزای تری لە کوێ یە ,

لەوانەیە خوێنەر سەری لە ناوهێنانی داود وسلیمان علیهم السلام لەگەڵ بەریتانیا وئەمریکا سوڕبمێنێ ،بڵێ کە ئەم دووپاشایەی جولەکە بەرلە سێ هەزارساڵ پێش ئێستا پاشا بوون وچ پەیوەندیەکیان بە ئێستاوە هەیە ،بۆیەبەکورتی دەڵێم ،ئەوپاشایەیەتیەی داودو سلێمانی قورئان وفەرمودە کە باس دەکرێن کە ئەوان:-

-خەلیفە وجێنشینی هەموو زەوین وهەموو زەوی لە ژێردەستیانە .

﴿يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ (ص 26)﴾

﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ (نمل16)﴾

گێڕدراوەکان ئەوەباس دەکەن کە داود سولەیمان علیەما السلام پاشای گشت زەوی بوون،بەتایبەت سولەیمان کەیەکێکەلەوچواڕپاشایەی حوکمی هەموزەوی کردوە .

-چیاکان لەگەڵ داودتسبیحات دەکەن وکانگاوکانزاو مەنجەڵی زەبەلاحی کانزاکاری وچاوگی نەوت وغاز وعین القتر دەردێنێ وقەڵغانی ئاسنین دروست دەکاو شۆڕشی پیشەسازی بەرپادەکا.

-سلێمان غەواسی ژێردەریا دروست دەکاو سامانی ژێردەریا دەردێنێ وزمانی باڵندەوفڕین دەزانێ وڕێگای یەک مانگی ئەسپ ،واتا مەسافەی دیمەشق بۆ مەکە ، بەنمونە بۆو دەبێتە یەک کات ژمێر ی ڕەواح یان غدا،کات ژمێرێکی بەیانی تا خۆر دەرکەوتن.

جاکە زانیمان کەچوار پێوەربۆ ڕاکردنی ئەسپ هەیە کەجیهانین.

-بڕینی چوارمیل -شەش کیلۆمەترونیو-لەکات ژمێرێک بەڕۆیشتنی ئاسایی.

-گورگەلۆقە لە١٣-١٩کم لەکاتژمێرێکدا دەبڕێ.

-نەرمەغار کە١٩-٢٤کم دەبڕێ لەکاتژمێرێکدا.

-ڕاکردن کە٤٠-٤٨کم دەبڕێ لەسەعاتێکدا.

بەڵام خێراترین ئەسپ لەجیهانداتائێستا ٨٨کم لەکاتژمێرێک تۆمارکردوە.

جائێمە بۆ تەفسیری ئایەتەکە خێراترینیان وەرناگرین، بەڵکو ئەوئەسپەوەردەگرین کە ٣٠کم بڕیێ لەکاتژمێرێک وەدەڵێین کە ڕووبەری شانشینی سلێمان علیە السلام
=٢٤کاتژمێر×٣٠کم=٧٢٠کم/٢٤کاتژمێر.

٧٢٠کم×٦٠ڕۆژ=٤٣٢٠٠کم

جاکە ئەوەمان زانی کە ڕوبەری هەموو چواردەوری زەوی =چل هەزار کیلۆمەتر بەپێی پێوەری پێوانەی فرۆکەوانی نێودەوڵەتی.

کەواتە بەم پێوەرەش بێ شانشینەکەی سولەیمان هەژمونی لە ئەوروپاو ئاسیاوئەفریقیا وهەردوو ئەمریکاوئوسترالیادابووە، هەموو زەوی هەر چل هەزارکیلۆمەترە.

کەواتە چیرۆکەکانی قورئان ناکرێ هەرتایبەت بکرێن بەڕابردووەوە،قورئان کتێبێکە کات وشوێن تێدەپەڕێنێ..

- ئەم سوڵتان ودەسەڵاتە کە بەسلێمان دەدرێ ،دوعای کردوە کە دوای خۆی بەکەس نەدرێ.

- سلێمان یەکێکە لەوپاشایانەی حوکمی گشت جیهان دەکا،کیشوەری نەدۆزراوە لەسەردەمی ئەودانیە.

-بەڵام ئەوداودوسلێمانەی مێژوو ،کە لە ساڵی ٩٠٠پێش زانین حوکمیان لە فەلەستین کردوە، کەناکاتە سەدایەکی جیهان وزەوی.وەنیوەی زەویش نەدۆزرابۆوە کە کیشوەرەکانی ئەمریکای سەروو وخوارو ئۆقیانیا ودوورگەکانی باکور وباشوری زەوی.

-داودوسلێمانی مێژووی جولەکە وەک سەرچاوە مێژوویەکان وتەوڕات باس دەکەن،نە چیا یان بۆ ژێردەست کراوەو نەنەوتیان دەرهێناوەو نەژێردەریایان هەبوەونەفڕۆکەیان هەبوە کەڕێ ی مانگێک بەسەعاتێک ببڕێ.

-بوونی ئەم دەسەڵاتانە کە لە قورئاندا بۆ داودوسلێمان دانراوەو ئێستاش لای ئەوروپاوئەمریکایە ،دەری دەخاکەئەوان داودوسلێمانن ،چونکە ئەم دەسەڵاتانە لە مێژووی مرۆڤایەتی یەک جاردەدرێن ودواییش لەبەردوعاکەی سلێمان ،بۆشارستانی تردوبارە نابنەوە،وە ئێستا کەلەدەست ئەم شارستانیەی ئەم سەردەمەن،ئەمە یەکەم جارەولەوەوپێش مرۆڤایەتی ئەو تەکنەلۆژیایەی نەبوە، کەواتە ئەمانە داودو سلێمانن.

-رسول الله ی هەواڵ پێدراو لەو سەردەمەی خۆی هەواڵی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا لەدایک بووەو دوو هەزارەی دوای خۆشی پێداوین ،فەرمویەتی ئەو هەزارەی ئەو تیای دا نێردراوە بۆ ئیسلام وعەرەب دەبێ، کەئەوەش وابوو لە ساڵی ٦٠٠ تا کو١٠٠٠ی زایینی دەسەڵاتی ئیسلام وعەرەب بوو، پاشان فەرمویەتی:هەزاری دوای هەزارەی ئێمە هەزارەی سەبتی یەهودە ،واتە لەساڵی هەزاری زایینی کە تیای دا سەلجوقی ، سەی جولەکە دەرکەوتن وپاشان عوسمانی و دواتری ئیتالیای تالوتی وو

بەریتانیای داودی کە جالوتی ئیسپان وئالی عوسمانی کوشت وپاشان سلیمانی ئەمریکی ،ئەمانە هەمویان پاشاکانی جولەکەن،ئێمە ئێستا لەسەرەتای ڕۆژی سێیەمین کە ڕەسولی ئەکرەم هەواڵی پێداوین ،کە هەزارەی دوای هەزارەی شەممەی جولەکە ،هەزارەی نەسارایە، دەبێ گۆڕانکاری لەم هەزارەشدا بکرێ ودەسەڵاتی سلێمان وداودی جولەکە کە لەسورەتی ئیسرا هەواڵ دراوە کەجولەکە دووجار فەسادی گەورە لەزەوی دەنێنەوە ،ئەوەی ئێستا جاری دووەمیانە ، وە شانشینی سەبەئی خۆرپەرست کۆریاویابان وئۆقیانیاومالیزیاوئەندەنوسیان کە شانشینی خۆرناسراون،ئەمریکا هەژمونی لەهەموویانداهەبوو وبوە میراتگری باوکی وموستەعمەرەکانی باوکی وەک بێوەژن ماردەکردەوە..

ئەمەش دەقی فەرمودەکانە:

اخبرنا الرسول صلى الله عليه وسلم في صحيح مسلم وغيره :

855) وحَدَّثَنَا قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ، وَزُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، قَالَا: حَدَّثَنَا جَرِيرٌ، عَنِ الْأَعْمَشِ، عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ الْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، فَاخْتَلَفُوا، فَهَدَانَا اللهُ لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ، فَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ، هَدَانَا اللهُ لَهُ - قَالَ: يَوْمُ الْجُمُعَةِ - فَالْيَوْمَ لَنَا، وَغَدًا لِلْيَهُودِ، وَبَعْدَ غَدٍ لِلنَّصَارَى

21 - (855) وحَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ رَافِعٍ، حَدَّثَنَا عبدالرَّزَّاقِ، أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ، عَنْ هَمَّامِ بْنِ مُنَبِّهٍ، أَخِي وَهْبِ بْنِ مُنَبِّهٍ، قَالَ: هَذَا مَا حَدَّثَنَا أَبُو هُرَيْرَةَ، عَنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللهِ ﷺ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: نَحْنُ الْآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، وَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي فُرِضَ عَلَيْهِمْ فَاخْتَلَفُوا فِيهِ، فَهَدَانَا اللهُ لَهُ، فَهُمْ لَنَا فِيهِ تَبَعٌ، فَالْيَهُودُ غَدًا، وَالنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ.

22 - (856) وحَدَّثَنَا أَبُو كُرَيْبٍ، وَوَاصِلُ بْنُ عبدالْأَعْلَى، قَالَا: حَدَّثَنَا ابْنُ فُضَيْلٍ، عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْجَعِيِّ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، وَعَنْ رِبْعِيِّ بْنِ حِرَاشٍ، عَنْ حُذَيْفَةَ، قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللهِ

ﷺ: أَضَلَّ اللهُ عَنِ الْجُمُعَةِ مَنْ كَانَ قَبْلَنَا، فَكَانَ لِلْيَهُودِ يَوْمُ السَّبْتِ، وَكَانَ لِلنَّصَارَى يَوْمُ الْأَحَدِ، فَجَاءَ اللهُ بِنَا فَهَدَانَا اللهُ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ، فَجَعَلَ الْجُمُعَةَ، وَالسَّبْتَ، وَالْأَحَدَ، وَكَذَلِكَ هُمْ تَبَعٌ لَنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، نَحْنُ الْآخِرُونَ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا، وَالْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، الْمَقْضِيُّ لَهُمْ قَبْلَ الْخَلَائِقِ وَفِي رِوَايَةِ وَاصِلٍ الْمَقْضِيُّ بَيْنَهُمْ.

جاکە باوکمان ئادەم لەکۆتایی جومعەوسەرەتای شەممەدابەزیێ وڕۆژیش هەزارسالّ بێ،وەمحمد علیه السلام لە ڕۆژی جومعەنێردرابێ، ئەوەلەنێوان ئادەم تاهاتنی پێغەمبەرعلیه السلام حەوت هەزارسالّە،ئێستا ئێمە خەریکە دەچینە هەزارەی نۆیەم کەسەرەتای دەسەلّاتی نەسارایە.

جالەسەرەتای ئەم ڕۆژە زۆردوورنیە دابەتی زەوی و ورچی زەوی کەڕوسیایە داردەستەکەی عەمۆسام لەئەوروپابخواو عەمۆسام دوای داڕوخانی داردەستەکەی لەنکاو دابڕمێتە خوار، ئەوجنە چینیانە کە ئەمریکا بۆبەرژەوەندیەکانی ژێرباری خستوون هێشتانەیانزانیوە کە دابەو ورچەکەی زەوی داردەستەکەی سولەیمانی لەئەوروپاخواردوە،هاکابینیت لەنکاوهەرەسی هێنا.

چیرۆکەکانی قورئان وکەسایەتی وڕوداوەکانی هەموو هێماوڕەمز وداتان ،دەبێ خەڵکانێک زۆریان لێ ورد ببنەوە تا تێیان بگەن...

ئەوە 1450ساڵە ئەم مسولمانانە هەر لە ئەوپەری ئاسیا تا ئەوپەری ئەفریقیا,ئەم قورئانە دەخوینن, بە پیرۆزی ڕادەگرن و بە ئاوی زیرو زیوو وزەعفەران و بەخوین وفرمیسکی خۆیان دەی نوسن ,بە پەڕۆی ئاوریشم وحەریر بەرگی دەکەن,بە هەزاران ئاوازو مقامات دەی خوینن ,کە چی نەیان زانی وەك داودو سلیمان بەکاری بینن ..

کەواتە دەکرێ چیرۆکەکانی قورئان بۆ داهاتووش بن، تیۆری زانستی وفەلەکی بن، یان زانستی جیۆلۆجیاو باسی چاخە دێرینەکان بن.

ئیمە چەندە پیمان خۆشبی راستی و نەینیەکان بزانین ,دەبێ دەئەوەندەش پیمان خۆش بێ کە بە هیز بین ,چونکە کە راستیەکەت زانی و بەلام دەستەوستان بووی لە خۆپاراستن لە کاردانەوەکانی ,جگەلە خەفەت و حەسرەت چی ترت بۆ نامینیتەوە, بەلام کە هیزت هەبوو ,ئەگەر نەینیەکەش نەزانی ,هەر سەلامەت تری لەوەی کە بیزانی وهیزی ڕوبەڕوو بونەوەت نەبێ, زانین کە ی دەتوانرێ بکرێ بەهیز ؟ ئالیرە گرنگی بەسەرمایەکردنی رۆشنبیری ,وەك نەوت و سامانی سروشتی یە وبگرە بەنرختریشە ,تۆ هەموو پیزانینی جوگرافیات زانی ,سودی چیە کە ئەم زانینە وەرنەگیردرایە بواری کارو لە دەریاو روبارو زنجیرە چیاکانت رەنگی نەدایەوە,؟ رۆشنبیری دەبێ بگاتە ئاستیك کە لە زمانی سروشت تێ بگەی.

- ئایاقورئان بەپێی عەقڵ وزانستی عەرەب ڕاستیەکانی بۆباس کردوون؟.:

ئەم بنەمایە زۆرجار لە ئوممەتانی پێشووش وابووە، بۆنمونە لەسورەی نوح لەسەرزمانی نوح هاتوە کە خودی مانگ کە پاشکۆیەکی بچوکی زەویە لەهەرهەموو حەوت ئاسمانەکان ژێدەری نورە، کە ئەمە وانیە ،بەڵام ئەوە نوح تەنیا ئەوەندەی لەفەلەک ناسی دەزانی ،یان گەلەکەی ئەو هەرئەوەندەیان دەزانی، یان دەبێ بنەمایەکی نەحوی عەرەبی بگۆڕین وبڵێ ین کە الف ولامی تعریف وپێناساندن ،کە ئەوان پێ یان وایە کە القمر تەنیا بە و مانگە دەگوترێ کەبەدەوری زەوی دا دەخولێتەوەو بە الشمس تەنیابەوخۆرە دەگوترێ کە ڕۆشنایمان دەداتێ، وە الارض تەنیابەوزەویە دەگوترێ کەلەسەری دەژین، بەڵام کە ئەم بنەمایە بگۆڕین وبڵێین القمر هەموو پاشکۆیەکە کەلەم گەردوونە بەدەوری هەسارەیەک دابسوڕێتەوە ،وە الشمس هەموو خۆرو ئەستێرەیەکی بڵێسەدارە کە تیشک بەخش بێ وە ئەرز هەموو هەسارەیەکی تۆپەڵ بووە لە خاک وئاوو بەرگەهەوابێ.

ئەوە لەو کاتەدا بوچونکەی نوح ڕاستە کە مانگ خۆرڕۆشنایی و نورن لەهەر حەوت ئاسمان.

کەهەرئەمەی دووەم ڕاستە کەهەرگەندە من یەکەم کەسم ئەم بۆچوونەم هەیەوتائێستا کەس لەڕاڤەکارولێکدەرەوان ئەو ڕایەی دەرنەبڕیوە.

قورئان خستنەڕووی یەکەیەکی تەواووکۆتاییەبۆتەواوی هەموو بونەوەر-قورئان ڕاستەقینیەکی مادی وڕوحیشی هەیە.ئەمە گوتەی محمد عەبدەیە،پێویستی بەڕوون کردنەوە هەیە،سەیری دوا خراوەڕووی بونەوەروگەردوون بکە لە کۆمەڵەی خۆر تا گەلەئەستێرەی کاکێشان دەبینینی کە خۆر لەچەپی کۆمەڵەی خۆرو کۆمەڵەی خۆر لە لاچەپی گەلەئەستێرەی کاکێشانە، وەرە ڕێزبەندی سورەتەکانی ئێستای قورئان ڕاگرە دەبینی سوڕەتی شمس وخۆر دەکەوێتە دواجزمی عەم لە دەستی چەپت، ئایا ئەم هاوئەهەنگی نەخشەی قورئان وفەلەکی ئاسمان هەروا ڕێکەوتە؟ بێگومان ئەم نەخشەی کۆمەڵەی خۆرە هەرلەم لاچەپە نەبووەو نابێ ،بەڵام مرۆڤ وئادەمیزادلەم لاچەپە دەرکەوتووە،بگرە زەوی لەم لاچەپە بۆتە هێلانەیەکی هەموار بۆ گەشەکردن وپەرەسەندنی ژیان.

زەوی ژوورێکە لەکەشتی کۆمەڵەی خۆرلەناودەریالوشی ڕێی کاکێشاندا

ئەم کەشتیەمەشحون وبارگاویە نوحیەی کە کۆمەلەی خۆرە کە ئیستا پانتای یەکەی شەش سەعاتی تیشکی یە ,و بە 243 ملیۆن ساڵ خولی ناو کاکیشانی تەواو دەکاو تا ئیستا 21 خولی داوە ,,لە ماوەی ئەم خولانەی دا دەبێ چەند جار ئەم کەشتیە ویك هاتبیتەوەو وتوابێتەوەو و هەلاوسابێ و بوبیتە بەستەلەك؟ ،دەبێ چەند جار ژیان وزیندەگی لەسەری بنەبر بوو بێ وپەیدا بوبیتەوە؟ یا ن دەبێ چەند جار ژیان لە ناو ئەم کۆمەلە کەشتیگەلە وئوستولەدا ئەم باوەش و ئەو باوەشی کردبێ؟ و دەبی چەند دایك وپورو مەتو ودایەن و مامان وباوەژن ومامۆژنی فۆتۆن ئاسا بوبنە ئاردی ناو دروان و ناوو ناوبانگیان نەمابێ ؟ دەبێ چەند جار کونی ڕەش بیکاتەوە گرگن و کونی سپی بیکاتە زەبەلاح و ئەم قەبزی بکا وهەڵی لوشێ و ئەو بەستی بکا وپەخشانی بکا ؟,دەبێ چەند جار بە ناو گەرمای تویندەرەوەو ساردی شەختەوزەمهەریرو ئەستیرەی زەبە لاح و چەندین

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

دیاردەی پیاکیشان و کیش کران دا تیپەڕیێ؟ ئەی چۆن دوای ئەم 21 جارەش ئەوەتا بە سەلامەتی ماوەتەوەو قوت نەدراوە؟ دەبێ بزانی کە ئیمة ئیستا لە شوینیکی تا رادەیەك سەلامەتین ,چونکە لە دۆزەخی سەلکە پیازەکەی چەقی کاکیشان سەدان هەزار سالی تیشکی دوورین واین لەو لاپەڕی چەپی مەجەرەکە و تا 121 ملیون سالی تر ناگەینە ناوەراستەکە ,

دەبێ لە هەر خولانەوەیەك چەند جار کۆمەلەی خۆر شیوەو ژمارەی ئەستیرەو مانگو خولگەیان بگۆڕن و دەبێ هەر ئەستیرەیەك چەندجار جەمسەرو ماوەی رۆژو مانگ وسالەکانی ونەخشەو رو خساری بگۆڕێ؟ ئەوە مسۆگەرە کە 21 جار گۆڕاوە بەلام بۆ لەوە زیاتر نازانرێ,ئەی کە ئەم کۆمەڵە خۆرە ئەم هەموو پانتایەی بڕیێ ،لەکام گەلەکسی وکام بورج وکەلودا بوە کە ئەم فایرۆس وبەکتریای ژینی ئۆرگانی وسەوزایی و قارچکی پێ بەخشرا؟ ئەی کۆمەڵەی خۆر لەم ڕێڕەوەدرێژەی دا ئەم شێوە ژیان وپەرەسەندنانەی داوەتە چەند ئەستێرەوکۆمەڵە خۆرو گەلەکسی تر؟؟

بەپێی زانستی نوێ دەڵێن کە کۆمەڵەی خۆر٢٤٣ملیۆن ساڵ جارێک خولێک بەناورێی کاکێشاندادەکا،وەڕێی کاکێشانیش بە ملیاساڵێک خولێک بەناوکۆمەڵەی مەجەڕەکاندادەکا،دەشڵێن ئەم هەموو گەردوونەتەمەنیان١٣ ملیارساڵە،زەوی تەمەنی٥ملیارساڵە،دەشگوترێ کە لەوگەشتەی ئەم کۆمەڵەی خۆرەبەو٢٤٣ ملیۆن ساڵە بەناوناوەندی گەرم وکونی ڕەش وگرگنی سپی وادادەڕۆین کە مەحاڵە ئەم کۆمەڵەخۆرە یەک خانەی لەهەرخولێکی ٢٤٣ ساڵیدا بەساغی بگەڕێتەوە،یادەتوێتەوە،یان کونی ڕەش قوتی دەدا،کەواتە هەربەوزانستەی خۆیان ئەم زەویە لەم پێنج ملیارساڵە بیست جارهەرهەمووی فۆرمات کراوەوگۆڕاوە،جائەوبانگەشانەی دەیانکەن کەچاخی کمبری وپێش کمبری وتریاسی وچی وچی ئەوهەموو ملیارساڵەی کێشاوە بەم پێزانینانەی خۆیان بەدرۆدەکەونەوەوبەریەککەوتنێکی ئاشکرالەنێوان پێزانینەفەلەکیەنوێکان هەیە،بەریەک کەوتنەکەی وانیش لەگەڵ عەقڵ چی کەمترنیە لە بەریەککەوتنی ئەفسانەوفەلسەفەوهەندێ مەزهەبەکان لەگەڵ عەقڵ.

پێویستە ئەوانیش زیاتر حورمەتی عەقڵ وعیلم بگرن..

هەربەخولانەوەی گەردوونی زەویەکەمان کە لەناونەچێ وکونی ڕەش قوتی نەدەن ونەتوێتەوە هەموو بونەوەردەگەڕێ، ئەستێرەکانی دیش هەروا، نازانم لەوتوانەوەوتێکەڵ وپێکەڵ بوونە ئێمە ڕوەک وئاژەڵ و ئادەممان لەکوێ ڕفاند؟

وەچۆن لەناونەچوین وئەودیاردەی ڕوەک وئاژەڵەکان بەرگەی ئەوهەموگەشتەدوورودرێژەیان گرت ولەناونەچوون؟

تۆ هەوڵدە وڵامی ئەوپرسیارانەت دەستکەوێ لای کاهینی زانستی پەرستگای دینی فیزیاوکیمیا...،

دوورنیە کە گەرانەوەی ڕۆژ لەئاخر زەمان ، تەنیا ئالوگۆڕیکی جەمسەر و قوتبەکانی زەوی بێ بە هۆی توانەوەی بەفرو سوك بوونی جەمسەرەکان و قورس بوونی هیلی یەکسانی ,ئەم لەپڕ هەلگەرانەوە دەبیتە هۆی ڕۆژ گەرانەوە ,وە کارەساتیکی زۆر گەورەش کە لەوانەیە بە هۆیەوە ژیان بەیەك جاری بنەبر ببێ ,یان تەنیا بونەوەرە سەرەتاکان بمیننەوە .

جا ئەم منالّە بێ دەسەلاتەی نا و ئەم کەشتیە کە ژیانی سەوزایی وئۆرگانیە ,دەبێ هەرئەو وەك مەلای مەشهور بە گەوجی ئەم لقە دارە نەبریتەوە کە لەسەری وەستاوە؟ ئەوەتا ڕۆژانە ملیاران تەن لە ناو ناخی دایکی زەوی دەردینێ وزەوی کللۆڕ دەکاو دەبیتە هۆی داروخانی دایکە زەوی و بورکان وبومەلەرزەو تسونامی و گەردەلول و بارانی ژەنگاوی و کون بوونی ئۆزۆن و لافاوو وشکە سالی و چەندەها دیاردەی تر ؟ئایا مرۆڤایەتی خەریکی ئینتیحارو خۆکوژی بە کۆمەلە؟

ئایا ئەم منالە بێ دەسەلاتە چەموشە بوو کە سەری فۆتۆنی خوارد و سەری زەویش دەخوا؟

لە مەوسوعەی قەرن هاتوە کە پیش ئەوەی شیردەرەکان پەیدا بن زەوی تەنیا یە کشوەر وبەك ئۆ قیانوس بوو ,کیشوەرەکە پێ ی دەگوترا ئینجا ,ئایا پیش ملیۆنان سال کی ئەم ناوەی لێ ناو بۆ ئیمەی گواستەوە؟ئەوە لە نوسەرانی مەوسوعەکە بپرسن,پاشان بوە دوو کیشوەری غەندۆرە کە ئەمریکای باشورو ئەفریقیا و ئۆقیانیا و ئەنتارتیکا و هیند و کەنداوبوون ,کیشوەری دووەم کە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

کیشوەری ئۆراسیابوو، بریتي بوو لە کیشوەری ئەمریکای باکورو ئەتلانتاو ئەورو پاو ئاسیا وگرینلاند. ئۆقیانوسی تیتس لە نیوان ئەم دوو کیشوەرە بوو ,پاش چەند ملیۆن ساڵ ئەم شیوە ی پنجەگیایەی نەخشەی زەوی گۆڕا ،بە م شیوەی ئیستا بەکەمیك جیاوازیەوە,کەنداو بە عیراق و شامیشەوە، هەروەها نیمچە دوورگەی هند بوونە دوو دورگە وچەند هەزار ساڵ بۆ خۆیان لە سەر زەریا خولانەوە ,پاش ئەوچەندهەزارساڵە هەردوو دورگەکە بەریەک کەوتنیان لەگەڵ کیشوەری ئاسیاکرد، دەرەنجامی ئەوپیاکیشانەش زنجیرە چیاکانی زاگرۆس وتۆرۆس وئارارات بەهۆی پیا کیشانی کەنداوو ئاسیا دروست بوون وبەهۆی پێداکێشانی هند وئاسیاش زنجیرەچیای هیمالایا پەیدا بوون.,ئەمە زانست و بیردۆزیکی کەمیك نوێ یە وپێ ی وایە گۆی زەوی لە 25 صەفحەی تەکتۆنی پیك هاتوە کە هەندیکیان هەرلەیەکتر دەچنە پیش و بەبەریەککەوتنیان بورکان وزەمین لەرزە و چیای نوێ دروست دەکەن وهەندیکیان لیك جیادەبنەوەو لێک دوور دەکەونەوەو زەوی ڕۆچون ودەریای نوێ دروست دەکەن ,

کە دەریالوشی تیتس گۆڕا بۆوشکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونیمچە کیشوەری هند و ئەم دەریاودەریاچانەی هەرلە ئارال وقەزوین ورمێ وان و رەشو سپی وسو ر ومردو هەمووی پاشماوە ئاویەکەی تیتسن و کیشوەری ئەتلانتاش حەزی لە سەر نقومەیەکی دریژ خایەن بوو ئیستا بۆخۆی لە ژیر ئاوە,هەرچەندە ئەم نغرۆ بونەی یونس بە بیست هەزار ساڵ لەمەوپیش دانراوە، بەڵام من پیم وایەکە ئەم قدمە صدقە وکەونەوارو جێ پێ یە ڕاستگۆیەی بونەوەرەوقدموسی مامۆستای ئەوروپای ئورفایە، ئەفسانەکەدەڵێ:زیۆس پەرستراوی یۆنان کەبەدروستکەری بونەوەردەڵێن زیۆس ولای ڕۆمان پێی دەڵێن چۆپیتێرولای چینەکان پێی گوتراوەکاسیۆ ولای یابانیەکان کامۆ ...ئەم زیۆسە حەزی لەکچێک کردلەقرتاجی تونسی فینیقیا ناوی ئۆرفابوو،فرێندی بۆ ماڵتاو وولاتی بەستەڵەک،ئیدی ئەو کیشوەرە لەبەرئورفای ئەمازیغی بوە ئەوروپا،کەواتەئەم ناوەدەبێ بنچینەکەیحامی وسامیێ، پاشان قدموسی برای ئورفا چووتاخوشکە ڕفێنراوەکەیبێنێتەوە،بەڵام تاخوشک وخوارزا پەیدابووبوون وقدموسی قرتاجی

کوڕەکانی ئورفاوئەوروپای خوشکی فێری ئەلفا باتاگامای فینیقی کرد، کەواتە نوسین لەئەفریقیاوەچۆتە ئەوروپا..

دیارە ئەمانەشارستانی ئەتڵانتسیان پێک هێناوەودواتر غەرق بوون وزیاد لە سەدهەزار ساڵە لە ژێر ئاوە,چونکە بیردۆزو زانستە شوێنەوارزانەکانیش دەڵێن لە مێژە زەوی ئەم شێوەی شەش حەوت کیشوەرییەی وەرگرتوەوپاش ئەم ئامادەبوونە ئەوجار باس لە دەرکەوتنی مرۆڤ وشێوەمرۆڤەکان دەکرێ لە پێش دەیان ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە سێ شوێنی کیشوەری ئەفریقاو سێ شوێنی ئاسیاو شوێنێکی ئەوروپا کەبەڕەگەزو چەشنی مرۆڤەکانی ڕۆدیسی وپەکینی وجاوەیی ونیاندرتاڵی و،،ناویان ناون وئەم مرۆڤە ژیرە ی ئێستا ئەفریقیەوتەمەنی دووسەد تاسێ سەد هەزارساڵە.

خزمایەتی جنۆکە ومیکرۆب وڤایرۆسەکان:

-جن =میکرۆب، ئەم بۆچوونەی عەبدە ڕایەکی دوورلەدەق نیە، ،لەفەرمودەدا هاتووە کە شەیتان بە دەمارەکانتان وڕێڕەوی خوێنتان دا دەڕوا،باسی دەرهێنانی جن وشەیتانەکان هەرلەکۆنەوە لە دەم وچاووگوێ و لەگەڵ خوێنی کەڵەشاخ وهتد ڕووی داوە،بابەتی چاوەزارو پەیوەستی بەشەیتانەکان وجنەوە کە کەسەکە توشی سەرەتان ونەخۆشیەدرمەکان دەبن، ئەمە پردی شاراوەی نێوان جنە شاراوەکان وئەندام وخانەکان دەردەخا، لە بەرنامەیەکی دیکۆمێنت کاری دا زانایان لەناوبلوری کارەبا دا پاشماوەی وردوخاش بووی ئێسقیان دۆزیەوە، ئاشکرایە کە جنەکان خۆراکیان ئێسک وپروسکە وەک لە فەرمودەدا هاتووە، کە ئەمریکاش دەسەڵاتی سولەیمان بێ کەجنەکانی بۆ ژێردەست کراون تاژێردەریاوزەریاکان وبۆشایی بپشکنێ ئەوە

ژێربارخرانی کوارگ وئەلکترۆن وپرۆتۆن ونیۆترۆن ویەکەی گەردیلەوخانەوقایرۆس وبەکتریاومیکرۆبەکانە کە جۆرەها دیاردەوچالاکی بەئەمانە دروست دەکرێ .

- قورئان وسفری تەکوین وچاخە جیۆلۆجیەکان:

زۆر لە ڕۆژهەڵات ناس وفەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا ئاماژە بە هێمابوونی ڕوداوەکانی قۆناغەکانی دروست کردن وپێک هاتن وتکوین و دەرچوون وخروجی کوڕانی ئیسرائیل دەکەن ،خۆ هەرخودی قورئان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە یەعقوب وژنەکەی هێمای خۆرومانگ و کوڕانی ئیسرائیل ١٢هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرن،کە هێشتا لە ڕووی زانستی دوازدە هەسارە نەدۆزراونەوە.ئەمە لەفەرمودەش داهاتووە وناوی ئەوئەستێرانەش کە سوجدەیان بۆ یوسف برد هاتووە کەهەسارەکانی کۆمەڵەی خۆرن،،جاکە تەقینەوەی بیک بن بووبێتە هۆی پێک هێنانی کوڕانی ئیسرائیل ،یەعقوب تیشک بێ چوارژنەکەی چوارتوخمی ئاوو ئاگرو گڵ وهەوابن،چیرۆکی ئەم خێزانە دەبێتە چیرۆکێکی هێمایی وەک تیۆروبیردۆزو چیرۆکەکانی پێک هاتن ودروست کردنی بونەوەروگەردوون ودیاردەکان کە هەرگەل ودین وڕۆشنبیری وژیارێک بەشێوەیەکی سادە یان ئاڵۆز ڕیزبەندی وچیرۆکێکی بۆ چۆنێتی دروست بوونی بوونەوەران وگەردوون وپێکهاتەودیاردەکان هەیە کە زۆرجار ئێمە پێ یان دەڵێین ئەفسانە،بەڵام کەڵێ یان ووردبینەوە دەبینین بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕاستیەکی ڕێژەیی سەردەم وچاخێک لەچاخەکان بوون.

زانستی نوێ و زانستی شوێنەوار باس لەوەدەکا کە نزیکی حەوت ملیۆن ساڵە چەند ڕەگەزی مرۆڤ لە سەرزەوی دەرکەوتووە، لەو حەوت ملیۆن ساڵە پێنج ملیۆن ساڵ مرۆڤ لە کیشوەری ئەفریقیای فیرعەونی دا بەندبووە لەوکاتەی کە ئەوروپاش بەشێک بووە لە ئەفریقیا، مێژووی جیابوونەوەی ئەوروپا لە ئەفسانەکان لەسەرشێوەی ڕفاندنی ئۆرفا=ئەوروپای خوشکی قدموسی قرتاجی ئەفریقی بۆ قوبرس ویۆنان ،لە قورئان وتەوراتیش لەسەرشێوەی چیرۆکی یونسی یۆنان وحوت دا هاتووەئەمانە دووچیرۆکی هێماین پۆ پێک هاتنی کیشوەری ئەوروپاو شەهیدبوونی

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئاسیای ژنی فیرعەونی ئەفریقیا، ودەرچونی کوڕانی ئیسرائیل وشەوڕەوی موسی پێ یان دەربازبوونی مرۆڤە لەئەفریقیای فیرعەونی و گەڕانەوەیەتی بۆئاسیا و ئەوروپا،ئەم چیرۆکە دینیە ئەوەش دەردەخا کە هێشتا دۆزینەوە شوێنەواریەکان کەم وکوڕیان هەیە چونکە مادام بەنوئیسرائیل سەرەتالە میسروئەفریقیانەبوون ،کەواتە دەبێ مرۆڤایەتی لە قۆناغی پێش حەوت ملیۆن ساڵەکەی ئەفریقیا لە ئادەمی هندو ئیبراهیمی ئاسیاو نوحی کیشوەرەکانی تریش بگەڕێ ،بەم هێمایانە دەڤی وەحی مرۆڤی عەوداڵ وخولیای ئاڕاستەی گەڕان بەشوێن ڕاستیەشاراوەکان کردوە.

هەڵبەت ژمارەکان قەبەکرنێکیان پێوەدیارە،چونکەلەسەداهەشتای زانست قەبڵاندنە،بۆیە دەکرێ هەندێ سفرلادەین وملیۆنەکان وسەدهەزارەکان بکەینەهەزاری..

دوونمونەی مێژوویی بۆمیتۆدی ئەبوزەید ومیتۆدی ئەمین خولی:..

١-هەڵێنجانی هێڵە گشتیەکانی ڕێنیسانس وبوژانەوەی هەرمیللەت وئوممەتێک لە نمونە مێژوویەکەی ڕێنیسانس وبوژانەوەی ئەوروپا کەلە ژیاندنەوەی ئەدەب و وێژەکان وهونەرەکانی ڕۆمان وێۆنان دەستی پێکردو شیعرو شانۆ ومۆسیقاو پەیکەرتاشی بوژانەوە،پاشان فەلسەفەوئابووری بوژایەوە، دوای ئەمانە بیری ناسۆنیالستی و چاکسازی دینی هاتن، واتە هونەروئەدەب بناغەبوون،تەختی شانۆبوون ، ئابووری وفەلسەفە وپەیکەرتاشی وبیناسازی دیوارەکان بوون، چاکسازی دینی بن میچ وسەربان وسایەی بینای ڕێنیسانس بووکە کالڤن ومارتن لۆتەر کردیان..

کە ئێمە بمانەوێ ئەم هەنگاوانە لە ژیانی هەرئوممەتێک دوبارە بکەینەوە دەبێ سەدساڵ خەریکی بناغەکە بین وسەدساڵیش دیوارەکان ،تا لۆتەرێک بێ سەربانێکی ئاوێتەی لەچاکسازی دینی+نەتەوەیی+ئابووری لەسەر ئەم دیوارانە دانێ.

-نمونەی دووەم دەبێ موهەلهەل و ئەمرئو القیس ودەشاعیرەکانی موعەلەقاتی حەوت ودەیە ببنە بناغەو مەککە ودارالندوە ببنە ماڵی گوتارو بازاڕی عوکاز ببنە بناغەو دیوارەکان ی بوژانەوەی عەرەب تامحمدێک بێ چاکسازیە دینیە نەتەوەییە ئابورسیاسیەکە تەواوبکا وسەربان وبنمیچێک لەسەر ئەم سەربانە دانێ..هەربۆیە ئەو دووسەد ساڵەی ڕابردووبەورۆحەوە خۆیان خەریکی ئەدەبیات ومێژوو ورەوانبێژی وکەلەپوورو هونەرەکانی ڕابردوان کردو بە بوژاندنەوەی بیروباوەڕو کەلام وعەقیدەو زانستەکانی تروهەڵسانەوەی ئابووری دیواریان کرد،ڕەوتی ئەم دووسەدساڵەی عەرەب وئیسلامیش وەک هەمان سەردەمی دووسەدەی پێش هاتنی ئیسلام وپێش ڕوودانی ڕێنیسانس پڕبووە لەشەڕو جەنگ ومل ملانێ ی دژێژخایەن وناسەقامگیری سیاسی وسەربازی، کە سەیری هەردوو نمونە مێژوییەکە بکەین دەبێ بۆجاری سێ یەمیش چاوەڕێ ی مارتن لۆتەرو موحمەدێک بکەین کە سەربان وبنمیچێک لەسەر ئەم دیوارانە دانێ وبنیاتەکە بەرەوەتەواوی بباو پەیکەرەکە لە وێرانەییەوە بکاتە کۆشک وتەلارودیوەخانێکی بەرچاو..

ئەمە نەک هەرئەوەندە بەڵکو دینەکانی مەجوسی وسابیئ ویەهودی ونەسرانی چواردیواری دینن و دینی ئیسلام ومحمد دوا خشتەو بنمیچ و سەربانی ئەو کۆشکەن کە پێغەمبەران بناغەو ودیوارەکانی بوون.

هەرچۆنێک بێ ئێمە نابێت پەلە بکەین لە دانانی سەربان کاتێک هێشتا دیوارەکانمان نزمە."
ململانێکانی ئێستای جیهانی ئیسلامی نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە لە "قۆناغی وێرانەیی و جەنگ"ە مێژوییەکەداین کە بەرەو بوژانەوەیەکی گەورە (ڕێنیسانسی سێیەم) دەچێت.

-هەڵسەنگاندنی هەندێک لە بۆچوونەکانی ئەمین خولی:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ئەوەی کە عەرەب قورئانیان پەسندکرد،لەڕووی مێژوویییەوە قورئان سێزدەساڵ لەناو ڕەوانبێژترین کەسانی عەرەب کە قوڕەیش بوون گیری خواردوکەمێکی کەم نەبێ باوەڕیان پێ نەهێنا، هەروەها دوای قوڕەیش ومەکە تائیف ویەمەن لە مەدینە فەسیح تربوون ،کەچی ئیمانیان بەقورئان نەهێنا، نەجدیەکان زمانەکەیان لە هەموو عەرەب پاکتر وڕەوانبێژتربوو چونکە دوورلەشاربوون بەڵام سەرسەختترین دوژمنی قورئان بوون، ئەوس وخەزرج کەسانێکی پلە شەش وحەوت بوون لەعەرەبایەتیەکەیان ، بەڵام ئەوەی ئەوانی والێ کرد بڕوابێنن، هەواڵ دانی تەورات ویەهودەکان بوو بەهاتنی ئەم دینە نەک سەلیقەوڕەوانبێژی عەرەبی.

عەرەبەکان دوای مسوڵمان بوونیش هەرچەندە شانازیان بە زمانی عەرەبییەوە دەکرد، بەڵام ئەوەی هەستی بەوجوانی وڕەوانبێژی وجوان وڕێکیەی زمانی عەرەبی کرد،ئەو عەرەبە زمان پاراوانە نەبوون ، بەڵکو کەسانێک بوون کەدەیان ساڵ بە خزمەتی ڕێزمانی زمانەکانیان خەریک بوون وهیچیان لێ هەڵنەکڕاند، بەڵام کاتێ فێری عەرەبی بوون، وەک ئەوکەسەی لە ژێرزەمین وزیندانێکی تاریکەوەبێتە دەرەوەوڕووناکی ناوباخ وبێستان ببینێ وابوو، هاتن ئەوڕێزمانەی سەدان ساڵ بۆ خزمەتی سریانی وئارامی وپەهلەوی وڕۆمی و،،هتد بەکاریان هێنابوو بەڵام بێ ئاکام بوو،بەڵام کاتێ هاتن ئەم ڕێساوڕێزمانەیان بەسەرزمانی شیرین وڕەوانی عەرەبی دا چەسپاند زانیان ئەوە ئەو گەوهەرومرواریەیە کەتەرازووی زانستی زمان بۆ پێوانەی ئەم زمانە دروست کراوە.

بۆچی خالقی ئەم بونەوەرە ئەم زمانەپاراوەی دایە ئەم گەل ونەتەوە نەخوێندەوارە کە هەستیان بەجوانیەکەی نەکردو ڕێساوڕێزمانیان بۆدانەنا؟؟ بۆ دوو مەبەست:

مەبەستی یەکەم ،تابیسەلمێنێ کەدیاردەی زمان دیاردەیەکی ڕبانیە ومرۆڤ کرد نیە، کەمرۆڤ کردبوایە ئەم گەوهەرە نەدەکەوتە سەرزمانی گەلە نەخوێندەوارەکە.

مەبەستی دووەم:بۆئەوەی لە مرۆڤایەتی بگەیەنێ کە ئەو زانست وزانیاری لەهەربوارێک دابێ بەدەستی ئەوەو ئەو دابەشی دەکا ئەمەش بوە موعجیزەو گەلانی جگەلەعەرەب لەفارس وتورک

وئەرمەن وسریان وعبران وقیبت وئازەری وئەمازیغ وکورد ،،هتد زۆر زیاتر لەعەرەب بوونە خزمەتکاری قورئان وزمانی عەرەبی.

هەروا عەرەب ئەوکاتە زۆرکەم بوون لەبەشێکی دوورگەی عەرەب بوون، بەڵام لەدوای ئەوەی ٢٤ساڵی پێغەمبەرایەتی ودووساڵی خەلافەتی ئەبوبکریش ئیسلامیان گیرۆکرد،بەبیست وشەش ساڵ ئیسلام سێ شاری هەبوون ،بەڵام تەنیا لەدەساڵی سەردەمی عومەر ئیسلام وڵاتی کیسرای هەموو قووت دا کە وڵاتێکی عەرەب نشین نەبوو سەدان شاری وەک مەکەو مەدینەی تێدابوو، هەروەها وڵاتی شام ومیسروتونس کەهەم بەڕوبەروهەم بەژمارە دەیان جارلە وڵاتی عەرەب وژمارەی عەرەب زۆرتربوون، تا سەردەمی عوسمان کۆتایی هات ئیسلام لەچینەوەبۆزەریای ئەتڵەس وبۆسەرسنوری ئەوروپا پەخشان بوو .

٢٢ساڵ لەناو خەڵکانی ناعەرەب بەرهەمەکەی زۆرفراوانتربوو لە٢٦ساڵی کە عەرەب ئیسلامەتیان لەناوشیوی ئەبوتالب وماڵێ ئەرقەم ومکەومەدینەدا گەمارۆداو ئەو ڕوناکیە درەخشانەیان شاردەوە،بەڵام کاتێ سەردەمی٢٢ساڵی عومەروعوسمانیان بینی کەچۆن خەڵکانی ناعەرەب لەوان لێوەشاوەوزمان پاراوترو لەعەرەبی دا ڕەوانبێژتربوون، هەرخودی عەرەبە بەسەلیقە کانی کە ئەمین خولی دەڵێ قورئانیان وەرگرت، ئەم ڕەوتە پڕشنگدارەیان دووبارە ڕاگرتەوەو وشەڕێکی ناوخۆیان هەڵگیرساندو یاوەرانیان شەهیدکردن وخەلیفەکانیان سەربڕین،خۆکە ئەم شەڕە خۆکوژیە نەبوایە ئیسلام وقورئان وعەرەبایەتی ئیماندار نەک عەرەبایەتی نەفامی زۆربەی هەرەزۆری جیهانی کۆنی دەگرتەوە هەرلەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین

زۆر عەرەبی شارەزا لەوانەی دەستێکی باڵایان لە عەرەبی داهەبووە بەڵام جولەکەو مەسیحی وسابئی و درزی و،،هتد بوون هیچ خزمەتێکیان بەقورئان وەک دەقێکی ئەدەبی نەکردوە، بەڵام کەسانی وەک زنجانی وفیروزئابادی و ئەسبەهانی و بوخاری وماوەردی وسێبەویە و،،،هتد هەرلەبەر دینەکەیان فێری عەرەبی بوون وزمان وکەلتوری خۆیان بەلاناوەو خزمەتی زمان وئەدەب وفەرهەنگ وڕێزمانی عەرەبیان کردوە..

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

جمال الدین ئەفغانی لە پێش ئەمین خولی باسی ئەوەی کردوە کە دەسەڵاتی عروبەوزمان ونەتەوە لە دەسەڵاتی دین وڕوحانیەت وبیروباوەڕ بەهێزترە ،کاتێ روشدی پاشای سەدر ئەعزەمی عوسمانی کتێبێک دەنوسێ وتیایدا باس لەوەمەوو تەمەنە درێژو ئەو هەموو ویلایەت و وڵاتە دەکا کەعوسمانیەکان گرتویانە وپاشان بەراوردی دەکا بە ئەندەلوس کە عەرەب چەند سەدەیەک دەستیان بەسەرداگرت ولە بەراوردەکەی دابۆی دەردەکەوێ کە ئەو شوێنەوارانەی عەرەب لەو وڵاتانە بە جێ یان هێشتوە لەو وڵاتانە زۆر زیاترە لەو وڵاتانەی کە عوسمانیەکان دەستیان بەسەردا گرتوون .

لێرەدا جمال الدین وڵامی ئەم کتێبەی ڕوشدی بەوەدەداتەوە کە :دەسەڵاتی عروبەوعەرەبایەتی بەهێزترە لە دەسەڵاتی بیروباوەڕی ڕوحی،ئەوەتا مەسیحی ومسوڵمان وجولەکە لە شام وعیراق ومیسر دادەژین وپێش هەموو شتێک هەریەکەیان عەرەبایەتی خۆی دەپارێزێ ودەڵێ من عەرەبیم ،چونکە هیچ گەلێک کۆڕاوکۆبونەوەیان بۆ دروست نابێ کە زمانێکیان نەبێ کۆیان کاتەوە، وەئەوگەلەش کە زمانەکەی خۆیان وێژەو ئەدەبێکیان نەبێ ،ئەوە وەک ئەوە وایە هەربێ زمان بن، وەهیچ گەلێک نابنە خاوەن سەروەری تا مێژووەکەیان کۆنەکەنەوەو نەی پارێزن .

بەڵام هەر ئەفغانی لەو وڵامەدا هۆگری بوون بە زمانی عەرەبی وەک دیاردەیەکی دینی سەیردەکاودەڵێ کە سوڵتان محمدی فاتح کەلە١٤٩٠حوکمی دەکرد وسوڵتان یاوزسەلیمی عوسمانی کە لە ١٥٢٠حوکمی دەکرد یەکەمیان

قوستەنتینیەی گرت ودوەمیان لەمرج دابق وچاڵ دیران دا لەعیراق تامیسری گرت هەردووکیان ویستویانە سوڵتان نشینی عوسمانی بکەنە سوڵتان نشینێکی عەرەبی .

لەگوتەیەکی تردا ئەفغانی دەڵێ:چەندین نەتەوەمان دی کە کەوتونە ژێردەستی داگیرکەران ونەتەوەی دیکە بۆماوەیەکی درێژحوکمیان کردوون ،بەڵام ئەم ژێردەستانە لەم ژێردەستیە زمانی خۆیان پاراستوە و چاوەڕێ ی هەلێکیان کردوە وهەرکەهەلیان بۆڕەخساوە دوای چەندین سەدە

هەڵساونەو بوژاونەوە، خۆکەئەمانە زمانەکەیان نەپاراستایە مێژوو وسەروەری وبوونیشیان لە دەست دەدا.

دیارە ئەمین خولی ئەوەیە کە،قورئان کە کتێبێکی بابەتی ودینی بوایە ،بەم شێوە بابەتەکانی پرش وبڵاونەدەکرد، چونکە ئەگەربابەتەکانی هەموو لەشوێنێک باس بکردایە بۆ ڕوونکردنەوەی دین وياساو ئەخلاق وکۆمەڵناسی وباوەڕ تەواو تربوو، بەڵام ئەم بابەتی بوونە لەسەر حسابی لایەنە ئەدەبی وڕەوانبێژیەکەی دەبوو، بۆیە لەوە گەیشتۆتە ئەودەرەنجامە کە قورئان بەپلەیەک کتێبێکی ئەدەبی ڕەوانبێژیەو ڕۆشن کردنەوەی دین و واتاو بابەتی بوون وتێگەیاندنیشی بەقوربانی ڕەوانبێژی ولایەنە زمانەوانیەکەی کردوە،بۆیە ئێمەش پێویست ناکا چۆنێتیە مێژوویەکەی بەهەند وەربگرین مادام ئەوکەسەی ناردویەتی بەهەندی نەگرتووە، لەمەوە خولی گەیشتۆتە دەرەنجامی ئەوە کەقورئان ڕۆشن کردنەوەی دین وشەرعی بەقوربانی لایەنی زمانەوانی وئەدەب کردوە کە ئەمە وا نیە وەک دەڵێ .

ئەمین خولی،هەربۆخۆی دژی خۆی دەوەستێ کاتێ داوای ڕیزبەندی بابەتی بۆ قورئان دەکا، چونکە کەقورئان لەسەرئەم شێوەی ئێستای ڕەوانبێژترین وبەرزترین دەقی زمان وئەدەبی عەرەبی بێ کەهەرواشە، خۆکەڕیزبەندی بابەتی بۆبکرێ ،ئەوڕەوان بێژی وجوانی وچێژو ئەدەبە بەرزەی لەدەست دەدا ..

بەڵام بۆ ڕیزبەندی سورەتەکانی قورئان کەدەگوترێ تەوقیفیە ،ڕیزبەندی یەکەم کە ڕیزبەندی دابەزینی قورئانە ،قورئان بەپێ ی ئەو ڕیزبەند نەکراوە، هەرچەندە هەندێ فەرمودەوگێڕانەوە هەن کە وامان بۆ باس دەکەن کەئەم مەسحەف وڕیزبەندیە لەسەردەمی پێغەمبەرهەبووبێ وکۆکرابێتەوە بەڵام لە ڕاستی دا ئەو گێڕانەوانە ڕاست نین ولاوازن، چونکە کە قورئان کۆبکرابایەوە یاوەران لەسەردەمی ئەبوبکرودوای شەڕی یەمامە ترسیان لێ نەدەنیشت ودەستیان بەکۆکردنەوەی قورئان نەدەکرد، بەڵکو دوودڵی ئەبوبکری خەلیفەوپاشان زەیدی کوڕی سابت لە کردنی کارێک کە پێغەمبەر علیه السلام لەژیانی خۆی دا نەی کردوە بەڵگەن کە ئەم کارەی

ڕێزبەندی سورەتەکانی قورئان ئیجتهادی خەلیفەکانی ڕاشیدە، وەلە گێڕانەوەکان دەردەکەوێ کە کۆتایی مەسحەفی کۆکراوەلەسەردەمی ئەبوبکروعومەر سورەتی تەوبە بووبێ کەزەیدی کوڕی سابت دەڵێ کۆتایی ئەوسورەتەی لای ئەبوخوزەیمەی ئەنساری دەست کەوتووبەوەش کۆتایی بەکۆکردنەوەی یەکەم هاتووە، دیارە کۆکردنەوەی دووەم بۆ یەکخستنی
شێوەخوێندنەوەوڕیزبەندی سورەتەکان وشێوە خوێندنەوەکان بووە کە ئەبوحوزەیفەی یەمان هۆشداری داوەتە خەلیفە لەسەرئەوەی پێش نوێژو قورئان خوێنەکان لەسەر خوێندنی قورئان دووبەرەکیان تێکەوتووە، خۆکە کۆکردنەوەی یەکەمی سەردەمی ئەبوبکر تەوقیفی وبە ڕیزبەندی پێغەمبەر بوایە لەسەردەمی ڕیزبەندی دووەم دووبارە نەی دەگۆڕی ، سوتاندنی مەسحەفەکانی یاوەران بۆئەوەبوو تا هەموویان بەم ڕیزبەندیە بەڕێوەبچن کە کۆڕای یاوەرانی لەسەردەمی عوسمان لەسەرکراو ئەویش هەر ئیجتهادو هەڵێنجانی خەلیفەکانی ڕاشدینە، دیارە ڕیزبەندی کۆکردنەوەی یەکەم کە کۆتاییەکەی سورەتی تەوبەبوو کۆڕای یاوەرانی لەسەرنەبوو بەڵکو بەدواداچوونی خودی زەیدی کوڕی سابت بوو کەهەرسوڕەتێکی لای هەر یاوەرێک دەست بکەوتایە لەڕیزبەندیەکە دای دەنا.

بەڵام ئەم ڕیزبەندیە لەڕووی فقە وشەرع ودینەوە هیچ کاریگەریەکی نیە ،منداڵانی قۆناغی سەرەتایش لەناومسوڵمانان ئەوەدەزانن کەنە فاتحە یەکەم سورەتی دابەزێنراوەو نە سورەتی ناس دوا سورەتە ،وەئەم سوڕەتانە هەریەکەیان یەکەیەکی سەربەخۆن وهەریەکی چەندین بابەتیان لەخۆ گرتوە، ئەم پەرشوبڵاویەی بابەتەکان چونکە فەرمانەکانی ئیسلام پلە بەپلە دابەزیوەو بەدرێژایی مێژوو وبۆ داهاتووش هەروادەبێ ، ئیسلام فەرمانەکانی پلە بەپلە دەچەسپێنرێ لەناو کۆمەڵگاو دەوڵەت وکیشوەرەکان دا ئەم قورئانە بۆ جوانکاری زمانەوانی وڕەوانبێژی وشەرعی وڕەوشتی ویاسایی پەرت کراوەو هەرجارەی بە پێ ی قۆناغەکە بەشێک لەو بنەمایانە دەچەسپێنرێ، ئیسلام چەندان جار لەچەندان کیشوەربۆ دەیان ساڵ لەکۆن ونوێ دا گەڕێنراوەتەوە ماڵی ئەرقەم و تەنیا ئەو فرمانانە توانراوە جێ بەجێ بکرێن کەلەقۆناغی نهێنی ئیسلام داهەبوون وەک لەسەردەمی شۆڕشی بەلشەفی وشۆڕشی ماوی چینی دا بۆدەیان ساڵ مسوڵمانان

حاڵیان زۆرلە ماڵی ئەرقەمیش زەحمەت تربوو ،کەواتە ئەم پەرت بوون وپلەبەپلەییە مرونەت ونەرم ونیانیەکی داوە بە ئیسلام وبۆ زمانەوایش جوانترینەو ڕێش لە زانایانی فقە وئوسول وتەفسیر نەگیراوە کە ئایەتە مەکیەکان بە ئایەتە مەدەنیەکان تەفسیر کەن و هەندێ جار ئایەتە گشتیەکان دیاری بکەن وفەرمانەڕەهاکان سنوردار بکەن وزۆر فرمان نەسخ بکەنەوەو ئایەتە پوختەکان تەفسیر بکەن و،،هتد ..

بەڵام لەپانتایی زەمین دا هەتالەوڵاتانی کۆمکاری ئیسلامی وعەرەبیش دا کەس ناتوانێ بڵێ من وەک ئەو ڕۆژەی سوڕەتی تەوبەو مائدە هەموو فرمان و ئەمرونەهیەکانی جێ بەجێ دەکەم ،کەوابێ ئەوە ئەوکەسە سەعات ژمێرەکەی هەمیشەو دایم ودرەم لەسەر سەعات دوازدە ڕاگرتووەو سەعات ودەقەژمێرەکەی لەکاروەستاون وئیسلامێکی دەق بەستوی بۆخۆی داتاشیوە، پێغەمبەرو قورئانی مەکی پێشەنگ وسەرمەشقن بۆ ئەو مسوڵمانانەی ڕۆهەنجاوکشمیروچین، مسوڵمانانی حەبەشە سەرمەشقن بۆوپەناهەندانەی کەبۆ پاراستنی دین ڕایان کردۆتە ئەوروپا نەک ئەوانەی بۆ ڕابواردن وبزنس وخوێندن چوون، بەڵکوبەنیازی هجرەت لەداری ئەبوجەهل چونە لای نەجاشیەکان،لەهەموو شوێنەکان هەرحوکمێکی دینی لە بەرپاکردنی دروشمەکان ببێتە هۆی ئەوەی ژیانی ئیماندار بخاتە مەترسیەوە دەتوانێ وازێ لێ بێنێ هەتائەگەر جگەلە ئیمانەکەی ناودڵی بە تاقانەیی اللە بەولاوە هیچی تری نەما باشترە لەوەی کەلەناوبچێ، ئەوەتا کۆرۆنا ڤایرۆس جومعەوجەماعەت وتەراویح وحەج

وعەمرەوتەوافی ڕاگرت و مسوڵمانانی گەڕاندەوە ماڵی ئەرقەم ،ئەمە لەبەر پەتایەک ،جاری واشە ستەم کارو ڕژێم وبارودۆخێکی سروشتی یان مرۆیی بەهەمان شێوە ناچاری هەمان هەڵوێستمان دەکا....

بۆچی دەیانەوێ قودسیەت لە دەقەکان دارنن؟؟:

-هەڵبەت ئەوەی کە وای لە کەسانی وەک ئارگۆن کردوە کەلادانی ئەوهەیبەتە لەسەرئەودەقانە خەمی هەرەگەورەیان بێ ،بریتی بوو لە دان نەنان وبەکارنەهێنانی ئەو هەیبەتە لەشوێنی خۆی لەلایەن سەران وهەڵگرانی ئەودەقانەوە ،هەریەک لەو دین ونەتەوانە ئەم دەق ودینانەیان کردەچوارچێوەیەکی ڕەگەزپەرستی وگەیشتن بەدەسەڵات و واشیان لەخەڵکی ومرۆڤایەتی گەیاند کە اللە وبەدیهێنەرەکەیان دەستەوستانە وناتوانێ نمونەیەکی باشتر لە دەق تەورات وئینجیل وقورئان و کەسایەتیەکی باشتر لە ئیبراهیم وموسی وعیسی ومحمد و زمانێکی پاراوتر وفراوانتر لەعبری وسریانی وعەرەبی بێنێ.

ئەم دەقە دەستەوستان کارو معجزو کاریزما وپەیامبەرە لێوەشاوەوشەریعەتانە بۆ دەستەوستان کردن وچۆک دادانی عەقڵ وهۆشی مرۆڤایەتی هاتبوون ،تا عەقڵ وهۆشەکان لە خزمەتیان دابن ولایەنە ئەرێنی وباشەکانیان بەبەردەوامی پەرە پێ بدەن ، نەک ببینن کە بەدیهێنەرودابەزێنەری ئەودەقانە دەستەوستانە و بۆیە دەبێ ئەوان هەیبەتی ئەو دەقانە بشکێنن، ئارگۆن وەک بازنەی کارەبایی ئەلکترۆنی پێ ی وایە بەبەرکەنارکردنی سام وهیبەت لە بازنە ئەلکترۆنیە چڕەکە کە فاتیحایە سحری بازنەگەورەئەلکترۆنیەکەی قورئان بەتاڵ دەبێتەوەو قودسیەت لە جیهاندا نامێنێ، بەڵام لەڕاستیدا بەنەمانی قودسیەتی دەق سەروەری وکەرامەتی مرۆڤ نامێنێ ،چونکە دەق دارشتن وگوتارو ئاخاوتن بەپلە یەک دیاردەوجیاکەرەوەیەکی مرۆڤە لە جیهانەکانی دەوروبەری و اللە کەقودسیەتی بەودیاردە داوە وبەوەش مرۆڤی کردۆتە سەردارو زۆربەی دیاردەوجیهان وبونەوەرانی بۆ ژێربار خستوە،بەنەمانی قودسیەتی دەقەکان وشکانی سەروەری مرۆڤ حجاب وپەردەی سنورداری لەسەر ڕووی اللە ی بەدیهێنەر زیاتر هەڵدەماڵرێ و دڵەکان وعەقڵ و هۆشەکان زیاتر هۆگری دەبن.

وەرنەگێڕانی هێشتنەوەی کەلیمەی اللە وەک خۆی لەناوهەموو میللەتان گرێنتی تەوحید

و یەکیەتی ڕوحانیەتی مرۆڤایەتیە:

-نەگۆڕینی دەستەواژەی اللە لەم وەرگێڕانە وهۆکارەکانی: ئەگەرلەڕووی زمانەوانی کوردی وفارسی سەیری وشەی خودابکەین :

خودا:خود ،خاوەن , ,دۆخ وحال وبار ,خاو وسست ,کەرەستەی خاو , خودا ،خوداوەند یان خودێ بەکرمانجی,بەوەش لیك دەدرێتەوە کە خۆی بوونی خۆی داوە.ئەمە ئەگەر کوردی بێ ولەزمانی ترەوە نەهاتبێتە ناوکوردی.کەلێرەدا دینەکان ئەوەڕەت دەکەنەوە کە پەرستراوەکەیان خۆی خۆی دروست کردبێ.

بەڵام پێناچێ کە دەستەواژەی خودا لەبنچینەدا کوردی بێ، بەڵکو لەزمانی لاتینی وشەی گۆد بەمانای بەدیهێنەروپەرستراوهاتووە، کە لە مەسیحەتدا بە ئوقنۆمی ڕۆڵە یان ڕوحی پیرۆز بگوترێ هەردووک گیان وجان وجوانن .

وەدەڵێن کە بنچینەی زمانەوانی ئەو ووشە ووشەی good واتە جەیدی عەرەبی وسامیە ،کەواتە جود وجەید وحسن وجوان وباش وکەشخە هەمووی دەگرێتەوە،جاکەئەم جوانە جانە ئوقنومی ڕۆڵەبێ کە مەسیحە وڕوح وگیان وجانی اللە یە یان ڕوحی قدس بێ ،ئەوەجوان وجان وگیان لێک نزیکن.

وەکە جەید هاوماناو موراديفی حسەن وجوان وجمیل وباش وخوب ی فارسی بێ ئەوە اللە لەهەموو ئیسم وناوو واتاوبەهاکان حوسناوجوانترینی هەڵبژاردوەودوای جوانترین وحوسنا هەرئەو بەدیهێناوە بەڵام پاڵنادرێتەلای ئەوو لەهەڵبژاردەو ویستی شەرعی ئەودانیە،بەڵام لەعەرەبی دا حسن وجمیل واتای اللە نیە ،بەڵکوئاوەڵناوی ناوو ئیسمەکانیەتی.

بەڵام کەبە ئوقنۆمی ئاب بگوترێ ،ئەوە جەد=باپیروباوەگەورە بەزمانەسامیەکان لە گۆد نزیکە .

چونکە ناوی کێومەرد ی باپیرە گەورەی مرۆڤایەتی هاتۆتە ناوفەرهەنگی ئەشکانی وئەخمینیەکان وعیلامیەکان وکاشیەکان وگۆتیەکان ولەوەیە لای سۆمەریەکانیش هەروابووبێ کە کێومەرد لای

وان وەک ئادەمی قورئان وتەوڕات باوک وباپیرەگەورەی مرۆڤایەتیە واتە مەردی کەژو کێو وپیاوی شاخ ..

پاشان ئەم دەستەواژە لای سامیەکان بۆتە ناوی پەرستراوکە پێی دەڵێن مەردۆخی ئاموری وئاکادی کە پەرستراوی شاری ئەریدۆو وبابل بوو،

کوڕی ئایاوئانکی بوو وەهێماکەی دەریالوشەکان بوون لەسەرەتابەڵام لەسەردەمی حامورابی هێمای خۆربوو، دەگوترێ ئازەری باوکی ئیبراهیم پەیکەری مەردۆخی لەبەردەم پەرستگای مەردۆخ لە ئور دەفرۆشت، بەڵام ئیبراهیم ئینلیلی بە دروستکاری جیهان دەزانی، مێژوو پێمان دەڵێ کە ئینلیل وئایل پەرستراوی هەرەگەورەی سۆمەریەکان بوو، بنکەکەی لەشاری نیبووربوو،نیبۆر بەوئەستێرە تارقەش دەگوترێ کە ئیناکی وفریشتەدابەزیوەکانی ئاسمان لەوئەستێرەوەهاتوون بۆسەرزەوی وشاری نیبۆریان بەناوی ئەستێرەکەیانەوەکردووەو ئینلیل پەرستراووخالقی ئەوئیناکیانەونیبۆری ئەستێرەکەیان بووە،ئەفسانە سۆمەریەکەدەڵێ کەئەوئیناکیانەی لەنیبۆرەوەهاتوون ئادەم وياجوجیان دروست کردوون.

ئینلیل هێماکەی هەواوباوزریان بوو، کاتی ئیبراهیم علیه السلام سۆمەریەکان توابوونەوەولەلێواری لەناوچوون وبە مۆزەخانەبوون بوون، بەڵام ئیبراهیم پەرستراوەمەزنەکەی ئەوانی بەسەر پەرستراوی مەردۆخی ئاکادی وبابلی وئاشوری وئاموریدا هەڵبژارد.

سۆمەری وعیلامی وگۆتیەکان کێومەردیان وەک باپیرقبوڵە بەڵام نای پەرستن، بەڵام بابلیە کان کە باب بە ئیل دەزانن واتە باوکەگەورە لای وان اللە یە ئیدی لەوکاتەوە ئاب پەرستی دەستی پێکردووەو گوازراوەتەوە بۆشام وئەوروپاو لەلاتینیەوە هاتۆتە ناومەسیحی ، بۆیە سەیرنیە کە کاری هەرگەورەی مەسیح علیه السلام لەدوای گەڕانەوەی وەک لەسفری یۆحەنا دەردەکەوێ کەدواین سفری ئینجیلە لەناوبردنی شاروژیارو وڵاتی بابلە واتە لەناوبردنی ئەوبۆچوونە کە باوکە گەورە بە ئایل واللە بزانی.

ئەگەر وشەی خودا لەهەریەکێ لەمانە وەرگیرابێ بنچینەکەی سامیە ،چونکە ئاکادی وبابلی وئاشوریەکان سامی بوون ومەردۆخ لای وان خۆربوو.

لە ئاڤێستاو مەجوسی و زەردەشتیش خوا وەک پەرستراوێک بوونی نیە ، لەوێ بەدیهێنەری خێر لە گەردوون ئاهورا مەزدایە وبەدیهێنەری شەڕیش ئەهریمەنە،وەناوی ئاهورا لەناوی خودا زۆر جیاوازو دوورەوپێناچێ پەیوەندیان بەیەکەوەهەبێ.

لە دینی ئیبراهیم وموساو عیساش دا ئایل و یەهوە زۆر ناویان هاتووە ،ئایل هەر اللە یە.

ووشەی اللە ،ئیلیا ،ئیل ،لە پێش بوونی عەرەب دا لە زمانی سۆمەری و ئەکەدی وعبرانی دا هەبوەو هەرچەندە قورئان عەرەبیە ولەیازدە شوێن لە قورئان باس کراوە کە حوکم وکتابێکی عەرەبیە، بەڵام بنچینەی وشەی اللە عەرەبی نیە ولە عەرەبی کۆنترە..لەتەورات وئینجیل و زەبورو کنز الرب وئەفسانەو تێکستەکانی وڵاتی دووڕووبارو میسر ویەمەن وگریک وشام هاتووە.

بۆ بەکارهێنانی وشەی گۆد وخودا وەک هاومانای اللە وئایل ویەهوە ،پێشەنگەکانی دینەکان بەدروستی نازانن،هەرچەندە ئێستازۆربە بەربڵاوی وبەئاسایی بەکاردەهێنرێ،بەڵام بەکارهێنانەکەی واتەی ئەوەناگەیەنێ کە ڕای پێشینەکان گۆڕابێ.

-وەک چۆن کەکەسێکی کافر کەمسوڵمان دەبێ بە جگە لە گوتنی شەهادە بەعەرەبی بە وەرگێڕدراوی ئەو ڕستە بڵێ ی وەرناگیرێ، وە نوێژخوێن وبانگبێژ بە بەدەستەواژەی دینی نەیڵێن پەرستشەکەیان وەرناگیرێ ، کەواتە گۆڕینی وشەی اللە لەکاتی ئاسایی ودەرەوەی عبادەت وپەرستنیش دروست نیە.

ئێمە دەزانین کە ئەسمای حوسنای اللە کە پاڵ دراونە لای اللە و هەندێک جاران پاڵ دراونە لای رب والرحمن، بەڵام هەریەک لە رب ورحمن دروستە پاڵ بدرێنە لای اللە بگوترێ اللە رحمانە وربە وپەروەردگارە وتەنیا اللە ڕەحمەتی بێ سنورو وربوبیەتی هەیە. ،بەڵام نابێ اللە پاڵ بدرێتە لای رب ،ناتونرێ بگوترێ بسم الرحمن اللە الرحیم ،یان الحمد للرب اللە العالمین، چونکە نابێ اللە بکرێتە

سیفەت وئاوەڵناو بۆ ربو وبۆ رحمن، ئەی چۆن دەبێ ناوێک وەک خوا کە نە لە قورئان ونەلەفەرمودە ونەلەتەورات وئینجیل وزەبور نەهاتوە هەموو ئەسماوسیفاتی اللە ی پاڵ بدرێتە لا؟. بگوترێ خوا رحیمە،رحمانە سمیعە خالقە ،،،هتد

مامۆستاعلی باپیرلەبەشی سێیەمی کتێبەکەی کۆڕای زانایان دەگوازێتەوەکەتەنیا ووشەی اللە عەلەم وئیسمی اللە ئیسمەکانی دیکەوەک حەکیم رحیم ناتوانن جێی اللە بگرنەوە، هەرچەند زۆرجاریش لەقورئان هاتبن،بەڵام سەیرئەوەیەکە ماۆستاعلی کۆڕای زانایان دەگوازێتەوە کەناتوانرێ رب والرحمن لەجیاتی اللە بەکاربهێنرێ،کەچی ئەو سورەلەسەربەکارهێنانی خوالەجیاتی اللە.

وەزانایانی عەقیدە هەرخۆیان دەڵێن ئیسمەکان تەوقیفین وکەس بۆی نیەزیادوکەمیان کا،بەڵام هەرخۆیان هەموو ئەو ئیسمەتەوقیفیانەدەکەنە پاشکۆی خوا ولە اللە ی دەستێننەوە، کەخودانەلەڕووی زمانەوانی و واتا،نەلەڕووی زانستی هیچ پەیوەندی بە دەستەواژەی اللە والە نیە..

-ئەوە کۆڕای یاوەران -ئەسحابی رسول – وسێ ئیمامی مالک وئەحمدوشافعی وئەهلی فەرمودە وزۆر لەزانایانی تریشی لەسەرە لە ئیسلامدا.تەنیا ئەبو حنیفە لەچوار ئیمامەکە لەو مەسەلە ڕای جیاوازە.

-زانایانی ئەسەری وەک گێڕەرەوانی فەرمودە بوخاری بابێکی لە سەحیحەکەی بۆ بێزێنرانی ڕەتانەی ئەعاجم هێناوە لە دیندا کەمەبەستی بەکارهێنانی دەستەواژەی جگە لەقورئان وسونەتە، ،ئیبن تەیمیە لە ئیقتزادا باسی کردوەو لەزۆرشوێنی تریش، ئیبن عوسەیمین لە قواعد المسلی باسی کردوە، کەچی وەرگێڕە کوردیەکەی لای بردوەو ناپاکی لە ئەمانەتی زانست کردوە، شافعی لەسەرەتای بەیانەکانی کتێبی ڕسالە باسی کردوە کە ئێستا کراوەتە پێشەکی کتێبی ئوم .

لەڕووی زمانەوانیش:

– کەبەبۆچوونی ئەو زانایانە بێ کە دەڵێن الله له اله =معبود=پەرستراو وەرگیراوە ،ئەوە لە ووشەی خوا یان خودا هیچ واتایەکی نزیک لە مەعبودی وپەرستنی تێدانیە وهیچ پەیوەندیەکی بە پەرستن وعبادەت وئیلاهیەتەوە نیە، وە وەرگێڕدراوی ئیلاهـ بەکوردی ووشەی پەرستراوە نەک خودا.

-خۆ کەشوێن بۆچوونی ئەو کەسانە بکەوین کە دەڵێن دەستەواژەی الله مشتق وداتاشراو نیە ئەوان گۆڕین و وەرگێڕانی ووشەی الله وەک ناوێکی عەلەم وەک ئیبراهیم وئیسماعیل وئەوناوە ناعەرەبیانە کە ناوی عەرەبیش نین وناشێ وەرگێڕدرێن ،ووشەی الله ش هەروەک خۆی دەنوسرێتەوەو وەر ناگێڕدرێ بۆ هیچ زمانێک.

خولیای محمد ئارگۆن لەنێوان وێڵی بۆحەق و تۆمەتی زندیق بووندا:

- شرۆڤەکاروڕەخنەگرانی نوسینەکانی محمد ئارگۆن پێیان وایەکە روحی تۆڵەکردنەوە لە خوێندنەوەکانی ئارگۆن بۆ دەقی قورئانی دەرک پێ دەکرێ.

ئەمە تێبینیەکە بۆ هەر هەڵسەنگێنەرێکی بەرهەمەکانی ئەوکەسانەی کە لەسەر ڕەوتێکن کە ئەوکەسە بەلاڕێ بوو ولادەر دەزانێ وبەچاوی تۆمەت بارکردن سەیری دەکا ،بۆیە ڕوحی تۆڵە وناپاکی دەبینێ ،بەڵام هەڵسەنگێنەری بێ لایەن ڕوحی عەودالی و وێڵی دوای ڕاستی وجاروبار هەڵخلیسکانی مەندەهۆشان دەبینێ.

کاتێ سونیەکی دەمار گیر وەک تۆمەت بارو ناپاک وهەڵگەڕاوەو لاڕێ بوو وگومڕاوسەرلێ شێواو ودەستنێژی جولەکەو مەجوسی وزەندیق دەڕوانێتە ڕەوتی موعتەزیلە هەرلە ڕۆژانی پەیدابوونیان وەک بزاڤێک لە ڕۆژانی واسلی کوڕی عەتا تا ئەوەی بوونە وەزیروقازی وتەفسیرکارو زانای ئوسول وزمانەوانی وسیاسەتمەدار وخەلیفە لە ڕۆژانی مائمون وموعتەسیم دا،کەواتە ئەم جۆرە

بیرکردنەوە جۆرێک لەتوندڕەوی مێژوویی دروست دەکا، وەهەرکەسێ بتوانێ بۆ مێژوو خەڵک بەزەندیق بزانێ بۆ ئێستا زۆربۆی ئاسانترە.

بەڵام کە بێ بەبێ لایەنی لەهەردوولابڕوانێ وبزانێ کە بەشێک لە بۆچوونی ئیمام ئەحمەد بۆ قورئان ڕاستەوبەشێکی هەڵەیە، چونکە کە گوتمان قورئان هەم کەلامی لەفزی ودەرفرتێنراوو هەم کەلامی نەفسی وبێ سەرەتا دەگرێتەوە،دەبا عوزر بۆوهەموو زاناو خەلیفانەی موعتەزیلە بێنینەوەو بڵێ ین ئەوان مەبەستیان لە مەخلوق بوونی قورئان کەلامی لەفزی بوو ،وەنەیان توانی کەلامی نەفسی لە کەلامی لەفزی جیابکەنەوە،کەواتە ئەوانیش موجتەهیدبوون ونەیان پێکا،بۆیە پاداشتێکیان هەیە ئەگەرچی هەڵەشیان کردبێ.

خۆکە سەیری بۆچوونی بوخاری وئیمام ئەحمەد بکەین وکەلامی لەفزی ونەفسی لێک جیانەکەینەوە،ئەوە دەبێ بڵێ ین کەلەنێوان بوخاری وئەحمەد بەریەک کەوتن هەیە و ڕای بوخاریش وەک ڕای موعتەزیلەیە ،بەڵام کاتێ ئەم دوو جۆرە کەلامە لێک جیادەکەینەوەوساغ دەبێتەوە کە یەکێکیان مەخلوقە وهەرکەسێک لەفزی قورئان بەمەخلوق نەزانێ ئەوە مەجوسی ئەم ئوممەتەیە و خۆی بەخالقی کرداروگوفتارەکانی دەزانێ ودەبێتە هاوبەشی اللە لە سیفەتی خەلق کردن دا.

وەدەبێ هەرواش بڕوانینە بۆچوونەکانی ئارگۆن وکەسانی وەک ئەوو تۆمەتباریان نەکەین وبەزندیق ولاڕێ یان نەزانین .

هەڵبەت ئەشعەریەکانیش لە ناونانی کەلامی نەفسی زۆر ورد نەبوون،ئەوان مەبەستیان لە کەلامی نەفسی کەلامی زاتی وخودی اللە بوو، دەبوایە ناویان نابوایە کەلامی علمی، وەک ئیمام ئەحمەد لە نامەی وەڵام دانەوەی جەهمیەکان دەڵێ:وڵامی جەهمیەکان بەوەبدەنەوە کە کلام اللە بەشێکە لە علمی اللە جاکە ئەو علمە بە دروستکراو بزانن کافر دەبن.

کەواتە مەبەست لە کەلامی نەفسی کەلامی علمیە، چونکە هیچ کاتێک نەبووە کە اللە ناوو ناونیشان ونەخشەوئەندازەگیری ئەو شتانەی دروستیان دەکاو ئەودیاردەوبەهایانەی دەیان هێنێ

نەزانیێ ،بەڵکو بەێ سەرەتاوەمیشەیی زانیونی ،پێش ئەوەی لە سەر زمانی هیچ دروست کراوێک دەربفرتێنرێن وتەلەفوزیان پێ بکرێ ولە هیچ شوێنێک بگوترێن وبنوسرێن.

ئابەم شێوە ئەو خراپ تێگەیشتنەی کە مسوڵمانان بەگشتی هەیانە لە بۆچوونی ئیمامەکانیان وەک ئەحمەدوبوخاری وڕەوتی ئەشعەری دەڕەوێتەوەوبەکۆکردنەوەو وردبوونەوە لە ڕێ وشوێنەکانیان دەبێتە فاکسین وپێکوتی چارەسەری ئەوپەتا دووردرێژەولەخولانەوەی بێ مەبەستی ناوبازنەی داخراودەربازمان دەبێ.

پەیامەکانی ئاسمان لەنێوان بیستن وبینیندا:

- ئەوپوختەی کە عمر حسن قیام بۆ بۆچوونەکانی ئارگۆنی کردوەوقسەکانی هاشم سالحی کردۆتە بەڵگە،قسەی زۆرهەڵدەگرێ.

جارێ ئەوە کەدەڵێ الله ویستی لە سەر شێوەی زمانێکی مرۆڤایەتی ببینرێ و دین لە ئیسلام دا واتای ئەوەیە.

بەڵێ الله لەگەڵ زۆربەی پەیام بەران ویستی پەیام و زانست ودین وڕێساوستایشەکانی تەنیا بیستراوو هەندێک جارانیش بۆن کراوبێ، بەڵام بینراوو دەست لێ دراوو دەرک پێ کراو نەبێ ،لا یدرکه الابصار ولن تراني بەڵگەی ئەوەن کە الله لەو دوو هەستەوە ناتوانرێ پەی پێ ببرێ، دیاردە وجوانی ودیمەنەکان دەبینین ،ئایەتی جوانی وهاوسەنگی وفراوانی لە دیمەنەکان دا ئاوێنەی هاوئاهەنگی هەواڵ وزانراووپەیامە بیستراوەکانن لە لایەن الله وە،بەڵام بەهۆی داواکەی موسی الله بۆیەک چاوتروکانێک خۆی پیشانی چیا کە دا، هەرئەم خۆ پیشاندانەش وای کرد کەلەناو پەیام بەران تایبەت بکرێ کە الله لەوحی تایبەتی بۆ بنوسێ وبیداتە موسی ،ئەگەر ئەم داوایەی موسی نەبوایە وەحیەکەی موساش هەربیستن دەبوو بەڵام کاتێ الله خۆی پیشانی چیاکە دا ،وەلە توخمی چیاکەش الله کەلام وگوتارو گەورەیی وئیسم وناووسیفاتەکانی پیشانی لەوحەکان دا ،

بەڵام کە اللە بۆچیاکەدەرکەوت ،چیاکە پەرت پەرت بوو، لەوحەکانیش پەرت پەرت بوون ،کوڕانی ئیسرائیلیش سەرگەردان بوون .

هەڵبەت جبل جبلە و فترەت و خۆڕسکی سروشتیە ومحمد لەهەموو کەس جبلی ترو لە فترەت نزیکتربوو بۆیە ئەویش وەک شاخ وکێوو جەبەل بۆچەند چاوتروکانێک لە کاتی میعراج اللە ی بینی و دانیشتنی تەشەهد بینینی کۆتایی نوێژو ئەو دایەلۆک وگفتوگۆیەی لەناوئەوپایەو ڕوکنەدایە ئەو بەرزبونەوە ڕوحیە دەنوێنێ ،بۆیە نوێژکەر دەبێ لە نوێژدا میعراجێکی ڕوحی بکا، اللە لەبەردەمی هەست پێ بکاوەک ئەوەی کەدەیبینێ ،ئەو ڕوکنە شەهادەی تێدایە کە دەڵێ من دەبینم بەچاوی سەروبیروعەقڵ وهەست وهۆش و باوەڕومتمانە م هەیە کە ئەوەی شایان وئەهل ولێوەشاوەو شایستە وهەمیشە شایانی پێشکەش کردنی هەموو جۆرەکانی پەرستن بێ بەتەنیا هەر اللە یە.

هەڵبەت نەچاوی موساو نەچاوی هیچ بەندەیەک بێجگە لە محمد علیه السلام اللە ی نەبینیوە،بەڵکو اللە بۆ شاخەکە دەرکەوتووە.

هەربۆیە لە نوێژدا لە هەموو ڕوکنەکان دوای تەواوکردنی دەگوترێ اللە اکبر ،واتە اللە لەو ڕوکنەوستایشە شایانترو گەورەترو لێوەشاوەترو تەواوترە، بەڵام تەنیا لە ویردی سبحان ربي العظیم وبحمده اللە اکبر ناکری جونکە کبیروعظیم موراديف وهاو مانان، بۆیەلەوێ اللە اکبر ناکەین،پاشان دەڵێین سمع اللە لمن حمد واتە لەم جیهانەدا ئێمەی مرۆڤ گەورەترین وبڵندترین لوتکەی عرفان وئیمانمان تەنیا بیستراو دەبێ ،هەرچەندە لەناوئوممەتان ،گەواهی ئوممەتی محمد ،اشهد واتە من دەبینم ،نەک اسمع ،من دەبیستم ، بەڵام ئەم بینینەی یەکانەیی وتاقانەیی اللە بە ئاوێنەی دروستکراوەکانی دادەدرێ .

سەبارەت بە یەقین وگومان ،زانایانی لاهووتی ئیسلام وگشت ئوممەتان کە علم وزانین پلە پلە دەکەن بۆ علم الیقین وحق الیقین وعین الیقین، هەموویان دەڵێن کە عین الیقین لەم جیهانەدا هەرگیز نابینرێ وتەنیا حەق وعلم بەعەقڵ دەرک دەکرێن وعین الیقین دوای مردن ولە قیامەت دەبینرێ.

شک وگومان دینەمۆی جوڵێنەرن:

دینەکان قۆناغەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤایەتین بۆ خوێندنی باڵا:

وە ئایەتی پەروەردگارت بپەرستە تایەقینت بۆدێ ،یەقین مردنە، کەواتە بابەتی خۆ گرێدان بە یەقین ،یەقینەکانیش پلە پلەو ڕێژەیین، ئەگەر نەوەکانی ئادەم ئەویەقینە عەقڵی و زانستیانەی ئادەمیان بەس بوبان ،نوح نەدەهات وکەهی نوح بەشیان کردبا ئیبراهیم وپاشان موسی وعیسی ومحمد نەدەهاتن ،ئەم دین وپەیامانە وەک قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ودواناوەندی و زانکۆو خوێندنی باڵاوان،ئەگەر مرۆڤایەتی لەقۆناغی منااڵیدا دوای خوێندنی پۆڵی یەکی سەرەتایی بەسەدان وهەزاران ساڵ گومان وپرسیاری لەالکەڵەکەنەبووبان وئەوگومانانە خولیای بەدواداچوونیان دروست نەکردبا ،نەدەچووە پۆڵی دووی سەرەتایی، وەلەدوای تەواوبوونی هەموو پۆلەکان ئەم حاڵەتە وای کرد کەمرۆڤایەتی بچێتە پۆڵی دواتروپاش تەواوکردنی باخچەی ساوایانی ماڵەوە بەشەش ساڵ کەدینی سابئەی ئادەم بوو،پاشان شەش ساڵی سەرەتایی مەجوسیەت کە ئەویش دینی نوح بوو،پاشان دینی حەنیفیەتی ئیبراهیم کە قۆناغی ناوەندی بوو،دواتر یەهودیەت ئامادەیی وئیسالم قۆناغی زانکۆو جامعەی جومعەبوو، دواتر کەمەسیح دێتەوە قۆناغی خوێندنی باڵایە..

ئەگەر یەکێ لەوقۆناغانە الیەرین مرۆڤ وەک کەڕو کوێری لێ دێ، هەڵبەت نابێ هەرگیز شک و گومانەکان هەموو کات لە مێژووی شارستانی ودینەکان بەنەرێنی بزانرێن ،چونکە هەرئەوگومانانەبوون کۆبونەوەو یەقین ودەرک پێ کراوی تازەیان داهێناو یەقین وناسراوو مەعروفە کۆنەکانیان کردە مونکەرو وەهم ، هەروەک چۆن لە جیهانی مادی دا هەورو تۆزو چینەبایەکان خەست بونەوەو بونە هەورو نەیزەک وشهاب وشوبهات وپاشان ئەونەیزەک وشوبهەشەهابانە کۆبوونەوەویەکیان گرت و بوونە مانگ وئەستێرەو خۆری

بەڵگەنەویست،جاوەک چۆن هەورەکان وەهم وتارماییەن ولەتارماییەکان نەیزەک وشهاب دروست بوو،لە جیهانی بۆچونەکانیش لەخەیاڵ و وەهمەکان گومان دروست بوو، وەک چۆن لە نەیزەکەکان مانگ وهەساڕەوخۆر دروست بوون، لە گومانەکانیش زانراوەکان ودەرک پێ کراوەکان و سەلمێنراوەکان وبەقینە بەڵگە نەویستەکان دروست بوون.

هەردوو خەلیل ئیبراهیم ومحمد کێ بەرکێ یانە لەسەر شەک، محمد دەفەرموێ:من شایەنتربووم بەشەک وگومان لە ئیبراهیم .

وەک ئیبن ماجە لەئبوهوڕەیڕە دەگوازێتەوەکە خۆشەویستمان فەرمویەتی:

نحنُ أحقُّ بالشَّكِّ من إبراهيمَ إذ قالَ ربِّ أرِني كيفَ تُحيي المَوتى قَالَ أوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾

لەسەرباڵی تاریکەشەوی گومانەکان گەشتی دۆزینەوەی حەق دەستی پێ کرد،تا سنوری ئەم جیهانەی پەڕاندو درێژبۆوە بۆ جیهانی دووای مردنیش ،بۆیە دەبێ بەیەقینی مردن دڵ خۆش بین چونکە دەرگای عین الیقین لەوێوە دەکرێتەوە وڕوحی دیل لە قەفەسی قوڕینی لاشەی سنوردار دەردەچێ بەرەوبێ سنوری.

ئەم گومانەی مرۆڤ بەتەنیا لای ئارگۆن نیە، سۆفستائی وئەبی قوری ئوممەتی یونس ی یۆنان و هەموو ئەوانەی لەهەموو ژیارودین وفەلسەفەکان بە قوڵنگی گومانەکان ئاسۆی مەعروف وناسراوەکانیان فراوان کردو زۆر مەعروفی نوێ یان لە ناخی مونکرو نەناسراو دەرهێناو کردیانە معروف وناسراو ،ئەم ڕووباری مەعروف وزانراوو ناسراوو پەی پێ براوە کە کۆمەڵێک کاریزماوپەیام بەر لەناخی مونکەرونەناسراوەودەری دێنن وپاشان کۆمەڵگایەک بەڕپادەبێ کەبۆ

سەدان وهەزاران ساڵ فرمان بو مەعروفانە دەکاو دەیانپارێزێ ودژایەتی ئەوکەسانەدەکا کەنایانکەن، ،تاچینێکی ترلەکاریزماولێوەشاوەکان دێن وئەم کرداڕە دووبارە دەکەنەوەو ئەم مەعروف وناسراوە هەزاران ساڵانە ڕەت دەکەنەوە چەندین مروارییە پەی پێ براوی نوێ لەناخی مونکەر دەردێنن و چنراوو ڕێسراوێکی نوێ لە مەعروف وناسراو پێک دێنن وکۆمەڵگایەکی ترلەسەر بناغەی ئەم دەرک کراوە نوێ یانە دروست دەکەن وناسراوەکۆنەکان دەنێرنە مۆزەخانە .

ئەمەیەکەلەسەرەتای سورەی قمر ئاماژەی پێ کراوە .﴿ فَتَوَلِ عنهم يوَم يدعُ الَّداعِ إِلَىَ شيءنكُر(6)﴾

گوێ مەدە بەناپوختی ئەوانەرۆژێک دێت کەبانگ بێژێک بانگ دە کات بۆ بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و نالەبار،بانگەوازدەکابۆلای کارێکی مونکەرونەناسراو.

خشَّعا أَبصارهُم يخرجون من الَاجداث كأَنَّهم جرادٌ منتَشر (7)

چاویان شۆڕە و شەرمەزارن، لەناخی زە ویەوە دێنە دە رە وە، هەروە ک لێشیاوی کوللە ی زۆر (ڕووکاری زهوی دادە پۆشن)

﴿مهطعين إِلى الداعِ يقول الكافِرون هَذَا يوم عِسر (8سورەتی قمر)

زۆر بەپەلەو بەشپرزە ییەوە بەدە م بانگ هێشتی کۆکردنەوە یانەوە دە چن، کافران بەیەکتر دە لێن: وا دیارە ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر گران و سەختە.

ئەمە دوای هاتنی محمدعلیە السلام ولەسەروبەندی نزیک بەڕابوونی قیامەت ڕووەدا، بانگەواز بۆ کارێکی مونکەرو نەناسراودەکرێ ،ڕوحە دەقبەستوەکان و ناسراووزانراوە سنوردار پەرستەکان لەگۆڕی دەقبەستویی و شەختە بوون دێنە دەرو هەست بەشەرمەزاری دەکەن،واهەست دەکەن ئەوان دواکەوتوون ،نەزانن،کۆن بوو وبەسەرچوون، باویان نیەوپەراوێزکراون،هەوڵ دەدەن لەگەڵ بانگەوازکارە نوێ یەکە بۆو میتۆدە مونکەرونەناسراوە خۆیان بگونجێنن.

کەی قورئان بووە تێکست؟:

- وروژانی بیرمەندان لە ڕایەکانی ئەبوزەید کە ئایا قورئان دەق وتێکست بووە هەرلە سەرەتاوە؟ یان ئەو تێکست بوونە قۆناغێکە لەقۆناغەکان؟ ئاشکرایە پێش هاتنە خوارەوەی قورئان کەس لە مرۆڤایەتی نەی دەگووت دەقێک هەیە کە ناوی قورئانە، ئەوکاتە قورئان لە عالەمی مەکنون وشاراوە بوو، ئەگەردەقیش بووبێ تەنیا فریشتەی وەحی ئاگایان لێ بوو، پێش ئەو قۆناغەش قورئان پێش دروست کرانی فریشتەکان لەناو لەوحی پارێزراو نوسرابوو، لەوحیش و ئەوەی لەوحیشی نوسیوە کەقەڵەمە سەرەتایەک هەیە بوۆدروست بوونیان، ئەی پێش وان ئەم قورئانە بێ سەرەتایە لە کوێ بوو؟

قورئان وهەموو کتێب وپەیامەکان بەشێک بوون لە علم ودانایی وزانستی اللە ی عەلیم و زانا، بۆیە قورئان دەفەرموێ :الرحمن *علم القران.

کەواتە اللە ی رحمان ومیهرەبانی بێ سەرەتاوکۆتایی هەرلەئەزەلەوە قورئانی لەناو علم وزانایی خۆی داناوە وکردویەتیە ئالاو نیشانەوعەلەم ،هیچ سەرەتایەک بۆ عەلیمی اللە نیە ،زانایی ئەو زیاد ناکا چونکە ئەو هەرلەسەرەتاوە هەموو شتێکی زانیوەبەڕۆشنی، ئەو پێویستی بە نوسین وبەدەق وتێکست کردنی بەشێک لە علمی خۆی نیە، چونکە هیچی لەبیرناچێ تابینوسێ، ئەو لەبەر بەرژەوەندی بەندەکانی وبۆ بیرهێنانەوەیان دەقی لە لەوح ولە ناو مرۆڤەکان وفریشتە وجنەکان داناوە، هەرلە ئەزەلەوەو پێش دروستکردنیان اللە زانابوو بەهەموو ڕوداوو دیاردەو کەس وڕوحەکان، شێوەیانی دەبینی و دەنگیانی دەبیست چونکە زانایی وبینایی وبیستەری ئەو بێ سنورە، بۆ کارو بونەوەرە ڕابردوەکان وبۆ داهاتوەکانیش هەروایە ،هەمووی لێ دیارەوچارەنوسی هەموویان دەزانێ، گوێزرانەوەی بەشێک لە زانایی وگوتاری هەمیشەیی اللە لەناوئەم ناوەندە دروست کراوانە وەک گوێزرانەوەی ڕوحەکانە لە نێوان ئەونێوەندانەی دەی گەیەنێتە ماڵی هەمیشەیی ، ڕوحی هەریەکێکمان بەرلە ئاوێتەبوونی لاشەمان بەهەزاران ساڵ بوو هەبوو، ئادەمی

باوکمان دیتویەتی، ئاوێتەبوونی ئەوڕوحەبەولاشە لەم تەمەنەکەمەی دنیامان -جا کات ژمێرێک بێ یان چەند ڕۆژومانگ وساڵێک بێ- چاوتروکانێکە، پاشان ڕوح هەزاران ساڵ لەبەرزەخ دەمێنێتەوەو چاوەڕێ ی حەشردەکا،حەشریش پەنجاهەزارساڵ دەخایەنێ ،ئەوجار دەگاتە ژیانی هەمیشەیی وبەردەوام.

کەواتە گوتارو وەحیش وەک ڕوحەکان زۆرکەم بە ئاوێتەیی وبەرجەستەیی لەم جیهانە دەبینرێن ،ئێمە ئەم چاوتروکانە مان زۆر لا گرنگە و بەڵام کە ئەم چاوتروکانەی کۆبونەوەو بەیەک گەیشتنەی ڕوح ولاشەو وعلم وکەلام و وحی و کتێبە نەکەینە نەخشەی ئیختیزال کراوو چڕ وپەیت کراوە ی جیهانی پاش مردن ڕەنجە ڕۆ دەبین، چونکە ئێمەی ئوممەتی اشهد=دەبینم دەبێ لێرە کە نوێژەکانمان میعراجێکن ولە شەوی میعراج دا لەئاسمانی حەوتەم فەرزکراون و کۆتا کاری سەلات وپەیوەندی ونوێژیش جەلسە ودانیشتنی تشهد وتەحیاتە،ئەو شاهادەدان وتەحیات ودروود وسەلامەی کەلە وشەوە لەنێوان محمدو بینایی چاوان اللە ی میهرەبان گفتوگۆیەکی ڕووبەڕوویە ،ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەتۆدەبێ لەم دنیایە علم الیقین وبینینی دڵت هەبێ تا کە مردی لە ئوممەتی من دەبینم بی کە دوو دەبینم ەکە محمد و اللە ی محمدن وڕووبەڕوو گفتوگۆدەکەن تاتۆش لەو میعراجە ڕووحیەو لە پەیوەندیەدا لەپاش ئەو پێشەنگە لەودانیشتنە کەهەموو پەیام بەرانیش لەدوای ئەو ئەوسەلات وگفتوگۆیەیان کردوە بەشداربی وە لەدوای ئەو دروشمەی نوێژە نافڵێ ی اللە اکبر ،چونکە اللە ی اکبر بەرامبەرتە، بەڵکو تەسلیم وسەلامی خۆڕادەست کردن ومل کەچی و داواو سکاڵاو گفتوو گۆ ونزا دەکەیەوەو ڕازونیازو پێویستیەکانت بۆ اللە ی میهرەبان نمایش دەکەی..

بەبیانوی ڕێزگرتن لەقورئان ژەهردەڕێژن:

-ئەبو زەید زۆر جار دەڵێ کە کەس لاری لە ئیلاهی بوونی قورئان نیە، ئەم دەربڕینە بەم شێوە هیچ کام لە مسوڵمانان نایڵێن ،هەرچەندە ئەو خۆی بەشێوەیەک نیشان دەدا کە ئەو دەیەوێ قورئان

لە ئیلاهیەت بخاو بەڵام دەقبەستوە کان ناهێڵن ،بۆ ئەوەی کە پەرچەکردارێک لای ئەوانە دروست بێ کە دژنی وبڵێن ئێمە بەرگری لە ئیلاهی بوونی قورئان دەکەین و

هەرگوتارێک وشتێک مادام مرۆڤایەتی نەبێ ئیلاهیە کە بەو شێوە لەگەڵ بۆچوونی نەسرانیەکان لەوەی مەسیح ئیلاهە ڕێک دەکەون ، بۆیە دەبێ ئەوانەی وڵام دەدەنەوە نەکەونە ئەو زیادەڕەویە.

بابەتێکی دیکە لە قسەکەی ئارگۆن وەردەگیرێ کە دەڵێ :موعتەزیلەکان دەیانەویست گوتاری اللە و تەونی مێژوویی کۆمەڵایەتی لێک بدەن.

بۆ وڵامی ئەوە دەڵێم کە ئەوەی موعتەزیلەکانی خستە ناو ئەم باسەوە دوو بابەت بوو:

-بابەتی ئایا ئیسم خودی موسەمایە یان دوو بونەوەری لێک جیاوازن ؟ ئەمە سەرەتا بابەتێکی ڕێزمانی بوو بەڵام بوە بابەتێکی هزری و قوڵبوونەوە تیای دا بوە هۆی پەرت کردنی ئوممەتی ئیسلامی ،ئیبن کەسیر باسی ئەم بابەتەی لە پێشەکی تەفسیرەکەی دا هێناوە.

– بابەتێکی ئوسولی کە ئێستا تێکەڵ بە ئوسوڵی فقە بووەو لە سەردەمی دامەزرانی ئەم زانستە لەسەردەستی ئیمامی شافیعی بەشێک نەبوو لە ئوسوڵ ،ئەویش بابەتی زمانەکانی مرۆڤ پێ یان دەدوێ، ئایا دانراوی مرۆڤەکانن یان تەوقیفی و بەوەحی نێردراوی ئاسمانن؟؟

موعتەزیلەکان دەڵێن کە زمانەکان دانراوی مرۆڤەکانن و لەچۆنێتیەکەی دا دەیان ڕاوبۆ چوونی جیا جیایان هەیە.

ئەوانەی زمان بەدیاردەیەکی ئیلاهی دەزانن بەڵگەی زۆریان لە قورئان وفەرمودە وتەوڕات وکتێبە ئاسمانیەکانی تر بەدەستەوەیە کە زمان چ وەک گفت وگۆ وچ وەک نوسین فێری پەیام بەرو جێنشینەکانیان کراوەو ئەوانیش فێری منداڵ وشوێن کەوتوەکانیان کردوە، ئەمە تەنانەت لەناو چیرۆک و دەقە دینیەکانی هیندۆسی و بوزی وئەفلاتونی و لەناوڤەندیادی ئاڤێستاش هەندێ دەق هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەم نوسین وهەم گوتار وقسەکردن مرۆڤ لە مەلەکوتی ئاسمانەوە فێری بووە.

هەڵبەت بڕوادارانلەمەدا گومانیان بۆ دروست نابێ چونکە عەقڵ وهۆش وبەڵگەکانیش بەوەی کە اللە بەرلەهەموو شت لەوح وقەڵەمی بەگوتار و کن فیکون دروست کرد ئەوە دەزانین کەیەکەم جار گوتارو پاشان نوسین پێش هەموو بونەوەرهەبوون،وەئەم مرۆڤە کەهەڵگری ئەم نەفخە ڕوحانیەیە بۆیە ئەو بۆماوەی هەڵگرتووە و گوتاری ئیلاهی بۆ قەڵەم دەسەڵاتی تەشریعە، نوسینی قەڵەم تەقدیروئەندازەگیری وقەزاودادوەرە، دروست کردنی ئەو ەی نوسراوە پاش هەزاران ساڵ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە، کاتێ مرۆڤەکان لەهەموو جیهان بەم ڕەوتە بەکاملترین شێوە بەڕێوەدەبەن ئەوە زۆر لە فیترەت و بنچینەوڕەسەنی ئیمان وبڕوا نزیکن.

مەیداندارى قورئان تەنیا زمانەوانى وڕەوانبێژى نیەو تەنیا بۆ عەرەب ومرۆڤیش نیە،بەڵکوبۆهەموو جن ومرۆڤ وبونەوەرانە کەناتوانن بەهەموویان وەک قورئان دارێژن.

پەیوەندى هێمایى لەنێوان دەستەواژەکان وبەهاکاندا:

-سەبارەت بەڕاوبۆچوونى ئەوانەى دەڵێن کە پەیوەندى نێوان دەستەواژەو بەهاو واتاکان پەیوەندیەکى هێماو ڕەمزى ونواندنە و ووشەکان بەڵگەونیشانە ونوێنەرو بەدیل و پێگۆڕن، ئەم بابەتە وادەزانم سیوتى لە مزهرلە زماندا و زۆرێک لە فەرهەنگە کۆنەکان وەک لسان العرب وبحر المحیط ومعجم مقایس اللغة وزۆرى تریش بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە کردووە، تەنانەت موعتەزیلە ش کاتێ گوتیان کە زمان مرۆڤ کردە هەندێک بەڵگەى زمانەوانیان هەبوو ،بەنمونە دەیانگووت کەمادام لە زمانى عەرەب دا بنچینەى نەجم دەوەنە وبنچینە مەلائکە ئالوکە ونامەبەریە،عەرەبى دەشتەکى نەخوێندەوار کە بینیویانە نەجم وئەستێرەى ئاسمان وەک دەوەنى ناوباخ داکوتراون دەوەنیان لەزەوى بردە ئاسمان وکەلەناو خەڵک

فریشتە نامە بەێنن وبەن ناوێکیان لە ئالوکە ونامە بۆ داتاشین ئەگەرچى کاتێ فریشتە دروست کراون کەس نەبووە نامەى بۆبەرن.

بەم گوتانە دەیانگوت کەواتە زمانى عەرەب دروست کراوى دەشتەکیە عەرەبە نەخوێندەوارەکانە، بەڵام ئەم بەڵگانە زۆر لاوازن و ناکرێ بەیەک دوو نمونەى بەگومان وناڕاست

ڕێسایەکی وەها مەترسی دار گشتگیر بکەین، لەوەو پێش باسی ئەوەمان کرد کە خودی زمانی عەرەبی هەرخۆی موعجیزەیە ،کە زمانێکی واپاراو دراوەتە گەلێکی نەخوێندەواروبەڵام لەبەرکردنیان بە هێزبووە، ناوچەکەیان دابڕاوو وژینگەکەیان زەحمەت بووە، موعجیزەی ئەوزمانە تەنیا بەهاتنی قورئان دەرنەکەوت،بەڵکو کاتێ دەرکەوت کەهەموو ڕێزمان وگرامەرو نەحو وسەرفی ئارامی

عیبریانی وڕۆمانی وفارس وسریان وئەرمەن کۆکرایەوە،ئەوڕێزمانانەی هیچ ڕەونەق وجوانی و چێژێیان نەدایەئەوزمانانەی بۆی دانرابوون، کەچی دەتگوت بەرگێکن بۆزمانی عەرەبی نەخوێندەوار درواون ،بەم شێوە جوانی وڕەوانبێژی وداهێنان و موعجزەی زمانی عەرەبیان دەرخست،زمانی عەرەبی چەند جار بە وەحی وبەنامەو پەیامی هودوسالح وشوعەیب وئیسماعیل نوێ کراوەتەوەو لەتەتڵە دراوە،سەلیقەو دەفری شعری وپەخشانی ناوەناوە تێدا هەڵکەوتوون،ئەگەر زمانەکانی تریش دەهێنانی مرۆڤ وگەل ونەتەوەکانیان زۆر تێدابێ ،بەڵام زمانە سامیەکان بەتایبەت سریانی وعبری وعەرەبی داڕێژراوو دامەزرێنراوی گەل ونەتەوەکانیان نین.

گومانی تێدا نیە داتاشین لەزمانەکان بەتەواوی داهێنانی مرۆڤ نیە وقیاس کردنە وەک چۆن باوکمان ئادەم علیه السلام ناوی حەوای لەوەداتاشی کەلە مادەیەکی حەی وزیندوو دروست کراوە،قیاس لەشەرعیش دا کراوەو کەسە قیاس کارەکە بەقیاس کردن نەبۆتە مشرع وشەرع دانەر، لە زمانیش دا هەروایە.

دلالەوبەڵگەی دەربڕدراو گوتەو دەستەواژەکان لەسەر واتاوبەهاوشت وکاڵاو دیاردەکان جوزئی وبەشیە، لەوانەیە ئادەم علیه السلام کەیەکەم کەس بوو ناوی بۆ نمایش کراوەکان دانان ،سەیری سیماکانی کردن و لەوسیماو نیشانانە قیاسی کرد ،بەتایبەت کە ئیسم لەسیماو شێوەونیشانەوە هاتووە وشێوەی فیزیایی شتەکە ڕۆڵی هەیە لە ئیسم دا بە پێچەوانەی ناو ونام کە ئاماژەیە بە پێک هاتەی کرۆک وناوەرۆکی شتەکەو زۆرسیمای لاگرنگ نیە ،ئەم دوو ئاڕاستەلە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

ناونان لەوانە پەیڕەوی دوو دین وپەیام بەروو دین بن وئێستا زمانە سامیەکان زیاتر ناوی فیزیایی وڕوکەش وشێوە پەیکەری شتەکەن وناوە هندۆ ئەوروپیەکان ناوی کیمیایی وجەوهەری وپێک هاتەی هەناوی شتەکەن .

کاتێ سامیەک دەڵێ ئیسمت چیە واتە نمونەی هەربەرزوشکۆداروهێماوڕەمزی باڵت چیە،یان ڕابردوو سەرتات چیە؟

بەڵام کە یافسی دڵێ ناوت چیە،واتە لەڕوی پێکهاتەی کیمیایی لەچ پێک هاتووی؟.

کاتێ سامی دەڵێ عەلمت ،واتە لەوبابەتە من عەلامەت ونیشانەو عەلەم وئاڵام وڕێنمایی تەواودەدەم بەدەستەوە.

بەڵام کە یافسی دەکاڵێ زانیم ،زانین ودانایی ،واتەلەزەین و دانانی مندا بەوشێوەیە،بەڵام زەینی کەسێک بۆکەسێکی ترنابێتە نیشانە وەک علم وئاڵاو ڕێپیشاندەر..

ئەمەی من گوتم لەبارەی ئەودوو خێزانە زمانە دەکرێ بەتوێژینەوە دەوڵەمەندبکرێ، لەوانەشە خێزانە زمان وقوتابخانەی دیکەش هەبن لەناوزمانەکان کە بە پێ ی زمانی ڕابردوو وداهاتوو وئێستای شتەکان ناوو دەستەواژەو ئاوەڵناوەکان داڕێژن ،هەڵبەت ئەو زمان ونەتەوانە هیچ لەم ڕەچەنیانەیان لەناو زمانەکانیان نازانن ،مرۆڤایەتی هەموو

لەسەرئەوە یەک ڕایە کەئەم زمان ونەتەوانە هەرلەهەزاران ساڵەوە کۆمەڵێک گوندی ودەشتەکی ونەخوێندەوارو ئەشکەوت نشین بۆ مرۆڤایەتیان بە جێ هێشتوون ،کەچی وادوای هەزاران ساڵ ڕۆژ بەڕۆژ ڕێساوڕێزمان و وشەسازی وجوانکاری وهونەری ئەو زمانانەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە مرۆڤایەتی کەسێکی زاناو وداناو پەروەردەکارو شوان و داهێنەرێکی هەمیشەیی سەرپەرشتی ئەم مرۆڤە دەکاو زمانەکانی وەک موعجیزە فێرکردوە تا بەو موعجیزە لە چاوگ وسەرچاوەومامۆستاکەی بگەڕێ وبزانێ ئەم زمانانە ئەشکەوت نشینە نەخوێندەوارەکان

دایان نەناون ولەو بەدیهێنەرە کارجوانەوە فێری بوون و لەژێر چاودێری وبە ئاڕاستەکردنی شاراوەی ئەو گەشەی کردوەو لق وپۆپی هاویشتووە .

بەهێزترین بۆچوونی ئەبوزەید ئەوەیە کە قورئان دەرهاویشتەی ئەو زمانەیە کە پێ ی هاتووەوئەو زمانەش ڕۆڵەوزادەی کۆمەڵگاوڕۆشنبیری عەرەبە.

ئەم گوتە مێژوو سەلماندویەتی چەند هەڵەیەکی گەورەی تێدان، عەرەبی بەتایبەتی وزمانەکان بەگشتی نەزادەی کۆمەڵگان ونە بەرهەم ودەرەنجامی ڕۆشنبیری سەردەم وگەلەکانیانن، گەلەکان ونەتەوەکان ،بەتایبەت عەرەبە دەشتەکیە دوور لە ڕۆشنبیریەکان چەند گەوهەرێکیان لە سەرزمان دانرابوو کە ئەوان نەیان دەناسی وئێستاش دوای هەزاران ساڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێساو ڕێزمان وبنەمای ڕەوانبێژی وپاراویان بۆ گەلەکان ومرۆڤایەتی دەردەکەوێ، مرۆڤ لەمەدا وەک ئەو کۆمپیوتەرو بەرنامە هونەریەبوو کە شارەزا کە تابلۆ جوان ونوسینەکەی پێ دارشت وئەوپەڕی جوانی تێدانواند بەڵام کۆمپیوتەرەکە ئەوسا قیمەتی ئەوەی کە پێ ی نەخشێنراوە هەستی پێ نەدەکرد ،تازەبەتازە دووای هەزاران ساڵ کۆمپیوتەرەکە خەریکە بەشێک لەجوانی ئەوتابلۆیانە دەرک دەکا کە کۆمپیوتەرە سەرەتاییە یەکەمەکان لەسەریان نەخشێنراوە.

یان وەک ئەوگۆزەگڵینەبووکەمرواری ونگین وئاڵتونەکانی هەڵگرت .

ئایا زمانی دینی و زمانی دوورلەدین بونیان هەیە؟

– ئەو بۆچونەی نوسەری ئێرانی حەسەن نسر دەیەوێ کە قورئان و زمانەکەی بکاتە سەنەم وبت وپەرستراوێک وەک مەسیح وبوزاو بپەرسترێ،کە ئەمە لە ڕێ لادانی پەیامی قورئان بەولاوە چی تر نیە.

– قسەکەی قازی موعتەزیلە دەیەوێ بڵێ کە تەحداومەیداندارییەکەی قورئان تەنیا بۆ عەرەبە، کەچی ئایەتەکە ڕوون وئاشکرا دەفەرموێ :ئەگەر هەموو جن ومرۆڤەکانی هەموو ژیارەکان

کۆببنەوە بۆ ئەوەی نوسراوێک وەک ئەم پەیامە بێنن ناتوانن بهێنن ،ئەگەر هەندێکیان پشتیوانی هەندێکیان بن.

کەچی ئەم قازیە دەڵێ کە دەقێکی جوانتر لەقورئانمان بینی ئەوەدیارە ئەودەقە کەسانی جگەلە عەرەب دایان ڕشتووە چونکە مەیداناریەکە تەنیا بۆ عەرەبە.

شاکر دەیەوێ بەناوی ئیعجاز ،ڕەوانبێژی بەسەر قورئان دا بکاتە سەنەم وبتێک وبڵێ کە قورئان نیشانەوئایەتی جیاکەرەوەی تەشریعی و گەردوونی وفیزیایی وکیمیایی ومێژوویی وکۆمەڵناسی و،،،هتد تێدانین و ناوازەیی قورئان لە زمانی عەرەبی دایەو کە وەرگێڕدرایە سەرزمانێکی ترنەناوازەیەو نەموعجیزەیە ونە پیرۆزوموقەدەسە،.

بەڵێ زمانی عەرەبی پیرۆزە بەڵام پیرۆزیەکەی لەوەوە هاتووە کە ئەو کەسەی زمانەکانی هەموو دروست کردوون ئەوزمانەی تایبەت کردوە بەقورئان، وەک چۆت اللە هەموو ناوو ئیسمەکانی داناون و بەڵام لەناویان دا ئەسمائی حوسنی و ناوەجوانەکانی لە ناوەکانی تر پیرۆزترکردوە، خۆ اللە دەتوانێ ئەم تایبەتمەندیەو ڕێسایە بگۆڕێ ،ئەوناوانە وەلانێ وکۆمەڵە ناوێکی تربێنێ وهەمان دەسەڵات وزیاتریشیان بداتێ .

بەکورتی بەڵای هەرەگەورەی مرۆڤایەتی زیادەڕەوی کردنە لەشتەکان ،کەقورئان وعەرەبی و تەورات وعبری و موسی ومحمد وئیبراهیم بەڕێزوپیرۆزن ،بۆیە پیرۆزن چونکە اللە سوڵتانی پیرۆزبوونی پێداون ،هەر ئەو عبری وعەرەبی و محمد وموسایە ڕۆژانێک هەبوو کە ئەو جیاکەرانەوانەیان شاردرابۆوە ،کەس نەی دەزانی، کە اللە ئاشکرای نەکردباو

تەورات وقورئانی خەڵات نەکردبان تا ئێستاش کەس نەی دەزانی، کێشەی قارون وفیرعەون ئەوەبوو کە نیعمەت وبەهرەو بەخششەکانیان پاڵ دایە لای خۆیان و پاڵیان نەدایە لای بەخشەری هەموو بەهرەو بەخششەکان، ئەم گەردوونە تابلۆیەکی یەکگرتووە هێشتا تابلۆکە تەواونەبووە وهێشتاش قەڵەم ودەستی خالقی داهێنەر زیاتر دەی نەخشێنێ، تابلۆش تاتەواونەبێ ناخرێتەپێشەنگاو ناتوانرێ هەڵسەنگێنرێ، هەڵسەنگاندنیش مافی ئێمە نیە، چونکە ئێمە تەنیا

بەشێکی کەم دەبینین، ئەستێرەی بەتروسکە لەتاریکایی شەو دەپەرستین وڕقمان لەتەختەڕەشەکەی ئاسمانە کەهەرئەوبۆتەهۆی تروسکانەوەی ئەستێرەکە، کەچی هەر ئەوئاسمانە کەلە ڕۆژدا شینی کراوەیە وکراسی خامۆکا شینە لەبەردەکا ئێمە دبینە سیامەندێک ولە مەندەهۆشی کراسی خامۆکە شینەکەی ئاسمان لە چیای سیپان خۆ هەڵدەدێرین.

هەموو دیاردەکان وان، خاڵە ڕەنگینە سەرنج ڕاکێشە کان ،جوانیەکان بەهۆی ئەوتەختە سپی وڕەش وسادەی ژێریان جوان دەبێ ،قەدری مانگ لەتاریکە شەودەزانرێ، بەڵام زیادەڕەوی وەک نکولی کردن وزیاتریش دەبێتە هۆی گۆڕانی بەخششەکان، ئەوپیاوەباشانەی پێش نوح چ تاوانیان هەبوو تابەهۆی زیادەڕەوی خەڵک بەنەفرین بکرێن؟، پێغەمبەرو پەیامبەر وفریشتەو چاکەکارو دیاردەکان هیچ تاوانیان نیە بەڵام بەهۆی زیادەڕەوی پەیڕەوانی نەزان سوکایەتیان پێ دەکرێ ،ئەوانیش چەندجارلە کۆمەڵگا دەردەکرێن، بەدناودەکرێن، ..

پوختەی مەبەست هەموو بەهاو دیاردەو پیرۆزی وشتەکان بە بەخشندەو بەهرەو چاکەی اللە بزانە،کەموعجیزەودەستەوستانکاریش بن ئەوە بۆ ماوەیەک ئێمەی مرۆڤ دەستەوستان دەکەن ،نەک اللە وخالق وداهێنەری ئەوان نەتوانێ لەوان باشتربێنێ، ڕۆژانێک دێ تەوارات وقورئان وئینجیل و پەیام بەرەکانیان ودین و ڕوگەکانیش لەم جیهانە نامێنن، کەچی جیهان ومرۆڤ وکۆمەڵگاش دەمێنێ ولەوانەیە بۆ هەزاران ساڵیش بەردەوام بن، ئەمە تا نەزانێک بانگەشەی ئەوەنەکا کە دروستکەری بونەوەر بێ ئەو دەق وکتێب ودین وپێغەمبەرانە ئەم جیهانەی پێ بەڕێوەناچێ ،یان لەوان جوانتر ناتوانێ بنەخشێنێ وببێژێ ودابهێنێ ،ئەوەهەمیشە زیندووی حەی، هەردەبخشێ پەی دەڕپەی....

جیاوازی زمانی دینی وزمانی ئاسایی لای نەسرحامد ئەبوزەید:

- ئەو جیاوازیەی کە ئەبوزەید ویستویەتی لەنێوان زمانی دینی وئاسایی بیکا، وەزمانی دینی بەوە وەسف کردوە کە ئەو زمانەیە کە دەیەوێ گوزارش لە بێ سنورو ڕەهابکا، پاشان دەڵێ کە زمانی دینیش وەک زمانی ئاسایی ڕێژەییە.

پێگەیاندنی کەسایەتی خوێناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

لەم بارەوە دەڵێم لە ئەو ڕوحەی کەلەناو ناخمان دایە و ئێمە زۆر کەمی لێ دەزانین هیچ بونەوەرێکی تری ڕەها لەم جیهانە پڕ گۆڕانکاریە دا نیە، دەزانین کە ڕوحمان بۆ ئەوە دروست کراوە کە بۆ هەتاهەتایە وبەهەمیشەیی بمێنێ ،ڕوحمان نامرێ ،تەنیا لەلاشەمان جیادەبێتەوەو پاش هەموارکرانی لاشەیەکی پەرەسەندوو هەمان ئەم ڕوحە دەچێتەوە ناوئەو لاشەی دوای مردن بۆمان پێک دەهێنرێ ،ڕوحیش وەک سیم کارتە ،هەرئەو سیمکارتەی لەناوهاندی سەلکە سابوون دابوو ئێستا چۆتە ناوئەوهاندە زیرەکانە کە ڕۆژبەڕۆژ گەشە دەکەن وپێش دەکەون، ئەوەنمونەی ڕوحی هەمیشەیی و لاشەی کاتی.

قورئان وپەیامە ئاسمانیەکانیش ڕوحن ،سیم کارتن ،زمان ونەتەوەکان لاشەن ،هاندن ،دەکرێ پەرەسەندوو بن ،دەکرێ سەلکە سابوون بن.

ئەبو زەید بنچینەی وەحی و پەیام دەگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیریەی لەنێوان عەرەب هەبووە کەباوەڕیان بەوە هەبوو کە جن ئیلهام و شیعر بۆ شاعیران دێنێ ،باوەڕیان هەبووکە هەواڵی کاهینەکان جن دەی هێنێ ،بۆیە باوەڕیشیان کرد کە پەیامی قورئانیش فریشتە دەی هێنێ.

من لێرە ئەم چەند پرسیارە دەوروژێنم :

ئایا هیچ نەتەوەو گەل وزمانێک هەیە کە دەستەواژەیەک یان دەیان دەستەواژەی نەبێ بۆ گوزارش کردن لە بونەوەرو جیهان و پەرستراوو خوداوەندی ڕەهاوباڵاوبێ سنورو پەی پێ نەبراو؟؟

ئایا هیچ زمان ونەتەوەیەک هەبووە کەچەندان ناوی بۆ دێوو درنج وخێوو پەری وفریشتە و بونەوەرە نادیارەکان دانەنابێ بەچاک وخراپەوە؟؟

ئایا گەل ونەتەوەیەکش هەیە کە هیچ ئەفسانە وچیرۆکی فۆلکلۆری ومیللی نەبێ بۆ دروست بوونی بونەوەرو زەوی وئاسمان ودیاردەکان ومرۆڤەکان وئاژەڵ وڕوەک وبەهاکان؟؟

لەڕاستی دا وڵامی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش کەمن پەیم پێ نەبردوە هەمووی دەڵێ کە هەموو زمان ونەتەوەکان لەم بابەتە دەوڵەمەندن، لەوانەیە زمانی عەرەبی هەژارترینیان بێ

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

،زمانی هندو یۆنان چەند باسی عەقڵیان کردوە دەهێندەش ئەفسانەیان هەیە، زمانی میسرو چین وتەنانەت زمانەکانی ئوسترالیاو ئەفریقیاو ئەمریکاکانیش پڕن لەو بابەتە سەرسام کارانە، بەم پێوەرە بێ هەموو زمانەکان مادام باسیان لە ڕەها کردوە ،کەم وزۆر هەمویان جۆرێک لە نوێژو نزاو پاڕانەوەو گفتوگۆی ڕوحیان پێ کراوە ،کەواتە زمانی ئاسایی ونادینی و دینی،، بوونی نیە لەم جیهانە، هەموو زمانەکان وەکو یەک موعجیزەن ،لەوەو پێش گوتم هەموو زمانەکان هەزاران ساڵ لەمەوبەر مرۆڤە ئەشکەوت نیشین وکۆخ نشینەکان پێ یان دواون کەچی دوای هەزاران ساڵ وائێمە ڕێسا سەرسام کەرو مەندەهۆش کەرە ڕێزمانی و گرامەری و ڕەوانبێژی و جوانکاریەکان دەدۆزینەوەو تائێستاش زۆرمان نەدۆزیونەوە، زمان سەرسام کارترین و گەورەترین بەهرەو بەهێزترین پردە لەم بونەوەرە ،هەموو گەردوون بەیەکەوەگرێ دەداو دەی کاتە یەک یەکە و یەک ئاوێنەو یەک سەبورەوتەختەڕەش و ناوە شایستەو ئاوەڵناوە نەمرەکانی مامۆستاو دامەزرێنەرو بەدیهێنەرونەخشە کێشی ئەم تەکیەو پەرستگایەی گەردوونەی لێ دەنوسێ ..

کەواتە زمانەکان هەموو دینین، موعجیزەن ،هەموویان هاندێکن سیمکارتەکەیان تێدایە ،چونکە هەموویان دەستەواژە ڕوحانی و ڕەهایی وبێ سنوری و نوشتەو تەعویزە و پەناگرتن ونوێژو پاڕانەوەیان تێدایە..

لەکاتی نمایش وهەڵسەنگاندنی بۆچونەکانی ئارگۆن، باسی ئەوە کرا کە اللە ویستی پەیکەرێکی بینراوی لەم بوونەوەرەو جیهانەداهەبێ ئەویش زمان و ئاخاوتنە، ئەوەی ئەوەی گوتوە زیادەڕەوی نەکردووە، زمانەکان کە دروست کراو نەبن هەموویان دروست کراو نین، هەموویان پیرۆزن، بەهەمویان کەلامی نەفسی زاتی علمی ئیلاهی بێ سەرەتاو ناکۆتاو بەهەمووشیان کەلامی لەفزی دەربڕدراوی مەخلوق هەیە، چونکە ئەگەر کەلامی خەلق نەکراو علمی اللە بێ ئەو هەمیشە دەی زانی کە چەند نەتەوەوزمان دروست دەکاو هەریەک لەوان بە دیاردەو کاڵاوبەهاکان چ دەڵێن، وەهەرگیزیش لەبیری ناچێ ،لەم زانینە هەمیشەییە دا جیاوازی لەنێوان زمانی عەرەبی وعبری و فارسی وکوردی وئینگلیزی وفەڕەنسی ،،،هتد نیە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

زمان لە مرۆڤیشدا لەناخ ودڵ وەدەروون و هزرو عەقڵ وهۆشی دا لە دایک دەبێ ،ئەم میکانیزمانە کامیان پێنوس وکامیان تێنوسن؟ ئایا دڵ وەدەرون قەڵەمن و مێشک و زاکرەو خەیاڵ و عەقڵ تێنوسەکەن؟ هەندێ لەو گوتارە زۆرە ی کەلامە نەفسیە چاوەکان ،ئەندامەکان بە ئاماژە دەیڵێن، زمان تەنیا قەڵەمی تێنوسی گوێ کانن، دەستەکان بەنوسین ونەخشەکانیان زمان و قسەکەری چاوەکانن، زۆر خۆشەویست هەن کەلەناو دڵ و وەدەروون وعەقڵ وهۆش وخەیاڵ هاتن و چوون وئەوسندوقەی سنگ وەدماغ ناوی ئەو خۆشەویستەیان نەدایە زمان وپەنجەکان تابۆ گوێ وچاوەکان بیدرکێنن وبینەخشێنن ،ئەمەلەعەشقی مەجازی دا زۆر ڕووی داوە ،ئەی لەعشقی حەقیقی چی؟؟

ئەوە ئەو ناوانەن کە لە فەرمودەکە هاتوە کە اللە هەڵی بژاردون و هەرلە زانستی شاراوەی خۆی دا هێشتوونیەوەو نەی هێشتوە نەهیچ لەوحێک بیان بینێ ونەهیچ گوێ یەک بیان بیستێ...

خۆ ئەبو زەید لەو هاوکێشەی کە گووتی هیچ شتێک لەدەروەی بازنەی زمان نەهاتووە وهەموو وەحی لەناوچوار چێوەی ڕژێم وڕێسای زمانی پەیام بەرەکە هاتووە، ئەوە ئایەتیش هەروادەفەرموێ ، بەڵام بەشی دووەمی هاوکێشکەی ئەبوزەید کە زمانی کردە بەشێک لە ڕۆشنبیری وبە ڕۆڵەو دروستکراوی ڕۆشنبیری زانی ئەوە ڕاست نیە، زمانەکان لە ڕۆشنبیری زۆر کۆنترن، زمانەکان لەسەرەتای بوونی مرۆڤەوەهەن کەس سەرەتای بوون ودەرکەوتنی زمانەکان نازانێ، ئەوەی دەگوترێ قەبڵاندنە، باشە مادام زمان زادەی ڕۆشنبیری بێ ،بۆ ئەو هەموو پێشکەوتنە لە ڕۆشنبیری و فەلسەفەوفکرو ئەدەب وداهێنان ڕوویان دا ،کە چی نەمان دی هیچ زمانێکی کۆن وسەردەمی ئەشکەوت بگۆڕێ یان بڵێ ئەو زمانی ئەشکوتە فڕێ دەدەم وبە کارخانەی ڕۆشنبیری زمانێکی تر دروست دەکەم؟ ،زمانیش وەک دینەکان ودیاردەکان و چیاوڕوبارو دەریاکان وایە مرۆڤ کاریگەری هەیە لەسەر ئەمانە لەسەر گواستنەوەیان،پەرە پێدانیان پاراستن ومانەوەیان ،یان لە ڕێ لادان وتێکدانیان،،گۆڕانکاریان بەچاک یان بەخراپ تێدا دەکاو کردویەتی ،بەڵام دروست کەروبەدیهێنەری ئەوشتانە نیە.

وەک دەتوانێ بۆمبێک لە پرۆتۆنەکانی ملیۆنەهاگەردیلە کۆکاتەوە،یان بۆمبێکی هایدرۆجینی ونیترۆنی کۆکاتەوە،بەڵام ناتوانێ لەنەبوونەوە بەدی بێنێ، دەتوانێ بەئاوەڕۆ دەریاچەیەک پێک بێنێ، گردێک ،بورجێک دروستکالەبەردوملی دەریاوشاخەکان....هتد بەڵام ناتوانێ بەدیان بێنێ، دەتوانێ لەسەدان دین وزمان بنەماوڕێساودەستەواژەونەریت و ووشە بێنێ ودینێکی نوێ پێک بێنێ ودینەڕەسەنەکان نابووت کاوزمانە تۆکمەکان لاوازکا،بەڵام ناتوانێ لەنەبوونەوە دروستیان کا.

زۆرێک لە نوسەران موعتەزیلەکان بەخاوەنی قوتابخانەی عەقڵانی دەزانن وبابەتی عەقڵ ونەقڵ ،گێڕدراوەو دەرک پێ کراو وەک دووهێڵی تەریبی هەرگیز بەیەک نەگەیشتوو دژبەیەک دادەنێن و پێ یان وایە کەعەقڵ کەلە جیهانی غەیب وشارەوە حوکم بدا گومڕاییە.

ئایا عەقڵ باوەڕی بە وەحی ،بەسحر،بەنادیار بەگێڕدراوە،نیە؟

چۆن عەقڵ ئەوهەموو دیاردەی خەون بینین و خەیاڵ وئەندێشەو ئەو هەموو گیرۆدە بە مەسی جنەکان وئەو هەموو باس وخواسەی سحرو جادو فاڵچیەکان وئەو هەموو هونەرو زانست وپیشانەی کەلەناوکۆمەڵگای مرۆڤایەتی -تاکە بونەوەری عاقڵ-هەن ،هەموویان ڕەت دەکاتەوە؟

ئەدی هەر عەقڵ نەبووە کە لەناو هەموو دروست کراوەکانی سەر زەوی دیاردەی دیندار ،گوتار وقسە کردن، نوسینەوە گێڕانەوەو داتاشین ووێنەکردنی لەسەر مرۆڤ پێویست کردوە؟، عەقڵ واتە بەستنەوەو هەڵ گرتن وبەرەڵا نەکردن، عەقڵ بوو کە مرۆڤی خولیای ئەوەکرد کە لەناو ئەو گوتەو زانستانەی دەرکیان دەکا،یان پێ ی دەدرێن بەپەیام دەبێ هەندێکیان لەسەرشێوەی هێماو نوسین وشێوەو وێنە وەبەستێ وبنوسێ ،تابۆنەوەکانی داهاتوو ببنە وێستگە وتا عەقڵیان گومڕانەبێ ،گێڕدراوەونوسراوو ئەرشیف کراو بۆ پەیامە ئیلاهیەکان وئیجتهادو هەڵێنجانە ڕەبانیەکان هەردووکی عەقڵ گوتی ئەو دەرک پێکراوانە وەبەستن با لەناوبازنەی بەستراوەی دەرک پێکراوو مەعروف وناسراوان بمێننەوەو بەلە بیرچونەوە نەچنەوە جیهانی مونکەر ولەبیرچونەوەو نەناسراوی ،هەموو ئەو بڕە زانستە دەرک پێ کراوە ڕۆژانێک هەمووی لەجیهانی غەیب ،شاراوە

،مونکەر،نەناسراودابوو، اللە ویستی بناسرێ ،ئەوبڕەی کە لەناوبازنەکە ماوە عەقڵ بەستویەتیەوە ،هەموو دەقەکان بەشێکن لە علم وزانستی هەمیشەیی ،هەربەشێکی زانیاری هەمیشەیی کە هاتبێتە دەرک کردن وبەسترابێتەوە بەگێڕانەوە یان نوسرانەوە ئەوە عەقڵە، کەواتە عەقڵ بەشێکە لە علم ،بەڵام عەقڵ دەرکی پێ کراوەو بەستراوەتەوە، عەقڵ ،قەڵەمی یەکەم دروستکراوەی اللە یە ،قەڵەم بەستەرەوەیە تۆمار کەرە ،عەقڵە ،پێش عەرشیش دروست کراوە تا ئەوەی دەبێ وڕوودەدا ودەرکی پێ دەکرێ ودەبێتە بەشێک لە زانستی دەرک پێ کراوو پەی پێ براو=عەقڵ ئەوەبنوسێ.

قورئان عەلەم وبەشێکە لە علمی ڕحمن ، ئەو خودی عەقڵە نەک دژی عەقڵ بێ.

عەقڵ ئیمانداری بەخالقی بونەوەر لەسەر مرۆڤ پێویست کرد، عەقڵ گەڕان وشەیدایی وفەلسەو عرفان وتەزکیە وڕەوشتی لە سەر مرۆڤ پێویست کرد،عەقڵ وڕوح وگوتار، یەک گەوهەرن سێ موراديف وهاو واتان ، دینداری و ڕەوشت و پابەندی تەنیا لەسەر عاقڵەکان پێویستە ،کەواتە عەقڵ وەحی وبوونی ڕوح ڕەت ناکاتەوە، جیهانی نادیار ڕەت ناکاتەوە چونکە خۆشی نادیارە، ئەگەرنادیار ڕەت کاتەوە دەبێ خۆی ڕەت کاتەوە، عەقڵ لە دینە کان وگەشە دان وبەرە پێدانیان ئەودەفرەیەکە وەحی تێداهەڵدەگیرێ ودەپارێزرێ،وەحی بەشێکە لەعەقڵ ،بڕوانە هەریەکێ لە دینەکان کەهەریەکەیان چەند ڕێساوبنەمایەکی ڕوحی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ن ،کێ ئەو مرونەت ونەرمی نەمری ومانەوەی پێداون ،کێن ئەوانەی دینەکانیان بوژاندونەوەونوێ کردونەوە ئەوانە عاقڵەکانن، اللە کە ئەم جیهانەی کردە دووبەشی نایەکسان بەشێکی کەمی شەهادەو بینراوو ناسراوو دەرک پێ کراو کەناکاتە هیچ ڕێژەیەکی جیهانی مونکرو نەناسراوو غەیب وشاراوە ،لەوێشەوە هەندێ پەیام وڕێسای گشتی بۆناردین، بەڵام ئەو بونەوەرێکی سێ چوکڵەی لەناوناخی بەندەکانی داناوە کەدەزانێ هەرچەند ئەوشاراوەبێ بەهۆی ئەو دینەمۆو بزۆزەی ناخیان هەر دەی بینن و بڕوای پێ دێنن ،ئەو بونەوەرە ربانیە هەمیشەییەش سێ کوچکەی:

-ڕوح

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

-قسەکردن

-عەقڵە.

١-یەکەم جار ڕوحی زیندەگی وژیان وەک سیم کارتەکە بە هاندی ناو منداڵدانی ژن دادەکرێ کەکۆرپەکە هێشتاچوارمانگە.

٢-کاتێ هاندەکەی لاشە لەدایک بوودووساڵ گەشەی کرد، سیم کارتی ڕوح خزمەت گوزاری زمان وئاخاوتن زیاد دەکا.

٣- پاش باڵغ بوون هەژدەساڵی وپەرەسەندنی هاندەکەی لاشە بۆ هاندی زیرەک ،سیم کارتی ڕوحی قسەکەر، خزمەت گوزاری عەقڵی دیندار و پابەندی ڕەوشت وڕێساکانی کۆمڵگا زیاد دەکا، کەواتە ڕوح ووئاخاوتن وعەقڵ ودین کەهەرلەسەرەتا نەمرۆڤایەتی دروستی کردون ،وەهەموو بەندەیەکیش پاش بوونی دووبارە پێ ی دەدرێنەوەو لەکاتی مردن لێ ی وەردەگیرێنەوە.

ئەلف وبێ یەکان ڕوحی زمانەکانن.:

هەرزمان وگەل ونەتەوەیەك کە سەیری زنجیرەی ئەلفبێتیکاڵەکەی بکەی،کەسایەتی ئەوگەل ونەتەوەی تێدادەبینی.سەیری (ابجد هوز)بکە کە تەمەنی بۆ هەزاران سال دەگەڕیتەوە,هەروەها زنجیرە ی ئەلفا بێت گاما ی یۆنانی گرێکی و ئەی بی سی دی ئینگلیزی ,و الف با تای عەرەبی کەپێ ی دەڵێن سلسلە ی نور,هەموو یان تەمەنیان بەهەزاران سالە,ئەمانە لە ریزبەندی نەتەوەیی دەرچوون وبونە ریزبەندی دینی وجیهانی ,بەلام بێ گومان هەموو گەل ونەتەوەی دنیاش ریزبەندی تایبەتیان هەیە, زمانەکان وەك کەسەکان ئەوانیش ڕوحیان هەیە,ڕوحەکەیان لە ریزبەندیەکەیان دایە,هەرچەندە من پیم باشە کە ریزبەندی لە دەقی پیرۆزو دینی ولاهوتیەکان وەر بگیری تا سروشتیکی پیرۆزو بەردەوامی پی بدرێ,چونکە وەك چۆن لای فیساگۆرس پیش ئەوەی جیهانی تەن وماددە دروست بی، ژمارەکان بوونی دارنراوو تایبەتیان هەبوەلە جیهانی ڕوحەکان,هەروەها معناو واتای وشەکان لای ئەفلاتون بەهەمان شیوە پیش دروست بونی ماددە

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

بونی روحانی و ئایدیایان هەبوە,هەروەها پیتەکانی لای زۆریك لە عارفان و زانایان وەك ئیمام احمدی کوری حەنبەل و عەبدالقادری گەیلانی وئیبن تەیمەو زۆریکی تر کە پیتەکانی ئەبجەد هوز ئەبەدین و لە پیش بوونی جیهان ومادەو بەشەر هەر هەبوون و ئەوانیش وەك روحەکانن لای ئەو کەسانە روح بە ئەبەدی دەزانن,هەر بۆیە کە اللە شەرەفی دابە ئیبراهیم کە یەکەم پیت لە سەر قورگ دروست بکا,ئەوەی لە قورئاندایە پیتە و شوێنی دەنگە کە ئیبراهیم دروستی کرد,بۆیە ئیمە نابێ صنم بکەینە بت ,چونکە ئیبراهیم کە صنمی شکاند پیتی بنیات نا وەبیت بەمانای ئەسنام نیە,بەلکوبیت وبت بە مانای هیمای بچوك کراوەی دەنگە بۆ نوسین,ئەوانەی ڕوو لە بەیتی پیت دەکەن لە پەرستنەکانیان بیت ناپەرستن، بەڵکو ئەو کەسە دەپەرستن کە ئەسماوناوەکانی بە پیت ویەکە بچوکەکانی بەیت دەنوسرێ ودەکرێ بە کەلیمە وڕستە.

هەربۆیە زمانە وابەستەکان بە جیهانی لاهوتی تەمەنیان زۆر دریژترەو لە ئەو جیهانەوە چاودێری دەکرێن,بەڵگە نەویستە کە هەموو کتێبەکان کەلیماتن و کەلیمەش پیتن ,تەمەنی پیتەکان لەهی کەلیمەکان زۆر دریژترە,چونکە وشەکان لەگەل بەسەرچوونی زمانەکان دەبنە زمان وشەی مردو ,تەنیا چەند وشەیەك نەبێ کە دزە دەکەنە ناو زمانە نوێکەوەو دەمێننەوە ,بەلام پیتەکان جاری وایە بۆ چوار چینی زمان بەکاردێن ,بەلام دەنگەکان کە دایکی پتەکانن تەمەنیان لەهیما نوسراوەکانیش دریژترە, ,ئەمە ئیبن خلدون بەدریژی لەمقدمەکەی باسی کردوەو من بە پیویستی نازانم باسی بکەم.

ریزبەندیەکی تریش هەیە کە ریزبەندی تجوید ومخارج و دەربرینی دەنگەکانە کە ئەویش زۆر گرنگی پی دەدری کەلە ئەلفی قورگەوە تا باء یان میمی لیوەکان کۆتایی پێ دێ ،.

ئەگەر سەیری ئەبجەدیەت بکەی کە ئغ کۆی دەکاتەوە وبۆتە غایەو مەبەستی گەلان وقاپ ودەفرێکە کە سەدان زمان وکەلتوری وڕۆشنبیری ودین وياسای لەو دەفرەدا هەڵگرتوە.

زنجیرەی نوریش کە بە ئی کورت دەکرێتەوە ،بۆ گەل وئوممەتێک کە شەرع وفقە وپیرۆزیەکانیان ئایەی قورئان دەستی پێ کرد،بۆیە زنجیرە پیتەکانیان ئەوکەسایەتیەی دەرخست وبە ئ دەستی پێ کردوبە یا کۆتایی هات.

ئەلفبیتیکاڵی ئینگلیزی az بو ،عز و سەربڵندی و ئەزو خودێکی بەهێزی بۆوگەلانە هێنا کە پێ یان نوسی.

ئەو گەلانەی هەر سالە و دەسالەی ڕیزبەندیەك بە کار دێنن وەك ئەندازیارە بچکۆلانەکە زوو زوو بیناکەی خۆیان دەروخینن,ئەوانە بیانەوی ونەیانەوێ ,تاکەکانیان هەر لە منداڵیەوە کە لەسەرئەو ئەلف وبا ڕیزبەندە زوو گۆڕاوانە پەروەردە دەبن ,ئەوانیش چەشنی ئەلف وباکان کەسانی میزاجی دەردەچن ولەسەر ئارەزوو و هەڵبژاردنەکانیان ئۆقرەناگرن و زوو زوو دەی گۆڕن,بەمەش ناتوانری ئاراستەی ئارەزویا ن بدۆزرێتەوەو دەست نیشان بکری,چونکە ئەمانە نەخۆشن و پیش دۆزینەوەی ئارەزوو پیویستە چارەسەر بکرین, هەروەها ئەم حاڵە بە منداڵەکانەوە ناوەستێ کە بێ ئایندەن,بەلکو پیاوو ژنەکانی ئەومیللەتانەی ئیرادەی پابەندیان بە ڕیزبەندی ئەلف وبای تایبەتی نەبێ ئەوانیش دردۆنگ وڕاڕا و پەرپوت دەبن لە خەونەکانیان وپرۆژە سیاسی وفەرهەنگی و زانستی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانیان

,جا هەروەك چۆن بنچینەی هەموو تەنەکان بە هەرچوار توخم لەو پاروە خواردن و فڕە نۆشراوو خواردنەوە وئەوهەناسانەیە پێک هاتوون کەلە دەم ولوتەوە دەچیتە ناو لاشەوە پاشان لە وێوە هەلدەدرێ بۆ قولایی گەردون ,هەربۆیە مافی ناونان و ووشەو کەلیمەو هیما دانانیش لە سەر هەموو شتە کان دراوە بەو سندوقە کە سەرە، بەتایبەتی دەرگای سەرەکی سندوقەکە کە دەمەو کلیلی سندوقەکە کە زمانە,هەرچی چەمک وزاراوەو وشەکانە لە هەموو زمانەکان، ئەوانەی لە ڕابردوو بوون ولەناو چون وئەوانەش کە دێن هەموو ئەم زمانە وەك چۆن مادەو خواردنەکەیان دەجوێ، ئاواش ناویان دەنێ , وئیسمیان دادەنیتە سەر بە دەنگەکان ,گویکانی تەنیشتی وزاکرەی

پشت سەریشی خەزینەی ئەو دەربڕینانەن ,چاویش شیوەو شکلەکانیان دەبینێ وخەزن دەکاو هیمای نوسین دادەنێ و دەیداتە دەستەکان تا دەستەکان بینوسن ,

بۆیە ئەبجەدیەکان ،پیت ودەنگ وبەیتەکان ،ڕوگەوقبلەن، دەفروهەڵگری زمان ونەتەوەو واتاو ئوممەتەکانن،

- لەیادی لە دایک بوونی کەلیمەی ڕوحدا:-

گوتم ئەی ڕوح کە ژیان وزیندەگی لاشەی مردوی بێ گیان بە تۆوە بێ،کە تۆ ڕوح اللە بی وحیات وژیان :ئاوێتە بوونی تۆبێ لە خانەوشانە کانی جەستە،کە زیندەگی وژیانی هەمیشەیی هەرخود وزاتێک پێویستی بەوەبێ بۆهەتاهەتایە وبێ سەرەتاوکۆتایی ئەوزاتەوڕوحەکەی ئاوێتەی یەک بووبن وهەرگیزکۆتاییەک نەبێ بۆلێک بوونەوەیان وسەرەتایەک نەبێ بۆ ئاوێتەبوونیان وڕوح اللە ئەبدی وئەزەلی وبێ سەرەتا وبێ کۆتایی بێ،چونکە بێ ئەزەلی وئەبەدی حیات وڕوحی اللە هەمیشە وجودو بوونی سەرمەدی هەتاهەتایی اللە واتایەکی نابێ،ئەی چۆن ڕۆژێک هەیە لە ڕۆژانی زەمەندا بۆیادی لە دایک بون وپەیدابوونت؟؟

کەلیمە گوتی:وەک چۆن کەلیمەوپەیف ودەستەواژەکان،کەزمانەکان وکەلام پێک دێنن،یەک لە دوای یەک لەدایک دەبن،ئاخر خۆ ئەوزمانانە دەفری واتاومەعناکانن،مەعناکانیش دایکی بەهاکانن،ئایاکاتێک هەبوو کە وجود مەعنایەکی نەبوبێ وبێ مەعناوبێ هودەبووبێ؟؟کە موسی وسام ئیسم وسیماو وئەمس ودوهی وڕابردوبن،ئایا کاتێک هەبوەوجودو بوون خاڵی بوبێ لە ئیسم وئەمس ودوێنێ وڕابردوو؟؟کە موسا ئیسم بێ وئەمسی دوێنێ بێ ،ئەوەتا موسای سام کوڕو فرزەندەی نوحی نوزەو لاڵانەوەوهەناسە وسەفینەی نەفیس وپڕپەهایە، جاکەنوحی نوزە،هەناسەونفس ونفیس ونقیسینی پەی دەڕپەی ونەزیفی ڕووباری دەنگەکان بێ،مێژوناسان دەڵێن کە ئاوێستای مستوی وگەیشتو.کە کەشتی بوو،چونکە کاملْ وبێ گەیشتوبوو،بە شەست دەنگ گوترابوو،شەست هێماو پیتی بۆدانرابوو،جاکەنوح دەنگ بێ،کوڕەکەی ئیبراهیم پیت وئەلف وبابێ،وموسا ئیسم بێ،ئەمانە گشتیان کوڕانی ئادەمی ئەدیمی دەستی پێستەخۆشکەری

ربانی وکەلیمەوئەسمای رحمانی بن،کەواتەئادەم هەم ئیسم بوو،هە م کە لیمات بوو،هەم تاب علیها وتایپ وپیتەکان بوو،لێرە دیارە کە ئیبراهیمی پیت کوڕی عیسای کەلیمەی بەدەنگ ونوح ونوزە دەربڕاوە،ئایا نوزە کوڕی ئیبراهیمی پیتە؟یان بە پێچەوانەوە؟ ئایا هەناسەو نفس وڕوحی نفس واحدە دایکی ئادەم نەبوو،ئەی ئادەم وحەوا لە نفس واحدە دەر نەهاتن؟،کەواتە نەفس وهەناسەوڕوح ودەنگ پێش ئادەمی تێنوس وئیسم وپێش موساوپیتی ئیبراهیم هەبوون، ئەوەی لە جیهانی دروستکراوداپێش دەکەوێ وئەوەشی دەرەنجامە،ئەوە لە جیهانی مەلە کوت دامەرج نیە بەوشێوەبێ،لە جیهانی ئێمەی مخلوق،تاهەناسەودەنگی نوحی نەبن ،ئادەمی ئیسم لەدایک نابێ،سامی وموسا نابن،تاسامی وئادەمو نوح نەبن ئیبراهیمی پیت وحەرف لە دایک نابێ،اللە هەواڵی پێداوین کە چوار بنچینە ی نوحی ئاوو وئادەمی گڵ وئیبراهیمی ئاگرین وعمرانی باوکی باوڕوح لەیەکترن.

إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ۝ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ [آل عمران:33- 34].

لە زانستی فیزیاشدا هەروایە،ناتوانی ئەوەش ساغ بکەیەوە کە چوارپێکهێنەری گەردون ئاووباوئاگروگڵ کامیان پێش کامیانن،ئەوەندە نەبێ کەلە فەرمودەی زڕی کوڕی حبیش داهاتوە کە ربنا پێش عەرش وما ولە عەمادابوو،سەروژێری هەرهەوا بوو،هەواش بایە،کە واتە هەواوباو ریحی عمرانی عیسەوی لە ئاگری ئیبراهیمی وئاوی نوحی سابئی وگڵی ئادەمی کێومەردکۆنترە،وەبە قەبارەش لەوان گەورەترەوبازنەیەکە هەمویان لە خۆدەگرێ لە سروشتدا،ئومەت وپەیڕەوانیشی لە ناو جیهان بازنەیەکن هەژمونیان لە هەموو گەل ودینەکانی ترزیاترە،بۆیە ئەوڕوحە .

ئەگەر کەونوگەردون وبونەوەر کفن ونەفەق وتۆنێل وڕێڕەوو وگوزەری ئەو چوار بنە ماڵە بێ ئەو میروەح ومعبرو مسرایانە،ئالەمەدا ،کە عیسا ڕایح وچوارپێک هاتنەکەی ناو گوزەرەکە ، میروەح وگوزەرەکەن،کە عیسی ی ڕوح وکلمە وئەمر ئەوە بێ،وەکە محمدیش ئەو ڕەسول وسەروال وپانتۆڵەی ئەو مادەووزانە بێ کە گوزەری پێدا دەکەن هەردەبێ،بەڵام گوزەرەکە جیایە لە وچوار

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیزلۆتەری

پێک هاته وبازنەی هەرەگەورەیە کە ئەوچوارانە ئیستیعاب دەکاو لە خۆ دەگرێ وئەوان ناتوانن ئیستیعابی گوزەروبۆشایی بکەن ولە خۆی بگرن، بۆیە ئەو ئەو خاتەم وئەنگوستیلەو ئاڵقەیە کە هەرچوار بنەماڵەکانی پێکهێنەری مادە لەناوکۆش وبۆشایی ئەودا لەوەتی هەن دەخولێنەوە..

لەیادی لەدایک بونی سوپاس گوزاروکەلیمەی ڕوحدا محمد گوزەروتونێل ونفق وکفنی کەون وبۆشایی ئیستعابکەری گەردونەو عیسی ی روح وکەلیمە پێشەنگی چوارمادەکەی کە گوزەردەکەن پێیدا.

، چۆن دەکرێ محدود وسنوردار دایک وژێدەروچاوگی بێ سنوری ورهایی بێ؟؟چۆن دەگونجێ ئەزل وئەبەدی بێ سەرەتاو کۆتایی خۆی لە دووخاڵ ونوختە ئەوەل وئاخیردابەندبکا؟؟نمونەی ئەمە لەناو مخلوقاتدا دەبینین،ئەوەتا دەنگەکان دیاری کراون،بەودەنگەدیاری کراوانە جیهانێک لە واتاومەعنای هەڵگری بەهای بێ سەرەتاوکۆتایی بەو دەنگە دیاری کراووسنوردارانە دەردەبڕدرێ،هەروەها پیتەکان ،کە تەواوترین زمانی نوسراو ئاوێستای مستوی وتەواوو پێ گەیشتو بێ کە بەشەست پیت دەنوسرا،زمانی ئیستوای ئاوێستا قۆناغی رحمانی دەنوێنێ کە لە سەرهەردەلقی چوار پێک هاتەکە دازاڵ دەبێ،ئەویازدەی ئیستواو یەکسانیە،ئەوکوڕی ئیبراهیمی زەردەشت،سیاوەشی شایستەی محمدی سوپاس گوزارە کەنەوەی ئیبراهیمی زەردەشتە،لەمەوە ساغ بۆوە کە محمد محمی دە مادەکەو پەرژینی دەمادەکەیە وسیاوەشی شایستەی کوڕی ئبراهیم زەردەشتە کەلە ڤەندیادی ئاوێستادا ناوی هاتوەو،مسجدی مجسدوبەرجەستەکەری دین وپەیڕەویەتی ومەلەکوتی لاهوت لە گشت وجود بەو دەلقی چوارپێک هاتەکەوگوزەرەکەیان مجسد وبەرجەستە دەبێ،بەمەش گشت بونەوەرپەرستگاو مسجدێکەولەکڕنوشدایە،مسجێکی ستایشی اللەیە،جسمێکی مجوسی یە وشایستەی کوڕی زەردەشتی ئیبراهیمی ئاگروعیسای بای پێشەنگ ولە خۆگرو ئیستعاب کەری چوار مادەی ئاوی نوحی سابئی ووبای عمرانی نەسرانی وگڵی ئادەمی ئەم مەسج ومجسد وهەیکەلو پەیکەرە تەواودەکەن وپێک دەهێنن..

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس و ڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

لە یادی لە دایک بونی کەلیمەوئەمروڕوح ومحمدی مدح وثناء و شفیع وجووتەی شایستەی اللە ی وتردا:

ئێوە ئەوهەموو گوڵ وڕوەکە دەبینن،چەندهەمەڕەنگ وجوان وفرەتاموبۆنن،ئەم هەموورەنگ وبۆن وتامانە قەدێکی بە ئەندازەی تاڵەدەزوو بەخاکی دایکیانەوە دەبەستێتەوە،ئەگەرڕەگ وژێدەرەکانیش وەک ئەوقەدە باریکانە،پیتە کان وڕەنوسەکانیش هەروا ژمێراو دیاری کراون،بەڵام ئەودەڕەنوسە وەک ئەوقەدەباریکانە ژمارەی ملیاری وترلێۆنی هەڵدەگرێ،پیتە کانیش کە ژمارەیان کەمەو هەروادەنگەکان،ئەوەتا وەک قەدە باریکەکان دەیان هەزار زمانیان هەڵ گرتوەو هەڵدەگرن،کە نزیکن لە بێ سنوری وبێ پایانی،ئەگەرزمانەکان تام وبۆن وڕەنگەکان بن وپیت ودەنگەکان قەدەکان بن ،ئەوە مەعناو واتاکان کێڵگەوبێستان وزەمینەکانن،.

کەلیمە کان ،ڕوحەکان،عیساییەکان ،بایەکان،گوڵ وگەڵاو تام وبۆن وڕەنگەکان وزمانەکانن،ئیبراهیمی زەردەشتی ئاگر قەدە باریک ونحیف وحەنیفو مایلەکانن کە زۆرناسک ولاوازن وهەرساتەی بەلایەکدا بایە روحیەکان ی کەلیمات دەیاننوشتێننەوەومەیلیان پێ دەکەن،ئەوانە زەردەشتی ئیبراهیمی حەنیفن وئاویستای بە شەست دەنگ وپیت نوسراون،ئادەمی گڵوزەمینی وئەدیم وپێستی ئەرز واتا ومعناو دەلالەت وبەڵگە کانە وڕۆڵی کێڵگەکان وبێستانە کان دەگێڕن.

نوێژ کەرەکان کاتێ سوجدە دەبەن،ئیمان بەتجسید بوونی اللە لە سەرشێوەی خاک دەهێنن،کە باوەڕیان بەوە نەبێ کە خاکی ئادەمی وەجهو دۆخێکی اللە یە سوجدەیان لێ قبوڵ ناکرێ،هەرواکە باوەڕیان بە ئەوە نەبێ کە ئاگری ئیبراهیمی دۆخ ووەجهێکە لە بارودۆخەکانی اللە ئەوە رکوع وچەمانەوەیان لێ وەرناگیرێ،وەکە باوەڕیان بەوە نەبێ کە ئاوی نوحی ونوزەیی حاڵ ودۆخێکی اللە یە جلوس وتحیاتیان لێ وەرناگیرێ،وە کە باوەڕیان بە ئەوەنەبێ کە بای عیسەوی دۆخێکە لە دۆخەکانی اللە ڕاوەستانی فاتیحایان لێ وەرناگیرێ.،

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

کۆی نوێژ دەبێ باوەڕت بەوەبێ ئەم چوار حاڵ وبارە هەمو وەجهو بارودۆخی الله هەمووی حەقن ،تانوێژەکەت قبوڵ ببێ،بەڵام کە باوەڕیشت وابێ دۆخێک لەو دۆخانە بەتەنیابەسە بۆ الله ئەوە نوێژەکەت بەتاڵ دەبێتەوە،چونکە بەهەموو بارودۆخەکان،پەیامی رەسولە شەریعەت دارەکان ودینە تەواوەکان وڕوکنەکانی نوێژ هەڵدەگرن،هیۆلای بوون پێک دێنن،الله هەردۆخ وخوداوخاوێک نیە ،الله هەموو خوداوخاوو وخواکان کۆدەکاتەوە،بەهەمویان تابلۆی میعڕاجی ڕوح ولاشەی مرۆڤ بڵند دەکەن بەرەو جیهانی هیۆلای لاهوتی الله ئەوسەرکەشە یاخیە دەگێڕنەوە.

لێرە پوختەی ئەم بەشە بریتی بوو لە م دەرەنجامانە :

ململانێی ئارگۆن و موعتەزیلە: فاکسینی چارەسەر(کەلامی نەفسی).فاکسینێکە" بۆ ڕزگاربوون لە پەتا مێژوویییەکان.:

باخچەی ساوایان: دینی سابئەی ئادەم.

سەرەتایی: مەجوسییەتی حەزرەتی نووح.

ناوەندی: حەنیفییەتی ئیبراهیم.

ئامادەیی: یەهوودییەت.

زانکۆ: ئیسلام.

خوێندنی باڵا: گەڕانەوەی مەسیح.

شک و گومان دینەمۆی ئەم گۆڕانکارییانە بووە؛ ئەگەر مرۆڤایەتی گومانی نەبوایە، لە پۆلی یەک دەمایەوە و قۆناغی زانکۆی نەدەبینی.

سێ کوچکەی مرۆڤ: (ڕوح، ئاخاوتن، عەقڵ)

ڕوح: وەک (SIM Card) وایە، پێش لەدایکبوون و دوای مردنیش دەمێنێتەوە.

لاشە: وەک (Handset/مۆبایل) وایە، کە فەنا دەبێت و دەگۆڕێت.

ئاخاوتن و عەقڵ: خزمەتگوزاریی زیادکراون (Add-on services) کە بەپێی تەمەن لەسەر سیمکارتەکە چالاک دەبن.

چوار توخمە گەردونییەکە و گەشتە گەورەکە

لە کۆتاییدا، پێنج کەسایەتی گەورە وابەستەی چوار توخمی سەرەکییەوە بۆ تەواوکردنی "نوێژ" و "میعراج":

ئادەم (گڵ): نوێنەری زەمین و واتا و کێڵگەیە (سوجدە).

نووح (ئاو): نوێنەری نوزە و هەناسە و ژیانە (دانیشتنی تەحیات).

ئیبراهیم (ئاگر): نوێنەری قەدە ناسکەکان و مەیلی دڵە (ڕکوع).

عیسا (با/هەوا): نوێنەری ڕوح و کەلیمەیە (ڕاوەستانی فاتیحە).

محەمەد (ﷺ): گوزەر و "تونێل" و فەزای گشتییە کە هەموو ئەمانە لەخۆ دەگرێت.

—

ناوەرۆک:

یەکەی یەکەم:

یەکەی دووەم:

یەکەی سێیەم:

پێگەیاندنی کەسایەتی خۆناس وڕۆشنبیر:نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

یەکەی چوارەم:

یەکەی پێنجەم:

یەکەی شەشەم:

-

ئەم کتێبە:

پوختەی گوشراوی سەرەتایەک بۆ پێگەیاندنی پەروەردەکاروفێرکاری خۆناس وڕۆشنبیر:

ـئەم نوسراوەدەیەوێ ئەم بنەمایانە بسەلمێنێ:

١-مرۆڤ بەوەلە بونەوەری ترجیادەبێتەوە کە توانای وەرگرتنی پەروەردەوگۆڕانی تێداهەیە.

٢-مرۆڤ کەسێکە عەقڵی هەیە و زانست کەڵەکەدەکاو بەزگماک دینداڕەوبۆ عبادەتکردن دروستکراوە،عبادەت=دینداری=ئیمانداری=هۆشمەندی وعەقڵداری=پەروەردەکراوی.

٣-بەستنەوەی بواری پسپۆڕی بەخولیاوئارەزوو ی مرۆڤ بنەمایەکی زگماکی وفتریەو بەستنەوەی ئەو بوارەبەکۆنمرە دژایەتیکردنەلەگەڵ فیترەت.

٤-پەروەردەو ڕۆشنبیری ودەروونزانی وخۆناسی چەند چەمکێکی تەواوکاری یەکترن لە پێناسەو پێک هاتەوبەرهەم ودەرەنجامیاندا.

٥-هەرچەمک وبواڕێکت پێناسەکرد دەبێ چەند جیاکەرەوەی ئەوبوارە لەگەڵ بوارە جیرانەکانی وچەندخاڵێکی هاوبەشیش لەنێوان ئەوبوارانەت لاگەڵاڵە بێ.

٦-مرۆڤ تاکە بونەوەرە کە توانای بەئەرشیف کردنی پێزانین ویادەوەریەکانی لەناومێشک وکتێب ومۆزەخانەداهەیەچونکە ئەوئەرشیفە سەکۆی دین وعەقڵ وپەروەردەیە.

٧-پەیمان وەرگیران لە مرۆڤەکان لەقۆناغی ڕوحیانەت وپێش ئاوێتەبوونی جەستە بۆتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بەزگماک وفیترەت ئیمانداربێ،کەواتە پێش ئەرشیفی مێشک ئەرشیفێکی ڕوحی لە لەوحی مەحفوزو لەمەلەکوتی ڕوح داهەبووە.

٨-زۆرێک لەدیاردەکانی کەسایەتی لەترسنۆکی،شەرمنی،ئازایی،بوێری، زیرەکی،تەمبەڵی وزۆردیاردەی دیکەش... کۆمەڵگاودایک وباوک لە قۆناغی یەک تاسێ ساڵان لەناوەڕونی منداڵدا دەیچێنن وهەموو پەروەردەی دنیاهەڵەی ئەوقۆناغەی بۆڕاست نابێتەوە.

٩-بەستنەوەی هێماکانی فێربوون وپەروەردە وپیت و وشە بە بابەتەڕوحانیەکان ودینیەکان تەمەنی فێربوون درێژدەکاتەوەبۆ هەزاران ساڵ و لەم جیهانەی دابەند ناکا وئەرشیفی ڕوحی لەوح لەگەڵ ئەرشیفی مێشک وکرۆمۆسۆم وئەرشیفی مۆزەخانەومێژوو لێکدەدا.

١٠-پۆلێنکردنە کۆمەڵایەتیەکان ومێژوویەکان ودینیەکان والە پەروەردەکاردەکەن چاکترتاکەکانی ناوکۆمەڵگا بناسێ وئەوناسینەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست ئاڕاستەیان بکا.

١١-ئاڕاستەکردنی دروست=پەروەردەی کارا=زوو دۆزینەوەی بەهرەکان وبەهرەماندان وپەرەپێدانیان.

١٢-ئەزمون وتاقیکردنەوەو ڕاهێنان ومەشق بۆناسین ودۆزینەوەی ئاڕاستەو خولیای قوتابیان لەدوای پۆلێ نۆ و دانانیان لەوبوارەی ئارەزویانە کرداری پەروەردەزۆر خێراترەکا.

خۆناسی،خولیاناسی یەکی دروست ،دەرونێکی ساغ و تاک وخێزان وهاوڵاتیەکی دەرون ولاشە دروست وڕۆشنبیرێکی بەرچاوڕوون وعابدێکی پڕ ئیمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکاوڕوحێکی بەئیمان دەنێرێ بۆبەرزەخ دوای مردن .

ئەوە ئەوهاوکێشانەن کەویستومە بیانسەلمێنم....

کتێبەکە تەواوبوو .[1]

—

لیستی ژێدەروسەرچاوەکانی یەکەی نۆیەم ودەیەم :

(١)ئیسلام وەک خۆی . نوسینی سەلاح الدین ئەحمەد

(٢)بڕوانە :تەفسیری الطبري (356/12)

- ئیبن المنذر لە "الأوسط" (201/2)

-حاکم لە "المستدرك" (3437) ،

-بیهقي لە "الشعب" (5407)

-خرائطي لە "اعتلال القلوب" (216)، و

-ابن أبي الدنیا لە "العقوبات" (118)

حاکم لە المستدرك بەڕاستی داناوەوئیبن حجرلە "المطالب العالیة" (515/2): و لەفتح الباري" (400/1)

دەڵێ"هذا موقوفٌ صحیح الإسناد".

(٣)أخرجه البخاري (3330) مطولاً، ومسلم (1470).

(٤)سفری تەکوین ، صیحاحەکانی (16/3).

(٥) رواه البخاري (294) ، ومسلم (1211).

111

(٦)الراوي : أبو ذر الغفاري | المحدث : الترمذي |

(٧)ئەم بەیتە لە دیوانی "اللزومیات"لە چاپی (دار صادر) یان (المكتبة التجارية)، دەتوانیت لە بەشی کۆتاییەکانی دیوانی لزومیات (لزوم ما لا یلزم) هاتووە. ئەم دیوانە تەرخانکراوە بۆ بیروڕا فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەبوعەلای مەعەری (٤٤٩ک مردووە).

(٨)بڕوانە :کتێبی (الصابئة المندائيون)

نووسەر: دراوەر (E.S. Drower) - خاتوو ئیتیل ستیفانا دراوەر.

وەرگێڕانی عەرەبی: نەعیم بەدەوی و غەزبانی ڕومی. ل٧٠-٨٠

(٩)بڕوانە کتێبی (موسوعة الأديان - الصابئة المندائيون)

نووسەر: ڕەشید خەیون.مادەی الصابئة المندائيون)

(١٠)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص ٩

(١١)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص ١٠

(١٢)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص٢٠

(١٣)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص٢١

(١٤)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص٢٢

(١٥)ژێدەر: < Leonard Woolley, "Ur of the Chaldees" (1929)

(١٦)ژێدەر:

.Tamara M. Green, "The City of the Moon God: Religious Traditions of Harran" (1992)
ئەم کتێبە بە وردی بەڵگە مێژووییەکانی مانگ پەرستی لە حەڕان دەسەلمێنێت

(١٧)ژێدەر:

.John Day, "Yahweh and the Gods and Goddesses of Canaan" (2002)

(١٨)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص٢٣

(١٩)تمارا إم گرين .مدينة اله القمر التقاليد الدينية لحران تر:عبدالرزاق محمود القيسي مؤسسة حمدي للنشر ٢٠٠٩ ط١ ص٣٣

(٢٠)ژێدەر: (ئیتیل ستیفانا دراوەر، الصابئة المندائیون، ل٧٠-١٠٠).

(٢١)ژێدەر: (تمارا ئیم گرین، مدینة إله القمر: التقالید الدینیة لحران، ل٩-٢٣).

(٢٢)ژێدەر: (تمارا ئیم گرین، هەمان سەرچاوە، ل٣٣؛ وەرگێڕانی عەبدولڕەزاق قەیسی).

(٢٣)فصوص الحكم (ئیبن عەرەبی): بۆ تێگەیشتن لە تێپەڕاندنی زەمەن و جیهانی ناوەکان.

و كتاب الروح (ئیبن قەیم): بۆ ئاشنابوون بە جیهانی بەرزەخ و گەشتی ڕوح دوای داماڵینی لاشە.

و پەروەردەی ڕوحی (سەعید حەوا): بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی ڕێنماییکردنی نەوەکان لەسەر بەها گرانبەهاکان

(٢٤)(رواه الترمذي: ٢٣٢٠)

(٢٥) (رواه البخاري: ٦٤١٦)

(٢٦)سنن الترمذي (٢٣٢٠): فەرموودەی (لو كانت الدنيا تعدل عند الله جناح بعوضة...) سەبارەت بە بێنرخیی دنیا

(٢٧)صحيح البخاري و مسلم: فەرموودەی (الأرواح جنود مجندة...) سەبارەت بە یەکترناسین یان نکۆڵیکردنی ڕوحەکان لە ئەزەلدا.

(٢٨)ترمزی لە ئەبو هوڕەیڕەوە وئەبو نەعیم وبەیهەقی وبەزاروحاکم وتەبەرانی وزۆرێکی تر لەچەندین سەحابەگێڕاویانەتەوە

(٢٩)ئینجیل برنابا

(٣٠)سەیری ئەم سەرچاوانە بکە

١-زاد المعاد في هَدي خير العباد

: شمس الدين، أبو عبد الله، محمد بن أبي بكر الزرعي الدمشقي، ابن قيم الجوزية (٦٩١ - ٧٥١ هـ)

٢- تصرفات الرسول بالإمامة من حيث المفهوم والأنواع والتمييز والآثار

الكاتب : د. خليفة با بكر الحسن

الجامعة القرويين . في المملكة المغربية

مؤسسة دار الحديث الحسنية

رقم 456، ملتقى شارعي النخيل والزيتون - حي الرياض – الرباط

رابط الموضوع :

%/https://edhh.ma/articles

صحيح البخاري،كتاب بدء الوحي.كتاب المناقب

صحيح مسلم،باب الإسراء والمعراج.باب الإيمان

السيرة النبوية لابن هشام

الطبقات الكبرى ابن سعد

تاريخ الطبري

البداية والنهاية ابن كثير

فقه السيرة محمد الغزالي

الرحيق المختوم.المباركفوري

(٣١)تەفسیری (ابن كثير): بەرگی ٢، لاپەڕە ٤٤ (لێکدانەوەی وشەی "كلمة").

(٣٢)تەفسیری (القرطبی): بەرگی ٤، لاپەڕە ٨٢ (لێکدانەوەی "روح منه").

(٣٣)تەفسیری (الطبري): بەرگی ٢٣، لاپەڕە ٥٠٠ (بۆ لێکدانەوەی "أمراً مقضياً").

(٣٤)سەرچاوە و کەسایەتییە باسکراوەکان:

ئیمامی ڕازی (١١٤٩ - ١٢٠٩ ز): خاوەنی (مفاتيح الغيب)، یەکەم کەس کە زانستە ئەقڵییەکانی تێکەڵی تەفسیر کرد.

ئالوسی (١٨٠٢ - ١٨٥٤ ز): خاوەنی (روح المعاني)، کە ئاوێتەیەک بوو لە دەق و ئاماژە سۆفییەکان.

ئەبو حەیانی ئەندەلوسی (١٢٥٦ - ١٣٤٤ ز): گەورە ڕێزماننناسی قورئان لە (البحر المحیط).

(٣٥)درء التعارض .ئیبن تەیمیە

(٣٦)نونیە.ئیبن قەیم

(٣٧)ئاسۆی بێ سنوردکتۆرمحمد تکریتی

(٣٨)اضواء البیان .شنقیطي تفسیر سورة الفرقان

(٣٩)عبدالله دەوێش له الضلال في الظلال